# ئێمە و ئەوان

**پێناسی کتێب**

**ناوی کتێب: ئێمەو ئەوان**

**ناوی کتێبەکە بەعەرەبی: نحن والاخر، دراسة فقهية تأصيلية**

**بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی فیکری زانستی فیقهیە**

**نوسەر: پرۆفیسۆر د. عەلی محێدین قەرەداغی**

**وەرگێڕانی: تاریق نەجیب، عەبدول قادر ساڵح**

**لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، ژمارە (٧٤)**

**تایپ: ئەحمەد قادر، بەشیر حەسەن**

**چاپ و دیزاین : ناوەندی راگەیاندنی ئارا**

**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - سلێمانی ٢٠١٠**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارە (١٤٤٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پێ دراوە**

**ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:**

www.tishkbooks.com

**ئیمەیلی پرۆژە:**

info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

# ئیمە و ئەوان

## لێکۆڵینەوەیەکی فیکری زانستی فیقهیە

نوسینی
پرۆفیسۆر د. عەلی محیّدین قەرەداغی

وەرگێڕانی
تاریق نەجیب
عەبدول قادر سالّح

چاپی یەکەم
١٤٣١ ك – ٢٠١٠ ز

بسم ا لله الر حم ن الرحيم

ئەم كتێبە لێكۆڵینەوەیەكی فیكری زانستی فیقهیە بۆ روونكردنەوەی پەیوەندی مرۆڤی موسڵمان بە مرۆڤی ناموسڵمانەوە لەكاتەكانی جەنگو ئاشتیدا، هەروەها روونكردنەوەی پەیوەندی كەمینەو زۆرینەیە لەبەر رۆشنایی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرﷺ و فیقهی پێوانەدا.

## لة مة شخةلة كانى قورئانى ثيرؤز بؤ ئةم بابةتة:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجۡعَلَ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ عَادَيۡتُم
مِّنۡهُم مَّوَدَّةٗۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٞۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٧﴾ لَّا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ
يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ
عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَأَخۡرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخۡرَاجِكُمۡ أَن تَوَلَّوۡهُمۡۚ وَمَن
يَتَوَلَّهُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾[1]

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُلِ
ٱللَّهُۖ وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٢٤﴾ قُل لَّا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّآ
أَجۡرَمۡنَا وَلَا نُسۡـَٔلُ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴾[2]

---

١- الممتحنة: ٧-٩

٢- سبأ: ٢٤-٢٥

هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا
وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ
ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ ٱشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾[1]

هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا
تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ
عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴾[2]

---

١- آل عمران: ٦٤

٢- الكافرون: ١- ٦

## ئیشکەشکردن:

ئەم ئاینە پڕبایەخە بۆ هیچ شتێك نەهاتۆتە خوارەوە جگە لە رەحمەت نەبێت بۆ جیهانیان، پەیامێکە هاتووە لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا دەدوێت، بانگیان دەکات بۆ هەموو ئەو شتانەی کە خێری دنیاو دوارۆژیانی تێدایە، جا هەرکەس ویستی لێبێت بڕوا دەهێنێتو، هەرکەسیش ویستی لێنەبێت دوور لە هەر زۆر لێکردنێك پێی بێ بڕوا دەبێت. بەم شێوەیە مرۆڤەکان لەبەرامبەر ئایندا دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ئیسلام دەکەنە ئاینیان، بەشێکی دیکەیان بەم شێوەیە ناکەنو ئاینێکی تر بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، یان هەر بڕوایان بە هیچ ئاینێك نابێت.

جا ئەگەر موسڵمانەکان بەهۆی ئەوەوە کە ئیسلامیان هەڵبژاردووە خۆیان وا ئەژمار بکەن کە هیدایەت دراون بۆسەر حەقو راستی، ئەوا بێ بڕواکان دەبنە ئەو خەڵکانەی کە بەردەوام موسڵمانەکان وایان دەبینن پێویستە بانگیان بکەن بۆ ئەم حەقو راستییە، لەم کاتەدا پەیوەندی ئەمان بەوانەوە پەیوەندی برایەتی ئینسانییە، پەیوەندی هاوکاریکردنە لەو شتەدا کە خێری ئەم برایەتییەی تێدایە، کەواتە بە هیچ جۆرێك پەیوەندییەکە پەیوەندی دوژمنایەتی نییە، مەگەر بۆ ئەو بێ بڕوایانەی کە رێگەی دەستدرێژیکردن دەگرنە بەر، لەبەرئەوە یاساکانی ئیسلام هاتوون بۆئەوەی ئەو رێگایانە دیاری بکەن کە پەیوەندی موسڵمان بە ناموسڵمانەوە گرێ دەدات، ئەم یاسایانەش هەموویان لەسەر خاڵی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان داڕێژراون، لەکۆی هەمووشیاندا دەتوانین بڵێین کە لەسەر بنەمای (ئاشتی)و (هاوکاری) دامەزراون، بەڵام ئەگەر دەستدرێژیەك رویداو پەیوەندیەکە بوویە پەیوەندی جەنگ ئەوا چەندین یاساو حوکمی تر هەیە کە ئەم پەیوەندیەش رێك دەخات،

لــە ئیســلامدا جــەنگیش بــێ یاســاو ئــەحکام بــۆ ئــارەزووی مرۆڤــەکان بــەجێ نەهێڵراوە.

بــەڵام لــە مێــژووی کــۆنو نوێــدا، لــەنێوان موســڵمانەکانو جگــە لەوانــدا تەمومژو بارودۆخی ئــاڵۆز بــەدی دەکرێــت، کــە هەنــدێجار پەیوەندیــە واقیعەکــە بــەجۆرێك بــووە لەگــەڵ فەرمانــەکانی شــەریعەتدا نــەگونجاوە، هەنــدێجار ئــەم تێڕوانینە تەمومژاویە بۆ پەیوەندی موسڵمانان بە جگە لە خۆیانەوە گۆڕاوە بۆ چەند فەرمانو یاسایەك لەلایەن خەمخۆرانی کاروباری ئاینیــەوە کــە لــە واقیعدا رەنگدانــەوەی هــەبووەو رەنگدانەوەکــەش نائاســایی بــووە، ئەمــەش بــەهۆی روودانی هەندێك هەڵەو تێکەڵکردنەوە کــە پێچــەوانەی حەقیقەتــە شــەرعیەکانن، ئەمەش لەو قۆناغە مێژوویانەدا زیاتر دەردەکەوێت کە موسڵمانان تێیدا لەلایــەن ناموسڵمانانەوە روبەڕووی داگیرکردنو دەستدرێژیکردنە سەر بوونەتەوە.

لەم سەردەمەی خۆشماندا تەمومژو تێکەڵکردنی هاوشێوەی ئەو قۆناغە مێژووییانــە دەبیــنین، وێنەکــە چ ئــەوەبێت کەلــە واقیعدا بەبەرچاوەوەیە، یــان ئەوەی کە وەك ئەحکامو فرمان خراونەتە ڕوو.

ئێمە لەم رۆژگارەماندا تێکەڵکردنێکی گەورە لــە پەیوەنــدی موســڵمانان (ئێمــە) بــە ناموســڵمان (ئــەوان) دەبیــنین، ئــەوەش تێکەڵکردنێکــە هەنــدێجار زیــادەرەوی دەکــاتو دەشــکێتەوە بــەلای راســتدا، سەردەکێشــێت بــەرەو نەهێشتنی جیاوازییەکانو توانەوەی (شوناس) تاکو هەموو مرۆڤــەکان یەکســان بکات لە ئینتمایاندا کە ناسراوە بە ئاینی مرۆڤایەتی، یــاخود ئــاینی ئیبراهیمــی، یاخود چەندین ناوی تری لەم شێوەیە. هەندێجاری تر بەلای چەپدا زیــادەڕەوی دەکاتو، سەردەکێشێت بەرەو هەڵوێســتەکردنێکی دوژمنکارانــەی مەبــدەئی لــە دژی هــەموو کەســێکی ناموســڵمان دوژمنکــاربن یــان دوژمنکارنــەبن، هــەردوو ئاراستەو بیرکردنەوە کە لە چەندین هەڵوێستو هەڵسوکەوتدا دەبیــنین جۆرێــك

لـه متمانـه و بیرکردنـەوە ئاراستـەیان دەکـات کـە دوورو نزیـك پەیوەنـدیان بـە راسـتەقینەی ئـاینی ئیسـلامەوە نییـە، بـەڵکو ئـەو متمانـە و بیرکردنەوانـە لـە زۆربــەی کاتــدا بــەرەنجامی غــەزوی ڕۆشــنبیری یــان هەڵوێســتو ڕەفتــاری دوژمنکارانەی هەندێك لە گەلو نەتەوەی ناموسڵمانە لەبەرامبـەر موسـڵماندا کـە بوەتەهۆی لێکهەڵوەشاندنی ڕۆشـنبیریی لای موسـڵمانان، یـاخود دروسـتکردنی پەرچەکردارێك بۆ ئەو دوژمنکاریە. لەبەرئەوە هەردوو لایەنەکـە زەرەروزیـانێکی گەورە بە موسڵمانان دەگەیەنن بەتایبەتی لە پویەندیە ئینسـانیە گشـتییەکەدا، ئەمەش ئەو کارەیە کە پێویستی بەراستکردنەوە هەیە بە چەشنێك هاوکێشـەکە بگەڕێتەوە بۆ بارە هاوسەنگەکەیو بۆ ڕەگ و ریشە شەرعیەکەی خۆی.

ژمارە سـێی ئـەم زنجیرەیـە (کێشـەکانی ئوممـەت) لـەم چوارچـێوەیەدا دێت، کە بەناونیشانی (ئێمەو ئـەوان)ەو، لـە نووسـینی (پرۆفیسـۆر عـەلی محـی الدین قەرەداغی)ە. پرۆفیسۆر لەم کتێبەیدا چارەسـەری ئـەم کێشـە گرنگـە لـە کێشــەکانی ئوممــەت دەکـات کەلـە سـەردەمێکی زوەوە روبـەڕووی پەیوەنـدی موسڵمانان بە ناموسڵمانانەوە بوەتەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە چـەندین تەمومژ زاڵە بەسەر ئەم پەیوەندیـەداو، لەلایـەن هەندێکیشـیانەوە دەسـتدرێژی دەکرێتەسـەر، ئەمـەش چـەندین پەرچـەکرداری بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، نـەك ئەوەنـدە بـەڵکو هەنـدێك کـەس سـنوری پەرچـەکردارەکانی تێپەڕانـدووە لـە کـردارەوە بـۆ هەنـدێك بڕیـاردانی فیقهـی کـە لـە هەنـدێ کاتـدا بڕێـك لەراسـتی لەگەڵدایـە، ئەمـەش بۆخـۆی دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی تەمومـژی زیـاتر لـە واقیعەکەدا، کەواتە ئەمە ئەو کێشەیەیە کە پێویستی بە چارەسـەری بنچـینەیی شەرعی هەیە بە چەشنێك بابەتەکە بگێڕێتەوە بۆسەر شەقامی دروسـتی خـۆی، لەبەرئەوە ئێمە وادەزانین ئەم کتێبە دەتوانێت هەستێت بەم ئەرکە.

بەوپێیــەی کــە یەکــەم پێداویســتی بــۆ دروســتکردنی پەیوەندییــەکی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەوی تردا بریتییە لە خۆ بەهێزکردن، لەبەر ئەوە ســەرەتای کتێبەکە باس لەوە دەکات ئەو هێزە خودیانە چین کە موسڵمانان پێویســتییانە لــە پەیوەندییەکانیانــدا بــەوانی تــرەوە. بــاس لــە هێــزی زیــاتری موســڵمانانو یەکگرتوویی‌و هاوکاریان دەکات، هەروەها باس لە پشت بەستن بە بــەکارهێنانی هۆکارەکانی راپەڕینی ماددی‌و مەعنەوی دەکات.

پاشان لێرەوە لەم بناغە بەهێزەوە دەروات لەسەر بنەمای بڕوابوون بەو رووپێــوە فــراوانو هاوبەشــەی لــەنێوان موســڵمانانو جگەلەوانــدا هەیــە، بــەرەو مامەڵەکردن لەگەڵی ئەوی تردا.

لــە هــەموو ئەوشــتانەی کــە پەیوەنــدییان بــە هاوبەشــە گشــتییەکانی سەرجەم مرۆڤایەتییەوە هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی هاوبەش‌و ئەو سودو قازانجانەوە هەیە کە لەبــەرەنجامی یــەکتر ناســینو مامەڵــە کردنــی گەلــە جیاوازەکانی دونیادا دێتە دی.

ئەمــەش ئــەو ئیمــانو بڕوایەیــە کــە ئایەتــەکانی قورئــانی پــیرۆزو فــەرموودەکانی پێغەمبــەری خۆشەویســتﷺ جــەختی لەســەر دەکەنــەوە تــاکو موسڵمانان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی تردا گرێبداتو پێشوازی لە دروستکردنی پەیوەندی نوێ بکاتو داننان بەبەرامبــەرو رێزگــرتنو هاوکــاریکردنی خــەڵکی لــەرووی مەبدەئــەوە جێبــەجێی بکات، ئێمە پێمان وایە ئەم کتێبە بەشێوەیەکی بــێ وێنــەو بــە دوورودرێــژی ئــەم بابەتەی شیکردۆتەوە.

ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی کتێبەکــە تــەواوی ئــەو حوکمــە شــەرعیانەی خســتۆتە ڕوو کــە پەیوەنــدی موســڵمانان بــە ناموســڵمانانەوە لــەکاتی جــەنگو ئاشــتیدا دیاریــدەکات. هــەروەها لــەرووی واقیــعو کردارییــەوە لــەنێوان دوو

سەردەمو واقیعدا بەراوردێکی کردووە، سەردەمو واقیعێك کە تیایدا موسـڵمانان باڵادەستو خاوەن دەسەڵات بوونو ناموسـڵمانەکان لـەژێر دەسـەڵاتی ئەمانـدا ژیـاون، کـە چـۆن موسـڵمانان یاسـاکانی شـەریعەتیان لەگـەڵ ناموسـڵمانەکاندا جێبەجێ کردووە بەچەشنێك لە خەیاڵەوە نزیك بووە.

لـەنێوان سـەردەمێکی تـردا کـە موسـڵمانان دەکەونـە ژێـر دەسـەڵاتی گەلانو نەتـەوەو ئاینـەکانی تـرەوەو چـۆن دەچەوسـێنرێنەوەو سـتەمیان لـەدژ دەکرێـت، وەك ئـەوەی لـە ئەنـدەلوس روویـدا، یـان ئەوانـەی لەسـەردەمی بزوتنەوەی ئیسـتعماریدا لەگـەلانی موسـڵمان روویانـدا، یـان ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ بەروونی دەیبینین لەو زۆرکاریو ستەمکارییەی بەسەر موسڵمانانەوەیە لەلایـەن زلهێزانی دونیاوە.

ئەوە بەراوردێکە کە رووە کردارییەکەی رێنماییەکانی ئیسلام سـەبارەت بەم بابەتە دەخاتە روو، خوازیارە ئەم بەراوردە وانـەو پەنـدێك بێـت بـۆ جیهـان لەو رووەوە کە پێویستە پەیوەندی نێوان نەتەوەو گەلان چۆن بێـت پـەیوەنـدی نێوان ئێمەو ئەوان چۆن بێت.

ئەگەر پەیوەندی نێوان ئێمەو ئەوان لە هەبوونی کەمینەیەکی موسـڵمان لە کۆمەڵگا نائیسلامییەکاندا بەدرەوشـاوەیی دەربکـەوێت، دەبیـنین کـە بـوونی ئـەم کەمینـە موسـڵمانانە لـەو وڵاتانـەدا خـاڵی بەریەککـەوتنێکی تونـدە بـۆ هەردوولایان، دەشبینین کە پەیوەندییەکانی نێـوان هـەردوولا دەسـت لـە ملانـە لەگـەڵ دوودڵـیو گومانـدا. نوسـەر لـە کتێبەکـەدا گرنگییـەکی تایبـەتی بـەم بەشەش داوە، لە جـوانترین ئـەو شـتانەی لـەمبوارەدا کتێبەکـە باسـی کـردووە بریتییە لەو دەرەنجامەی کە لێکۆڵـەر وەك بنەمایـەکی شـەرعی دەریهێنـاوە بـۆ مامەڵەکردنی مرۆڤی موسڵمان لـە کۆمـەڵگا نائیسـلامییەکاندا، بـە لێکۆڵینـەوەو خوێندنەوەی دوو نموونەی مێژوویيو دابەزاندنی بۆسەر واقیعی ئەمڕۆ، نموونەی

یەکەم یوسف پێغەمبەرە ﷺ لە هەڵسو کەوتی لەگەڵ کۆمەڵگا میسریەکاندا، نموونەی دووەمیش هاوەڵانی کۆچکردوون بۆ حەبەشەو چۆنێتی پەیوەندییەکانیانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا کە کۆچیان بۆ کرد.

بەڕاستی ئەمە ئەو پەندو وانە جوانەیە کە پێویستە ببێتە وانەیەکی شەرعی بۆ ئێمەی موسڵمانان کە لە کۆمەڵگا نائیسلامیەکانی ئەوانی تردا دەژین.

ئەمەو ئێمە سوپاسی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بەلێکۆڵینەوە لەم زنجیرە باسەدا بەشدارییان کردووە، سەرەتا جوانترین سوپاس ئاراستەی (دکتۆر یوسف قەرزاوی) و (شێخ فیصل مولوی) و (شێخ عەلی قەرەداغی)، دەکەین بەراستی ئێمە تکا لە زانایانو توێژەرەوانو بیریارەکان دەکەین تاکو بە باسو لێکۆڵینەوەکانیان بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەم زنجیرەیەدا، سەبارەت بە کێشەکانی ئوممەی ئیسلامی بکەن تاکو ئەم زنجیرە هەنگاوی خۆی بنێت بەرەو بەرچاو روونکردنی موسڵمانان بە کێشەو گیروگرفتەکانیانو چۆنێتی چارەسەرکردنیان، چونکە ئەمە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی زانایان، پشتیوان بەخوا سودی خۆیشی دەگەیەنێتو ئوممەتیش هۆشیار دەکاتەوە.

خوای گەورە ئاگادارە بە نییەتەکان و هەرخۆی سەرپەرشتیارو کۆمەك بەخشە.

لیژنەی نووسین و وەرگێران

## پێشەکیەکان:

ســوپاس و ســتایش بــۆ پــەروەردگاری جیهانیــان، درودو ســڵاو بۆســەر پێغەمبەری بەرەحمەت رەوانەکراو بۆ جیهانیان، وە بۆسەر مـاڵو منـداڵو هـاوەڵانیو شوێنکەوتوانی تارۆژی رەستا خێز.. پاشان.

ئەگەر بڕوانینە مێژووی هاوچەرخمان دەبینین هیچ قۆنـاغێکی مێـژوویی نییـە تیایدا ژمارەیەك تۆمەتو درۆی هەڵبەستراو ئاراسـتەی ئیسـلام نـەکرابێت وە چـەندین گومانی روبەڕو نەکرابێتەوە، هەر لەگومان دروستکردن بـۆ سـوننەتی پێغەمبـەرﷺ تـا گومـان دروسـتکردن لەسـەر شـەریعەتی ئیسـلامیو ئـەو ئەحکامانـەی تایبـەتن بـە ئافرەتەوە، یاخود بە خێزان یان سـنورو سـزاکانەوە، بـەڵام گومـان دروسـتکردنەکان لەم ماوەیەی دواییدا بۆ بابەتێکی تر ئاراسـتە کـرا ئـەویش پەیوەنـدی بـە موسـڵمانو ناموسڵمانەوە هەیە، ئامانج لەم گوماندروستکردنەش شـێواندنی وێنـەی راسـتەقینەی ئیسـلام لـە لێبـوردنو دادپـەروەریو ئاسـانکارییەکەیدا لـە هەڵسوکـەوتو مامەڵـەی ئەخلاقی لەگەڵ ناموسڵماناندایە. تەنانـەت مەبەسـت لـەم هێرشـکردنە دڕندانەیـە کـە زایۆنیزمو مەسیحیەتی راستڕەو و زایۆنییە توندڕەوەکانو هەندێك لە رۆژهەڵاتناسانی لە پشتەوەیە، زەبر دانە لە ئیسـلامی رەحمـەت، ئیسـلامی خێـرو خۆشـی، ئیسـلامی کەرامەتی مرۆڤ، تاکو وێنـەی ئیسـلام بـەجۆرێك بکێشـن کـە ئـایینێکی شـەڕەنگێزەو بەهیچ جۆرێك بەزەیی تێدا نییـەو ناتوانێـت لەگـەڵ جگـە لەخۆیـدا بـژی، بـەڵکو ئـەو ئایینە بریتییە لە شمشێرێکی تیژو لەسەر گەردنی خەڵکی راکێشراوە.

ئەوەش یارمەتیان دەدات بۆ شێواندنی شێوەی ئیسلام، هەندێك لـە رەفتـارو هەڵســوکەوتی موســڵمانە توندڕەوەکانــە، ئــەو کەســانەی کــەریزی کۆمەڵــە ئیسـلامیەکانیان بــووە و توانیبوویانــە لــەنێو ریــزی ئەوانــەوە هەنــدێك رەفتــاری نادروستو ناشارستانی بنوێنن کە ئیسلام خۆی ئـەم رەفتارانـە بەرپـەرچ داوەتـەوە، ئەو کەسانە کۆمەڵە رەفتارێکیان نواند نەك هەر ئیسلامی نە بوون بەڵکو لـە وەحشـی گەریدا گەشتونەتە لووتکە سنوری کەرامەتی مرۆڤایەتییان بەزاندووە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تـرەوە ئـەم پەیوەندیانـە لـەو سـەردەمانەی دواییـدا بنەماکانی لێکترازانو چەندین بـیردۆزو بنـەماو لـقو پـۆی شـێوێنراوی بـۆ دانـرا کـەوا دەبیـنین زۆربـەیان یـان زیـادەڕەوی تێـدا کـراوە یـاخود کـورت بـڕی هێنـاوە، یـان ئاڵۆزکراوە یـان سـادە کراوەتـەوە، یـان موبالەغـەی تێـدا کـراوە یـان هـەر پشـتگوێ خراوە. بە دەستەواژەیەکی روونو وردتر هـەموو ئـەو بنـەماو بـیردۆزو چوارچـێوانەی لەم سەدانەی دواییدا بۆ پەیوەندییەکانی موسڵمان بە ناموسڵمانەوە دانران هەموویان لەژێر کاریگـەری سـۆزو هـەواو ئـارەزوودا بـوون، و بـەپێی بـارودۆخو کـەشو هەواکـە گۆڕاون، بەپێی بەهێزیو لاوازیو بەپێی عەقیدەو سروشتی ئـەو کەسـە گۆڕانکارییـان بەسەردا هاتووە، هەروەها گۆڕاوو نەگۆڕاوەکانی تێدا تێکەڵ کراون، بنەماکان بە لـقو پۆپەکان تێکەڵ کراون، لقەکان بە دابو نەریتو سروشتی گەلان تێکەڵ کراون.

لەبەرئـەوە بـە پێویسـتی دەزانم گرنگـی بـەم پەیوەندییـە بـدرێت لـەڕووی خستنەڕووی بنەما گشتییەکانەوە دوور لە رۆچوون لـە وردەکارییەکانـدا، مەگـەر بـەو هێندەی پێویست بکاتو بەشو وردەکارییەکان بیخوازێت، چونکە رێکنەخستنی ئـەم پەیوەندییانەو پێنەدانی مافی تـەواو پێیـان دەبێتـە هـۆی پەشـێوی لـە بیرکردنـەوەو کـرداردا، هـەورەها دەبێتـە هـۆی کـەموکوڕی لـە فیقهـی پێوانـەو بەراوردکردنەکانـدا لەبەرئەوە (مجمع الفقه الاسلامي الدولي) بۆ توێژینەوەی ئـەم بابەتـە چـووە پێشـەوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو تەئصیل کردنـی، پاشـان پێشکەشـکردنی بەهـەموو جیهـان تاکو وێنـە جوانـەکانی ئیسـلام لـە روانگـەی قورئـانی پـیرۆزو ژیاننامـەی پێغەمبـەری خۆشەویسـتﷺ و خەلیفـەکانی راشـیدینەوە بـۆ هـەموو خـەڵکی روون ببێتـەوەو دەربکەوێت، هەر لەم پێناوەدا ئەوەی پێنووسی زانایانو موجتەهیدەکان بە درێـژایی مێـژوو لـە حاڵـەتی جـەنگو لـە حاڵـەتی ئاشـتیدا نووسـیویانە هـەموویانم پێکـەوە خستۆتەڕوو.

بەهەمان شێوە بـەهۆی گرنگیپێـدانی یـەکێتی جیهـانی زانایـانی موسـڵمانەوە بەم باتەو هەستان بە چاپکردنو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لـەم چوارچـێوە گرنگـەدا،

ئەمەش وەك رەنگدانەوەیەك دێت بۆ گرنگی بابەتەكە لەرووی لێكۆڵینەوەو تەئصیل كردنو جێبەجێكردنیو كاریگەری لە پەیوەندییەكاندا.

ئێمە لەكاتێكدا سەبارەت بەم باسە دەنووسین بە دوورودرێژیو تەئصیل كردنەوە دەربارەی شەش تەوەری سەرەكی دەنووسین كە ئەمانەن:

تەوەرەی یەكەم: رێگای دروست بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ (ئەوی تردا) كە ئەمەش بەرێگای خودێكی بەهێزی یەكگرتوودا تێدەپەرێت، ئەمەش بەگەڕخستنی بنەماو رێسا لە پەیوەندییە ئیسلامییەكاندا دەخوازێت.

تەوەرەی دووەم: بنەما عەقیدەییو فیكرییەكان لە ئیسلامدا، ئەوانەی كە كەشو هەوایەكی لەبار بۆ پێكەوەژیانی ئاشتیانەو گفتوگۆ دروستدەكەن، ئەم بنەمایانە جێگەی پێشەكیو زەمینە سازییە تەئصیلیەكان دەگرن بۆ قبوڵكردنی بەرامبەر.

تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی موسڵمانان بە ناموسڵمانانەوە لەكاتی ئاشتیدا.

تەوەرەی چوارەم: پەیوەندی موسڵمانان بە ناموسڵمانانەوە لەكاتی جەنگدا.

تەوەرەی پێنجەم: پەیوەندی كەمینە موسڵمانەكان بەو دەوڵەتە نائیسلامیانەوە كە تیایدا دەژین.

تەوەرەی شەشەم: ئێمەو رۆژئاوا، ململانێ یان گفتوگۆ؟ پێكدادان یان پێكەوە ژیان؟

رێبازیشمان لەم باسەدا گرنگیدانە بەو بیروباوەڕو بنەما گشتیانەی كە زاڵن بەسەر ئەم تەوەرەیەدا، دوور لە رۆچوون لە وردەكاری بەشەكاندا مەگەر بەو هێندەی كە پێویست بیت بۆ رونكردنەوەی ئەم بنەمایانەو بۆ دەرخستنو تەئصیل كردنیان، ئەمەش بە پشتبەستن بە قورئانی پیرۆزو سوننەتی جێگیرو چەسپاوی پێغەمبەرﷺ و كۆدەنگی زانایانو هەموو ئەو ئیجتیهادانەی پێشكەش كراونو بۆ ئەم سەردەمانە گونجاون.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارمان هێناوە بریتییە لە فیقهی کێشانە کردن (فقْه المیزان)، کە لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی قوڵەوە پێیگەیشتووین، سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوە قوڵەمان نزیکەی ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکرد.

لە کۆتاییدا لەخوای گەورە داواکارم بەرگی ئیخلاص‌و دڵسۆزی بکات بە بەر ئەم کارەمدا و بیکاتە مایەی رزگار بوونم‌و بە قبوڵکردنی بیرازێنێتەوە تاکو بچمە ریزی لەخوا ترسانەوە، خوای گەورە خۆی باشترین داوا لێکراوەو هەرخۆیشی جێی ئومێدەو بەخشندەیە و هەر ئەو سەرپەرشتیارە، ئەوم بەسە، چونکە باشترین سەرپەرشتیارو باشترین وەکیلە.

عەلی محیدین قەرەداغی
دەوحە ١ی شەوالی ١٤٢٥ك

## ثيناسەى ناونيشانەكە (ئيمە و ئەوان):

لەم كتێبەدا مەبەستمان لە (ئێمە) موسڵمانان و لـە (ئـەوان) ناموسـڵمانەكانە لە ئەهلی کیتاب و جگە لە ئـەوانیش، ئـەوان واتایـەکی زۆر فراوانـی هەیـە، بەرامبـەر هەر کەسێك دەوترێت کە جیاوازە لە تۆ بە شتێك، جا ئەو جیاوازیە لە خوددا بێت یـا لە سیفاتدا، یان لە ئاینزادا —مەزهەبدا—، یان لەنەتەوەدا یان لـەتیرە و هـۆزدا، یـان هەرشتێکی تری لەم شێوەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان پێی: نا موسڵمانە.

لەم دەستەواژەیەشدا هیچ سوکایەتیکردنێکی تێدا نییە، چونکە ئێمـە نـەمان وتووە (دژ یان دوژمن) تـاکو هەسـت بـەوە بکرێـت کەمـەرج نیـە (ئـەو) دوژمـن بێـت، یاخود دژت بێت، بەڵکو لەهەندێك شتدا لەگـەڵ ئێمـەدا هاوبەشـە بـەوەی کەلەبازنـەی (ئومـەتی بانگـەوان)دایـە، کەواتـە پەیوەنـدی ئیسـلام لەگـەڵ هەمووانـدا بریتیـە لـە گەیاندنی ڕەحمەت پێیان ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾ (١٠٧) سورة الأنبياء

دەستەواژەی ئەوان (الاخر) لە قورئانی پیرۆزدا

قورئانی پیرۆز دەستەواژەی (اخر) یـان (الاخـر)ی بـەکارهێناوە، زۆر جـاریش دەستەواژەی (الاخرين)ی بەکار هێناوە.

دەبیـنین خـوای گـەورە سـەبارەت بـە خـەو بینینـی دوو لاو، زیندانیـەك کـە لەگەڵ یوسف پێغەمبەردایە (د.خ) دەفـەرموێت: ﴿ وَقَالَ الآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَـوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ ﴾ (٣٦) سورة يوسف لێـرەدا مەبەسـتمان لـە (الاخر) گەنجی دووەمە کە جیاوازە لە گەنجی یەکـەم. هـەروەها لـە جێگەیـەکی تـردا دەفەرموێت: ﴿ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ ﴾ (١٠٦) سورة المائدة، مەبەست بـە (اخـران) دوو شاهیدی نا موسڵمانە.

دەسـتەواژەی (الاخـر) لـە قورئـانی پـیرۆزدا بـەکار دەهێنرێـت بـۆ شـتێك لەبەرامبەر ئەو شتەدا بێت کەباس کراوە کەبەجۆرێك لە جۆرەکان لێـی جیـاواز بێـت، گرنگ نییە ئەم جیاوازیە جیاوازیەکی شەخسی بێت یان نا.

## هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم دەستەواژەیە:

ئەم دەستەواژەیەمان لەبەرئەوە هەڵبـژارد کەتیایـدا هەسـت بـە تـەواوکاری و فرەڕەنگی و جیاوازی دەکرێت، ئەم جیاوازیەش یاسـایەکە لەیاسـاکانی پـەروەردگارو بەپێی ئەم یاسایە پێویستە ئاینی جیاوازو ئاینزای(مەزهەب)ی جیاوازو بیرو بۆچوونی جیاواز هەبێت، هەروەك چۆن جیاوازیەکان لەجیهانی مادەدا ئاساییە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت ﴿ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُم فَاسْـتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى الله مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُـونَ﴾ (٤٨) سـورة المائـدة ئەم ئایەتە موسڵمانان ئاراستە دەکات بۆ سود وەرگرتن لە جیاوازیەکان و فـەرمانیان پێدەکات بە پێشبڕکێ و پەلـەکردن لـە چـاکەکاریدا، نـەك هەرئەوەنـدە بـەڵکو خـوای گـەورە جیـاوازی لەنەتـەوەو ئـاین وئـاینزادا کردۆتـە یاسـایەك لـە یاسـاکانی خـۆی، دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِـدَةً وَلاَ يَزَالُـونَ مُخْـتَلِفِينَ * إِلاَّ مَـن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِـينَ﴾ هود(١١٨-١١٩)

## دەستپێکمان لەم توێژینەوەیەدا:

خـاڵی دەسـت پێکردنمـان لـەم پڕۆگرامـە ناوەنـد گـیرو میـانڕەوەوە دەسـت پێـدەکات کـەگیانی شـانازی کـردن بـە ئیسـلام و فەرمانـەکانی و شـیاوی بـۆ هـەموو سـەردەمێکەوە دەبەسـتێتەوە بـەزەرورەتی سـود وەرگـرتن لەهـەموو شـتێك کـە سـودمەند بێـت بـێ گوێدانـە ئـەوەی سەرچـاوەکەی لەکوێوەیـە. خـاڵێکی تـری دەستپێکردنمان لەبڕوا بوونمانەوەیە بەوەی کە ئەم ئاینە رەحمەت و خێرە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەگشتی.

ئێمە لەگەڵ ئەو توندڕەوانەدا نین کە بەشێوەیەکی رەها وەرگرتنی هەرشتێك لـەرۆژئاوا بەرپـەرچ دەدەنـەوە، لەگـەڵ ئـەو عەلمانیانەشـدا نـین کەلـەناو بۆتەقـەی رۆشنبیری رۆژئاوادا تواونەتەوە لەبەرئەنجامی هەست کردنیـان بـەخۆ بەکـەم زانـین و لاوازیانەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوانەشدا نین کەبەدوای رۆشنبیری بیانیەوەن و بـەدوای

بیانوو هێنانەوەدا دەگەڕێن، بەدوای شێوە گونجاوەکاندا دەگەڕێین ئەگەرچی بەزۆر لەخۆکردنیش بێت.

بەهەمان شێوە خاڵێکی تری دەستپێکمان بریتیە لە دوانەی تێگەیشتن و، پێویستی هەبوونی هۆشیاریەکی تەواو بە ئامرازو هۆکارو ئەنجامەکان.

## ئامانج لەم توێژینەوەیە:

ڕوونکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا لەبارەکانی ئاشتی و جەنگ و ڕێکەوتننامەکاندا لەبەر رۆشنای قورئانی پیرۆزو سوننەت و ژیاننامەی بۆنخۆشدا، هەروەها لەبەر رۆشنای ژیاننامەی خەلیفەکانی راشیدین و بەپێی توانا، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیروراو بۆچوونانەی کە زاناو فەقیهە گەورەکان بەجیاوازی قوتابخانە فیقهیەکانیانەوە گوتویانە.

بەپشتیوانی خوای گەورە ئێمە هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە حوکم لەسەر ئەم بابەتە دەدەن بەشێوەیەکی تێرو تەسەل باس بکەین، هەروەها باس لەبنەماو رێسا گشتیەکان و تەئسیل کردنی گرنگترین بابەتەکانی تایبەت بەم باسە بخەینە روو، لەگەڵ خستنە رووی بەهێزترینیان بەهۆی ئەو بەڵگانەوە کە پشتگیری لێدەکەن دوور لەکاریگەربوون بەرابردوو یان واقیعی ئێستاوە، ئێمە لەکردارەوە دەست پێدەکەین نەك لەپەرچە کردارەوە، بەو جۆرەی لەگۆڕپانە ئیسلامی و نا ئیسلامیکاندا بینیمان و دەیبینین.

## تەوەرەی یەکەم

بـەهێزی خـود و رێگایـەك بـۆ لای ئـەو یـتر بـەهێزی خـود چـالاكبوونی و بەگەڕخستنی ئەم بنەماو ڕێسایانە دەخوازێت:

یەکەم: بەگەڕخستنی رێسـاكانی هێـزی مەعنـەوی و مـادی(زانسـتی، فكـری، ئابووری).

دووەم: بەگەڕخستنی (یەك ئوممەتی) لەرێگەی:

١- بەگەڕخستنی رێسای هاوسۆزی و پشتیوانی كردن لەبڕواداران.

٢- بەگەڕخستنی رێسای برایەتی ئیمان.

٣- بەگەڕخستنی رێسای مافە بەرامبەرەكان.

٤- بەگەڕخستنی رێسای یەكسانی.

٥- بەگەڕخستنی رێسای دادپەروەری.

٦- بەگەڕخستنی رێسای پێویستی یەكبوون و مەرامی پەرتەوازە بوون.

٧- پێویستی قبوولكردنی ئیجتیهادی بەرامبـەرەكان و، سـوڕانەوە بـەدەوری نەگۆڕەكانداو، چاوپۆشین و لێبوردن لەوانەدا كە نەگۆڕنین، روونكردنـەوەی جیـاوازی رەواو جیاوازی ناڕەوا.

٨- پەیوەندی فیقهی نەگۆڕ و گۆڕاوەكان بەیەكخستنی ئوممەتەوە.

سێیەم: هەبوونی پڕۆژەیەكی تەواو كە لەسەر هاوسەنگی نێوان هێزو بـەزەیی بنیاتنرابێت.

## یەکەم: هێزە مادی و مەعنەویەکانی خود:

هەموو ئەوەی لەم ئیسلامە مەزنەدا هەیەو، هەموو ئەزموونەکانی رابردوش بەئاشکرا بەڵگەن لەسەر ئەوەی لەنێو نەتەوەکانی تردا رێزو پلەو پایەی خۆمان هەبێت، بۆئەمەش پێویستمان بەدوو مەرجی سەرەکی هەیە:

**یەکەم: بەگەڕخستنی یاسا مەعنەویەکان: ئەمەش لەرێگەی پابەند بوون بەبیرو باوەڕی راست ودروست وپابەندبوون بەرەفتارو بەها باڵاکانەوە، هەروەها بەگەڕخستنی توانا مادیەکان کەبریتین لە:**

١- هێزێکی زانستی کە توانای داهێنانی هەبێت، هاوبەشی بکات لەپێشکەش کردنی ئەو داهێنان و نوێکاریە زانستیانەی کە خزمەت بەمرۆڤایەتی دەکەن، چونکە دەبینین موسڵمانان ناخوێنن و بەرێژەیەکی زۆر نەخوێندەواریان تێدا بڵاوە.

٢- هێزێکی ئابووری گشتگیر بۆ پیشەسازیە سودمەندەکان(گەورە، ناوەند، بچوك ) هەروەها بۆ دروستکردنی کشتوکاڵێکی بەتوانا کە بژێوی دروستبکات و توانای ناردنە دەرەوەشی هەبێت، چونکە ئەو گەلەی لەخواردەمەنیەکانیدا پێویستی بەکەسانی تر هەبێت ناتوانێت لەبڕیارەکانیدا سەربەخۆ بێت، بەهەمان شێوە بۆ دروستکردنی بازرگانیەکی سەرکەوتوش پێویستە.

٣- هێزێکی سەربازی چ لەرووی ژمارەو چ لە رووی پیشەسازی سەربازی و هێزی پارێزەرو بەرپەرچدەرەوەوە بەچەشنێك كە بمانپارێزێت لەوەی دوژمن تەماعمان تێبکات. پێشەوا محمد عەبدە دەڵێت : رۆشتم بۆ ئەوروپاو سەد پاپۆڕی جەنگیم بینی، لەگەڵ ئەوەدا ئاینەکەیان دەڵێت: (هەرکەس لەرووومەتی راستی دایت، روومەتی چەپیشی بۆ وەرچەرخێنە تا لەویش بدات)، پاشان گەرامەوە بۆ وڵاتی ئیسلام و لە شەقامەکانیدا سەد مەست و بێ هۆشم بینی لەکاتێکدا ئاینەکەیان **دەڵێت** ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ﴾ (٦٠) سورة الأنفال

## دووەم: بەگەڕخستنی (یەك ئوممەتی)

قورئانی پیرۆز داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە ئومەتی ئیسلام یەك ئوممەتە، ئوممەتێکی میانڕەوە، شاهیدە بەسەر جیهانەوە، بەباشترین ئوممەت دروست بووە بۆ سود گەیاندن بەخەڵکی و هێنانەدی خێر و خۆشی بۆ مرۆڤەکان. ئەم ئوممەتە خوای گەورە بەهێز و ڕەحمەتی خۆی دروستی کردوە.

ئەم یەکگرتووییە بەبێ ماف و ئەرکەکان نایەتە دی، بەبێ تێکۆشان و قوربانیدان نایەتەدی. ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت پەیوەندیەکی هاوسەنگی شکۆدار لەگەڵ ناموسڵمانەکاندا ببەستین و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین، ئەوە پێویستە پەیوەندیەکانی نێوان موسڵمانان خۆیان بەهێز بکرێنەوە و گرێ بدرێنەوە بەچەشنێك کە هەموویان بە جیاوازی ئاینزاو گروپە تەقلیدیەکانیانەوە، بە جیاوازی کۆمەڵە فیکریەکانی ئێستایانەوە وەك کۆمەڵی برایانی موسڵمان و سەلەفیەکان و کۆمەڵەی تەبلیغ و ئەوانی تردا لەپەیوەندیەکی بەهێز و توندو تۆڵدابن.

ئەگەر ئێمەی موسڵمان لەناو خۆماندا لەسەر کۆمەڵێك نەگۆڕ پێك نەیەین و چاو پۆش و لێبوردە نەبین بەرامبەر یەکتر لەگۆڕاو و خاڵە جیاوازەکاندا، ئەو کاتە هیچ هێز و سەنگێکمان نابێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەویتردا، ئەمەش ئەو خاڵی لاوازیەیە کە نوێنەرانی کەنیسە و ئاینەکانی تر بەردەوام تیشکی دەخەنە سەر و بەچەشنێ هەوڵی دابەشکردنی ئیسلام دەدەن بەسەر ئاینزا و گروپ و تاقمە جیاوازەکاندا تەنانەت بەسەر کەسایەتیەکانیشدا و دەڵێن: ئیسلامی سوننی و ئیسلامی شیعی، ئیسلام ئوسوڵی و ئیسلامی تەقلیدی، ئیسلامی نوێخواز و ئیسلامی دیموکراتی، ئیسلامی ئیخوانی و ئیسلامی سەلەفی، ئیسلامی تەبلیغی و ئیسلامی....هتد، بەڕاستی خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ناموسڵمانەکان بەیەك کوتلە و هێزی یەك ئوممتەوە ڕووبەڕووی موسڵمانەکان دەبنەوە، لەبەر ئەوە لەسەر موسڵمانان پێویستە ئەمانیش بەیەك ڕیز و یەك هاو سۆزی و پشتیوانی لەیەك

کردنەوە لەبەرامبەریاندا بوەستنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَالَّـذينَ كَفَـرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ (٧٣) سورة الأنفال

ئەمە ڕاستیەکە لەمێژووی کۆن و نوێدا دووبارە بۆتەوە، ئەوە بوو جولەکەکان کەئەهلی کیتاب بوون لەگەڵ موشریکە بتپەرستە نەفامەکاندا لە جەنگی ئەحزابدا ڕێککەوتن تاکو بەیەك دەست بدەن بەسەر موسڵمانەکاندا و لە ڕەگ و ڕیشەوە پێغەمبەر(د.خ) و دەوڵەتە لاوەکەی دەربهێنن، تەنانەت جولەکەکان شاهیدی ئەوەیاندا کە ئەو بتپەرستانە لە موسڵمانەکان زیاتر هوشیارتر و باشترڕێنمایی کراون، ئەمەش لەو پێناوەدا کە ڕێگر و بەربەستە فیکریەکانی نێوان ئەو داگیرکەرانە نەمێنێت، ئەوەتا خوای گەورە ئەم شاهیدیە درۆینەیەی جولەکەکانی لە قورئاندا تۆمار کردووە، دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَؤُلاء أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ سَبِيلاً﴾ (٥١) سورة النساء

لە مێژووی هاوچەرخیشدا، ڤاتیکان وازی هێنا لەگرنگترین عەقیدە و، بیروباوەڕ کە بەدرێژای سەدەکانی ڕابردوو مەسیحیەکان بڕوایان پێی هەبوو، ئەویش بریتی بووە لەوەی کە جوولەکە بکوژی مەسیحن (د.خ)، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٦٥ دا ڤاتیکان ئەستۆپاکی جولەکەی لە خوێنی مەسیح ڕاگەیاند، ئەمەش وەك ڕێخۆشکەریەك بۆ یەکگرتن، بەرەنجامەکەشی ئەوە بوو مەسیحەکان پشتیوانی جوولەکەکانیان دەکرد لە جەنگەکانیاندا دژی ڕۆژئاواو موسڵمانەکان، نەك هەرئەوەندە بەڵکو مەسیحیەتی زایۆنی سەری هەڵدا کە مەترسیدارترە لە خودی زایۆنیزم لەو جەنگەیاندا کە دژی ئیسلام و موسڵمانەکان دەیکەن.

یەکێتی نێوان موسڵمانەکان فەرزێکی شەرعییە لە گرنگترین فەرزەکان هەروەها زەرورەتێکی ئەقڵی و واقعییە، واقعی سەردەم کە لەسەر بنەمای جیهانگیری سیاسی و ئابوورییەکی زەبەلاح ڕاوەستاوە دەیسەپێنێت بەسەرماندا، لەڕاستیدا ئێمەی موسڵمانان هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەبەردەمدا نییە جگە لەوەی کە ببینەوە بەو ئوممەتە میانڕەوەی کە توانای پارێزگاری کردنی لەخۆی و ئاینەکەی و

سەربەخۆییەکەی و سەروەت و سامانەکەی هەیە، لەم کاتەشدا جگە لە ڕێگەیەك هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەبەردەمدا نییە نرخەکەی هەرچەند بێت، بەهەر هۆکارێکی گونجاو دەست بکەوێت، ئەویش بریتیە لە دەست پێکردنمان بەهاوکاریەکی کاریگەر و چالاك و جدی بۆ گەیشتن بەیەکێتیەکی پێکەوە نوساو، کەهەموو بەشەکان لەگەڵ یەکتردا یەکبگرن، ئەگەر وانەکەین سەرئەنجاممان بریتیی دەبێت لەوەی کە(نەبین)، نەلەڕووی ماف و نەلە ڕووی کار و نەلەڕووی کاریگەریەوە. خوای گەورەش بۆ هەنگاوی یەکگرتنەکە پشتیوان و هاوکارە.

پڕۆگرامی ئیسلام پڕۆگرامێکی واقعی و دانایانەیە، چارەسەری کێشەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەکات، لەبەر ئەوە کاتێك دەربارەی هەندێك تێکشکانی موسڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەردا(د.خ) دەدوێت، هۆکاری تێکشکانەکان دەگێڕێتەوە بۆ خۆیان و نایخاتە ئەستۆی کەسانی ترەوە، کەسانی تر ناکاتە ئەو عەلاگەیەی هەموو بەلاو موسیبەتەکانی پێدا هەڵواسریّ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (١٦٥) سورة آل عمران

ئەمەش پشتگویّ خستنی لایەنی بەرامبەر ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی هۆکارەکانی بەهێزبوون و بوژانەوە و شارستانیەت و پێشکەوتن و داهێنانی بگرتایەتە دەستی خۆی، ئەو کاتە شایەنی دروستکردنی شارستانیەت و دابینکردنی هێز و سەرکەوتن دەبوو بەسەر دوژمنەکانیاندا، بەلام کاتێك یاسا خواییەکانی پشت گویّ خست لەدەستخستنی هێز و سەرکەوتندا، ئەوکاتە ئەوەی بەسەردا هات کەبەسەریدا هات!

## دووەم: هێزی خودی بۆ یەکبوون

گرنگترین ڕێگا بۆ هێنانەدی هێزی خودی، بریتیە لە ڕێگای یەکبوونی ئوممەت، ئەمەش نایەتەدی لە ڕێگەی چەند ڕێسایەکەوە نەبێت. گرنگترین ئەو ڕێسایانەش ئەمانەن:

## * ریســـای یەکـــەم: بەطەرخســـتنی هاوســـۆزی و ثشتیوانی (الولاء والبراء) بۆ موسلمانان:

مەبەست لەم ڕێسایە ئەوەیـە کـە هاوسـۆزی و پشـتیوانی مرۆڤـی بـڕوادار بـۆ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی، پاشان موسڵمانان و کۆمەڵەکەیان بێت، خوای گـەورە دەفـەرموێت ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ الَّـذِينَ يُقِيمُـونَ الصَّـلاَةَ وَيُؤْتُـونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ * وَمَن يَتَـوَلَّ اللّـهَ وَرَسُـولَهُ وَالَّـذِينَ آمَنُـواْ فَـإِنَّ حِـزْبَ اللّـهِ هُـمُ الْغَالِبُونَ﴾ (٥٥-٥٦) سورة المائدة

هەروەها دەفـەرموێت ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُـهُمْ أَوْلِيَـاء بَعْـضٍ يَـأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُـونَ اللّـهَ وَرَسُـولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (٧١) سورة التوبة

مەبەست لە هاوسۆزی بڕوادار بۆ بڕواداران ئەوەیە کە خۆشەویستی بۆ ئـەوان بێـت، بـەوەی پێـی خـۆش بێـت موسـڵمانان بەسـەر بەرامبەرەکانیانـدا سـەرکەون و، بەرامبـەرەکانیان بەسـەریاندا سـەرنەکەون، لـەکاتی پێویسـتییاندا، پشـتیوانیان لـێ بکات. کەواتە هاوسۆزی: خۆشەویستی و هاوکارییە، پشتیوانی لێکردنـە، یـەکگرتن و وەستانە بەشێوەیەکی بەهێزو دامەزراو لەڕیزی موسڵماناندا.

ئەم وەلاو خۆشەویستی و سەرخستنە بۆ موسڵمانان، لەسەر دوو پێودانگە:

١- پێوەدانگی جەنگ، پێویستە لەسەر بڕوادار موسڵمانان سەربخات، پەیوەندیەکانی دابڕێت لەدوژمن و، رقی لێیان ببێتەوە، خۆی لێیان ئەستۆ پـاك بکـات، هاوسـۆزی و خۆشەویستیان بۆ دەرنەبڕێت، ئەمـەش قورئـانی پـیرۆز ئاشـکرای کـردوە: ﴿يَـا أَيُّهَـا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء تُلْقُـونَ إِلَـيْهِم بِـالْمَوَدَّةِ وَقَـدْ كَفَـرُوا بِمَـا جَاءكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّـاكُمْ أَن تُؤْمِنُـوا بِاللَّـهِ رَبِّكُـمْ إِن كُنـتُمْ خَـرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ﴾ (١) سورة الممتحنة

٢- پێوەدانگی ئاشتی: لەم کاتـەدا پێویسـتە لەسـەر موسـڵمان خێـرو چـاکە ئـەنجام بـدات، دەتوانێـت لەگەڵیانـدا بـژی، مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکـات- وەك لەمـەودوا باسـی

دەکەین – لەبەرئەوە هیچ دژایەتیەك لەنێوان(الولا عوالبرا ) و لەنێوان چاکەکردن لەگەڵ نادەستدرێژی کاراندا نییە. هەروەها دژایەتیشی لەگەڵ خۆشویستنی تاکە کەسیدا نیە( خۆشەویستی لەسەر بنەمای پەیوەندیە تاکەکەسیەکان) نەك لەسەر بنەمای بێ بڕوایی. هەروەك چۆن لەتەوەرەی دووەمدا بەدوورو درێژی باسی لێوە دەکەین.

## *رێسای دووەم: هێنانەدی رێسای برایەتی ئیمانی و کاریگەریەکانی:

دەقە شەرعیەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەبنەمای پەیوەندیەکانی نێوان موسڵمانان لەسەر برایەتی ئاینی دادەمەزرێت کەلەپێش هەموو هۆکارەکانی تری برایەتیەوەیە. بێ ئەوەی هۆکارەکانی تر هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵکو هۆکاری ئیمانی پێش هۆکارەکانی تر دەکەوێت بەچەشنێك ئەگەر هۆکارێکی تری وەك باوکایەتی و کوڕێتی وخزمایەتی دژ وەستایەوە لەگەڵ ئیمانەکەداو نەدەتوانرا پێکەوە کۆبکرێنەوە، ئەوە لەو کاتەدا پێویستە هۆکارە ئیمانیەکە پێش بخرێت و برایەتی ئیمانی بەسەر پەیوەندیەکانی تردا هەڵببژێرێت. لەسەر ئەم بابەتە چەندین ئایەت و فەرمودەی درووستمان هەیە، زانایانیش لەسەری هاودەنگن. پەروەردە کردنی نەوەی یەکەم لەلایەن پێغەمبەری خواوە لەسەر ئەم بنەمایە بەڵگەیەکی ترە، خەلیفەکانی راشدینیش لە سەر هەمان رێباز کاریان کردوە، هەروەها هاوەڵە بەرێزەکانیش ئەم برایەتیە ئیمانیەی کە موسڵمانان لەناو یەك کورەدا دەتوێنێتەوە تەنها دروشمێك نییە بەرز بکرێتەوە، یان وتارێك کە بخوێنرێتەوە، بەڵکو پێویستە واقعێکی بەرجەستە کراو بێت و، ئەم کاریگەریانەی لێ بکەوێتەوە:

## ١- یەك جەستەو، یەك دەست:

ئیسلام لەمرۆڤی موسڵمان ئەوەی دەوێت کەلەگەڵ برا موسڵمانەکانیدا وەك یەك جەستە وابن و، ببنە یەك بینا کە هەرخشتێکی خشتێکی تری بەستۆتەوە، بەڵکو ببنە یەك دەستە. پێغەمبەر(د.خ):(مثل المؤمنين في توادحم وتـزاحمهم وتعـاطفهم مثل الجسد الواحد، اذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى)[١].

هەروەها دەفەرموێت: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا")،(وشبك بين اصابعه)[٢] .

## ٢- خاکی بوون و، گەردن کەچی هاوبەرامبەر:

ئاشکرایە کە زەلیلی لەدیدی ئیسلامەوە ڕەفتارێکی ناشرینە، سەربەرزی و عیزەت خوازراوە، بەلأم خوای گەورە لەدوو جێگەدا ستایشی زەلیلی و گەردن کەچی مرۆڤەکانی کردوە، ئەوانیش گەردن کەچییە بۆ دایك و باوك، دەفەرموێت: ﴿وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ ﴾ (٢٤) سورة الإسراء

هەروەها گەردن کەچی بۆ بڕواداران، دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ ﴾ (٥٤) سورة المائدة

خوای گەورە بۆ ئەم نەتەوەیەی کەخۆی هەڵیبژاردون و خۆشی دەوێن و ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت، بەمەرجی داناوە بۆیان کە: پێویستە لەبەرامبەر موسڵماناندا خۆیان بەزەلیل و گەردن کەچ بگرن و لەبەرامبەر بێ بڕوایاندا خۆیان سەربەرزو بەعیزەت بگرن، مەبەست لەزەلیل و گەردن کەچی نەرم و نیانی و ئاسانکاریە. مرۆڤی بڕوادار گەردن کەچە بۆ برا بڕوادارەکەی، سەرکەش نییە بەرامبەری، قورس و سەخت نییە بەسەریەوەو، نەرم و نیانە لەبەرامبەریدا بێ ئەوەی سوکایەتی و ڕەزیلی بنوێنێت، بەڵکو ئەوە زەلیلی هەر بڕوادارێکە بەرامبەر

---

[١]- رواه بخاري.

٢- صحيح بخاري.

براوادارەکەی تر، نەك زەلیلی یەك لایەنە، ئـەم زەلیلیـە بـەو شـێوەیەیە کـە سـەلمانی فارسی دەڵێت:( وێنەی براوادار بۆ براوادار وەك هەردوو دەستی مرۆڤ وایە کەیەکێکیان ئەویتریان دەشوات).

کەواتــە ئــەوە ئــەم برایەتیەیــە کــە بەربەســتەکان هەڵــدەگرێت و ئــەرك دروسـتکردن لادەبـات و دەروونـەکان بەیـەکتر تێکـەڵ دەکـات، دەرونێـك نامێنێـت سەرکەشـیی بکـات و خـۆی لـەدووری ئـەوانی تـر بشـارێتەوە، بـەڵکو دەرون زبـری لـەنێوان براوادارانـدا ناهێڵێـت، چـونکە بـراوادار هەرچـەندە گـەورە و دەوڵەمەنـد و دەسەڵاتداربێت بەڵام لەبەرامبەر برا براوادارەکەیدا لەو پەڕی باری تەوازوع و خۆبەکەم زانیندایە بێ گوێدانـە ئـەوەی ئـەم برایـە لـەچ ئاسـتێکی کۆمەڵایـەتی و پلـە و پایـەی سیاسی و ئابوریدایە.

چۆن دەرون زبری لەنێوان براواداراندا دەمێنێتەوە لەکاتێکدا بەهۆی نیعمـەتی پەروەردگاریانەوە بوون بە برای یەکتر، خوایان خۆش دەوێت و خواش ئەوانی خۆش دەوێت، بوونەتە یەك جەستە و یەك دەست و یـەك خـانووی تۆکمـە، ئایـا لەگـەردن کەچی و خۆبەکەم زانینی بەشێك و ئەنـدامێك بـۆ بـەش و ئەنـدامێکی تـردا ڕەزیلـی و سوکایەتی هەیە؟!

پاشـان ئـەم گـەردن کەچـی و زەلیلیـەی بـراواداران بـۆ یـەکتر و عیزەتـداریان بەسەر جگە لەخۆیاندا لەچوارچێوەی شوێنکەوتنی هەواو ئـارەزوودا نییـە، بـەڵکو لـە چوارچــێوەی گوێڕایەڵیدایــە بــۆ داواکاریــەکانی عەقیــدە و بیروباوەڕەکــەیان، بــۆ پێداویستیەکانی برایەتیەکی ئیجابی.

## ٣- یەکێتی ڕیزوئالا:

خوای گەورە ڕازی نەبووە بەوەی وەسفی موسڵمانان بکات بـە چـەند ڕیزێـك، بەڵکو بەتەنها یەك ڕیز وەسفی کردوون،

دەفەرموێت:(ان الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفا كانهم بنيان مرصوص)

ئیسلام گرنگیەکی بێوێنەی بە یەکێتی و یەکڕیزی موسـڵمانان داوە، سـەدان ئایەت و فەرمودە دووپاتی زەرورەتی یـەکێتی موسـڵمانان دەکەنـەوە و بـە فـەرزێکی شـەرعی و زەرورەتێکـی واقعـی دایـدەنێن، بەپێچـەوانەوە نـاکۆکی و پەرتـەوازەیی حەرامە و ڕیزی موسـڵمانان بـەرەو لێـك هەڵوەشـان و لاوازی دەبـات، خـوای گـەورە دەفـەرموێت :﴿ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ (٤٦) سـورة الأنفـال. وقـال تعالى ﴿وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ * وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ *وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (١٠٣-١٠٥) سورة آل عمران

## ٤- بەزەیی هاتنەوە و پاراستنی مافەکان:

لەبەر ئەوەی کـە موسـڵمانان وەك یـەك جەسـتە وان. کەواتـە پێویسـتە هـیچ یەکێکیان سـتەم لـەوی تریـان نـەکات، هەریەکـەیان چـاودێری و پارێزگـاری لـەمافی براکەی بکات کە بەشێکە لەخۆی، ستەم و خیانەت و فڕوفێڵی لێ نەکات، حەسـودی پێ نەبات و ڕقی لێی نەبێت، سەرشۆڕی نـەکات و بەسـوك سـەیری نـەکات، دەسـت درێژی نەکاتە سەر خۆی و سەروەت و سامانی و ناموسـی و دەرونـی و ئەندامـەکانی، پشتی لێ هەڵنەکات بەڵکو پشتیوانی لێبکات، ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشـە بـۆ ئـەویش پێـی خـۆش بێـت، ئامۆژگـاری بکـات و سـەری لێ بـدات و نهێنـی و کەموکورتیـەکانی پەردەپۆش بکـات، عەیبـەکانی دەرنـەخات و پێداویستسـەکانی بـۆ جێبـەجێ بکـات، تکای بۆ بکات، پەیوەندی نێوان براکەی و کەسانی تر چاك بکات.

بۆ هەر یەکێك لەم ئەرکانـە چـەندین ئایـەت و فـەرمودە هەیـە، ئێمـە لێـرەدا هەندێکیان دێنینەوە لەسەر ئەم باسە:

أ– لــه جنــدبی کــوڕی عبداللــه وه(ڕ.خ) دهڵێــت، پێغهمبــهری خــوا(د.خ) دهفــهرموێت:– (ههرکــهس نوێــژی بــهیانی بکــات ئــهوه لهئهســتۆی پهروهردگاردایــه، باداوای هیچ شتێك لهئێوه نهكات كاتێك ئهو لــه ئهســتۆی پهروهردگاریدایــه، چــونکه ههر کهس له ئهستۆی ئهودا داوای ههرشتێك بكات پێی دهگات، پاشــان لهســهر دهم و چاوی ڕایدهکێشرێته نێو ئاگری دۆزهخهوه)[١]

ب– لــه (عبداللــهی کــوڕی عمــرهوه)(ڕ.خ) پێغهمبــهر(د.خ) دهفــهرموێت: (موسڵمان برای موسڵمانه نه ستهمی لێ دهكات و نــه تهســلیمی دهکــات، هــهر کــهس پێداویستی برایهکی جێبهجێ بكات خوای گهوره پێداویســتی ئــهو جێبــهجێ دهکــات، هــهر کــهس نارهحــهتی لهســهر موســڵمانێك لابــهرێت خــوای گــهوره نارهحهتیــهکی لــه قیامهتدا لهسهر لادهبات، ههر کهس کهم و کورتی و ناتهواوی موسـڵمانێك داپۆشـێت خوای گهوره له ڕۆژی قیامهتدا کهم و کورتی و ناتهواویهکانی بۆ دادهپۆشێت)[٢]

ج– (لهئهبی هورهیرهوه)(ر.خ) دهڵێـت: پێغهمبـهری خـوا(د.خ) فهرمویـهتی: ( موســڵمان بــرای موســڵمانه، خیانــهتی لــێ ناکــات، بــهدرۆی ناخاتــهوه، سهرشــۆڕی ناکات، ههموو شتێکی موسڵمان لهسهر موسڵمانان حهرامه، چ ناموسی و، چ مــاڵی و، چ خــوێنی، تــهقوا ئالێرهدایــه، هێنــده شــهڕ و خراپــه بــۆ مرۆڤێــك بهســه کــه بــرا موسڵمانهکهی به سووك سهیر بکات و سوکایهتی پێ بکات)[٣].

د– ههر له (ئهبی هوڕهیرهوه) دهڵێت: پێغهمبهری خـودا(د.خ) دهفـهرموێت: (حهسـودی بهیـهکتر مهبـهن، ڕقتـان لهیـهکتر نهبێتـهوه، پشـت لهیـهکتری مهکـهن، کهسێکتان مامهڵه بهسهر کهسێکی ترتاندا نهکات، بهڵکو ببنـه بهنـدهی خـوا و بـرای یهکتر، موسڵمان برای موسڵمانه، نهستهمی لێ دهکات و نــه ســوکایهتی پــێ دهکــات، نهسهرشۆڕی دهکات، تهقوا ئـا لێرهدایـه، –سـێ جـار ئامـاژهی بـۆ سـنگی پـیرۆزی

---

١– رواه مسلم. زۆربهی فهرمودهکانمان له (رياض الصالحين) وهرگرتگووه بهلێکۆڵینگهوهی شگیخ شـعیب الارنوط.

٢- رواه بخاري.

٣-رواه الترمذي.

کرد- هێنده شەڕ و خراپە بۆ مرۆڤێك بەسە کەبە سوك سەیری برا موسڵمانەکەی بکات، هەموو شتێکی موسڵمان لەسەر برا موسڵمانەکەی حەرامە، چ خوێنی، چ سەروەت و سامانی، چ ناموسی)[1]

هـ- لە (ئەنەس)ەوە (ڕ.خ) لێ بێت: ئەویش لە پێغەمبەری خواوە(د.خ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:

(هیچ کەسێك لە ئێوە بڕوای نییە هەتاکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برا موسڵمانەکەشی پێی خۆش نەبێت)[2]

و- هەر لە (ئەنەس)ەوە (ڕ.خ) لێ بێت: ئەویش لە پێغەمبەری خواوە(د.خ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:

(براکەت سەربخە ئەگەر ستەمکار بێت یا ستەم لێ کراو) پیاوێك وتی: (ئەی پێغەمبەری خودا لەکاتێکدا کە ستەم لێ کراوە سەری دەخەم، بەڵام ئەگەر ستەمکار بوو چۆن سەرییبخەم و پشتیوانی لێ بکەم؟) فەرموی: (بەرگری لێ بکە لە ستەم کردن ئەوە سەرخستنیەتی)[3]

ز- لە ئەبی هوڕەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(د.خ) فەرمویەتی: ( مافی موسڵمان بەسەر موسڵمانەوە پێنجە: وەڵام دانەوەی سڵاو، سەردانی نەخۆش، شوێنکەوتنی تەرم، وەڵام دانەوەی دەعوەت، وەڵام دانەوەی پژمە)[4]

لە گێڕانەوەیەکی (مسلم) دا، مافی موسڵمان شەشە: ( ئەگەر پێی گەشتی سڵاوی لێ بکەیت، ئەگەر دەعوەتی کردیت وەڵامی بدەیتەوە، ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێ کردیت ئامۆژگاری بکەیت، ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد داوای ڕەحمەتی لە خوا بۆ بکەیت، ئەگەر نەخۆش کەوت سەری لێ بدەیت، ئەگەر مرد شوێن تەرمەکەی بکەویت)

---

١- رواه مسلم.
٢- رواه بخاري.
٣- رواه بخاري.
٤- رواه بخاري.

ح- (ابى عماره البراء له عازى)ەوه (ر.خ) دەگێڕێتەوه دەڵێت( پێغەمبەری خوا (د.خ) به حەوت شت فەرمانی پێ کردین و، حەوت شتی لێ قەدەغه کردین: فەرمانی پێ کردین لەسەردانی نەخۆش و شوێن کەوتنی تەرم و، وەلاّم دانەوەی پژمەو، نەخستنی سوێنی سوێن خۆر، سەرخستنی ستەم لێ کراو، وەلاّم دانەوەی دەعوەت، زۆر سلاّو کردن، ئەمانەشی لێ قەدەغه کردین: ئەڵقە و مستیلەی ئاڵتون، خواردنەوه لەدەفری زیویندا، یانەکانی مەی خواردنەوه، قەشەگەریو، لەبەرکردنی جل وبەرگی ئاوریشم )[1]

ط- له (ئەبی هورەیر)ەوه دەڵێت: پێغەمبەری خودا(د.خ) فەرمویەتی: ( هەربەندەیەك ناتەواوی و کەم و کورتیەکانی بەندەیەك لەدونیادا بپۆشێت بەدڵنیاییەوه خوای گەوره لەڕۆژی قیامەتدا ناتەواوی و کەم و کورتیەکانی ئەو دادەپۆشێت) [2]

ی- له (ئەبی هورەیر)ەوه دەڵێت : (گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا(د.خ) فەرموی: هەموو ئوممەتەکەم لێی دەبوردرێت و چاوپۆشی لێ دەکرێت جگه لەئاشکرا کاران نەبێت، ئاشکرا کردن ئەوەیه کاتێك پیاوێك بەشەودا کارێك دەکات پاشان کەرۆژ دەبێتەوه لەکاتێکدا خوا بۆی داپۆشیوه بەلاّم ئەو دەڵێت: ئەی فلاّنه کەس دوێنێ من ئەو کارەو ئەو کارەم کرد، خوای گەوره نهێنیەکەی بۆ داپۆشیوه، بەلاّم ئەو خۆی ئەو شتەی خوا بۆی داپۆشیوه ئاشکرای دەکات)[3]

ك- له (ئەبی هورەیر)ەوه دەڵێت پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمویەتی: (هەر کەس ناڕەحەتیەك له ناڕەحەتیەکانی دونیا لەسەر موسڵمانێك لا بەرێت، خوای گەوره ناڕەحەتیەك له ناڕەحەتیەکانی قیامەتی لەسەر لادەبات، هەر کەسێك بار قورسیەك لەسەر بار قورس بویەك ئاسان بکات خوای گەوره له دونیا و قیامەتدا

---

١- رواه بخاري... ٢- رواه مسلم... ٣ -رواه بخاري.

ئاسـانكاری بـۆ دەكـات، خـوای گـەورە لـە هاوكـاری و پشـتیوانی بەندەكەیدایـە تـا بەندەكەی لە هاوكاری و پیشتیوانی براكەیـدا بێـت، هەركەسـێكیش ڕێگەیـەك بگرێتـە بەر بەمەبەستی بەدەستخستنی زانست و زانیاری ئەوا خوای گەورە ڕێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەكات، هەر كۆمەڵێكیش لە ماڵێك لە ماڵەكانی خودا كۆببنـەوە و پـەرتوكی پـەروەردگار بخوێننـەوە و لـەنێوان خۆیانـدا بـاس و خواسـی بكـەن ئـەوا ئـارامی دادەبارێتـە سـەریان و ڕەحمـەتی خـوا دایـان دەپۆشـێت و فریشـتەی خـوا دەوریـان دەگرن و خوای گـەورە لای ئەوانـەی لای خۆیـەتی باسـیان دەكـات، هەركەسـێكیش كردارەكانی خاوی بكاتەوە نەژادەكەی خێرای ناكات)[1].

ل- لە(ئەبی موسای ئەشعەر)یـەوە(ر.خ) دەگێڕنـەوە كـە وتویـەتی: ( ئەگـەر كەسێكی خاوەن پێداویستی بهاتایەتە لای پێغەمبـەر، ڕووی دەكـردە هاوەڵـەكانی و دەیفەرموو: تكا بكەن پاداشتان دەدرێتەوە، بەم شێوەیە ئەوەی خوای گـەورە پێـی خۆش بوایە لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەی جێبەجێی دەكرد)[2].

م- لـە(ئـەبی هـورەیر)ەوە(ر.خ) پێغەمبـەری خـوا(د.خ) فەرمویـەتی: ( هـەر تاكێك لە خەڵكی لە هەر ڕۆژێكدا كە خۆری لـێ هەڵـدێت چـاكەیەكی لەسـەرە بیكـات، نێوانی دوو كەس چاك بكات ئەوە چـاكەیە، هاوكـاری كەسـێك بكـات تـا بارەكـەی لـە وڵاغەكەی بار دەكات چـاكەیە، یـان بارەكـەی لەوڵاغەكـە لەگـەڵی دابگرێـت چـاكەیە، وشەی شیرینی چاكەیە، لابردنی ئازارێك لەسەر ریگە چاكەیە)[3].

## ٥- لابردنی ئێش و ئازار:

لەسەر بنەمای ئەوانـەی پێشـوو، (یـەك لاشـە و یـەك دەسـت و یـەك دیـواری تۆكمە و توندو تـۆڵ) نـاگونجێ هەنـدێكی ئـازاری هەنـدێكی تـری بـدات، نابێـت هـیچ موسڵمانێك ئازاری موسڵمانێكی تر بدات، مادەم لەسەر ئەم بیروبـاوەڕە تێروتەسـەلە

---

١- رواه مسلم.

٢- رواه بخاري

٣- رواه بخاري.

پەروەردەكراوە كەهەموو موسـڵمانان لـە كـوورەی خۆشەویسـتی خـوادا دەتوێنـەوە، كەواتە دەبێتـە ڕێگـر بـۆ هەرشـتێك كـەئازاری بـرا ئاینیەكـەی بـدات. بەتایبـەتی لـەم بوارانەدا:

ا– ڕێگری لە ئازاردانی براكەی دەكات هەرچەندە كارەكـە بـۆ جێبـەجێكردنی برایـەتی ڕاسـتەقینەش بێـت، یـاخود بـۆ جێبـەجێكردنی قەدەغـە كراوێـك بێـت لـەو بازنەیەدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُـؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَـاتِ بِغَيْـرِ مَـا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا﴾ (٥٨) سـورة الأحـزاب ...خـوای گـەورە لـە مرۆڤی موسڵمانی قەدەغە كردوە ئازاری بـرا موسـڵمانەكەی بـدات، لـە نەفسـی و لـە ناموسی و لە ڕێز و حورمەتی و لە سـەروەت و سـامانی و لـە كـەس و كارەكـەی و لـە هەرشـتێكدا كـە تایبـەت بێـت بـەوەوە، دروشمـی موسـڵمانی ڕاسـتەقینە بریتیـە لـە (المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده)[1]

بەڵكو زوبانی بە ڕۆژوە لە هەرشتێك كە ڕەوا نـەبێت، پێغەمبـەری خـوا(د.خ) دەفەرموێت: (من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فليقل خيرا او ليسكت)[2]

پـەروەردگارمان ئەوەشی بۆ ڕوون كردوینەتەوە كـە هەرشـتێك مـرۆڤ دەیڵێـت یان بە چاكە یان بە خراپە لە سەری تۆمار دەكرێـت، وەك دەفـەرموێت: ﴿مَـا يَلْفِـظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ (١٨) سورة ق.

هەروەها دەفەرموێت:﴿وَلاَ تَقْفُ مَـا لَـيْسَ لَـكَ بِـهِ عِلْـمٌ إِنَّ السَّـمْعَ وَالْبَصَـرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾ (٣٦) سورة الإسراء.

(ئیمـامی نـەوەوی) دەڵێـت: (بزانــە كــە پێویســتە لەســەر هــەر مرۆڤێكـی بەرپرسیار كە زمانی بپارێزێت لە هەموو قسەیەك تەنها ئەوانە نەبێت كە بەرژەوەنـدی تێدا دەردەكەوێت، هەر كاتێكیش قسەكە نە خێر و نەشەڕ بـوو، بـەڵام واز لێ هێنـانی باشتر بوو، ئەو كاتە سونەتە ئەو قسەیەش نەكرێت، چونكە دەكرێـت قسـەی(موبـاح)

---

١- رواه مسلم/ ٣٧٣/١٠

٢- رياض الصالحين/ل:٤٢٧

مرۆڤ بەرەو قسەی حەرام یا خود (مەکروھ) بەرێت، ئەمەش لە ژیانی ئاسایی خەڵکدا زۆرە، بەڵام هیچ شتێك لە بەرامبەر بێ زیانیدا نییە)[1]

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوایە(د.خ) کە (بخاری و مسلم) لە (ئەبو هورەیر)ەوە گێڕاویانەتەوە کە وتویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو (د.خ) فەرموی: (جاری وا هەیە بەندە وشەیەك دەڵێت و بەئاگا نییە تیایدا —بیر لە چاکی و خراپەیەکەی ناکاتەوە—بەهۆی ئەم قسەیەوە دەخرێتە ناو ئاگرەوە دواتر لە نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا)[2]

هەروەها دەفەرموێت: (جاری واهەیە بەندە وشەیەك دەڵێت کە خودا پێی ڕازیە و بەلای ئەمەوە جێگەی گرنگی پێدان نەبووە، خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەیەوە چەندین پلە بەرزی دەکاتەوە، جاری واش هەیە بەندە وشەیەك دەڵێت کە خودا دەڕەنجێنێت و بەلای ئەمەوە جێگەی گرنگی پێدان نەبووە، خوای گەورە بەهۆی ئەو قسەیەوە فڕێی دەداتە نێو ئاگری دۆزەخەوە)[3]

هەروەها لە معازەوە (ر.خ) دەڵێت: وتم :( ئەی پێغەمبەری خوا کردارێکم پێ بڵێ بەهۆیەوە بچمە بەهەشتەوە و لە دۆزەخ دورم بخاتەوە؟ پاشان پێغەمبەری خوا (د.خ) لە کۆتای فەرمودەکەدا فەرموی " ئایا کە خەڵکی لەسەر دەموچاویان فڕێ دەدرێنە ناو ئاگرەوە هەر بەهۆی دروێنەی زمانیانەوە نییە؟).

## ڕێسای سێ یەم: مافە هاوتاکان

پەیوەندی نێوان موسڵمانان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك مافی هاو بەرامبەر و هاوتا دروست دەبێت، لەئیسلامدا مرۆڤێك نییە کە خاوەنی ماف بێت بەڵام هیچ ئەرکێکی لەسەر نەبێت، مرۆڤێکی دیکەش نییە کەئەرکی لەسەر بێت بەڵام مافی نەبێت، ئەمە ئەو کۆمەڵگە ئیسلامیەیە کەهەر ئەندامێکی بەرپرسیارێتی خۆی لە

---

١- صحيح بخاري،١٠/٢٦٥،٢٦٦

٢- صحيح بخاري،١١/٢٦٦،٢٦٧

٣- رواه الترمذي، ٥/٢٣١

ئەستۆ دەگرێت، ئەم کەسە گەورە بێت یان بچوك، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، فەرمانڕەوا بێت یان فەرمان بەسەردا کراو، سەرکردەبێت یان هاوڵاتی، لە هیچ بارێك لەم بارانەدا کەسێك نییە لە دەرەوەی ئەم هاوسەنگیەدابێت، ئەم هاوسەنگیەش لە کۆمەڵگەکانی تردا بەدی ناکرێت، کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر زاڵبوونی مافەکان دامەزراوە، کۆمەڵگەی سۆشیالیستیش لەسەر زاڵبوونی ئەرکەکان، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامی ماف و ئەرکە پیکەوە، هەر موسڵمانێك پێش ئەوەی داوای مافەکەی بکات پێویستە لەسەری ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، هەموو بڕوادارێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا سەرەتا داوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی لێ دەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی تردا ئەو مرۆڤە سەرەتا داوای مافەکانی دەکات پاشان ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات، لەبەر ئەوە کێشە لەو کۆمەڵگایانەدا زیاتردەبێت، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەگەر پابەند بێت بە شەرعی خواوە کەمتر کێشەی تێدا ڕوو دەدات لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێین کە: کۆمەڵگەی ئیسلامی تەنهاو تەنها لەسەر لە خۆبوردن و خۆبەخشی دروست نابێت، بەڵکو لەخۆبردن و خۆبەخشی ڕەفتارێکی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە و لەسەرو ئەرك و مافەکانەوەیە، بەمەبەستی بەهێز کردن و زیاتر پێکەوە بەستنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانە،

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (٩) سورة الحشر.

بنچینەی کۆمەڵگەی ئیسلامی بریتی یە لەهاوتابوونی مافەکان، بەڵام لە خۆبوردن ڕەفتارێکی زیادەو جیا کەرەوەیەکی ئەم کۆمەڵگایەیە.

لەم پێناوەدا مونافەسە و پێشکەوتن بۆ ئەنجامدانی زیاترین چاکە دێتە گۆڕێ، پەلە کردن بەرەو چاکتر و، پێشکەوتن بەرەو زۆرترین دەستکەوت و بوونیادنان و بە شارستانی کردن و پێشکەوتن سەرهەڵدەدات، بەچەشنێك لە ڕێگەی

ئەم پێشکەوتن و پەلە کردنەوە مرۆڤە چاکەکان لە خراپەکان و، بەهێز لە لاوازو، گونجاو لە نەگونجاو......هتد جیادەکرێنەوە ئەمەش بەرەنجامێکی تری لێ دەکەوێتەوە بریتی یە لەوەی هیچ کەسێك لەلایەن کەسێکی ترەوە ئیستیغلال ناکرێت و، پێویستە هەر کەسێك مافی خۆی وەرگرێت لەبەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا.

## ڕێسای چوارەم: ڕێسای یەکسانی:

لە گرنگترین ئەو ڕێسایانەی ئیسلام داینـاون بریتی یە لە ڕێسای یەکسانی موسڵمانان لە ئەرك و مافەکاندا، یەکسانیان لە ئەحکام و پلە و پایە و ئیعتیباردا، موسڵمانان وەك دانەکانی شانە یەکسانن، هیچ یەکێکیان ڕێزی بەسەر ئەویتریاندا نییە بەهۆی ڕەگەز، یان ڕەنگ یان شێوە و ڕووخسار یان نەتەوە و هۆز یان هەرێم و..هتد.

بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی لەدیدی ئیسلامەوە لە ئەرك و مافدا یەکسانن، هەرهەموویان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە. عەرەبێك ڕێزی زیاتر نییە لە عەجەمێك و عەجەمێك ڕێزی زیاتر نییە لە عەرەبێك، سپی پێستێك بەسەر ڕەش پێستێکدا و ڕەش پێستێك بەسەر سپی پێستێکدا،....هتد. هیچ یەکێکیان لەوی تریان بەڕێزتر نییە تەنها بە لە خوا ترسان نەبێت، دەشزانین کەلە خوا ترسان لە دڵدایەو، جگە لە خوا کەسی تر پێی نازانێ.

ئاینی ئیسلام لەڕێگەی چەندین ئایەت و فەرمودەوە دیمەنەکانی جیاوازی کردنی بەهۆی هەرشتێکەوە بێت لەناو بردوە، لای ئیسلام ئەم جیاوازی کردنانە بەرپەرچ دەدرێنەوە، بەهەمان شێوە خەڵکی لەبەرامبەر دادگاو قەزادا لەجێبەجێ کردنی دادپەروەریدا یەکسانن، پێویستە ماف بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی هەرچەندە بەهێز یان لاواز بێت. هەروەك پێشەوا ئەبوبەکر (ر.خ) فەرموی: بەهێزی ئێوە لای من لاوازە تامافی لاوازی لێ وەردەگرمەوە، لاوازیشتان لای من بەهێزە تا مافەکەی لەبەهێزەکە بۆ وەردەگرمەوە.

## ڕێسای پێنجەم: ڕێسای داد پەروەری:

ئاسانکردنی پەیوەندیەکان لەئیسلامدا لەسەر بنەمای دادپەروەریە کە کرۆکی ئەم ئاینەیە، ئاسمانەکان و زەوی لەسەر ئەو بنەمایە راوەستاون، لەئیسلامدا لەپاش بابەتی عەقیدەو بیرو باوەڕەوە شتێك نابینین هێندەی دادپەروەری گرنگی پێدرابێت.

## ڕێسای شەشەم: ڕێسای یەکێتی بیرو باوەڕ:

خوای گەورە یەکێتی بیرو باوەڕی پێویست کردوە، لەنەگۆڕەکاندا جیاوازی حەرام کردوە، بەڵکو بەبێ باوەڕی داناوە– ئەگەر چی بێ باوەڕی واهەیە بچوکترە لەبێ باوەڕیەکی تر– لەم بوارەدا دەقەکان هێندە زۆرن ئەژمار ناکرێن. تەنها ئەوەندە بەسە کەبڵێین: ئیسلام هەروەك ئاینی یەك بیرو باوەڕییە، بەهەمان شێوە ئاینی یەك ئوممەتییە، ئیسلام ئاینی وشەی یەکتا پەرستیە، ئاینی ڕێکخستنی وشەکانە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئیسلام لەیەکتا پەرستیەوە دەست پێدەکات و. بەیەکخستنی بەندەکان بەئەنجام دەدات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ (٩٢) سورة الأنبياء.

لەبەر ئەمەبوو کەڕوگەی هەموویانی یەکخست و، پایەکانی ئاینەکەشیانی یەکخست، ( قورئان و سوننەت)ی کردە ئەو سەرچاوەیەی کەپێویستە هەموویان بۆی بگەڕێنەوەو فەرمانی پێکردن کۆیان بکاتەوەو یەکیان بخات، ، دەست بە ئاینی خواوە بگرن، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ } (١٠٣) سورة آل عمران

بەڵکو خوای گەورە ناکۆکی و پەرتەوازەیی بە کوفر ناوبردوە– ئەگەرچی کوفر هەیە لە کوفری تر بچوکترە– لە کاتێکدا هەندێك لە جولەکەکان ویستیان ئاگری ناکۆکی و دوبەرەکی لە نێوان ئەوس و خەزرەجدا بەردەنەوە، خوای گەورە ئەم

ئایەتەی ناردە خوارەوە: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ} (١٠٠) سورة آل عمران

هەروەها پێغەمبەری خودا (د.خ) لە حەجی ماڵ ئاوایدا پەرتەوازەیی و دووبەرەکی بە کوفر ناوبردوە فەرموی:( لەپاش من کافر مەبنەوە، هەندێکتان لە گەردنی هەندێکی ترتان بدەن)[١].

## ڕێسای حەوتەم: گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا نەك جیاوازییەکانی، پێویستی یەکتر قبووڵکردن لە ڕێگەی داننان بە فرەییەوە:

زۆربەی هەرەزۆری گرفتەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە هەندێکمان دان بە هەندێکی ترماندا نانێین، ئەگەر جیاوازییەك لەنێوانماندا ڕوویدا سەردەکێشین بۆ ڕقلێبوون و لێکجیابوونەوە، پاشان بەرەو کەرتبوون و کوشتار، لەکاتێکدا پێویستە بەهۆی بڕوابوون بەفرەیی رەواوە هەندێکمان دان بە هەندێکی ترماندا بنێین، ژیاری ئیسلامیمان جێگەی فرەیی فیکرو تەنانەت فرەیی لە هەندێك بواری عەقیدەدا تیا بوویەوە، هەروەها بە تەواوی سنگی فراوانی کردبوویەوە بۆ فرەیی قوتابخانە مەزهەبییەکان و جیاوازییەکان لە راوبۆچووندا، دوور لە هەست بە شەرمەزاریی کردن، تەنانەن شتی وا هەبوو کە لای قوتابخانەیەکی مەزهەبی حەرامی تەواو بوو، بەڵام لای قوتابخانەیەکی تر حەڵاڵی تەواو بوو، کەواتە بۆچی ئێمە لەژێر سێبەری نەگۆڕو چەسپاوەکاندا فرەیی و سیاسیی فکریمان قبوڵ نەبێت؟ ئوممەتی ئیسلامی ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە گەڕانە بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا لەنێوان خۆیاندا، دەشزانین کە ئەو خاڵانە زۆر زۆرن، هەموو ئاینزاو گروپ و تاقمە ئیسلامییەکان لە بنەماکانی عەقیدەدا هاوبەشن، هەرلە پایەکانی ئیسلامەوە کە بریتین لە (بڕوا بوون بە خوا، بە فریشتاکان، بە کتێبەکان، بە پێغەمبەرەکان، بە رۆژیی دوایی، بە قەدەرو بەخێرو شەڕییەوە) تا پایەکانی ئیسلام کە بریتین لە( شایەتومان، نوێژ، زەکات،

---

١- رواه الترمذي.

ڕۆژوو، حەج)، هەروەها هاوبەشن لە ڕووکردنە قیبلەو پشتبەستن بە یەك قورئانو بێ ئەوەی جیاوازییان لەسەری هەبێت، یەك دوژمنی هاوبەشو بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بەچەشنێك هەموویان کۆدەنگن لەسەرئەوەی کە زایۆنیزمو خاچ پەرستو عەلمانیەتو بێ باوەڕو بەت ڕەفتاری جنسی، سەرسەخترین دوژمنەکانیانە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کێشە سەرەکییەکانی ئوممەت وەك کێشەی (فەڵەستینو قودس) بە کێشەی خۆیان دەزانن‌و ئامادەن لە پێناویدا قوربانی بدەن، هەمووشیان بە باشی ئەوە دەزانن کە دوژمنەکانیان هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەماندا ناکەن‌و بەیەك چاو سەیریان دەکەن، ئەمەش ڕاپۆرتی کۆتایی پەیمانگای (ڕاند)ی ستراتیجییە کە ڕۆڵێکی زۆری لە داڕشتنی سیاسەتی ئەمەریکیدا هەیە کە دەڵێت وەك تەکتیك هاوپەیمانی لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەکەین، بۆئەوەی لەوڕێگەیەوە کۆمەڵێکی مەترسیدارتریان لەناو ببەین ئەو پەیمانگایە هەموو موسڵمانانی خستۆتەوە ناو یەك سەبەتەوە، پاشان پێشنیاری ئیسلامێکی نوێیان کرد بەناوی ئیسلامی دیموکراتی مەدەنی، کە هەموو بەها ڕۆژئاواییەکانی قبوڵ بێت[1].

ئایا ئەم هەموو خاڵە هاوبەشەی نێوان موسڵمانان هێشتا بەس نییە؟ ئایا ئەم هەموو مەترسیو ناهەمواریەی بەسەریاندا دێت‌و ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، وایان لێ ناکات لەبەرامبەر دوژمنە زۆرو زەبەندەکانیاندا کەهێرشیان کردۆتە سەریان چۆن دڕندەکان دادەبارینە سەر نێچیرەکەیان یەکیان بخات؟

## چارەسەرکردنی ئوممەت لەلا کردنەوەیدا بەلای نەگۆڕەکاندا و، قبوڵکردنی ئیجتیهادە جیاوازەکان لە گۆڕاوەکاندا:

ئەو دەقە شەرعیانەی کەبەشێوەی ڕەهاو بڕاوەیی هاتون، ئەو دەقانەن کەباس لەو بنەماو پایانە دەکەن کە ئەم ئاینەی لەسەر ڕاوەستاوە، یان عەقیدەی ڕاست و دروست دەگەیەنێت، یان ڕەفتارو بەهای جوان دەچەسپێت. بەڵام هەموو بنەماکانی مامەڵەو ڕەفتارکردنی لەگەڵ خەڵکیدا بەجێ هێشتوە بۆ بەڵگە

---

١- ڕاپۆرتی پەیمانگای ڕاند بۆ ساڵی ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤ بە ناونیشانی: ئیسلامی دیموکراتی مەدەنی

زەمینیەکانەوە نەڕۆشتۆتە نێو وردەکاری ئەو بابەتانەوە، بەڵکو بەجێی هێشتون تاکو مرۆڤەکان لەبەر روناکی بنەما سەرەکی و نەگۆڕەکانداو، بەپێی بارودۆخە جیاوازەکانی خۆیان ئیجتیهادی تێدابکەن.

بەمشێوەیە شەریعەت ئەو نەگۆڕانەی کە گۆڕان قبولّ ناکەن( وەك ئێسکە پەیکەری مرۆڤن) کۆدەکاتەوە لەگەلّ ئەو گۆڕاوانەی کەوەك بارودۆخی ئاسایی ژیانی خەڵکی وەهان و لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێن. بەمەش ئەو شەریعەتەی کە خوا ناردویەتی بۆ مرۆڤ لەهەموو کات و بارێکیدا بۆی دەگونجێت، خوای گەورە خۆی دروستکراوەکەی خۆی باش دەناسێت و، دەزانێت چی بۆی باشە ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (١٤) سورة الملك.

مرۆڤ لە حەقیقەت و ناوەڕۆکی خۆیدا نەگۆڕە،هەروەها لەبنچینەی ژیری و ڕۆحی و دەرونی و پێکهاتەکانی و پێداویستیە گشتیەکانیدا وەك خواردن و خواردنەوە و پۆشاکدا جێگیر و یەك چەشنە (ئەگەرچی جۆری ئەم پێداویستیانە جیاوازبن بەلاّم لەو ڕۆژەوەی خوای گەورە مرۆڤی بەدیهێناوە تا ئەمرۆ پێداویستیەکانیان نەگۆڕن).

بەگەڕخستنی زانستو ژێربارکردنیدا جیاوازە لە جۆری جلوبەگو خواردنو خواردنەوەو شوێن نیشتەجێبوونیدا، بەچەشنێك وا مرۆڤ گەیشتە سەر مانگ، بەلاّم لەگەلّ ئەمەدا پێویستی بە هیدایەتی خواییو عەقیدەو بیروباوەڕێك هەیە کە بۆشاییە رۆحیو دەروونییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە، پێویستی بە رەوشتو بەهایەکی رەببانی هەیە کە رێگری لێ بکات لە رەگەز پەرستیو ستەمو ماف خواردن، بانگی بکات بۆ دادپەروەریو یەکسانیو بە ویژدانی، بیگێڕێتەوە لەسەر شۆڕکردنی مرۆڤەکانو بەکەمزانینو خواردنو بەتالاّنبردنی مافو سەروەتو سامانیان.[1]

---

١- المدخل الى دراسة الشريعة: د. يوسف القرضاوى.

ئاین بەم سیفەتە مەزنەی لەنێوان سودوەرگرتن لـە (دەقو ژیـری) و لـەنێوان (چەسپاوو گۆڕاو) دا خێری دونیاو قیامەت لە مرۆڤدا کۆدەکاتەوە، لێك نزیکبوونەوەو خۆشەویستی راستەقینەی بۆ فەراهەم دێنێت.

چونکە لـەم کاتـەدا هـەمووان لەسـەر نـەگۆڕەکان پێکـەو کۆ دەبنـەوەو، لـە گۆڕاوەکاندا کە بیروباوەڕی جیاوازیان بۆ دروست دەبێت بیـانوو بـۆ یـەکتر دێننـەوە، چونکە بڕوایان وایە کە ئەوانە شتانێکی گۆڕاونو زیاتر لە بیروبۆچـوونێك دەربارەیـان هەیە.

لێرەدا مەبەست لە نەگۆڕ یان چەسپاوەکان ئـەو ئەحکامـە ئیسـلامیانەیە کـە بەڕێگەی (قطعیـة الدلالـة و قطعیـة الثبـوت) یـان بـە کـۆدەنگی زانایـانی ئیسـلام کـە ئوممەت لە ٣٠٠ ساڵی یەکەمیدا لەسەری رۆشتووە چەسپیوە.

لەبەر روناکی ئەمـەدا نـەگۆڕەکان شـەش پایەکـەی ئیسـلام دەگرێتـەوە، کـە بریتین لە (بڕوابوون بە خوا، بە فریشتەکان، بە کتێبەکان، بە پێغەمبەران، بـە رۆژیـی دوایی، قەدەر بە خێرو شەڕییەوە کە لای پەروەردگارەوەیە).

هەروەها پێنج پەیەکەی ئیسلام دەگرێتەوە کە بریتین لە (شـایەتومان، پێـنج فەرزەکەی نوێژ، زەکات، رۆژوو، حەج بۆ هەرکەسێك لە توانایدا بێت). هـەروها بـەهاو رەوشـتە جوانـە نـەگۆڕەکانو، ئـەحکامی بنـەما سـەرەکییەکانی خێـزانو، ئـەحکامی بنەما پیشەییەکانی معامەلاتو جیهادو پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکانو، قـەزاو شـتی تری لەو جۆرە دەگرێتەوە.

بەکورتی هەر حوکمێك لە حوکمـەکانی ئیسـلام لەهـەر بوارێـك لـە بوارەکـانی ژیاندا ئەگەر هـاتو بەڵگەیـەکی چەسـپاوو مەبەسـت ڕوونـی (قطعیـة الدلالـة و قطعیـة الثبوت) لەسەر بوو، یـان کـۆدەنگی ئوممـەتی لەسـەربوو بـە شـێوازێکی دروسـت کـە لەسەر بەڵگە دامەزرابێت، نەك دابـو نـەریتی کۆمـەڵگا، ئەوکاتـە ئـەو حوکمـە دەبێتـە نـەگۆڕو پابەنـدبوون پێـوەی پێویسـت دەبێـتو نابێـت کەمتەرخـەمی لەبەرامبەریـدا بکرێـت، مەگـەر لـە روانگـەی کۆمـەڵێك پێداویسـتی ناچـارییەوە بێـت، کـە قەدەغـە کراوەکان ڕێگە پێدراو دەکات.

سەبارەت بە گۆڕاوەكان مەبەستمان پێی ئەو ئەحكامانەیە كە بە بەڵگەیەكی (ظني) چەسپاون. (ظنی بێت لە الدلالە یان لە الثبوت یان لە هەردووكیاندا)، یاخود بە ئیجتیهادێك كەلەسەر بنەمای پێوانەیەك یان بەرژەوەنییەك یان دابو نەریتێك یان ئامانجێكی شەریعەت یان شتێكی تری لەم جۆرە چەسپیبێت.

بازنەی گۆڕاوەكان لە فتواو ئەحكامە فیقهیەكاندا بازنەیەكی زۆر فراوانەو هەموو ئیجتیهادە پێشووەكان دەگرێتەوە، سەرەڕای (ناوچەی چاوپۆشی) كە بەپێی ئیجتیهادە فیقهیەكان ژمارەیەكی زۆر لە گۆڕاوی تێدایە(امام الحرمین)دەڵێت "زۆربەی هەرەزۆری شەریعەت لە ئیجتیهادەوە دەرچووە، دەقە چەسپاوەكان دەیەكی ئیجتیهادەكان نابن" [1]

لەبەرئەوە ئیجتیهادە فیقهییەكانی زانایانی پێشوومان – ئەگەر بە كۆدەنگی ئوممەت نەهاتبێت – هەموویان جێگەی پێداچوونەوەن، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو پێویستە چاویان پێدا بخشێنرێتەوەو لە بێژنگ بدرێن، لەرێگەی ئیجتیهادی (ئینتیقائیەوە) بەهەموو رێزو ئیحترامێكەوەو پێویستە لەنێوان ئیجتیهادەكاندا بەهێزترینو دروسترینیان دیاری بكرێتو ئەوەیان هەڵبژێرێتو بۆ كێشەكانی ئەم سەردەمە دابەزێنرێت، بەڵام بە تەواوی وردەكاریو رونییەوە.

تەنانەت دەتوانرێت جارێكی تر پێداچوونەوە بە تێگەیشتنی ئەو(**النصوص الظنیة**) دەقە زەنییانەدا لەبەر روناكی رێزمانی عەرەبیو ئوصول فیقهدا بكرێتەوە، هەروەها لەبەر روناكی ئەو بارودۆخەی لەكاتی خۆیدا ئەوتێگەشتنەی دیاریكردووە لەگەڵ ئەو هۆكارانەی كاری تێكردووە، لەم كاتەدا ئێمە دەگەینە كۆمەڵێك مانا و ئەحكامی تازە، كە زانایانی پێش خۆمان لێی بەئاگا نەبوون، یاخود جەماوەر هەڵینەبژاردوون، بەڵكو كەمینەیەكی زۆر كەم لە پێشینەكانمان باسیان لێوە كردووە.

---

١- البحر المحیط، ٤٧٢/٤

سـەبارەت بەناوچـەی چاوپۆشـی لێبـوردنیش، ئـەوە ئیجتیهـاد تێیـدا ئیجتیهـادێکی دارشـتنانەیەو، پێویسـتە زۆرتـرین یاسـاو مـەرجی ئیجتیهادئامـادەیی هەبێت لە هەرکەسێکدا لە و ناوچەیەدا دەیەوێت ئیجتیهاد بکات.

پشـتوێنەی گۆڕاوەکـانیش هـەموو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە لـە دەرەوەی بنەماو نەگۆڕە یـەکلای کراوەکانـەوەن، بەتایبـەتی ئـەوەی پـەیوەدی بـە بیروبـاوەڕو بەندایەتییەکانەوە هەیە، زۆرترینیشی لە جیهانی مامەڵەی ئـابووریو دارایـیو بابەتـە سیاسـییو پزیشـکیو پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکانو هاوشـێوەی ئەمانـەدا دەردەکەوێت.

(ئیمـامی شـاطبی) دەڵێـت: "بـواری ئیجتیهـادی دروسـت ئەوەیـە لـەنێوان دولایەندایە، سەبارەت بە هەرلایەنێکیان مەبەستی ئایین روون بۆتەوە لە چەسپاندنی یەکێکیانداو، لە بەرێکردنی ئەوی تریانداو، هـەرگیز لـەم نێوەنـدەوە دەرناچـێ، نـەبۆ لایەنی نەرێ، نەبۆلایەنی ئەرێ"[1]

(غـەزالی)ش دەڵێـت: "ئـەوەی ئیجتیهـادی تێـدا دەکرێـت هـەموو حـوکمێکی شەرعییە، کە دەلیلێکی قطعی لەسەر نەبێت"[2]

## گرفت لە فیقهی دابەزاندندایە، نەك لە بە پێوەرکردنی (وەحی) دا:

ئەگـەر وامانـدانا دابەزانـدنی دەقێـك بۆسـەر واقیعێکـی تـازە، بریتییـە لـە ئیجتیهاد، ئەو کارە کاری موجتەهیدە، ئەوە بریتیی نییە لە خودی دەقەکە، ئەوکاتـە بازنەی قبوڵکردنی ئیجتیهادی جیاواز فراوان دەبێـتو گۆڕەپـانی گۆڕاوەکـان فـراوانتر دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەهاکانی وەحی بەهایەکی پێوانەیین بـۆ رێکخسـتنی ژیانو رێککردنی، بەهاکانی وەحی بریتیین لە بەڵگەو پێوانە، نـەك بەرنامـەو پـلان لـە بـوارە جیاجیاکـانی ژیـانی ئاسـاییدا، لێـرەوە دانـانی بەرنامـەو پـلانو رێوشـوێنە کارگێڕییەکان دەبنە ئیجتیهادو دەتوانرێت گفتوگۆیان بکرێت، دەگونجێت جیاوازبنو،

---

١- الموافقات: ٥١٩/٢

٢- المستصفى: ٣٥٤/٢

ناكرێت بە ئایین بە چەشنێك كە نەتوانرێت گفتوگۆیان بكرێتو رەخەنیان لیٚ بگیرێتو یاخود بگۆرِێن، بەڵكو دەچنە ئەو بازنەیەوە كە زانایان باسیان كردووە لە گۆرِینی فتوادا بە گۆرِانی كاتو شوێن.[1]

بەلاَم گرنگترین گرفت بریتییە لە تێكەلاَوی كردن لە نێوان دەقەكە خۆیداو، لەنێوان دابەزاندنیدا بۆسەر واقیعێك كە دەقەكە باسی نەكردووە، لەنێوان بەهاو بەرنامەدا، لەنێوان پێوەر و ئیجتیهاددا، لەنێوان بەڵگەی هەڵە هەڵنەگرو ئیجتیهادی جیٚ هەڵەدا، لەنێوان رەهایيو رێژەییدا، لەنێوان موجەرِرِەدو بەرجەستەدا.[2]

## جیاوازی رەوا لەبەر رووناكی گۆرِاوو نەگۆرِەكان

### ا- سەرەتا

یەكبوون و یەكێتی و هاوپەیوەندی بوونی موسڵمانان پێكەوە بەیەكێك لە نەگۆرِ و چەسپاوەكاتی ئەم ئاینە دادەنرێت و كارێكی پێویستە، دوو بەرەكی و پەرتەوازەبوونیش لە نێوان موسڵماناندا حەرام كراوە، یەكگرتنی ئوممەت پێویستیەكی شەرعیە و ئاینی ئیسلام فەرزی دەكات، پێویستیەكی واقیعیشە واقیع دەیسەپێنێت، چونكە بەهۆی دووبەرەكی و كەرت و پەرت بوونیەوە بەچەشنێك لاواز بووە كە بوون و كیان و سەروەریەكەی لە مەترسیدایەو، تەماعكاران چاویان لەسەریەتی و داگیركارە چاو برسیەكان دەستیان بەسەر زۆربەیدا گرتوە و ئاینی ئیسلامیان كردۆتە ئامانجی یەكەم و بنەرِەت لە بەردەمیاندا.

ئەمە لە كاتێكدا ئێمە هیچ ئاین و سیستمێكی تر نابینین هێندەی ئیسلام گرنگی بە یەكێتی دابێت و پەرتەوازەیی بەمەترسیدار لەقەڵەم دابێت. بەچەشنێك چەندین ئایەت و فەرمودە بەدوای یەكدا هاتون كەهەموویان داكۆكی لەسەر پێویستی هاوكاری و یەكگرتن دەكەنەوە و داكۆكی لە حەرام بوونی پەرتەوازەیی و جیاوازی نا دروست دەكەن لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: وقال تعالى ﴿وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ

---

١- اعلام الموقعين: ٣/٣

٢- عمر عبيد حسنة: پێشكەشكردنی پێشووی.

جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ * وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ *وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَاخْتَلَفُواْ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (١٠٣-١٠٥) سورة آل عمران

ئەم ئایەتانە سەبارەت بە ئەوس و خەزرەج هاتنە خوارەوە لەسەردەمی موسڵمانێتیاندا کاتێك (شاسی کوڕی قەیس)ی جولەکە هەوڵێکی زۆری دا تاکو تۆوی ناکۆکی و جەنگی دوبەرەکی نەفامیانە لەنێوانیاندا هەڵگیرسێنێتەوە، ئەوە بوو لاوێکی جولەکەی ناردوو تاکو ڕۆژگارەکانی (بیعاث) یان بیربخاتەوە، ئەویش شیعری بۆ خوێندنەوەو جەنگی نێوانیانی بیر خستنەوە، ئەوانیش یادی ئەو سەردەمەیان کەوتەوە و بەرامبەر یەکتری کەوتنە شانازی کردن و دەربڕینی ووشەی دووبەرەکی دروستکارە تاگەشتە ئەوەی زۆری نەمابوو جەنگ لەنێوانیاندا دروست بێتەوە، هەواڵەی ئەم هەوڵەی شاس بەپێغەمبەری خودا (د.خ) گەشتەوە، ئەویش ڕاستەوخۆ ڕۆشت، فەرموی : (ئەی گرۆی موسڵمانان (الله الله) لە ئێوە، پاشان فەرمووی : ئایا بانگەشەی نەفامی دەکرێت لەکاتێکدا من لەنێوانتاندام، ئایا پاش ئەوەی خوای گەورە ڕێنمونی کردن بۆ ئیسلام و بەهۆیەوە ڕێزی لێ نان و لە جاهیلیەت و فەرمانەکانی جاهیلیەت دوری خستنەوە لە بێباوەڕی ڕزگاری کردن و نێوانتانی گرێ دایەوەو یەکی خستنەوە؟ ئایا دوای ئەوەی خوای گەورە ئەمانەی لەگەڵ ئێوەدا کرد ئێوە هەر دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوەی کەلەسەری بوون و بێ باوەڕ دەبنەوە؟

خەڵکەکە زانیان ئەوە فڕوفێڵێکە لە شەیتانەوەیەو پیلانێکە لەلایەن دوژمنەکەیانەوە بۆیان داڕێژراوە، لەبەر ئەوە چەکەکانیان دانا و دەستیان کرد بە گریان و پیاوەکان هەستانەوە دەستیان کردە ملی یەکتر پاشان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(د.خ) بڵاوەیان لێ کرد، گوێیان لە پێغەمبەر گرت و گوێڕایەڵیان لێکرد، خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە بۆیان کەبەم فەرمودەیەی دەست پێ دەکات ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوَاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ

كَافِرِينَ * وَكَيْفَ تَكْفُرُونَ وَأَنتُمْ تُتْلَى عَلَيْكُمْ آيَاتُ اللّهِ وَفِيكُمْ رَسُولُهُ وَمَن يَعْتَصِم بِاللّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ (١٠٠–١٠٢) سورة آل عمران.

ئەم ئایەتانە ئاماژە بەمانەی خوارەوە دەکەن:

١– دوژمنانی ئیسلام هەرچیەکیان لە تواناداا بێت دەیخەنە کار بۆ کەرت و پەرتکردنی ئوممەتی ئیسلامی و نانەوەی دووبەرەکی لەنێوانیاندا، ئەوان لە پشتی هەموو ئەو هەوڵانەوەن کە لەم پێناوەدا دەدرێت بە تایبەتی زایۆنی و خاچ پەرستەکان هەروەها ئەو داگیرکەرەی کە دروشمی (فرق تسد)ی بەرز کردۆتەوە.

٢– شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی دوژمنان لەم پیلانەیاندا کوفره: (الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ) ال عمران (١٠٠) ئەمە گەورەترین هێرشە بۆ سەر دووبەرەکی بەتایبەتی ئەگەر لە بەرەنجامی شوێن کەوتنی بێ بڕوایانەوە بوو کە خوای گەورە ناوی بردوە بە (کوفر).

٣– لێرەدا نیشانەی سەرسوڕمانی تێدایە بەرامبەر ئەو کەسەی کەلە کۆمەڵی موسڵمانان جیا دەبێتەوە و بێ باوەڕ دەبێت لە کاتێکدا قورئان لە ئارادایە و پێغەمبەری خودا (د.خ) لە ژیاندایە، کاتێکیش کە وەفات دەکات سوننەتەکەی بە زیندوویی لەناو موسڵماناندا دەژی، ئەمە بەواتای ئەوە دێت کە تەنها ڕێگەیەك لەبەردەم ئەم ئوممەتەدا هەبێت بریتیە لە شوێن کەوتی قورئانی پیرۆز و سوننەتە کانی پێغەمبەر (د.خ)، ڕێگەی یەکبوون و یەکگرتنیشی زۆر ئاسانە ئەگەر ویست و عەزیمەت بۆ ئەم کارە هەبێت، چونکە هۆکارەکانی یەکێتی موسڵمانان تا ئێستا بەبەردەوامی لە ئارادایە.

٤– گرنگی لە خوا ترسان و دڵسۆزی و پاکبوونەوە لە هەواو ئارەزوەکان و مەترسی دەمارگیری و دەمارگیری نەتەوە یان دەمارگیری هۆزایەتی تایەفەگەری و ئاینزای لە دروستکردنی جیاوازیەکی نادروست و پەرتەوازە بوونێکی پڕ لە ئاشوبدا چونکە ئەمانە ئەو نەخۆشیە کوشندانەن کە ئوممەتیان پەك خست و گەورەییەکەیان لێ سەندەوە.

٥– گرنگیدانێکی بێوێنه به فەرمان کردن به چاکه و بەرگریکردن لـه خراپـه، هــەروەها چاکســازی مرۆڤــەکان و ئەنجامــدانی چــاکەکاری و بانگەشــەکردن بــۆی و بڵاوکردنەوەی ئیحسان و هاوکاری له نێـوان موسـڵماناندا، ئەمانـه کۆمەڵـه هۆکـارێکی گــەورەن بــۆ پاراســتنی ئوممــەت و کۆکردنــەوەی لەســەر ڕێگــەی ڕاســت و ڕێنمــایی سەرفرازی.

٦– گرنگی دەست گرتن و پابەند بوون بـه ئـاینی پتـەوی پـەروەردگارەوە و سەرقاڵ بوون به بانگەواز و تێکۆشـانەوە لـەپێناوی یەکخسـتنەوەی ئوممەتـدا، لـەم بارەشەوە چەندین ئایەت هاتنه خوارەوە، لەوانە: ﴿إِنَّ الَّـذِينَ فَرَّقُـواْ دِيـنَهُمْ وَكَـانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَـانُواْ يَفْعَلُـونَ ﴾ (١٥٩) سورة الأنعام

هــەروەها ئایــەتی: ﴿وَأَطِيعُـواْ اللّـهَ وَرَسُـولَهُ وَلاَ تَنَـازَعُواْ فَتَفْشَـلُواْ وَتَـذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ (٤٦) سورة الأنفال

له فەرمودەکانی پێغەمبەری خوداش (د.خ) لەمبارەیەوە :

(بخاری) و (مسلم) له پێغەمبەری خواوە(د.خ) دەگێڕنەوە فەرمویـەتی ( هـەر کـەس بسـتێك لەکۆمـەڵی موسـڵمان جیابێتـەوە و لەسـەر ئـەو حاڵەتـە بمرێـت ئـەوە مردنێکی نەفامانەی کردوە)[1]

جــارێکی تــر لــە (ئەنــەس)ەوە دەگێڕێنــەوە کــە پێغەمبــەری خــوا (د.خ) فەرمویەتی: ( ڕقتان لەیەکتر نەبێت، ئیرەیی بەیەکتر مەبەن، پشت لـە یـەکتری هـەڵ مەکەن و، بەڵکو بەندەی خوا و برای یەکتر بن، ڕەوا نیه بۆ موسـڵمانێك کەلەسـێ ڕۆژ زیاتر دەنگ له برا موسڵمانەکەی دابڕێت)[2]

دیاره که فەرمودەکان لەمبارەیـەوە زۆرتـرن لـەوەی لێـرەدا بتـوانین باسـیان بکــەین، ئەمــە ئــەو نــاکۆکی و جیاوازیــە ناڕەوایەیــە کــە پێچــەوانەی نــەگۆڕ و

---

١- صحيح بخاري ٥/١٣

٢- صحيح بخاري ٢/٨٢

چەسـپاوەکانی ئیسـلامە، ناکۆکیەکـە دەکەوێتـە بازنـەی بنـەما و چەسـپاوەکانی ئاینەوە.

بەڵام جیاوازی ڕەوا بریتیە لە جیاوازی لە لق و بەشەکاندا نەك لە بنەماکانـدا، لە هۆکارەکاندا نەك لە ئامانجەکاندا، لە ئامێرەکاندا نەك لە مەبەسـتەکاندا، لـە فـرەی ڕێگـەکانی چارەسـەرکردندا نـەك لـە ئامانجـە گشـتیەکانی شـەریعەتدا، هـەروەها لـە پرۆگرامـە زانسـتیەکان و ئـامراز و دیـاریکردنی گرنگترینـدا نـەك لـە (سەرچـاوە و بەرنامەڕێژی) زانستی گشتیدا، ئەم جیاوازیە دروسـتە و زۆر سروشـتیە، بەشـێکە لـە دین و لە دەرەوەیدا نیە، چونکە –وەك باسمان کرد– ئاینی ئیسلام لە ڕێگـەی دەقـە هارمۆنی و بیروباوەڕە گشتیەکانیەوە ئەم جیاوازیە لەخۆ دەگرێت و ڕێکی دەخات.

## ب- جیاوازی فرەیی نەك دژایەتی

بەو پێیەی کە موسڵمانەکان لە نێو خۆیاندا لەسەر نەگۆر و چەسپاوەکان کـۆ دەنگن، کەواتە هـەبوونی جیـاوازی ئەگـەر لـە ئیجتیهـادێکی یاسـاییەوە سەرچـاوەی گرتبێت دەبێتە جیاوازی فرەیـی نـەك جیـاوازی دژ، (**شاطبـــي**) وای بـۆ دەچـێت ئـەو جیاوازیە سەردەکێشێت بۆ دوبەرەکی و ناکۆکی ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کەلـە هەواو ئارەزووەوە سەرچاوەی گرتوە، لە ئیسلامدا ئیجتیهادێکی بەو شـێوە وەرگـیراو نیـە، دەڵێـت( لێـرەوە ڕوکـاری پشـتگیری و خۆشەویسـتی و هاوسـۆزی لـە نێـوان جیاوازەکاندا لە بابەتەکانی ئیجتیهاددا دەردەکەوێت، کـەنابێت ببنـە گـروپ گـروپ و دەستە دەستە، چونکە ئەوان لەسەر ئامـانجی یاسـادانەر (خـوا) کۆبوونەتـەوە، ئـەم ئامانجەش جیاوازی ڕێگاکان زیانی پیّ ناگەیەنێت) پاشان دەڵێت: (بەمـە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە ئـەو ئیجتیهـادەی لـە ڕاسـتەقینەیدا جیاوازییـەك بێـت و لـە ئارەزوویـەکی گومڕاکەرەوە سەرچاوەی گرتبێت، نەك لە ئامانجی موجتەهیدەوە بە شـوێن کـەوتنی بەڵگە لە وردو درشتدا، ئەوە لە لایەن ئارەزو بازانەوە دەرچوە، جا ئەگەر ئارەزوبازی بە ئیجتیهاد تێکـەڵ بـوو دەبێتـە هـۆی شـوێن کـەوتنی گومـان لێکراوەکـان، ئەمـەش بەمەبەستی زاڵبوون و خۆ دەرخستن، بە هێنانەوەی بیانو لە جیاوازیەکـەدا، ئەمـەش

سەر دەکێشێت بۆ پەرتەوازە بوون و دوژمنایەتی و ڕق لێبوون، هەموو ئەمانەش بە هۆی جیاوازی هەواو ئارەزووەکانەوە، ڕێ نەکەوتنیان لەسەر بیروڕایەك دەبێت، لە کاتێکدا شەرع بۆ ئەوە هاتوە بەتەواوەتی بابەتی هەواو ئارەزوو یەکلا بکاتەوە)[1]

ئاشکرایە ئەم جیاوازیە فیقهیە زۆرانە لە بازنەی فیقهی ئیسلامیدا بەڵگەن لەسەر ئاسانکاری شەریعەت و فراوانی و نەرم و ناسکی وگەورەییەکەی، چونکە دەقەکان بەهۆی هارمۆنیەتیان و، بە ئامانجی لابردنی سەختی لەسەر موسڵمانان هەموو ئەم جیاوازنەی لە خۆ گرتووە، تەنانەت جیاوازی فیکری و سیاسی و فیقهی پێویستە چونکە ئیجتیهاد کارێکی دروستە، لەبەر ئەوەی جیاوازی فیقهی لەبەرەنجامی ئیجتیهادەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە بەردەوام لەگەڵ ئیجتیهاددا دەسوڕێتەوە بە بوون و بەنەبوون، ئەمەش بەهۆی جیاوازی ژیری و بیرو بۆچوون و داب و نەریت و کاریگەریە ناوخۆی و دەرەکیەکانەوە لێرەوە، هەتاکو موسڵمانان خاوەنی ئەم هۆشیاریە بن جیاوازیەکانیان سەر ناکێشێت بۆ ڕق لێبوون، (ئیبن تەیمیە) دەڵێت: (جیاوازی لە ئەحکامەکاندا زۆر زیاترە لەوەی ڕێك بخرێت، ئەگەر لەهەر کاتێکدا جیاوازی لەنێوان دوو موسڵماندا دروست بوو لەیەکتر جیابوونەوە و یەکتریان تۆراند، ئەوە هیچ برایەتی و یەکبوونێك لەنێونیاندا نامێنێتەوە)[2]

ئیبن تەیمیە هێندە بازنەکەی فراوان کردوە تاکو جێگەی ئەو تاك و گروپانەشی تێدا بێتەوە کە بیروڕا و قسەی مەترسیدار دەردەبڕن و قەدەغەی کردوە هیچ یەکێك لەو کەسانە تەکفیر بکرێن، دەڵێت: ( لە ڕاستیدا هەندێك وشە هەیە کوفرە، قسەکە خۆی بکەرەکەی بە کافر دەناسێنێت و، دەوترێت: هەر کەس ئەو قسەیەی کردبێت کافرە، بەڵام ئەو کەسە دیاریکراوەی قسەکەی کردوە حوکمی کافری نادرێت بەسەریدا تاکو بەڵگەی تەواوی لەسەر نەهێنرێت... بەهەمان شێوە ئەو قسانەی بکەرەکانیان کافر دەکەن، دەکرێت پیاوێك تەواوی ئەو وشەو دەقانەی پێ نەگەشتبێت کە بەهۆیەوە بەتەواوی حەقی ناسیبێت، دەشکرێت دەقەکانی پێ

---

١- الموافقات للشاطـبـي ٥٧٦/٢

٢- مجموع الفتاوى ١٧٣/٢٤

گەیشتبیت بەڵام دڵی لەسەری دانەمەزرابێت، یان نەیتوانیبێت لێیتێ بگات، یان دەگونجێت هەندێك گومان ڕێگریان لێکردبێت کە خوای گەورە بۆی بکاتە بیانوو، لەبەر ئەوە هەرکەس لە موسڵمانان کرد بە ئامانجی گەشتنە ڕاستی ئیجتیهادێکی بەڵام هەڵەی کرد، ئەوە خوای گەورە لە هەڵەکەی دەبورێت هەر چەندە بێت، لە هەر بوارێکی کرداری و نەزەریدا بێت، ئەمە ئەو بیروڕایە بوو کە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) و کۆی پێشەوایانی ئوممەت لەسەری بوون)[1]

## ج- ئینکاری نەکردن لە بابەتە جێ ناکۆکیەکاندا:

ئاشکرایە بەرگریکردن لەخراپە بەزمان، یان بەدەست بۆ ئەو کەسەی دەسەلاتی هەیە بریتیە لە بەرگریکردنێکی تایبەت لەو خراپانەی کۆدەنگی لەسەرە، بەڵام بابەتە جێ ناکۆکەکان (لە چوارچێوەی ناکۆکی و جیاوازی ڕەوادا) هیچ بەرگریکردنێکی تێدا نیە، بەڵکو مشومڕ و دانایی و ئامۆژگاری چاکەی تێدایە، بە شێوازی جوان و بەرز، گفتوگۆی تێدایە بەباشترین شێوە بۆ گەشتنی بەباشترین و دروستترین و بەهێزترین بیروڕا. لەبەر ئەمە بوو کاتێك (موسا) پێغەمبەر لە (هارون) توڕەبوو بە توندی ڕیشی ڕاکێشا، هارون بەڵگەی بۆ بێدەنگیەکەی بەوە هێنایەوە کە دەترسا (بەنی ئیسرائیل) گوێرەکەکە بکەنە خوای خۆیان، وتی: ﴿قَالَ يَا ابْنَ أُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِي إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي﴾ (٩٤) سورة طـه لەو کاتەدا موسا(د.خ) بێدەنگی و بیانوەکەی قبوڵ کرد.

لە مەرجەکانی جیاوازی ڕەوا ئەوەیە نیەتی ڕاجیاوازەکە پاك بێت، پاڵفتەو دابڕاو بێت لە هەواو ئارەزوو، ڕووی لە خێر بێت و بە دووربێت لەهەر پاڵپشتیەکی کوێرانە بۆ تاك و ئاینزا و گروپەکان، لە هەمان کاتدا گومانی چاکەی بەبەرامبەرەکەی هەبێت، واز لە بریندارکردن و توانج لێدان بهێنێت، دوور بکەوێتەوە

---

١- مجموع الفتاوى ٣٤٥/٢٣-٣٤٦

له ڕووپامایی و سەرسەختی لـه ڕکەبەرایـەتی کردنـدا، گفتوگۆ بـه جـوانترین شـێوه بکات)[1]

## د- جیاوازی له لقەکاندا ڕەحمەته

ئەم دەستەواژەیه هەردەم لەسەر زمانی پێشینه چاکەکانمان بـوو، (عومـەری کوڕی عبدالعزیز) دەڵێت: (هیچ دڵخۆش نابم بەوەی هاوەڵانی پێغەمبەری خـوا جیـاواز نەبن، چونکه ئەگەر ئەوان جیاواز نەبن ڕوخسەت بۆ ئێمه دروست نابێت)[2]

پرسـیار کـرا لـه (قـاسمی کـوڕی محمـد) کەیـەکێك بـوو لـه زاناکـانی مەدینـه سەبارەت بەخوێندنی سورەتی (الفاتحه) له دوای ئیمامـەوه، وتـی: (ئەگـەر خوێنـدت ئەوه له هاوەڵانی پێغەمبـەری خـوادا چـەندین پیاویـان لـەم کـارەدا پێشـەنگی تـۆن، ئەگەر نەتخوێند له هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا چەندین پیاویان پێشەنگی تۆن)[3]

(یەحیای کوڕی سـعید) دەڵێـت: (جـاری وا هەیـه ئـەهلی فتـوا فتـوا دەدەن، شـتێك حـەڵاڵ دەکـەن و شـتێکی تـر حـەرام دەکـەن، حـەرام کەرەکـه ناڵێـت حـەڵاڵ کەرەکه تیا چوه لەبەر ئەوەی حـەڵاڵی کـردوه، حـەڵاڵ کەرەکـەش وانابینێـت حـەرام کەرەکه بەهۆی فتواکەیەوه تیا چووه)[4]

موفەسیرەکان وتەیەکی (حەسەنی بەسـری) لـه تەفسـیری ئایـەتی ﴿يَـا أَيُّهَـا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ ﴾ (٥٩) سورة النساء دا دێنینەوه که وتویـەتی (ئـەهلی ڕەحمـەتی خوا کەسانێکن به چەشنێك جیاوازنـابن کـه جیاوازیەکـەیان زیانیـان پـێ بگەیـەنێت)[5] چونکه ئامانجیان گەیشتنه حەق و ڕاستیه بەهەر نرخێك بێت، دەرخستنی ڕاستیه لـه

---

١- الصحوة الاسلامية: د.يوسف القرضاوي ١٩٣

٢- فيض القدير ٢٠٩/١

٣- جامع البيان ٨٠/٢

٤- جامع البيان

٥- تفسير ابن عطية ١٠٨/٤

تێڕوانینی ئەوانەوە لەسەر هەر زمانێك بێت، هەر فتوا و ڕەئێکیش لەئارادا بێت بەمەرجێك هەواو ئارەزوو دروستی نەکردبێت خاوەنەکەی دەمارگیری بۆی نابێت.

## ٥- بڕیارێکی هاوچەرخ لە (المجمع الفقهی)یەوە:

مەجمەعی فیقهی لە خولی دەیەمدا لە ماوەی نێوان ٢٤ تا ٢٨ی سەفەری ١٤٢٣ بەرامبەر بە ١٧-٢٠ ١٩٨٧ دا بڕیارێکی دەرکرد کەلە بەر گرنگیەکەی دەقەکەی وەك خۆی دەگوێزینەوە: کۆڕی (المجمع الفقهي الاسلامی) ڕوانیە بابەتی جیاوازی فیقهی لە نێو ئەو ئاینزایانەدا کە خەڵکی شوێنیان کەوتون. وە لەنێوان ئەو توند گیریە بێزراوەی کە هەندێك لە شوێنکەوتوانی ئاینزاکان بۆ ئاینزاکەیان دەینوێنن، توندگیریەك کە خاوەنەکەی لە سنوری ئاسایی دەباتە دەرەوە، خاوەنەکەی دەگەیەنێتە ئاستی تانە لێدان لە ئاینزاکانی تر و زاناکانیان، مەجلیس ئەو گرفتەی خستە بەردەست کە ڕووبەڕووی ئەقڵ تازەپێگەیشتوانی هاوچەرخ و بیر و بۆچونەکانیان دەبێتەوە سەبارەت بە جیاوازی ئاینزاکان، کە ئەوان سەرچاوە و واتاکەی نازانن، گومڕاکارانیش ئەو گومانە دەدەن بە گوێیاندا کە بۆچی دەبێت ئاینزاکان جیاوازبن لە کاتێکدا شەرعی ئیسلامی یەك شەرعەو، بنەماکەشی قورئان و سوننەت و ژیاننامەی چەسپاوی پێغەمبەری خوایە کەئەمەش هەر چەسپاوە؟ ئەی کەواتە بۆچی ئاینزاکان نابن بەیەك؟ تاکو موسڵمانان لەبەرامبەر یەك ئاینزادابن؟ لەبەردەم یەك تێگەیسشتندابن بۆ ئەحکامەکانی شەریعەت؟ بەهەمان شێوە مەجلیس بابەتی توندگیری مەزهەبی خستە بەرباس، لەگەڵ باسی ئەو گرفتانەی لەم توندگیریەوە سەرچاوە دەگرن، بەتایبەت لەنێوان شوێنکەوتوانی هەندێك لە ئاستە تازەکانی ئەمڕۆ، لەم سەردەمەماندا، کە خاوەنەکانیان بانگەشە بۆ هێڵێکی تازەی ئیجتیهاد دەکەن، تانە لە هەموو ئەو ئاینزایانە دەدەن کەلە کۆنترین سەردەمەکانەوە ئوممەتی ئیسلام شوێنیان کەوتون و شتیان لێوە وەرگرتون، هەروەها تانە لە پێشەواکانیان دەدەن و هەندێکیان بە گومڕا لەقەڵەم دەدەن و ئاشوب لەنێوان موسڵماناندا دروست دەکەن، کۆڕی فیقهی بڕیاریدا: ئەم بەیاننامەیە بۆ هەردوو

گروپەکـە (گومڕاکـاران و تونـدگیران) ئاڕاسـتە بکـات، بەمەبەسـتی ئاگادارکردنـەوە و بەرچاو ڕوون کردنیان:

## یەکەم: جیاوازی ئاینزاکان

جیاوازی ئاینزا فیکریەکان و ئەوانەی کە ئـەمڕۆ لـە جیهـانی ئیسـلامیدا هـەن دوو جۆرە: جیاوازی لە ئاینزا بیروباوەڕیەکاندا، جیاوازی لە ئایزا فیقهیەکاندا.

سەبارەت بەیەکەمیان کە جیاوازی بیروباوەڕە، لەڕاسـتیدا ئـەوە کارەسـاتە و بوەتـە هـۆی چـەندین کارەسـات لـە جیهـانی ئیسـلامیدا، ڕیـزی موسـڵمانانی کـەرت کردوەو، وشەکەیانی پەرتەوازە کردوە، کارێکە ئەسەفی بۆ دەکێشرێت و پێویست بوو کە نەبوایە، پێویست بوو کە ئوممەتی ئیسـلامی لەسـەر ئـاینزای ئـەهلی سـوننەو جەماعی کۆببوایەتەوە، کەخۆی لە فیکری ئیسلامیدا دەبینێتەوە، فیکرە پاکەکـەی سـەردەمی پێغەمبـەری خـوا(د.خ)، لەگـەڵ سـەردەمی خەلیفـەکانی ڕاشـدین، کـە پێغەمبەری خوا ڕایگەیانـد بـوو، ئـەوان درێـژە پێـدەری سـونەتی ئـەون و، فـەرموی: (داواتـان لێ دەکـەم شـوێنی سـوننەتی مـن بکـەون، لەگـەڵ سـوننەتی خەلیفـەکانی ڕاشدینی پاش من، دەستی پێوە بگرن و، بەدانەکانتان توند بیگرن).

بەڵام دووەمیان، بریتیە لە جیاوازی ئاینزا فیقهیـەکان، لـە هەنـدێك بابەتـدا، ئەوە هۆکاری زانستی خۆی هەیە کەوا دەخوازێت ئەو جیاوازیانە هەبن، خوای گـەورە لـەم جیـاواز بوونـەدا داناییـەکی قـوڵی هەیـە، ئەمـە ڕەحمەتـە بەبەنـدەکانی و، سەرمایەیەکی فیقهـی تەشـریعیە کـە ئوممـەتی ئیسـلامی والێـدەکات بـەردەوام لـەناو فراوانی ئاینەکەیدا بژی و هەنگاو بنێ، قەتیس نەخوات لە جێبەجێ کردنی فەرمانێکی شەرعیدا و بەتەنها نەتوانێـ لێی دەرچـێت بـۆ فرمـانێکی تـر، تەنانـەت ئەگـەر فتـوای ئاینزایەك یان زاناکانی ئەو ئاینزایە تەنگژەیەکی لە کاتێك لەکاتەکان یـان لـە بابـەتێك لەبابەتەکاندا دروست کردوە، بەڵام لە ئاینزایەکی تردا فراوانی و ئاسانکاری و بەزەیی هەبوو ئەوە لەسەر ڕوناکی بەڵگە شەرعیەکان بەفتوای ئەم ئاینزایەی تـر کاردەکرێـت بێ گوێدانە ئەوەی بابەتەکە لە پەرستشەکاندایە، یان لە معامەلاتدایە، یان لە ئـیش و کاری خێزاندایە، یان لەدادوەری و تاوانەکاندایە،

ئـەم جـۆرەی دووەم لـە جیـاوازی ئاینزاکـان، کـە جیـاوازی فیقهیـە، هـیچ نەنگییەکی تێدا نیە و دژایەتی نیە لـە ئاینەکەمانـدا، هـەرگیز نابێـت ببێتـە دژایـەتی، هــیچ نەتەوەیــەك نیــە سیســتەمێکی تەشــریعی تــەواویان هــەبێت بــە (فقْــە) و ئیجتیهادەوە. بەڵام ئەم جیاوازیە فیقهی و ئیجتیهادیانەی تێدا نەبێت.

لە ڕاستیدا ئەم جیاوازیە ناکرێت نەبێت، چونکە دەقە بنەڕەتیـەکان زۆرجـار لــە واتایــەك زیــاتر هەڵــدەگرن، هــەروەها دەقێــك ناتوانێــت هــەموو ڕوداوە چاوەڕوانکراوەکان لە خۆ بگرێت، چونکە دەق خۆی سنوردارە، بەڵام واقیـع سـنوردار نیە، هەروەك کۆمەڵێك لەزانایان –ڕەحمـەتی خوایـان لێ بێـت– گوتویانـە، بەناچـاری دەبێت پەنا بۆ (قیاس) بەرێت و، بڕوانێتە هۆکاری ئەحکامەکان و ئامانجی یاسـادانەر و ئامانجە گشتیەکانی شەریعەت لەگـەڵ دابەزانـدنیان بـۆ واقیـع و بـۆ سـەر پێشـهاتە نوێکان، جالەم کارەدا تێگەیشتنی زانایان جیاواز دەبێت و لە هەڵبژاردنی ئەگـەرەکان و لە دیاریکردنی بەهێزترینیاندا جیاواز دەبن، بەمەش حوکمەکانیان سەبارەت بەیـەك کێشە و بابەتی دیاریکراو جیاواز دەبێت، لەکاتێکدا هەر هـەموویان مەبەسـتیان حـەق بوەو بەدوای حەقدا گەڕاون، لەبەر ئـەوەی هـەر زانایـەك ئیجتیهـاد و بیروباوەڕەکـەی تــەواو بـوو ئـەوە دوو پاداشـتی هەیـە، هـەر زانایـەکیش هەڵـەی کـرد یـەك پاداشـتی هەیە، .. ئالێرەوە کە زۆر لە خۆ کردن و تەنگەتاوی نامێنێت و فراوانی دێتە ئاراوە.

چ دژایەتیەك لە هەبوونی ئەم جیاوازیە مەزهەبیەدا هەیە، کە ئەو هەموو خێـر و ڕەحمەتەی تێدایە وەك ڕونمـان کـردەوە؟، بـەڵکو لـە واقعـدا ئـەوە نـاز و نیعمـەتی پەروەردگارە بۆ بەندە بڕوادارەکانی، لەهەمانکاتدا سەرمایەیەکی تەشریعی مەزنـە و، تایمبەتمەندیەکە پێویستە ئوممەتی ئیسلامی شانازی پێوە بکات.

بەڵام گومڕاکارە بێ گانەکان، ئەوانەی لاوازی ئاسـتی ڕۆشـنبیری هەنـدێك لـە لاوانی موسڵمان دەقۆزنـەوە، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە دەرەوە لای ئـەوان دەخـوێنن، بەجۆرێك وێنەی جیاوازیە مەزهەبیەکانیان بۆ دەکێشن وەك ئەوەی جیـاوازی بێـت لـە عەقیدە و بیروبـاوەڕدا، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی سـتەمکارانە و تاوانکارانـە ئـەوە بخەنـە بیریانـەوە کەئـەم جیاوازیـە نـاکۆکبوونی شـەریعەت دەسـەلمێنێت، بـێ

ئەوەی بەئاگا بێتەوە بۆ جیاوازی کردن لەنێوان هەر دوو جۆرەکەدا، کـە بەدڵنیایـەوە جیاوازیەکی زۆر فراوانیان لە نێواندایە.

دووەم: بەڵام کۆمەڵەکەی تر، کە بانگەشە بـۆ ناشـرین کـردن و واز لێهێنـانی ئاینزاکان دەکات و، دەیەوێت خەڵکی هێڵێکی نوێی ئیجتیهادی بگرنە بـەر و، تانـە لـە ئـاینزا فیقهیـە ئامادەکـان دەدات و، تانـە لـە پێشـەواکانیان یـان هەنـدێکیان دەدات، ئەوە لەم بەیاننامەیەماندا دەربارەی ئـاینزا فیقهیـەکان و تایبەتمەنـدی هـەبوونیان و، تایبەتمەندی پێشەواکانیان، ئەوەی تێدایە کە بیکاتەئـەرك بەسـەریانەوە دەسـت لـەم شێوازە ناشرینەی گرتویانەتـە بـەر هـەڵگرن کـە بەهۆیـەوە خـەڵکی گـومڕا دەکـەن و ڕیزەکانیان کەرت دەکەن، وشەکەیان پەرت و بڵاوە پێ دەکـەن، لەکاتێکدا ئێمـە لـە هەموو کات زیاتر پێویستمان بەیەکخستنی وشـە هەیـە بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ئـەو هێرشە پڕ لەمەترسیانەی لەلایەن دوژمنانی ئیسـلامەوە ڕووبـەڕوومان دەبنـەوە، نـەك ئەم بانگەوازە پەرتەواز کەرەی کـە هـیچ پێویسـتیەکمان پێـی نیـە، (وصـل الله علـى سيدنا محمد وعلى آلِهِ و صحبه وسلم تسليما كثيرا و الحمد الله رب العالمين).

## و- بڕیارێکی تر لە ( مجمع الفقه الدولي ) یەوە:

چەندین بڕیار لەلایەن (مجمع الفقه الدولي)یـەوە سـەبارەت بـەگرنگی یـەکێتی موسڵمانان و، برەو نـەدان بەفیتنـەی تایەفەگـەری و مەزهەبیـەوە دەرچـووە، لەوانـە بڕیـاری ژمـارە (١١/١٨٩)یـە، کـە ئەمـە دەقەکەیـەتی: (یەکـەم: یـەکێتی موسـڵمانان واجبەو خوای گەورە فەرمانی پێکردوە، کردویەتی بە وەسـفێکی هـاوجووت بـۆ ئـەم ئوممەتـە ئیسـلامیە و، دەفـەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ ﴾ (١٠٣) سورة آل عمران، هەروەها دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً﴾ (٩٢) سورة الأنبياء

بەهـەمان شـێوە سـوننەتی پێغەمبـەر(د.خ) بـە کـردار و گوفتـارەوە داکـۆکی لەسەر دەکەن، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (خوێنی موسڵمانان پشـتیوانی لەیـەکتر دەکەن و، ئەوان یەك دەستن لەسەر جگە لـەخۆیان، نزمترینیـان بـە ئەسـتۆی ئـەوان تێدەکۆشێت و هەوڵدەدات).

پێغەمبــەری خــوا (د.خ) ئــەم یەکبوونــەی بەشــێوەیەکی کــرداری لەڕێگــەی برایەتیەوە لەنێوان کۆچەرو پشتیوانەکاندا چەسپاند، هــەروەها لەیەکــەم بەڵگەنامــەی دروست کردنی دەوڵەتی ئیســلامیدا لــە مەدینــەی منــەوەرە ئــەم واتایــەی چەســپاندو تیایدا وەسفی موسڵمانانی کرد بەوەی ئەوان (یەك ئوممەتن جیا لە خەڵکی).

ئــەم ئایەتــە پــیرۆز و فــەرمودە شــیرینانەی پێغەمبــەر(د.خ) بــە هــەموو ئــەو واتایانەوە کە هەڵیان دەگرن، ئەوە دەخوازن کە موســڵمانان لــە ژێــر ئــاڵای ئیســلامدا کۆببنــەوە و پابەنــدبن بــە قورئــان و ســوننەتەوە، هــەروەها واز لــە رقــە مێــژوویی و، ململانێــی تیرەیــی و، تەماعکاریــە شەخســی و، ئــاڵا دەمارگیرییــەکان بهێــنن، کاتێــك لەســەردەمی پێغەمبــەری خــوا و نــەوەی یەکەمــدا کەبــەم کــارە هەســتان دەوڵــەتی ئیسلامی بویە خاوەنی هێزی خۆی و، ئــاینی ئیســلام و دەوڵەتەکــەی لــە ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئاوا بڵاو بویەوە، ئوممەتی ئیسلام بە ئیسلام ڕابەرایەتی ژیاری جیهــانی کــرد، کــە مــەزنترین ژیــار بــووە لەســەر بنــەمای یەکتاپەرســتی دامەزرابێــت، دواتــر تــوانی دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی بچەسپێنێت.

دووەم: یەکێتی ئیســلامی لــە جێبــەجێکردنی بەندایــەتی پەروەردگاردایــە بــە بیروباوەڕ و گوفتار و کردارەوە، لەسەر ڕوناکی قورئان و ســوننەتی پێغەمبــەری خــوا (د.خ)، هەروەها لە پارێزگاری کردن لەم ئاینەدایە کە هەموو موسڵمانانی لەسەر یەك وشە کۆکردۆتەوە لە هەموو لایەنــە فیکــری و ئــابووری و کۆمەڵایــەتی و سیاســیەکانی ژیانەوە، بەڵام لەپای ئەوەی ئوممەتی ئیسلامی لە ڕاگرو بەهێزکەرەکانی یەکێتیەکەی دورکەوتەوە ئیتر هۆکارەکانی جیاوازی لێ کەوتەوە و دواتر بــەهۆی چــەندین هۆکــاری ترەوە و، بــەهۆی هەوڵــەکانی ئیســتیعمارەوە کــە دروشمــی (جیــاوازی دروســت بکــە سودمەند دەبیت)ی هــەڵگرتبوو، ئــەم جیاوازیانــە قوڵبوونــەوە، ســەرەنجام ئوممــەتی ئیسلامی کەرت کەرت کرد و، بەهۆی بنەما نەژادی و نەتەوایەتیەکانەوە پێکەوە گــرێ دان و، عەرەب و ئیسلامی لێك جیاکردەوە.

زۆرتــرین هــەوڵی ڕۆژهــەڵات ناســەکانیش لــەو لێکۆڵینەوانەیانــدا کەلــە نێــوان موسڵماناندا برەویان پێدەدا چڕبویەوە لە ریشە دارکردنی ناکۆکی نێوان موسڵماناندا.

سیٚیەم: ئـەو جیاوازیـە فیقهیانـەی کەلەسـەر بنـەمای ئیجتیهـاد، لـە دەقـی شەرعی و ئاماژەکانیەوە بنیاد نراوە، لـە خـودی خۆیـدا کـارێکی ئاسـاییەوە، پشـکی هەیە لە دەوڵەمەند کردنی ئەو سـەرمایە تەشـریعیەی کـە ئامانجـەکانی شـەریعەت و، تایبەتمەندیەکانی لە ئاسانکاری و هەڵگرتنی ناڕەحەتی دەهێنێتەدی.

چـوارەم: پێویسـتی پابەنـد بـوون بـە پاراسـتنی پلـە و پایـەی هـاوەڵانی پێغەمبەرەوە( خوایان لیٚ ڕازی بێت)، هەروەها بانگکردنی زانایان بۆ دەرخسـتنی پلـە و پایەو ڕێزیان لە گواستنەوەی شەریعەتی ئیسلامی بۆ ئوممەت و باسـکردنی مافیـان بەسەر ئوممەتەوە، هەروەها بـانگکردنی حکومـەت بـۆ دەرکردنـی دامودەزگایـەك لـە پێناو سزادانی ئەو کەسانەی لە پلەوپایەی هاوەڵان کەم دەکەنەوە بەهەر وێنەیەك لـە وێنـەکان بێـت، ئەمـەش لـە پێنـاوی چـاودێریکردن و پاراسـتنی ڕێـز و پلـە و پایـەی هاوەڵان و لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشانی هۆکارێك لە هۆکارەکانی پەرتەوازەیی و کـەرت بوون.

پێنجـەم: پێویسـتی پابەنـد بـوون بـە قورئـان و سـوننەتەوە، بـە ڕێبـازی پێشینەکانی ئەم ئوممەتەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) و ئەوانەی بە چاکە شوێنی ئەوان کەوتن، هەروەها وەلانانی گومڕاییـەکان و، خـۆ دورگـرتن لەهـەر شـتێك ئـاژاوە بنێتـەوە لـە نێـوان موسـڵماناناداو ببێتـە هـۆی کـەرتبوونیان، لەگـەڵ کـارکردن بـۆ بەگەڕخستنی تواناکان لە بانگەوازکردندا بۆ ئیسلام و لە بڵاوکردنەوەی بنەماکانیدا لە نێوان ناموسڵمانەکاندا.

## ڕاسپاردەکان:

شـاراوە نیـە کـە سـەردەمەکەمان سـەردەمی ئـەو کوتلـە بازیەیـە کـە جێبـەجێکردنی فیکـری و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری خـۆی هەیـە لـە ژێـر دروشمـەکانی جیهـانگیری و عەلمانیـەت و نوێگەریـدا و بـەهۆی کرانـەوەی ڕاگەیانـدنی بـیٚ قەیـد و شـەرتەوە، کـە جیهـانی ئیسـلامی کردۆتـە ئامـانج بەمەبەسـتی لیٚ دامـاڵینی تایبەتمەندیەکانی و تواندنەوەی بەهێز کەر و ڕاگرەکانی و سڕینەوەی پـارە ڕۆحـی و

فیکریەکەی، ناتوانرێت بە تەواوی پارێزگاری لە ئوممەت بکرێت لەبەرامبەر ئەم مەترسیانەدا بەیەکگرتن و لەناوبردنی هۆکارەکانی جیاوازی و کەرتبوون نەبێت، بەتایبەتی کە ئومەتی ئێمە ژمارەیەکی زۆر ڕاگر و بەهێزکردنی یەکگرتنی تێدایە کە بریتین لە یەکگرتنی بیروباوەڕ و یەکێتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەشریعی و ڕۆشنبیری، لەسەر ئەمانە (مجمع) ئەم ڕاسپاردانەی دەرکرد:

یەکەم: دوپات کردنەوەی بڕیاری (المجمع)ی ژمارە: ٤٨(٥/١٠) سەبارەت بە جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی و ئەو ڕاسپاردانەی سەبارەت بە هەمان بابەت پێشکەش کران، هەروەها بڕیاری ژمارە ٦٩(٧/٧)ی (المجمع) تایبەت بە داگیرکردنی فیکری لە ڕاسپاردەی یەکەمدا.

دووەم: دووپاتکردنەوە لە حکومەتی وڵاتانی ئیسلامی بۆ پشتگیری کردنی هەوڵەکانی هەریەك لە(منظمة المؤتمر الاسلامي) و (مجمع الفقه الاسلامي الدولي) بەو پێیەی ئەو دوانە وێنەی یەکێتی نێوان موسڵمانانن لە ڕووی سیاسی و فیکریەوە.

سێ یەم: تێپەڕاندنی ناکۆکیە مێژوویەکان، چونکە وروژاندنیان جگە لە چالاك کردنی ڕق و کینە و قوڵکردنەوەی جیاوازیەکان هیچ شتێکی تر بۆ ئوممەت زیاد ناکات.

چوارەم: پابەند بوون بەگومان چاکی و ئاڵوگۆڕی متمانە لە نێوان موسڵماناندا بەگەل و نەتەوەکانیانەوە، ئەمەش بە ئاڕاستە کردنی هۆکارەکانی ڕاگەیادنن بۆ گەشەپێدانی گیانی خۆشەویستی و بڵاوکردنەوەی شێوازی گفتوگۆی دروست و قبوڵکردنی بیرورا ئیجتیهادیەکان.

پێنجەم: سود وەرگرتن لە بابەتە چارەنوس سازەکان کە ئوممەتی ئیسلامی یەك دەخات، لەوانە کێشەی قودس و مزگەوتی (ئەقسا)ی قیبلەی یەکەمی موسڵمانان و جێگەی شەوڕەوی پێغەمبەری خوا(د.خ)، بەمەبەستی دور خستنەوەی لەو مەترسیانەی هەڕەشە لە ئیسلامی بوونی دەکات و دوپاتکردنەوەی ئەوەی کە قودس کێشەی هەموو موسڵمانانە.

بەشداربوان لەم کۆنگرەیەدا داوا لە حکومەتی ولآتانی ئیسلامی دەکەن گرنگی پێدانەکانیان چەند جارە بکەنەوە بە کێشەیەو کێشە هاوشێوەکانی و دەستپێشخەری بکەن بۆ گرتنەبەری هەنگاوی گونجاو، لەوانە:

ا- ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر ئەو سیاسەتی کۆچ پێکردن و جێگیرکردن و بە جولەکەکردنەدا کە خاك و خەڵکی فەڵەستین ڕووبەڕوی دەبنەوە و، لەبەرامبەر ئەو داگیرکردن و چەوساندنەوە و کوشت و بڕو مەحروم کردن و ئاوارە کردن و سوکایەتی پێکردن، بە ڕێزی مرۆڤ و مافە بنەڕەتیانەی کە هاولآتی فەلەستینی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ب- پاڵپشتی ڕەها بۆ فەلەستینی تێکۆشەر و زەویە پیرۆزەکەی و مزگەوتی (ئەقسا)ی یەکەم ڕوگەی موسڵمانان لە جەنگی سەربەخۆیەکەیدا و ڕاوەستان لە پشتی و لە تەنیشتی گەلی فەلەستینی لەخۆڕاگریەکەیدا.

ج- ئیدانەکردنی بزوتنەوەی زایۆنیزمی و داگیرکەری ئیسرائیلی لە هەموو ئەو کارانەی کەپێی هەڵدەستێ، لە وێنەی دوژمنکاریە وەحشی گەراییەکانی بۆ سەر گەلی فەلەستینی تێکۆشەر لە پێناوی ئازادی و ڕزگارکردنی پیرۆزیکانیدا تێدەکۆشێت.

شەشەم: گرنگی دان بەو ئامڕازە پێشنیارکراوانەی کەلە پێشترن بۆ هێنانەوەی یەکێتی ئیسلامی قۆناغ بە قۆناغ، لەوانە:

١- ئامادەکردنی پرۆگرامی فێرکردن لەسەر بنەمای ئیسلامی.

٢- دارشتنی ستراتیژیەتێکی ئیعلامی ئیسلامی هاوبەش.

٣- دروستکردنی بازاڕێکی ئیسلامی هاوبەش.

٤- دروستکردنی دادگایەکی دادی ئیسلامی.

حەوتەم: ئەمینداریێتی گشتی (المجمع الفقه الاسلامي الدولي) هەستێت بە دروستکردنی لیژنەیەك لەئەندامان و پسپۆڕانی (المجمع) بۆ دانانی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی کرداری کەتوانای جێبەجێ کردنیان هەبێت و ڕەچاوی بارودۆخی ئوممەتی ئیسلامی کردبێت، لایەنەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتی و ئابووری

بگرێتەوە، هـەروەها ئەوئامرازانـە دیـاری بکـات کەلـەم بوارانـەدا یـەکێتی موسـڵمانان دێنێتە دی، لەگەل سـود وەرگـرتن لـەو هەوڵانـەی کەلـە ئیسـتەدا و لـە چوارچـێوەی ڕێکخراوە عەرەبیی و ئیسلامیەکاندا دەدرێن، هـەروەها پشـت بەسـتن بەپسـپۆڕیەکان لەبوارە جیاجیاکاندا.

بـۆ دڵنیـا بـوون لەگـەرموگوڕی چـالاکیەکانی ئـەم لیژنەیـە و جێبـەجێکردنی ئـــەنجامی لێکۆڵینـــەوەکانی، ئامۆژگـــاری دەکـــەین لـــە پێکهێنـــان و ئـــەرك و بەرپرسیارێتیەکانیدا پشت ببەستێت بە ڕێخکراوی کۆنگرەی ئیسلامی)[١].

هەر لەو بڕیارانە بڕیـاری ژمـارە ١٥٢ (١٧/١) یـە کـە داکـۆکی لـە بڕیارەکـەی پێشوو دەکاتەوە، دەڵێت: ( دان نان بەئاینزاکان و داکـۆکی کـردن لەسـەر گفتوگـۆ و بەیـەك گەیشـتن لەنێوانیانـدا زەمانـەتی میـانڕەوی ناوەنـد گـیری دەکـات، زەمانـەتی لێبوردن و میهرەبانی دەکات، زەمانـەتی دوانـدنی ئـەوانی تـر دەکـات) پاشـان بـانگ دەکات بۆ وەلانانی جیاوازی نێوان موسڵمانان و یەکخستنی وشە و هەڵوێسـتەکانیان، بـانگ دەکـات بـۆ دوپاتکردنـەوەی ڕێزگرتنـی یـەکتر و بـەهێزکردنی پەیوەنـدی و پشتیوانی لەیـەکتر کردنـی نێـوان گـەل و دەوڵەتـەکانیان و بـەهێزکردنی ڕیشـاڵەکانی برایەتی کەهـەموویان لەسـەر خۆشویسـتن لـە پێنـاوی خـوادا کۆدەکاتـەوە، بانگیـان دەکات تا بوارێك بۆ ئاشوب و دەست تێوەردان لەنێوانیاندا بەجێ نەهێڵدرێت، خـوای گەورە دەفەرموێت ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ (١٠) سورة الحجرات

---

١- مجلة ا تمع: ژمارە ١١، ج٣ ، ل٥

**نەگۆڕ و گۆڕاو( گەشەسەندن ) لای سەلەف و، کاریگەری لەسەر یەکبوون:**

مەبەست لەسەلەف ئەو کەسانەن لە سێ سەدەی یەکەمی تەمەنی ئەم ئوممەتەدا ژیاون)[2]

پشت ئەستور بە فەرمودەیەك کە عبد اللەی کوڕی مسعود گێڕاویەتیەوە، دەفەرموێت: (باشترینی سەدەکان سەدەکەی منە، پاشان ئەوانەی بەدوایاندا دێن، پاشان ئەوانەی بەدوایاندا دێن...)[1]

زانایان ئەوەیان ڕونکردۆتەوە کە چاکێتیەکە دەگەڕێتەوە بۆ نزیك بوون لەسەرچاوەی پێغەمبەرایەتی و پەروەردەکردنی پێغەمبەرو سافی و پاکیەکەیانەوە، سەلەف ئاینزایەکی دیاریکراو نیە، لەسەر هیچ گروپێکیش تاپۆ نیە، بەڵکو ئەهلی سەلەف شوێنکەوتەی هەموو ئەو ئاینزاو بیروڕایانە دەگرێتەوە کە دروستن و لە چوارچێوەی قورئان و سوننەتدان.

خوای گەورە ویستی وا بوو کە زانستەکان لەم (سێ) سەدەیەدا تەواوبن، ئاینزا فیقهیەکان لەسەر دەستی پێشەوا موجتەهیدەکان دابمەزرێن و لەم سەدانەدا ئوممەت پێش بکەوێت، لەمیانەیدا ژیاری مەزنی ئیسلامی بێت ئاراوە.

لە(سێ) سەدەی یەکەمدا ئوممەتی ئیسلامی بویە ئوممەتێکی بەهێزی دیوار پتەو چوارلا دامەزراو، لە هەموو لایەنەکانەوە پێشکەوت، لە زانست و ڕۆشنبیری و هونەرەکاندا، لەکەمترین کاتدا گەورەترین ژیاری دروست کرد، بویە پێشەواو سەرکردەی جیهان، بەڕاستی سەلەف لەم(سێ) سەدەی یەکەمدا زیاتر لەم سەدە دورودرێژانەی کۆتای پێشکەوتنیان بەدەست هێنا[2]

فیقهی ئیسلامی (نەزەری) و (کرداری) پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی، بە چەشنێك توانی هەموو ژیار و بیروبۆچونەکانی تر لەخۆبگرێت و لەبەر ڕوناکی بنەما و ڕێسا و ئەحکامەکانی ئیسلامدا جارێکی تر سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە،

---

٢- فتح الباري: ٣/٧-٧

١- صحيح البخاري ٣/٧

٢- البوطي: ل٩

هەرگیز دەسەوسان نەبوو لە بەرامبەر دۆزینەوەی چارەسەری فیقهیدا بۆ هەر بابەتو کێشەیەك کە دەهاتە پێشەوە، هەرچەندە بابەتو کێشەیەکی تازەو ئاڵۆز بوایە، هەروەها فیکری ئیسلامیش توانی بە خۆڕاگری خۆی بمێنێتەوەو پارێزگاری لە نەگۆڕو چەسپاوەکانی بکاتو، لەڕێگەی خۆ دروستکردنو بەرپەرچدانەوەی بیروباوەڕە پوچەکانەوە گەشەبکاتو پێش بکەوێت، بۆئەوە پشتی بە (گواستنەوەی دروست)و (ژیری دروست) بەست بۆ گەشتنە قەناعەتێکی تەواو، دڵنیاییەکی تێروتەسەل، هەروەها دەستگرتن بەگەردنی دەقەکانەوە، بەکارهێنانیان بۆ پشتگیری کردنی هەر بیروڕایەکی دیارکیراو.

لەلایەکی ترەوە (سێ) سەدەی یەکەم ناسرابوو بە سەدەکانی سادەییو ئاسانکاری لە بابەتە فیقهییەکاندا، پرۆگرامی ئەم سەدانە لەسەر فیقهی ئاسانکاری لەبار راوەستابوو، بەڵکو وەك دکتۆر (قەرزاوی) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (د.خ) لە لە ئەحکامەکانداپێشەنگی ئاسانکاران و لە بانگەوازدا بۆلای خوا پێشەنگی مژدەدەران بوو، (هەرگیز پێغەمبەری خوا(د.خ) لەنێوان دوو فرماندا سەرپشك نەکراوە کەئاسانەکەیانی هەڵنەبژاردبێت بەمەرجێك تاوان نەبوبێت)[1]

لەدوای پێغەمبەریش هاوەڵان و شوێن کەوتوانی بەتایبەت خەلیفەکانی ڕاشدین لەسەر پرۆگرامەکەی ئەو ڕۆشتن، بەڵام هەرکات نەوەیەك لەدوای نەوەیەکی تر دەهات قورستر و ناڕێك تریان هەڵدەبژارد، تاکو ژمارەیەکی زۆر لە سەختی و ناڕێکیمان لا کۆبویەوە[2]

بەڕێز (د.البوطي) ئەوە دوپات دەکاتەوە کە (سەلەف) لە ماوە کەمەکەیاندا زیاتر پێشکەوتنیان بەدەست هیناوە لە (خەلەف) بە درێژایی سەدەکانیان، سەلەف پابەند بوون بەنگۆڕەکانەوە و لە جگە لەودا جیاواز بوون، لەبەر ئەوە فتواکانیان جیاوازە تەنانەت لە پرۆگرامەکانیشدا، تیایاندا بوو زیاتر لە پابەند بوون بە دەستەواژە و دەقە چەسپاوەکانی قورئان و سوننەتەوە پابەند بوون، هەشیان بوو

١- رواه بخاري و مسلم.

٢- وتەی د.قرضاوی لە کردنەوەی خولی دووەمی کۆنگرەی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوە.

زیاتر پشتی بەڕەئی و ئیجتیهاد دەبەست، سەرەڕای ئـەوەی هـەر بـارودۆخێکی نـوێ دەهاتـە کایـەوە بازنـەی ئیجتیهـاد فـراوانتر دەبـوو، ئەمـەش پـاش ئـەوەی ئیسـلام دەسەڵاتی پەیداکرد بەسـەر وڵاتـی فـارس و ڕۆم دا، لـەپاش ئـەو هـەموو سـەرکەوتنە شارسـتانی و ژیاریـەی کەبەدەسـتی هێنـاوە، بنـەماکانی بـژێوی و سیسـتەم و داب و نەریتە نامۆکـانی پێچـایەوە[1]، لەبـەر ئـەوەی هـاوەڵان و شـوێن کـەوتوان شـارەزاییان هەبوو بە نەگۆڕو گۆڕاوەکـان، لەبـەر ئـەوە بابـەتی (تـەکفیر) لەناویانـدا بـڵاو نـەبوو، ئەوە بوو کۆمەڵێك لە سوپاکەی پێشەوا علی (ر.خ) دەرچون و لـە دژی وەسـتانەوە و تەکفیریان کرد، چونکە لە جەنگی (صفین)دا پەنای بۆ دوو دادوەر برد، بەڵام نە علـی (ر.خ) و نە هاوەڵەکانی پەنایان بۆ تەکفیرکردنی ئەم لە سوپا دەرچوانە نەبرد)[2]

لە لایەکی ترەوە چەندین تاقمی وەك (موعتەزیلە) بەهەموو گروپەکانیەوە کە دوانزە گروپ بوون، هەروەها (ئەلجەبیریە) ئەویش بە گروپەکانیەوە و، (ئەلخـەواریج) بـە گروپـە زۆرەکانیـەوە و، (ئـە**طورجئـــة**)و پۆلـە زۆرەکـانی و، (شـیعە) و تاقمـە جیاجیاکانی، هـەموو ئەمانـە سـەریان هەڵدا و زانایـانی ئوممـەتی ئیسـلامی حـوکمی کافربوونیان بەسەر هیچیاندا نەدا، بەڵکو دەرگای ڕەئیان کردەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتــەکان و دەرگــای گفتوگــۆ و مشــت و مــڕ و بەڵگەهێنانــەوەیان لەبــەردەم پــوچ گەراکاندا کردەوە بەو شێواز و ڕێگایانەی کە ئەوان دەیانزانی تاکو بگەنە ئـەنجامێکی بـاش، پێشـەوا علـی فـەرموی: (قسـە لەگـەڵ ئـەو خەڵکـەدا بکـەن بـەوەی دەیـزانن، وازبهێنن لەوەی ئەوان ئینکـاری لێدەکـەن، ئایـا دەتانـەوێت خـوا و پێغەمبـەری خـوا بەدرۆدا بخرێنەوە)[3].

---

١- البوطي: السلفية مرحلة زمنية مباركة، لا مذهب اسلامي، ل٣٢-٨٤

٢- الملل و النحل للشهرستان، ١١٤/١

٣- البوطي:السلفية، ل ٢٥

## پەیوەندی نێوان فیقهی نەگۆڕ و گۆڕاو بەیەکخستنی ئوممەتەوە:

پەیوەندی فیقهی نەگۆڕو گۆڕاوەکان بەیەکخستنی کۆمەڵ و ئاینزا و حیزبە ئیسلامیەکانەوە لەم ڕوانەوە دەردەکەوێت:

یەکەم: نەگۆڕ و چەسپاوەکان لە جێگەی بیروباوەڕی هاوبەش و پڕۆگرامێکی دروستن، لەجێگەی ئەو شەرعیەتەن کەسەرجەم تایەفە و گروپە ئیسلامیەکان وەك شەریعەتی ئیسلامی لەسەر ی کۆدەنگن و لەجێگەی ئاینی هاوبەشدایە، هەرکەس دان بەم نەگۆڕانەدا نەنێت ئەوە لەدەرەوەی ئیسلامە و لە گومڕاییدا نقوم بووە، قسەی ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیە کە نەگۆڕ و چەسپاوەکان لەگەڵماندا کۆیان ناکاتەوە، بەڵکو قسەمان لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە پابەندن بەنەگۆڕ و چەسپاوەکانەوە، بەلام لەلق و بەشەکان و هۆکارەکان و....هتدا جیاوازن.

(ئیبن تەیمیە) دەڵێت: (بنەما چەسپاوەکان بەقورئان و سوننەت و کۆدەنگی ئوممەت لە جێگەی ئاینی هاوبەشدایە لەنێوان هەموو پێغەمبەراندا و، هیچ کەس بۆی نیە لێی بچێتە دەرەوە، هەرکەسیش بچێتە ناویەوە ئەوە ئەهلی ئیسلامی ساغ و پوختە....، ئەو کردار و گوفتارە ڕەاویانەی تیایدا جیاواز و هەمەڕەنگ بوون ئەوە لەجێگەی ئەو جیاوازی و هەمەڕەنگ بوونی پێغەمبەراندایە..، جاری واهەیە هەمەڕەنگی پێویستە، جاری واهەیە باشە و جاری واهەیە......ئاینزا و ڕیگە و شێوازەکان و سیاسەتەکان بۆ زانایان و مەشایخ و فەرمانڕەواکان ڕەوایە، ئەگەر مەبەستیان پێی ڕەزامەندی خوا بێت دوور لەهەوا و ئارەزوو، تاکو خەڵکی پابەند بن بە ئیسلام و ئاینی تەواوەوە.... ئەگەر شوێن ئەوە کەوتن کە خوای گەورە و پەروەردگاریان لە قورئان و سوننەت بۆی ناردونەتە خوارەوە بەپێی توانا و بۆ گونجان – لە پاش ئیجتیهادی تەواوە– ئەم کارە بۆ ئەوان لە جێگە و پلەوپایەی شەرع و پڕۆگرامی پێغەمبەراندایە، لەسەر ئەم کارەیان پاداشت وەردەگرن...)[١]

١- مجموع الفتاوى: ١١٧/١٩-١١٨-١٢٦-١٢٨

لەبەر ڕوناکی ئەمەدا ئوممەتی ئیسلامی لەسەر چەسپاوەکان کۆ دەبنەوە، لەنێون خۆیاندا یەکتر ناسین دەکەن و یەکدەگرن، ئەم چەسپاوانە دەکەنە پێگەی دەرچوون و دەست بەکاربوونیان، دەیکەن پردی پۆلایین بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکانیان لەسەری، چونکە ئەوە ڕێسای هاوبەشی نێوانیانە کەلەسەری ڕێك کەوتون و دانیان پێدا ناوە،

ئەگەر ئەوروپای ڕۆژئاوا لەسەر ڕێسای بازاڕی هاوبەش و بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش یەکی گرت و ئەم هەموو هەنگاوە لەو پێناوەدا دانا، ئایا ئەم هەموو نەگۆڕ و چەسپاوە هاوبەش و بەرژەوەندیە هاوبەشانە بەس نین بۆ کۆکردنەوەی ئوممەتی ئیسلامی و پاڵپێوەنانی بەرەو یەکگرتنێکی کرداری؟.

**دووەم:** لە ڕێگەی فیقهی نەگۆر و گۆڕاوەکانەوە هەر کۆمەڵێك دان بە کۆمەڵەکانی تردا دەنێت، لەبەر ئەوەی نەگۆڕەکان هاوبەشن و گۆڕاوەکانیش ڕەواو دروستن، تەنانەت پێویستیشن، کەواتە زۆر ئاساییە لە نێوان خۆیاندا بیانوو بۆ یەکتری بهێننەوە، یاخود هەوڵی گفتوگۆ و مشت و مڕ بدەن بۆ گەیشتن بەچاکترین و دروست ترین بیروڕا، زۆربەی گرفتی موسڵمانان لەوەدایە دان بەیەکتردا نانێن، ئەگەر هۆشیار کردنەوەیەك لەم بارەوە هەبێت ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت و دان بەیەکتردا دەنێت.هەروەها لەو گرفتانە نەبوونی زانیاری هاوبەرامبەرە بە بیروڕای مەزهەبەکان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ، هەروەها وێنەگرتنی هەڵە و ناتەواوی لایەنێك بۆ لایەنەکەی تر، وەك ئەوەی ڕای شازی کەسێکی دیاریکراوی سەر بەئاینزایەك بکرێتە ماڵ بەسەر هەموو ئاینزاکەوە و، هاوشێوەی ئەمە...

**سێ یەم:** لەڕێگەی فیقهی گۆڕا و نەگۆڕەکانەوە دەزانرێت کەهەر جیاوازیەك بەمەرجێ لەبازنەی گۆڕاوەکاندا بێت لە ڕووی شەرعی یەوە وەرگیراوە.، لەکۆتایدا شارەزایی و زانینی هاوبەشەکانی نێوان گروپ و تایەفە ئیسلامیەکان نزیکیان دەکاتەوە لەیەکتری، ئەمەش بەرەو هاوکاریەکی بوونیادنەر و بەر پەرچدانەوەی دوژمنایەتی و نائارامی دەیانبات. شێخی(قەرضاوی) گرنگی هاوکاری کردنی لە بابەتە هاوکۆکەکاندا ڕونکردۆتەوە و باسی زەرورەتی توێژینەوەی کردوە لەو بابەتەدا،

هەروەها خوێندنی وانە لە بارەیەوەو بەڕێوەبردنی گفتوگۆ دەربارەی، دەڵێت: (من ڕقم لە توێژینەوە نیە لەبابەتە جێ ناکۆکەکاندا بەمەرجێ: توێژینەوەیەکی زانستی بەراوردکاری بێت، بەڵکو ڕقم لەوەیە توێژینەوە کردن لە بابەتە جێ ناکۆکەکاندا ببێتە گەورەترین و دواترین قۆناغی زانستیمان، بەشێویەك گەورەی بکەین هەموو کاتەکانمان بکوژێت و تواناو وزوەکانمان بخوات.... ئەمە لەسەر حسابی سەرقاڵ بوون بێت بە کێشە بنەڕەتیەکانەوە.)پاشان هەندێك نمونە باس دەکات کەیەکێك لەوانە نامەیەکی نوسیوە و ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە (نهي الصحابة عن النزول على الركبة) کە ئەمە بابەتێکە تایبەتە بەشێوازی نوێژکردنەوە.... یان کەسێکی تر بابەتی (الواحدة في جلسة الاستراحة)ی نوسیوە!.

لەڕاستیدا گرفتی گەورەی ئوممەت لە ون کردن و لەبار بردنی ئەو کار و فرمانانەدایە کە هەموو ئاینزا و قوتابخانە ئیسلامیەکان لەسەری کۆدەنگن، هەروەها لە پەکخستنی شەریعەت و داروخانی ئەخلاق و چەقبەستویی فیکر و ئەمانەتی مافەکاندایە، لەوەدا نیە کەکێ ئایەتەکانی (صفات) تەئویل دەکات... لەکاتێکدا ئاینزای سەلەف ڕاسترین و سەلامەت ترین بیروڕایان هەبوە لەسەری، بەڵکو لەو کەسەدایە کەهەر لە بنەڕەتەوە زات و سیفاتی خوا بەر پەرچ دەداتەوە، لە کۆیلەکانی فیکری ئاوردەکراوی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادایە، لەوانەدا نیە کە تەئویلی ڕاوەستان لەسەر عەرش (الاستواء على العرش) دەکەن، بەڵکو لەوانەدایە کە بڕوایان بە عەرش و خوای عەرش نیە..لێرەوە پێویستە لەسەر هەموو بانگخوازە هوشیارەکانی ئیسلام کە لە پێش هەموو شتێکەوە بەئاگا بن بۆ داکۆکی کردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، چونکە ئەم هاوکاریە فەرزێکی شەرعیە و ئاین دەیسەپێنێت و، زەرورەتێکی واقعیە و ئەم بارودۆخ و واقیعەی ئوممەتی پێدا تێپەڕدەکات دەیخوازێت.

بڕوام وایە ئەوەی لەسەری کۆدەنگین شتێکی کەم و بێ بایەخ نیە، بەڵکو توانای سەرف کردنمان لێ دەکات نەك وەستان، داوای کارمان لێ دەکات نەك پاڵ دانەوە، داوای ئیرادەیەکمان لێ دەکات کە ترس و لەرزۆکی نەناسێت، داوای ژیریەکی زیرەك و عەزیمەتێکی بەهێز و دەرونێکی پاك و بەخشندە و وزە گەلێکی بنیات

نەرمان لێ دەکات...حەرامە لەسەر هەموو ئاڕاستە ئیسلامیەکان کەلە نێوان خۆیاندا جەنگ و ململانێ بکەن لەسەر لق و بەشەکان و، ئەو هەموو کون و کەلەبەرە واز لێ بهێنن و بەدەستی برواداره موسڵمانەکان پڕی نەکەنەوە)[1]

لە ڕاستیدا نەگۆڕ و چەسپاوەکانی ئەم ئاینە زۆرن، لە هەموو کۆمەڵە و ئاینزاکاندا هاوبەشن تیایاندا لە بوارەکانی بنەماکانی عەقیدە و، ڕەفتار و بەهاکان و بنەماکانی معامەلات و بەشەکانی و لە جیهانی سیاسەت و ئەو مەترسیانەی ڕوبەڕوی ئومەت دەبینەوە، وەك مەترسی بێ باوەڕی و کوفر و عەلمانیەت، مەترسی و هێرشی داگیرکردنی بیری و ڕۆشنبیری، بەغەربی کردن و ونکردنی ناسنامە، مەترسی زلهێزی جیهانی و جەنگە خاچ پەرستیە نوێکان و، مەترسی هێرشە زایۆنیزمیەکان بۆ سەر موسڵمانان و داگیرکردنی فەلەستین و قودسی پیرۆز، مەترسی هێرشی بت پەرستەکان لە کشمیر و هێرشە خاچ پەرستی و بێ باوەڕیەکان لە شیشان و فلیپین.

بەڕاستی زۆر پێویستیمان بەیەکگرتن و دابەشکردنی ڕۆڵەکان و قبولکردنی یەکتر و کۆبوونەوە لەسەر چەسپاوەکان لە هەڵوێستە سیاسیەکاندا و نەوروژاندنی ناکۆکیەکان هەیە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دوژمنەکان یەکیان گرتوە لە دژی ئێمە و داباریونەتە سەرمان وەك چۆن دڕندەکان دادەبارنە سەر لاکی نێچیرەکانیان.

ئایا پێویست ناکات پەند و ئامۆژگاری وەرگرین؟ ئایا پێویست ناکات هەست بە مەترسیداری هەڵوێستەکان بکەین و حەزە دەرونیەکانمان واز لێ بهێنین؟ واز لە حیزبایەتی تەسك بهێنین بۆ گۆڕەپانی فراوانی ئیسلامەتی، بۆ پرۆگرامی سەلەف لە ئاسانکاری لە ئەحکامەکاندا، بۆ برەودان بە بانگەواز، ئارامگرتن لەسەر ئەو کەسانەی لە ئێمە جیاوازن، بۆ بانگەواز کردن بۆ لای پەروەردگار بە دانایی و لەڕێگەی ئامۆژگاری کردن بەچاکە، مشت و مڕ کردن بە جوانترین شێوەوە؟

---

١- الصحوة الاسلامية بين الاختلاف المشروع و التصرف المذموم: ١٤٥-١٥٧

ئەمە خواست و ئومێدی منە، داوا لە خوای گەورە دەکەم ئەم ئوممەتە کۆبکاتەوە لەسەر هەموو ئەو شتانەی بەغیرەتی دەکەن و کەرامەتی دەپارێزن و پێشکەوتن و ناوە گەشاوەکەی بۆ دەهێننەوە.

**ڕێسای هەشتەم: کۆکردنەوە لەسەر بنەمای ئیسلام نەك حیزبایەتی و تایفە گەری:**

ئوممەتی ئیسلام پاش ئەوەی لەسەر بنەمای حیزب و کۆمەڵەکان و تایەفە و ئاینزاکان دابەش بوو، ناکرێت بەتەنها لەسەر بنەمای ئیسلام دور لە زیادەو ناتەواوی کۆبکرێتەوە، ناکرێت لەسەر بنەمای قورئان و سوونەتی دروست و، کۆدەنگی دروست و ئاماژە ڕون دور لە حیزبایەتی و، تایەفە گەری مەزهەبی، گروپ گەرایی کۆبکرێتەوە، چونکە زۆر سەختە هەموو ئەم جیاوازیانە نەهێڵرێن، لەبەر ئەوە چارەسەر –وەك پێشتر وتمان– لە کۆبوونەوەدایە بە چوار دەوری ئیسلامە تەواو و گشتگیرەکەی کە هەمووانی تێدا جێ دەبێتەوە، لە قبوڵکردنی بەرامبەرەکان بەئیجتیهادەکانیانەوە دایە، واتە هاوکاریکردنی ئوممەت لەنێو خۆیدا لەسەر ئەو شتانەی کە لەسەری یەکدەنگە، هەروەها لێبوردن و بیانوو هێنانەوە لەنێو خۆیاندا بۆ لایەن و کەسە جیاوازەکان.

لە کۆتایشدا حیزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکان هیچی تر نین جگە لەوەی کە پێویستە هۆکارێکی خزمەتکردن و بەرنامەیەکی چەسپاندنی هێز و پرۆگرامێك بن بۆ گەشەپێدان و پێشجستنی ئوممەت.

سێ یەم: **هەبوونی پرۆژەیەکی ستراتیژی تێر وتەسەل کە ڕاوەستابێت لەسەر هاوسەنگی کردن لەنێوان هێز و بەزەیی هاتنەوەدا.**

جیهانی ئەمڕۆ لەلایەن هەندێك دەوڵەت و گەلەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت لە ڕێگەی پرۆژەیەکی ستراتیژی و فیکرێکی ڕێکخراوەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئوممەت کەلەسەر پرۆژەیەکی ستراتیژی هێڵ و ڕەهەند ئاشکراکۆببێتەوە کەلە ڕێگەی زانا و فەرمانڕەواکانیەوە بۆی دابڕێژرێت، ئەم پرۆژە ستراتیژیە پێویستە ڕون

و ئاشكرا بێــت، لەســەر بەڵگــەی ئاشــكراو ڕازی كــەر دامەزرابێــت، لەھــەمان كاتــدا هێندە بەهێز بێت تێكشكێنەری پڕۆژەی بەرامبەر بێت.

گرنگترین تایبەتمكەندیەكانی ئەم پڕۆژەیە ئەمانەن:

١- هاوســەنگی لــەنێوان هێــز و بــەزەیی هاتنــەوەدا، لــەنێوان مــاف و ئەركەكانــدا، لەنێوان تاك و كۆمەڵ و دەوڵەتدا، لەنێوان جەنگ ئاشتیدا، تەنانــەت لــەنێوان هــەموو شتێكدا، هەروەها دادپەروەری و میانڕەوی لە هەموو شتێكدا.

٢- ئامــادەكردن و پــەروەردەكردنی ئوممــەت تــا ببێتــە ئوممــەتی هێــز و پێشــەنگ لەبەهاكان و بەزەیی هاتنەوەو چاكە ویستیدا بـۆ هــەموو جیهـان و، تـاكو شایستـەی هەڵگرتن و گواستنەوەی ئەمانەتی ئیسلام بێت، نەفام و ستەمكار نەبێـت، بەڵكو زانا و دادپەروەربێت.

٣- سازدانی كەش و هەوایەكی گونجاو بۆ داهێنان لە ڕێگـەی چـاككردنی سیستـەمی سیاسی و خوێندنەوە.

٤- میراتگری، بەو واتایەی هەر نەوەیەك دێت ببێتە میراتگری نەوەكـەی پـێش خـۆی لەوەرگرتنی زانست و ژیار و داهێنان و هێزو خێر و چاكەدا لێـوەی، بەھــەمان شـێوە ئەم نـەوە تازەیـە گەشـە بەمانـە بـدات و لێیـان زیادبكـات، ئـەویش بیگوێزێتـەوە بـۆ نەوەی دوای خۆی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا﴾(٣٢) سورة فاطر

بـەم شـێوەیە ئـەو نەوەیـەی كـە دەسـتی گرتـوە بـە كلیلـەكانی هێزوخێـر و ڕەحمەتەوە بە پشتیوانی خوای گەورە دەردەكەوێت، هەروەك چـۆن نـەوەی (صـلاح الدین) دەركەوت كەهەر لە سەردەمی پێشـەوا (غـەزالی) و، (گـەیلانی) و، (نـورەدینی زەنگی)ەوە دەست بە ئامادەكردنی كرابوو، بە جۆرێك نەوەی یەكەم هەستا بوون بـە دانانی پڕۆژەیەكی پاك و پوخت بۆ گێڕانەوەی ئوممـەت و زیندوكردنـەوەی، هـەروەها زیندوكردنــەوەی زانســتەكان و ژیارەكــەی....... لەســەر عەقیــدەو بنــەماو ڕێســا دروستەكانی ئیسلام، پاشان لەسەر لێـك هەڵوەشـاندنی بنـەما فیكریـەكانی سـەرجەم پڕۆژە نەیار و دژەكان. ئەوروپاش هەر لە هەمان ڕێگـەی میراتگیریـەوە بـەم ئاسـتەی

ئێستەی گەیشت،  نەوەی یەکەم لەسەرکردەو پێشەنگەکانیان هەستان بە سازدانی کەش و هەوایەکی لە بار بۆ داهێنان لە ڕێگەی چاککردنی سیستمی سیاسی و فێرکردنەوە، لە ئەنجامدا پیرۆزکردنی کار و ڕێزگرتنی کات و داهێنانی تاکەکەسی لێکەوتەوە.

پاشان نەوەی دووەم هاتن و ئەمانەیان لە نەوەی یەکەم وەرگرت، هاتن داهێنانە تاکەکەسیەکانیان گواستەوە بۆ داهێنانی دامەزراوەیی، بەهەمان شێوە نەوەی سێیەم هەموو ئەو هەنگاوانەی نەوەکانی پێشتریان بە میرات وەرگرت، گەشەیان پێدا و پێشیان خست و زیادەیان خستەسەری، بەم شێوە بەردەوام بوون و گەشتنە ئەم ئاستەی ئێستەیان، ئەم نەوەیەی ئێستە پلان و ستراتیژیەکان بنیات دەنێت، هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە لە پێشکەش کردنی باشترین سیناریۆکان لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانیدا، لە بواری سیاسەت و ئابوریشدا هەر بەهەمان شێوەیە... قورئانی پیرۆز لە سورەتی (اقراء)دا ئاماژەی بەوە کردوە کە ئوممەت لە بوژانەوە و بەختەوەریدا لە دنیا و قیامەتدا پێویستی بە زانینی گرنگی و بایەخی خوێندن و خوێندنەوە هەیە، پێویستی بە چاککردنی سیستمی خوێندن و چاککردنی سیستمی سیاسی هەیە، تەنانەت کۆتایی سورەتی (الانبیاء) مەرجەکانی ڕاپەڕین و بوژانەوە و دەسەڵات گرتنە دەست دەستنیشان دەکات کە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ* إِنَّ فِي هَـٰذَا لَبَلَاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ* وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ (١٠٥-١٠٧) سورة الأنبياء

ئایەتەکە ئاماژە بۆ ئەمانە دەکات:

١- دەسەڵات گرتنە دەست لەسەر زەویدا لە ڕێگەی میراتگریەوە دەبێت، دەگونجێت لە باسکردنی پەیوەندی پێغەمبەران کەلە سورەتی (الانبیاء) دا باسکراون، لەگەڵ کۆتا پێغەمبەردا کە محمدە(د.خ) بریتی بێت لەو میراتگریەی کە مەبەست بووە محمد(د.خ) وەری بگرێت، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا﴾ (٣٢) سورة فاطر.

کەواتە دوا پێغەمبەر (د.خ) میراتی هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆی دەگرێت، کە دەست پێدەکات بە زانستی (ئادەم) تا ئارامگری (نوح) و بەڵگەهێنانەوەکانی، تا دامەزراوی (موسا) و لێبوردەیی (عیسا)، تا تێگەشتنی (داود) و (سولەیمان)، تا هەموو ئەو چارەسەرانەی تر کە پێغەمبەران بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ڕەفتاری و ئابوریەکانی سەردەمی خۆیان کردویانە، لەبەرئەوە محمد(د.خ) شایستەی ئەوەیە میراتگری هەموو سەرزەویش بێت.

٢- مەرجی دووەمی دەسەڵات گرتنە دەست بریتیە لە جێ بەجێکردنی بەندایەتی بۆ پەروەردگار، کە خۆی دەبینێتەوە لە گوێڕایەڵی کردنی پەروەردگاردا لە هەموو فرمانە دینی و دنیاییەکاندا، ئەمە مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری ڕەها و پابەند بوون بە بەها و ڕەوشت و ڕەفتارە جوانەکانەوە.

٣- مەرجی سێیەم ئامادەباشی تەواوە بۆهەڵگرتنی ئەمانەتەکەو شایستە بوون و گونجاویە بۆ جێبەجێکردنی، ئەم ئامانەتەش بریتیە لە جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی لەبەر ڕوناکی پڕۆگرامی خۆییدا، لەڕێگەی دەست گرتن بەیاساکانی خوداوە کە تایبەتن بە سەرکەوتن و هێز و ژیارو.... هتد.

٤- مەرجی چوارەم چەسپاندنی ڕەحمەتە بۆ هەموو جیهان، چونکە ئەم ئوممەتە ئوممەتی بانگەواز کردنە بۆ خێر و چاکە، بۆ بەزەیی و میهربانی، ئەم ئوممەتە ئوممەتی ژیانە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْرًا ﴾ (٣٠) سورة النحل، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ (٢٤) سورة الأنفال

تەنانەت خوای گەورە لە پاش بەندایەتی کردن بۆ خۆی خزمەتکردنی خەڵکی بۆ ئەم ئوممەتە کردۆتە بنەمای دروست بوون، کە دەبێت خێر و چاکەیان پێشکەش بکەن. بەمەش دەبێتە باشترین ئوممەت ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ (١١٠) سورة آل عمران واتە: دەرهێنراوە بۆ سود و بەرژەوەندی خەڵکی.

## تـــــــەوەرەی دووەم

## بنەما فیکری و عەقیدەییەکان بۆ قبوڵکردن و ژیان بەئاشتی لەگەڵ ئەوی تردا

* ڕێکـەوتن و هاوبەشـی کردنـی سروشـتی لـەنێوان (منـی موسـڵمان) و (ئـەوی ناموسڵمان)دا هەرکەس هەیە، هەروەها ئامانجەکانی شەریعەت لەم کارەدا.

* جیاوازی و ناکۆکیە ئاسایی و سروشتیەکانی نێوان (منـی موسـڵمان) و (ئـەوی تر) دا و، ئامانجەکانی.

* داننانی ئیسلام بە کەرامەت و مافەکانی مرۆڤدا.

* داننان بەیەکێتی ئاینە ئاسمانیەکان و یەك پلە و پایەییاندا.

* ئەسڵ لەئیسلامدا ئاشتییە نەك جەنگ.

*پێشخستنی ڕێککەوتن و ئاشتەوایی بە هەندێك ماف لەدەستدان بەسەر جـەنگ کردندا.

* دادپەروەری بۆ هەمووان.

* سوننەتی بەیەکتر لەناوچوون و بەیەکتر گۆڕان (التدافع).

* هەڵوێستی ئیسلام لە ململانێی ژیارەکان.

* ئایا ململانێ لەناو چووە؟

ئاینی ئیسلام کۆمەڵێك بنەمای فیکری و نەزەری و ژیـری و ئـاینی دانـاوە بـۆ هاوبەشی کردن و ڕێکەوتنی لە نێوان (منی موسڵمان) و (ئـەوی ناموسـڵمان)دا، ئـەم بنەمایانەشی پشـت ڕاسـت کردۆتـەوە و بناغـەی بـۆ داڕێـژاون بـە جـۆرێکی جـوان و بێوێنە، کە زۆر گرنگن لە بابەتی قبوڵکردنی ئـەوی تـردا، بەهـەمان شـێوە کۆمـەڵێك جیاوازی و لەیەك نەچونی سروشتی و ئاینی ڕونکردۆتەوە، لێرەدا بە کورتی باسـیان دەکەین:

**یەکەم: ڕێکەوتن و هاوبەشیکردنی سروشتی لەنێوان منی موسڵمان و ئەوی نا موسڵماندا :**

١- خـوای گـەورە هـەموومانی لەیـەك سەرچـاوەوە بـەدی هێنـاوە، ئـەویش خۆڵـە، دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ﴾ (٥) سورة الحـج ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّن طِينٍ لَّـازِبٍ﴾ (١١) سـورە الصافات، هەروەها دەفەرموێت﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ (٢٦) سورة الحجر و دەفـەرموێت ﴿خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ﴾ (١٤) سورة الرحمن.

ئایەتـەکان لـەم بارەیـەوە زۆرن، خـوای گـەورە مرۆڤـی بـەم قۆناغانـەدا تێپەڕاندوە، سەرەتا لە خۆڵەوە بۆ قوڕ، دواتر قوڕێکی وشك و پاشتر قـوڕێکی وشـك بووی وەك فەخفوری، لە کۆتاییدا ڕۆح کردن بەبەریدا، لەهەموو ئەم قۆناغانەدا هـیچ مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر جیاواز نیە.

٢- (منی موسڵمان) و (ئەوی نا موسڵمان) لە بنەڕەتدا خـوای گـەورە هـەموومانی لـە ئاو بەدیهێناوە، یاخود بەدیهێنانە ڕاستەوخۆکەمان لەیەك شتەوەیە کە ئەویش (ئـاوی پیاو) و (تۆوی ئافرەتە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاللَّـهُ خَلَـقَ كُـلَّ دَابَّـةٍ مِـن مَّـاءٍ﴾ (٤٥) سـورة النـور، هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿وَهُـوَ الَّـذِي خَلَـقَ مِـنَ الْمَـاءِ بَشَـرًا فَجَعَلَـهُ نَسَبًا وَصِهْرًا ﴾ (٥٤) سورة الفرقان، هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلْيَنظُـرِ الْإِنسَـانُ مِـمَّ خُلِـقَ *خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ﴾ (٥-٦) سورة الطارق، یان دەفـەرموێت: ﴿ثُمَّ جَعَلَ نَسْـلَهُ مِـن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ﴾ (٨) سورة السجدة

٣- (منی موسڵمان) و (ئەوی ناموسڵمان) خوای گەورە لە ڕۆحی خۆی گیـانی کـردوە بەبەرماندا، ئەم ڕێز و پلەوپایەیەی بە هەمووومان داوە، هەموومانی بە ژیری و ئیرادەو تایبـەتکردنمان بـە سـیفەتە جوانەکانـەوە جیـا کردۆتـەوە، هێنـدە سـیفەت و توانـای پێداوین بەهۆیەوە بتوانین زەوی ئاوەدان بکەینەوە، دەفەرموێت: ﴿الَّذِي أَحْسَنَ كُـلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ*ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ*ثُـمَّ سَـوَّاهُ

وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ (٧-٩) سورة السجدة، لێرەدا ڕێز و پلەوپایەکە بۆ هەموو ڕۆح پێ بەخشراوێکە و نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەری، بەڵکو پێویستە ڕێزی بگیرێت و پارێزگاری لە مافەکانی بکرێت تەنها لەکاتی دەستدرێژی کردنیدا نەبێت، لەو کاتەدا هاوشێوە بەرپەرچی دەدرێتەوە بێ ئەوەی سنوری دادپەروەری ببەزێندرێت.

٤- منی (موسڵمان) و ئەوی (ناموسڵمان) خوای گەورە هەموومانی لە (ئادەم) و (حەوا) بەدی هێناوە، واتە هەمووممان یەك دایك و باوکمان هەیە، ژمارەیەکی زۆر ئایەت و فەرمودە ئاماژە بەمە دەکەن، لەوانە فەرمودەی پێغەمبەری نازدار کە دەفەرموێت: (مرۆڤەکان هەموویان نەوەی ئادەمن و، خوای گەورە ئادەمیشی لە خۆڵ بەدیهێناوە)[1]

٥- بیروباوەڕی موسڵمانان لەسەر ئەوە دامەزراوە کە هەموو مرۆڤایەتی یەك پەروەردگاریان هەیە، پەروەردگاری هەموویان (الله)یە، لەم بیروباوەڕەدا هەموو ئاینە ئاسمانیەکان یەك دەنگن، ئەوانەی بڕوایان بەخوا هەیە هەمان بیروباوەڕەیان هەیە، ئەوە ئەو ڕاستیەیە کە پێغەمبەریش (د.خ) دوپاتی کردۆتەوە.

٦- هەموو مرۆڤێکی تەواوی ژێر (بەرپرسیار) لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا لە پەیکەرو جەستەو پێکهاتە بنەڕەتیەکانو دەزگا فیکریو دەرونیەکاندا بەشێوەیەکی گشتی وەك یەکن، هەروەها لە بنچینەی سۆزو هەواو ئارەزووکاندا، لە هەستو نەستەکاندا وەك یەکن، مرۆڤێك نییە لە ئاسن دروست کرابێتو یەکێکی تر لە ئاڵتون، بەڵکو هەموویان لەیەك بنچینەن، هەمووشیان لە ڕەفتارە چەسپاوە ئینسانییەکاندا هاوبەشن، هەرچەندە ڕەگەز پەرستەکان هەوڵبدەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گەلێك هەڵبژێراوەو لە خوێنو بنچینەدا جیاوازە لە گەلانی تر، ئەوە ناتوانن ئەم کارە بکەنو زانستو شارستانیەتەکانو مێژوو بەرەو ڕوویان دەوەستێتەوەو، ناتوانن یەك بەڵگەی ڕاست بۆ سەلماندنی بانگەشەکەیان بخەنە ڕوو.

---

١- رواه ابوداود

**کاریگەری‌و سودەکانی ئەم هاوبەشانە (ئامانجی شەریعەت تیایدا):**

رونکردنـەوەی ئـەم خاڵـە هاوبەشـانە لـە قورئانـداو چەسـپاندنیان‌و داکـۆکی لەسەر کردنەوەیان لە زیاتر لە ئایەتێکدا کاریگەریـەکی زۆری هەیـە لەسـەر دەروونـی تــاکی موســڵمان کاتێــك ئــەم ئایەتانــە دەخوێنێتــەوە، بــە خوێندنــەوەیان‌و جێبەجێکردنیان پەرستشی پەروەردگاری بەجێ دێنێت، چونکە ئەم ئایەتانە لـەرووی دەرونـی‌و سـایکۆلۆژیەتەوە مسـوڵمان لـە بەرامبـەرەکانی نزیـك دەکاتـەوە، زانسـتی دەروونناسـی ئـەوەی سـەلماندووە هەرچـەندە خاڵـە هاوبەشـەکان‌و سـیفەتە لەیـەك چووەکان لەنێوان مرۆڤەکاندا زیاتربن هێندە زیـاتر لەیـەکتر نزیـك دەبنـەوەو پێکـەوە دەگونجێن‌و یەکتر دەناسن.

کەواتـە هـاتنی ئـەم ئایەتانـە لـە قورئـانی پـیرۆزدا بـە هەوانتـە نیـە، بـەڵکو ئامانجێکی شەرعی لە پشتەوەیە، بـەڵکو لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی ئەوەیـە مـرۆڤ بەرامبەرەکەی قبوڵ بکات لەبەرئەوەی کە ئەویش مرۆڤە، لەبەرئەوەی کە بەشـێك لـە رۆحی خـوای تێدایـە، کەواتـە ئـەویش لـە مـرۆڤ بوونـدا بـرای تۆیـە، ئەمـە سـەرەڕای برایەتی خزمایەتی‌و رەچەڵەکی، لەبەرئەمەیە خوای گـەورە نـاوی هـەر پێغەمبـەرێکی رەوانەکراو بۆ نەتەوەکەی دەبات بە برایان‌و، دەفەرموێت : ﴿وَإِلَى عَادٍ أَخَـاهُمْ هُـوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّـنْ إِلَـهٍ غَيْـرُهُ أَفَـلاَ تَتَّقُـونَ﴾ (٦٥) سـورة الأعـراف، ﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْـرُهُ﴾(٧٣) سـورة الأعراف، ﴿وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَـا لَكُـم مِّـنْ إِلَـهٍ غَيْـرُهُ﴾ (٨٥) سـورة الأعـراف، لـە ئیسـلامدا برایـەتی تـەنها لـە برایـەتی ئـایینی دا قـەتیس نەبووە، ئەگەرچی برایەتی ئایینی لەکاتی دژوەستانی لەگەڵ جگە لـە خۆیـدا دەبێتـە بنەماو بنەڕەت.

## دووەم: جیاوازی‌و لێك نەچوونە سروشتیەکان:

لەگەڵ ئەوەی هەمووومان مرۆڤین‌و لە ئادەم‌و حەواین، بەڵام لە هەنـدێك شـتدا جیاوازی‌و لێك نەچوونی جەوهەریمان هەیە، لەوانە:

١- من (له خودی خۆمدا) جیاوازم له هەرکەسێکی جگە لەخۆم لە خودمدا، له سیفەتە کەسێتیەکانمدا، زانستی سەردەمیش ئەمەی سەلماندووە لەڕێگەی پەنجە مۆری بۆماوەوە کە دەریخستووە هەموو مرۆڤێك دۆسیەیەکی جینی تایبەت بەخۆی هەیە کە جیاوازە لە مرۆڤەکانی تر، لەبەرئەوەبوو کە کۆنگرەی بۆماوەییو ئەندازەی بۆماوەیی پێناسەی پەنجەمۆری بۆ ماوەییان کرد بەوەی کە بریتییە لە (پێکهاتەیەکی جینی -بەراورد بە جیناتو بۆماوەکانی تر- کە ئاماژە بە ناسنامەی هەموو تاکێك دەکات).[١]

کۆمەڵەی فیقهی ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی لەخولی پانزەی خۆیدا ئەم پێناسەیەی قبولّ کرد، سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە لایەنی زانستیەوە وەك ئامرازێك سەیر دەکرێت کە وردەکاریەکی زۆری تێدایە، ئاسانکاری زۆر دەکات لە بواری پزیشکی دادوەریدا، لە دڵنیابوون لەکەسێتی مرۆڤێك و لە ناسینی سیفەتە بۆماوەییە جیاکەرەوەکانی لەکەسانی تر.

پەنجەمۆری بۆماوەیی بەشێوەیەکی قسە هەڵنەگر ئەوەی سەلماند کەهەر مرۆڤێك کەسایەتیەکی جینی تایبەت بەخۆی هەیە کە هیچ مرۆڤێکی تر لەگەڵیداهاوبەش نیە تیایدا لەسەر ئاستی ملیارەها مرۆڤ.

١- لەگەڵ ئەوەی ئەم مرۆڤە لەگەڵ خێزان و تیرە و هۆز و گەلەکەیدا خاڵی هاوبەشی هەیە، بەڵام لە زۆر لایەنی ترەوە لەوان جیاوازە، لەوانە:

أ- پێکهاتەی جەستەیی، هەموو مرۆڤێك لە جەستە و شێوەو ڕەنگ و زمان و وێنەو، توانا مادییەکانیدا لە مرۆڤەکانی تر جیاوازە.

ب- پێکهاتەی مەعنەویی، هەموو مرۆڤێك لەتواناو ژیری و فیکریەکانی و، ئاستی هەست و نەست و سۆزەکانی و..... هتد لەمرۆڤەکانی تر جیاوازە.

ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە ئامانجی شەریعەت لە باسکردنی ئەم جیاوازیی و لێك نەچونە سروشتیانەدا بریتیە لە زەمینە سازیەکی دەرونی و ئاینی بۆ قبوڵکردنی

---

١- الندوة الوراثية – والهندسية الوراثية – كويت/ ١٥ لەكوبر ١٩٩٨

جیاوازیەکان و داننان بەوەدا کەشتێکی ئاساییە، ئەمە جگە لەوەی کە سود لەم جیاوازیانە بۆ تەواوکاری و فرە ڕەنگی و دابەشکردنی ڕۆڵ و ئەرکەکان دەبینرێت.

## سێیەم: جیاوازیە فیکری و ئاینی و عەقیدەییەکان:

سوننەتی خوای گەورە وایە کە (من)و (بەرامبەرەکەم) جیاوازین لە ئاین و بیرو بۆچون و ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕدا، دەیان بگرە سەدان و هەزاران ئاین و بیروباوەڕ و ئایدیا و ئاینزای فیکری و ئاڕاستەی جیاجیا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە.

ئەم جیاوازیەش ویستی خوایە و سوننەتێکی بەردەوامی ئەوە کە مرۆڤەکانی بە جیاواز دروست کردوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ﴾ (٢٢) سورة الروم، لە چوارچێوەی جیاوازی لە ئاین و ئاینزا وبیرو بۆچونەکاندا دەفەرموێت: ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ (٢١٣) سورة البقرة، هەروەها خوای گەورە ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە سوننەتی ئەو هەبوونی جیاوازیەکان دەخوازێت، دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ * إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾ (١١٨-١١٩) سورة هود، پاشان ئەوەی لە سورەتی (النحل)دا دوبارەی کردۆتەوە، دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلكِن يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (٩٣) سورة النحل، لە سورەتی (الشورى)دا، کە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَاء اللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاء فِي رَحْمَتِهِ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ (٨) سورة الشورى

هەروەها دەفـەرموێت: ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَـا مِـنكُمْ شِـرْعَةً وَمِنْهَاجًـا وَلَـوْ شَـاء اللّـهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَـاكُم فَاسْـتَبِقُوا الخَيْـرَاتِ ﴾ (٤٨) سـورة المائدة

بەم شێوەیە هەموو ئـەم ئایەتانـە بەئاشـكرا ئامـاژە بـەوە دەكـەن كـە ئەمـە بارودۆخی مرۆڤـە، هـەروەها ئامـاژە بـە هەوڵـدان بـۆ قبـوڵكردنی ئـەم جیاوازیانـەو هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەیان هەست پیٚ دەكەین.

ئەم جیاوازیانەش لە نێوان (من) و (ئـەوان)ی جیـاوازدا زیـاد و كـەم دەكـات، لاواز دەبێت و بەهێز دەبێت، گەورە دەبێت و بچوك دەبێتەوە بە ڕێژەی جیاواز:

أ- لەنێوان من و كەسێكدا كە بـڕوای بـەهیچ ئاینێـك نـەبێت، دوریـەكی زۆر هەیـە كـە زیاترە لـە دوری هەركەسـێكی جگـە لـەو، بـەڵام خاڵـە هاوبەشـەكانی پێشـوو كۆمـان دەكاتەوە، شتێكی تریش كۆمان دەكاتەوە كە بریتیە لە گەڕان بەدوای ڕاستەقینەدا.

ب- لـەنێوان مـن و ئـەو كەسـەی بـڕوای ڕەهـای بـەخوای گـەورە هەیـە جیاوازیـەكان كەمترە لە كەسێك كە بڕوای نیە، بەڵام زیاترە لە (ئەهلی كیتاب).

ج- لەنێون من و ئەو كەسەی لە ئەهلی كیتـابن جیاوازیـەكان ڕێـژەكیان كـەمترە لـە گروپـی پێشـو، زیـاترە لـە گروپـی پاشـدیٚ، پاشـان هـەر لـەناو ئـەهلی كیتابـدا جیاوازیەكانم لەگەڵ مەسیحیەكدا كەمترە وەك لە جولەكەیەك.

د- لــەنێوان (مــن)ی موســڵمان و ناموســڵمانە شەڕفرۆشــەكاندا بــارودۆخی جــەنگ كاریگـەرە لەسـەر داڕشـتنی پەیوەندیـەكانمان، بـەڵام بنـەما ئەخلاقیـە ئیسـلامیەكان فەرمانڕەوایی جەنگەكە دەكات، هەروەها لەنێوان من و نا موسڵمانەكان ئەوانـەی لـە ئـەهلی زیممـەن، پەیوەندیەكـە لەسـەر پێـدانی تـەواوی مافـەكانیان بـەپێی بنـەما ئیسلامیە گەورەكان لەم بوارەدا دادەڕێژرێت.

بەهــەمان شــێوە پەیوەنــدی منــی موســڵمان لــەژێر سـێبەری دەوڵــەتێكی ناموسڵماندا، پەیوەستە بەو بەڵێننامەیەی لەنێوان من و ئەودا هەیـە، ئەگـەر هەسـتا بەئەركەكانی سەرشـانی لەبەرامبـەر منـدا، ئـەوە جیـاوازی هەیـە لـە دەوڵـەتێك بـەم

ئەرکەی هەڵنەستێت، لێرەوە پەیوەندیەکانم بەم ناموسڵمانەوە زیاترە لە هەموو ئەوانەی پێشوو.

هەروەها پەیوەندیەکانی منی موسڵمان لەگەڵ نا موسڵمانە ئاشتی خوازەو بێ زیانەکاندا پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای بانگەواز و چاکەو جوان ڕەفتار لەگەڵ کردن و پارێزگاری کردن لە پەیماننامەو بەڵێننامەکان.

هـ- پەیوەندی من بە موسڵمانانەوە بەجیاوازی ئاینزاو گروپ و کۆمەڵەکانیانەوە وا دادەنێم کەسێکم لەوان، بەڵام وێنەیەکی کۆپی کراوی پڕاوپڕی ئەوان نیم، بەڵکو ماوەیەك لەنێوان من و ئەواندا هەیە ئەگەرچی بچوکیش بێت، ئەمەش بەپێی ڕەگەزەکانی ڕێکەوتن و جیاوازیەکان لەنێوان ئاینزاو گروپ و کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا.

## ئامانجەکانی شەریعەت لە ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازیانەدا.

وا دەبینم ئامانجەکانی شەریعەت لە ڕونکردنەوەی ئەم جیاوازیە ئاینی و بیرو باوەڕیانە لەنێوان موسڵمانان و ئەوانی تردا بریتیە لە مانەی خوارەوە:

١- شارەزا بوون لەم ڕاستیانە و قبوڵکردنیان، مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

٢- جێبەجێ کردنی پێودانگێکی تایبەت بەسەر هەر بارێك لەو بارانەدا و، پێودانگی تایبەت بەپەیوەندی موسڵمانان بەبێ باوەڕی تەواوەوە جیاوازە لە پێودانگی مامەڵە لەگەڵ ئەهلی کیتابدا، هەروەك چۆن پێودانگی جەنگ جیاوازە لەپێودانگی ئاشتی و پێودانگی کەمینە جیاوازە لە پێودانگی زۆرینە.

٣- هەبوونی جیاوازیەکان سوننەتێکە لە سوننەتەکانی پەروەردگار، ئەمەش لە ژێر سێبەری سروشتی مرۆڤدا شتێکی ئاسایی و زانراوە، خوای گەورە ژیری بەخشیوە بە مرۆڤ، ویستی ئازاد و سەربەخۆیی پێ بەخشیوە، لەبەر ئەوە ئاساییە مرۆڤ لە فیکر و بیروباوەڕ و بۆچونەکانیدا جیاواز بێت لە مرۆڤێکی تر.

## چوارەم: دانان بە پلەو پایەی مرۆڤ و مافەکانیدا:

ئاینی ئیسلام دانی بە پلەو پایەو ڕێزی مرۆڤدا ناوە بەو پێیەی کە مرۆڤە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم مرۆڤە چ بیرو بۆچون و باوەڕێکی هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ (٧٠) سورة الإسراء

هەروەها خوای گەورە مرۆڤی کردۆتە جێنشین لەسەر زەویدا و ویست و توانای هەڵبژاردنی پێ بەخشیوە، دەفەرموێت: ﴿ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً ﴾ (٣٠) سورة البقرة

کاتێکیش فریشتەکان لەم بابەتەدا قسەیان کرد خوای گەورە بۆی سەلماندن کە مرۆڤ لەبواری ئاوەدان کردنەوەو جێنشینیدا لەوان زاناترە.

خوای گەورە بەسەربەستکردنی مرۆڤ لەبواری عەقیدەدا ڕێزی لێناوەو، دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ (٢٥٦) سورة البقرة، ڕزگاری کردووە لە کۆیلایەتیکردنی بەندایەتی بۆ جگە لەخوا، هانی مرۆڤەکانیشی داوە بۆ ئازادکردنی کۆیلەو بەرگریکردن لە ئازاردانو چەوساندنەوەو تەنانەت ترساندنیان، پلەوپایەیەکی گەورەی بەخشیوە بە تایبەتمەندیو مافو، ماڵو موڵکەکانی مرۆڤ و، هەموو مرۆڤەکان لەم بوارەدا بەیەکسان دەبینێت، تەنها لەڕێگەی زیاتر ئەنجامدانی کاری چاکەوە لەیەکتر جیاواز دەبن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ (١٣) سورة الحجرات

هەروەها بەرپرسیارێتی کردۆتە ئەرکێکی شەخسیو، دەفەرموێت: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾ (٣٩) سورة النجم، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ﴾ (١٦٤) سورة الأنعام

## پێنجەم: یەکێتی ئاینە ئاسمانیەکان و یەکێتی سەرچاوەو بنەما.

ئاینی ئیسلام سەرچاوەی هەموو ئاینە ئاسمانیەکان بۆ یەك سەرچاوە دەگێڕێتەوە کە بریتییە لە نیگای خوایی هەموو ئاینەکانی پەروەردگار لەیەك

سەرچاوەی نورو روناکیەوە هاتوون، لەبەرئەوە ئاینی ئیسلام داوا لە شوێنکەوتوانی دەکات بڕوا بە هەموو پێغەمبەرانو نێراوە پێشووەکان بهێنن، بڕوا بە کتێبە ئاسمانیەکانو کتێبە نێراوە پێشینەکان بهێنن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ (٢٨٥) سورة البقرة، هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ (١٣٦) سورة البقرة

خوای گەورە ئەوەشی رونکردۆتەوە کە ئەو شەرعو یاسایەی بۆ پێغەمبەری ناردووە بەهەمان شێوە بۆ پێغەمبەرانی پێشووی ناردووە: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاء وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ﴾ (١٣) سورة الشورى. لە بەرامبەر پەروەردگار بە خراپە ناوی ئەوانەی هێناوە کە ئاینەکەیان بەرتەوازە کردووە، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ﴾ (١٥٩) سورة الأنعام

تەنانەت قورئان بانگەشەی شوێنکەوتوانی دەکات کە شوێنی رێبازی پێغەمبەرانی پێشوو بکەون، دەفەرموێت: ﴿أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ ﴾ (٩٠) سورة الأنعام زیاتر لەمەش، قورئانی پیرۆز وشەی ئیسلامی کردۆتە ناوی هاوبەشی سەرجەم ئاینە ئاسمانیەکانی پێشوو، لەسەر زمانی زۆرینەی پێغەمبەران ئەم وشەیە دەربڕاوە، سەبارەت بە (ئیبراهم) پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (١٣١) سورة البقرة

هەروەها دەربارەی شوعەیب (د.خ) دەفەرموێت: ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ (١٣٣) سورة البقرة، هەروەها

دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ الـدِّينَ عِنـدَ اللّـهِ الإِسْـلاَمُ ﴾ (١٩) سـورة آل عمـران، لـەوەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە:

١- داننــان بــە ســەرجەم ئاینــە ئاسمانیــە راســتەقینەکاندا، بەســەرجەم نێــراوانو پێغەمبەراندا ئەوانـەی قورئـان باسـی کـردوونو ئەوانەشـی باسـی نـەکردوون، لەگـەڵ کردنەوەی بوار بۆ هەڵگرانی ئاینەکانی تر کە لەژێر سێبەری ئیسلامدا بەئاشتی بژین.

٢- مامەڵەکردن لەگەڵ ناموسڵماندا بـە لێبـوردن دوور لـە زۆر لێکـردنو دەسـتدرێژی کردنەسەر، خوارەی گەورە دەفـەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ﴾ (٢٥٦) سورة البقرة هەروەها دەفـەرموێت: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنتَ مُذَكِّرٌ *لَّسْتَ عَلَـيْهِم بِمُصَـيْطِرٍ﴾ (٢١-٢٢) سورة الغاشية.

هــەروەها ســەبارەت بــە دیــاریکردنی ئــەرکوکاری پێغەمبــەر خــوای گــەورە دەفەرموێت: ﴿مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْـبَلاَغُ ﴾ (٩٩) سـورة المائـدة، ﴿فَلِـذَلِكَ فَـادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَقُلْ آمَنتُ بِمَـا أَنـزَلَ اللَّـهُ مِـن كِتَـابٍ وَأُمِـرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَـالُكُمْ لَـا حُجَّـةَ بَيْنَنَـا وَبَيْـنَكُمُ اللَّـهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ (١٥) سورة الشورى ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ (٦) سـورة الكافرون

هەروەها خوای گەورە لەو ئایەتانەی کـە لـە مەدینـەدا ناردیـە خـوارەوە ئـەم واتایانە دووپات دەکاتەوە، دەفـەرموێت: ﴿فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْـلَمُواْ فَقَـدِ اهْتَـدَواْ وَّإِن تَوَلَّـوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾ (٢٠) سورة آل عمران.

لەلایــەنی کرداریشــەوە، بەڵگەنامــەی مەدینــە کــە لــە جێگــەی ئــەو (دەستور)ەدابوو فەرمانڕەوایی خەڵکی مەدینـەی پێـدەکرا، کـە خـەڵکانێکی جیـاواز بـوون لـەروی ئاینــەوە (ئیســلامو بـت پەرسـتو جولەکـە)، لـەروی رەگەزیشــەوە جیاوازبوون (قەحتانیـەکانو عەدنانیـەکانو یـەهود)، ئـەم دەسـتورە لـەروی مـافو ئەرکـە گشـتیەکانەوە وەك هاوژیـانیو پشـتیوانی کـردن لەیـەکتر کـە ئـەمڕۆ بـە

(مافەکانی هاوڵاتی بوون) ناو دەبرێت بەیەك چاو سەیری هەمووانی دەکردوو، یەك حسابی بۆ کردن.

دەوڵەتی ئیسلامی بەردەوامبوو لە پاراستنی مافی (ئەهلی زیممە)و هاوپەیمانەکان بەشێوەیەکی تەواو، خاوەنی پلەوپایەی تایبەتی خۆیان بوون، تەنانەت هەندێك لە پۆستە باڵاکانی وەك وەزارەتو هاوشێوەکانی لە دەستی ئەمانەدا بوو.[1]

(لول دیورانت) دەڵێت: "ئەهلی زیمە لە ئاستێکی لێبوردنا ژیاون کە هاوشێوەی ئەوە لەمڕۆماندا لە وڵاتە مەسیحییەکاندا نابینین، ئەوان بە تەواوی ئازادبوون لە مومارەسەکردنی دروشمە ئاینیەکانی خۆیاندا، لە کەنیسەو پەرستگاکانیاندا ئاهەنگیان دەگێڕا" [2]

## شەشەم: ڕێزگرتنی نەفسی مرۆڤ زیندوبێت یان مردوو، موسڵمان بێت یان ناموسڵمان:

دەقە شەرعیەکان بەڵگەن لەسەر پێویستی ڕێزگرتن لە مرۆڤ لەبەرئەوەی کە مرۆڤە، هەروەها دەقەکان بەڵگەن لەسەر ڕێزگرتنی مرۆڤ بە مردوویی ئەگەر ناموسڵمانیش بێت، (بوخاریو موسلیم لە عبدالرحمن ی کوڕی ئەبی لەیلاوە) دەگێڕنەوە کە وتویەتی: (سەهلی کوڕی حنیفو، قیس ی کوڕی سەعد، لە قادسیە دانیشتبوون، تەرمێکیان بەلایاندا برد، ئەوانیش هەستانەوە لەبەری، پێیان وتن، ئەو تەرمە هی ئافرەتێکی ئەهلی زیمە بوو، ئەوانیش وتیان: تەرمێك بەلای پێغەمبەردا (د.خ) براو ئەویش لەبەری هەستایەوە، پێیان وت ئەوە تەرمی ئافرەتێکی جولەکەیە، فەرموی: ئایا ئەوە نەفسێك نییە؟).[3]

---

١- تعامل المسلمين مع غيرهم: يوسف ابو هلالة: ٥٥
٢- لول ديورانت: قصة الحضارة (١٣/١٣)
٣- صحيح البخاري: ١٢٥٠

لێرەوە دەگەینە ئەنجامێکی تر کە نابێت زۆر لە هیچ کەس بکرێت با ئەوکەسە کوڕی باوکێکی موسڵمانیش بێت، (تەبەری)و (**سیوطی**) لە (ئیبن عەباسەوە) دەگێڕنەوە کە: (ئەبەلحەسینی ئەنساری دوو کوڕی هەبوو لەپێشا بوون بە گاورو ڕۆشتن بۆ شام، پاشان گەڕانەوە بۆ مەدینە، باوکیان دەستگیری کردن، ویستی زۆریان لێ بکات تا موسڵمان ببنەوە، بەڵام رازی نەبوون، پاشان بردنی بۆلای پێغەمبەری خوا (د.خ) تا زۆریان لێ بکات موسڵمان بن، بەڵگەی باوکیان لەم کارەیدا ئەوەبوو کە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا بەبەرچاوی خۆمەوە بەشێك لەمن بچێتە ئاگرەوە؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ﴾ (٢٥٦) سورة البقرة ئیتر وازی لێ هێنان).[١]

## حەوتەم: بنچینە لە ئیسلامدا ئاشتییە نەك جەنگ:

جەنگ لە ئیسلامدا تەنها لەکاتی ناچاریدا پەنای بۆ دەبرێت، چونکە لەروی مەبدەئیەوە کارێکی خۆشەویست نییە، بەڵکو کارێکی ناخۆشە لەسەر دەرونی بڕواداران، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ﴾ (٢١٦) سورة البقرة، ئایەتێکی تر ئەم واتایە دوپات دەکاتەوە کە دەفەرموێت: ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ (٧) سورة الممتحنة

لەلایەکی ترەوە خوای گەورە منەت بەسەر پێغەمبەرو بڕواداراندا دەکات کە پاراستونی لە کەوتنە ناو جەنگەوە، دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا﴾ (٢٤) سورة الفتح

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا﴾ (٢٥) سورة الأحزاب

---

١- تفسير لطبرى ٣/ ٢٠ - ٢٢

ئەم ئایەتە بە روون و ئاشکرا بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئیسلام ئاینی ئاشتی و عەقیدەیە، سیستمێکە دەیەوێت هەموو جیهان بخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە، پرۆگرامەکانی خۆی لەسەریان جێبەجێ بکات، دەیەوێت هەموو مرۆڤەکان لەژێر ئاڵای برایەتی و یەکتر ناسین و خۆشەویستیدا کۆ بکاتەوە، ئەم خواستە لای پەروەردگارەوە بە واتای ویستی راستەقینەی خوا دێت بۆ ئەم کارە، ئەم ئاشتی و برایەتی و خۆشەویستیەش بەراستەقینە هاتەدی لەوکاتەدا کە قورەیش و زۆربەی تیرەو هۆزەکانی ئەو ناوچەیە موسڵمان بوون، هەموویان لەژێر یەك ئاڵادا رادەوەستان، بەمەش لاپەڕەکانی ناکۆکی و تۆڵە سەندنەوەی نێوانیان پێچرایەوە.

## هەشتەم: پێشخستنی ئاشتەوایی بەسەر جەنگدا، ئەگەرچی لە ئاشتەواییەکەدا هەندێك ماف لەدەستدانی تێدابێت:

خوای گەورە ئاشتەوایی بە خێرو چاکە ناو بردووەو دەفەرموێت: ﴿ وَالصُّلْحُ خَيْرٌ ﴾ (١٢٨) سورة النساء، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ ﴾ (٢٢٤) سورة البقرة، خوای گەورە نەیفەرموو تەنها ئاشتەوایی لەناو موسڵمانان خۆیاندا، بەڵکو گشتگیری کردووە لە نێوان هەموو خەڵکیدا، ئەم چاکترو بەسود ترە، دەفەرموێت: ﴿لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتَغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (١١٤) سورة النساء. ئاینی ئیسلام مەترسی تێکدان و گەندەڵیکردنی لەسەر زەویدا رونکردۆتەوە، پشتگوێ خستنی چاکسازی و ئاشتەوایی کردۆتەوە یەکێك لە تاوانە گەورەو لەناوبەرەکان، دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ﴾ (٢٠٥) سورة البقرة، هەروەها سەبارەت بەبێ باوەڕە ستەمکارەکان دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ﴾ (١٥٢) سورة الشعراء،چاکسازی پەیامی پێغەمبەران بووە، خوای گەورە لەسەر زمانی (شوعەیب) (د.خ) دەفەرموێت: ﴿ إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا ﴾ (٣٥) سورة النساء،هەروەها خوای گەورە تیاچوون و خراپەکاری، رزگاربوون و چاکسازی

پێکەوە گرێ داوە، دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ (١١٧) سورة هود

ئاشتەوایی‌و چاکسازی لە ئیسلامدا تەنها دروشم نییە، بەڵکو پێغەمبەر (د.خ) بەشێوەیەکی کرداری لە ژیاننامە پڕفەڕەکەی خۆیدا جێبەجێی کردوە، ئەوەبوو کاتێك رۆشت بۆ عەمرە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە لە هاوەڵەکانیدا، قوڕەیش رێگری لێکردن ئەگەر چی هەموو ئاماژەکان ئەوەیان دەخستەڕوو کە پێغەمبەرو هاوەڵانی تەنها بۆ عەمرە هاتوون، هەرلەبەر ئەمەش بوو کە بە (ئیحرامەوە) رۆیشتبوون، رۆیشتن تاگەشتنە حودەیبیە، لەوێدا وشترەکەی چۆکی داداو، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی (سوێند بەو کەسەی گیانی من بەدەستە، داوای هەر پلانێکم لێ بکەن کە تیایدا سنورەکانی خوا بپارێزرێت پێیان دەبەخشم).[1]

پاشان پێغەمبەر (د.خ) ویستی بچێتە مەککەوە، بەلاَم قوڕەیش رێگریان لێکرد، ئەویش یەك لەدوای یەك پەیامنێری خۆی دەنارد تا هەڵوێستی بۆ قوڕەیش رون بکەنەوە، ئەوەبوو (خەراشی کوڕی ئومەییەی ئەلخوزاعی) نارد، قوڕەیش ویستیان بیکوژن، بەلاَم (ئەحباشەکان) نەیانهێشت، پاشان (عوسمانی کوڕی عەففانی) نارد تا پەیامی پێغەمبەریان پێ بگەیەنێت کە ئامانجی تەنها سەردانی کەعبەو بە پیرۆز راگرتنیەتی، بەلاَم قوڕەیش لای خۆیان هێشتیانەوە تا موسڵمانەکان گومانیان بۆ دروست بوو کە کوشتویانە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (د.خ) بانگی هاوەڵانی کرد بۆ پەیماننامەیەك لەژێر درەختەکەدا[2]، هەموویان لەسەر مردن پەیمانیان بە پێغەمبەری خوا دا جگە لە (جدی کوڕی قەیس) نەبێت کە دووڕوو بوو، پاشان کێشەکە بەو رێکەوتننامەیە تەواوبوو کە لەروکاری دەرەوەیدا دابەزینی موسڵمانەکانی تێدابوو لە مافەکانیان‌و، بەرژەوەندی بت پەرستەکانی تێدابوو، بۆ نموونە، (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) نوسەری پەیماننامەکەبوو، بە فەرمانی پێغەمبەر

١ - رواه البخاري مع لفتح الباري ٣٢٩/٥

٢ - فتح الباري ٤٣٩/٧

یەکەم رستەی پەیماننامەکەی دەستپێکرد بە (بسم الله الرحمن الرحیم)، بەڵام (سوهەیلی کوڕی عەمری) نوێنەری قورەیش رەخنەی گرتو وتی: (الرحمن). سوێند بەخوا من نازانم (الرحمن) کێیە، بنوسە: باسمك اللهم، موسڵمانەکان وتیان: سوێند بەخوا نایینووسین بە (بسم الله الرحمن الرحیم) نەبێت، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: بنووسە (باسمك اللهم)، پاشان سوهەیل رەخنەی لە دەستەواژەیەکی تری پەیماننامەکە گرت کە نوسرابوو (ئەمە ئەوەیە کە موحەمەدی پێغەمبەری خوا بڕیاری لەسەر داوە)، سوهیل وتی: سوێند بەخوا ئەگەر بمانزانیایە پێغەمبەری خوایت رێگریمان لێ نەدەکردیت لەسەردانی ماڵی خواو جەنگیشمان لەگەڵ نەدەکردیت، کەواتە بنوسە موحەمەدی کوڕی عبدالله، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: سوێند بەخوا من پێغەمبەری خوام ئەگەر چی ئێوە بڕوام پێ ناکەن، ئەی عەلی بنووسە موحەمەدی کوڕی عبدالله عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش بەلایەوە سەختبوو کە وشەی (رسول الله) بکوژێنێتەوە نەیکوژاندەوە، پێغەمبەری خوا (د.خ) نوسراوەکەی هەڵگرتو، بەدەستی خۆی کوژاندیەوە.[1] پاشان سوهەیل رەخنەی لەم بڕگەیە گرت (قورەیش رێگریمان لێ نەکات کە سەردانی کەعبە بکەینو بەدەوریدا بسوڕێینەوە)، وتی (سوێند بەخوا نابێت عەرەب ئەوەمان پێ بڵێن کە بەزۆر ئەمەیان بەسەردا سەپاوە)، پاشان بەندێکی ستەمکارانەی نادادوەرانەی چەسپاند کە بریتی بوو لەوەی (هەرپیاوێك لە ئێمە موسڵمان ببێتو بێتە لای تۆ دەبێت بۆمان بگێڕیتەوە) لەکاتێکدا هەر موسڵمانێکیش بێ باوەڕ بویەوەو رۆیشتە لای قورەیش نەیگێڕێتەوە.[2]

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێغەمبەری خوا (د.خ) رێکەوتننامەکەی قبوڵ کرد لەگەڵ ئەو ناڕەزاییو بێزاریەی کە موسڵمانەکان هەیانبوو لەسەر بەندەکانیو لەسەر شێوازی داڕشتنی رێکەوتننامەکە، تەنانەت ئەوەبوو (عومەر) (ر.خ) بە پێغەمبەری وت: (ئایا بەڕاستی تۆ پێغەمبەری خوایت؟ فەرمووی: بەڵێ، وتی: ئایا ئێمە لەسەر

---

١- صحيح مسلم. كتاب الجهاد: ٣/١٤١٠ - ١٤١١

٢- صحيح البخاري، مع الفتح ٧/٤٣٠

حەق نین‌و دوژمنەکانیشمان لەسەر ناحەق؟ فەرمووی: بـەڵێ، وتـی ئـەی ئـیتر بۆچـی ئەم سوکایەتی پێکردنە لە ئاینەکەماندا قبـوڵ دەکـەین؟ فـەرمووی: مـن پێغەمبـەری خوام و سەرپێچی لە پەروەردگارم ناکەم، ئەو پشتیوان‌و سەرخەری منە).[٣]

ئەوەی زیاتر قورەکەی خەست کردەوە ئەوەبوو کە لەکاتی رێکەوتننامەکـەدا (ئەبو جەندەلی کوڕی سوهەیل) هات‌و موسڵمانبوو، لەخواروی مەککەوە دەرچوو هات تا خۆی گەیاندە ناو موسڵمانەکان، سوهیل وتی: ئەی موحەمەد ئەمە یەکـەم کەسـە، داوات لێ دەکەم بیگێڕیتەوە بۆم، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: (ئێمە هێشتا لە نوسینی پەیماننامەکە لێ نەبوینەتەوە، وتی: کەواتە سێند بـەخوا لەسـەر هـیچ شـتێك لەگـەڵت رێ ناکەوم).

لە سـەحیحی بوخاریـدا هـاتووە کـە (ئـەبا سـوهەیل بـە مـەرجی دانـا لەسـەر پێغەمبـەر کـە ئـەم بەنـدە بنوسـرێت، موسـڵمانەکان ئەمـەیان زۆر پـێ نـاخۆش بـوو بێزاربوون، قسەیان تێدا کرد، بەڵام کاتێـك سـوهەیل رازی نـەبوو. ئەوکاتـە پێغەمبـەر (د.خ) بەندەکەی نوسـی... ئـەبا جەندەلیشـی گێڕایـەوە بـۆ بـاوکی... لـەو ماوەیـەدا هەرکەس هاتە لای پێغەمبەر دەیگێڕایەوە بۆ قورەیش ئەگەر موسڵمانیش بوایە..)[٤]

موسڵمانەکان زۆر تورەبوون لەگێڕانـەوەو تەسـلیم کردنـەوەی ئـەو کەسـانەی موسڵمان دەبوون‌و لە قورەیش هەڵدەهاتن، ئـەوەبوو وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (د.خ) ئایا تۆ ئەمە دەنووسیت؟ فەرمووی: (بەڵێ، هەرکەس بڕوات بۆلای ئەوان ئـەوە خوای گەورە دوری دەخاتەوە، هەرکەسیش لەوان بێت بۆلای ئێمە ئەوە خوای گەورە دەروازەو دەرگای رزگاری لێ دەکاتەوە).[٥]

ئەم رێکەوتننامەیە کە پێغەمبـەری خـوا بـەم هـەموو مەرجـە سـەختەوە لـەو بارودۆخـە خنکێنـەرەی موسـڵمانان‌و لـەنێو نـاڕەزایی ئەوانـدا ئیمـزای کـرد ئەگـەر بەڵگـەبێت لەسـەر شـتێك ئـەوە بەڵگەیـە لەسـەر گرنگـی رێکـەوتن‌و ئاشـتەوایی لای

٣- صحيح مسلم ١٤١٢/٣

٤- صحيح البخاری مع لفتح ٤٥٣/٧

٥- صحيح مسلم ١٤١٢/٣

پێغەمبەری خوا (د.خ)، تەنانەت لەلای ئیسلام. ئـەوەبوو لەسـەرو حـەوت ئاسمانـەوە ئایەتەکان هاتنـە خـوارەوەو، رێکەوتننامەکـەیان بـە رزگـارکردن (فـتح) نـاوبرد،﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا﴾ (١) سـوره الفـتح.[1] بەڕاسـتی ئـەم رێکەوتنـە رزگـارکردنێکی گەورەبوو بۆ دڵەکان، لەپاش رێکەوتنەکەوە پێغەمبەر بۆ رزگارکردنی مەککە هەشـت هـەزار موسـڵمانی لەگەڵـدابوو، لەکاتێکـدا ژمارەیـان لـەکاتی رێکەوتننامەکـەدا تـەنها هەزارو پێنج سەد کەس بوون.[2]

پێغەمبەری خوا (د.خ) زۆر بەتوندی پابەندبوو بە بڕگەکانی پەیماننامەکـەوەو پارێزگاری لێ دەکردن، تەنانەت هەندێك لە گەنجە سەرکەشەکانی قـوڕەیش ویسـتیان دەست بگرن بەسەر سەربازگەیەکی موسـڵماناندا، بـەڵام ئـەم گەنجانـە کـە ژمارەیـان هەشتا گەنج بوو بەدیل گیران، دواتر پێغەمبەری خوا (د.خ) لێیان خۆش بوو بەرەڵای کردن.[3] لەکاتێکدا دەیتوانی ئەمە بکاتە بەڵگەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکە. هەروەها لەو (حەفتا) دیلەی تری قوڕەیش خۆش بوو کە لەپاش حودەیبیەوە بـەدیل گیرابوون، لە(چوار) کەسی تـر خـۆش بـوو کـە ویسـتیان پێغەمبـەری خـوا بکـوژن، و (سەلەمەی کوڕی ئەکوەع) دەستگیری کردبوون.[4]

(موسلیم) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەیگێڕێتەوەو، دەڵێت: هەشتا پیاو لە خەڵکی مەککە لەشاخی (التنعیم) دابەزینە سەر پێغەمبەری خوا، ویستیان پێغەمبەرو هاوەڵانی بکوژن، بەڵام هەموویانیان بەدیل گرت بەبێ ئـەوەی ئازاریـان بـدەن، خـوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ﴾ (٢٤) سورة الفتح

ئـەم ئایەتـە بەڵگەیـەکی تـرە لەسـەر گرنگـی رێکەوتننامـەو ئاشـتەوایی‌و نەکەوتنە ناو جەنگەوە، چونکە خوای گەورە منەت بەسەر موسڵمانەکاندا دەکات کـە

---

١- صحيح البخاري مع الفتح ٤٥٣/٧

٢- صحيح مسلم ١٤١٢/٣

٣- صحيح مسلم، الجهاد ١٤٤٢/٣

٤- صحيح مسلم ١٤٣٣/٣ - ١٤٤١

لـه جـەنگ لایـداون، ئەمــەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئاشـتیو دوربـوون لەجـەنگ نیعمەتێکی گەورەی پـەروەردگارە، جـەنگیش بـەو شـێوەیەی کـە هەیـە لای ئیسـلام خۆشەویست نیە (شێخ موحەمەد عبدالله دەڕان) دەڵێت: (لێرەوە دەبینین کـە جـەنگ لە ئیسلامدا خراپەیەو کەسێك زۆر ناچـار نـەبێت پـەنای بـۆ نابـات، هەرلەبەرئەمـەبوو موسڵمانان لە گفتوگۆوە گەشتنە رێکەوتننامەیەك کە پێشێلکردنی مافـەکانی ئـەمانی تێدابوو، بەڵام لەهەمانکاتدا نەڕژاندنی خوێن، زۆرباشـترە لەسـەرکەوتنێکی مـەزن بـۆ حەق کەخوێنی خەڵکی تێدا برژێت)[1]

## نۆیەم :بنەمای: داد پەروەری بۆ هەمووان

ئەم بنەمایـە لەئیسـلامدا بەمـەزنترین بنـەما دادەنـدرێت کـە شـەرعی لەسـەر راوەستاوە، بەڵکو ئاسمانەکان و زەوی لەسەر راوەستاوە، لەبەر ئەمەیە لـە قورئانـدا وشەی (العدل) و داتاشراوەکانی (بیست و هەشـت) جـار دوبـارە بونەتـەوە، بەهـەمان شێوە وشە هاوتاکـەی (القسط) بیسـت وحـەوت جـار لەقورئانـدا دوبارەبوەتـەوە، لـە رێگـەی ئـەم دوبـارە کردنـەوەوە قورئـانی پـیرۆز گرنگـی ئـەم بنەمایـە دەردەخـات، هەروەها فەرمان بەچاکەو دادپەروەری دەکات و دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ ﴾ (٩٠) سـورة النحـل. هەروەها دەفەرموێت: ﴿ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ ﴾ (٨) سـورة المائـدة. لەجێگەیەکی تردا د دەفـەرموێت ﴿ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى ﴾ (١٥٢) سـورة الأنعـام یـان دەفــەرموێت:﴿ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ﴾ (١٥) سـورة الشورى .،هەروەها زۆر بەتونـدی ناعەدالـەتی بەرپـەرچ دەداتـەوەو حـەرامی دەکـات ئەگەر لەگەڵ دوژمن و نەیارانیشدا بێت، دەفـەرموێت: ﴿ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ﴾ (٨) سورة المائدة

فەرمانیشـی بەموسـڵمانان کـردوە کـەدادوەریکردنیان لـەنێوان خەڵکیـدا بەدادپەروەرانە بێت، تەنانـەت خـوای گـەورە دادپـەروەری کردۆتـە بناغـەی حـوکمی

---

١- دراسات اسلامية: د. محمد عبدالله دراز ١٤٢

ئیسلامی، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ ﴾ (٥٨) سورة النساء

هەروەها بەتوندی بەرپەرچی شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوەکان و بەرژەوەندیە شەخسیەکان دەداتەوە کە دەبنە هۆی لادان لەدادپەروەری، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ ﴾ (١٣٥) سورة النساء. فەرمانیشی کردوە بەدادپەروەری تەنانەت لەگەڵ خراپە کارو جەنگاوەرە دەرچوەکان لەدەوڵەتی ئیسلامی و دەفەرموێت: ﴿ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ (٩) سورة الحجرات. تەنانەت خوای گەورە فرە ژنەی قەدەغە کردوە ئەگەر هاتوو سەری کێشا بۆ ستەم کردن و نادادپەروەری لەنێونایاندا، دەفەرموێت: ﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً ﴾ (٣) سورة النساء

بەهەمان شێوە دادپەروەری کردۆتە مەرج بۆ وەرگرتنی شاهیدی و دادپەروەری کردن و شتی لەو جۆرەدا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ ﴾ (١٣٥) سورة النساء هەروەها بەدادپەروەری لەحوکمداندا، دەفەرموێت ﴿ وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ (٤٢) سورة المائدة هەروەها بەدادپەروەری لەناکۆکیەکاندا تەنانەت لەگەڵ دەرچوان لەیاساشدا، دەفەرموێت: ﴿ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ (٩) سورة الحجرات

خوای گەورە سەرەنجامی ئەو کەسانە کە مرۆڤە دادپەروەرەکان دەکوژن بەخستنەناو ئاگرو ئەشکەنجەی سەخت دیاری کردوە، دەفەرموێت: ﴿وَيَقْتُلُونَ الِّذِينَ يَأْمُرُونَ بِالْقِسْطِ مِنَ النَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ (٢١) سورة آل عمران. بەهەمان شێوە فەرمانی کردوە بەدادپەروەری لەپێوانەو کێشانەو هەموو شتە مادی و مەعنەویەکانی ترداو﴿ وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ ﴾ (١٥٢) سورة الأنعام یان دەفەرموێت:﴿وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ﴾ (١٨٢) سورة الشعراء

لەلایەنی کردارییەوە ژیاننامە بۆندارەکەی پێغەمبەری خوا(د.خ) لەگەڵ هـەموو خەڵکیدا جوانترین و ناوازەترین نمونەیـە لەدادپـەروەری، بەهـەمان شـێوە ژیاننامـەی خەلیفەکانی راشدنیش.

## دەیەم: داننـان بەجیاوازی و فرە رەنگیدا:

لە واقعیەتی ئیسلامەوەیە کە دان بەجیاوازی عقیدەو بیرو بۆچـون و رەنـگ و جـۆرە جیاوازەکانـدا دەنێـت، لەتەنیشـت داکـۆکی کـردن لەسـەر یـەکێتی ئوممـەت و خواستنی خێرو چاکە بۆی، قورئان دەفـەرموێت: ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِـدَةً ﴾ (٢١٣) سورة البقرة. واتە پاش ئەمە جیاوازی کەوتە نێوانیـان و، ﴿ فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّـاسِ فِيمَـا اخْتَلَفُـواْ فِيـهِ ﴾ (٢١٣) سـورة البقــرة پــاش ئــەوەی خــوای گــەورە باســی جولەکــەو گــاوری کــردو باســی جیاوازیەکانی کردوو فەرموی :﴿وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ ﴾ (٤٨) سورة المائدة

هـەروەها قورئـانی پـیرۆز ئـەوە دوپـات دەکاتـەوە کـە جیـاوازی یەکێکـە لـە ئامانجە حساب بۆ کراوەکان لـە تاقیکردنـەوەدا. خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿وَلَـوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُـونَ مُخْـتَلِفِينَ* إِلاَّ مَـن رَّحِـمَ رَبُّـكَ وَلِـذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأنَّ جَهَنَّمَ مِـنَ الْجِنَّـةِ وَالنَّـاسِ أَجْمَعِـينَ﴾ (١١٨-١١٩) سورة هود

ئـەم ئایەتــە زۆرانــەو هاوشـێوەی ئەمانــە لەفــەرمودەکانی پێغەمبــەر(د.خ) هەرهەموویان دەرونی موسڵمانان پەروەردەو ئامادە دەکەن بۆ قبوڵکردنی بەرامبـەرە جیاوازەکان، ئەوانەی لەرووی بـیرو بـاوەڕو فیکـرو بنـەماو لـق و پۆپەکانیـەوە لێیـان جیاوازن، هەروەها ریگـە خـۆش دەکـات بـۆ پێکـەوە ژیـانی ئاشـتیانە، هـەر ئەمـەش رویداوە لەدرێژای مێژوی ئیسلامدا بەجۆرێ ناموسڵمانەکان لـە ژێـر سـایەی دەوڵـەتی ئیسلامیدا ژیانیان بەسەربردوە کە تەواوی مافـەکانیان پـارێزراو بـوەو تەنانـەت پلـەو پۆسـتی گـەورەی دەوڵـەتیان گرتۆتـە دەسـت، وێنـەی ئەمـە هـەرگیز لـەژێر سـایەی

ئیمپراتۆریەتـە ئاینیـەکانی تـردا وەك ئیمپراتۆریـەتی رۆمـانی کـە جولەکـەکانی لـەناو دەبرد، روونەداوە لە ئیمپراتۆریەتەکانی تریشدا وێنـەی ئەمـە رووی نـەداوە، پاشـان مێژوو ئەوەی بیر ناچێتەوە کە خاچپەرستەکان چییان بەموسڵمانەکان و جولەکـەکان کرد لە ئەندەلوسدا.

## پانزەیـەم: (گفتوگـۆ نـەك ململانـێ) بنەمایـە لەچارەسـەری گرفتـەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتردا:

قورئانی پیرۆز گرنگـی دەدات بـە راهێنـانی ئوممـەت لەسـەر بانگـەواز کـردن بـەدانایی و بـە ئامۆژگـاری جـوان و بـەگفتوگۆو بەمشـتومڕ بـەو شـێوەیەی کەچـاك و جوانـە، دوور لـەتوڕەیی و خۆسـەپاندن و ململانێـی زۆر لێکـردن، قورئـانی پـیرۆز دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ (١٢٥) سورة النحـل. جـارێکی تـر قورئـانی پـیرۆز دوپـاتی دەکاتـەوە بـە قەدەغـەکردنی مشـتومڕ لەگـەڵ گـاورو جولەکـەدا ئەگـەر بـەجوانترین شـێوە نـەبێت، دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ (٤٦) سورة العنكبوت

قورئـانی پـیرۆز وشـەی (ململانێـی) بـەکار نـەهێناوە، بـەڵکو وشـەی چـونە پێشەوەو بەرگریو خۆ راگـری لـەبری (ململانـێ)[1]ی بـەکارهێناوە، دەفـەرموێت :﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ﴾ (٣٨) سـورة الحـج هەروەها دەفەرموێت : ﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاء وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ (٢٥١) سورة البقرة

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ ﴾ (٤٠) سورة الحـج. دەبینین هەموو ئەم ئایەتانـە بەڵگـەن

---

١ - قورئان وشەی (صرع)و (صراعد)ی بەکار نەهێناوە هەروەها داتاشراوەکانیشی بەکارنەهێناوە، تەنها لەسورەتی(الحاقة) دا نەبێت، کە دەفەرموێت: (فترى القوم فيها صرعى كا م اعجاز نخل خاوية)

لەسەرسوننەتی بەرپەرچدانەوە بەچەشنێك خوای گەورە بەرپەرچی ستەمکاران دەداتەوە.بەڵام بەڵگە نیە لەسەر چەسپاندنی فکرەی

ماملانێ لەدڵی موسڵمانان‌دا بەوەی ململانێ بکەنە پرۆگرامی خۆیان لەمامەڵکردنیان‌دا، کەئەمەش هەمان حاڵەتە سەبارەت بەسوننەتی جیاوازی و ناکۆکیەکان، هەبوونی جیاوازی و بەرگریکردن لەوەی بڕوات پێی هەیە سوننەتی خواییە، لەبەرئەوەی موسڵمان نابێت ململانێ لەبری ئەم دوانە بکاتە ڕێبازی مامەڵەکردنەکانی.

بەڵام ئەوەی قورئان دوپاتی کردۆتەوە بریتیە لەچۆنیەتی مامەڵکردنی موسڵمانان لەگەڵ جیاوازەکاندالەباری ئاشتیدا، کە ئەمەش پڕۆگرام و ڕێبازی پاڵپێوەنان و بەرگریکردنە بەوشێەیەی کەجوان و شیاوە، چونکە ئەم کارە لەتوانادایە بکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ﴾ (٩٦) سورة المؤمنون

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ*وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ (٣٤-٣٥) سورة فصلت

## دوانزەیەم: ستایشکردنی ئیسلام لەسەر ئاینە ئاسمانیەکانی ترو کتێبەکانیان و پێغەمبەرەکانیان بە ستایشێکی ڕازاوە:

قورئانی پیرۆز گرنگیەکی زۆری بەستایشکردنی گەورەمان (ئیبراهیم) پێغەمبەر(د.خ) داوەکەباپیرەی هەموو پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیله(بەگاورو جولەکەوە)، بەنەوەو نەوەزەکانیانەوە هەروەها گەورەمان (موسا)(د.خ) کە قورئان چیرۆکەکەی لەچەند سورەتێکی جیاجیادا باسکردوەو ژمارەی ئەو سورەتانەی چیرۆکی موسای تێدا باسکراوە بەکورتی یان بەدورو درێژی دەگاتە (چواردە) سورەت، هەروەها قورئان ستایشی (ال عمران)ی کردوە و سورەتێکی بەناوی ئەوانەوە ناوناوە، ستایشی (مریەم)ی کردوەو بەهەمان شێوە سورەتێکی تایبەتی

بەناوی ئەوەوە ناوناو، ستایشی گەورەمان (مەسیح) پێغەمبەر (د.خ) کردوە لەچەند ئایەت و سورەتدا، خوای گەورە مەسیحی بە(کلمە اللە) ناوزەند کردوە، بەچەندین وەسفی گەورە وەسفی کردووە، تەنانەت خوای گەورە ستایشێکی جوانی (بەنی ئیسرائیل)ی کردوە لەکاتێکدا کەئەوان بەباشی بانگەوازی خۆیان هەڵگرت تا ئاستێك کەپلەو پایەی ئەمانی دابەسەر خەڵکی هاوسەردەمەکەی خۆیاندا، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ (٤٧) سورة البقرة هەروەك ستایشی گاورەکانی بەشێوەیەکی گشتی کردوەو دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ﴾ (٨٢) سورة المائدة.

بەهەمان شێوە خوای گەورە وەسفی تەورات و ئینجیلی بەجوانترین شێوە کردوەو لەوەسفی تەوراتدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلاً وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ (٤٤) سورة المائدة دەربارەی ئینجیل دەفەرموێت: ﴿وَقَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِعَيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ﴾ (٤٦) سورة المائدة

تەنانەت ئیسلام بۆ دامەزراندن و راست و دروستی عەقیدەو بیرو باوەڕ بەمەرجی داناوە دەبێت باوەڕت بەهەموو پێغەمبەران هەبێت، دەفەرموێت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ (٢٨٥) سورة البقرة

هەموو ئەمانە لەپێناوی دەستخستنی پشتیوانی گاورو جولەکەو دورخستنەوەیان لەململانێ و دوژمنایەتی کردندایە، بەڵام ئەوان گرنگیەکی ئەوتۆیان

بەم هەموو گرنگی پێدان و باسکردنانەی قورئانی پیرۆز نەداوە کەباس لەئاینە پێشوەکان و کتێب و پێغەمبەرەکانیان و، بەنی ئیسرائیل و گاوەرەکان و.....هتد دەکات.

## سیانزەیەم: وردەکاری قورئان لەگشتگیری نەکردنی حوکم دان بەسەر ئەوانی تردا:

لەمەزن تریت هۆکارەکانی لێك نزیك بوونەوە ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز بوارێکی گەورەی هێشتۆتەوە بۆ گفتوگۆو پێکەوە ژیان لە گەڵ ئەوانی تردا، بەچەشنێك فەرمانی گشتی بەسەر هەموویاندا دەرنەکردوە لەرووی خراپ رەفتار کردن و چاك نەبوونیانەوە، یاخود لەرووی ئەمانەت نەپاراستنیانەوە، بۆ نمونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ*يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾ (١١٣-١١٤) سورة آل عمران، هەروەها دەفەرموێت:﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (٧٥) سورة آل عمران یان دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (١١٠) سورة آل عمران

ئەم ئایەتانە کەش و هەوای لەبار دەسازێنن بۆ پێکەوە ژیان و، گفتوگۆو، هاوکاریکردن.

## چواردەیەم: فراوانکردنی بازنەی هاوبەشی کردن لەنێوان( ئێمە )ی موسڵمان و ( ئەوان )ی تردا تاکو هاوبەشی کردنەکە بێ باوەڕەکانیش بگرێتەوە:

کاتێك ئیسلام ئەم بوارە گەورەو فراوانەی بۆ پەیوەندیە هاوبەشەکانی لەنێوان موسڵمانان(ئێمە) و خاوەن ئاینەکانی تر(گاورو جولەکە) کردۆتەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەدەرگای هاوبەش و پەیوەندی لەگەڵ بت پەرست و بێ

باوەڕەکاندا داخستوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم: سیاسـەتی ئیسـلام بریتیـە لـەفراونکردنی بازنەی پێکەوە ژیان تاکو هەمووان بگرێتەوە –جگە لەدەستدرێژکاران–.

لەم لایەنەوە خـوای گـەورە بانگەشـەی هـەموو جیاوازەکـان دەکـات –بـەبت پەرست و بێ باوەرو پوچگەراکانەوە....هتد– بۆ رێسایەکی هاوبەش لـەنێوان هـەموو مرۆڤەکاندا، کەبریتیە لەگەڕان بەدوای راستیدا. خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ*قُل لَّا تُسْأَلُونَ عَمَّا أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْأَلُ عَمَّا تَعْمَلُـونَ﴾ (٢٤–٢٥) سورة سبأ.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەبێ جیاوازە بانگەشەیە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان بۆ گـەران بەدوای ناسینی راستی و هیدایەت و دەرخستنی پوچی گومڕایدا، هـەر لەبـەر ئەمەیـە قورئان لەکاتی گفتوگۆو مشتومڕدا بڕیاری نەداوە کە ئیسلام راسـتە(لەکاتێکدا ئەمـە وایە) بڕیاریشی نەداوە کەبت پەرست و هاوشـێوەکانیان گـومڕان(لەکاتێکدا کەوایـە)، بەڵکو بـواری بـۆ گفتوگـۆو مشـتومڕ هێشـتۆتەوە تـاکو لەئـەنجامی مشـتومڕەوە ئـەم راستیە بسەلمێت.

لەجوانیە بێ وێنەیەکانی ئەم شـێوازە قورئانیـە ئەوەیـە بـانگ لەپێغەمبـەری خوا(د.خ) و هاوەڵانی دەکات تا وەسفی ئـەوەی لای خۆیانـە لەرێگـەی گریمانەییـەوە بکەن بەخراپ و تاوان، وەسفی لائەوەی لای بێ باوەرەکانە بەکردارێکی ئاسای بکـەن ئەگەرچی کارەکانیان بڕپـوچ و تاوانـە، چـونکە ئـەوان خۆیـان بەرپرسـیارێتی خۆیـان لەئەستۆ دەگرن، لەکاتێکدا ئەم وەسفەی نەداوەتە پاڵ بەرامبەرەکان کـە لەبەرامبـەر موسڵماناندا بەکاری بهێـنن، چـونکە ئـەوەی داوای گفتوگـۆ دەکـات، ئـەوە پێویسـتە رێزی بیرو باوەرەکەی بگیرێت، هەر لەسەرەتاوە بڕیاری بەسەردا نـەدات، بـڕوام وایـە ئەم ئایەتە دادەندرێت بەمەزنترین و شیرینترین و پێشکەوتوترین رێساو، تۆکمەترین و فراوانترینیان لەبواری گفتوگۆو پێکەوە ژیاندا..

لەراستیدا ئیسلام دان بەکۆمەلەڵێك بازنەی پەیوەنـدی و هاوخوێنیـدا دەنێـت ئەگەرچی بازنەی(عەقیدە)و برایەتی ئیمـانی کردۆتـە بنچینـە، چـونکە لەرێگـەی ئـەم بازنانەوە دەیەوێت زۆرترین خاڵی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ فەراهەمهێنانی زەمینەیـەکی

لــەبار بــۆ لێکنزیکبوونــەوەو پێکــەوە ژیــان و هاوکــاری و بانگــەواز، ئــەم بازنانــەش ئەمانەن:

١– بازنەی مرۆڤایەتی: بەچەشنێك هەمووان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، هەمووان لە ئادەم و حەوان، لەبەرئەمەیە گوتاری قورئانی بە(یا ایهاالناس....) ئاراستە دەکرێت.

٢– بازنەی نەتەوە: بەهەمان شێوە قورئان بەبازنەی برایەتی دەریبڕیوە.

٣– بازنەی ئاینە ئاسمانیەکان.

٤– بازنەی خولیاو لێکۆڵەرانی حەق وراستی.

## پانزەیەم: جیهاد لە پێناو ئازادی ئایندا:

راگەیاندنی جیهاد لەیەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆزدا کە دەربارەی جیهاد هاتــە خوارەوە، بۆ مەبەستی هێنانەدی ئازادی ئاینی بوو، بۆ ئازادکردنی پەرستگاکان بوو، خوای گەورە دەفــەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ* الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ* الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ﴾ (٣٩–٤١) سورة الحـج

## شانزەیەم: جەنگ دوا قۆناغی جیهادە:

داکۆکی کردنی ئیسلام لەوەی کــەجیهاد لــەپێناوی خــودا تــەنها جــەنگ نیــە، بــەڵکو جــەنگ دواقۆنــاغی جبهــادە، ئــەویش بەمــەرج و ریکخــەرەکانی خۆیــەوە، ئــەم داکۆکی کردنە پێدانی مۆڵەت و هەلێکی تــرە بــۆ بانگــەواز کــردن بــۆ لای پــەروەردگار بەدانایی و ئامۆژگاری جوان و....هتد.

### حەڤدەیەم: ئاما نجی جیاوازی یەکتر ناسین نەك ململانێ و یەکتر کوشتن:

ئامانجەکانی شەریعەت لەهەبوونی جیاوازیەکاندابریتیە لەیـەکتر ناسـین، نـەك ململانێ و دوژمنایەتی کردنی یەکتری، قورئانی پیرۆز دەفەرموێتك : ﴿يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُـعُوبًا وَقَبَائِـلَ لِتَعَـارَفُوا إِنَّ أَكْـرَمَكُمْ عِنـدَ اللَّـهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (١٣) سورة الحجرات

### پوختە:

بێگومان ئەم هەموو رێساو بنەما فکـری و عەقیدەییـە زۆرانـە کاریگەریـەکی باش لەسەر دەرونی موسڵمانان دادەنێن بۆ هـەنگاونان و چـونە پێشـەوەلە ئاشـتی و یەکتر ناسین و پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی ئەوانی تـر، هـەروەها بـۆ کـارلێکی ژیـاریی ئیجابی لەپێناو سودی هەمووااندا، لەمێژووی ئیسلامیشدا هەر ئەمە ریداوە.

## تەوەرەی سێیەم

## پەیوەندی موسڵمانان بەوانی ترەوە لەحاڵەتی ئاشتیدا:

*ژیاننامەی پێغەمبەرو مێژوو.

*سێ بنەمای مەزن و کورتی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەئیسلامدا.

*پەیماننامەی مەدینە، یەکەم دەستور بوو لەدرێژای مێژودا مافی هاوڵاتی بوونی چەسپاند.

*جێبەجێ کردنە کرداریەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەباری ئاشتیدا.

*مافەکانی ناموسڵمانان لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا.

## ژیاننامەی پێغەمبەرو مێژوو:

### – ( چەپکێك لەژیاننامەی پێغەمبەری سەرکردە( د.خ ) )لەگەڵ ئەوانی تر لەمەدینەدا:

ئیسلام بۆ ئەوە هاتۆتە خوارەوە پەیوەندیەکانی مرۆڤ بە پەروەردگارو، بەبرا مرۆڤەکانیەوە موسڵمان بێت یان ناموسڵمان هەروەها بەو گەردونەی کەلەچواردەوریدایە رێك بخات و پرۆگرامێکی تێرو تەسەل و بنەما گشتیەکان و، رێسا تەواوەکانی رێکخستنی ئەم پەیوەندیە دابنێت، بەجۆرێك بۆ هەموو کات و سەردەمێك شیاو بێت، ئەمەش بەهۆی توانای بۆ گەشەکردن و پێشخستن و هاوچەرخی بوون و، لەهەمان کاتدا پارێزگاری کردن لەنەگۆرو بنچینەکانی دەبێت.

لەقۆناغی مەککەدا دەوڵەت لەئارادا نەبوو، پەیوەندیەکان تەنها تاکەکەسی بوون، پێغەمبەری خودا(د.خ) هەموو خەڵکی بانگ دەکرد تابڕوا بهێنن و بێنە ناو ئاینی ئیسلامەوە، بانگی دەکردن بۆ رێگەی راست و یەك خواپەرستی بۆ دروستکردنی مرۆڤ لەسەربنەمای عەقیدەیەکی دروست و پەروەردەیەکی هەمەلایەنەو دروست بۆ هەموو لایەنە گیانی و دەرونی و جەستەی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ....پێغەمبەری خوا(د.خ) و هاوەڵانی لەپێناو گەیاندنی ئەم بانگەوازەدا زۆر چەرمە سەری و ناڕەحەتیان بەسەردا هات، بەخۆڕاگریەوە لەبەردەمیدا راوەستان،

لەم قۆناغەدا دروشمیان بریتی بوولە: ﴿كُفُّواْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ﴾ (٧٧) سورة النساء، لەگەڵ نزای هیدایەت بۆ ئەوانەی ئازاریان دەدان(اللهم اهد قومي فانهم لا يعلمون).

بەڵام کاتێك پێغەمبەری خواو هاوەڵەکانی کۆچیان کرد بۆ مەدینەو یەکەم دەوڵەتی ئیسلامیان دروستکرد، پێغەمبەری خوا(د.خ) هەوڵیدا بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێزکردنی بەرەیی ناوخۆیی لەدوو لایەنی سەرەکیەوە:

١- لایەنێکی تایبەتی موسڵمانان، ئەوەبوو هەستا بەدروستکردنی برایەتی راستەقینەو ریشاڵی بەهێز لەنێوانیاندا لەریگەی دروستکردنی برایەتی نێوان کۆچەرو کۆچەرەکان خۆیان لەلایەك و، پاشان برایەتی نێوان پشتیوان و کۆچەرەکان لەسەر بنەمای یەکسانی لەهاولاتی بووننداو یەکسانی لەئەرك و ماف و پارێزگاری کردن لەشاری مەدینە لەلایەکی ترەوە....هتد[1]

٢- پەیوەندی لەگەڵ قورەیش و دەوڵەتەکانی ناوچەکە، پەیوەندیەکانی دەوڵەتی تازە پێگەیشتوی ئیسلام بەقورەیش و تیرەو هۆزەکانی ئەو ناوچەیەوە، پەیوەندی جەنگ وهێرش کردن بو بۆ سەر ئەم دەوڵەتە لاوە، هەڵوێستی پێغەمبەریش(د.خ) هەڵویستی بەریگریکردن بوو لەئیسلام ودەوڵەتەکەی، لەگەڵ سووربوونی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە لەهەنگاوی یەکەمدا، پاشان رێکەوتن لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوان بەبەڵێن و پەیمانەکانیەوە پابەند نەبوون.

* هەڵوێستی پێغەمبەر(د.خ) لەدەوڵەتەکانی چواردەور ئەوەبوو نامەی بۆ سەرۆکەکانیان دەنارد، لەرێگەی ئەونامانەوە بانگی دەکردن بۆ ئیسلام، لەکاتی وەلامدانەوەیاندا لەسەر فەرمانڕەوایی خۆیان دەیهێشتنەوە، بەلام لەگەڵ دەستپێکردنی کۆمەڵێك چاکسازی و دادپەروەری کە ئاینی ئیسلام دەیخوازێت، پەیامی پێغەمبەر (د.خ) بریتی بوو لەگەیاندنی بانگەوازی خودا بەجیهان تاکو

١- ا.د.اکرم ضیاء العمری: السیرة النبویة الصحیحة ٢٤٠/١

رەحمـەتی ئیسـلام هـەموو لایـەك بگرێتـەوەو...خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَمَـا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾ (١٠٧) سورة الأنبياء

**بانگـەوازی جیهـانی و، برایـەتی ئینسـانی، تەنانـەت لـەکاتی زۆر نارەحەتدا، یان لەکاتی سەرکەتن و هێزدا....**

پێغەمبـەری خـودا (د.خ) ئەمـەی لـەیاد نـەکرد کەبانگەوازەکـەی جیهـانی و ئینسانیە، رەحمەتە بۆ جیهان،هەموو مرۆڤەکان برایەتی ئینسانی کۆیـان دەکاتـەوە، هـەموو یەکسـانن لەبنەچـەو رێـزدا، لەبەرئـەوە لـەکاتی جـەنگ و نارەحـەتی و کارەساتەکانیشـدا ئەمـەی دووپاتـدەکردەوە، بەهـەمان شـێوە لـەکاتی سـەرکەوتن و بـەهێزی و زاڵبوونیشـدا، لـەگوتاری ماڵئاوایـدا فـەرموی:(مرۆڤـەکان هـەموو نـەوەی ئادەمن، خوای گەورە ئادەمی لەخۆڵ بەدیهێناوە)[١]، پاشـان فـەرموی:(ئـەی خـەڵکی، بەراستی پەروەردگاری ئێوە یەکێکە، باوکتان یەکێکە،بەڵێ، بۆ عەرەبێك رێزی زیـادە نیە بەسەر عەجەمێکدا، وەبۆ عەجەمێك نیە بەسەر عەرەبێکدا، بۆ سورێك نیە بەسـەر رەش پێستێکدا، بۆ رەشێك نیە بەسەر سورێکدا، تەنها بەلەخوا ترسان نەبێت)[٢]

پێغەمبەری خودا (د.خ) کاتێك ئەم وتانەی وت کەلەلوتکـەی سـەرکەتنەکانیدا بوو، لەکاتێکدا مرۆڤی ئاسای چاوەڕوانی ئـەوەی لێدەکرێت سـەرکەتنەکانی بـەرەو لەخۆبایی بوون و شـانازی کردنـی بـەرن و لەهاوسـەنگی ڕاگـرتن دەری بکـەن، بـەلاَم پێغەمبەری خودا(د.خ) لەم کاتـەدا ئـەم بنـەما بـەرزو بەنرخانـە لـەگوتاری ماڵئاوایـدا دەچەسپێنێت و دەیکاتە کۆتا وەسـێتی، تـاکو روونـی بکاتـەوە کـە ئـەم پەیامـە لای پەروەردگاری مەزنەوە هاتوەو رەحمەتە بۆ هەموو مرۆڤەکان، چـاکەو سـودی هـەموو مرڤەکانی دەوێت، دەیەوێت هەموویان لەئاسایش و ئـارامی و خۆشـگوزەرانیدا بـژین، ببنـە خـاوەن باشـترین پاداشـتی دونیـا و باشـترین پاداشـتی قیامـەت، تەنانـەت ئـەو کەسـەی کەقیامـەتی ناوێـت ئیسـلام مـافی ئـەوەی دەداتـێ کەبـە ئاشـتی و ئـارامی

---

١- رواه الترمذي، ١٥٥/٥

٢- رواه احمد ٤١١/٥

لەدنیادا بـژی بەمـەرجێك سـتەم نـەكات و دەسـتدرێژی نەكاتـە سـەر جگـە لـەخۆی و گەندەڵی لەزەویدا بڵاونەكاتەوە.

## واقعی كرداری ناموسڵمانەكان لەگەڵ موسڵمانەكان لەدرێژای مێژوودا:

پـەیوەندی موسڵمانەكان بەناموسڵمانەكانەوە بـاش نـەبوو، لـەو كاتـەوە ئـەم پەیوەندیە دروست بـوو كـە ئـاینی ئیسـلام لەمەككـەدا دابـەزی خـوای گـەورە دوایـن پێغەمبەری بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی رەوانەكرد، بەڵام لەوكاتەدا ئەو بەتەنها خۆی بوو، دواتر تاك تـاك بەرێـژەی كـەم خـەڵكی پەیوەنـدی پێـوەدەكرد، ئـەم كەسـانە لەگـەڵ پێغەمبەردا لـەپێناوی خـوادا ئـازارێكی زۆریـان چەشـت و ئـارامێكی زۆریـان گـرت تـا لەنیوە دوورگـەی عەرەبیـدا جـێ پێـی خۆیـان كـردەوە، دواتـر لەزۆربـەی بەشـەكانی زەویدا بەهۆی فەزڵی خواوە ئاینەكەیان چەسپا.

پەیوەنـدی پێغەمبـەرو هاوەڵـەكانی لەلایـەك و بـت پـەر سـتەكانی مەككـە لەلایەكی ترەوە، پەیوەنـدی چەوسـاندنەوەو سـتەم لێكـردن و ئـازارو ئەشـكەنجەدان بـوو، جـەنگێكی مەترسـیداربوو،هەوڵێكی چـروپڕی لایـەنی بـت پەرسـتەكان بـوو بـۆ لەناوبردن و لەرەگ و ریشـە دەركێشـانی پێغەمبـەرو هـاوەڵانی، جـەنگی كوژانـەوەی چرای ئیسلام بوو، قورێشەكان لەژێر ئەشكەنجەدا ژمارەیەك لەهاوەڵانی پێغەمبـەریان كوشت، هەوڵیاندا پێغەمبەریش بكوژن تـا ئـەوەبوو مەككـەی جـێ هێشتووكۆچـی بـۆ مەدینـە كـرد، لەمەدینەشـدا وازیـان لەپێغەمبـەر نـەهێنا، چـەندین سـوپایان لـەدژی بەمەبەسـتی لـەناوبردنی یـەكجارەكی رێكخسـت، بـەدری گـەورە، پاشـان جـەنگی ئەحزاب، جەنگەكانی تریان لەدژی بەرپاكرد.

كەواتە پیوەندی نێوان بت پەرستەكان و ئیسلام لەمەككەو لەنیوە دوورگـەی عەرەبیدا پەیوەندی جەنگی لەرەگ و ریشە دەركێشان بـوو-بەهـەموو واتایەكیـەوە- جـەنگێكیان لەنیوانـدا بـوو كەلایـەنی بـت پەرسـتەكان تیایـدا بروایـان بـەهیچ بنـەماو ئـــەخلاقیاتێك نـــەبوو، لەبەرامبـــەردا پێغەمبـــەر(د.خ)و هـــاوەڵانی هەڵوێســـتی بەرگریكردنیان لەگیان و ئازادی ئاینیەكەیان و بەرگریكردن لە ئیسلام هەبوو.

لەگـەڵ هـەموو ئەمـەدا پێغەمبـەری خـوا(د.خ) پابەنـد بـوو بـەوەی کەشـاری مەدینــە شــاری ئاشــتی و پێکــەوە ژیــان و شــاری ئاشــتی بێـت لــەنێوان هــەموو پێکهاتەکانیدا، ئازادی ئاینی بەتـەواوی چەسـپاند، هەسـتا بـەدانانی یەکـەم دەسـتور لەجیهاندا کەدان بەمافی هاوڵاتی بوونی جولەکەدا بنێت لەرێگەی ئەو بەڵگە نامەیـەوە کەنوسـیـەوە– داتــر باســی لێــوە دەکــەین– بــەڵام جولەکــەکان پەیمانەکــەیان هەڵوەشاندەوەو هەوڵی تـیرۆر کردنـی پێغەمبـەری خوایـان، بەمـەش وازیـان نـەهێناو بەردەوام خیانەتیان لێدەکرد، پەیوەنـدیان بەدوژمنـە بـت پەرستەکانەوە دەکـردوو، هانیـان دەدان بـۆ بـەرپاکردنی جـەنگ لـەدژی پێغەمبـەر(د.خ)، هاوبەشـیان دەکـردن بەپشتیوانی کردن و هاندانیان، دواتر بەکرداری چونە ناو جەنگەوەو بەتەواوی هـەوڵی لــەناوبرنی پێغەمبــەرو هاوەڵەکانیانــدا، لەمیانــەی جــەنگی ئەحزابــەوە، بەمــەش گەورەترین تاوانیان ئەنجامدا کەشایستەی سەختترین سزابوون.

لەگەڵ ئەم هەموو بارو دۆخە گەرم و مەترسیدارو گڕسـەندوەدا بەسـتەم و رق و ئــیرادەی پاکتــاو کــردن، بــەڵام ئایەتــەکانی قورئــان دێنــە خــوارەوەو فــەرمان بەدادپەروەری و دەسـتدرێژی نـەکردن دەکـەن، داوای بەرپەرچدانەوەی هاوشـێوەو، گرتنە بەری چاکترین ریگە دەکەن، ئەوە دەخەنەڕوو کـە بـت پەرسـتەکان هـەموویان وەکو یەك نین.

دواتــریش پــاش ئــەوەی دەوڵــەتی خەلافــەتی ئیســلامی لــەپاش وەفــاتی پێغەمبـەری خـوا(د.خ) دروسـت بـوو، بەهـەمان شـێوە پاریزگـاری لەبنـەمای ئازادیـە ئاینیەکان و، رێز گرتنی مرۆڤ و مافەکانی کرد.

مێژوو بەدرێژایی تەمەنی خەلافـەتی ئیسـلامی ڕووداوێکـی تۆمارنـەکردوە کـە زۆر لەخــەڵکی کرابێــت بــۆ موســڵمان بــوون و کەســێك بــەزۆر ئیســلامی بەســەردا سەپێندرابێت، گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە کە دەوڵەتی خیلافـەتی راشـدین و، پاشان ئەمەوی و، عەباسی و، عوسمانی کەچـەندین سـەدە فـەرمانرەوای زۆربـەی جیهانیــان کــرد، لەگــەڵ ئــەوەدا هــەموو ئاینــەکان لــەژێر سـایەی ئـەم دەوڵـەت و خەلافاتانەدا مانەوە، تائێسـتاش مەسـیحیەکان لـەجیهانی عەرەبیـدا (میسـرو شـام و

عێراق) بەتەوای مومارەسەی ئاینەکانی خۆیـان دەکـەن، جولەکـەش بەهـەمان شـێوە بـوون، تـا ئـەو کاتـەی کۆچـکردنیان بـۆ فەڵسـتینی داگیرکـراو هەڵبـژارد. جـا ئەگـەر دەوڵەتی ئیسلامی توندو تیژی و زۆر لێکردنـی لەبەرامبەریانـدا بەکاربهێنایـە بۆناچـار کردن لەسەر موسڵمان بوون، ئەوە نەدەمانەوەو کۆچان دەکرد.

ئەم رەفتارەی دەوڵـەتی ئیسـلامی تـەواو پێچـەوانەی خـاج پەرسـتەکان بـوو کاتێـك ئەندەلوسـیان داگـیر کـرد پـاش ئـەوەی موسـڵمانەکان (هەشـت) سـەدە فـە رمانرەواییان دەکرد، لەو ماوەیـەدا ژمارەیـەکی زۆری مەسـیحیەکانی تیایـدا مانـەوە، بەڵام کاتێك خاچ پەرستەکان دەسەلآتیان گرتە دەست تـەنیا یـەك موسـڵمانیان تێـدا نەهێشتەوە، تەنها یەك جولەکەیان تێدا نەهێشتەوە، هەموویان خستنە بـەردەم سـێ هەڵبژاردنەوە:کوشتن یان سوتاندن یان بوون بەگاور یان چۆڵکردنی

خێرا، لەبەرئەوە لەماوەیـەکی کورتـدا ئەنـدەلوس جگـە لـەخاچ پەرسـتەکان کەسی تری تێدا نەما، تەنانەت موسڵمانەکان نەك وەك کەمینە، بەڵکو وەك(تاك) یـش لەئەندەلوسدا نەمان.

تەنانـەت لـەم سەردەمەشـدا دەبیـنین کـە شـیوعیەکان لەیـەکێتی سـۆڤیەتی جاران چیان بەموسڵمانەکان کرد، یـان لەیوغسـلافیا چـیان پێکـردن، یـان لەبۆسـنەو هێرسك سربیەکان چیان پێکردن، سەدان هـەزار موسـڵمانیان کوشـت ودەسـتدرێژیان کردە سەرناموسی دەیە، ئافرەتی موسڵمان و....

ئێمە لێرەدا بەکورتی باسـی سـتەم و چەوسـاندنەوەی ئاینـەکان بـۆ یـەکتری لەپێش ئیسلامدا دەکەین، باسی حەقیقەتی (سەرانە)ش دەکـەین کەچـەندین گومـانی بەچواردەوردا دروست کراوە، باسی دەستەواژەی زیممـە(**ذمة**) دەکـەین کـەجوانترین واتـا دەبەخشـێت، بـەڵام راگەیانـدنی دژە ئاراسـتە چـەندین حەساسـیەتی بـەدەوردا دروسـت کـردوە، دواتـر باسـی هەنـدێك لـەو پەیماننامانـە دەکـەین کەپێغەمبـەری خوا(د.خ) بۆ گاورو جولەکەو ئەهلی کتابی نوسیوە.

## چەوساندنەوەو پاکتاوکردنی ئاینەکان لە پێش هاتنی ئیسلامدا بۆ یەکتر:

مێژوو نوسەکان باس لەململانێی ئاینیەکان و ئەو جەنگانە دەکەن لەنێوان ئاینەکانی پێشودا روویانداوە،

تۆماس ئارنۆلۆ دەڵێت:(مێژوو ئەوە دەردەخات کە(نساطرة)[1] کان چ بوژانەوەیەکی جوانیان بەخۆوە بینی لەرووی ئاین و چالاکیەکانیانەوە پاش ئەوەی بوونە هاولاتی لەژێر دەسەلاتی موسڵمانانداو ئەوان چاودێریان دەکردن، لەکاتێدا دەسەلاتدارانی فارس جارێك ئەم هۆزەیان دەچەوساندەوەو جارێکی تر بۆ خزمەتی خۆیان بەکاریان دەهێنان، چونکە زۆرینەی هەرە زۆریان لەولاتی کیسراییەکاندا دەژیان، تەنانەت بەژیانێکی مەترسیدارترلەمەدا تێپەڕێنن کاتێك لەنێوان بێزەنتینیەکان و فارسدا جەنگ بەرپابوو فارسەکان گومانی ئەوەیان بۆ دروست بوو کە(نەساتیرەکان) پالپشتی لەدوژمنە مەسیحیەکانیان دەکەن، بەلام ئەو ئاسایش و ئارامیەی بالی بەسەردا کێشان لەسەردەمی خەلیفەکاندا توانای پێ بەخشین تاکو چەندین هەنگاو لەکارە مژدە دەریەکانیاندا لەدەرەوەی دەولەتی ئیسلامی بچنە پێشەوە، نێردراویان نارد بۆ هندستان، هەندێك لە ئەندامانیان لەسەدەی هەشتی زاینیدا بەرز بوونەوە بۆ پلەی(مگران)، هەروەها لەهەمان سەدەدا بەتەواوی جێ پێی خۆیان لەمیسردا توندوتۆڵ کرد، پاشان و لەدوای مەسیحیەتیەوە بیروباوەڕی خۆیان لەئاسیادا بلاوکردەوە، ئەمە بەردەوامبوو تا سەدەی یانزە، لەم سەدەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەمەسیحیەکانی ناو قەتەریان راکێشا بۆلای خۆیان، لەبەرامبەریشدا هۆزو تیرەی مەسیحی وا هەبوو کە سەرکەوتوو نەبوون لەپێشکەش کردن و دەرخستنی چالاکی لەم جۆرەدا، ئەم سەرکەوتوو نەبوونەی مەسیحیەکان بۆ هەڵەی موسڵمانەکان ناگەڕێتەوە، چونکە حکومەتی بالای ناوەندی بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا لێبوردەبوو، سەرەرای ئەمەش رێگری لێدەکردن هەندێکیان هەندێکی تریان بچەوسێننەوە، لەسەدەی پێنجەمی زایندا(بەرسوما) کە قەشەیەکی

---

[1] – **نساطرة**: بەشگوێنکەوتوانی یگەکێك لگە ئگاینزا مەسگیحیەکتان دەوتریگت گگە دامەزراگدنی پەیوەسگت دەکرێتەوە بەقەشە (٣٨٦-٤٥١) زاینی

نەستوری بوو پاشای فارسی هەڵخەڵەتاند بەوەی پلانێکی چەوساندنەوەو لەناو بـردن بۆسەر کەنیسەی ئەرسەرزۆکسی ئەنجام بدات، ئەمەش لەریگەی خۆنمایش کردنیـەوە بـۆ پادشـــای فـــارس وەك دۆســـت و هـــاورێی ئـــەوان و دەرخســـتنی ئـــەوەی کەبیروباوەرەکانی لەفلسەوە زیاتر نزیکە.

دەوترێت کەلەو هێرشـکردنە سـەرەدا نزیکـەی (٧٨٠٠) لـەپیاوانی کەنیسـەی ئەرسەزۆکســی و ژمارەیــەکی زۆر لــە عەلمانیــەکان سەربڕان،خەســرەوی دووەمــیش هەستا بەهێرش و پاکتاوکردنێکی تر بۆ سەر ئەرسەزۆکسـیەکان دوای ئـەوەی هێرقـل ولأتــی فارســی داگیرکــرد، ئــەمیش بەهانــدانی یــەکێك لەیەعقوبیــەکان کــە قەناعــەتی بەپادشـاکرد بـەوەی ئەرسەزۆکســەکان خۆیـان وا دەردەخـەن کـە ئارەزویـان بـەلای بێزەنتینیەکاندایە.

بـەلأم بـیرو بـاوەڕی موسـڵمانەکان جیـاوازە لەکەسـانی تـر، چـونکە بۆمـان دەردەکـەوێت هـیچ توانایـەکیان بـەفیڕۆ نـەداوە لـەوەی مامەڵـەی هـەموو هاولأتیـە مەسیحیەکان بەدادپەروەری و یەکسانیەوە بکەن، نمونـەی ئەمـە، پـاش رزگـارکردنی میسر یەعقوبیەکان هەلیان قۆستەوە بۆ دەرپەڕاندنی بێزەنتینیەکان تاکو کەنیسـەی ئەرسەزۆکسەکان داگیر بکەن، بەلأم موسڵمانەکان لەدواییدا گێرانیانـەوە بـۆ خاوەنـە شــەرعیەکانیان پــاش ئــەوەی ئەرسەزۆکســەکان بەڵگــەیان پێشــکەش کــرد لەســەر خاوەنداریێتیان بۆ کەنیسەکانیان.

(شتێکی دیکە کەبەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی موسـڵمان بـوونی مەسـیحیەکان – لەمیسردا– ناگەرێتەوە بۆ زۆر لێکردنیان، لەگەڵ هەموو دیمەنە مێژوویـەکانی تـر کـە هەڵوێستەمان لەسەر کردن – بریتیە لەوەی لەکاتێکدا بەتریکی چوڵبوو مەسیحیەکان مومارەســەی تــەواوی ئازادیــە ئاینیــەکانیان دەکــرد لــەجێ بــەجێ کردنــی دروشمەکانیانداو، ریگەیان پێدرا کەنیسەکانیان سەرلەنوێ دروست بکەنـەوە، بـەڵکو کەنیسەی تازە دروست بکەن، هەروەها رزگـاربوون لـەوەی بسـەپێندرێت بەسـەریاندا کەسواری گوێ درێژو ئێستر بن، دادگایی کردنیشیان لـەدادگا تایبەتیـەکانی خۆیانـدا

بوو، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە قەشەکانیان لەدانی سەرانە بەخشران و هەندێك ئیمتیازاتی دیاریکراویشیان پێدرا)[1]

زیاد لەمە مێژوو نوسان دەڵێن: (ئەوە ڕۆمانیەکان بوون کە زۆریان لەخەڵکی میسر(قبتیەکان) کرد تاکو ببنە گاور، ئەوەتا غەستاف لیون دەڵێت:" میسر ناچارکرا لەسەر وەرگرتنی گاوری، بەلاَم بەمە داڕوخا بەرەو قوڵترین ئاستەکانی داڕووخان، بەرەو نەگبەتی و بەدبەختیەك کە جگە لەرزگارکردنی عەرەبی هیچی لێ نەکەوتەوە، خەڵکی میسر بەهۆی ئەو ناکۆکیەی لەنێوانیاندا بوو یەکتریان دەکوشت ونەفرەتیان لەیەکتر دەکرد...، رقیان لە ڕۆمەکان دەبویەوە، چاوەڕوانی ئەو ساتەیان دەکرد کەرزگاریان بێت لەدەستی قەیسەرە ستەم کارەکان)[2]

هەندێك لەو بەسەرهاتانەش باسدەکەین کەشێخی دانا و بەناوبانگ (ئەبوحەسەن ئەلنەدەوی)(ر.خ) لەکتێبە بەنرخەکەیدا(ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين)دا باسی کردوە.

## مەنجەنیقی موسڵمانەکان( هۆلۆکۆستی یەکەم ) لەئەندەلوس:

ئەوەی خاچپەرستەکان لەدژی موسڵمانەکان لەئەندەلوسدا ئەنجامیاندا رووی مرۆڤایەی رەش دەکات، ئەوەی مامۆستا(محمد عبدالله عنان) لەکتێبە بەنرخەکەیدا (نهاية الاندلس وتاريخ العرب المنصرين ) باسی کردوە بەسە بۆ دەرخستنی تاوانکاری خاچ پەرستەکان لەم روەوە، مامۆستا محمد سەرجەم تاوانی خاچ پەرستەکانی بەبەڵگە نامەوە سەلماندوەو، بەبەڵگەی زانستی سەلماندویەتی کەئەوان لەدژی موسڵمانەکان جەنگی پاکتاوکردنیان ئەنجامداوە، هەروەها لەکتێبێکی تریدا بەناوی (كتاب الامة) سەبارەت بەهەمان بابەت دواوە، ئێمە لەهەردوو کتێبنەکەدا هەندێك لەو کارەساتە دڕندانەو تیرۆرستی و وەحشی گەرانیەی خاچ پەرستەکان دێنین کە لەدژی موسڵمانەکانی ئەندەلوس ئەنجامیانداوە، لەکاتێکدا موسڵمانەکان (هەشت

---

١- ئارنولد تۆماس: الدعوة الى الاسلام. ترجمة وتعليق: حسن ابراهيم ورفاقة:٧٩
٢ - ليون غوستان: حضارة العرب. ترجمة عادل زعيتر٣٣٦

سەد)ساڵ تیایدا ژیاون، لەو ماوەیەدا زانست و زانیاری و شارستانیەت و روناکیمان لە ئـــەوروپادا بلاّوکردۆتـــەوە، لەهـــەمان کاتـــدا ڕێگەیانـــداوە بـــەگاورەکان لەگـــەڵ مومارەسەکردنی تەواوی ئازادیەکانی خۆیاندا بمێننەوە، بەلاّم لەکاتێکدا ئەوان بەسەر موسڵمانەکاندا سەردەکەون بزانین چیان بەسەرداهێنان.

لەکاتێدا (فریدنیاند) لەگەڵ هاوسەرە رەگەز پەرستەکەی (ئیسابر) دا لەساڵی (٨٩٧ ك– ١٤٩٢ ز) سەرکەوتن، قەشـەکان زۆر داکۆکیـان لەسـەر داوای لـەناو بردنـی (محمدیەکان) لەئیسپانیادا لیّ دەکرد، داوایان لیّ کرد محمدیەکان سەرپشك بکـات بـۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو رێگایە، یان بوون بەگاور، یـان کۆچـکردن بـۆ (مـەغریب)، بەوەش بیانویان بۆ دەهێنایەوە کـە ئـەم کـارە شـکاندنی ئـەو پەیمانـە نیـە لـەنێوان فریدنیادو موحەمەدیەکاندایە، بـەڵکو ئەمـە لـەپێناوی پاراسـتنی ژیانیاندایـە، چـونکە ئەوان ناتوانن لەگەڵ گاورەکاندا بژین.[١]

بەلاّم فریدنیاد لەگەڵ ئەوەی پەیمانی بەموسڵمانەکان دابـوو کـە سەربەسـتی ئاینی خۆیان پیّ ببەخشێت، بەلاّم ئامانجەکانی خۆی لەوەدا دەبینیـەوە کەبەتـەواوی شۆرشـە ئیسـلامیە ناوخۆکـان لەناوبـەرێت، لەبەرئـەوە سیاسـەتە تایبەتەکـەی خـۆی راگەیانـد کـەبریتی بـوو لەبەمەسـیحی کردنـی موسـڵمانەکان لەریگـەی زۆرلێکـردن و بەکارهێنانی توندوو تیژیەوە، ئەم کارەی لەسەرەتای ساڵی (١٥٠٠) وە دەست پێکـرد بەپشتیوانی کردنێکی گەورە لەلایەن کەنیسەو قەشەکانیانەوە، مزگەوتەکانی داخست و، پاشان کران بەکەنیسـە، دەیـەها کتێبـی ئیسـلامی کۆکرانـەوەو لـەگۆرەپانی(بـاب الرحلـە) دا –گـەورەترین گۆڕەپـانی غەرناتەیـە– سـوتێنران، ئـەم کارەیـان لەهـەموو ناوچەکانی تری غەرناتە دوبارەکردەوە، تاوای لێهـات بـەزۆر خـەڵکی بـەگاور دەکـرا، ئەگەر کەسێك بەرگری بکردایە دەسوتێندرا، لەگەڵ ئەمەدا چەند شۆرشێکی ئیسلامی روویاندا بەلاّم لە ئاستی سەختی بارودۆخەکەدا نەبوون، خاچ پەرستەکان هەستان بـە

١ - د. عنان: ٢٩٧ - ٣٠٠

کوشـــتنیان بەشـــێوەیەکی زۆر بەربـــەریو ئافرەتـــەکانیان کردنـــە کـــەنیزەكو منداڵەکانیشیان بە گاور[٢]

لـە ١٥٠١/٦/٢٠ خـۆیو هاوسـەرەکەی ئـەوەیان ڕاگەیانـد کـە خـوا ئـەوانی هەڵبژاردوە تاکو غەرناتـە لـە کافرەکـان(موحەمەدیـەکان) پـاك بکەنـەوە، لەبەرئـەوە بوونی موسڵمان لە غەرناتەدا قەدەغە کرا، پاشـان دوای ئـەوەی لاوازەکـان بـوون بـە گاور دوای کوشتنی زۆربەی بەهێزەکان کە ژمارەیان زۆر بوون ترسان لەوەی هەسـتن بە بەرپاکردنی شۆڕش لە غەرناتەدا. لەبەرئـەوە بڕیـارێکی دەرکـرد تیایـدا قەدەغـەی کرد موسڵمانەکان بێنە ناو غەرناتەوەو تیایـدا نیشـتەجێ بـبنو بمێننـەوە، هەرکـەس هەستا بەوکارە بە کوشتنو داگیرکردنی ماڵەکەی سزا دراوە.[٣]

خاوەنی کتێبی (أخبار العصر في انقضاء دولة بني نصر) بـە چـەند وشـەیەکی کاریگەر وەسفی بـارودۆخی موسـڵمانەکان دەکـات، دەڵێـت "پـاش ئەمـە – پادشـای (قشتاله) بانگی کردن تا ببنە گاور، پاشان بـۆ ئـەم مەبەسـتە فشـاری خستەسـەریان ئەمە لە ساڵی ٩٠٤ دا ئەوانیش لەڕێگەی زۆر لێکردنەوە چـوونە نێـو ئایینەکەیانـەوە" بەم شێوەیە ئەندەلوس هەمووی بوو بە گـاور و هـیچ کەسـێکی تێـدا نەمایـەوە بڵێـت (لاإلـه إلا الله محمـد رسـول الله) مەگـەر کەسـێك بـە دزییـەوە یـاخود لـە دڵـی خۆیـدا بیوتایە، لەدوای بانگـەوە زەنـگ لـە پەرسـتاگانیانەوە لێـدەدرا، لـە مزگەوتەکانیشـدا وێنەی مەسیحو خاچەکانیان هەڵواسی، پـاش ئـەوەی شـوێنی یـادی خـواو خوێنـدنی قورئان بوون، ئای چەندە خەڵکانێکی چاو پڕ لە فرمێسكو دڵی پڕ لە خەمو لاوازو بێ توانای تێدابوو، کـە نەیانـدەتوانی کـۆچ بکـەنو بـە بـرا موسـڵمانەکانیان بگەنـەوە.! دڵیـان گریـان تێبـەربوبووبوو، فرمێسـك لەچـاوەکانەوە جۆگـەی بەسـتبوو کاتێـك بەبەرچاویانەوە کـچ و کوڕەکانیـان خاچیان دەپەرسـت، کڕنوشـیان بـۆ بـت دەبـردو گۆشتی بەرازو مردارەوەبویان دەخـوارد، عارەقیـان دەخـواردەوە کـە دایکـی هـەموو

---

٢- د. عنان، هەمان سەرچاوە ٣٠١

٣- د. عنان، هەمان سەرچاوە.

پیسـیەکانە، منداڵـەکانیان ئەمانـەیان دەکـردو ئـەوانیش نەیانـدەتوانی ڕێگرییـان لێ بکەن، هەرکەسێکیش ڕێگری لێ بکردنایە بە سەخترین شـێوە سـزا دەدرا، ئـای کـە چ کارەساتێکی دڵ تەزێنو بەڵاو موسیبەتێکی گەورە بوو، پاش ئەمە دادگـای پشـکنین (محـاکم التفتـیش) دانـران بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەو بڕیارانـەی لـە دژی موسـڵمانەکان دەرچوو بـوون، بـۆ لـە ڕەگـو ڕیشـە هەڵکەنـدنی ئیسـلام، لـە وڵاتـی ئەندەلوسـدا بـە گشتی، ئەویش بەم شێوەیە:

١- بە هەرکەسێك گومانی ببردایە کـە لەسـەر ئیسـلام ماوەتـەوە بـۆلای ئـەو قەشـەیەی کـە لێکۆڵینـەوەی لـە بابەتەکـەدا دەکـردو ڕاپۆرتەکـەی خـۆی لەسـەر دانپیانانی گومانلێکراوەکە یان شاهیدی شاهیدەکان دەنووسی، یاخود لەسەر بنەمای قەناعەتی خۆی بەڕاستی تۆمەتەکـە ڕاپۆرتەکـەی دەنووسـی، ئـەم کـارەش لەڕێگـەی پشکنینە نهێنیەکانەوە ئەنجام دەدرا کە لەلایـەن قەشـە داخ لـە دڵەکانـەوە بەرامبـەر ئیسلام دەسەپێنرا.

٢- دوای گەشتنی ڕاپۆرتەکە دیوانی لێکۆڵینەوە (کەنیسەی پیرۆز) فـەرمانی بە دەستگیر کردنی گومانلێکراوە دەکردو فڕێ دەدرایە نێو زیندانی نهێنی دیوانـەوە، کە ئەو زیندانە بە ئەشکەنجەدار ترینو پیسترین زیندان وەسف دەکرێت، دواتر کۆتو پێوەند دەکراو هەموو سەروەتو سامانی دەستی بەسەردا دەگیرا.

٣- لەو زیندانەدا پەیمان بە گیراوەکە دەدرا کـە ئەگـەر دان بـە تۆمەتەکەیـدا بنێت ئەوا بەزەیی پێدا دێتەوە، بەڵام ئەگەر دانی پێدا نەنێت ئەوا بە سەخترین شێوە ئەشکەنجەو ئازار دەدرێت، لەبەرئەوەی دیوانی پیرۆز مەعسـومە، ئەمـەش ڕێگایـەکی پڕ لە ستەمی جێ پرسیار بوو جا ئەگەر دانی بە تۆمەتەکەیدا بنایە ئەوا بە سـزایەکی گونجاو سزا دەدرا، ئەگەر موسڵمان نەبوایە، بەڵام ئەگـەر موسـڵمان بوایـە سـەرەڕای ئەو پـەیمانو بەڵێنانـەی سـەبارەت بـە بـەزەیی هاتنـەوە پیایـدا درابوویـان فـەرمانی کوشتنی دەدرا، خۆ ئەگەر دانـی پێدانەنایـە دەنێـرا بـۆ ئـەوەی ئەشـکەنجەیەکی زۆر سەخت بدرێت تاکو ئیعتراف بکات، یان لەژێر ئەشکەنجەدا بمرێـت، یـەکێك لـە مێـژوو نووسە ڕۆژئاواییەکان بە ناوی (**طورتنی**) وەسفی ئەمە دەکاتو دەڵێـت: "ناتوانرێـت

وەسفی ئەم ئەشكەنجەدانە بكرێت بە چەشنێك زۆرێك لـە قەزیـەكانی پـیس كـردووە، زۆر قەزیە لەبەرامبەر ئەم چەشـنە لـە ئـازارو ئەشـكەنجەدانو سـوكایەتی پێكردنـەدا هەڵدەلەرزیّو ترس دایدەگرێت، چونكە زۆربەی هەرە زۆری جۆرەكانی ئەشكەنجەدان لـە سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا لـە دادگاكـانی لێكۆڵینـەوەدا بـەكار دەهێنـرا، لەوانـە بەستنەوەی دەستو قاچی تۆمەتبار بەیەكەوە لەگەڵ شۆڕكردنەوەی سـەریدا بـەرەو خوارەوە، زۆری نەدەما بخنكایە سەرەڕای بەكارهێنانی شیشی سورەوەكراو كە قاچو سكیان پێ داخ دەكرد" [١]

٤- پاش كۆتایی هاتنی ئەشكەنجەدانەكە - ئەگەر نەمردایە - بە لاشـەیەكی جنراوی خوێناویەوە هەڵدەگیراو دەبرا بۆ هـۆڵی دادگـایی كـردن تـاكو وەڵامـی ئـەو تۆمەتانە بداتەوە كە ئاراستەی كراوە، پاشان قەشەو پیاوە ئاینیەكانیان بڕیاریان لـە چارەنووسی دەدا، بێ ئەوەی حوكمەكەی بەخۆی رابگەیەنن، فەرمانەكانیش بە زۆری لە سێدارەدان بوون بە سوتاندن لەباری سـەلماندنی كـافری واتـە (موسـڵمانێتی) ئـەو كەسەدا، فەرمانەكەش بـە سـوتاندنی ئـەو كەسـە لەگـەڵ ژمارەیـەكی تـری زۆرداو لـە گۆڕەپانێكی گەورەدا جێبەجێ دەكرا، ئەمـەش دەكرایـە ئاهـەنگێكی گـەورەو پادشـا (فردنیاندی كاسۆلیكی) كە تامەزرۆی ئەم ئاهەنگە ترسێنەرانە بـوو ئامـادەی بینینـی سوتاندنەكان دەبوو.

٥- فەرمان دەركردنەكانی دادگاكانی پشكنین زۆر خـاوبوو، ئەنـدامانی دادگـا حەسانەیەكی توندو تۆڵیان هەبوو لەبەرئەوە هەڵدەستان بە دەستدرێژی كردنـە سـەر كچانو ژنانی موسڵمانەكان بـێ ئـەوەی دەسـتێكیان بـۆ ببرێـت یـاخود هـیچ سـزایەك بدرێن.

---

١- د. عەدنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٠٤ - ٣٢٢

## حەقیقەتی سەرانە، (الجزیة) چییە؟

سەرانە لە زمانەوانیدا: بریتییە لە پاداشت، پاداشتیش بە واتای شتێك لە بەرامبەر شتێکدا کردبێت، بەڵام لە عورفی زانایاندا مەبەست پێی: ئەو بڕە پارەیە کە لە ئەهلی زیممە وەردەگیرێت.

شافعی پێناسەی کردووە بەوەی: "ئەو پارەیەیە بە رەزامەندی لێیان وەردەگیرێت لەبری نیشتەجێکردنیان لە وڵاتەکەماندا، یاخود لەپێناو پاراستنی خوێنو ماڵو منداڵو سەروەتو سامانیاندا، یاخود لەپێناوی وازهێنانمان لە جەنگیان" [1]

کۆی زانایای ئیسلامیش هەمان رای شافیعیو نزیك لە بۆچوونەکەی ئەویان هەیە [2]، ئەم واتایەش نزیکە لە واتا زمانەوانییەکەیەوە.

پوختەی پێناسەکە ئەوەیە کە ئەو پارەیە لە ناموسڵمانەکان ئەوانەی لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەژین وەردەگیرێت لەپێناو فەراهەمهێنانی ئاسایشو ئارامیدا بۆیان، دەشتوانین بڵێین "لەبەرامبەر مافەکانی هاوڵاتی بووندایە، هەروەك چۆن زەکات لە سەروەتو سامانی هاوڵاتییە موسڵمانەکان وەردەگیرێتو سەرفیترەیان لێ دەسەنرێت وەك سەرانە بەهەمان شێوە سەرانەی ئەوانە، هەروەها باجی دەرامەت لە جگە لەوان وەردەگیرێت، ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەم راستییە ئەوەیە لە سەردەمی خەلیفەی راشیدین (عومەری کوڕی خەتتاب)دا رەزای خوای لێبێت، هەندێك لە گاورەکان (بنو التغلب) رازی نەبوون بەناوی سەرانەو پارەبدەن داوایان کرد زەکات بدەن یان چەند قات زەکات بدەن، بەڵام بەناوی سەرانەوە نەبێت، پێشەوا عومەریش داواکەی قبوڵ کردن" [3]

---

١- حاشية القليوبى على شرح المحلي، ٢٢٨/٤
٢- الفتاوى الهندية (٢٤٤/٢)، جواهر الاكليل (٢٦٦/١)، المغنى (٤٩٥/٨)
٣- الاموال: ابي عبيد ٥٤١

لەلایەکی ترەوە دانی سەرانە بەڵگەیە لەسەر داننـان بـە دەوڵـەتی ئیسـلامیو دەسەڵاتە سیاسـییەکەیدا، ئەمـەش جۆرێـك لـە دڵنیـاییو ئـارامی دوولایەنـە دروسـت دەکات. سـەبارەت بەسـەرەتای بەیاسـاکردنی سـەرانە زانایـان جیـاوازن، هەنـدێکیان بڕوایان وایە لەساڵی (هەشتەم)ی کۆچیدا بوە.[٤]

سەرانە لەمانە وەردەگیرا: گاورەکانی (نـەجران)، ئـاگر پەرسـتەکانی (هجـر)، دانیشتوانی (**ایلة، اذوح**)، هەندێك هۆزی جولەکە لە(تەبوك)، سەرانەکەش لەسـنوری (یەك) دینـاردابوو،(دەکاتە چوار غرام و چارەکە غرامێـك ئـاڵتون) بـۆ سـەرێکی بـاڵغی ژێری نێـر بۆهەرسـاڵێك، لەمنـدالآن و شـێت و ئـافرەت و قەشـەکان وەرنـەدەگیرا، لـە (ئەبوعوبەیدە)و کەسانی ترەوە گێڕاویانەتەوە کەلەنوسـراوەکانی پێغەمبـەر(د.خ) بـۆ یەمەن ئەمەی تێدابوە:"لەموحەمەدەوە بۆ خەڵکی یەمـەن...،هەرکەسـێکی جولەکـە، یان گاور موسڵمان بێت ئەوە لەریزی بڕواداراندایەو هەموو مافێکی ئەوانی هەیەو هـەموو ئـەرکێکی ئـەوانی لەسـەرە، هەرکەسـیش بەجولەکـەیی بمێنێتـەوە زۆری لـێ ناکرێـت ولەسەرئەوە ئازار نادرێت، بەڵکو پێویستە سەرانە بدات"[٥]

## ئایا سەرانە باجی هاولآتی بوونە؟

دەوڵەت سروشتەکەی هەرچۆنێك بێت (دینی بێت یان مەدەنی) کۆمەڵێ مافی هەیەو لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك ئەرکی لەسـەرە، وەك پاراسـتنی هێمنـی و ئاسـایش، لەئەستۆ گرتنی ناوخۆیو ئەرکی تری لەم جـۆرە، بەهـەمان شـێوە مـافی هاولآتیـانی لەسـەرە کەبەسـەرمایەی مرۆیـی و ئـابووری پشـتیوانی لێبکـەن بـۆ هێنانـەدی ئـەو ئامانجانـەی کـە بەروبومەکـەی بـۆ هەموانـە، چـونکە ئەسـتۆی ئـەمنی و سیاسـی و ئـابووری هـەموو شـتێك تێـك دەشـکێنێت، هـیچ شـتێك وەك خـۆی لەشـوێنی خۆیـدا ناهێڵێتەوە، ئەمـەش راسـتیەکی مێژووییـە، هـەروەك وێنـەی ئـەم راسـتیە لـەجیهانی ئەمرۆماندا لەعێراق و شوێنانی تردا دەبینین.

---

٤ - زاد المعاد ٨٨/٢، تفسير بن كثير ٣٤٧/٢

٥ - الاموال: ٣٧

لــەم بارەیــەوە دەوڵــەتی ئیســلامی وەك هــەموو دەوڵەتــە کــۆن و نــوێ و پێشکەوتوەکانی ترە، مافێکی دارایی سـەپاندوە- بـۆ بەرژەوەنـدی ئاسایشـی تـاك و کۆمەڵ ولەپێناوی ئەستۆگرتنی هاولاَتیـان و دابـین کردنـی بژێویانـدا- بـەلاَم لـەنێوان دوو جۆر لەمافی (واجب)دا جیاوازی کردوە:

یەکەمیان: ئەو مافە داراییانەی کـە واتـای پەرستشـیان تێدایـە(وەك زەکـات) ئەمەیان ئیسلام وەك بەندایەتی ودابینکردنی بژێوی واجبی کردوە، ئەم مافـە داراییـە لەرووی بنەماو رێساوە پێویسـتی بەنیـەت هەیـە، کـە ئەمـەش بۆکەسـێك نیـە بـڕوای بەئیسلام نەبێت، بە عەقیدەو بیرو باوەڕو، شەریعەت و پڕۆگرامی ژیان.

لەبەرئەوە ئاساییە ئەم جۆرەیان تایبەتمەندی خۆی هەبێت لەرووی جێبـەجێ کـردن و ئاسـتی بـەواجب زانینیـەوە، یـان لـەو روەوە کەلەسـەر کـێ واجبـە، لەگـەڵ ئەمەشدا ئەگەر ناموسڵمانێك لەبری سەرانە بەمـەرازی بـوو ئـەوە دەوڵـەتی ئیسـلامی پێشوازی لێدەکات چونکە بڕی ئەمە یان لەدووەم زیاترە.

دووەمیــان: ئــەو مافــە داراییانــەی کــە بــەهیچ جۆرێــك تیایانــدا بــۆ واتــا بەندایەتیــەکان ناڕوانرێــت، لەبەرئــەوە لــەبری بــڕی ســەرفکردن یــان چــۆنیەتی سەرفکردن،...هتد دەگۆڕێت: لەم جۆرەیان رەچاوی دوو خاڵ دەکرێت:

١- داننان بەدەوڵەتی ئیسلامیدا، دانپیانانێك کۆمـەڵێك مـاف و ئـەرك بـەدوای خۆیـدا دەهێنێت لەسەر هەردوو لایەن(دەوڵـەت و ئـەوەی لەسـەر زەویەکـەی دەژی)ئەمـەش تەفسیری زۆربەی زانایانە لەوانە پێشـەوا شـافیعی بـۆ ئـەم وتەیـەی پـەروەردگار کـە دەفەرموێت: ﴿ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ ﴾ (٢٩) سورة التوبة

صاغرون: واتە تەسلیمبن بەدەوڵەتی ئیسلامی، رازین بەوەی خوا فەرزی کـردوە لەسـەریان لەپێـدانی بەشـێك لەسـەروەت و سـامانەکەیان بەدەوڵـەتی ئیسلامی.

٢- هاوبەشـیکردن لەگرتنـە ئەسـتۆی هەنـدێك لـەکارو ئەکـەکانی دەوڵـەتی ئیسـلامی لەپێناوی دابین کردنی هێمن و ئاسایشدا بۆ هاولاَتیان و، پاریزگاری کردنیان لەولاَت و بەرەنگاربوونەوەی هەرکەسێك چاوی تێ بڕیبێت لەهەرلایەکەوە، واتە هاوبەشی کردن

لەلایەنی ئەمنی و جەنگیەوە، سەرەڕای هاوبەشیکردن لـەبواری گەشـەپێدانو، دابـین کردنی بژێوی ودابینکردنـی بیمـەی کۆمەڵایـەتی بـۆ خـاوەن پێداویسـتیەکان، چـونکە ئەوبانکەی ئەم جۆرە پارەیە لەم کەسانە وەردەگرێت بریتیە لەبانکی (الضیء) [1]

داهاتەکەشـی لەگەشەسـەندنی فـرە لایەنـەو لـەژێرخانی ئابوریـدا سـەرف دەکرێـت، هـەروەها لـەدابینکردنی بـژێوی ودڵنیـای کۆمەڵایەتیـدا بـۆ هەرکەسـێك لەدەوڵەتی ئیسلامیدا بژی وهاولاتی ئەو دەوڵەتە بێـت بـە موسـڵمانی و ناموسـڵمانی ئەهلی زیممەوە.

کەواتە (الجزیە) لەرووە زمانەوانیەکەیەوە بەواتای (الجزاو) دێتو ئـەو شـتانە دەگرێتەوە کەباسمان کردوە، ئەم وشەیە وشەیەك نیە لەناواخنەکەیدا سوکایەتی بۆ هـیچ کـەس تێـدا بێـت، بـەلاَم هێرشـە ئیعلامەیـەکان وایـان کردوەهەنـدێك گومـان بەچواردەوریدا بوروژێنـدرێتو هەسـتیاری لەبەرامبەریـدا دروسـت ببێـت، لەبەرئـەوە هیچ کێشەیەکی تێدانیە ئەگەر بەهەر ناوێکی ترەوە ئەم بڕەپارەیە لەناموسڵمانەکان وەربگیرێـت، وەك بـاج یـان هـەرناوێکی تـر، بۆنمونـە، ئەگـەر ناونرێـت زەکـات هـیچ دژایـەتی کردنێکـی شـەرعی تێـدا نیـە، بـەڵکو ئـەم کارەمـان لەسـەردەمی پێشـەوا عومەردا(ر.خ) بینیوە کاتێك (بنو التغلب) رازی نەبوون بەو نـاوەوە سـەرانە بـدەن و وتیان ئێمە رازی نین بەناوی سـەرانەوە پـارە بـدەین، بـەلاَم بـەناوی زەکاتـەوە دوو ئەوەندە دەدەین، پێشەوا عومەریش داواکەی قبولْ کردن–وەك پێشتر باسمـانکرد– کەواتە ناو لێنان هێندەی وەرگرتنی پارەکەو سەرفکردنی لەبەرژەوەنـدی دەوڵـەتو نیشتیمان و هاولاَتیاندا گرنگ نیە.

### دەستەواژەی (الزمة):

هەروەك چۆن حەساسیەت و گومان بەچـواردەوری دەسـتەواژەی(الجزیـە) دا دروست کرا، بەهەمان شێوە لەبەرامبەر دەستەواژەیەکی ناسـکی تـردا کـە هـەڵگری چەندین واتای جوانی گەورەو ئامـاژەی ئینسـانی مەزنـە کەبریتیـە لەوشـەی (الزمـة)

---

[1] - لضيء

دروستكرا، وشەی (الزمة) بەواتای :گەردن، نەفس، پـەیمان دێـت، لەهەنـدێك دەقـی چەسپاوی شەرعیدا تەفسـیر كـراوە بـە(ذمـة الله) و(ذمـة رسـول الله)، چـونكە خـوای گـەورەو پێغەمبەرەكـەی وەعـدو پـەیمانی پارێزگـاری و ئاسـایش پـارێزی و چـاك دراوسێیەتی كردنیان پێداوە.

لەراستیدا قبوڵكردنی ئـاینی ئیسـلام– لەكاتێكـدا هێـزو دەوڵـەتی هەیـە– بـۆ ئـاینێكی تـرو ئامـادەبوونی هاوژیـانی لەگـەڵ شـوێنكەوتوەكانیدا بـێ زۆر لێكـردن و بەكارهێنانی توندو تیژی لەبەرامبەریاندا، تەنانەت تـەواوی پێـدانی مافـەكانیان وەك هاولاَتی دادەندرێت بەكودەتاكردن بەسەر بیرو بۆچونە پێشـوەكاندا لەلایـەن چـاخی پەیامداریـەوە، چـونكە مێـژوو لەمبارەیـەوە لـەرابردوودا ئـەوەی ئاینێـك تۆمـاری نەكردوە هاوژیانی لەگەڵ ئاینێكی تردا قبوڵكردبێت ئەگەر شوێنكەوتوانیان لەهـەمان نەتـەوەش بوبن،جولەكـە ئـاینی مەسـیحیان (د.خ) قبـوڵ نـەكرد، بـەڵكو هـەوڵی لەناوبردنی ئاینەكەو شوێنكەوتوەكانیاندا بەسەختترین شـێوازو زۆرێكـی زۆریـان لـێ كوشتن، تەنانەت هـەوڵی كوشـتنی مەسـیح پێغەمبەریانـدا(د.خ) ویسـتیان لەخاچـی بـدەن بـەلاَم پـەروەردگار رزگـاری كـردوو بـەرزی كـردەوە، بەهـەمان شـێوە كاتێـك گاورەكـان بوونـە خـاوەن دەوڵـەت و هێـز هەسـتان بەلـەناوبردن و سـەركوتكردنی جولەكەكان، ئەمـەش چـەندین جـار لـەپێش ئیسـلامدا رویـداوە، كـە جولەكـەكانیان كوشـتوەو ئەشـكەنجەیان داون و بـەخراپترین شـێوە دەرەبـەدەرو سـەرگەردانیان كردون.

## سـێ بنـەمای مـەزنی پەیوەندیـە نێودەوڵەتیـەكان لەئایەتـەكانی سورەتی( الممتحنه ) دا:

دەتوانین پەیوەندیە نێودەوڵەتیـەكان چ لـەباری ئاشـتیو چ لـەباری جەنگـدا لـە(سـێ) ئایـەتی سـورەتی(الممتحنـة)دا كـورت بكەینـەوە كەبریتیـە لـە، ئایەتـەكانی:﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ * لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن

دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ * إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ (٧-٩) سورة الممتحنة

ئایەتی یەکەم ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئاینی ئیسلام خوازیاری نەهێشتنی دوژمنایەتیە، خوازیاری چەسپاندنی خۆشەویستیە بەهەموو هۆکارە گونجاوەکان، ئایەتی دووەم پەیوەندیەکانی موسڵمانان بەناموسڵمانەکانەوە لەباری ئاشتیدا دەردەخەن، کەنابێت دەستدرێژی کردن ڕووبدات، پەیوەندیەکەش لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت:

١- کارو کرداری چاك.

٢- دادپەروەری و یەکسانی.

بەڵام ئایەتی سێیەم، سەبارەت بە ڕوونکەرەوەی پەیوەندیەکانی موسڵمان بەناموسڵمانەوەیە لەکاتی جەنگ و دوژمنایەتیدا، ئەمەش ڕادەوەستێ لەسەر یەکگرتنی موسڵمانەکانو لایەنگریان بۆ خواو بڕواداران بەخۆشویستن و هەوڵدان لەپێناوی سەرخستنیاندا، بەوەی کەپشتیوانی لە بێ باوەڕە دوژمنکارەکان نەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە تەنانەت ئەم پەیوەندیەش لەسەر بنەمای دادپەروەری و ویژدان بنیات بندرێت ئەگەرچی لەباری جەنگیشدا بێت.

ئەوەی زۆر گەورەو مەزنە لەم ئایەتەدا ئەوەیە، لەسورەتێکدا ئایەتەکانی هاتوون کەسەرەتاکەی بەدوژمنکاریەکانی دوژمنانی خوا دژ بەموسڵمانان دەست پێدەکات و، باس لەوە دەکات ویستویانە چی بەسەرموسڵماناندا بهێنن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاء تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاء مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ﴾ (١) سورة الممتحنةپاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا لَكُمْ أَعْدَاء وَيَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوءِ وَوَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ﴾ (٢) سورة الممتحنة

لەگەڵ ئەمەدا خوای گەورە لەحاڵەتی جەنگیشدا داوای دادپـەروەری و سـتەم نەکردن لەبڕواداران دەکات، قورئان دووپاتی ئەمە دەکاتەوە: ﴿ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَن تَعْتَدُواْ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى ﴾(٢) سورة المائدة، لەمەش گەورەتر ئەوەیە سورەتی (الممتحنة) لەپاش سورەتی (التوبة) و دابـەزیوە کـە بەهـەموو شـێوەیەك مەسـەلەی سـڕینەوە دووردەخاتـەوە، چـونکە سورەتەکە لەسەر ئەوە بەڵگە دەهێنێتەوە کەبت پەرستەکان بەهیچ جۆرێك خـاوەن و پابەندی وەعدو پەیمان نابن، بەڵکو ئەوان خیانەتیان لەخواو لەئیمانداران کـردوە، لەگــەڵ ئەمەشــدا ئــەم ئایەتانــە ئــەوە دووپاتدەکەنەوەکەپێویســتە موســڵمانان دادپەروەرانەو لەسەربنەماکانی دادپەروەری لەهەموو بارو دۆخەکاندا رەفتار لەگـەڵ ناموسڵمانەکاندا بکەن، چاکەکردن و چاکە کـاری بکەنـە بنـەمای پەیوەندیـەکانیان ئەگەر هاتو ئـەوان رێگـەی سـتەم و تۆقانـدن و کوشـتن و دەربـەدەرکردنیان لـەدژی موســڵمانەکان نەگرتەبــەر، لەبەرئــەوە رێســای مــەزنی ئیســلامی لەپەیوەندیــە نێودەوڵەتیەکاندا بریتیە لـەوەی کـەدابڕان و دوژمنایـەتی کـردن بـارێکی نائاسـاییەو تایبەتە بەکاتی جەنگ و دەستدرێژی کردنـەوە، جگـە لـەم کاتـە ئـیتر چـاکەکاری و چــاکەبەرامبەر کــرردن بنــەمای پەیوەندیەکانــەو، ئیســلام ئــارەزوی پچــڕینی پەیوەندیــەکان و دوژمنایــەتی کــردن ناکــات، بــەڵکو دەیــەوێت ئامرازەکــانی خۆشەویستی لەدەرونەکاندا بهێڵێتـەوە بەپاککردنـەوەی رەفتارەکـانو دادپـەروەری لەمامەڵکردنـدا، ئەمـەش لـەپێناوی هێنانـەوەی ئـەو رۆژەدا کـە هـەموو دەرونـەکان لەسەر خۆشەویستی ولەناو ئاشتیدا پێکەوە کۆدەبنەوە.

سەید قوتب دەڵێت: (ئەو رێسـایانە سـەبارەت بەمامەڵـەکردنی موسڵمانەکان لەگــەڵ ناموســڵماناندا دادپەروەرانــەترین رێســان کەلەگــەڵ سروشــت و ئاراســتەو تێڕوانینی ئەم ئاینەدا بۆ ژیانی مرۆڤایەتی بگونجێت، بەڵکو ئەوە تێڕوانینی ئیسلامە بۆ هەموو مرڤایەتی و بوونەوەر، کەخوایەکی تاك و تەنیا بەدیهێناوەو بەرەو لای ئەو خــوا تــاك و تەنیایــە دەڕوات، ئــەو بوونــەوەرەی لەدیزاینــە خــوایی و بڕیــارە ئەزەلیەکەیدا لەپشتی هەموو جیاوازی و فرە رەنگیەکـەوە هاوکـاری کـردن لـەنێوان

پێکهێنەرەکانیدا هەیە، هەر ئەم هاوکاریە بوەتە بنەمای یاسا نێودەوڵەتیەکەشی، کەباری ئاشتی لەنێوان خۆی و لەنێوان هەموو خەڵکیدا دەکاتە بارێکی ئاسایی‌و جێگیر، هیچ شتێك ئەم بارە تێکنادات مەگەر روودانی دەستدرێژی کردنە سەرو ناچاربوون بەبەرپەرچدانەوە نەبێت، یاخود مەترسی خیانەت کردن لەپاش پەیمان بەستنەوە نەبێت، یاخود بەکارهێنانی هێزو زەبرو زەنگ نەبێت لەبەردەم ئازادی بانگەوازکردن و ئازادی بیرو باوەڕدا، کە ئەمەش جۆرێکی تری دەستدرێژی کردنە، جگە لەم بارانە ئیتر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بەگشتی بریتیە لەئاشتی و خۆشەویستی و چاکەکردن و دادپەروەری.

پاشان ئەمە ئەو رێسایەیە کەلەگەڵ بیرو بۆچونی ئیسلامیدا دەگونجێت، ئەو بیرو بۆچونەی کەبەتەنها عەقیدەو بیرو باوەڕی کردۆتە قەزیەی نێوان موسڵمانان و بەرامبەرە جیاوازەکانیان، نرخی بیرو بۆچونەکان و تێکۆشانەکانی مرۆڤی موسڵمانی بەستۆتەوە بەوەوە کەبابەتەکە تەنها بابەتی عەقیدەو بیرو باوەڕە نەك شتێکی تر، لەنێوان موسڵمانان و ناموسڵماناندا شتێك نیە لەسەری دوژمنایەتی و جەنگ بکەن، جگە لەئازادی بانگەوازوئازادی بیرو باوەڕو چەسپاندنی پرۆگرامی خوا لەسەر زەویداو، بەرزکردنەوەی وشەی پەروەردگار.

ئەم ئاراستەیە لەگەڵ ئاراستەی هەموو سورەتەکەدا دەگونجێت کەبریتیە لەدەرخستنی نرخی عەقیدەو بیروباوەڕو بەئاڵاکردنی ئەو عەقیدەیە کە هەموو موسڵمانان لەژێریدا کۆبنەوە، جا هەرکەس لەگەڵ ئەمانەدا لەگەڵیدا راوەستا ئەوە لەموسڵمانانە، هەرکەسیش لەسەر ئەم عەقیدەیە لەدژیان جەنگی بەرپاکرد ئەوە دوژمنیانە، هەرکەسیش ئاشتی لەگەڵدا کردن و رێگری لەبانگەوازو بیروبۆچونیان نەکرد، رێگری خەڵکی نەکرد لەبڕواهێنان و بەربەستی دروست نەکرد لەنێوان خەڵکی و بیستنی بانگەوازەکەدا، بڕوادارانی لەسەر عەقیدەکەیان توشی بەڵانەکرد، ئەوە ئاشتی خوازو بێوەیە، ئاینی ئیسلام رێگر نابێت لەچاکەکردن لەبەرامبەریداو لەمامەڵەکردنی دادپەروەرانە لەگەڵیدا، مرۆڤی موسڵمان لەسەر ئەم زەویە بۆ بیروباوەڕەکەی دەژی، بیروباوەڕەکەی دەکاتە بابەتی سەرەکی لەگەڵ خۆیداو

لەگەڵ خـەڵکی و چـواردەورەکەیدا، هـیچ دوژمنایـەتی کردنێـك لەسـەر بەرژەوەنـدی لەئارادا نیە، هیچ جیهادو جەنگێك لەسـەر رەگـەز پـەرسـتی و، تـیرەو هۆزپـەرسـتی، زەوی پـەرستی، بنـەچە پـەرستی نیە، بەڵکو جیهاد لـەپێناوی ئەوەدایـە وشـەی خـوا بالآترین بێت، عەقیدەو بیرو باوەڕی ئیسلام پرۆگرامی جێبەجێ کراو بێت لەژیاندا)[1]

ئیسـلام چـەکی بـۆ ئـەوە هەڵنـەگرتوە عەقیـدەو بـیرو باوەڕەکـەی بـەزۆر بسـەپێنێت، خـوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿لاَ إِكْـرَاهَ فِـي الـدِّينِ ﴾ (٢٥٦) سـورة البقرة.

هـەروەها بـیرو بۆچـونی خۆسـەپاندن و خـۆ بەگـەورە گـرتن بیروبۆچـونێکی بەرپەرچدراوەیە لەئیسلامدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَـا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا﴾ (٨٣) سورة القصص

جـەنگ لـە ئیسـلامدا لـە پێنـاوی بـەرگری کـردن لـە دادپـەروەری و لابردنـی ستەمدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْـرِهِمْ لَقَـدِيرٌ﴾ (٣٩) سـورة الحـج، هـەروەها لـە پێنـاوی بـەرگری کـردن لـە چەوساوەکاندایە، دەفەرموێت: ﴿وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَـا مِـنْ هَـذِهِ الْقَرْيَـةِ الظَّـالِمِ أَهْلُهَـا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا﴾ (٧٥) سورة النساء

## بەڵگەنامەی مەدینە یەکەم دەستور بوو مـافی هـاوڵاتی بـونی بـۆ هـەمومان چەسپاند:

یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینە دروست بوو لەسەر ڕێسای برایەتی نێوان کۆچـەرو پشـتیوانە موسـڵمانەکان، لەسـەر ئـەو ڕێسـایەی کـە ئـەوان ئوممـەتێکی سـەربەخۆن، وەك یـەك لاشـە وان، دەسـتیان یـەك دەسـتە لـە دژی دوژمنـەکانیان، لەسـەر ڕێسـای دادپـەروەری و هـاوڵاتی بـوون و مـاف و ئەرکـە هاوشـێوەکان بـۆ ناموسـڵمانەکان، ئـەوە بـوو پێغەمبـەری خـوا (د.خ) بەڵگەنامەیـەکی نوسـی کـە زۆر

---

١- في ظلال القران: سيد قطب، ٣٥٤٤/٦- ٣٥٤٥

بەندی لە خۆ گرت بـوو تایبـەت  بـە جولەکـە ئـەم بەندانـەی نزیکـەی ٤٧ بەنـد بـوو لەوانە:

١- زیممـەتی پـەروەردگار یـەك زیممـەت، خـوارترین موسـڵمان دەتوانێـت لەسەری پەنابدات، موسڵمانەکان هەندێکیان پشتیوانی ئەوانی تریانن، ئەمەش تەنها بۆ ئەوانە جگە لەخەڵکی.

٢- هەر کەس لە جولەکەکان شوێنی ئێمە کەوت سەرکەوتن و پێشـەنگی بـۆ ئەوە دور لە ستەم کردن، رێگەش نادرێت کەس بەسەریاندا سەرکەوێت.

٣-ئاشتی کردنی موسڵمانان یەك دانەیە، هیچ موسڵمانێك لەجەنگدا لەپێناوی خوادا بۆی نیە بەتـەنها ئاشـتی بکـات، مەگـەر بەدادپـەروەری و بەشـێوازێکی گشـتی یەکسان بێت لەنێوانیاندا.

٤-هەر جەنگاوەرێك جەنگی لەگەڵ کردین، هەندێکیان شوێنی ئـەوانی تریـان دەگرنەوەو بەدوایاندا دەچن.

٥- لە هەر شتێکدا جیاوازی و ناکۆکیان بۆ درەوسـت بـوو ئـەوە حوکمەکـەی دەگێڕنەوە بۆ لای خواو بۆ لای موحەمەد(د.خ).

٦- پێویسـتە جولەکـەکان لەگـەڵ موسـڵمانەکاندا ببەخشـن  تـا ئـەوان لـە جەنگدا بن.

٧- جولەکـە خـەرجی لەسـەرە، موسـڵمانانیش خـەرجی خۆیـان لەسـەرە، لەنێونیانـدا پشـتێوانی کـردن و سەرخسـتن هەیـە لـەدژی هەرکەسـێك دوژمنایـەتی خاوەنی ئـەم بەڵگەنامەیـە بکـات، لـەنێون لایەنـەکانی بەڵگەنامەکەشـدا ئامۆژگـاری و ڕێنمای کردن هەیە، چاکە کردن و دورکەوتنـەوە لـە خراپـە هەیـە، سـەرکەوتنیش بـۆ ستەم لێ کراوە.

٨- دەسـت درێـژی ناکرێتـە سـەر هـیچ کـەس و ئازادییـەکانی بەرتەسـك ناکرێتەوەبەهۆی رەفتاری ئەو کەسانەی خۆیانەوە نەبێت

٩- ئەگەر هەر ناکۆکی و ناتەباییەك لـەنێوان لایەنـەکانی ئـەم بەڵگەنامەیـەدا ڕویدا کە مەترسی خراپەی لێدەکرا، بڕیار لەسەردانی دەگێڕرێتـەوە بـۆ لای خـواو بـۆ

لای موحەمەد پێغەمبەری خوا(د.خ)، ئەوەی خوای گەورە لەم بەڵگەنامەیەدا پەسەندی کردوە باشترین و چاکترین شتە.

١٠- پێویستە موسڵمان و جولەکە لە دژی هەر لایەنێك هێرش بکاتە سەر یەسریب پشتیوانی لە یەکتر بکەن.

١١- ئەگەر موسڵمانان بانگهێشت کران بۆ ئاشتەواییەك کەبیکەن، ئەوا ئەنجامی دەدەنو دەچنە ناویەوە، ئەگەر جولەکەکانیش بۆ هاوشێوەی ئەم بانگکران ئەوکاتە ئەوەی لەسەر موسڵمانان دەکەوێتە سەر ئەوانیش، جگە لەکەسێك کەلەسەر بنەمای دژایەتیکردنی ئیسلام بجەنگێت.

بەهەمان شێوە بەڵگەنامەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا داکۆکی لە ئازادی ئاینی کردۆتەوە، تیایدا هاتوە کە موسڵمانەکان ئاینی خۆیان هەیە، جولەکەکانیش ئاینی خۆیان هەیە، تەنانەت کاتێك کۆمەڵێك لە پشتیوانان ویستیان لە ڕێگای زۆر لێکردنەوە ئەو کوڕانەیان کە بوبونە جولەکە بیانگێڕنەوە بۆ ئیسلام، خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ﴾ (٢٥٦) سورة البقرة. بڕگەیەکی بەڵگەنامەکە بریتیە لەم دەقە: (جولەکە ئاینی خۆیان هەیە، موسڵمانانیش ئاینی خۆیان هەیە،)[١]

بەهەمان شێوە بەڵگەنامەکە دوپاتی ئەە دەکاتەوە هەر کەس بەرپرسیارێتی تاکەکەسی خۆی لە ئەستۆدایە، ئەمەش سەلمێنەری ئایەتی ﴿ وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ﴾ (١٦٤) سورة الأنعام. بەلاّم جولەکە نەبە بەڵگەنامەکە و نەبەناوەڕۆکەکەیەوە پابەند نەبون، ئەوان پەیمانەکانیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (د.خ) شکاند، بەهۆی ئەم پەیمان شکێنیەوە ئەوەیان بەسەر هات کەلە مێژودا باسکراوە.

بەلاّم تیرە و هۆزەکانی تر (لەسەرو هەموویانەوە قوڕەیش) و شوێن کەوتوانی ئاینەکانی تر کەلە چواردەوری مەدینەدا دەژیان بەهیچ جۆرێك بونی ئەم دەوڵەتەیان

---

١- دەقی بەڵگەنامەکە : الاستاذ محمد حميد الله لە (ا موعة الوثائقية السياسية) لاپەرە ٤١-٤٧

پێ قبوڵ نەبوو، بەڵکو بەهەموو هۆکارەکانی لێدان و دوژمنکاری بەرەنگاری بونـەوە، هەموو توانایەکیان خستە کـار بـۆ لـەناوبردنی یـەکجارەکی دەوڵەتەکـە، لەبـەر ئـەوە پەیوەندی ئەمانە لەگەڵ دەوڵەتەکـە پـەیوەنـدی هاوسـۆزی و هاوکـاری کـردن نـەبوو، بەڵکو پەیوەندی دوژمنایـەتی و جـەنگ و بەربـەرەکانێ بـوو، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـاینی ئیسلام توانی شـوێن کـەوتوەکانی لەسـەر دادپـەروەری و سـنور پاراسـتن پـەروەردە بکات، ئەوەش شتێکی ئاساییە ئەم دەوڵەتـە بـەرگری لـە خـۆی بکـات، ئەوەتـە ئـەم گیانی پارێزگاری لە خۆکردنە لەیەکەم ئایەتی تایبەت بە ڕێگەدان بـە جیهـاددا بـەدی دەکەین، دەفەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ (٣٩) سورة الحـج

پاشان ئایەتی دووەم بیانوەکانی جیهاد و جەنگ ڕوون دەکاتەوە کـە بـریتین لەوەی موسڵمانەکان ستەمیان لێ کراوە و بەناڕەوا لە زێدی خۆیـان دەرکـراون، لەبـەر ئـەوە ئـەوان پارێزگـاری لـە گیـانی خۆیـان دەکـەن، ئـەوان لـە بەرامبـەر سـتەمدا ڕادەوەستنەوە، پارێزگاری لە عەقیـدەو بیروبـاوەڕ و پەرسـتگاکان دەکـەن، تەنانـەت پەرستگای ناموسڵمانەکانیش، خوای گەورە دەفـەرموێت ﴿الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَـارِهِمْ بِغَيْرِ حَقّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَـن يَنصُـرُهُ إِنَّ اللَّـهَ لَقَـوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ (٤٠) سورة الحـج

لەبەر ئەوە جەنگ لە دیدو بۆ چونی ئیسـلامەوە پێداویسـتیەکە لـە کـاتی زۆر ناچاریدا نـەبێت پـەنای بـۆ نابرێـت، وەك داخسـتنی دەرگاکـان لەبـەردەم بانگـەوازی ئیسـلامیدا، بـەڵام بـاری ئاسـایی بریتیـە لـە هاوبەشـی ناموسـڵمانەکان لـە دەوڵـەتی ئیسـلامیدا لەڕێگـەی دانـی سـەرانەوە کـە بریتیـە لـە هاوبەشـی ناموسـڵمانەکان لـە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئاسایش و هـاوڵاتی بونـدا، لەبەرامبـەردا موسـڵمانان ئـەرکی زیاتریان دەکەوێتە ئەستۆ لە ئەرکە داراییەکان و زەکات دان و شـتی تـری لـەمجۆرە، لەبەر ئەوە موسڵمانان لە دژی بەرامبەرەکانیان دەستپێشخەری جەنگ ناکەن، ئەگـەر

ئـەوان بەیاسـای ئیسـلام ڕازی بـون ئـەوە شـتێکی زۆر باشـە، ئەگـەر ڕازی نـەبون پێویستە سەرانە بدە، کەبە واتای پاراستنی ئاسایش و هێمنی ژیان دێت.

ڕێکەوتننامەی حودەیبیە لە جوانترین واتاکانیدا بەڵگەی ئەم ڕاستیە دەخاتـە ڕوو کاتێـك پێغەمبـەرلای خـوا (د.خ) کۆمـەڵێك مـەرجی قبـوڵ کـرد کەلـە ڕوکـاری دەرەوەیاندا ستەم و مـاف خـواردنی موسڵمانەکانی تێدا بـوو، بـەڵام ئـەو فـەرموی: (سوێند بـەخوا قـوڕەیش بـۆ هـیچ پلانـێ بـانگم ناکـەن سـیلەی ڕەحمـی تێـدا بێـت و وەڵامیان نەدەمەوە، بەڵکو دەچم بەدەمیانەوە و قبوڵی دەکەم)[1]

مەزنتر لەمە خوای گەورە ڕێکەوتننامەی حودەیبیەی بە (الفتح المبين) ناوبرد، سورەتێك دەربارەی هاتە خوارەوە بەناوی (الفتح) ەوە،قورئانی پیرۆزیش لە ئایەتێك زیاتردا داکۆکی لەم پرۆگرامە کردۆتەوە، دەفەرموێت: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ (٦١) سورة الأنفال

لـە ڕووی فیقهیشـەوە، کـۆی زانایـان (حەنـەفی و، مـالیکی و، شـافیعی و، حەنبەلیەکان)[2] دەڵێن: پێویستە پێش جەنگ بانگـەواز بـۆلای خـوای گـەورە بکرێـت، بەڵگە بەم ئایەتە دێننەوە کە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَـذِّبِينَ حَتَّـى نَبْعَـثَ رَسُـولاً﴾ (١٥) سورة الإسراء

وەسـێتی پێغەمبـەری خـوا (د.خ) بـۆ هاوەڵـەکانی لەکاتێکـدا لـە ئـەرك و فرمانێکی گرنگدا دەینارد بۆ شوێنان، تەنانەت لەگـەڵ بتپەرستەکانیشـدا ئەمـە بـوو: (..... ئەگەر بە دوژمنە بتپەرستەکەت گەیشـتیت بـۆ یـەکێك لـەم سـێ تایبەتمەندیـە بانگی بکە، بۆ هەرکامیان وەڵامیـان دایتـەوە و قبوڵیـان کـرد تـۆش لێیـان وەرگـرە و وازیان لێ بهێنە، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام......)[3]

تەنانەت (عبداللەی کوڕی عەباس) (وەرگێـڕی قورئـان و مرەکـەبی ئوممـەت) (ڕ.خ) ئەم بابەتەی یەکلای کردۆتەوە بەشـێوازی کـورت کردنـەوە و دەڵێـت (هـەرگیز

---

١- رواه البخاری مع فتح الباری ٣٢٩/٥
٢- سەیری: مجمع الا ر ٦٣٥/١ بکە
٣- صحیح مسلم ١٣٥٧/٣

پێغەمبــەری خــوا لەگــەڵ نەتــەوە و هۆزێکـدا نەجــەنگاوە تــاکو بــانگی نــەکردبن بــۆ ئیسلام)[٤]

سەبارەت بـەهێرش کردنـی پێغەمبـەری خـوا(د.خ) بـۆ (بنـی مصـطلق) بـەوە پاسـاو دەداتـەوە کـە ئـەوان بـە خـۆ ئامـادەکردن بـۆ هێرشـکردنە سـەر مەدینـە دەستپێشخەریان کرد، پێغەمبەریش (د.خ) لە هێرشکردندا پێشیان کەوت، ئەمـە لـە کاتێکدا کەئەوان بانگەوازی ئیسلامیان پێگەشتبوو.

## چـەند نمونەیـەك لـە پەیمانـەکانی پێغەمبـەری خـوا (د.خ) بـۆ گـاورو جولەکەکان:

سەرەڕای ئەو بەڵگەنامەیەی پێغەمبەری خوا(د.خ) بـۆ دیـاریکردنی چۆنیەتی پەیوەندیەکانی خـۆی بـە جولەکەکانـەوە ئیمـزای کـرد، کـە تـەعبیر بـوو لـە حاڵـەتی ئاشتیو، تیایدا دان بەهەموو مافە ڕەواکـانی هـاوڵاتی بونـدا نرابـوو، سـەرەڕای ئەمـە پێغەمبەری خوا (د.خ) هەندێك پەیماننامەو گرێ بەستی لەگـەڵ گـاورو جولەکەکانـدا ئیمزا کرد، لەوانە:

ئەو پەیماننامەیەی پاش گەڕانەوەی لە جەنگی تەبوك لە ساڵی (٩)ی کۆچیدا لەگەڵ گاورەکانی (نـەجران) دا بەسـتی، کەبەڵگەیـە لەسـەر لوتکـەی دادپـەروەریو، لێبوردن و ئازادی، ئەوە بـوو ئـازادی ئـاینی پـێ بەخشـین و، پارێزگـاری لێکردنیـانی لەئەستۆ گرت، باش دراوسێیەتی کردنیـانی چەسـپاند، جگـە لەشـتێکی ڕەمـزی کـەم نەبێـت سەرانەشی لەسەر فەرز نەکردن، لەو پەیماننامەیەدا هاتوە:

نـەجران و دەسـتەو تاقمەکـەی لـە پـەنای پـەروەردگاردان........ هەرکـەس داوای مافێکیـان لێبکـات پێویسـتە بەویـژدان و دادپـەروەربن دور لـە سـتەم کـردن و ستەم لێکران، هیچ کەسێکیشیان بەستەمی کەسێکی تریان تاوانبـار ناکرێـت، هـەموو ئەوانەی ئەم نوسراو دەستورە دەیانگرێتەوە لەپـەنای پـەروەردگاردان، وە بـەردەوام

---

٤- مسند أحمد ٢٣١/١

له زیممەتی پێغەمبەری خودادان (د.خ) تا ئەو کاتەی پەروەردگار فەرمانی خۆی دێنێت، بەو مەرجەی ئامۆژگاری و چاکسازی لەنێوان خۆیاندا ئەنجام بدەن.

هەروەها پاش ئەوەی بەسەر جولەکەکاندا هات لە ڕۆژی ئەحزابدا لە مەدینە و پێغەمبەری خوا پەیمان و دڵنیای پێدان و، پاش ماوەیەکی کەم لەدوای جەنگی خەیبەرەوە بۆ ژمارەیەك لە تاقمە جولکەکانی باکوری دورگەی عەرەبی نوسی، لەوانە بۆ (بنی جنبە) کەلەسەر کەنداوی عەقەبە بون، بەهەمان شێوەی کرد لەگەڵ (بنی غادیا) و خەڵکی (حرباء)و، (اذرح) کە جولەکە بون، (( بەم شێوە پێغەمبەری خوا(د.خ) توانی ئەم دەستە و تاقمە جولەکانە بگۆڕێت بۆ چەندین کۆمەڵە و تاقمی هاونیشتیمانی  لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئەو سەرانەیەی لەسەری دانابوون لە باجی کاش و باجی شت و مەك دەیاندا بە دەوڵەت، لە ژێر هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەپارێزران، لەژێر سێبەری دادپەروەری و لێبوردنەکەیدا ژیانێکی خۆشیان بەسەر دەبرد....، چەندین گێڕانەوە و دەقی مێژوویی دیکە هەن کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا لە پاش جەنگی خەیبەرەوە لێبوردانە لەگەڵ جولەکەکاندا مامەڵەی دەکرد، تەنانەت ئامۆژگاری نێراوەکەی خۆی (معازی کوڕی جبل)ی کرد: (نابێت بەزۆر جولەکە لە جولەکەییەکەیان لابدرێت)، هەر بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ جولەکەکانی بەحرەیندا کرا، جگە لەو سەرانەیەی لەسەریان دانرا داوای هیچ شتێکی تریان لێ نەکراو  لەسەر ئاینی باو باپیریان مانەوە))[1]

لەڕاستیدا پێگەی جوڵە و بزاوتنی ئیسلام لە ڕوانگەی حەتمی بونی جیاوازیەکانەوەیە ﴿ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ ﴾ (١١٩) سورة هود بۆ قبوڵکردنی ئەوی تر و پارێزگاری لێکردنیەتی، سەرانەش لە ناواخنیدا جگە لە داننان بەبەرامبەردا و تێڕوانینی وەك هاوڵاتی هیچ شتێکی تر نیە، چونکە برێك ئەرکی دارایی دەخرێتە سەری لەپێناوی دابینکردنی ئاسایشدا بۆی، (سیر تۆماس ئارنۆڵد) کە ئێمە لەم بوارەدا پشت بەهەندێك لە شاهیدیەکانی دەبەستین لەکتێبە بەناوبانگەکەی (بانگەواز

---

١- د.عمادالدین الخلیل: المسلم و الاخر: رؤیة تاریخیة في جملة الاسلامیة العرضة ژمارە ٣٣

بـۆ ئیسـلام (the preaching to Islam))دا کـە چـەندین شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی پشـت ئەسـتور بەبەڵگەنامـە و دەقـەکانی لـەخۆگرتوە سـەبارەت بـەو شێوازە مرۆڤانەیەی ئیسلام لەگەڵ شوێنکەوتوانی ئاینزاکانی تردا مامەڵـەی پێکـردوە دەڵێت:

(... کاتێك خەڵکی (حـیرە) ئـەو بـڕە پـارە دیـاریکراوە یـان هێنـا ڕاشـکاوانە وتیـان بەمـەرجێك سـەرانە دەدەن کـە(خۆتـان و سـەرکردەکەتان بمانپـارێزن لـە دەستدرێژی لەلایەن موسڵمانانەوە بێت یان هەر لایەنێکی ترەوە)،

هـەروەها لـەو ڕێککەوتننامەیـەی (خالیـدی کـوڕی وەلیـد) لەگـەڵ خـەڵکی شارەکانی دراوسێی حیرەدا ئیمزای کرد هاتوە: (ئەگەر ئێوەمان پاراست سـەرانەمان بدەنێ، وەئەگەر نەمان پاراستن هیچ مەدەن).

هەروەها دەتوانین لەو ڕوداوەی لـە سـەردەمی (خەلیفـە عمـردا) (ر.خ) ڕویـدا حوکم بدەین بەسەر ئاستی دانپیانانی موسڵمانان بەبەرامبەرەکانیاندا:

کاتێك (هێرقـل)ی ئیمپڕاتـۆڕ سـوپایەکی زەبـەلاحی کـۆکردەوە بـۆ بـەرەنگار بونەوەی سوپای موسڵمانان، پێویست بوو لەسەر موسڵمانەکان بۆ بەدەسـت هێنـانی سەرکەوتن هەموو توانایەکیان چڕ بکەنـەوە لـەو جەنگـەی بـەرەو ڕویـان دەبویـەوە، کاتێك (ئەبو عبیدە) بەمەی زانی نامەی بۆ فەرمانڕەوای شـارە تـازە ڕزگارکراوەکـانی شـام نوسـی و تیایـدا داوای لێکـردن ئـەو سـەرانەیەی لەخـەڵکی ئـەو شـارانەیان کۆکردۆتەوە بۆیان بگێڕنەوە، نوسیبوی:

(ئێمـە پـارەو پولـەکانمان بـۆ گێڕانـەوە، چـونکە هـەواڵمان پێگەشـتوە کـە سوپایەکی زەبەلاح لەدژمان ئامادەکراوە، ئێوەش کردبوتانە مـەرج کـەکاتێك سـەرانە دەدەن بتانپـارێزین، بـەڵام ئێمـە نـاتوانین ئـەو کـارە بکـەین، لەبـەر ئـەوە چـیمان لێ وەرگرتون بۆ مان گێڕانەوەو ئێمە لەسەر پەیمان و مەرجی خۆمـانین، سـورین لەسـەر ئـەوەی لـە نێوانمانـدا نوسـراوە ئەگـەر خـوای گـەورە بەسـەریاندا سـەری خسـتین) بەمشـێوەیە بڕێکـی بـێ شـومار پـارەی لـە دەوڵـەت وەرگرتـەوە و گێڕایـەوە بـۆ

خاوەنەکانیان، مەسیحیەکانیش نزای بەرەکەت و سەرکەوتنیان بۆ سەرکردەکانی موسڵمانان کردو، گوتیان:

(خوای گەورە ئێوە بۆ ئێمە بگێڕێتەوە و سەرتان بخات بەسەر ڕۆمەکاندا، ئەگەر ڕۆمەکان بونایە هیچیان بۆ نەدەگێڕاینەوە، بەڵکو هەرچیەکمان هەبوو ئەوەشیان دەبرد)

بانگەوازکردن بەدانایی و لەڕێگەی ئامۆژگاری جوانەوە هەموان دەگرێتەوە:

لەتێڕوانینی ئیسلامەوە ئەم پەیامە پەیامی بەختەوەری دنیاو قیامەتە، پەیامی رەحمەتە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ﴾ (١٠٧) سورة الأنبياء، لەبەرئەوەی موسڵمانەکان بەرپرسیارکراون، لەبەرامبەرە گەیاندنیدا بەخەڵکی دوور لەتوندوو تیژی وزۆر لێکردن چونکە﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ﴾ (٢٥٦) سورة البقرة، بەڵکو بەمژدەوان بەئامۆژگاری و چاکە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾ (١٢٥) سورة النحل.

ئەمە جگەلەوەی خوای گەورە شوێنکەوتووی ئاینە ئاسمانیەکانی تایبەت کردوەلەوەدا کەگفتوگۆو مشتومڕیان بەجوانترین شێوە لەگەڵدا بکرێت، دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ ﴾ (٤٦) سورة العنكبوت.

تەنانەت لەرووی کرداریەوە خوای گەورە فەرمان بە(موسا پێغەمبەر) و (هارون) دەکات(د.خ) کەبەوتەی جوان و ناسك و هێمن لەگەڵ (فیرعەون)دا بدوێن، دەفەرموێت: ﴿اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى*فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى﴾ (٤٣-٤٤) سورة طه.

بە پێغەمبەریش(د.خ) دەفەرمویت: ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾ (٢٢) سورة الغاشية، داوای لێدەکات بانگەوازەکەی بەدانای و لەرێگەی ئامۆژگاری جوانەوەی بکات.

## جێبەجێکردنـــە کرداریـــەکان بـــۆ پەیوەندیـــە نێودەوڵەتیـــەکان لـــەکاتی ئاشتیدا:

ئیسلام بەتەواوی واتا داکۆکی لـەپارێزگاری کردنـی ئاسـایش و سـەلامەتی و ئاشـتی و ئـەو پەیماننامـەو بەڵگەنامانـە دەکـات کەلـەنێوان دەوڵـەتی ئیسـلامی یاموسڵمانان و، لەنێوان دەوڵەتان و کەسانی ناموسڵماندا ئیمزاکراون، کۆمەڵێك دەقی ئاشـکراو راشـکاو هەیـە فـەرمان بەبـەڵێن و پـەیمان پـارێزی دەکـەن، خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ﴾ (١) سورة المائدة. ﴿وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾ (٣٤) سورة الإسراء

وەفا بەبەڵێن وپەیماننامەکانی کردۆتە یـەکێك لەسیفەتی بـڕواداران، پـەیمان شکاندنی کردۆتە سیفەتی بێ بڕوایان ودووڕوەکان، خوای گەورە لەوەسفی موسـڵمانە چاکەکاندا دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ﴾ (٨) سورة المؤمنون

تەنانەت قورئـانی پـیرۆز رێگـەنادات بەدەوڵـەتی ئیسـلامی بـۆ شـکاندنی ئـەو پەیماننامانەی لەگـەڵ دەوڵـەتانی تـردا بەسـتویەتی بەمـەرجێك بەرامبـەرەکان نـەیان شکێنن.

ئەو (بیست و پێـنج) ئایەتـەی سـورەتی ئـەنفال (٥٥-٧٥)کـە لـەکۆتای ئـەو سورەتانە بـوو دابـەزین بـۆ پێغەمبـەر(د.خ)، وێنەیـەکی روون و ئاشـکرای پەیوەندیـە دەرەکیەکانی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەت و دەسـتەو گـروپ و سـەربازگەکانی تـــری تێدایـــە. بەچەشـــنێك دەرگـــا دەکاتـــەوەو رێگـــا دەدات بەبەســـتنی هـــەر هاوپەیماننامەیەکی پێکەوە ژیان لەنێوان سـەربازگە جیـا جیاکانـداو داوای پاراسـتنی پەیماننامەکان دەکات تادوا سنور، لەگەڵ رێزگرتنـی تـەواوی پەیماننامەکـەو جدیـەت بوونی تەواو لەمامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەمەش لەرێگەی ئەم تێگەیشتنانەوە:

١- پێویستی پارێزگاری کردن لەگرێبەستەکان: خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿يَـا أَيُّهَـا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُـواْ بِـالْعُقُودِ﴾ (١) سـورة المائـدة)، هـەروەها پاراسـتنی پەیماننامـەو گرێبەســـتەکان لەهەڵوەشـــاندنەوەی، چـــونکە خـــوای گـــەورە هەڵوەشـــاندنەوەی

پەیماننامەی بە(خراپترین ئاژەڵ ناوبردوە)، دەفەرموێت: ﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ*الَّذِينَ عَاهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لاَ يَتَّقُونَ﴾ (٥٥-٥٦) سورة الأنفال

٢- ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی پەیماننامەیەکی لەگەڵ کەسانی تردا هەبوو دەترسا لەوەی پەیماننامەکە بشکێنن، لەو کاتەدا پەیماننامەکەیان بۆ دەگێڕێتەوەو ئاگاداریان دەکاتەوە لەوترسەی بۆی دروست بوە، بەڵام خیانەتیان لێناکات، چونکە خوای گەورە خیانەتکارانی خۆشناوێت، ئیسلام دەیەوێت پەیمانەکان پارێزراو بن و گرێبەستەکان بپارێزرێن و پەیماننامەکان ئیلتیزامیان پێوە بکرێت، جا ئەگەر موسڵمانەکان بینیان بەرامبەرەکانیان پابەند نین بەبەڵێن و پەیماننامەکانیانەوە و خیانەت دەکەن، لەوکاتەشدا بۆ موسڵمانەکان رەوانیە خیانەت بەخیانەت وەڵامبدەنەوە، پەیمان شکاندن بەپەیمان شکاندن وەڵامبدەنەوە، بەڵکو دەبێت راشکاوانە قسەیان لەگەڵدا بکەن و، پەیماننامەکەیان بۆ بگێڕنەوە، یاخود مۆڵەتیان بدەنێ، لەبەرئەوە ئیسلام مرۆڤایەتی بۆ ئاستێکی زۆر بەرز لەرێزو دامەزراوی بەرز دەکاتەوەو، بەرەو ئاسۆکانی ئاسایش و دڵنیای و شەقامگیری و، دوور بون لەترس و خیانەت دەیانبات.

٣- پێویستی ئامادەکردنی هێز تاکو دوژمنانی ئیسلام چاو نەبڕنە دەوڵەتەکەی، ئەمە لەم سەردەمانەدا بەبیردۆزی هێزی بەرپەرچدەرەوە ناودەبرێت، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ﴾ (٦٠) سورة الأنفال

٤- ئەگەر بەرامبەرەکان ئاشتیان هەڵبژارد ئەوە دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە ئاشتی هەڵبژێرێت، لەگەڵ پشت بەستنیدا بەپەروەردگارا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ (٦١) سورة الأنفال.

٥- نابێت مامەڵەکردن لەسەر بنەمای گومان و دوو دڵی بێت، لەبەرئەوە قورئانی پیرۆز داکۆکی کردوە لەسەر دەستگرتن بەئاشتی دادپەروەرانەو گەردن کەچ بوون بۆی، تەنانەت ئەگەر مەترسی خیانەت لەبەرامبەرەکەشەوە دەکرا بەو مەرجەی دەوڵەتی ئیسلامی خاوەنی هێزێکی بەرگری بێت کەتوانای بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن يُرِيدُواْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللّهُ هُوَ الَّذِيَ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾ (٦٢) سورة الأنفال

٦- زەرورەتی دروستکردنی شان و شەوکەت بۆ ئیسلام و ئامادەکردنی ئیرادەیەکی بەهێزو، ئامادەباشیەکی بەردەوام بۆ پارێزگاریکردنی ئوممەت ،نەك بۆ دەستدرێژی کردن، چونکە خوای گەورە دەست درێژیکاری خۆش ناوێت.

٧- زەرورەتی داکۆکی کردن لەسەر خۆشەویستی و پشتگیری کردنی موسڵمانان لەیەکتر لەبەرامبەر پشتیوانی کردن بێ باوەڕان لەیەکتردا، نابێت بەردەوام ئوممەتی ئیسلامی بەپەرتەوازەی بمێنێتەوە، دوژمنەکانیشی یەکگرتوو بن و تیرەکەیان لەیەك کەوانەوە بهاوێژن، گەورەترین بەڵاوخراپە ئەوەیە کە موسڵمانان تێگەیشتنێکی دروستیان بۆ پشتیوانی کردن(الولاو) نەبێت، دەفەرموێت: ﴿وَالَّذينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ﴾ (٧٣) سورة الأنفال.

٨- ئەوانەی هیچ کەسیان ناوێت لەپەیمان و دراوسێیەتی خراپەکردنیان دڵنیابێت، ئەوانە سزاکەیان بریتیە لەترساندنیان و، لێدان لەدەستیان بەتوندی تاکو ئەم رەفتارە ناشرینە واز لێبهێنن.

٩- پێویستە دروستکردنی پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای راشکاوی و پاراستنی پەیمان و بەڵێننامەکان بێت، لەسەر بنەمای خیانەت نەکردن و دورکەوتنەوەلەمیکافیلیەت بێت، سەید قوتب دەڵێت: (ئیسلام ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی دەوێت کەبەرز بێتەوە، ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی دەوێت پاك و بێ غەلو غەش بێت، هەرگیز رێگە بەخیانەت نادات لەپێناوی سەرکەوتندا، چونکە بۆ بەرزترین و جوانترین ئامانج و مەبەستەکان تێدەکۆشێت، رێگە نادات بەئامانجێکی پیرۆز هۆکارێکی بۆگەنی بۆ بەکاربهێنێت، بەراستی ئیسلام رقی لە خیانەتە، خائین و پەیمان

شکێنەکان بەسوك سەیر دەکات، کەواتە پێویستە لەسەر موسـڵمانان لـەپێناوی هـیچ ئامانجێکدا هەرچەندە پیرۆز بێـت خیانـەت نەکـەن، دەرونـی مـرۆی یەکەیەکـە کـەرت کەرت ناکرێت، هەرکات بەکارهێنانی هۆکارێکی قێزەونی بۆخۆی حەڵاڵ کرد ناتوانێـت بەردەوامبێت لەسەر پارێزگاری کردن لە ئامانجە پیرۆزەکان، ئەو کەسەش موسـڵمانی تەواو نیە کەبیانو بەئامانج دەهێنێتەوە بۆ هۆکار، ئەم بیرو ڕایە(ئامانج دەبێتـە بیـانو بـۆ بـەکارهێنانی هۆکارەکـان) بیروڕایـەکی نامۆیـە بەهەسـتی ئیسـلامی و هۆشـیاری ئیسلامی)[1]

١٠– لەبەڵگەکـەکانی پارێزگـاری کردنـی موسـڵمانان لەپەیمانـەکانیان لەگـەڵ جگـە لەخۆیاندا ئەوەیە ئەگەر هاتوو کۆمەڵێك موسڵمان هەبوون کەپەیوەنـدیان بەدەوڵـەتی ئیســـلامیەوە نـــەکردبوو، بـــەلاَم داوای پشـــتگیری دەوڵـــەتی ئیســـلامیان دەکـــرد لەسەرخســـتنی ئاینـــدا، ئـــەوە دەوڵـــەت وەلاَمیـــان دەداتـــەوە بـــەو مەرجـــەی ئـــەو وەلاَمدانەوەیە لەسەر حسابی شکاندنی پەیمانێك نەبێت کەلەنێوان دەوڵەتی ئیسـلامی و سەربازگەی بەرامبەردا هەبێت، ئەگەرچی ئەو سەربازگەیە دەستدرێژیش بکاتە سەر ئەو موسڵمانانە لەرووی ئاینی و بیرو باوەڕیانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ (٧٢) سورة الأنفال

## مافەکانی ناموسڵمانان لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا :

لەسەر روناکی ئەو رێبازەی هەڵم بژاردوە، کەبریتیە لەرێبازی (فیقهـی پێوانـە کردن) ئەوا ناموسـڵمانەکان لـەژێر سـێبەری جەنگدا بـارودۆخ و مافـەکانیان جیـاواز دەبێت لەوەی لەباری ئاسایدا بن، لەبەر رووناکی ئەمەدا دەڵێین:

<u>یەکەم</u> : ئەو ناموسڵمانانەی ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئیسلامی و لەگـەڵ موسـڵمانانـدا هەر لەدێر زەمانەوە دەژین، ئەوانـە هـاوڵاتین و تـەواوی مافـەکانی هاوڵاتیـان هەیـە، هەمان بەرپرسیاری ئەوانیشیان لەسەرە، هیچ کەس لـەم یاسـایە بەدەرنیـە، مەگـەر

١- سيد قطب : في ظلال القران. ٣/ ١٥٤٢

کەسێك بەیاساو برگەیەکی تایبەت کەدەقێکی راشکاوی روونی لەسەربێت جیاکرابێتەوە، یاخود بابەتەکە پەیوەندیدار بێت بەمافە پێگەیشتوە تایبەتیەکانی وەك ئاینی زۆرینە، یاخود کەمینەوە.

ئەم جیاکردنەوەیە رەوایە تەنانەت لەژێر سایەی ئەم سیستەمە هاوچەرخانەدا کە هەندێکیان یان زۆرینەیان ئەوەیان بەمەرج داناوە سەرۆکی وڵات دەبێت مەسیحی بێت بۆنمونە، لەبەرئەوە بەمەرجگرتنی ئەوەی سەرۆکی وڵات پێویستە شوێنکەوتەی ئاینی زۆرینە بێت کارێکی رەوایەو ژێری قبوڵیەتی، تەنانەت لەمرۆماندا کەبانگەشەی دیموکراتیەت دەکرێت ئەم یاسایە پیادە دەکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی هاوشێوەی ئەم مەرجانە هیچ لەناوەرۆکی یەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا ناگۆرێت، وەهیچ گۆڕانێك بەسەر پایەکانی هاوڵاتی بوندا ناهێنێت، ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەمە:

١– بەڵگەنامە، یان پەیماننامە، یان دەستوری یەکەمی مەدینە، مافی هاوڵاتی بون و ئازادی ئاینی دابین کردبوو، هەروەها مافی هاوپەیمانی کردن بەمەرجێك لەگەڵ دوژمناندا نەبێت – وەك لەپێشەوە باسمان کرد –.

٢– رێسای گشتی لەمافەکانی ئەهلی زیمەدا بریتیە لە: (هەرچیەك بۆ ئێمەیە بۆ ئەوانیشە، هەرچیەك لەسەر ئێمەیە لەسەر ئەوانیشە).

لەمبارەیەوە پێشەوا عەلی(ر.خ) دەڵێت: (ئەوان لەبەرئەوە سەرانەیان قبوڵکرد تاکو سەروەت و سامانیان وەك سەروەت و سامانی ئێمەی لێبێت، خوێنیان وەك خوێنی ئێمەی لێبێت)[1]

هەروەها ژمارەیەکی زیاد دەق هەیە سەبارەت بەمافەکانیان و سەبارەت بەپاراستنیان – لەمەودوا باسیان دەکەین –.

شایەنی وەبیرهێنانەوەیەکە دەستەواژەی (اهل الذمـة) بەواتای (اهـل عهـد وذمة الله ورسوله) دێت.

١- د. جعفر عبدالسلام : علاقة الدولة الاسلامية بالدول الاخرى. ص ٥

دووەم: وردەکاریـــەکانی ئـــەم مافانـــە زاناکانمـــان لـــەکۆن و نوێـــدا باســـیان کردووەو، کتێبە فیقهیەکانی مەزهەبـە بەناوبانگـەکان بەدرێـژی لەسـەری دواون، لـەو زانـاو هاوچـەرخانەی کـە بـەدوورو درێـژی و تێـرو تەسـەلی باسـیان لەمـە کـردوە، مامۆستای (عبدالكريم زيدان) و، پایە بەرز شـێخ يوسـف القرضـاوی یـە، کەپشـتیان بەژمارەیـەکی زۆر لـەدەقی قورئـان و سـوننەت بەسـتووە، ئێمـە بـەکورتی باسـیان دەکەین :

١- پێویستە دەوڵەتی ئیسلامی لەدەسـتدرێژی دەرەکـی بیـان پارێزێـت و، بـەرگریان لیێبکـات، پێویسـتە دیلـەکانیان رزگـار بکـات و، تەنانـەت کـۆی زانایـان ئـەوەیان گواستۆتەوە کەپێویستە دەوڵەتی ئیسلامی بچێتە جـەنگی هەرلایەنێکـەوە جـەنگیان لەگەڵ بکات ئەگەر چی تاك تاك لەولاتەکانیشدا بن.[٢]

(قەراغی) دەڵێت: (پەیماننامەی لەئەسـتۆگرتن کۆمـەڵێك مـافی ئێمـە لەسـەر ئێمـە واجـب دەکـات، چـونکە ئـەوان دراوسـێی ئێمـەن و لەناومانـدا دەژیـن، ئـەوان لەئەسـتۆی خـوای پـەروەردگارو، ئەسـتۆی پێغەمبـەری خـواو ئـاینی ئیسـلامدان، هەرکەسێك دەستدرێژی بکاتە سەریان ئەگەر بەتەنها وشـەیەکیش بێـت یـان بەنمـەی نەتی؟ ناموسی یەکێکیان بێـت، یـان بەهـەر جۆرێـك ئـازارێکی پـێ بگەیـەنێت یـاخود هاوکاری ئازاردانی بکات ئـەوە ئـەو کەسـە زیممـەی خـوا و پێغەمبـەری خـوا و ئـاینی ئیسلامی ونکردووە).

هەروەها ئیبن حەزم لـە (مراتـب الأجمـاع) دا دەڵێـت: ئەگـەر زیممـی لـە نـاو ولاتـی ئێمـەدا هـەبوو، خـەڵکانی شـەڕ فـرۆش هـاتن بـۆ هێرشـکردنە سـەریان، ئـەوا پێیوستە لەسەر ئێمە بە هەموو کەرەستەیەکی جەنگی برۆین لـە دژیـان بجـەنگین لـە پێناو پاراستنی ئەوانەو لە زیمەتی خوا و پێغەمبەرەکەیدا خۆمان بە کوشت بدەین.[١]

---

٢- مطالب اولى الرضى ٢/ ٦٠٢ - ٦٠٣

١- الفروق، ط. دار المعرفة ، بيروت (١٤/٣ ـ ١٥)

زۆر جار ئەوە روویداوە کە دەوڵەتی ئیسلامی رازی نەبووە بە ئازادکرانی دیلە موسڵمانەکان کە لای بەرامبەرەکەی دیلکراون ئەگەر ئەهلی زیممەیان لەگەڵ بووبێت تا ئەوانیشیان لەگەڵدا ئازاد نەکرابێت.[1].

٢ـ پارێزگاریکردن لەسەرمایە و پێداویستییەکەیان، لەم رووەوە هاوشێوەی موسڵمانەکانن، هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەمە و بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەوانەی بە هۆی گرێبەستی زیممەوە بوونەتە هاوڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی، لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە پارێزگاری بکرێت لە گیان و ناموس و سەروەت و سامانیان، زیاتر لەمەش لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە پرێزگاری بکات لەو شتانەی کە ئەوان لە ریزی سەرمایەی خۆیاندا دایدەنێن ـ وەك مەی و بەراز ـ لە کاتێکدا ئەم شتانە ئەگەر هی موسڵمانان بێت بە سەرورەت و سامان دانانرێت بەڵکو دەبێت لە ناوببرێن، تەنانەت گەر موسڵمانێك هەستێت بە خراپکردن و لە ناوبردنیان ـ واتە مەی و بەرزاەکانیان ـ ئەوا بەلای حەنەفییەکانەوە پێویستە قەربوو بکرێنەوە.[2]

پێویستە لەسەر دەوڵەت ئازادییەکانیان بپارێزێت و پارێزگاری لە سەروەت و سامانیان بکات و ناموسیان بپارێزێت، لە مانەدا وەك موسڵمانان وان، پێغەمبەر (دخ) دەفەرموێت:" هەرکەسێك هاوپەیمانێك بکوژێت بۆنی بەهەشت ناکات لە کاتێکدا لە دووری هەزار ساڵ رێگەوە بۆنی بەهەشت دەکرێت."[3]

لەبەر ئەوە کۆمەڵێك لە زانایان و لە نێوانیانداحەنەفییەکان پێیانوایە: ئەگەر موسڵمانێك زیممییەکی کوشت ئەوا دەکوژرێتەوە، ئەمەش بیرورای (الشعبی و النخعی و ابن ابی لیلی و عثمان البتی) یە.

---

١- د. القرضاوی : سەرچاوەی پێشوو ل . ١٠

٢- بروانة: بدائع الصنائع (١٤٣/٥) و جواهر الأكليل (٤٧٠/١) و حاشية الجمل (٤٨١/٣) ، الأحكام السلطانية للماوردى ص ١٤٥ ، الأحكام السلطانية لأبى يعلى ص ١٤٣، المغنى (٢٢٣/٥)

٣- گێڕانەوەی ئەحمەد و بوخاری لە سەحیحەکەیدا، کتاب الجزیە ، لەگەڵ فتح الباری (٢٦٩/٦) و أحمد (٤٦/٥، ٢٧٧، ٢٨٣) و گێرانەوەی کەسانی دیکەش.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبو تالیب و عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز بـە هـەمان بیروڕا کاریان کردووە، دەوڵەتی عەباسیش لەبەشـێکی زۆری دەسـەڵاتیدا و دەوڵـەتی عوسمانیش هـەمان بیروڕایـان جێبـەجێکردووە، مالیکییـەکانیش پێیـان وایـە: ئەگـەر هاتوو بە فڕوفێڵ کوشتبووی ئەوا دەکوژرێتەوە[1].

٣ـ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە دادپەروەرانە و پاراستن و بەرگری لێکردنیان لـە هـەموو جۆرەکانی ستەم، ئەوەی ئاماژەیە بۆ ئەم بڕگەیە سەرجەم ئەو ئایەت و فەرموودانەن کە فەرمان بە دادپـەروەری دەکـەن و داوادەکـەن مامەڵـەکردن و حـوکمکردن لەسـەر بنەمای دادپەرورەی بێت و ستەم بە هەموو جۆرەکانییەوە قەدەغە و حەرامکراوە، لە هـەمان کاتـدا هەنـدێك دەقـی تـا یبـەت بـە گـاور و جولەکـەکان هەیـە لەوانـە: ئـەم فـەرموودەی پێغەمبـەرە (دخ)  کـە دەفـەرموێت:" جگـە لـە کەسـێك سـتەم لـە هاوپەیمانێك بکات یان مـافێکی بخـوات، یـان لەسـەر و توانـای خۆیـەوە ئـەرك بخاتـە سەری،  یاخود بێ ڕەزامەندی دەروونی شتێکی پێبکات، ئەوە من لـە ڕۆژی قیامەتـدا داکۆکی کارم لەسەر مافەکانی ئەو هاوپەیمانە"[2]

لەبەر ئەوە خەلیفـەکانی ڕاشـیدین و ئەوانـەی دوای ئـەمانیش زۆر سـووربون لەسەر  دوورخسـتنەوە سـتەم لێیـان، تەنانـەت پێشـەوا عومـەر ڕەزای خـوای لێبێـت هەرکەسێك لە وڵاتانی تری ئیسلامییەوە بهاتایەتە مەدینە، ئەوا دەربارەی زیممیەکان پرسیاری لێ دەکرد و وەڵامی  ئەوانیش بەم شێوەیە بـوو " جگـە لـە وەفـاداری هـیچ شتێکی ترمان نەدیوە"[3]

---

١- بڕوانە: حاشیة ابن عابدین (٢٤٩/٣) و البدائع (٢٣٦/٧) ، المهذب (١٨٥/٢) و الخرشی (٨/٣ ـ ٦) و المغنی (٦٥٢/٧).

٢- ئەبوداود لە سونەنەکەیدا (٤٣٧/٣) فـەرموودەی ژمـارە(٣٠٥٢) ریوایەتیکردووە،هـەروەك لـە (تنزیـة الشریعە) (١٨٢/٢) چاپی (مکتبە القاهرە) هـاتووە، هـەروەها بەیهـەقی لـە (السـنن الکـبری) (٢٠٥/٥) ریوایەتیکردووە.

٣ - تأریخ الطبری (٢١٨/٤)

(بوخـاری) لـه سـهحیحهكهیدا و لـه (جـویره بنـت القـده التمیمـی) هوه دهگێڕێتهوه و دهڵێت:" گوێم له عومـهری كـوڕی خـهتتاب بـوو لـه كاتێكدا داوامـان لێكرد ئامۆژگاریمان بكات گوتی :" ئامۆژگاری و وهسێتتان بـۆ دهكـهم بـه پاراسـتنی زیممیـهكان، بهڕاسـتی ئهوانـه لـه ئهسـتۆی پێغهمبهرهكهتانـدان."[1] واتـه وهفـادارین بهرامبهر پهیمانهكانیان و بجـهنگن لـه دژی ئهوانـهی شـوێنیان دهكـهون و لـه توانـای خۆیان زیاتر ئهركیان دهخهنه ئهستۆ.[2]

٤- دابینكردنـی پێداویسـتییه كۆمهڵایهتییـهكانیان لـه كـاتی هـهژاری و بێتوانـایی و پیریـدا، ئهگـهر هاوڵاتییـهكی ناموسـڵمان هـهژار كـهوت، یـان پـهكی كـهوت و چـووه تهمهنهوه ئهوا دهوڵهتی ئیسلامی پشتی تێناكات و فهرامۆشـی ناكـات تـا ڕووبـهڕووی سـوكایهتی و لـه ناوچـوون زهرهرمهنـدبوون نـه بێتـهوه، بـهڵكو دادپـهروهر دهبێـت لهگهڵیـدا و دهیپارێزێـت و بڕیـاری ژیـانێكی شـكۆمهندانهی بـۆدهدا، ئـهم فهرمانـهش فهرمانێكی تازه و هاوچهرخ نییه، بهڵكو لهسـهردهمی خهلیفـه ئهبوبـهكری سـدیقدا ـ ڕهزای خوای لێبێت ـ بهم شێوهیه كاركراوه، ئهوهته خالیدی كوڕی وهلیـد نوسـراوێك بۆ خهڵكی (حیره ) و (عیراق) دهنێرێـت كـه گـاوربوون، ئهمـه دهقهكهیـهتی: بۆیـان بڕیارمدا: ههر پیرێكیان نهیتوانی كاربكات یاخود بـهلا و موسـیبهتێكی بهسـهردا هـات یـان دهوڵهمهنـدبوو بـهڵام دواتـر هـهژار كـهوت و وای لێهـات هـاو ئاینـهكانی خێریـان پێـدهكرد، ئـهوا لـهو كاتـهدا (سـهرانه) یـان لهسـهر لادهبرێـت و لهسـهر بووجـهی (بهیتولمال) مووچه بۆ خـۆی و خێزانهكـهی دیـاری دهكرێـت تـا ئهوكاتـهی لـه ولاتـی موسڵمان و ئیسلامیدا دهمێننهوه."[3]

ههروهها (ئهبو یوسف) و كهسانی دیكـهش دهگێڕنـهوه كـه عومـهر ـ ڕهزای خوای لێبێت ـ ڕۆژێك به بـهر دهرگـای ماڵێكـدا تێپـهڕ دهبێـت و سـهیردهكات كهسـێك لهبهردهرگاكهكهیـدا وهسـتاوه و سـواڵ دهكـات، پیاوهكـه كهسـێكی نابینـا و

١- سهحیحی بوخاری لهگهڵ (فتح الباری (٦/٢٦٧)

٢- فتح الباری (٦/٢٦٧)

٣- (الخراج)ی ئهبو یوسف، لێكۆڵینهوهی دكتۆر موحهممهد ئیبراهیم بهنات. دار الاصلاح، لاپهڕه ٢٩٠.

بەسالاّچووبوو، لە پشتەوە عومەر دای بە شانیدا و وتی: « تۆ لە کام ئەهلی کیتـابی؟ پیاوەکەش گوتی: جولەکەم، عومەر پێی گوت: چی وای لێکردووی پەنا بۆ ئـەم کـارە بەریت؟ ئەویش لە وەلاّمدا گوتی: دانی سـەرانە و ئاتـاجی و تەمـەن، عومـەر دەسـتی پیاوەکەی گـرت وبـەرەو ماڵـەوە بـردی تـا شـتێکی بـداتیّ و پاشـان نـاردی بـە دوای خەزێنەداری بەیتولمالی موسڵمانانـدا و پێی فەرمـوو: سەیری ئەم پیاوە بکە، سوێند بە خوا ئێمە دادپەروەر  نەبووین بەرامبەری، چونکە گەنجێتیەکەیمان خوارد و دواتـر لـە تەمەنی پیریدا بەم جۆرە زەلیلمان کرد... »[1]

ئەم حاڵەتەش لەسەردەمی (عومەری کوڕی عەبدولعـەزیز)دا دووبـاربووەوە، دەکرێـت نـاوی لێبنـێین بـە کـۆدەنگی (الأجمـاع) لەسـەر دەسـتەبەری کۆمەلاّیـەتی (ضـمان الأجتمـاعی) بـەوەی کـە بنەمایـەکی گشـتییە و هـەموو تاکـەکانی کۆمـەڵگا دەگرێتەوە :موسڵمان و ناموسڵمان، نابێت کەسێکی تێدا بمێنێتەوە کـە بێبـەش بێـت لە پێداویستییەکانی ژیان و ئاتاجییەکانی [2]، لەلایەن خۆیانەوە فەقیهـەکانی شـافیعی جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دوورخستنەوەی زیان لـە موسـڵمانان لـە فـەرزی (کیفایە) یە و ئەمەش ئەهلی زیممەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی دوورخسـتنەوە زیـان لێیان واجبە، مەبەست لە دوورخستنەوەی زیان لێرەدا بریتییە لە: بەدیهێنانی ئاستی گونجای بژێوی و شوێنی نیشـتەجیّ بـوون و دەرمـان و خـۆراك، نـەك مەبەسـت پێـی ژیانی کولەمەرگی بێت.[3]

٥- ڕێزگرتنـــی ئـــەو پـــەیمان و گرێبەســـتانەی کـــە لەگـــەڵ موســـڵماناندا بەستوویانە: لەم بارەیەوە (ئەبوو یوسف ـ ١٨٢ ك مردووە ـ) باسی لـەوە کـردووە کـە (ئەبو عوبەیدە ) ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ  لە شام کەوتە سـوڵحکردن لەگـەڵیان لەسـەر کۆمەڵە مەرجێك لەبەرامبەر ئەوەی کە ئاسایشیان بۆ دابین بکات و بەرگرییان لێبکات لەدەسـتدرێژی  دوژمنـان، بـەلاّم ئـەوەبوو ڕۆمـەکان بـە سـوپایەکی بـیّ ئـەژمار و

---

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٥٩
٢- د.یوسف قەرزاوی : سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٧
٣- اية المحتاج شرح المنهاج (٤٦/٨)

زەبەلاحەوە خۆیان ئامادەکرد تا پەلاماریان بدەن، لەلایەن خۆیەوە ئەبو عوبەیدە ترسا کە نەتوانن پارێزگاری و بەرگرییان لێبکەن، هەر بۆیە نامەیەکی نوسی بۆ والییەکانی ئەو ناوچانە و فەرمانی پێکردن: کە هەموو ئەو باج و سەرانەی لە خەڵکی ناوچەکەیان وەرگرتووە هەمووی بگەڕێننەوە بۆیان و پێیان بڵێن: ئێمە بۆیە ماڵ و داراییەکانتانمان بۆگەڕاندوونەتەوە لەبەر ئەوەی هەواڵمان پێگەیشتووە کە سوپایەکی زەبەلاح خۆی ئامادەکردووە بۆ پەلاماردانمان و ئێوەش مەرجی ئەوەتان لەسەر داناوین کە بەرگری و پارێزگاریتان لێبکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو کارە بکەین... کاتێك ئەو قسانەیان بۆ کردن و ماڵ و داراییەکانیان بۆ گەڕاندنەوە، وتیان: « خوای گەورە ئێوەمان بۆ بگەڕێنێتەوە، سەرتان بخات بەسەریاندا، پاشان وتیان: گەر ڕۆمەکان بوونایە ئەوا هیچ شتێکیان بۆ نەدەگێڕاینەوە، هەموو شتێکیان دەبرد بۆ ئەوەی هیچ شتێکمان بۆ نەمێنێتەوە»[1] ئەبو یوسف ـ رەحمەتی خوای لێبێت ـ دەڵێت: « کاتێك ئەهلی زیممە وەفا و پابەندی موسڵمانانیان و رەفتارە جوانەکیانیان لێ بینین، لە موسڵمانان زیاتر توندبوون بەرامبەر دوژمنانی موسڵمانان، ئەوەبوو دانیشتوانی هەر شارێك لەو شارانەی لەگەڵ موسڵمانان سولحیان کردبوو خەڵکی خۆیان دەنارد بۆ نزیك ڕۆمەکان تاکو هەواڵ و زانیارییان لەسەر کۆبکەنەوە و پاشان بیهێننەوە بۆ موسڵمانان..»[2].

٦- پاراستنی ئازادییە ئایینییەکانیان: لە لایەن خۆیەوە قورئانی پیرۆز لە زۆرێك لە ئایەتەکانیدا ئازادییە ئایینییەکان و زۆر نەکردن لەسەر هیچ کەسێك بۆ هاتنە ناو ئاینی ئیسلام دووپاتدەکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ﴾ (البقرة :٢٥٦) ﴿فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ (الكهف: ٢٩) ﴿أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ﴾ (یونس: ٩٩)، پێشتریش بە وردی و درێژی لەسەر ئەم مەسەلە دواین ، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا باسی بکەین

١- (الخراج) ئەبو یوسف لاپەڕە ٢٨٢ ـ ٢٨٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو : لاپەڕە ٢٨٢

بريتييــە لــەوەی: ئــەو پەيماننامــە وبەڵێننامانــەی  لــە نێـوان موســڵمانان و غــەيری ئەوانـداكراوە، دەربــارەی گرێبەســتی ئاشــتەوايی (ســوڵح) و جزييــە (ســەرانە) بــەو مەرجانــەی كــە لــە خۆيـانی دەگـرن، تــەنها مەبەسـت پێـی ئــەوەبوو تــا ناموســڵمانان هەستی موسڵمانەكان لەبەر چاوبگرن و حورمەتی ئاينەكەيان بپارێزن و كارێك نەكـەن ئاژاوە و فيتنە و وروژاندن لە خۆی بگرێت.[1]

لەلايــەن خۆشـيانەوە رۆژهەلاّتناســە بــە ويــژدان و بيريــارە رۆژئاواييــەكان گەواهی لەسەر ئەم ئازادييــە ئاينييــە دەدەن كــە هــەرگيز مێـژوو نمونــەی وەهــای بــە خۆوە نەديووە، ئەوەتا (گۆستاف لۆبۆن) دەڵێت: « لەو ئايەتانەی قورئان كە پێشتر باسمان كردن دەبينين كە: لێبـوردەيی موحەممــەد بـۆ جولەكــە و گاورەكــان تــا ئــەو پەڕی گەورە بووە، هيچ كەس لە دامەزرێنەرانی ئاينەكانی ديكـە كـە پێشـتر هــەبوون وەك جولەكە و گاورەكان بە هيچ شـێوەيەك گوتــەی وەك فەرمايشـتەكانی قورئانيـان نــەگوتووە، دەشــبينين كــە چــۆن  جێنشينەكانيشــی لەســەر رەوت و هــەنگاوەكانی رۆيشتن، هەروەك هەندێك لە زاناكانی ئەوروپا دان بەو لێبوردەييەدا دەنێن...»[2].

٧- ئــازادی كــاركردن و مامەڵــە و گرێبەسـت و مــارەبڕين بــەپێی بيروباوەڕەكانيــان: بنەمای گشتی ئەوەيە كە  ئەهلی زيممە هاوشێوەی موسڵمانانن  لـە مامەڵەكردنـەكان و ئازادی و بەدەستهێنانی كاردا، مەگەر لەو مامەڵانەدا نەبێت كە لــە ئــاينی ئيسـلامدا حەرامكراوە، (جەصاص حەنەفی ) دەڵێت: « زيمميەكان لە مامەڵەكردن و بازرگانی و كڕين و فرۆشتندا و لــە ســەرجەم هەڵسـوكەوتەكانی ديكـەدا وەك موسـڵمانان وان »[3]، هەروەها (كاسانی)يش ئەو گوتەيە پشت راسـتدەكاتەوە و دەڵێـت: « هــەموو ئــەوەی بــۆ موســڵمانان لــە كــڕين و فرۆشــتن رێگــەی پێـدراوە، بــۆ ئــەهلی زيممــەش رێگــەی پێدراوە، هەروەها ئەوەشی ناڕەوايە يان خراپــە لــە كــڕين و فرۆشــتن لای موســڵمانان

---

١- بگەڕێرەوە بۆ: (العهود والمواثيق) لە كتێبی (الخراج) ی ئەبو يوسف لاپەڕە ٢٨١ و لاپەڕەكانی دواتری، هەروەها بۆ د. يوسف قەرزای سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٠.

٢- حضارة الغرب: وەرگێڕانی عادل، پەراوێزی لاپەڕە ١٢٨.

٣- (الأحكام ) ی جەصاص (٣٤٦/٢) و حاشيەی ئيبن عابدين (٢٧٦/٣) .

ئەوا نارەوا و خراپە لە کڕین و فرۆشتنەکانیان جگە مەی و بەراز نەبێت»[1]، لێرەدا جیاکردنەوەی مەی و بەراز لای حەنەفییەکان بەستراوەتەوە بەوەی کەدەبێت لە نێوان خۆیاندا بێت، بەلاّم گەرهاتوو لە نێوان موسڵمانان و ئەواندا بێت، ئەوا گرێبەستی کڕین و فرشتنەکە پوچەڵە(باطل) یان خراپە(فاسد)[2]، بەلاّم لای کۆی زانایان[3] ئەوەیان جیا نەکردووتەوە، شافیعی دەڵێت: « ئەو گرێبەستی کڕین و فرۆشتنانەی لە نێوانیاندا دەکرێت چوپەڵ دەکرێتەوە ئەگەر لە نێوان موسڵماناندا بە پووچەڵ دابنرێت، بەلاّم گەرهاتوو مامەڵەکە تێپەڕی و بەکاربرا، ئەوا پوچەڵ نابێتەوە، گەرهاتوو دوو کەسیان هاتن و کڕین و فرۆشتنیان لەسەر مەی کردبوو، بەلاّم تەسلیمی یەکتریان نەکردبوو(کڕیارەکەی پارەکەی نەدابوو فرۆشیارەکەش خواردنەوەکە(مەی) ی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو کڕین و فرشتنەکە پوچەڵ دەکرێتەوە،بەلاّم گەر تەسلیمی یەکتریان کردبوو ئەوا ناگەڕێنرێتەوە، چونکە تێپەڕیوە»[4].

لەلایەن خۆیانەوە فەقیهەکان ـ تەنانەت ئەوانەشی حەنەفی نین ـ گوتوویانە دەوڵەتی ئیسلامی دەست وەرناداتە گرێبەستی کڕین و فرشتنەکانیان کە لەسەر مەی و بەراز کراوە مادەم لە نێوان خۆیاندا کراوە، چونکە کرۆکی گرێبەستی سەرانە بۆ جگە لەموسڵمانان بریتییە لەوەی وازیان لێبهێنرێت لەسەر ئەوەی کە بیروباوەڕەکەیان ڕێگەی پێداون[5]، بەلاّم جیاوازی رای جمهور و حەنەفییەکان لەسەرئەوەی کە مەی و بەراز بەلایانەوە جێگەی مامەڵە پێکردنە، وایکردووە لە حاڵەتی تیابردن و فەوتاندنی ئەو ماڵەدا لەلایەن مرۆڤی موسڵمانەوەپێویستە

---

١- البدائع (١٧٤/٤)

٢- المبسوط (٨٤/١٠)

٣- جواهر الأكليل (٥٢/٢ ، ١٨١) و (٤٧٠/١) و حاشية الجمل (٤٨١/٣) و الأحكـام السـلطانية للماوردى ص ١٤٥ ، و المغنى (٢٢٣/٥)

٤- الأم (٢١١/٤)

٥- سەرچاوەکانی پێشوو، بگەڕێرەوە بۆ : الموسوعة الفقهية الكويتية (١٣٢/٧)

قەربوویماڵەکە و دەستەبەری بدات پێیان، لەمەشدا بەڵگەیان بە نامەیەکی پێشەوا عومەر هێناوەتەوە بۆ کاربەدەستەکانی لە شام، لەو نامەیەدا پێشەوا عومەر گۆشتی مردارەوە بوو بەراز و مەی لێ قەدەغەکردوون کە دەست بگرن بەسەریدا و بیبەن، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: « ئەو کارە مەکەن، باخاوەنەکانیان کاری فرشتنەکانیان بکەن، دواتر نرخەکانیان لێوەرگرن»[1]. هەروەها موسڵمانان ڕێگەیان پێداون تا بەپێی بیروباوەڕی خۆیان ژن و ژنخوازی بکەن و مارەی ببڕن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕێگەشیان بە پیاوی موسڵمان داوە تا هاوسەری لە ئەهلی کیتاب هەبێت، ئەوشە بە دەقی قورئانی پیرۆز ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ (المائدة:٥)

٨- گرتنە دەستی وەزیفەیەك لە وەزیفەکانی دەوڵەت: ئەهلی زیممە مافی ئەوەیان هەیە کە وەزیفەی دەوڵەتدا بگرنە دەست مەگەر ئەو وەزیفانە نەبێت کە ڕەنگ و بۆیەکی ئاینی زاڵە بەسەریدا، یان ئەوەی ئاینی ئیسلامی پێویستی بکات، وەك لە پێشەوە باسکرا، لەلایەن خۆیانەوە فەقیهەکان ڕێگەیان بەوەداوە تا وەزارەتی جێبەجێکردن (التنفیذ) بگرنە ئەستۆ[2]، کە زاراوەیەکە بەرامبەر بە وەزارەتی (التفویض) واتە راسپاردن و مەبەست پێی راسپاردنی پێشەوایە لەوەی کاروباری فەرمانڕەوایەتی بداتە دەست وەزیرێك بۆ ئەوەی بەڕێوەی ببات، ئەم دەستەڵاتەش نیمچە ڕەهایە، بەلاّم وەزارەتی جێبەجێکردن، مەبەست پێی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پێشەوا (الأمام) ە.لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، کەواتە سەرجەم وەزارەتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان دەگرێتەوە، بەڵکو تەنانەت سەرۆکایەتی وەزیرانیش دەگرێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی وەزارەتەکانی ئەمڕۆ کۆت و بەند کراون بە یاسا و ڕێنمایی متمانەپێکراو لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت، (ماوەردی) دەڵێت: « بەلاّم

---

١- (الخراج) ئەبو یوسف لاپەڕە ٢٦٠، لەگەڵ (کتاب الأموال) ی ئەبی عوبەیدە لاپەڕە (٦١ ـ ٦٢ ) چاپی قەتەر.

٢- الأحكام السلطانية للماوردى ص (٢٧)

وەزارەتی جێبەجێکردن حوکمەکەی لاوازترە و مەرجەکانی کەمترە، لەبەر ئەوەی تێڕوانین تیایدا کورتکراوەتەوە لەسەر بیروبۆچوونی پێشەوا و بەڕێوەبردنەکانی ، ئەم وەزیرەش ئەڵقەی نێوان پێشەواو خەڵکی و والییەکانە، ئەوە کارە ئەدا دەکات کە فەرمانی پێکراوە...، دواتر دەڵێت: ڕێگە دراوە بەوەی ئەم وەزیرە لە ئەهلی کیتاب بێت»[1].

لەم بوارەشدا مێژووی ئیسلامی نمونەگەلێکی زۆری تێدایە لە وەرگرتنی پۆستی وەزارەت و پۆستە باڵاکان لەلایەن ناموسڵمانەکانەوە، ئەوەتا لەسەردەمی عەباسییەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە گاورەکان پۆستی وەزارەییان وەرگرتووە، وەك (نەسری کوڕی هاروون ـ ٣٦٩ ك مردووە ـ و عیسای کوڕی قەستورس ـ٣٨٠ ك مردووە ـ )[2]، مێژوو نووسی بە ناوبانگ (ئادەم مینز) دەڵێت: « لەو کاروبارانەی کە مایەی سەرسوڕمانە، زۆری ژمارەی کاربەدەستان (والی و گەورە کاربەدەستان و بەڕێوەبەران)ی نا موسڵمان بووە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، لەم نێوەندەشدا گاورەکان لە ولاتی ئیسلامیدا فەرمانڕەوایەتی موسڵمانانیان دەکرد، گومانبردنیش لە حوکمکردنی موسڵمانان لەلایەن ئەهلی زیممەوە گومانێکی کۆنە...»[3] سیوطی دەڵێت: « ئەبو سەعد تستەری جولەکە، کاروباری دەوڵەتی (عوەبیدییە»ی بەڕێوەدەبرد، هەندێك لە شاعیرەکان دەیان ووت:

| | |
|---|---|
| یهود هذا الزمان قد بلغوا | غایة آمالهم وقد ملكوا |
| المجد فیهم والمال عندهم | ومنهم المستشار والملك |
| یاأهل مصر إنی نسحت لكم | تهودوا قد تهود الفلك[4] |

هەروەها سیوطی ناوی ژمارەیەك لە وەزیرەکان دەهێنی لەگەڵ ئەوەی کە وەزیر بوون بەلاَم لە هەمانکاتدا لەسەر ئاینی جولەکە یان لەسەر ئاینی مەسیحی

١- الأحكام السلطانية للماوردی ص (٢٧ ـ ٢٨)
٢- حسن المحاضرة ط.عیسى الحلبی ١٣٨٧ ه (٢٠١/٢)
٣- آدم میز : الحضارة الأسلامية (١١٨/١).
٤- حسن المحاضرة(٢٠١/٢)

خۆیان مابوونەوە  وەك: بەهرام ئەرمەنی گاور  کە توانی دەسـەلاتی هـەبێت بەسـەر ولاتدا (واتە میسر و ناوچەکانی دیکەش لە دەوڵەتی عوبەیدییە) دا [1]

## ئەرکی سەرشانی ئەو  ناموسڵمانانەی ( أهل الذمة ) کە لە ولاتانی ئیسلامیدا دەژین :

لـە پێشـەوە باسمـان لـە ئەرکـەکانی دەوڵـەت و موسـڵمانان لەبەرامبـەر ناموسڵماناندا کرد، بەلام  ئێستا بابزانن ئەرکی سەرشانی ناموسـڵمانان بەرامبـەر ئـەو ئامافانەی لە پێشەوە باسمان لێوەکردو بەوان دراوە چین ؟

ئەرکەکانیان لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکـەم: ئەنجامـدانی ئەرکـە داراییـەکانی سـەر شـانیان ( سـەرانە  لەسـەر تاکەکانیان، خەراج لەسەر زەوییەکان، دە یەك لە سەر بازرگانییـەکان)، کـە دەکرێـت ناوی لێبنێن بە (باجەکان)یان تەنانەت زەکات ـ وەك پێشتر باسمان کرد ـ [2].

لەسەر لاچوونی سەرانە: دەکرێت ئەم سـەرانە لـەم بارانـەی لای خـوارەوەدا نەمێنێ:

١– بێتوانایی دەوڵەت لە پارێزگاری لێکردنیان ـ وەك لە پێشەوە باسکرا ـ

٢– بەشداری کارا و چالاکانەیان لە شەڕ و بـەرگریکردن لـە نیشـتمان، لـەم بارەیـەوە (شـێخ قـەرزاوی ) دەڵێـت :« هـەروەها سـەرانە بـە بەشـداریکردنی ئـەهلی زیممـە لـە شەڕکردن شان بەشانی موسڵمانان و بەرگریکردن لە (ولاتی ئیسلام ) دژ بە دوژمنانی ئیسلام سەرانە لەسەریان هەڵدەگیرێت، ئەمەش  لە هەندێك بەڵگەنامە و پەیماننامـەدا بە راشکاوانە هاتووە کە لە نێوان موسڵمانان و ئەهلی زیممەدا و لە سەردەمی پێشەوا (عومەر)[3] دا ـ رەزای خوای لێبێت ـ رێکـەوتنی لەسـەرکراوە، بـە جۆرێـك  بـاس لـەوە دەکات کە  نێردراوی (ئەبی عوبێدە) سولح لەگەڵ کۆمـەڵی (جەراجیمـە)ی گاورەکـان

---

١- سەرچاوەی پێشوو (٢/٢٠٥)

٢- بگەڕێرەوە بۆ : دکتۆر عبدالکریم زێدان / سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٥٥.

٣- شیخ قەرزاوی : سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٥.

دەكات بەوەی  دەبێت ببنە پاڵپشتی موسڵمانان و چاوێك لەسەر دوژمنان لەبەرامبەر ئەوەی كە جزییەیان لێوەرنەگرێت »[1].

ئەمڕۆ لە وڵاتەكانماندا، گاورەكان وەك ئەركێك  بەشدارن لەبەرگریكردن لە نیشتمانەكانیان، ئیتر لەمكاتەدا باسێك نامێنێتەوە دەربارەی جزیە.

دووەم: پابەندبوون بەو یاسایانەی كە لە وڵاتانی ئیسلامی دەردەچن تەنها ئەو یاسایانە نەبێت كە ئەوانی لێ بەدەركراوە و پەیوەندی هەیە بە ئەحكامی خێزان و مەی و گۆشتی بەرازەوە ـ وەك پێشتر باسكرا ـ

ئەم بنەمایە ناودەبرێت بە: هەرێمایەتی یاسا (إقليمية القانون)[2] و لە هەموو وڵاتانی ئەمڕۆدا جێبەجێدەكرێت، بەڵكو لە دەوڵەتە بە هێزو تازەكاندا بەیەكێك لە پایەكانی سەروەری و هێز دادەنرێت، لەبەر ئەوە رێگە نادرێت بە جێبەجێكردنی یاسایەكی دیكە جگە لە یاسای نیشتمانی، تەنانەت لە چوار چێوەی كەسێتی و خێزاندا، لەبەر ئەوە كەمایەتییە موسڵمانەكان لەزۆرێك لە وڵاتانی نا ئیسلامیدا لە بواری ئەحكامەكانی تایبەت بە خێزاندا دەناڵێنن و ڕەنج دەكێشن، چونكە یاسای ئەو وڵاتانەیان بەسەردا جێبەجێدەكرێت كە تیایدا دەژین نەك یاساكانی شەریعەت.

بەڵام شەریعەتی ئیسلامی، ناموسڵمانانی لەم بوارەدا جیاكردۆتەوە لەوانەی كە پەیوەندییان هەیە بە كاروبارەكانی حەرام و حەلاڵ و بەندایەتی و كاروباری كەسێتی، بەڵكو كۆمەڵێك لە فەقیهەكان رێگەیان بەوەشداوە گەر بیانەوێت[3] ئەوا یاساكانی خۆیانیان بەسەردا جێبەجێدەكرێت، ئەوەش بە پشت بەستن بە ئایەتی ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ (المائدة: ٤٢)، لەلایەن خۆیەوە شافیعی

---

١- فتوح البلدان  للبلاذري ط. بيروت ص ٣١٧

٢- مەبەست لە هەرێمایەتی یاسا بریتییە لە جێبەجێكردنی یاسای دەوڵەتێك لەسەر هەموو ئەو سنورە جوگرافییەی كە دەسەلاتی هەیە بەسەریدا و دەكەوێتە چوار چێوەی سنوری وشكانی و ئاوی و ئاسمانی خۆیەوە (وەرگێر)).

٣- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ : د. عەلی موحییەدین قەرەداغی : مبدأ الرضا في العقود (١/٥٢ ـ ٥٣ ) و سەرچاوە متمانە پێكراوەكان.

ئایەتی سەرپشککردن (التخيير)دەدات بەسەر سولّح لەگەڵکراوان وەك جولەکەکانی مەدینە کە پێغەمبەری خوا (دخ) سولّحی لەگەڵکردن لەسەر غەیری سەرانە، بەلاّم بەوە رازی نەبوون کە حوکمی شەریعەتی ئیسلامییان لەسەر پەیڕەو بکرێت وەك ئایەتی (٤٣) ی هەمان سورەتی باسیکردووە ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ﴾(المائدة :٤٣)، هەروەك هۆکارەکانی دابەزینی ئایەتەکانیش بەڵگەن لەسەر ئەم حاڵەتە، بەلاّم دەربارەی ئایەتی (٤٩) کە سەبارەت بە ئەهلی زیممەیە شافیعی دەڵێت: « پێشەوا سەرپشك نییە لە گۆڕینی ئەو حوکمەی کاتێك دەرهەق بە یەکێك لەهاوپەیمانەکان دەبێت پەیڕەو بکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو حوکمە لەسەری جێبەجێی بکات، هەروەها ئەگەرهاتوولەناوخۆیاندا هەندێکیان ئامادە نەبوون مافی هەندێکی دیکەیان بدەن و خاوەنی ماف هاتە لای پێشەوا بۆ وەرگرتنەوەی مافەکەی، لەوکاتەدا پێویستە لەسەر پێشەوا تا حوکمی بۆبدات لەسەر ئەوەی مافەکەی لەسەرە، ئیتر با داواکارەکەش رازی نەبێت بە حوکمەکەی، یاخود گەرهاتوو توڕەیی لە حوکمەکەی نیشان دا... هەروەها رێگەش نادرێت تا ولاّتی ئیسلامی، ولاّتی مانەوەی ئەوانە بێت خۆیان بگرنەوە لە حوکمەکان..................... » ﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ اللَّهُ﴾ (المائدة: ٤٩) دواتر شافیعی لەم ئایەتەوە ئەم ئەحکامانە جیادەکاتەوە و دەڵێت: « گەرهاتوو ئافرەتێك هات و بانگەشەی ئەوەیکرد پیاوەکەی تەلاقی داوە... ئەواحوکمی ئەوەی بەسەردا دەدرا کە بەسەر موسڵماناندا دەدرێت... هەروەك ئەو کڕین و فرشتنانەشیان لە نێودا پوچەڵ دەکاتەوە کە لە نێوان موسڵماناندا بە پوچەڵ دادەنرێت... »[١].

ئیبن عەرەبی دەڵێت: « ئەهلی کیتاب..گەر کاروبارەکانیان بۆ لای ئێمە بەرزبکردایەتەوە ئەوا لەوە بەدەرنەبوو کە ئەوەی بۆمان بەرزکاوەتەوە یان زوڵمێکە و لە شەریعەتدا رێگە پێدراو نی وەك لێ سەندنی ماڵ و کوشتن و هاوشێوەکانی کە

١- أحكام القرآن للشافعي (٧٨/٢)

لـه نێـوان خۆیانـدا بۆیـان یـەکلا نـەدەکراەوە، ئـیتر بـا شـەریعەتەکانیش لەسـەری جیاوازبوونیاه بەڵام پێشەوا لەم بوارەدا سەرپشك بوو»[١].

بە کورتی فەقیهەکانی لەم مەسـەلەیەدا بـیروڕای جیاوازیـان هەیـە، لەلایـەن خۆیانەوە جمهور (حەنەفییەکان ـ جگە لە ئەبو حەنیفە ـ و شافیعیەکان و ئەحمـەد و زاهیرییەکان) بۆ ئەوە رۆشتوون کە: شەریعەتی ئیسلامیان لەسەر جێبـەجیٚ دەکرێت و قازی ئـەو حوکمـەیان لەسـەر جێبـەجیٚ دەکـات، ئـەم رایـەش لـە (ئـیبن عـەباس و موجاهد و عەکرەمە)گێڕڕاوەتـەوە، بـەڵام ئـەبو حەنیفـە و مالیکیـەکان و ئەحمـەد لـە گێڕانەوەیەکـدا بـۆ ئـەوە رشـتوون کـە: پێشـەوا سەرپشـکە، بـەڵام مالیکییـەکان سەرپشکیەکەیان تایبەتکردووە بـە شـتێکەوە کەئاینـەکان لەسـەر حـەرامکردنی یـەك (را) نـەبن،، بـەڵام ئەوانـەی یـەك (را) ن لەسـەری وەك حـەرامکردنی زینـا (داوێـن پیسی )، ئەوا پێشەوا حوکمی خـوا بەسـەر ئەنجامدەرەکەیـدا جێبەجێـدەکات، بـەڵام بۆچـوونی یـەکلا کـەرەوە بۆچـوونی یەکەمـە، چـونکە ئـەهلی زیممـە، زیممـەیان پێنەدراوە دوای ئەوە نەبێت کە رازی بوون بە ئیسـلام حـوکم بکـرێن، هـەروەك هـیچ دژایـەتی و نەگونجانـدنێکیش لـە نێـوان هـەردوو ئایەتەکـەدا نییـە، چـونکە ئایـەتی سەرپشـککردن دەربـارەی ئەوانـەی سـوڵحیان لەگـەڵ موسـڵمانان کـردووە بـەبیٚ گرێبەستی زیممەت وەك جولەکەکان کە پێغەمبەری خوا (دخ) سوڵحی لەگـەڵ کـردن کاتێك گەیشتە شاری مەدینە، لەگەڵ ئایەتی حوکم تیایدا گشتییە بۆ هـەموو ئەوانـەی پـەیمانیان لەگەڵ بەستراوە بەوەی رازی بـن تـا سـەرانە بـدەن بـە موسـڵمانان، لەبـەر ئەوە گەرهاتوو لەلایەن ئەهلی زیممەوە کارێکی حەرامکراو کە شایستەی سـزادان بـوو بەرزکرایەوە بۆ قازی، ئەوا دەبێت سزاکە لەسەر ئەنجامدەرەکەی جێبـەجیٚ بکرێـت، هـەروەك دەربـارەی ئەحکامـەکانی مامەڵـەکردنیش بەهـەمان شـێوەیە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا مەسەلەکانی مارەبڕین و هەندێك مامەڵەی دیکـەیان بـۆ بـەجێهێڵراوە کـە لـە ئاینی خۆیاندا حەڵاڵکراو بووە، ئەمەش بـە پێـی فـەرموودەی سـەحیح چەسـپاوە کـە

---

١- أحكام القرآن لابن العربى (٦١٧/٢)

بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە: کە پێغەمبەری خوا (دخ) دوو جولەکەی لە شاری مەدینە بەرد باران کرد لەبەر ئەوەی تاوانی زیناکردن لەسەریان چەسپا بوو[1]، (ئیبن حەزمی ئەندەلوسی ـ ٤٥ ك مردووە ـ) دەڵێت: « هەرکەس دەست هەڵبگرێت لە ئەهلی زیممە و ئەحکامەکانیان (واتە حوکمەکانیان بەسەردا جێبەجێنەکات ) ئەوا شوێنی ئارەزووەکانی ئەوان کەوتووە و سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کردووە»[2].

سێهەم: ڕێزگرتنی هەستی موسڵمانان و هەیبەتی دەوڵەتی ئیسلامی، لەم سۆنگەیەشەوە ڕێگەیان پێنادرێت تا جنێو بە ئیسلام و پێغەمبەرەکەی، یان بە پەڕاوەکەی و نەگۆڕەکان (الثوابت) بە شێوەیەکی ئاشکرا بدەن، لە هەمان کاتدا بواری ئەوەشیان پێنادرێت تا لە نێو موسڵماناندا هەستن بە بڵاوەپێکردن و برەودان بە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان و خواردنەوەی مەی و گۆشتی بەراز و ئەو هەڵسوکەوتانەی دژ بە ئیسلامن.[3]

## کۆمەڵە ئادابێکی پێشکەوتوو کە ئیسلام دایناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناموسڵماناندا:

ئاینی ئیسلام بە تەنها متمانە ناکاتە سەر تەشریعی پابەند(ملزم) و یاسا توندەکان لە بواری جێبەجێکردنی ماف و ئەرکەکانی نێوان موسڵمانان و جگە لە خۆیاندا، بەڵکو لە بنەڕەتدا متمانە دەکاتە سەر لایەنی ئەخلاقی، لەم بوارەشدا هەڵدەستێ بە چاندنی ڕەوشت جوانی و قسە خۆشی و رووگەشی و گیانی

---

١- بگەڕێرەوە بۆ : أحكام القرآن للشافعى (٧٨/٢) ، وأحكام القرآن لابن العربى (٦١٧/٢) و أحكـام القرآن للجصاص (٤٣٤ ـ ٤٣٧) و تفسير الطبرى (١٧٧/٦) و الأم للشافعى(١٣٠/٤) و فتح القـدير (٥٠٢/٢) و بداية ا تهد( ٤٣٥/٢) و الغاية القصوى (٩٢٧/٢) و المغنى لابن قدامة (٢١٤/٨)
٢- المحلى لابن الحزم (٦٩/١٣ ـ ٧٢)
٣- بگەڕێرەوە بۆ ئەو ئەرکانەی کە فەقیهەکان باسیان کردووە و زۆرینەیان لە ئیجتیهاداتن، لەگەڵ تێبینیکردنی سەردەم و تایبەتمەندێتی بارودۆخەکەیان: البناية على الهداية (٨٤٠/٤) و البدائع(١١٣/٧) و جواهر الأكليل (٢٦٨/١) و مغنى المحتاج(٢٥٦/٤) و ...

لێبوردەیی لەدڵی موسڵماندا، هەروەها نواندنی میهرەبانی و نەرم و نیانی و بەزەیی پێداهاتنەوە و خۆشویستنی خێر و چاکەکاری بۆ هەمووان و لێخۆشبوون ودوورکەوتنەوە لەکەسانی نەفام، لە هەمانکاتدا ئارامگرتن لەسەر ئازار و ناڕەحەتییەکان، تەنانەت وەڵامدانەوەی خراپەکارییەکانیش بە باشە شانبەشانی هەبوونی توانای وەڵامدانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (٣٤) وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّاهَآ إِلاَّ ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ(٣٥)﴾ (فصلت: ٣٤-٣٥) هانی ئەمەش دەدات لە ڕێگەی دانانی پاداشتێکی گەورە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ئەو کەسە بە بەزەی و چاکەکارانە مامەڵە دەکات ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾ (آل عمران: ١٣٤)، سەرەڕای واجب بوونی دادپەروەری لە هەموو شتێکدا، جێی باسە ئەم ڕەوشتانە و دادپەرورەی تەنها تایبەت نین بە موسڵمانان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکییە بە گشتی و تەنانەت بۆ ئاژەڵ و ژینگەشە، دەقە شەرعییە سەحیحەکان باسیان لەوە کردووە کە ژنێک بە هۆی ئەوەی پشیلەیەکی لەناو ماڵەکەیدا بەند کردبوو و هیچ ئاو خۆراکێکی پێنەدابوو تا مرداربووبویەوە، بەو هۆیەوە ئەو ژنەچووەتە دۆزەخەوە[١]، یان ژنێکی خراپەکار بە هۆی ئەوەی سەگێکی تینووی تێر ئاو کردبوو چوە بەهەشتەوە.[٢].

**هۆکارە یاریدەدەرەکانی لێبوردەیی و میهرەبانی:**

أ) لە گرنگترین هۆکارە یارمەتی دەرەکان لەسەر لێبوردەیی و میهرەبانی ئەوەیە کەئیسلام ڕێگەی بە موسڵمان داوە تا لە ئەهلی کیتاب(گاور و جولەکە) ژن بخوازێت، بەم جۆرەش ئافرەتی کتابی(گاور و جولەکە) دەبێتە هاوسەری موسڵمان و دایکی مناڵەکانی و براکانی دەبنە خاڵی مناڵەکانی و دایکی هاوسەرەکەی دەبێتە نەنکی

---

١- بوخاری ریوایەتیکردووە، الصحيح لەگەڵ فتح الباری: ٣٥٦/٦ ، و مسلم الحديث رقم (٢٦١٩)

٢- بوخاری لە (الصحيح) دا ریوایەتیکردووە: كتاب المظالم وكتاب الأدب ، باب رحمة الناس والبهائم، هەروەها مسلم لە سەحیحەکەیدا بە فەرموودەی ژمارە (٢٢٤٥)، لە هەندێگ گێڕانەوەدا هاتووە کە ئەوە پیاوێك بووە..

منالــەکانی و وەك دایکــی خــۆی وادەبێــت و بــاوکی هاوســەرەکەی دەبێــت بــاپیری منالەکانی  و بەم جـۆرەش... دەبیـنین لـە نێـوان موسـڵمانان و ئـەهلی کیتابـدا ژن و ژنخــوازی و خزمایــەتی دروســت دەبێــت و ئەمــەش مــاف و هاوکــاری و نەفەقــەی لێدەکەوێتەوە، لە هەمانکاتـدا خـوای گـەورە فـەرمانی بـە چـاکەکردن لەگـەڵ دایـك و باوکداکردووە هەتا تەنانەت گەر ئەوانیش هەوڵبدەن بۆ گومڕاکردنی منالـەکانیان وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِن جَاهَدَاكَ عَلَى أَن تُشْـرِكَ بِـي مَـا لَـيْسَ لَـكَ بِـهِ عِلْـمٌ فَـلاَ تُطِعْهُمَـا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفاً وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُـمَّ إِلَـيَّ مَـرْجِعُكُمْ فَـأُنَبِّئُكُمْ بِمَـا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ (لقمان: ١٥).

ب) هــەروەها ئیســلام کۆمەڵــە مــافێکی ســەپاندووە تەنانــەت بــۆ دراوســێی نــا موسـڵمانیش، بـەم جـۆرە دەبیـنین کـە هــەموو دەقـەکانی تایبـەت بـە مافـەکانی دراوسێتیەوە رەهان و دراوسێی ناموسڵمانیش دەگرتەوە.[١]

ج) پابەندبوون بـە ئـاداب و هەڵسوکەوتە پێشـکەوتووبەرزەکانەوە لـە کـاتی گفتوگـۆ کردندا، خوای گەورەش گفتوگۆکردنی لەگەڵ ئەهلی کیتاب بـەوەوە تایبـەتکردوە کـە پێویست دەکات لە رووی شێواز و زمان و لۆژیکـەوە بـە جـوانی بێـت، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَلاَ تُجَادِلُواْ أَهْلَ الْكِتَابِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَـنُ إِلاَّ الَّـذِينَ ظَلَمُـواْ مِـنْهُمْ وَقُولُواْ آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَـهُنَا وَإِلَـهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَـهُ مُسْـلِمُونَ﴾ (العنكبوت: ٤٦)

د) جێبــەجێکردنی رەوشــتە پێشــکەوتوو بــەرزەکان لــە مامەڵەکردنــدا، هــەروەك پێغەمبـەری خـوا(دخ)  لـە کـاتی  گفتوگـۆکردن و مامەڵـەکردن لەگەڵیانـدا جێبـەجێی دەکرد، ئەوەبوو سەردانی دەکردن و چاکەی لەگەڵ دەکـردن و سـەری نەخۆشـەکانی دەدان، بــەڵکو رێگەیشــی پێـدەدان تـا نوێـژەکانیان لـە مزگەوتەکەیـدا بکـەن، لـەم بارەیەوە زانایانی ژیننامە (السیرة)  بە سەنەدەوە گێڕاویانەتەوە کە: « کاتێك وەفدی (نەجران) گەیشتنەشاری مەدینە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خـوا(دخ)، لـە پـاش  نوێـژی

١- بۆ ئەم دەقانە بگەڕێرەوە : ریاض الصالحين لاپەرە ١٢٦.

عەسر گەیشتنە مزگەوتەکەی پێغەمبەر، ئیتر کاتی نوێژی ئەوان هاتبوو، هەستان لە مزگەوتەکەدا دەستیان کرد بە نوێژکردن، ئەوەبوو هەندێك لە هاوەڵان ویستیان رێگەیان لێبگرن، بەڵام پێغەمبەر (دخ) فەرمووی وازیان لێبهێنن، ئەوانیش رویان کردە رۆژهەڵات و نوێژەکەیان کرد. »[1]

لەم بارەیەوە (ئیبن قەیم ) دەڵێت: « تیایدا: رێگە دانە بە هاتنە ناوەوەی ئەهلی کیتاب بۆ مزگەوتی موسڵمانان، هەروەها ئەنجامدانی نوێژەکانیانە تیایدا بە ئامادبوونی موسڵمانان، هەروەها لە مزگەوتەکانیاندا گەرهاتوو شتێکی کتوپڕ بوو »[2].

دواتر دەڵێت: « مەبەست ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(دخ) بەردەوام لەگەڵ بێباوەڕان بە جیاوازی نەتەوە و مەزهەبیانەوە لە گفتوگۆدا بوو تا ئەو کاتەی وەفاتیکرد، هەروەها هاوەڵانیش لە پاش خۆی، خوای گەورەش لە سورەتە مەککی و مەدەنییەکاندا فەرمانیکردووە بەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت بەو شێوەیەی کە جوان و باشە.. بەمەش ئاین بڵاودەبێتەوە و دادەمەزرێت، شمشێریش وەك سەرخەری بەڵگە دانراوە»[3].

بەڵکو لەوەش زیاتر، پێغەمبەری خوا (دخ) دیاریی ئەهلی کیتابی وەرگرتووە و رێزی لێناون تاو ئەو ئاستەی کاتێك کە تەرمی یەکێکیان بە لایدا تێپەڕیوە هەستاوەتەوە سەرپێ، کە پرسیاری ئەو کارەیشی لێکراوە لە وەڵامدا فەرموویەتی: « ئایا ئەوەش نەفسێك نییە »، ئەوەتا (بوخاری و موسلیم ) بە سەنەدەوە لە (جابری کوڕی عەبدوڵا)وە دەگێڕنەوە کە دەڵێت: « جارێك تەرمێك بەلاماندا تێپەڕی و پێغەمبەری خوا(دخ) هەستایەوە و ئێمەش لە گەڵی هەستاینەوە، دواتر پێمان گوت: ئەی پێغەمبەری خوا (دخ) ئەوە تەرمی کەسێکی

---

١- بڕوانە : ابن هشام (٥٧٣/١، ٥٨٤) و السيرة لابن الكثير (١٠٨/٤،١٠٠) و تفسير ابن كثير (٣٦٧،٣٧١/١) و طبقات ابن سعد (٣٥٧/١)، وزاد المعاد بتحقيق سعيب ، وعبدالقادر الأرنؤط ط. الرسالة / بيروت(٦٢٩/٣)

٢- زاد المعاد (٦٣٨/٣)

٣- سەرچاوەی پێشوو(٦٤٢/٣)

جولەکــە بــوو، ئــەویش لــە وەڵامــدا فــەرمووی: گــەر جــەنازەتان بینـــی ئــەوا هەســتنەوە»[1] هــەروەها لــە (ســەهلی کــوڕی حــەنیف و قەیســی کــوڕی ســەعد ەوە گێڕدراوەتەوە کە: « جارێك تەرمێك بەلای پێغەمبەری خـوادا(دخ) تێپـەڕی، ئـەوی هەســتایە ســەرپێ، پێــی وتــرا ئــەوە تــەرمی کەسـێکی جولەکـە بـوو، لـە وەڵامـدا پێغەمبەریش (دخ) فەرمووی: ئایا ئەوە نەفسێك نییە؟ »[2]. (حافزی ئیبن حەجـەر ) دەڵێت: « کرۆکی هۆکارهێنانەوەکەی کە فەرمووی ( ئایـا ئـەوەش نەفسـێك نییـە ) ئەوە بۆ هەموو تەرمێك موستەحەبە»[3]، لەلایەن خۆشیانەوە ژمارەیەك لە فەقیهەکان بیروڕایان وایە کە هەسـتانەوە لـەکاتی تێپـەڕبوونی جـەنازەدا واجبـە، لەبـەر هـاتنی فــەرمان پێکــردن لەســەری لــە چــەند فەرموودەیــەکی ســەحیحدا،[4] بــەلاَم گوتــەی یەکلاکەرەوەش بریتییە لە موستەحەب بوونی هەستان لەکاتی تێپەڕبونی جەنازەدا، بـەپێی ئـەو فـەرموودەی عـەلی رەزای خـوای لێبێـت کـە: « پێغەمبـەری خـوا (دخ) هەســتایەوە و دواتــر دانیشــتەوە»[5] کــە لێــرەدا دانیشــتنەکەی حــەزرەت تــەنها بــۆ دەربڕینی جائیز بوونەکەیەتی.[6]

١- صحيح البخارى ـ مع فتح ـ (١٧٩/٣) ومسلم ، كتاب الجنازة (٦٥٩/٢) الحديث رقم ٩٦٠.
٢- صحيح البخارى ـ مع فتح ـ (١٧٩/٣ ـ ١٨٠) ومسلم ، كتاب الجنازة (٦٦١/٢) الحديث رقم ٩٦١.
٣- فتح البارى (١٨١/٣)
٤- بگەڕێرەوە : هەردوو سەرچاوەی پێشوو، لەگەڵ فتح البارى (١٨١/٣)
٥- صحيح المسلم (٦٦٢/٢) الحديث رقم ٩٦٢.
٦- فتح البارى(١٨١/٣)

## تەوەری چوارەم:

## پەیوەندی موسڵمانان بە جگە لە خۆیانەوە لە کاتی جەنگدا

* لایەنی تەئسیلکردنی جیهاد لە ئیسلامدا.

*خستنە رووی کۆمەڵە بنەمایەکی گرنگ لە کاتی جەنگدا

* دوای ئەوەی تەپ و تۆزی شەڕ دەنیشێتەوە.

* بنەما ئیسلامییەکان و یاسای نێودەوڵەتی

## لایەنی تەئسیلکاری جیهاد لە ئیسلامدا

### پێناسەی جیهاد لە رووی زمانەوانی و شەرعییەوە:

جیهاد لە زمانەوانیدا لە تێکۆشان(جهد) ەوە هاتوە، کە ئەویش بریتیە لە بەتاڵکردنەوەی ئەوەی لە توانادا هەیە لە بیر و لە کردار[1]. جێگەی سەرنجە کە وشەی (جیهاد) و وشەی (ئیجتیهاد) دەگەڕێنەوە بۆ یەك چاوگ و بنەڕەت، وشەی جیهاد لە بواری بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و وشەی ئیجتیهادیش لە بواری بەرەنگاربوونەوەی نەفامی و دواکەوتووی و بەدیهێنانی زانست و داهێناندا هاتووە، کەواتە هەردوکیان تەواوکاری یەکترن[2]، لە قورئانی پیرۆزیشدا وشەی (جهد) و پێکهاتەکانی دیکەی (٤١) جار هاتووە، لە سوننەتیشدا زۆر دووبارە بووەتەوە[3]، کە دەتوانین لە روانگەی باسکردنی ئەم وشەیە لە قورئان و سوننەتدا و بەو شێوەیە کۆمەڵێك بابەتی لێهەڵێنجێنین:

١- واتای (جیهاد) تەنها لەشەڕکرندا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە جیهادی دارایی و زانست و قەڵەم و دەربڕین و بەڵگەکاری و هەموو واتاکانی هێزو جۆرەکانیدا خۆی

---

[1]- لسان العرب ، القاموس المحيط، المعجم الوسيط "جهد"

[2]- بگەڕێرەوە بۆ: د. يوسف القرضاوی ، ط، وهبة القاهرة ص ٧، بۆ زانیاری زیاتر :أ د. علـی محـیی الدين القرداغی: نظرات فی القوة والجهاد، بابەتێکی بلاّوکراوەی گۆڤاری توێژینەوەی (السـنة والسـيرة) ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٤٢٢ ك لاپەڕە ٢٧٠ ـ ٢٧٢.

[3]- بڕوانە: أ د. علی محيی الدين القرداغی سەرچاوەی پێشوو

دەبینێتەوە، بەڵکو قورئانی پیرۆز لـە زۆربـەی ئایەتەکانیـدا جیهـادی مـاڵ و سـامانی پێش خستوە بەسەر جیهادی نەفسدا.

٢– جیهاد کردن کورت نابێتەوە لە جیهاد کردن دژ بە بێبـاوەڕە دەسـتدرێژیکارەکان بە تەنها، بەڵکو جیهاد دژ بە هەموو دوژمنەکانی دەروونـی فەرەمانـدەر بـە خراپـە و شەیتان دەگرێتەوە، کـە ئـەوەش پلـەدارە و بـە جیهـادی دەروون و شـەیتان دەسـت پێدەکات و بە جەنگاندن لە دژی دوژمنان کۆتایی دێت، لەبەر ئەوە ئیبن تەیمییە بەم جۆرە پێناسەی کردووە:« جیهاد: حەقیقەتەکەی هەوڵدانە بۆ دەستڕاگەیشتن بـەوەی خوای گەورە پێی خۆشە... لەگەڵ دوورخستنەوەی ئەوەی خوای گەورە لێی تـوڕە و بێزارە»[١].

٣– هـەروەك چـۆن هـەموو فـەریزە ئیسـلامییەکان مـەرج و بەرنامەڕێـژی و قۆنـاغی خۆیان هەیە، بە هەمان شێوە جیهـادیش مـەرج و بەرنامەرێـژی و قۆناغبەنـدی خـۆی هەیە.

## حوکمی جیهاد:

لەبـەر ئـەوەی جیهـاد جۆراوجـۆر و پلـەدارە، ئـەوا حوکمەکـەی بـەپێی جۆرەکەی و پلەکەی و قۆناغەکەی دەگۆڕێت، ئێمە لێرەدا باس لە جیهاد دەکەین بـە واتای جەنگاندن لە ڕێگەی خوای گەورەدا کە ئەویش دوو جۆرە :

جـۆری یەکـەم: جیهـادی دوورخسـتنەوە، واتـە دوورخسـتنەوەی دوژمنـە داگیرکارەکانی وڵاتانی ئیسلامی، لەم بارەیەوە فەقیهەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئـەم جۆرە جیهادە فەرزە لەسەر هەموو ئەوانەی کە توانای ئەنجامدانیان هەیـە، هەریەکـە و بە پێی توانای خـۆی و ڕۆڵـی خـۆی، لەسـەر ئـەم بنەمایـەش بەڵگـەکانی قورئـان و سوننەت و کۆدەنگی (الأجماع)[٢] بەڵکو شەریعەتەکان و سیسـتمە دانراوەکـان و یاسـا

---

١- العبودية ص ١٠٤.

٢- بدائع الصنائع(٤٣٠١/٩) والشرح الكـبير (١٧٢/٢) والغايـة القصـوى (٩٤٥/٢) و الروضـة (٢١٤/١ ـ ٢١٧) و المغنى (٣٤٥/٨)

نێودەوڵەتیەکان پشتی یەکتر دەگرن و هاودەنگن لەسەری، هەروەك فیترەتـی پـاك و عەقڵی ساغ و دروست ئەوە دەخوازێت.

جۆری دووەم: جیهادی داواکردن، واتە جیهادی داواکردنی بێباوەڕان، لەمەدا ناکۆکی و بیر جیایی گەورە لە نێوان فەقیهـە کۆن و نوێیەکانـدا هەیـە، ئێمـە لێـرەدا خۆمان ناخەینە نێو ئـەو جـەنجاڵی و کێشمەکێشـی بـیروڕا و بەڵگەکارییـەوە[1]، بـەڵام ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت و یەکلاکراوەیە ئەمەی لای خوارەوەیە:

١- جیهـاد ـ بـە واتـا گشـتییەکەی ـ واجبێکـە و تـا ڕۆژی قیامـەت ئـەم واجبـە هەردەمێنێ، نابێت بە هیچ جۆرێك دەستی لێهەڵبگیرێت، گەرهاتوو ئوممەتی ئیسلامی دەستی لێهەڵگرت ئەوا تووشی سەرشۆڕی و زەلیلی دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەو جیهـادەی کە فەرز و واجبە (عەینی بێـت یـان کیفایـەت ) بریتییـە لـەو جیهـادە گشـتگیرەی بـۆ ئامادە سازی هێز ( بە واتا گشتگیرەکەی هێزی ماددی و مەعنەوی ) دێت، گشـتگیری جیهادیش بە مـاڵ و قەڵـەم و زانسـت و دەربـڕین و ڕاگەیانـدن دێـت، ئەمـە سـەرەڕای جیهادی دەروونی لە کاتی هەبوونی مەرج و بەرنامەڕێژییەکان ، ئەم جۆرە جیهادەش بێگومـان دەسـتدرێژی کـردن ناگەیـەنێت، بـەڵکو بـۆ بەرپەرچـدانەوە سەرکێشـی دەستدرێژیکارانە.

٢- جیهـاد ـ بـە واتـای جەنگانـدن ـ لـە حەقیقەتـدا بـۆ بەرگریکردنـە لـە ئوممـەتی ئیسـلامی، لـە ئـاین و کەرامـەت و وڵات و سـەروەت و سـەروەری و هەیبـەتی ئـەم ئوممەتە.

٣- هێز (القوة) لە ئیسلامدا بۆ دەستدرێژی و ستەم و زوڵمکـردن و پـەلاماردان نییـە، بـەڵکو بـۆ پارێزگاریکردنـە لـە دادپـەروەری و ئازادییـە ئاینییـەکان و پەرسـتگاکان و چەوساوەکان، لەم بارەیەوە کۆمەڵە دەقێکی زۆر هـاتوون، بینیمـان قورئـانی پـیرۆز ڕونیکـردەوە کـەئامادەکردنی هێـزی ئیسـلامی لـە پێنـاو ڕوونـەدانی جەنگدایـە، کـە

١- بۆ زانیاری زیاتر :أ د. علی محی الدین القرداغی: نظرات فی القـوة والجهـاد، بابـەتێکی بلاوکـراوەی گۆڤاری توێژینەوەی (السنة والسيرة) ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٤٢٢ ك لاپەڕە٢٨٩ و ئەوانەی دواتری.

ئەمەش ناودەبرێت بە (تیۆری ڕێگری یان لەمپەری ستراتیژی) ـ وەك پێشتر باسكرا ـ هەروەها لە دوو توێی ئایەتی یەكەم لەجیهاددا، واتای بەرگریكردن لە دادپەروەری و پەرستگاكان و ئازادییەكان و لابردنی زوڵم و ستەم و تاریكی لە خۆ دەگرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْ وَإِنَّ اللَّـهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩) الَّذِينَ أُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِم بِغَيْرِ حَقّ إِلاَّ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّـهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسمُ اللَّـهِ كَثِيراً وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠)﴾ (الحج: ٣٩ ـ ٤٠)

١- هەموو ئوممەت و ژیارە كۆن و هاوچەرخەكان ـ بە ژیاری هاوچەرخیشەوە ـ نەیتوانیوە دامەزرێت و بمێنێتەوە تەنها لە ڕێگەی هێزێكەوە نەبێت كە پارێزگاری لێكردووە، هەروەك نەیدەتوانی بمێنێتەوە مەگەر لەڕێگەی ئەو هێزەوە نەبێت كە بەرگری لێدەكرد و درێژەی بە تەمەنی دەدا، لەبەر ئەوەشە دەبینین كە مێژوو هەرگیز سەركەوتنی ژیارێكی جیهانی و مكوم بوونی ئوممەتێكی لاوازی تۆمارنەكردووە كە نەیتوانیبێت پارێزگاری لە خۆی و دەستكەوتەكانی بكات، ئەوەتا ئەو ئەمەریكایەی ئەمڕۆ، ساڵانە سەدان ملیار دۆلار لە بواری سەربازی خۆیدا خەرج دەكات، هەروەك لە سەر هێزە زانستییەكەیشی زۆرتر خەرج دەكات و.. بەڵكو بەدەر لەوەش لە ململانێیەكی هەمیشەیدا بوو لەگەڵ یەكێتی سۆڤییەتی جاران تا سەرەنجام توانی بە زانست و ئابووری و تەكنەلۆژیا و جەنگی ئەستێرەكان بەسەریدا زاڵ ببێت... لەبەر ئەوەدانپیانان و هەوڵدان بۆ دەستخستنی هێز لە لایەن ئیسلامەوە كارێكی ئاساییە، سەرەڕای ئەوەی كە خودی ئیسلام خۆی لەسەر دادپەرورەی و ویژدان و كۆشكی ژیاری دامەزراوە.

٢- جیهاد ـ بە واتای جەنگ بۆ دوورخستنەوە ـ دەروازەیەكی كراوە نییە بە ڕووی هەركەسێكدا بیەوێت خۆی پێدا بكات، بەڵكو مەرجی تایبەتی خۆی هەیە و لە هەرە گرنگترین مەرجەكانیشی ئەوەیە كە: لەلایەن ئەهلی ڕاوێژ و پرس و ڕاو و حوكم و سیاسەتی شەرعیەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، (ئیبن تەیمییە) دەڵێت: «وا پێویست

دەكات كە كاروباری جیهادكردن بە راوێژ و پرس و رای ئەهلی راستەقینەی ئاین بێت كە خاوەنی شارەزایی تەواون لەوەی كە ئەهلی دونیای لەسەرە»[١].

٣- جیهادی راگەیاندن ـ وەك بەرگریكردن و سەرخستن و دەربڕین و بەڵگەهێنانەوە ـ لە رێگەی بڵاوكردنەوەی ئیسلام بە هۆكار و ئامرازەكانی راگەیاندنی هاوچەرخی ئەمڕۆ وەك (رۆژنامە و گۆڤار و ئێسگە و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت )لە هەرە گرنگترین جیهادە هاوچەرخەكانە لە سەردەمی ئێستاماندا، بەڵكو بریتییە لەو جیهادەی كە خوای گەورە ناوی لێناوە بە جیهادی گەورە (الجهاد الأكبر) و دەفەرموێت:﴿ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَاداً كَبِيراً﴾ (الفرقان: ٥٢)...

بە كورتی چەمكی جیهاد لە ئیسلامدا زۆر فراوانە و هەموو هەوڵ و تێكۆشانێك دەگرێتەوە كە لە رێگەی بەرزكردنەوە و سەرخستن و پشتگیری كردنی شەریعەت و بڵاوكردنەوەی بانگەوازی ئیسلامیدا بدرێت، هەروەها هەموو وەڵامدانەوەیەكی دەستدرێژییەكان و پوچەڵكردنەوەی پیلانە سەربازیی یان سیاسی یان ئابووری یا پەروەردەیی یان كۆمەڵایەتی یاخود فیكرییەكان دەگرێتەوەكە بە هەموو هۆكار و ئامرازە بەردەستە مەشروعەكان ئەنجام بدرێت .

هەموو ئەمانە لە تێڕوانینی ئیسلامدا جیهادە، پێشتریش بەڵگەمان هێنایەوە لەسەر گشتگیریی جیهاد بۆ هەموو جۆرەكانی، هەروەك پێویستە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی تا ببنە تێكۆشەرێك لە گشت بوارە ماددی و مەعنەوییەكان تا بتوانن هەستنەوە و سەرزەوی ئاوەدان بكەنەوە لەبەر رۆشنایی بەرنامە و رێبازی خوای گەورەدا، كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پاك بكەنەوە لە ستەم و خراپەكاری تا میهرەبانی و سۆز و دادپەروەری بڵاودەبێتەوە و ئاژاوە و دووبەرەكی لە ناوبچێت و ئاین هەمووی بۆخوای گەورە بێت.

هەروەها هەریەك لە جۆرەكانی جیهاد بۆ ئەدا كردنی بە باشترین شێوە و تەواوترین وێنە كۆمەڵە هۆكار و ئامرازێكی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نمونە

---

١- الأختيارات الفقهية ص ٣٠٩ ـ ٣١١.

ئامرازەکـانی جیهـادی سـەربازی بـریتین لـە هێـزی مـاددی و ئامـادەگی رۆحـی و پیشەسازی سەربازی پێشکەوتوو و چەکی پێشکەوتوو، هەموو ئەمانـە شانبەشـانی هێزی رۆحی و مەعنەویاتی بەهێز دەبێـت، بـەڵام هۆکارەکـانی جیهـادی فیکـری، ئـەو خـۆی لـە رۆشـنبیرییەکی بـەرفراوان و ئامـادەگی زانسـتیدا دەبینێتـەوە شانبەشـانی خۆئامادەکردن و لێهـاتووە کەسـییەکان و توانـا زیهنییـەکان، دواتـریش هۆکارەکـانی گوزارشت لێکردن کە لە رێگەی کتێب و توێژینەوە و گوتارەکانـەوە دەبێـت و لەگـەڵ ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیانـدنی خـوێنراو بیسـترا و بینـراودا.. بـەم شـێوەیە تـا دوایی...

لەلایەن خۆیەوە پێغەمبەری ئازیز ئاماژەی داوەتە فراوان بوون لە هۆکار و ئامرازەکانی جیهاددا و دەفەرموێت: « جیهادی موشریك و بێباوەڕان بکەن بـە مـاڵ و دەروون و زمانتان »[1]، بەڵکو جیهـادی (وشـە)ی بـە گـەورەترین جیهـاد دانـاوە ـ وەك پێشـتر باسـکرا ـــ هـەروەك بینیمـان کـە موفەسـیرەکان بـەو جـۆرە تەفسـیری ئایەتی :﴿ وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَاداً كَبِيراً﴾ (الفرقان: ٥٢) یان کـرد بـە جیهـادی بەڵگـە و دەربڕین.

لە راستیدا تەواوکاری هەر ئوممەتێك لەوەدا دێتەدی کە دەست بگرێـت بـە هەموو ئامرازە جیاوازەکانی جیهادەوە چ مادی بێـت یـان مەعنـەوی، سـەربازی بێـت یـاخود زانسـتی یـان تەکنـەلۆژی، لێرەشـەوە گـەورەیی ئیسـلام دەبیـنین، کاتێـك هەستاوە بە هەڵبژاردنی ئەم وشەیە (الجهاد) کە هەموو ئەو جۆرانە لە خۆی دەگرێت، کـە هـەر لـەو چـاوگەوە وشـەی (الأجتهـاد)یـش پەیـدابووە و بـە واتـای لوتکـەی پێشکەوتنی فیکری دادەنرێـت کـە وادەکـات خاوەنەکـەی توانـای بەسـەر هـەڵێنجان (الأسـتنباط) و دەرهێنـان (الأسـتخراج) و داهێنانکـاری لـە زانسـتە جۆراوجۆرەکانـدا هەبێت، بەم دوو کارەش دەتوانرێـت سـەر زەوی ئـاوەدان بکرێتـەوە لەبـەر رۆشـنایی

---

[1] ئەحمەد و نەسائی و ئیبن ماجە و حاکم لە ئەنەسەوە ریواتیـان کـردووە، گووتویانـە (سـەحیحە)، وەك لە (التيسير) ی مەناویدا (١٤٨٥/١) هاتووە.

بەرنامـە و ڕێبـازی خـوای گـەورەدا و ڕەحمـەت و میهرەبـانی  ئـەو هـەردوو جیهـان داپۆشێ.

## بنەما گرنگەکانی کاتی جەنگ و پاش تەواوبوونی جەنگ:

ئیسلام جەنگی ڕەوای لە جیهاد کردن لەڕێگەی خوادا کورتکردۆتەوە، دیارە ئـەوەیش بـە مـەرج و بەرنامەڕێـژی خۆیـەوە.بـەمجۆرە هـەموو ئـەو جەنگانـەی پوچەڵکردۆتەوە کە لە پێناوی خوادا نین، ئیتر با هەرچۆنێك بێت ئەو ڕێگەیە، ئەوەتا جەنگ کردنی لە پێناو دەستکەوتنی غەنیمەت و خۆشییەکانی دونیـا و دەسـەڵاتگرتن و هـەژموونی نەتـەوەیی یـان خێڵـەکی یـاخود بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی ئیستیعماری یان ئابووری یان هەرشتێکی دیکەی لەم شێوانە قەدەغـەکردوە، لێرەدا باس لـەو بنەمایانـە دەکـەین کـە لـە کـاتی بەڕێوەچـوونی جـەنگ و پـاش تـەواوبونی جەنگەکەدا پێویستە پەیڕەوییان لێبکرێت، وەك لە خوارەوە باس کراون:

## یەکەم: لە کاتی هەڵایسانی جەنگ و بەڕێوەچوونی جەنگەکەدا:

دەقـە شـەرعییەکانی قورئـان و سـوننەت و ژیننامـەی پـاك و بێگـەردی پێغەمبەر و جیبەجێکردنی خەلیفەکانی راشیدین بەم جۆرە دەلالەتیان کردووە:

١- نەکوشـتنی هـیچ کەسـێك جگـە لەوانـە نـەبێت کـە دەجـەنگن و شـەڕمان لەگـەڵ دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ﴾ (البقـرة: ١٩٠).

٢- بەرگریکردن لە دەستدرێژیکردن تەنانەت لە کـاتی جـەنگ و بەڕێوەچـوونیدا وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ﴾ (البقرة: ١٩٠).

٣- بڕواکردن بەو کەسەی لە کاتی جەنگدا موسـڵمان بـوونی خـۆی رادەگەیـەنێت لـە کاتێکدا کە شکستی خواردەوە و لە موسڵمانانی کوشتووە، ئـەوەتا پێغەمبـەری خـوا دەفـەرموێت:« فـەرمانم پێکـراوە جـەنگ لەگـەڵ خەڵکیـدا بکـەم تـا ئـەو کاتـەی شایەتوومان دێنن بەوەی هـیچ خوایـەك نییـە جگـە لـە (الله) نـەبێت و موحەممـەدیش نێردراو و ڕەوانە کراوی خوایە»، گەرهاتوو ئەوەیان کرد ئەوا لەلایەن منـەوە خـوێن و

ماڵیان پارێزراوە مەگەر بە حەقی ئیمان و لێپرسینەوەیان لەلای خوای گەورە[1]، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلاَمَ لَسْتَ مُؤْمِناً تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ (النساء: ٩٤).

٤- قبوڵکردنی موسڵمان بوونی جەنگاوەرێك،بەم کارەی خوێنی منداڵەکانیشی پارێزراو دەبێت.[2]

٥- رێگەنەدان بە کوشتنی نوێنەر و بارمتەکان، با سروشتی ئەو دەوڵەتەش هەرچۆنێك بێت کە رەوانەی کردوون، ئەوەتا لە لە حاکمەوە گێڕراوەتەوە و بەسەحیحی داناوە هەروەها (ئەبوو داود) یش بە سەنەدەوە لە (نەعیمی کوڕی مەسعود)ەوە هێناویەتی کە دەڵێت: « گوێم لێبوو کە پێغەمبەری خوا کاتێك کە نامەکەی موسەیلەمەی بۆخوێنرایەوە بە نێرراوەکەی موسەیلەمەی فەرموو: ئێوە دەربارەی ئەو نامەیە چی دەڵێن؟ ئەوانیش وتیان هیچ ناڵێین جگە لەوەی کە تیایدا وتراوە ! پێغەمبەریش فەرمووی ( لەبەر ئەوەی کە نێردراوەکان ناکوژرێن، ئەگینا لە گەردنم دەدان).

٦- نەکوشتنی ژنان و منالاّن و بە سالاّچوان و قەشە و جوتیار و کرێکار و هاو وێنەکانیان لەوانەی کە بەشداری شەڕیان نەکردووە، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ﴾ (البقرة: ١٩٠)، (ئیمامی موسلیم) لە سەحیحەکەیدا و لە باسی حەرامکردنی کوشتنی ژن و منالاّن لە جەنگدا هێناویەتی و دواتر بە سەنەدەکەیەوە لە عەبدولاّوە دەیگێڕێتەوە کە ئافرەتێك لەلایەن جەنگاوەرەکانی پێغەمبەرەوە(دخ) بە کوژراوی بینرایەوە، لەلایەن خۆیەوە پێغمبەری خوا(دخ) ناڕەزایی دەربڕی و کوشتنی ژنان و منالاّنی لە قەدەغەکردووە.[3] هەروەها (ئەبوداود) بە سەنەدەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا

---

١- صحيح البخاری ، كتاب الأيمان ، مع فتح البارى (١)

٢- المغنى مع الشرح الكبير (٤١٣/١٠)

٣- صحيح المسلم ، كتاب الجهاد (١٣٦٤/٣)

(دخ) فەرموویەتی: « کەسانی بەساڵاچوو لەگەڵ منداڵی بچوك مەکوژن»[1].
ئەحمەدیش بەسەنەدەوە لە (ئیبن عەباس)ەوە دەڵێت: « پێغەمبەری خوا (دخ) کاتێك سوپای رەوانە بکردایە بۆ جەنگ دەیفەرموو: بە ناوی خواوە دەربچن و بکەونە رێ.. منداڵان مەکوژن، خەڵکی ناو پەرستگاکان مەکوژن »[2]، لە وەسیێتەکەی (ئەبوبەکر)یشدا بۆ (یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان) هاتووە: « تۆ کۆمەڵە کەسانێك دێنە رێگەت کە خۆیان وەقف کردووە بۆ خوای گەورە ئەوا وازیان لێبهێنە تا ئەو کاتەی کە بانگەشەی بە پەناهەندەیی مانەوەیان دەکەن لەسەر ئەو حاڵەتە»[3]، (ئیبن ماجە)ش بە سەنەدەوە دەگێڕێتەوە کە حەزرەت فەرموویەتی: « منداڵ و بەکرێگیراو مەکوژن»[4].
٧- خراپی کوشتنی باوك و دایك و خزم و کەس و کار مەگەر لە حاڵەتی زەرورەت و ناچاریدا یان واپێویست بکات، کە ئەمەش رای حەنەفی و شافیعی و زەیدییەکانە، ئەوەش لەبەر هەندێك بەڵگەی باوەڕپێکراو[5]، بەڵام دایك و باوك ئەوا خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفاً﴾ (لقمان: ١٥)
٨- پێشەوا (موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانی) لە کتێبە گەورەکەیدا باسی لەوە کردووە کە: « حەنزەڵەی کوڕی ئەبی عامر و عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەلول داوای مۆڵەتیان لە پێغەمبەری خوا(دخ) کرد بۆ کوشتنی باوکیان، ئەویش بەرگری لێکردن.»دواتر هەندێك گێڕانەوەی دیکە هەن دەربارەی کوشتنی باوك لەلایەن کوڕەکانیانەوە لە کاتی جەنگدا، پێغەمبەری خوا (دخ) لەو بارەیەوە بێدەنگ بووە: کە ئەمەش دەکاتە ئەوەی گەرهاتوو کوڕ مەبەستی کوشتنی باوکی

---

١- سنن أبی داود، كتاب الجهاد (٣٧١/٣)
٢- مسند أحمد (٣٠٠/١)
٣- معرفة السنن والآثار للبيهقی (٢٤٩/١٣)
٤- سنن ابن ماجة/ كتاب الجهاد (٩٤٨/٢)
٥- بگەڕێرەوە : التنف للسغدى (٧١٠/٢) و ﺍية المحتاج (٦٤/٨)

نـەبێت، بـەڵام زەرورت وابخوازێـت، یـان بـاری جەنگەکـە واپێویسـت بکـات ئـەوا تاوانبارنابێت لەسەر ئەو کوشتنە.[١]

٩- نەسووتاندن و نەخنکاندن و نەبڕینەوەی دار و درەخت و هاوشـێوەی ئـەم کارانـە مەگەر زەرورەتی جەنگەکە واپێویست بکـات، یـان بـەو هۆیـەوە رژانـی خـوێن کـەمتر ببێتەوە.[٢]

١٠- بەکارنـەهێنانی چـەکی کۆکـوژ کـە لەبەرەنجامییـەوە زیـانی زۆر بـە هاوڵاتیـانی مەدەنی لە ژنان و منالآن و هەروەها ئاژەڵان و نەوەکانی داهـاتوو دەکـەوێت، چـونکە بەڵگە شەرعییەکان شانبەشانی بەڵگەکانی قورئـان و سـوننەت لەسـەر ئـەوەن رێگـە نەدرێت بەو جۆرە چەکانە تەنها لە روانگەی کۆسپ و لەمپەری ستراتیژییەوە نـەبێت، لەلایەن خۆشیانەوە هەندێك لە فەقیهەکان لە نێویشیاندا مالیکییـەکان فـەتوایان داوە بەقەدەغەکردنی بەبەکارهێنانی ژەهر لە کوشتنی دوژمناندا.[٣]

١١- نەکوشتنی ئاژەڵ، وەسیەتی ئـەبو بـەکر بـۆ هـەموو ئەوانـەی رەوانـەی جـەنگی دەکردن ئەوەبوو دەیفەرموو: « بەران و وشـترەکان سـەر مـەبڕن مەگـەر بـۆ خـواردن نەبێت»[٤]

١٢- زیان نەگەیاندن بە ژینگە، وەك نەبڕینی دارو درەخت و هاوشـێوەکانی تـەنها لـە کاتێکدا نەبێت رەوشـی جەنگەکـە وابخوازێـت، لـە وەسـیەتی ئەبوبـەکردا هـاتووە بـۆ سوپای موسڵمانان: « دارو درەخت مەسوتێنن، درەختی بەردار مەبڕن »[٥]

١٣- ئاسـایش و پەناپێـدان، ئیسـلام مـافی داوە بـە هـەموو موسـڵمانێك کـە مـافی ئاسایش و ئەمنییەت بدات بە هەر بێباوەڕێك، لەم بارەیەوە بەڵگەی زۆر لە فەرموودە و ئەسەردا هەیە کـە ئـەم مەسـەلەیە دووپـات دەکەنـەوە، لەوانـەی ئـەم فـەرموودەی

---

١- كتاب السير الكبير ، ط. مطبعة الأعلانات الشرقية (١٠٦/١)

٢- بەلاّم گەر بۆبەرپەرچدانەوە و رێگرتن بوو لە دەستدرێژی ئەوە کارێکی رەوایە تەنانەت داواکراویشە.

٣- مواهب الجليل (٣٥٢/٣)

٤- معرفة السنن للبيهقى (٢٤٩/١٣)

٥- پێشتر تەخریجکرا

پێغەمبەر(دخ) کە دەفەرموێت: «ویسعی بذمتهم أدناهم » [1]بەو واتایەی لاوازترین هاولاَتی موسڵمان لە رووی پلە و پایەوە دەتوانێت پەنای بێباوەڕێك بدات.خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ ﴾ (التوبة:٦) لەم باسەشدا موحەمەد شەیبانی بەشدارییەکی جوانی کردووە.[2].

١٤– ئاشتی و ئاگربەست، کە باسمان لە گرنگییەکەی کرد لە تێڕوانینی ئیسلامدا و جیبەجیکردنی لە سوڵحی حودەیبیەدا.

## دووەم: حاڵەتی کۆتایی هاتنی جەنگ و سەرکەوتنی موسڵمانان.

ئیسلام دەچێتە نێو چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شکستخوارد و دۆڕاوەکاندا و بە تایبەت لەگەڵ دیلگیراوەکاندا، لەم سۆنگەیەوە فەرمان دەکات بەوەی چاکەکاربن لەگەڵیاندا و پێویستییەکانی ژیانیان بۆ دەستەبەر بکەن لە خواردن و خواردنەوە و شوێنی نیشتەجێبوون، چونکە خوای گەورە تێرکردنی بەدیلگیراوێکی برسی وەك باشترین نزیك بوونەوەکان لە خۆیەوە داناوە و دەفەرموێت: :﴿ وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً (٨) إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لاَ نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلاَ شُكُوراً (٩)﴾ (الأنسان:٨ -٩)، هەروەها بە گرنگیپێدانەوە باس لەحاڵەتی کۆتایی هاتنی جەنگ دەکات و ئەوە پێویست دەکات کە دەبێت تەرمی کوژراوەکانی دوژمن بە خاك بسپێردرێن، نابێت لە کاتی تەسلیم کردنەوەیاندا بە کەس و کاریان، یان بۆ ناشتنیان پارە یاخود هەرشتێکی تر وەربگیرێت...

لە دروشاوەترین نمونەکانی ئەم بوارە، هەڵوێستی ئازیزمان بوو (دخ) بەرامبەر دانیشتوانی مەککە کە پێشتر زۆر ئازاری خۆی و هاوەڵەکانیان دابوو، ماوەی بیست ساڵ بەردەوام بوون لەسەر دژایەتیکردن و ئازاردانی حەزرەت، بەلاَم لەگەڵ

---

١- سەرچاوەی پێشوو.

٢- السير الكبير (٤٢٠/٢)

هـەموو ئەوانەشـدا پێغەمبـەری خـوا (دخ) پـەنای نـەبرد بـۆ تۆڵەسـەندنەوە، بـەڵکو فەرمووده بە ناوبانگەکەی پێگووتن: « بڕۆن ئێوە هەمووتان ئازادن».

## سێهەم: بنەما ئیسلامییەکان و یاسانێودەوڵەتییە مرۆییەکان:

مەبەست لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی: کۆمەڵە رێساو بنەمایەکە کە کۆت و بەند دادەنێت لەسەر بەکارهێنانی هێز لە ململانێ چەکدارییەکاندا، ئەوەش لە پێناو:

– دانـانی سـنورێك بـۆ ئـەو ئاسـەوارانەی کەئەنجامـدانی توندوتیـژی لەسـەر شەڕکەرەکان دایدەنێت، بەوەی کەلە ئاسـتی پێویسـتی خـۆی و هێنـدەی زەرورەتـی جەنگ دەیخوازێت تێبپەڕێنێت.

ئەم بنەمایە رەگداکوتراوە لـە قورئـان و سـوننەتدا بـە جۆرێـك کـە کۆمەڵـە دەقێك لەسـەر حـەرامکردنی دەسـتدرێژیکردن هـاتوە تەنانـەت لـە حاڵـەتی جـەنگ و پەلاماردانی دوژمنانیشدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَاتِلُواْ فِـي سَـبِيلِ اللّـهِ الَّـذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَـدُواْ إِنَّ اللّـهَ لاَ يُحِـبُّ الْمُعْتَـدِينَ﴾ (البقـرة: ١٩٠)، هـەروەها ﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْـجِدِ الْحَـرَامِ أَن تَعْتَـدُواْ وَتَعَـاوَنُواْ عَلَـى الْـبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَـى الإِثْـمِ وَالْعُـدْوَانِ وَاتَّقُـواْ اللّـهَ إِنَّ اللّـهَ شَـدِيدُ الْعِقَـابِ ٢﴾ (المائدة: ٢)، هەروەها ﴿فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ﴾ (البقرة: ١٩٤)، ﴿وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ (المائدة:٨٧) .

– وازهێنـــان و دەســـتهەڵگرتن لـــەو کەســـانەی کـــە بەشـــداری کـــارو بـــارە جەنگییەکانیان نەکردووە بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ[1].پێشـتر باسمـان لـە وەسـیەتی پێغەمبەر(دخ) و خەلیفەکانی راشیدین لەم بوارەدا کرد.

– رێزگـرتن لـە گرێبەسـت و پەیماننامـە و بەڵێننامـەکان تەنانـەت لـە کـاتی جەنگ و پاش کۆتایی هاتنیدا، پێشـتر لـەم بارەیـەوە کۆمەڵـە دەقێکمـان هێنایـەوە،

---

١- أ.د جعفر عبدالسلام : القانون الدولي الإنسـاني، توێژینەوەیـەکی بلاوکراوەیـە لـە گۆڤـاری کۆلیـژی شەریعەی و یاسای زانکۆی ئەزهەر، ژمارە دوو ساڵی (١٤٠٦) ك لاپەڕە ١٦٦

بـەڵكو ئيسـلام زيـاتر لـەوەش دەڕوات ئـەوەش بـە هانـدانی زۆر لەسـەر فراوانكردنـی بازنەی ئەوەی خاوەنی پێدانی پەیمان و پەنادانە، لێرەدا هەندێك دەق دەهێنینەوە:

**لە قورئانی پیرۆزەوە:**

* ئایەتی﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ﴾ (التوبة:٦).

* ئایەتی ﴿إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدتُّم مِّنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنقُصُوكُمْ شَيْئاً وَلَمْ يُظَاهِرُواْ عَلَيْكُمْ أَحَداً فَأَتِمُّواْ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ (التوبة:٤).

**لە سوننەتی پێغەمبەرەوە:**

ـ فەرموودەكەی كە دەفەرموێت: «ئەو كەسەی تۆ پەنات دا ئێمەش پەنامان دا ئەی (أم هانیء)»[1]، كاتێك ئوم هانیئی كچی ئەبوتالیب پەنای پیاوێك یان دوانی لە بێباوەڕان دابوو، ئەوەبوو حەزرەت ئەو مافەی بە هەمووان دا بە ژنانیشەوە.

ـ فەرمودەكەی: « گەرهاتوو پیاوێك پەیمانی پاراستنی بە كەسێكدا و پاشان كوشتی، ئەوا من ئەستۆپاكم لەو بكوژە، با كوژراوەكەش بێباوەڕ بێت»[2].

لە لایەن خۆشـیانەوە زانایـان لەسـەر ئـەوە ڕێكـەوتوون كـە ئەمنییـەت دان لەلایەن هەموو موسڵمانێكی ئازادی عاقڵی پێگەیشتووەوە دروستە، ئیتر نێر بێت یـان مێ، مادەم ئەمان دان بۆ تاكەكان بێت، بەڵكو حەنەفییەكان پێیان وایە كە: جگـە لـە پێشەوا هەموو موسڵمانێك مافی پەنادانی هەیـە، تەنانـەت گـەر بێتـوو بـۆ كۆمـەڵێكی زۆریش بێت [3].

---

١- الحديث متفق عليه، رواه البخارى فى صحيحه كتاب الجزية، باب أمان النساء و جوارهن ، الحديث رقم ٣٠٠ ومسلم فى كتاب صلاة المسافرين و قصرها الحديث رقم ٣٣٦.

٢- رواه البيهقى فى السنن الكبرى برقم (١٨٢٠٣) فى كتاب السير باب: (الأسير يؤمن) (١٤٢/٩) ط. ١٤١٤ ه /١٩٩٤ مكتبة دار الباز بمكة المكرمة ، تحقيق محمد عبدالقادر عطا.

٣- بگەڕێرەوە : بدائع الصنائع (١٠٧/٧) وفتح القدير (٢٩٨/٤) و الفتاوى الهندية(١٩٨/٢) و حاشـية الدسوقى (١٨٦/٢) و مغنى المحتاج(٢٣٨/٤) والمغنى مع الشرح الكبير (١٠ ٤٣٤)

## یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و فیقهی ئیسلامی لە حاڵەتی جەنگ:

زاراوەی یاسـای نێودەولـەتی مرۆیـی ماوەیـەکی کەمـە سـەریهەڵداوە و کەوتۆتە نێو بواری بەکارهێنانەوە، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن خاچی سوری نێودەوڵەتیەوە لەو بەڵگەنامانەدا هات کە پێشکەشی کۆنگرەی شارەزا حکومییەکانی کـرد کـە لـە خـولی یەکەمیـدا لـە جنێـف و لـە سـاڵی( ١٩٧١ ز) بەسـترا، هۆکـاری بەکارهێنانی ئەم زاراوە نوێیەش بریتی بوو لە دەرخستنی سروشتی مرۆیی پوخت لە ڕێساکانی جەنگدا.[١]

بەلاّم لە فیقهی ئیسلامیدا ئـەم زاراوەیـە و زاراوەی یاسـای نێودەولـەتی بـە دیناکرێت، بەلاّم وەك بینیمان فیقهی ئیسلامی پێش یاسا دەستکردەکان کەوتووە لـە داڕشتنی بناغە و بنەماکانی پەیوەنـدی نێودەولـەتی و یاسـای نێودەولـەتی مرۆییـدا، بـەلاّم زاراوەی (الجهـاد) یـاخود (السـیر)ی بـە کارهێنـاوە، لـەم بوارەشـدا پێشـەوا بەڕێزەکانمان بە تایبەت پێشەوا (موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانی ١٣٢ ــ ١٨٩ ك ژیاوە) لەم بوارەدا و لە پێنج بەرگدا دەربـارەی (السـیر) یـان بـە دەسـتەواژەیەکی وردتر لە یاسای نێودەڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیـی دا نوسـیویەتی، بـە جۆرێـك بەیەکەم پێشەنگی نوسـین دەربـارەی یاسـای نێودەولـەتی ئـەژماردەکرێت، چـونکە پێش (گرۆسیۆسی ١٥٨٣ ـ ١٦٤٥ ز) ی بەڕەگەز هۆڵەندی کـەوتبوو لـەم بـوارەدا کـە گرۆسیۆس نادەبرێت بە باوکی یاسای نێودەوڵەتی لەسەردەمی ئێستاماندا.

دادپەروەریشە کە بڵێین: زانایانی یاسای نێودەولـەتی و ئەوانـەی سـەرقاڵن پێـوەی لـە ولاّتـە جۆربەجۆرەکانـدا، کۆمەڵەیـەکیان دامەزرانـدووە لـە (گۆتنگـان) لـە ئەڵمانیا بە ناوی (کۆمەڵەی شـەیبانی بـۆ مافـە نێودەوڵەتیـەکان) و لـەو کاتەشـدا بـۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە فەقیهێکی میسـری کـە (دکتـۆر عەبدولحەمیـد بـەدەوی ) بـوو

---

١- سەرچاوەی پێشوو

هەڵبژێردرا، هەروەك دكتۆر (صلاح الدین منجد)یش هەڵبژێرا كە لێكۆڵینەوەی لە كتێبی (السیر الكبیر) ی شەیبانیدا كردبوو[1].

یاسای نێودەوڵەتی ئینسانی بریتییە لە كۆمەڵە بنەماو داب و نەریت و ڕێوشوێنگرتنێك كە پارێزگاری بۆ چینە دیاریكراوەكان دابین دەكات لە حاڵەتی جەنگ و ململانێ چەكدارییەكاندا و بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین ئەمانە دەگرێتەوە :

١- یاسای لاهای كە لە ساڵی (١٨٩٩، ١٩٠٧) بڕیاری لەسەردرا و ماف و ئەركەكانی جەنگاوەرانی ڕێكدەخست لە حاڵەتی ڕودانی جەنگدا.

٢- یاسای جنێف كە ئامانجی دابینكردنی پارێزگاری و مامەڵەی مرۆییانە بوو بۆ ئەو هاوڵاتیانەی كە بەشداری جەنگیان نەكردووە، كە پێك دێت لەهەر چوار ڕێكەوتنامەكەی جنێف بۆ ساڵی (١٩٤٩ ز) و تایبەت بە قوربانیانی جەنگ و دوو پرۆتۆكۆلە زیادكراوەكە كە لە جنێف لە ساڵی (١٩٧٧ ز) بڕیاری لەسەردرا.[2]

ئەم ڕێكەوتنامانە ئامانجیان پارێزگاریكردنە لە مافەكانی مرۆڤ لە حاڵەتی جەنگدا، هەروەها پارێزگاریكردنە لە هاوڵاتیانی مەدەنی، هەروەك دەبێت خودی جەنگەكە ڕەوا و مەشروع بێت و..هتد، بە هەمان شێوە چارەسەری مرۆیی ئاینی ئیسلاممان لەم بوارەدا بینی.

---

١- پێشەكی بەڕێوەبەری پەیمانگای دەستنوسەكان لە قاهیرە بۆ كتێبی (السیر الكبیر)، شركة الأعلانـات الشرقیة ١٩٧١ (٣/١)

٢- د. عبدالغنی محمود : القانون الدولی الإنسانی ص ٥.

## تەوەری پێنجەم:

## پەیوەندی موسڵمانان (کەمایەتی ) بەو دەوڵەتە نائیسلامیانەی تیایدا دەژین:

### پێش دەستی:

لەم بوارەدا ژمارەیەك زۆر کتێب و توێژینەوەی بە بایەخ نوسراوون، ئەوەشی لەم بوارەدا بە شێوەیەکی تەئسیلکاری و وردەکاری نوسیویەتی (عەلامە شێخ یوسف قەرزاوی) و (شێخ فەیسەڵ مەولەوی) و (دکتۆر تەها جابر عەلوانی) و (دکتۆر جەمالەدین عەتیە) و کەسانی دیکەشن...لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا بەدرێژی ناچینە ناو ئەم باسەوە، بەڵکو کۆمەڵە بنەماو رێسایەکی گشتی باس دەکەین کە پەیوەندییان بە باسەکەمانەوە هەیە و دەتوانین لە یەك بنەمادا کۆیان بکەینەوە کە ئەویش:" بڕیارلێدان و داننان بە مافەهاو بەرامبەرەکانی (المتقابلة) نێوان کەمایەتی ئیسلامی و دەوڵەتی زۆرینەدا".

پێشتر تەئصیلی ئەم بنەمایەمان لە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان موسڵمانی و ئەوانی دیکە کرد، کە ئەمەش بنەمایەکی جێگیر و چەسپاوە و پێغەمبەری خوا(دخ) بڕیاری لێداوە، تەنانەت لە نێوان موسڵمان و خوای گەورەشدا، بەلاّم بە منەت و فەزڵی خوای گەورە وەك پێشتر باسکرا ئەم بنەمایە گشتگیر و هەمەلایەنەیەو کۆمەڵێك لە ماف و ئەرکی لێدەبێتەوە لەسەر هەردولایەن :

یەکەم: گرنگترین ئەو مافانەی پێویستن لەسەر ئەو موسڵمانەی لەدەوڵەتە نا ئیسلامیەکاندا دەژی:

دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

– پێویستی وەفابوون بەو گرێبەست و پەیمانانەی کە ئیمزای لەسەرکردووە یان دانی پیاناوە، مەگەر دژ بوەستێتەوە لەگەڵ ئەو دەقانەی بنبڕ (قطعی) ن لە روانگەی دەلالەت و چەسپینەوە یان ئەوانەی ناودەبرێن بە نەگۆڕەکان (الثوابت).

بەڵگەکان لەسەر واجب بوونی پابەندی بە گرێبەست و پەیماننامەوە بۆ موسڵمان و جگە لە خۆیان زیاترە لەوەی کە لەم جێگەیەدا هەموویان باس بکرێن،

لەوانەش ئایەتی:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ ﴾ (المائـدة: ١)، ﴿وَأَوْفُـواْ بِالْعَهْـدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً﴾ (الأسراء: ٣٤)، ﴿يأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَـا لاَ تَفْعَلُـونَ (٢) كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَـا لاَ تَفْعَلُـونَ (٢)﴾ (الصـف ٢-٣)، بـەڵکو خـوای گەورە فەرمانی کردووە بە وەفا بەو پەیمانەی لـە نێـوان پێغەمبـەر(دخ) و هۆزەکانـدا بەسـترابوو سـەرەڕای ئـەوەی هەنـدێك زوڵـم و سـتەمیان ئەنجامـدابوو دەرهـەق بـە موسڵمانان، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِّيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ (الأنفال: ٧٢).کە لەمەدا ئـەوە بەدیاردەکەوێت وەفاداری بە پەیمانەوە لەسەر و مافی هەندێك لە ئیماندارانەوەیە کـە هێشتا کۆچـیان نـەکردووە[١]، ئـیبن کەسـیر دەڵێـت: «.... ئەگـەر داوای پشـتیوانییان لێکردن لە شەڕێکی ئاینیدا بەسەر دوژمنەکەیاندا ئەوا ئێوەش پشـتیوانییان لێبکـەن، چونکە ئەوە ئەرك و واجبە لەسـەر شـانتان، لەبـەر ئـەوەی ئەوانـە براتـانن لـە ئاینـدا مەگەر داوای پشتیوانییتان لێبکەن لـە دژی گـەلێکی بێبـاوەڕ کـە لـە نێـوان ئێـوە و ئەواندا بەڵێنامە و پەیماننامەهەبێت...ئەوا ناپاکی مەکـەن دەربـارەی ئـەو زیممەتـە و پەیمانەکەتان لەگەڵ ئەوانەی پەیمانتان لەگەڵ بەستوون مەشکێنن، ئەمەش لـە ئـیبن عەباسـەوە گێڕدراوەتـەوە »[٢]، لـە هـەمان کاتـدا خـوای گـەورە دەربـارەی مـافی موشریکەکان دەفـەرموێت:﴿ فَمَا اسْتَقَامُواْ لَكُمْ فَاسْتَقِيمُواْ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُـتَّقِينَ﴾ (التوبة: ٧).

(ئـیبن کەسـیر) دەڵێـت: « هەرچـەندە پابەنـدبن بـەوەی ڕێکـەوتنتات لەسەرکردووە و پەیمانتان لەسەر بەستووە لە واز هێنان لـە جـەنگی نێـوان خۆتـان و ئەوان... ئەوا دامەزراو و بەردەوام بن بۆیان، خوای گەورەش کەسانی لـە خواترسـی خۆشـدەوێت، ئەمـەش لەلایـەن پێغەمبـەری خـوا (دخ) و موسـڵمانانەوە پـەیڕەوکرا، ڕێکەوتنامــە و ئاگربەسـت لەگـەڵ خــەڵکی مەککـە بـەردەوام بـوو...، تـا ئــەوەی

١- بگەڕێرەوە : جامع البيان للطبرى بتحقيق الشيخ شاكر (٦٦/٢٠ ـ ٧٠)
٢- تفسير القرآن العظيم ط. دار ابن حزم (١٣١٨/٢)

قورەیشیەكان پەیمانەكەیان شكاند، لەگەڵ هاوپەیمانەكانی خۆیان لە (بەنی بەكر ) دژ بە (خوزاعە) كە هاوپەیمانی پێغەمبەر بوون (دخ) شەڕیان كرد... »[1]. بەلاَم فەرمووده سەحیحەكان لەم بوارەدا هێندە زۆرن كە لە ژمارە نایەن تا بتوانین لەم باسە كورتەدا بیان خەینە روو، لەوانە فەرموودەی سەحیحی:" نیشانەكانی دوو ڕوو سێ دانەن: گەر قسەی كرد درۆ دەكات، گەر پەیمانی دا ،پەیمانەكەی دەشكێنێ، گەر ئەمانەت و راسپاردەی لادانرا ئەوا خیانەتی لێدەكات"[2] لە گێڕانەوەی موسلیمدا هاتووە :" باكەسەكە نوێژ بكات و بەرۆژوو بێت و بانگەشەی ئەوە بكات كە كەسێكی موسڵمانە"[3]، هەروەها ئەو فەرموودەیەی تر كە (متفق علیه) یە دەفەرموێت:" چوار سیفەت هەیە هەركەس تیایدا بێت ئەوا دوو روویەكی تەواوە، ئەگەر یەكێك لەو سیفەتانەی تیابوو ئەوا سیفەتێكی دوو روویی تێدایە تا وازی لێدێنێ: گەر راسپاردەی لادانرا خیانەتی لێدەكات، گەر قسەی كرد درۆ دەكات، گەر پەیمانی دا دەیشكێنێ، ئەگەر دوژمنایەتی كرد سنوور دەبەزێنێت "[4]

– فێڵ و درۆ و چەواشەكاری نەكردن بەرامبەر دەوڵەت یان جگە لە دەوڵەتیش، ئەوەش لەبەر حەرامی فێڵ و خیانەت و چەواشەكردن و ناپاكی بە هەموو شێوەیەك... زۆربەی زانایانی فەرموودە لەلایەن خۆیانەوە باسی تایبەتەیان تەرخان كردووە بە حەرامكردنی ناپاكی و فێڵ و خیانەت و چەواشەكردن و درۆ، تیایدا كۆمەڵە فەرموودەیەكی زۆریان هێناوە، لەوانە ئەم فەرموودەیەیە كە (متفق علیه) یە و دەفەرموێت:" هەموو كەسێكی ناپاك ئالایەكی بەدەستەوەیەو دەوترێت ئەوە ناپاكی فلانە كەسە"[5] هەروەها لەو فەرموودانەش ئەوەی كە (بوخاری) لە ئەبی هورەیرەوە ریوایەتیكردووە كە پێغەمبەر(دخ) فەرموویەتی:" خوای گەورە

---

١- سەرچاوەی پێشوو

٢- صحيح البخاری ـ مع الفتح ـ (٨٣/١ ـ ٨٤) ومسلم الحديث ٥٩.

٣- صحيح مسلم الحديث ٥٩

٤- صحيح البخاری ـ مع الفتح ـ (٨٣/١ ـ ٨٤) ومسلم الحديث٥٨.

٥- صحيح البخاری ـ مع الفتح ـ (٤٦٤/١٠)و (٢٩٩/١٢).

دەفەرموێت: لـە رۆژی قیامەتـدا سـێ کـەس هـەن کـە مـن نـەیاریانم :بـەهۆی منـەوە پەیمانێکی لەگەڵ ببەسترێت و پاشان ناپاکی بکات..."[١]

لە بواری فێڵ کردنـدا ئیسـلام هـەنگاوی یـەکلا کـەرەوەی نـاوە، پێغەمبـەری خوا(دخ) دەفەرموێت:" هەرکـەس چـەك لـە دژمـان هـەڵبگرێت ئـەوە لـە ئێمـە نییـە، هەرکەس فێڵمان لێ بکات ئەوە لە ئێمە نییە"[٢]، لێرەدا گـەر سـەرنج بـدەین دەبیـنین کـە فەرموودەکـە راشـکاوانە بـاس لـە فێـڵ دەکـات و ئـەو کەسـەی فێـڵ دەکـات لـە ئوممەتی موحەممەدی(دخ) دانانێت کـە پێغەمبـەری خـوا دەیـەوێت، بـەڵکو قورئـانی پــیرۆز رێگــەی بــە پێغەمبەرەکــەی نــەداوە تــا لــە چــوار چــێوەی رێکــەوتن و پەیماننامەکاندا تەنانەت ئەگەر لەگەڵ دوژمنانیشدا بێت فێڵ و چەواشەکاری بکات، خوای گەورە دفەرموێت:﴿ وَإِن يُرِيدُواْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللَّهُ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ﴾ (الأنفال: ٦٢).

بەڵام دەربارەی درۆکردن، هەندێك فەرموودەی سەحیحمان باسکرد کە بەڵگە بـوون لەسـەر ئـەوەی درۆکـردن سـیفەتێکە لـە سـیفەتەکانی کەسـی دوو ڕوو، بـەڵکو لەگـەڵ ئەوەشـدا یەکێکـە لـە گوناهـە گـەورە حـەرامکراوەکان، تـا ئـەوەی تەنانـەت پێغەمبەری خوا (دخ) وەك رێنمونیکار و رێنیشاندەری خاوەنەکـەی دیـاریکردووە کـە بەرەو ئاگری دۆزەخ دەیبات، وەك دەفەرموێت:" راستگۆیی رێنمونی مرۆڤ دەکات بـۆ چاکەکردن و پاشان چاکەکردنیش بـەرەو بەهەشـت رێنمـونی دەکـات، ئـەو کەسـەش بەردەوام راستگۆ دەبێت تاکو لای خواگەورە بـە راسـتگۆ دەژمێردرێـت، درۆکـردنیش رێنمونی مرۆڤ دەکات بۆ تاوانکردن، هەروەك تاوانکردنیش مرۆڤ رێنمـونی دەکـات بـۆ ئاگر، ئەو کەسەش بەردەوام درۆدەکات تا لای خوای گەورە بە درۆزن دادەنرێت."[٣].

ئەم مافەش لەگەڵ ئەوەی مافێکە لەسەر موسڵمان بەرامبەر بە کەسـانی تـر، لــە هــەمان کاتــدا مــافێکی خــوای گەورەشــە، دەســتدرێژیکردنە ســەری بــە

---

١- صحيح البخارى ـ مع الفتح ـ (٣٤٦/٤ ـ٣٤٧).

٢- صحيح مسلم الحديث ١٠١،١٠٢.

٣- صحيح البخارى ـ مع الفتح ـ (١٠٤٢٣) ومسلم الحديث ٢٦٠٧.

دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی خـوای گـەورە دادەنرێـت، ئەمـە سـەرای ئـەوەی کـە پابەند نەبوون بە رەوشتە ئیسلامییەکانەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسـەر ناوبـانگی ئیسلام و موسڵمانان لەبـەردەم نـا موسـڵمانەکاندا و وێنەیـەکی خراپیـان پێـدەدات و دوریـان دەخاتــەوە لــەوەی نزیکــی ئیســلام بکەونــەوە و موســڵمان بــبن، هــەروەك ئەزموونیش ئەوەی سەلماندوە کە رەوشتە جوانەکان وادەکات خـەڵکی بـەرەو هاتنـە نـاو ئیسـلام هـەنگاو هـەڵبگرن، خـوای گـەورە دوعایـەك لـە سـەر زاری ئیبراهیمـەوە دەگێریتــەوە لــە قورئانــدا و دەفــەرموێت:﴿ رَبَّنَـا لاَ تَجْعَلْنَـا فِتْنَـةً لِّلَّـذِينَ كَفَـرُواْ ﴾ (الممتحنة: ٥).

لەلایـەکی دیکەوەموسـڵمان نـەبوونی ئـەو جـۆرە کەسـانە بـە هـۆی پابەنـد نەبوونی موسڵمانان بە رەوشتە جوانەکانەوە جۆرێکە لە ئاژاوە و فیتنە.

– پابەندبوون بە یاساکان و گەلاڵە بەربلاۆەکان لە هەر ولاتێکدا، مـادەم دژ نەوەستێتەوە لەگەڵ نەگۆرەکانی ئیسلامدا، لەوانەش یاساکانی تایبەت بـە باجـەکان، کە زۆربەیان بە سوود و بەرژەوەندی هەمووان دەشکێتەوە.

– پارێزگاری کردن لە ئاسایش و سەلامەتی ناو کۆمەڵگا.

– بانگەوازکردن بەو جۆرەی کە باش و گونجـاوە بـۆ حـەق و دادپـەروەری و ئیسلام بەشێوەیەکی هێمن و لەسەر خۆ و ئامانجدار و بێ ورووژاندن.

– دروستکردنی وێنەیـەکی راسـتەقینە و ئیجـابی لـە ئیسـلام و موسـڵمانان و پتەوکردنی گیانی هاوکاری و پێکەوە ژیان و تەواوکاری و برایەتی.

## دووەم: مافی کەمایەتی موسڵمان لەسەر ئەو دەوڵەتەی تیایدا دەژین:

لە گرنگترین ئەو مافانەی کـە پێویسـتە دەوڵـەتی نـا ئیسـلامی بەرامبـەر بـە کەمایەتی ئیسلامی ناو دەوڵەتەکەی پێوەی پابەندبێت ،بریتین لە :

١– بە دیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی و پێدانی ئازادییەکان لە چوارچێوەی یاسادا هەروەها رێگرتن لە بیری رەگەز پەرستی، لەوەی رۆڵی هـەبێت لـە زیـان گەیانـدن بـە بەرژەوەندی موسڵمانان و رەچاوکردنی هەستی موسڵمانان و نەوروژاندنیان و رێگـرتن

له سوكايەتیكردن بە نەگۆڕەكانی هـەموو ئاینێـك لـەژێر هەرناوێكـدا بێـت، هـەروەها هەستان بە داڕشتنی یاسا گەلێك كە مافی موسڵمانان و ئازادی ئاینییان بپارێزێت.

٢- رێگەدان بە دامەزراندنی دادگا شەرعییەكان كە دەسـەڵاتی تێڕوانینـی كێشـەكانی خێزان و كاروباری كەسێتی و مەسەلە ئاینییەكانی تایبەت بە خۆیان هەبێت هەروەك چۆن لە وڵاتانی ئیسلامیدا دادگای تایبەت بە ناموسڵمانەكان دامەزراوە لـەو بوارانـەی باسكران، ئەوەش لە گرنگترین مافی كەمایەتی موسڵمانە.

لـەم بـوارەدا جێگـەی خۆیـەتی ستایشـی ئـەو هـەنگاوە باشـە بكـەین كـە حكومەتی بەریتانی هەڵیگرت بە بڕیاردان لە دامەزراندنی دادگای شەرعی كە خـاوەنی دەسـەڵات بێـت بـۆ تێڕوانینـی مەسـەلە مەدەنییـە ئیسـلامییەكان، لـەم بارەیەشـەوە رۆژنامەی (سەندەی تایمز) ی لەندەنی نوسیبووی :" رەزامەندی نیشاندانی حكومەت لـــەم بارەیـــەوە بـــە هێمنـــی ناســـرابوو، هـــەروەك مـــافی ئەوەیشـــی بـــە دادوەرە شـــەرعییەكانیش دا تـــا بڕیـــار لـــە كێشـــەكاندا دەربكـــەن لـــە نێـــوان تـــەلاق و كێشـــە داراییەكانی هاوپێوەند بە توندوتیژی خێزانی.كـە پێشـتر جێبـەجێكردنی ئـەم جـۆرە بڕیارانـــە لـــە بـــەریتانیا نـــەدەتوانرا جێبـــەجێبكرێت و كـــەوتبووە ســـەر رێكـــەوتنی خۆبەخۆیی نێوان موسڵمانان. ئێستا ئەوەش بەدیار كەوتووە ئەو دادگا شـەرعییانەی دەسـەڵاتیان هەیـە لـە هەریـەك لـە (لەنـدەن و بێرمنگهـام و برادفـۆرد و مانشسـتەر) دامەزراوە و بارەگای سـەرەكییان لـە (نونیتـون و وارویكشـیر)ە و بڕیـاریش وایـە دوو دادگای تر لە( گلاسكۆ و ئەدنبەرە) دامەزرێت"[١]

هـــەروەك ستایشـــی ئـــەو حكومەتانـــەش دەكـــەین كـــە رێگـــەیان داوە بـــە دامەزراندنی بانكی ئیسلامی یاخود لقی ئیسلامی بانكە كلاسیكییەكان.

٢- پارێزگـــاریكردن لـــە ناســـنامەی كەمایـــەتی و تایبەتمەندییـــەكانیان، ئـــەوەش بەمەبەستی پاراستنی فرە جۆری خوزراو و پێویست، ناكرێت دەوڵەتێك هەوڵبدات بۆ توانەوەی كەمایەتی ئیسلامی و پێكەونووسانی بە كۆمەڵگای ئەورووپی یـان رۆژئـاوایی

---

١- رۆژنامەی القدس (http://web.alquds.com/node/١٠٢٦٩٨)

یان کۆمەڵگەیەکی نا ئیسلامی بە شێوەیەکی ناباش، چونکە ئەوە واتای دان نەنان دەگەیەنێت بە فرەیی و فرەچەشنیدا، ئەمەش جۆرێکە لە مومارەسەی مەترسیدار بۆ گۆڕینی ئاین و ناسنامە و ئینتیما.

لێرەشدا دەڵێین کە مێژوو بە شانازیی و راستگۆییەوە و راشکاوانە شایەتی بۆ لێبوردەیی دەوڵەتی ئیسلامی دەدات هەر لە سەردەمی هاتنی پەیامی ئیسلامی تا ئەمڕۆ کە هەوڵی نەداوە بۆ تواندنەوەی کەمایەتییە ئاینییەکان لە ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، بەبەڵگەی ئەوەی کە ئەو کەمایەتییانە بەشێوەیەکی سەربەزانە لە هەموو ولأتانی ئیسلامیدا ماونەتەوە و دەژین، تەنانەت جولەکەکان کاتێك لە ئەوروپاوە کۆچیان کرد هیچ پەناگەیەك نەبوو جگە لە ولأتانی ئیسلامی نەبێت تا پەنای بۆ بێنن - وەك پێشتر باسکرا - ئێمە لەگەڵ یەکگرتنی ئیجابین کە ئاین و بیروباوەڕی موسڵمانی تیا پارێزراو بێت شان بەشانی ئینتمای بۆ نیشتمانە تازەکەی بە خۆشەویستی و کارکردنی جددی و سوود گەیاندن لە چوار چێوەی کارەکەی و لە نێوان وەلائی بۆ خوای گەورە و ئیمانداران، بە جۆرێك کە گرێدانێکی پتەو و دامەزراو بێت و هیچ جۆرە دژایەتی و ناکۆکیەکی تێدا دروست نەبێت.

## سێهەم: مافە هاوبەشەکانی نێوان دەوڵەت و کەمایەتی:

لەگرنگترین مافە هاوبەشەکانی نێوان کەمایەتی موسڵمان و دەوڵەتی نا ئیسلامی کە یارمەتیدەری پێکەوە ژیان و ئاسایش و ئاشتی کۆمەلأیەتی و پێشخستنی کۆمەڵگا دەڕوات لەگەڵ ئەو رووبەرە کارایەی لە لایەن هەردوو لاوە هەیە بۆ گەشەپیدانەوە و بوژاندنەوە و سەقامگیری، ئەوانیش بریتین لە:

١- یەکترناسین لە نزیکەوە و داننان بەوی دیکەدا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُواْ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عَندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ (الحجرات: ١٣)، خوای گەورە گوتاری ئاراستەی هەموو خەڵکی دەکات بە گشتی بە ئیماندار و بێباوەڕەکانییەوە بەوەی کە هەموویان لە یەك رەگەز و رەچەڵەکن، ئەمەش وادەخوازێت هەریەکەیان

دان بەوی دیکەیاندا بنێـت، خۆیـان بەسـەر یەکـەوە بـە گـەورەتر نـەزانن، وەك بـرای ئینسانی خۆیان دابنێن ( هەمووتان لە ئـادەمن و ئـادەمیش لـە خـۆڵ دروسـتکراوە)، کەواتە ئیتر شانازی و خۆ بە گـەورە زانـین و یـەکتر بـڕین و شـەڕکردن لەگـەڵ یـەکتر بۆچی ؟ دواتر خوای گەورە ئەوە روندەکاتەوە کە لـەو بنەچـە سـەرەکیەوە چـەندین لقی لێکرۆدتەوە و سەرچاوەیان گرتووە، کـە ئـەوانیش نەتـەوە و گـەل و هۆزەکـانن، خوای گەورەش ویسـتوویەتی کـە هـەر نەتـەوە و گـەل و هۆزێك جیابکاتـەوە لـەوانی دیکە، ئەوەش بە کۆمەڵە سیفات و تایبەتمەندییەکی تەواوکاری، ئەمـەش وا پێویسـت دەکـات کـە ئـەو سـیفەت و تایبەتمەنـدی و پێکهێنـەر و هەسـت و سـۆز و ئـاین و مەزهەبانە بناسرێن، کاتێکیش ئەمـە بـە دیهـات، ئـەوا هەریـەك لەمانـە ئـەوانی دیکـە دەناسـێت، هـەر گەلـە و گەلەکـەی دیکـە دەناسـێت، شـوێنکەوتەی هـەر ئاینێـك شوێنکەوتەی ئاینەکەی دیکە دەناسن و نزیك بوونەوە و هاوکـاری راسـتەقینە بـە دی دێت، کە لەسەر ئەم بنەمایەش پێکـەوە ژیـانی ئاشـتیانە دروسـت دەبێـت و سـەرقاڵ بوونی هەریەکەیان بەرەو ئاراستەی خۆی دەبێت، لە هەمانکاتدا سوود وەرگرتن لـە هەموو تایبەتمەندی و سیفاتە پێکهێنەرەکانی هەریەك لەو گەل و هۆز و ئاینانە بـەدی دێت و بەم جۆرەش ژیار و پێشکەوتن بە تەواوی دەڕسکێ.

لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا پێویستە لەسەر دەوڵەتی نا ئیسلامی هەوڵبـدات بـۆ ناسینی موسڵمانان بە شێوە راستەقینەکەیان لە رووی ئاین و نەتەوە و ژینگەیانەوە، هەروەك سوودیش وەربگرێت لە تا یبەتمەندی و پێکهێنـەرەکانی، کـە ئـەم کـارە بـە هـەمان شـێوە لەسـەر کەمایـەتی موسـڵمان پێویسـت دەکـات تـا ئـەنجامی بـدات، پێویستە لەسەریان شارەزا بن لە ژینگەی ئەورووپی و رۆژئاوایی و گەلانی ئـەورووپی و تایبەتمەندی و پێکهێنەر و ژیار و رێبازی ژیانیان و...هتد، لە هەمان کاتدا بە تـەواوی سوودیان لێوەربگرن و لەسەر بنەمای ئەو شارەزاییەش هەڵسوکەوت بکەن، بـەمجۆرە کارێکی ئیجابی دروست دەبێت.

پێویستە لەسەر ئەو موسڵمانانەی کە لە رۆژئاوا دەژین تێڕوانینـی خۆیـان بـۆ کۆمەڵگـەی ئـەورووپی یـان رۆژئـاوایی رێکبکەنـەوە بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە رووی:

ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئەوروپی بـا کۆمەڵگەیـەکی عـەلمانیش بێـت، بـەڵام دەسـەڵاتی ئاینی تیایدا حەقیقەتێکـە ناکرێـت نکـوڵی لێبکرێـت، لەبـەر ئـەوە چـالاکی رۆشـنبیری ئیسلامی رێگە پێدراوە لە سنوری دروستنەکردنی گۆڕانکاری لە بونیاتی کۆمەڵگەکەدا و تـا ئاسـتێك کـە رێگـە نـادات بـە پەیـدابوونی زایەڵـەی سیسـتمێکی ئیسـلامی یـان قەوارەیـەکی ئیسـلامی سـەربەخۆ [1]، لەبـەر ئـەوە خۆپاراسـتن لەوروژانـدن کـارێکی پێویست و داواکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی پێویستە بکرێت ئەنجامدانی کاری جـددی لەسـەر خـۆ و ئامانجـدار و دامـەزراوە لەسـەر سـتراتیژیەتێك کـە بڕوانێـت بـۆ کۆمەڵگەی رۆژئاوایی بەو پێودانگـەی کـە تـەنها یەکێکـە، بـەڵکو سـوود وەرگـرتن لـە فرەیی سیاسەتەکانی هێندەی لە توانادا بێت، هەروەها سوود وەربگیرێت لـە گـۆڕانی بـەها و پێوانـەکانی بەشـێوەیەکی خێـرا، هـەروەها تێڕوانینـی کۆمەڵگـەی رۆژئـاوایی بـەوەی کـە کۆمەڵگـەی پێشـکەوتووی زانسـتی و رۆشـنبیری زانسـتییە و کۆمەڵگـەی مەعریفە و زانیارییەکانە، لە هەمانکاتدا تێڕوانینی ئەو رەوت و دامـەزراوە ئاینییانـەی کە هێشتا خاوەنی هەژموون و هێزن [2] تیایدا، لەگەڵ تێڕوانینـی کۆمەڵگـەی رۆژئـاوایی بـەوەی لـە زیهنـی نەوەکانیـدا و لـە سـەردەمی خاچپەرسـتانەوە تـرس لـە ئیسـلام و شێواندنی وێنەکـەی چەسـپاوە، بـە تایبـەتش روداوەکـانی ئـەم دواییـەی ئەمـەریکا و ئەوروپا و هەندێك مومارەسەی تۆقێنەر لە عێـراق و بـە نـاوی بـەرگری (مەقاوەمـەت) ەوە ـ کە بە داخەوە ـ ئەو وێنە شێواوەی ئیسلامی زیاتر بەرجەستەکردوە.

٢- هاوکاریکردن لەسەر چاکە و لە خواترسان، هەروەها هاوکاریکردن لەسەر ئـەوەی خێر و چاکەی مرۆڤایەتی تێدایە بە گشتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ (المائدة: ٢).

٣- خوای گەورە ئەوەی واجب کردووە کە پێویستە (بابـەت)ی هاوکـاریکردنی نێـوان هەردوو لا بریتی بێت لە چاکە و کاری باشە و خێر و سوود گەیاندن و لـە خواترسـان،

---

١- ستراتیژیەتی کاری رۆشنبیری ئیسلامی لە رۆژئاوا، کە کۆنگرەی لوتکـەی ئیسـلامی نۆهـەم متمانـەی کردۆتەوە سەری (دەوحە، تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ لاپەرە ٣٢)

٢- سەرچاوەی پێشوو

ئیتر دوای ئەوە ئازادیت لەوەی هاوکاری لەگەڵ کێ دەکەیت، ئەوەتا ڕێگەدراوە تا موسڵمانان هاوکاری لەگەڵ هەمووان بکەن مادەم بابەتی هاوکاری کردنەکە بریتی بێت لە چاکە و لە خوا ترسان، لەبەر ئەوە خوای گەورە دیاری نەکردووە لەگەڵ کێ هاوکاری دەکەیت، کەواتە ئەمە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە لە پێشەوە باسمان کرد کە بابەتی هاوکاریکردنەکەیە، لەلایەن خۆشیەوە پێغەمبەر (دخ) گرنگی ئەم هاوکاریکردنەی روونکردۆتەوە تەنانەت لەگەڵ موشریکە نەفامەکاندا، کاتێك دەفەرموێت:" لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جەدعان ئامادەی پەیمانێکم بووم کە بەلامەوە لە وشترێکی سوور، باشتربوو، ئێستاش بانگهێشتی ئەو جۆرە پەیمانەیان بکردمایە ئەوا وەلأمم دەدایەوە"[1]، لەبەر ئەوەی پێشەواکانی قوڕەیش بینیبوویان کە خەڵکانێکی ستمەلێکراو و خاوەن ئاتاج هەن کە بە هۆی نەبوونی و دەستکورتییەوە دەمرن و کەس هاوکارییان ناکات، ئەوەبوو فیترەتی ساغ و دروستیان جولاّ و هەموویان لە پەیمانی (الفضول) دا کۆبونەوە، ئەوەش پێش هاتنی ئیسلام بوو، لەو پەیمانی (فضول) دا بەشدار بوون، پەیمانیان دا تا لاوازەکان سەر بخەن و بە هانای کەسانی تەنگەتاوەوە بچن، هاوکاری نەداران بکەن و رێز لە میوانان بگرن و..لەگەڵ زۆر رەوشتی جوانی دیکەی لەم چەشنانە.[2]

## دوو نمونە لە قورئان و لە ژیننامەی پێغەمبەر ( د.خ) دەربارەی کەمایەتی ئیسلامی کە تا ئێستاش وەك سەرمەشق ماوەنەتەوە:

کاتێك قورئانی پیرۆز دەخوێنینەوە دەبینین کە باسی نموونەیەکی پێشەنگ و درەوشاوەی کردووە بۆ کەسی موسڵمان کە ژینگە و هەلو مەرجەکان پاڵیان پێوەناوە تا لە کۆمەڵگەیەکی نا موسڵماندا بژی، ئەویش گەورەمان یوسف پێغەمبەرە ( د.خ) هەروەك کتێبەکانی سیرەش باس لەوە دەکەن ژمارەیەك لە

---

١- رواه البيهقى فى السنن الكبرى (٣٦٧/٦) والمعارف لابن قتيبة ص ٦٠٤.

٢- سەرچاوەکانی پێشوو: الشيخ فيصل مولوى : المسلم مواطنا فى أوروبا، ط. الآتحـاد العـالمى لعلمـاء المسليمن ص ٣٢.

هاوەڵانی ئازیزمان (بە پیاو ژنەوە) کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە و ماوەیەکی گونجاو تیایدا مانەوە و ژیان، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان تا ئەو دوونمونەیە لەگەڵ هەندێك لەسەر دووان و شیکردنەوە وە باس بکەین:

**نموونەی یەکەم: نموونەی پێغەمبەری خوا یوسف** ( د.خ) **لە میسر:**

قورئانی پیرۆز بە وردی باسی چیرۆکی پێغەمبەر یوسفی بۆ هێناوین، ئەوەشی لێرەدا دەمانەوێت باسی بکەین ئەوەیە کە پەیوەستە بە بابەتەکەمانەوە و بریتییە لە:

١ـ یوسف پێغەمبەر لە میسر ژیاو پارێزگاری لە ئاین و بیروباوەڕ و ڕەوشتی خۆی کرد، پێی هەڵنەخلیسکا ـ بە یارمەتی خوای گەورە ـ بۆ نێوکەندەلانی حەزو ئارەزووەکان سەرەڕای هەموو ئەو فشارانەی لەلایەن هاوسەری عەزیزی میسر و ئافرەتانی دیکەوە لەسەری بوو، تا گەیشتە ئەوەی کە لە قورئاندا خوای گەورە باسی دەکات ﴿وَغَلَّقَتِ الأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ (یوسف: ٢٣)، ئەوەبوو یوسف لە پێناو پارێزگاریکردن لە ڕەوشتە جوانەکان، قوربانی بە زۆرێك لە بەرژەوەندی و حەزی دونیایی دا، تەنانەت لەسەر ئەو کارەشەی ماوەی چەند ساڵێك خرایە زیندانەوە.

لێرەوە پێویستە لەسەر کەمایەتی ئیسلامی تا یوسف پێغەمبەر وەك سەرمەشق و پێشەنگێك وەربگرن لەوەی کە خەم و ئەرکی سەرکییان بریتی بێت لە پارێزگاری کردن لە ئاین و بیروباوەڕ و ڕەوشتەکانیان و ڕەوشتی نەوەکانی دوای خۆیان، ئەوەش لە ڕێگەی گرتنە بەری هەموو هۆکارە ماددی و مەعنەوەیەکان و میکانیزمە پەروەردەیی و زانستییە گونجاو بەردەستەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، لێرەشەوە ڕۆڵی جێگیریی و دامەزراویی و پاراستنی ناسنامەی تاکەکان دەردەکەوێت، وەگەرنا ئەو اهیچ بەهایەك نییە بۆ ئامانجە دونیاییەکان ئیتر هەرچەندە گەورەبن گەرهاتوو لە ناوچوونی ئاین و ڕەوشتی لێبکەوێتەوە، هەر ئەمەش بوو کە پێغەمبەر یوسف ڕایگەیاند و فەرمووی ﴿قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ

﴿مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ﴾ (يوسف ٣٣)، باسی لە زیندان کردووە بە شێوەیەکی ڕەها تەنانەت با وای لێ تێبگەن کە زیندانیکردن گەر هەموو تەمەنیشی بگرێتەوە ئەو بەلایەوە خۆشتر و باشترە لە کەوتنە ناو سەرپێچی و بێ فەرمانی خوای گەورەوە کەدەبێتە هۆی تووڕەیی پەروەردگار، ئیتر دەبێت چۆن بکەوێتە ناو بێباوەڕیی و توانەوەی کەسەکە خۆی یان نەوەیەك.لەگەڵ ئەمەدا وەفا و ئەمەکداری بۆ ئەوانەی کە چاکەیان لەگەڵ کردووین پێویستە، بائەو کەسە کەسێکی بێباوەڕیش بێت، چونکە عەزیزی میسر کاتێك یوسفی ( دخ) کڕیبوو، بە هاوسەرەکەی وتبوو﴿لاِمْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً﴾ (يوسف ٢١).

ئیتر ئەوەبوو یوسف ( دخ) ئەو کارە جوانەی لە یاد نەچوو، هەر ئەمەش یەکێك بوو لەو پاڵنەرانەی کە یوسف وەڵامی هاوسەرەکەی عەزیزی میسری نەدایەوە ـ دیارە پاش ترسانی لە خوای گەورە ـ وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ (يوسف: ٢٣) کە هەندێك لە موفەسیرین ئەو ڕاناوە (ضمیر) دەگەڕێننەوە بۆ عەزیزی میسر بە بەڵگەی حاڵ، تەنانەت ئەگەر ڕاناوەکەش بگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە، لەبەر ئەوەی تەواوکاری ئایەتەکە دەلالەتە لەسەر ئەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ ( يوسف: ٢٣).

٢ـ ستەم نەکردن لە خەڵکی ئەو وڵاتە ئەگەرچی لە هەندێك لە خەڵکی ئەو وڵاتەوە یان فەرمانڕەواکانییەوە ستەمێك دەرهەق بەو کەمایەتیانە یان ئەوانەی کۆچیان بۆ ئەو وڵاتە کردووە یاخود دەرهەق بە وڵاتێکی ئیسلامی لە ڕێگەی ئیستیعمارەوە کرابێت، لەبەر ئەوەی زوڵم و ستەم تەنها بە زوڵم و ستەم وەڵام نادرێتەوە، ئەوەبوو یوسف پاش هەوڵ و پیلانی هاوسەرەکەی عەزیزی میسر فەرمووی: ﴿إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ ( يوسف: ٢٣).

٣ـ لەمەشدا وەڵامدانەوەیەکی بەهێز بەدیار دەکەوێت بۆ ئەو موسڵمانانەی کۆچیان کردووە بۆ وڵاتێکی نا ئیسلامی و بیانوو دەهێننەوە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ماڵ و موڵکی وڵاتانی ئەورووپی و یان ئەمەریکی بەوەی کە ئەوانە وڵاتی ئیستیعمارین و ماڵ و موڵکی موسڵمانانیان بردووە، سەرەنجامیش ئەوەی دەستی

بەسەردا دەگرن پاداشتی ئەو کارانەیە کە ئەو وڵاتانە وەك ئیستیعمار کردوویانە، بێگومان ئەمە تێگەیشتنێکی نەزۆك و پێچەوانەی شەریعەتە، لەبەر ئەوە دبینین کە ئەو جۆرە کارانە ستەمە، ئەوەش بەپێی کۆمەڵە بەڵگەیەك کە هەندێکیمان لێ باسکرد وەك ئایەتی ﴿وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ (الأنعام: ١٦٤).

٤ـ یاخود ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە نوێنەرایەتی ئەو موسڵمانە ستەملێکراوانەی دەستی ئیستیعمار ناکەن.

٥ـ نیشەجێ بوون و خۆشویستنی ئەو نیشتمانەی کە تیایدا دەژین، تێبینی دەکرێت کە گەورەمان یوسف (دخ) کاتێك بارودۆخەکەی لێهاتەوە یەك و تەنگی پێهەڵچنرا لەلایەن ئەو ئافرەتانەوە، نەیفەرموو: کۆچدەکەم، یان چونە دەرەوەم لە وڵات لەوە باشترە ئەم ئافرەتانە بانگهێشتی منی بۆ دەکەن، بەڵکو فەرمووی:

٦ـ ﴿قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ﴾ (یوسف **٣٣**)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مانەوە و نیشتەجێ بوونی لە میسردا و خۆشویستنی ئەو وڵاتە هەروەها هەڵبژاردنی بەسەر مانەوە لە نێو زینداندا لەسەر بەجێهێشتنی وڵاتدا، زیاتر لەوەش، بە ڵکو داوای کرد تا ببێتە خەزنەداری زەوییەکانی ئەو وڵاتە بۆ خزمەتکردنی گەلی میسر، تەنانەت باوك و دایك و براکانیشی هێنا بۆ میسر و لەوێ نیشتەجێی کردن، لە کاتێکدا خەڵکی میسر دیندار نەبوون بە ئاینی ئیبراهم پێغەمبەر (دخ).

٧ـ هەستان بە ئەرکی بانگەوازکردن بە دانایی و ئامۆژگاری جوان، ئەوەبوو گەورەمان یوسف ( دخ)سەرەڕای هەموو ئەو بارودۆخە دژوارەی دەورەیان دابوو ئەرکی بانگەوازکردنی بۆ لای خوای گەورە واز لێنەهێنا، لەرووی ئەوەی کە پێشتر ـ بە ناهەق ـ وەك کۆیلەیەك فرۆشرابوو، کە ئەمەش لەسەرەتاوە پێگەیەکی لاوازی کۆمەڵایەتی بۆ دروست کرد، هەروەك لە زیندانیشدا دەستی لە بانگەوازەکەی هەڵنەگرت، بەڵکو هەستا بە سوود بینین لە ماوەی مانەوەی لە زینداندا و لەم بوارەشدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا، ئەوەبوو دوو گەنج لە نێو زیندان لەگەڵیدا بوون و هەردووکیان خەویان بینی، بەڵام پێش ئەوەی خەونەکانیان بۆ لێك

بداتەوە، ئەو ئایەت و بەڵگانەی بیرخستنەوە کە خوای گەورەبەهۆیانـەوە ڕێـزی پـێ لێناوە وەك زانینی کۆمەڵە شتێك کە تەنها لەلایەن خوای گـەورەوە نـەبێت نازانرێـت، دواتر ئاینی ئیبراهیم ( دخ) ی بۆ روونکردنـەوە کـە لەسـەر بنـەمای یەکتاپـەرسـتی و هاوەڵپەیدانەکردن بۆ خوای تاك و تەنها دامەزراوە،ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی مەترسـی هاوەڵ پەیداکردنی بۆ رونکردنەوە و ئەوەشی دووپاتکردەوە کـە ئەوانـەی هـاوەڵ بـۆ خوای گـەورە دادەنـێن و جگـە لـەو کەسـی تـر دەپەرسـتن ئـەوا هـیچ جـۆرە بـەها و دەسـەلاَتێکیان نییـە و هـەموو کاروفەرمانـەکان بـۆ لای خـوای گـەورە دەگەڕێتـەوە، دواتر خەونەکـەی بـۆ لێکدانـەوە[1]. مەسـەلەکەش بـۆ کەمایـەتی موسـڵمان بـە هـەمان شێوەیە بەلای و پێویستە لەسەریان کە بانگەواز بکەن بۆ لای خوای گەورە بە دانایی و ئامۆژگاری جوان و گفتوگۆی نەرم و نیـان و بەڵگـەکاری، چـونکە بانگـەوازکردن بـۆ لای خوای گەورە واجبی سەرشانی هەمووانە، هەموو کـەس بـەپێی توانـا و لێهـاتنی، تەنانەت با بـە گەیانـدنی ئایـەتێکیش بێـت، وەك ئازیزمـان دەفـەرموێت:" لـە منـەوە بیگەیەنن با تـەنها یەك ئایەتیش بێت "[2]، بەڵکو خوای گەورە گرۆهـی سـەرفرازان لـەو کەسانەدا کورت دەکاتەوە کە بانگەواز بۆ خێر و فەرمانکردن بـە چـاکە و بـەرگریکرن

---

[1] ﴿وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانَ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْراً وَقَالَ الآخَرُ إِنِّي أَرَانِـي أَحْمِـلُ فَـوْقَ رَأْسِي خُبْزاً تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٣٦) قَالَ لاَ يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِـهِ إِلاَّ نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَن يَأْتِيكُمَا ذلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ(٣٧) وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَآئِـي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِاللَّهِ مِـن شَـيْءٍ ذلِكَ مِن فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ (٣٨) يصَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَـابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (٣٩) مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَآبَـآؤُكُم مَّـآ أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّـاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (٤٠) يصَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْراً وَأَمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِـن رَّأْسِهِ قُضِيَ الأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ (٤١) ﴾.

[2] فەرموودەکە لە گێڕانەوەی بوخارییە ، کتاب الأنبياء ، باب ماذكر عن بنى إسرائيل

له خراپه دەکەن و دەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُن مِّنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾(آل عمران: ١٠٤).

٨ـ ناموسڵمانەکان هەموویان وەك یەك نین، هەیانە دادپەروەر و پیاوچاکە لە مامەڵەی دونیاییدا، هەشیانە ئەوە قبوڵ دەکات تا موسڵمان لە وڵاتەکەی خۆیدا حوکمی بکات، پۆست و وەزیفەی کارایان پێدەدات، هەیانە لە خوار ئەوەشەوەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت بە یەك چاو سەیریان بکرێت و حوکم بەسەریاندا بدرێت. ئەوەتا عەزیزی میسر کەسێك بووە خۆش مەشرەب و خۆش مامەڵە لە هەڵسو کەوت و دادپەروەریدا، هەر لە سەرەتاوە بە هاوسەرەکەی دەڵێت :﴿أَكْرِمِي مَثْوَاهُ ي﴾ (یوسف :٢١)، هەروەها بە هاوسەرەکەی دەڵێت:﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَـذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾ (یوسف :٢٩)، قسەی هاوسەرەکەی بەراست نەزانی کاتێك گووتی :﴿ مَا جَزَآءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا إِلاَّ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾(یوسف :٢٥). بەڵکو بە فێڵ و تەڵەکەی ناوبرد، وەك قورئان چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە:﴿ فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ (٢٨)يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَـذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ (٢٩)﴾ (یوسف :٢٨ ـ ٢٩).. لە راستیدا گەربێتوو ئەمڕۆش ئەم هەڵوێستە لەبەردەم یەکێك لە فەرمانڕەوا ستەمکارەکاندا دووبارە ببێتەوە ئەوا یوسف دەکاتە قوربانییەك بۆ پاراستنی ئابڕو شەرەفی خۆیی و سزای دەدات بە لەسێدراەدان یان سزای سەخت و دژوار، ئەوەش بە هۆی بە راست زانینی قسەی هاوسەرەکەی لەسەر کەسێکی نامۆ و بیانی، لە کاتێکدا عەزیزی میسر ئەم سەبەرزی و شکۆمەندییەی خۆی بە تاوان وەرنەگرت، قسەی خێزانە جوانەکەی بە راست وەرنەگرت، بەڵکو گوێی بۆ شایەت راگرت و پاشان بڕوای بە قسەی شایەتەکە کرد و لەسەر ئەوەش هەڵویستی خۆی راگەیاند و حوکمی دا بەسەر هاوسەرەکەیدا بەوەی کە لە هەڵەکارانە کاری هاوسەرەکەی بە پیلانگێڕییەکی گەورە دانا و داوای لێبوردنی لە یوسف کرد و ئامۆژگاری کرد: :﴿ أَعْرِضْ عَنْ هَـذَا﴾ (یوسف: ٢٩).

هەروەها پادشاش کەسێکی چاك و مێشك ساف و دووربین بوو لـە دونیـادا، بەرژەوەندی گەلەکەی لە پێش دانا و فەزڵی زانستـی زانایـانی لـەبیر نـەکرد، لەلایـەن خۆشیەوە یوسف خەونەکـەی بـۆ لێکدایـەوە و هـەموو وردەکـاری خەونەکـەی دا بـە هاورِێکەی (نوێنەری پادشا) وەك لە قورئاندا هاتووە :﴿قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعُ سِنِينَ دَأَباً فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تَأْكُلُونَ﴾ (یوسف :٤٧)، بەلاّم رازی نەبوو تـا ئـەو کاتـەی کـە پادشـا داوای بینیـی دەکـات، خـۆ گـەربێتوو ئـەوە لەسـەردەمی ئەمرِۆماندا بوایە پادشا فەزڵی زانینی ئەو خەونـەی بـۆ خـۆی دەگەرِانـدەوە نـەك بـۆ کەسـێکی بیـانی و تۆمـەتبار لـە زینداندا، ئـیتر چـۆن دەبێـت دابـەزێت بـۆ ئاسـتی بەندەیەکی بیانی و نامۆ و فەزڵی زانینی ئەو خەونە بداتـە پـاڵ ئـەو، ئـەمرِۆ چـەندین بیرۆکەی گەورە گەورە دەبینین کە وەزیرێك لە یەکێك لە راوێژکارەکانییـەوە دەیبـات و وەك بیرۆکــەی خــۆی دەری دەبرِێــت...! کــاتێکیش یوســف داواکــەی پاشــای رەتکردەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ لای تا پاش لێکۆڵینەوە نەبێت لەگەڵ ئەو ژنانەی کە بوونـە هۆکـاری خرانـە زیندانییـەوە، لەبەرامبەریشـدا پادشـا خـۆی بـە زل نـەگرت و وەڵامی داواکەی دایەوە و هەستا بە لێکۆڵینەوە و دواتر بەرائەت و پـاکی و بێگونـاهی یوسف بە تەواوی دەرکەوت.

دواتریش پادشا داوای لێکرد بۆ ئەوەی پۆستێکی راوێژکاری گەورەی بداتێ وەك قورئان دەگێرێتەوە :﴿ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مِكِينٌ أَمِينٌ﴾ (یوسف: ٥٤)، بەلاّم کاتێك قسەی لەگەڵ کـرد بـۆی دەرکـەوت کـە یوسف( دخ) خاوەن توانستێکی گەورەیە لە تێرِوانین و شیکردنەوە و جێبـەجێکردن، لەبەر ئەوەش بوو دواتر بە یوسفی گووت: :﴿ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مِكِينٌ أَمِينٌ﴾ (یوسـف: ٥٤)، واتــە تــۆ مــافی دەســت بــەکاربوونت هەیــە لــە هــەر وەزیفەیــەکی ســیادی جێبەجێکار، بە هۆی ئەو زانست و دەستپاکییەی کە هەتە، لەوکاتەشدا یوسف ( دخ) خۆی وەزیفەی گونجاوی بۆ خـۆی دەسـت نیشـان کـرد و فـەرمووی: ﴿اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ (یوسـف :٥٥).کـە لـە راسـتیدا وەزیفـە و ئـەرکی (چوار) وەزارەت بوو: وەزارەتـی دارایـی، وەزارەتـی کشـتوکاڵ، وەزارەی ئـابووری و

بازرگانی، وەزارەتی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی  و تـەمووین. لەلایـەکی دیکەشـەوە بـاس کردنی خوای گەورە لە خەونەکەی پادشا ـ  لەگەڵ ئەوەی بێباوەڕ بوو ـ کە خەونێکی راستە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسی بێباوەڕ پاکی و بێگـەردی لایـە، خـەون گـەلێك دەبینیٚ کە راست دەردەچێت.

٩ـ کەمایەتی مـافی ئـەوەی هەیـە پۆسـتە باڵاکـانی دەوڵـەت و وەزارەتـەکان بگرێتە ئەستۆ، ـ وەك پێشتر باسکرا ـ هەروەك مافی ئەوەیشی هەیە گەر واجب نەبوو لەسەری  کە هەوڵ بدات بۆ دەستکەوتنی ئەو وەزیفانە هەروەك یوسـفی هـەوڵی بـۆدا بۆ ئەوەی بکرێت بە خەزنەداری زەوی ئەوکاتەی میسر.

١٠ـ موسڵمان ئەرکبەردارە بە ژیانسـازی لـە هـەموو جێگەیەکدا، نـەك مـەرگ سازی و وێرانکردن، ئەوەبوو گەورەمان یوسف(دخ) بە کرداری هەستا بە ژیان سازی، ژیانێکی گـەورەبۆ گـەلێك کـە موسـڵمان نـەبوون، رزگـاریکردن لـە برسـێتی و مـەرگی چـاوەڕوانکراو، ئـەوەبوو بـیری گـەورەی پێشـکەش کـردن، بـەڵکو لەبەرەکـەت و نیعمەتەکانی نیگای خوایی پێشـکەش کـردن کـە بـە هـۆی ئەوەشـەوە خـوای گـەورە رزگاریکردن. کەواتـە کەمایـەتی موسـڵمان ئـەرکێکی بەرامبـەر نیشـتمانەکەی لەسـەر شـانە، لـەوەی هـەموو داهێنـان و زانسـتێکیان پێشـکەش بکـات، هـەموو خزمەتگوزارییەکان بۆ دابین بکات بۆ رزگارکردنیان و پێشخستنیان، هەر ئەمەش بـوو یوسف کردی و بەو هۆیەشەوە میسر و  دەوروبەری رزگارکرد لە کارەساتی برسـێتی کە دەکرا هەموویان لە ناوبەرێت و وڵاتەکـەیان وێـران بکـات، بـەڵام یوسـف لەرێگـەی پێشـکەش کردنـی زانسـت و داهێنانکـاری و پـلان و هەسـتانی خـودی خـۆی بـە ئەنجامدانی کارەکان توانی رەوشەکە تێپەڕێنیٚ و گەلی میسر دەرباز بکات.

١١ـ لە بیر نەکردنی نیشتمانی دایك و هێشتنەوەی خۆشەویستی  وسۆز بۆی، لەگەڵ پێشکەش کردنی خزمەت بە خەڵکەکەی بەپێی توانای کەسەکە، هـەر ئەمـەش بـوو کـە یوسـف ( دخ) ئـەنجامی دا، ئـەوەبوو هەسـتا بـە یارمەتیـدانی براکـانی و کەرەستەی خۆراکی پێدان و پاشان داوای لێکردن تا دایك و باوکی و براکـانی بهێننـە

ناومیسر و لەویّ سەربەرزانە بژین :﴿وَقَالَ ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَآءَ اللَّهُ آمِنِينَ﴾ (یوسف: ٩٩).

١٢ــ لەبیرکردنی خراپەی خەڵکی ئەو ولاّتەی تیایدا دەژیت گەر هاتوو رویدابێت، ژیان بەسەر بردن بە دوور لە تۆڵەسەندنەوەی رابردوو، پێویستە لەسەر ئەو موسڵمانەی کۆچی کردووە بۆ ولاّتی نا ئیسلامی دوای ئەوەی خوای گەورە سەرکەوتوویی کرد لە ولاّتی دووەمیدا تا ئەو خراپەکارییانە لەیاد بکات کەر دەرهەقی کراوە (لەلایەن خەلکییەوە بیات یان فەرمانڕەواکانی )، کەواتە دەبێت ناخی خۆی بگۆڕێت، سلبیاتی ولاّتەکەی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرێت، چونکە نیشتمانەکەی گۆڕاوە، لەبەر ئەوە دەبێت خۆی بگۆڕێت بەرەو باشتر، هەر ئەمەش بوو کە یوسف ( دخ)لەگەڵ براکانیدا کە ویستیان بیکوژن ئەنجامیدا، دواتر پیلانیان لە دژ رێکخست و فرێیان دایە ناو بیرەوە، کە سەرەنجام بوو بە هۆی بە کۆیلە بوونی و فرۆشرانی و هەموو ئەو بەلاّ و نارەحەتیانەی هەڕەشەیان لە ژیان و ئابرو کەرامەتی دەکرد، نەك ئەوەندە، بەڵکو براکانی بەردەوام بوون لەسەر هەڵسوکەوتەکانیان و هێشتا رق و کینەی ناخیان شاردبوەوە، بەو بەڵگەیەی کاتێك دەفری پێوانەکردنەکەیان لە باری براکەی یوسفدا دۆزییەوە بەم جۆرە کینەی ناو ناخیان دەربڕی: :﴿قَالُواْ إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ﴾ (یوسف: ٧٧)

ئەم درۆیە گەربێتوو بەڵگەبێت لەسەر هەرشتێك ئەوا بەڵگەیە لەسەر مانەوەی کینەی ناو ناخیان و بەردەوام بوونی ئێرەیی و رق لێبونیان لە یوسف و هەڵبەستنی تۆمەت و بوختان بۆی...

بەلاّم لەگەڵ ئەمانەشدا یوسف بەهەمان ئەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ نەکردن کە خۆی رووبەڕووی بووبوویەوە، بەڵکو لە وەلاّمیاندا بەوە وەسفی نەکردن کە ئەمانە کەسانی شەڕەنگێزن ﴿قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَاناً وَاللَّهُ أَعْلَمْ بِمَا تَصِفُونَ﴾ (یوسف: ٧٧).، بەڵکو شوێنەکەیانی وەسف کرد بە شەڕەنگێز، تەنانەت یوسف دەیتوانی ئەو هەلە بقۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئەو دزییەیان لەسەر بچەسپێنی و سزایان بدات کە ئەوان تۆمەتباریان کردبوو بیّ هەبوونی بەڵگە، بەلاّم ئەوەشی واز لێهێنا.

کـاتێکیش حەقیقەتـەکان ئاشـکرابوون و تەمومـژەکان ڕەوانـەوە، براکـانی هەستیان بەشەرمەزاریکرد، ئەوەبوو یوسف بەو شـێوازە جـوان و مامەڵـە دەرونـی و ماددییە مامەڵەی لەگەڵ کردن، فەرمووی ﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُمْ مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ (٨٩) قَالُواْ أَإِنَّكَ لأَنتَ يُوسُفُ قَالَ أَنَاْ يُوسُفُ وَهَـذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَيْنَآ إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيِصْبِرْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (٩٠) قَالُواْ تَاللّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ (٩١) قَالَ لاَ تَثْرَيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (٩٢) اذْهَبُواْ بِقَمِيصِي هَـذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيراً وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ (٩٣) ﴾ (يوسف: ٨٩ ـ٩٣).

پاشـان هەسـتا بـەبیانو هێنانـەوە بـۆ هەڵوێسـتەکانیان بـە جۆرێـك کـە شەرمەزاری لەسەر لابردن، لەوانەش:

یەکەم: کاروکردەوەکەی بەوە بیانوو بۆ هێنانەوە کە لە نەزانینەوە بووە نەك بە مەبەست خراپی، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی ئەو کارانەیان بۆچی کردووە: ﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُمْ مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ﴾ (يوسف :٨٩).

دووەم: بـە باسـکردنی نیعمەتـەکانی خـوای گـەورە دەسـتی پێکـرد کـە ڕژاندوویەتی بەسەریدا، بێ ئەوەی باسـی ئـەو بەڵاوناڕەحەتیانـە بکـات کـە دووچـاری هـاتبوو: ﴿أَنَاْ يُوسُفُ وَهَـذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَيْنَآ إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيِصْبِرْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ (يوسف :٩٠).

لەمەشدا بار سوککردنێکی گەورە بوو لەسەر دەروونیان، وەك ئەوەی پێیـان بڵێت ئەوەی ئێوە پێتان کردم بوو بە مایەی خێرێکی زۆر بۆ من لەوەی بەم جۆرە لـە میسر دەرکەوتووم و دەسەڵاتم پەیدا کردووە.

سێهەم: بە ﴿قَالَ لاَ تَثْرَيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ﴾ (يوسف :٩٢). دەسـتی پێکـرد، واتە سەرکۆنە و گلەیی کردن لە منەوە بۆ ئێوە نییە، لەگەڵ ئەوەی پلەو پایەکە پلەو پایەی لێخۆشبوونە لە تاوانێکی گەورە، لەمەشدا بارسووککردنێك بوو لەسەریان، واتە لێپرسینەوەکە سادە و ئاسانە نە سەرکۆنەکردن و نە گلەیی تێدایە.

چوارەم: گوتەکەی ﴿يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ﴾ (يوسف :٩٢). بەڵگەیە لەسەر سووربوون و پێداگری و خۆشەویستی بۆیان، ئەوەبوو دۆعای بۆکردن، گووتی هەموو کاروبارەکان لای خوای گەورەیە و من داوا لە خوای گەورە دەکەم لێتان خۆش ببێت، لەبەر ئەوەیشی کە خوای گەورە بەرەحمترینی رەحماکارانەلەبەر ئەوە لێتان خۆش دەبێت.

پێنجەم: لە فەرمودەکەیدا ﴿وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾ (يوسف :٩٢). ئاماژەدانە بەوەی کە من بەزەیم پێتاندا هاتوەتەوە، ئیتر چۆن خوای بە بەزەیی رەحمتان پێناکات؟

شەشەم: فەرموودەکەی پاش ئەوەی باوك و دایك براکانی کڕنوشیان برد بۆ عەرش :﴿هَـٰذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ (يوسف: ١٠٠) لە دوو توێیدا کۆمەڵێك لە هێمنکەرەوە و بار سووکی هەڵدەگرێت، نەك هێندەش بەڵکو دڵخۆشکردنی براکانی تێدابوو، لەبەر رۆشنایی ئەمانەی لای خوارەوە:

أ. یوسف لەسەر ئەو کۆتاییە خۆش و بە ختیارە کە پێی گەیشتبوو شتەکانی بونیات نا، واتە گرنگ ئەم کۆتاییە بەختیار و چاکەیە کە بۆ خۆی و ئەوان هاتۆتە دی، ئیتر نەچووە ناو وردەکاری ئەو بەلا و نارەحەتیانەی کە توشی هاتبوو لە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان.

ب. هەموو ئەو شتانەی روویان دابوو گەڕاندیەوە بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی کە خوای گەورە بە حەق گێڕای وەك دەفەرموێت: :﴿هَـٰذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا﴾ (يوسف: ١٠٠). ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەموو شتەکانی بە قەدەری خوایی بووە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغە.

ج. باسکردن لە ئاکامی چاك و لە نیعمەتەکان، کە دەفەرموێت: :﴿ وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ﴾ (يوسف: ١٠٠).بە نیعمەتی دەرچوونی لە زیندان و دەست بەکاربوونی لەو ولاتەو وەرگرتنی پۆستی خەزنەدار.

د. گەڕاندنـــەوەی هـــەموو ئـــەوەی رویـــدابوو بـــۆ خراپەکارییـــەکانی شـــەیتان، فەرمووی: :﴿ مِن بَعْدِ أَن نَّزغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي﴾ (یوسف: ١٠٠)

هـ. دەروونی (خراپەکارییەکانی شەیتان) لەم بوارەدا خستە پێش براکانییەوە، لەگـەڵ ئەوەی کە منالْ بووەو دەستی نەبووە لە مەسەلەکاندا، بەڵکو ویستوویەتی ئەوە رون بکاتەوە کە هەمووان ئەگەری ئـەوەمان هەیـە تووشـی ئـەو خراپەکارییانـەی شـەیتان ببینەوە.

و. وشەی (براکـانم)ی بـە کارهێنـا، لـە بـەکارهێنانی ئـەم دەسـتەواژەیەدا هەسـت بـە خۆشەویستی و گەرم و گوڕی بۆ یەکتر و هەست و سۆزداری بەرامبەریان دەکرێت.

ئەمە ئەو نمونە گەورەیە بوو کە پێویستە ببێتە سەرمەشـق و نموونـەیی بـۆ هـەموو کەمایەتییـە موسـڵمانەکان لەهـەموو جیهانـدا، تـا وەك یوسـف ( دخ) بـن لـە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو نیشتمانەی تیایدا سەقامگیر بوون و لەگەڵ ئەو نیشتمانەی کە لێەوەی هـاتوون کـەس و کارەکـەی خراپـەیان لەگـەڵ کـردوون.. سـوێند بـە خـوا گەربێتوو وەك یوسفمان بکردایە ئەوا زۆربەی وڵاتانی جیهان دەهاتنە ناو ئیسلامەوە، هەروەك چۆن گـەلانی رۆژهـەڵاتی ئاسـیا لـە رێگـەی رەوشـتی بازرگانـەکان و کـردارە جوانەکانیانەوە هاتنە ناو ئیسلام.

## نمونەی دووەم: نمونەی کۆچەرییەکانی حەبەشە:

ئەوانـــەی ســـیرەیان نووســـیوەتەوە بـــاس لـــەوە دەکـــەن کاتێـــك ئـــازار و ئەشکەنجەدان و تەنگ پێهەڵچنین لـە شـاری مەککـە لـە سـەر هـاوەڵانی زیـادی کـرد، پێغەمبەر(دخ) مۆڵەتی بە هەندێك لە هاوەڵان دا تا کۆچبکەن، لە مێژووەکـەی (ئـیبن کەسیر) دا هاتووە: « موحەمەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خـوا(دخ) بینـــی چ بـــەڵا و ناڕەحەتییـــەك دووچـــاری هـــاوەڵانی هـــاتووە، خۆیشـــی تارادەیـــەك ســـەلامەتە بـــە هـــۆی ئـــەو پلـــەو پایـــەی لای خـــوای گـــەورەی هـــەیبوو، لەگـــەڵ ئـــەو پشتیوانییەی کە ئەبوتالیبی مامی لێی دەکرد، لە هەمانکاتیشـدا نەیـدەتوانی رێگـری بکات لەو بەڵاو نارەحەتیانەی دووچاری هاوەڵانی دەبوون، ئـەوە بـوو پێـی فـەرموون

(گەرهاتوو کۆچ بکەن بۆ سەر زەوی حەبەشە ئەوا پادشایەکی لێیە کە هیچ کەسێك لەژێر دەسەلاتیدا زوڵمی لێناکرێت کەئەویش زەوی ـ راستگۆیە ـ تا ئەوکاتەی خوای گەورە دەرووتان لێدەکاتەوە لەو بەلاَو نارەحەتیەی تیایدان رزگارتان دەبێت)، ئەوەبوو هاوەڵانی حەزرەت لەبەر ئەو بەلاَ و ناڕەحەتییەی کە لەسەریان هەبوو هەروەها بەمەبەستی پاراستنی ئاینەکەیان بەرەو خاکی حەبەشە بەرێکەوتن ،ئەوەش یەکەم کۆچکردن بوو لە ئیسلامدا، یەکەم کەسیش کە لە نێو موسڵمانان کۆچی کرد عوسمانی کوڕی عەففان و هاوسەرەکەی واتە (روقییە)ی کچی پێغەمبەر بوو(دخ) »[١] ئیبن ئیسحاق دەڵێت: «پاشان جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب و لەگەڵیدا ئەسمای کچی عەمیس لە مەککەوە دەرچوون، ئیتر ئەوەبوو موسڵمانان بە دوای یەکدا رۆشتن تا لە سەر زەوی حەبەشە کۆبوونەوە ».(ئیمام ئەحمەد) بە سەندەوە لە (ئیبن مەسعود)ەوە دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: « پێغەمبەری خوا(دخ) ئێمەی بۆ لای نەجاشی رەوانە کرد، ئێمەش نزیکەی هەشتا پیاو دەبووین، لە نێویشیاندا: عەبدوڵای کوڕی مەسعوود، جەعفەر، عەبدوڵای کوڕی عەرفەتە، عوسمانی کوڕی مەزعون، ئەبو موسا، لای نەجاشی بووین، قوڕەیشیش عەمری کوڕی عاس و عەمارەی کوڕی وەلیدیان بە کۆمەڵە دیارییەکەوە رەوانەی لای نەجاشی کردبوو، کاتێك گەیشتن، کڕنوشیان بۆ نەجاشی برد و پاشان بە خێرایی سەیرێکی راست و چەپی خۆیان کرد و بە نەجاشییان گووت: کەسانێك لە ئامۆزاکانمان هاتوونەتە سەر خاکەکەتان، پشتیان لە ئێمە و میللەتەکەمان کردووە، نەجاشی گووتی: لە کوێن؟ ئەوانیش وتیان: لەسەر خاکەکەی تۆن، ئەوەبوو نەجاشی ناردی بە شوێنیاندا، کاتێك بانگهێشتەکەی گەیشت بە موسڵمانەکان، جەعفەر گووتی من وتە بێژی ئێوەم ئەمڕۆ شوێنم بکەون، ئەوەبوو کاتێك گەیشتنە بەردەمی نەجاشی سلاَویان کرد بەلاَم کڕنوشیان نەبرد، پیان وترا بۆ کڕنوشتان نەبرد بۆ پادشا؟ جەعفەر گوتی: ئێمە تەنها

---

١- البداية والنهاية للحافظ عمادالدين الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثير القرشى الدمشـقى (٧٠١ ـ ٧٧٤ ه) تحقيق الدكتور عبدالله بن عبدالمحسين التركى بالتعاون مع مركز البحوث والدراسات العربية والإسلامية ، ط.دار هجرة للطباعة والنشر والتوزيع والأعلان الجيزة ١٩٩٧ م (١٦٦/٤ ـ ١٦٧)

کڕنـووش بـۆ خـوای تـاك و تـەنها دەبـەین، پاشـان جەعفـەر گـووتی خـوای گـەورە پێغەمبەرێکی بۆ رەوانە کردووین، فەرمانی پێداوین تا کڕنووش بۆ کەس نەبەین جگـە لە خوای تـاك و تـەنها نـەبێت، هـەروەها فـەرمانی پێکـردووین بـە نوێـژکردن و رۆژوو گرتن، لەو کاتەدا عەمر گووتی: ئەوانە پێچەوانەی تـۆ لەسـەر عیسـای کـوڕی مەریـەم قسـەدەکەن.ئـەوەبوو نەجاشـی گـووتی: لـەبارەی عیسـاوە چـی دەڵـێن؟ جەعفـەری گووتی: ئەوە دەڵێین کە خوای گـەورە فەرموویـەتی: عیـاس کـەلامی پـەروەردگارە و ناردوویەتی بۆ ئەو پاکیزەی پاك داوێنەی کە مرۆڤی لێ نەکـەوتبوو، پاشـان نەجاشـی هەستایەوە سەرپێ و گووتی ئەی گەلی حەبەشە و قەشە و راهیبەکان، سوێند بە خوا ئێمەش زیاتر لەوە ناڵێن کە ئـەمان گوتیـان، خۆتـان و پەیامەکەشـتان بـە خێـربێن، شایەتی دەدەم کە ئەوە پێغەمبەری خوایە و هەرئەویشە لە ئینجیلدا باسکراوە، ئەوە ئەو پێغەمبەرەیە کە عیسای کوڕی مەریەم مژدەی هاتنی داوە، لە کوێ دەتانـەوێت دانیشن، سوێند بە خـوا بـە هـۆی ئـەوە پلـەو پایـەوە نەبووایـە کـە منـی تێـدام ئـەوا دەچووم بۆ لای بۆ ئەوەی خۆم نەعلەکانیم بۆ هەڵگبرتایە، لە هـەمان کاتـدا فـەرمانی دا بە گەڕانەوەی دیاری و بەخشیشەکانی وەفدی قورەیش» پاشان (عەبـدوڵای کـوڕی مەسعود) پەلەی کرد تا گەیشتە بەدر، باسـی ئـەوە دەکـات کـە :" پێغەمبـەری خـوا (دخ) پاش ئەوەی هەواڵی مەرگی نەجاشی پێگەیشـت، لـە خـودا داوای لێخۆشـبوونی بۆکرد.

لێرەدا باس لەو جەنگە دەکەین کە لە حەبەشە رووی دا، هەروەها هەڵویستی هاوەڵان کە (ئوم سەلەمە) دەیگێڕێتەوە کە ئەویش یەکێك بوو لەوانەی کۆچی کردبوو بۆ حەبەشە، دەڵێت :" ئەوەبوو لەگەڵ باشترین دراوسـێ دانیشـتن لـە باشـترین وڵات دا، بەڵام زۆری نەبرد تا ئەوەی کەسێك پەیدابوو لە حەبەشە کە ململانێـی دەسـەڵاتی دەکرد... سوێند بە خوا هەرگیز هیچ رۆژێك بە قەدەر ئەو رۆژە خەفـەتبار نـەبووین، ترساین لەوەی کە ئەو پیاوە سەربکەوێت بەسەر (نەجاشی ) پاشا دا و ئیتر ئەو ئێمە و مافـەکانمان نەناسـێت، ئـەوەبوو دەسـتمان کـرد بـە دوعـا و پاڕانـەوە و داوای سـەرکەوتن نەجاشـی، هـەموو لا بـەرەو رووی ئـەو پیـاوە بوونـەوە، هـاوەڵانی

حەزرەت(دخ) هەندێکیان بـە هەنـدێکیان وت: کـێ لـە ئێمـە بچێت بـۆ بەشـداری ئـەو شــەڕە، زوبێــر ـ کــە لــە هــەموویان کــەم تەمــەن تــر بووــ وتــی: مــن، ئــەوەبوو کوندەیەکیان(یـان مەشـکە کـە خۆشـە دەکرێـت و هـەوانادات) بـۆ پڕکـرد لـە هـەوا و بەستیانەوە بەسنگییەوە، بۆ ئەوەی لە روباری نیلدا مەلەی پێبکات و پێی بپەڕێتەوە بۆ ئەو بەر، لەوێ گەیشت بە خەڵکەکە و بەشداری شەرەکەی کرد و لەو شـەڕەدا ئـەو پیـاوە کـوژرا و نەجاشـی سـەرکەوت، دواتـر لـە کـاتی گەیشـتنیدا زوبێـر بـە جـل و بەرگەکەی نیشـانەی دەکـرد بـۆ موسـڵمانان و پێـی گـوتن: مـژدەتان بـدەمێ، خـوای گەورە نەجاشی سەرخست، سوێند بە خوا هیچ رۆژێك بە قەدەر ئەو رۆژە بەلآمانـەوە خـۆش نـەبوو کـە تیایـدا نەجاشـی سـەرکەوت، دواتـر ماوەیـەك ماینـەوە و ئـەوەی گەڕایەوە لێمان بۆ مەکە گەڕایەوە و ئەوەشی مایەوە مایەوە تا کاتی خۆی."[1]

## ئەو کەڵك و سوودانەی لەم چیرۆکەوە دەستدەکەوێت:

١ـ دەروازەی چوونە ناو دڵی کەسانی دیکەوە لەڕێگەی نـەگۆڕە هاوبەشـەکان و دەربڕینی وەسفی جوانی رەمزەکانیانەوە بەدی دێت، ئەوەبوو جەعفەرـ خـوای لـێ رازی بێت ـ سەرەتای سورەتی (مەریەم) ی خوێندەوە کە وەسفە جـوان و باشـەکانی پێغەمبـەر عیسـا ( دخ) و خـاتوو مەریـەمی دایکـی دەخاتـە روو،تـا گەیشـتە ئـەوەی نەجاشی پادشا بگری، لەم پلەو پێگەیەدا هەروەك قورئـان باسـی دەکـات دەربـارەی هەندێك لە گاورەکان کە بڕوایان بە سیانەیی (التثلیث) هەیە نەجاشی قسـەی نـەکرد، ئەم هەڵوێستەش لە کەمایـەتی مووسـڵمان دەخوازێـت تـا هەمیشـە بـە دوای نـەگۆڕە هاوبەشەکان و کارە خۆشویستراوەکاندا بگەڕێ.

٢ـ پابەندبوون بە نەگۆڕەکانـەوە هەرچـەند بـارودۆخ دژوار و سـەخت بێـت، بینیمان کە هاوەڵانی حـەزرەت (دخ) کڕنوشـیان بـۆ نەجاشـی نـەبرد سـەرەڕای ئـەو

---

١- البداية والنهاية للحافظ عمادالدين الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثير القرشى الدمشقى (٧٠١ ـ ٧٧٤ ه) تحقيق الدكتور عبدالله بن عبدالمحسين التركى بالتعاون مع مركز البحوث والدراسات العربية والإسلامية ،ط.دار هجرة للطباعة والنشر والتوزيع والأعلان الجيزة ١٩٩٧ م (١٨٥/٤ ـ ١٨٦)

رەوش و بارۆدۆخە خراپ و مەترسیدارەی تیایدا دەژیان، لە کاتێکدا نەریتی باوی ئەو ولاّتە و ئەو دەسەلاّتە ئەو کڕنووشەی دەخواست، ئـەوەبوو کاتێـك ئـەوان چـوونە لای نەجاشی کە پێشتر وەفدەکەی قـورەیش بـە دیـاری و خـەلاّتی گـەورەوە هـاتبوون و کڕنوشیان بۆ بـرد، بـەلاّم موسـڵمانەکان کاتێـك چـوونە ژوورەوە سـلاّویان لێکـرد بـێ ئەوەی کڕنووشی بۆ ببەن، لە بەرامبەردا نەجاشی پێی وتن :" بۆچی بەو جۆرەی کـە خەڵکی نەتەوەکەی خۆتان سلاّویان لێکردم ئێوە سلاّوتان لێنەکردم....؟" لە وەلاّمدا جەعفەری گووتی :" دەربارەی سلاّوکردن، ئەوە پێغەمبەر (دخ) هەواڵی پێداوین کـە سلاّوکردنی بەهەشتییەکان (السلام) ە و بـەوەش فـەرمانی پێکـردووین، ئێمـەش بـەو جـۆرە سـلاّومان لێکـردی کـە لـە نێـوان خۆمانـدا سـلاّو لـە یـەکتری دەکـەین " لـە گێڕانەوەیەکی دیکەدا"پاشان فـەرمانی پێکـردین کـە کڕنـووش بـۆ جگـە لـە خـوا بـۆ کەسی دیکە نەبەین"[1].

ئەمـەش وادەخوازێـت لـە کەمایـەتی موسـڵمان وەك ئـەرکێك، هـەرگیز لـە بیروباوەڕی خۆی سازش نەکات و لەسەری بمێنێتەوە، هەروەها ئەوەشتانەش قبـوڵ نەکات کە دژیەك دەوستێتەوە لەگەڵ بیروباوەڕ و نەگۆڕەکانیدا، یاخود ببێتـە مایـەی توانەوە و دەسەلاّت بگرێت بەسەر ناسنامەکەیدا، ئەمـەش مەسـەلەیەکی زۆر گرنگـە، وەگەرنا ئەوا ئیتر دەبێت بە های مانەوە و ژیـانی ئـارام و ئاسـایش چـی بێـت کاتێـك بیروباوەڕ لە مەترسیدا بێت؟ لەبەر ئەوە پێویستە کە هەموو هەوڵ و کۆششـێك بـدات و قوربانی بە هەموو شتێك بدات لە پێناو پارێزگاری کردن لە ناسنامە ئیسـلامییەکەی و ناسنامەی نەوەکانی داهاتوویدا.

٣ـ ڕێگەدان بە کۆچکردن بـۆ ولاّتـی بێبـاوەڕی (دار الکفـر) و مانـەوە تیایـدا، چونکە ئەو هاوەلاّنە تا ساڵی ڕوودانی جەنگی (خەیبەر) لەوێ مانەوە، لـەم بارەیـەوە جەعفەر دەڵێت:" لە حەبەشە دەرچووین تـا گەیشـتینە شـاری مەدینـە، گەیشـتم بـە

---

١- مسند أحمد (٤٦١/١) بگەڕێرەوە : البداية والنهاية (١٧٣/٤)

پێغەمبەری خوا(دخ) توووند گوشیمی بە سنگییەوە، دواتر فـەرمووی :"نـازانم مـن بـە رزگارکردنی خەیبەر دڵخۆش بم یان بە گەیشتنەوەی جەعفەر."[1]

٤ـ خۆشویستنی ئەو نیشتمانەی لە ئامێزی گرتون و داڵدەی داون، هـەروەها پێناخۆش بـوون و غـەمباریش لەبەرامبـەر سـەرکەوتنی دوژمنـانی ئـەو وڵاتـە بەسـەر خەڵك و دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا، لەگەڵ دوعا کردن بۆ سەرکەوتنی خەڵك و دەسـەڵاتی ئـەو وڵاتـە بەسـەر دوژمنانیـدا، ئامـادەبوونی یـەکێیان لـەو جەنگـەدا و مـژدەدان بـە سەرکەوتنی دەسەڵات و خەڵکی ئەو وڵاتـە بەسـەر دوژمنەکانیانـدا.[2] بەڵگەیـە لەسـەر ئەوەی دژایەتییەك نییە لـە نێـوان ئـەوەی لـە پێشـەوە باسمـان کـرد لەگـەڵ وەلائـ دەربڕین بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان.

٥ـ وەفـا و ئەمەکـداری، (بەیهـەقی) و غـەیری ئـەویش لـە (ئـەبی مالیـك)ەوە دەیگێڕنەوە کە گووتویەتی :" شـاندێك لـە لایـەن نەجاشـی یـەوە ڕەوانـە کرابـوو بـۆ شاری مەدینە و گەیشتنە خزمەتی پێغەمبـەری ئـازیز(دخ)، حـەزرەت خـۆی خزمـەتی دەکردن، ئەوەبوو هاوەڵان پێیـان گـوت: ئێمـە بـەس نـین ئـەی پێغەمبـەری خـوا بـۆ خزمەتکردنیان؟ ئەویش فەرمووی: ئەمانە بۆ هاوەڵانی من خـاوەن ڕێزبـوون و منـیش پێم خۆشە پاداشتیان بدەمەوە "[3]، لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی پێغەمبەری خوا لەگـەڵ ئـەو وەفـدە لـە کاتێکـدا بێبـاوەڕ بـوون، بەڵگەیـەکی دیکەهەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە موسڵمان پێویستە ئەمەکدار و سوپاسـگوزار بێـت بەرامبـەر هەرکەسـێك کـە چاکەی لەگەڵ کردووە ئیتر هەر ئاینێکی هەبێت.

بە کورتی ئەمانە هەندێك بوون لـەوەی هـەڵمان هێنجـا لـەم کورتـە چـیرۆکە جوانەوە، هەروەها لـە پێشـەنگی و سەرمەشـقی جەعفـەر و هاوەڕێکـانی ـ خوایـان لێ ڕازی بێت ـ.

---

١- البداية والنهاية بتحقيق الدكتور عبدالله التركى (١٧٩/٤)، معجم الكبير للطبرانى (١٤٧٨/٢) و مجمع الزوائد (٣٠/٦)

٢- البداية والنهاية (١٨٥/٤ ـ ١٨٦)، وسيرة ابن اسحاق ص ١٩٧ وسيرة ابن هشام (٣٣٩/١)

٣- دلائل النبوة للبيهقى (٣٠٧/٢) و يراجع : البداية والنهاية (١٩٤/٤)

## تەوەری شەشەم

## ئێمە و ڕۆژئـاوا، ململانێ یان گفتوگۆ؟ پێکدادان یان پێکەوە ژیان؟

- ✓ پـاش بەشـداریکردن لـە لـەناوبردنی شـیوعیەتدا (ئێمـە) بووینـە قوربانی.
- ✓ واقیعـی ڕۆژئـاوایی و ململانـێ(هەڵمەتـە خاچپەرسـتییەکان، ئیستیعمار، بە گاورکردن، ڕۆژهەڵاتناسی).
- ✓ بەرهەمی فیکری و ململانێ.
- ✓ بۆ رقیان لێمانە؟
- ✓ ڕۆڵی فیلمەکان.
- ✓ ڕۆڵی (ئێمە) لە شێواندنی ناوبانگمان.
- ✓ نموونەگەلێك لە خاوەن بیری ململانێکاری ڕۆژئاوایی
- ✓ ـ ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڕاند.
- ✓ ـ فۆکۆیاما.
- ✓ ـ سامۆئیل هانتنگتۆن.
- ✓ ـ پاپا بەنەدێکتی شانزەیەم
- ✓ ئیسلام و ڕۆژئاوا، کامیان دژ بە کامیان دەجەنگن؟
- ✓ گرێژنە و قەیرانەکان.
- ✓ جۆری ترسە دەرکەوتووەکان لە پەیوەندی نێوانیاندا.
- ✓ هەڵوێستی ئیسلام لە ململانێی ژیارەکان.
- ✓ ئەسڵ بریتییە لـە ڕێبـازی پاڵپێوەنـانی ئیجـابی و وەڵامدانـەوە بـە باشە.
- ✓ ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە ململانێ بوونی نییە؟

**پـاش بەشـداریکردنی ( ئێمـە ) لەگـەڵ رۆژئـاوا ( ئـەوان ) لەدەسـەلاَتگرتن بەسەربیری شیوعیەتدا، ئێستا ( ئێمە ) بووینە قوربانی:**

زۆرێـك ئـەوەیان بەراسـت نـەدەزانی کـە ململانێـی سـەرمایەداری لەگـەڵ سەربازگەی شـیوعیەت (یـان ململانێـی رۆژئـاوای سـەرمایەداری و لەگـەڵ رۆژهـەلاَتی شیوعیەتدا) بەو خێراییە کۆتایی پێدێت، هەروەها جـەنگی سـارد کـە پـاش جـەنگی جیهانی دووەم نزیکەی چەنجا ساڵی خایاند، ئەوا بەم خێراییە ئاسەوارەکانی لـە گـۆڕ دەنرێـت و یـەکێتی سـۆڤییەت لـە سـاڵی ١٩٩٢ ز کۆتـایی پێـدێت و خـۆی و سەربازگەکەیشـی و بخزێنـە نێـو ئـامێزی رۆژئـاوای سـەرمایەدارییەوە و بـازاڕە ئابوورییەکەی لە سۆسیالیستییەوە بـەڵکو لـە شـیوعیەتی توندڕەوە وە بگۆڕێـت بـۆ ئابووری بازاڕی و ئـابووی سـەرمایەداری و عەولەمـە، و رێکخـراوی (گـات) دەسـەلاَت دەگرێـت بەسـەریدا و ئاراسـتەی دەکـات و پاشـانیش رێکخراویـی نێودەوڵـەتی بـۆ بازرگانی ئازاد [1].

زۆرێك واگومانیان دەبرد کە بە کۆتایی هاتنی ئەو ململانێ تاڵ و سەختە کە قوربانییەکـەی سـەدان ملیـۆن مـرۆڤ و چـەندین تریلیـۆن دۆلار بـوو، ئـیتر زەمـەنی ململانێ دەپێچـرێتەوە و کۆتـایی پێـدێت و جسـەردەمێکی نـوێ لـە لێکتێگەیشـتن و گفتوگـۆ دەسـتپێدەکات، چـیدی ئاشـتی نێودەوڵـەتی بـەدی دێـت و مرۆڤایـەتی بـە جۆرێك لە ئارامی و هێمنی دەژین تا جیهـانی دەوڵەمەنـد خـۆی یـەکلایی بکاتـەوە بـۆ یارمەتیدانی جیهانی هەژار کە ژمارەیان زیاتر لە سێیەکی دانیشتوانی جیهـان دەبێـت و بـە بەشـێك لـە خەرجییـەکانی جـەنگ هـەژاران دڵخـۆش و بەختەوەردەکـەن تـا دەوڵەمەندبن ، یاخود بۆ ئەوەی بە ژیـانێکی سـەربەرزانە بـژین کـە شایسـتەی مـرۆڤ بێت، هەروەك بەشـێکی دیکـە لـە خـەرجی ئـەو جەنگانـە لەسـەر نـەخۆش و منـالاَنی جیهان خـەرج دەکەن کە رەنـج دەکێشـن بـە دەسـت هـەژاری و بـەدخۆراکی و کـەمی دەرمانەوە.

---

١- ئەم باسە لە ساڵی ٢٠٠٢ ز نووسراوە و دواتر هەندێك زانیاری بۆ زیاد کراوە.

هــەموو ئــەم پێشــبینیانە لەســەر زەوی واقیــع تێــك و پێــك شــکا، بەپێچــەوانەوە پــاڵی نــا بــە زۆربــەی سیاســەتمەدار و بیریــارە ڕۆژئاواییەکانــەوە تــا ململانێیەکی دیکە بۆ خۆیان دروستبکەن کە تاڵی و ناسۆرییەکانی زیاتر بێت، ئەویش ململانێ بوو لەگەڵ ئیسلام و ژیارەکەی، ئەوەبوو هەستان ئیسلامیان خستە بازنـەی دووژمنی یەکەم و لە شوێنی یەکێتی سـۆڤییەتی پێشـوودا دایـان نـا، لەگـەڵ ئـەوەی ئیسلام ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پوچەڵکردنەوەی (بیرە ئیلحادییـەکانی) شـیوعیەت و شکست هێنان بە (ماددیەتی جەدەلی) کە فەلسەفەی شیوعیەتی لەسەر دامەزرابوو، هـەروەك موسـڵمانەکانیش لـە ڕێگـەی جیهـادی ئەفغانییـەوە ڕۆڵـی گـەورەیان گێـڕا، تەنانەت هەندێك لە ڕۆژئاواییەکان (وەك بریجیستکی ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نەتـەوەیی لەسەردەمی کارتەرد) دانی بەوەدا نابوو کە گەربێتوو جیهادی ئەفغانی دژ بە یـەکێتی سۆڤییەت نەبوایە ئەوا بەو خێراییە شیوعیەت نەدەکەوت، لەبەر ئەوە چاوەڕێ دەکرا کە ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلام و موسڵمانان ئاشتەوایی بکات لەسەر بنەمای دادپەروەری و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە بری ململانێکردن و پەلاماردان...

پێدەچێت کە بیریارە ڕۆژئاواییەکان لەبـەردەم ئـەم ڕەوشـەی ئێسـتادا دوو ئاراسـتەی بیرکردنـەوەیان هـەبێت، ئاراسـتەی یەکـەمیان ئارەزوویـان بـەلای ئـەوەدا دەڕوات دەکـات کـە پەیوەندییەکـە پێویسـتە پەیوەنـدی گفتوگـۆ و پێکـەوە ژیـان و دراوسێیەتی باشە بێت، لە کاتێکدا ئاراسـتەی دووەم (کـە زۆرینـەن) بـە تایبـەت لـەم دەیـەی دواییـدا بـەرەو تەبـەنیکردنی پێکـدادانی ژیارەکـان ڕۆشـتن و پێیـان وابـووە ئیسـلام گـەورەترین مەترسـیە لەسـەر ژیـاری ڕۆژئـاوایی و ئاسایشـی دەوڵەتـەکانی و مەنزومەی بەهایی ڕۆژئاوایی، ئەمەشیان لە (منی گـەورە و بـە هێـزەوە) سەرچـاوەی گرتبوو، لەمەشـدا کاریگـەربوون بـە پاشـخانی جـەنگ و ململانـێ خاپەرسـتییەکان و ئەوەی کڵێساکان دەیان وروژاند دژ بە ئیسلام لە کاتی ڕوخـانی دەوڵـەتی ڕۆمـانی لـە شام و میسر و دواتر کەوتنی تەواوەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتی لەسەردەمی (موحەممـەد فـاتیح) لـە (کـەوتنی قوسـتەنتینییە ) دا بـۆ ژێـر دەسـتی ئیسـلام و

موسـڵمانان و پاشـانیش بیـانووه ڕۆهەڵاتناسـیەکان کـه پاڵپشـتی داگیرکاره(ئیستیعمارەکان) ی کرد بۆ داگیرکردنی وڵاتی موسڵمانان.

له کاتی جەنگی سارد دا زۆربـەی سیاسـەتمەدار و بیریـاره ڕۆژئاواییـەکان نییەت و مەبەستەکانی خۆیـان ئاشـکرا نـەدەکرد، چـونکه لـه تێڕوانینیانـدا دوژمنـی یەکەمیان بریتیی بوو لـه (فیکـری سـوور) کـه دەوڵـەتێکی بـه هێـزی خـاوەن چـەکی ئەتۆمی له پشتەوه بوو که هەژموونی هەبوو بەسـەر نیـوەی ئـەوروپادا و لـه زۆربـەی وڵاتانی جیهانیشدا خاوەن سەنگ و قورسایی بەرچاو بوو.

بەڵکو ئەوانه دەیانویست که جیهانی ئیسلامی شانبەشانیان دژ به یـەکێتی سۆڤییەت بوەستێتەوه، هەروەك هەندێکجاریش گاڵتـەیان بـه هێـزی ئـاینی ئیسـلامی دەکـرد لـه دژی سـۆڤییەت، بـۆ راسـتیش دەڵـێن:" ئـەوان توانییـان لـه زۆرێـك لـه بارودۆخەکاندا وڵاتانی ئیسلامی تێوەبگلێنن له ململانێی سەرمایەداری کۆمۆنیسی بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەوەبوو له ڕێگه حیواری مەسیحی ئیسلامیی که لایەنـه ئاینییـه ئیسلامییه ڕەسمییەکانی دەبەسـتەوه بـه لایەنـه کڵێسـاییەکانەوه، توانییـان گـورزی پشت شکێن له فیکری شیوعیەت بێباوەڕی بوەشێنن.

به بڕوای من ئایدۆلۆژی شـیوعیەت لەلایـەن بـیری مەسـیحییەوه نـەدەتوانرا زەفەری پێ ببرێت و گورزی لێ بوەشێنرێت، بەڵام ئـەوەی کـه دەیتـوانی بـه هێـزەوه دابارێته سەری و ریشه کێشی بکات و بونیادەکەی هەرەس پێ بهێنێ بریتی بـوو لـه: عەقیـدەی ئیسـلامی و بـیری گشـتگیری ئیسـلامی کـه (نقـل) و (عـەقل)ی پێکـەوه کۆکردبووەوه.

ئەمەش واتای ئەوەنییه که ئەوەی ئەو بیریاره ئیسلامییانه پێی هەستان له خزمەتی ستراتیژیەتی ڕۆژئاوایدا بوو، نەخێر بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو کارەیان تەنها له بەرژەوەندی و خزمەتی ئاینەکەیان کرد لەبەردەم بیرێکـی ئیلحـادی (بێبـاوەڕی) بـێ شەرمدا که هەمووئاینەکانی ـ به ئیسلامیشەوه ـ به ئەفیونی گەلان دادەنا و دانی بـه هیچ به هایەکی ڕەوشتیدا نەدەنا له بوارەکانی خێزان و داراییدا، هەر بۆیه ئـەوکارەی ئەوان بەرگریکردن بوو له ئەرکه ئیسلامییەکان بەر له هەر شتێکی دیکه.

بــەلآم مەبەســت ئەوەیــە کــە سیاســیەکانی رۆژئــاوا ســوودیان لەهــەمووو گورزێکی فیکری وەردەگرت کە ئاراستەی( فیکری سوور ) دەکرا، هــەروەك لــە رووی سیاسیەوە سوودیان لە هەموو ململانێیەکی نێوان موسڵمانەکان و بیری کۆمۆنیسـتی وەردەگرت بە تایبەت لە ئەفغانستان کە هەموو تواناکانیان خستبووە گــەڕ لــە پێنــاو روخانی یــەکێتی ســۆڤیەت، یــان لاوازکرانــی لــە ئەفغانســتاندا کــە وەك تــۆڕی داوێـك وابوو بۆ سۆڤیەت، لەم بوارەشدا پارەو پوڵی هەموو ئەو وڵاتانــەیان خســتەگەڕ کــە لــە خولگەی رۆژئاوادا دەسوڕانەوە، لەگەڵ ئەوەی مەترسیی هاتنی سۆڤییەتیان گەورەتر دەکرد بۆ ئــەو وڵاتانــەی لــە روخــانی رژێمــەکانیان یــاخود لــە مانەوەیانـدا متمانــەیان دەکردە سەر رۆژئاوا.

ســەرەنجام ئــەو ئەمانجــەی رۆژئــاوا بــە دوایــدا دەگــەڕا هاتــە دی، ئــەویش هەرەسهێنانی یــەکێتی ســۆڤییەت بــوو بــە خــوێن و موڵــك و مــاڵی موســڵمانان، بــەلآم هەموو ئاکامی سەرکەوتنەکان تەنها گەڕێنرانەوە بۆ رۆژئاوا، تەنانەت موجاهیـدەکانی ئەفغانستانیش - بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوانیانەوە - هەندێکیان کەوتنە گیانی یەکتر تا ئەوەی بە جموجوڵەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان کۆتاییان هات کە ئەویش بــە هــەمان شــێوە بــەرەو پوکانــەوە و روخــان رۆشــت - هــەروەك بینیمــان - ئەوانــە هــیچ کــەڵك و سوودێکیان وەرنەگرت، نە دەوڵەتی ئیسلامیان دامەزراند و نەپارێزگارییشیان لێکـرد، هەروەك لە قوربانیدان و لە خۆبوردەیی و پێشخستنی بەرژەوەنـدی ئوممــەت بەســەر بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا نەبوونە سەرمەشق و پێشەنگ بۆ غەیری خۆیان.

بەلآم موجاهیدە عەرەبەکان (واتە ئەفغانە عەرەبییەکان) ئەوەبوو پاداشـتیان بریتی بوو لە پاداشتی جەردەیەك، تەنانەت رێگەشـیان نــەدان بگەڕێنــەوە بـۆ وڵات و ماڵەکانی خۆشیان، لەلایەن هەمان ئەو فەرمانڕەوایانەوە شەڕیان لە دژ کرا کە پێشـتر هانیان دەدان بە پارەو پـول و پشـتگیری مەعنــەوی و لۆجسـتی، تـاکو وەك گرفتێـك بمێننــەوە بـۆ وروژانـدنی گرفتــی دیکــە و ســوودیان لێوەربگیرێـت بـۆ بەرژەوەندییــە ئیستیعمارییەکانیان.

له میانەی ئەوەشەوە ئاراستەکردنی قورئانی پیرۆز بۆ موسڵمانان تێدەگەین کە خۆشحاڵ نەبین بە شکستهێنان یان سەرکەوتنی دوژمنێك بەسەر دوژمنێکی دیکەدا گەربێتوو موسڵمانان سوودیان وەرنەگرتبێت لە ململانێی نێوان ئەو دوو هێزە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الم (١) غُلِبَتِ الرُّومُ (٢) فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ (٣) فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤) بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٥) وَعْدَ اللَّهِ لاَ يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ (الروم: ١-٦).

کەواتە پێویستە موسڵمانان بەسەرخستنیان لەلایەن خوای گەورەوە دڵخۆش ببن، سەرخستنی خوای گەورەش بۆیان ئەوەبوو کاتێك کە دوو ئیمپراتۆریەتی ماندوو شەکەتی شەڕی یەکتر کەوتن و هەرەسیان هێنا.

ئەوەی رۆژئاوا (بە تایبەت ئەمەریکا) لەگەڵ موسڵمانان لە میانەی جەنگی ساردا کردی، بە راستی بیریاری ئەمریکی (سامۆئیل هانتینگتۆن) لە گوتاری (ململانێی ژیارەکاندا) شرۆڤەی کرد، کە باسی لە چەند ژیارێك کردبوو، ئەوانیش ژیارەکانی ئیسلامی و چینی و ژاپۆنی و هیندی و ئەرسەزۆکسی سلاڤی و ئەمەریکی لاتینیی و ئەفریقی، دواتر پێشنیازی ئەوەدەکات تا ژیاری رۆژئاوایی یەکبگرێت لەگەڵ سەرجەم ژیارەکانی دیکەدا بۆ هەرەس پێهێنانی ژیاری ئیسلامی و چین، دواتر پاشماوەی ژیارەکانی دیکە لە خۆی بگرێت بۆ دروستکردنی هەژمون لە هەناوی ژیاری رۆژئاواییدا و دەرکەوتنی وەك ژیارێکی بە هێز و کارا.[١]

---

١- بڕوانە: سامۆئیل هانتینگتۆن: ململانێی ژیارەکان، گوتارێکی وەرگێڕدراو لە گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتی) کە سەنتەری لێکۆڵینەوە سیاسی و ستراتیژیەکان لە ئەهرام دەریدەکات، میسر ژمارە (١١٦) نیسانی (١٩٩٤) هەروەها گۆڤاری (الهلال)ی میسری ژمارەی تایبەتی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٣ بەو کتێبە و ئەوەی لە بارەیەوە وروژێنرا، بگەڕێرەوە بۆ : د. احمد القديدى : الإسلام وصراع الحضارات ، كتاب (الأمة) القطرى ع٤٤ ص ٥٢.

## واقیعی ڕۆژئاوایی و بەرهەمی فیکری بەڵگەن لەسەر زەرورەتی ململانێکە :

یەکـــەم: واقیـــع و مێـــژوو زۆر بـــە کـــورتی (هەڵمەتـــە خاچپەرســـتییەکان، ئیستیعمار، بە گاورکردن، ڕۆژهەلاّتناسی):

گـەر سـەرنجی واقیعـی ڕۆژئـاوایی و ململانێکـەی لەگـەڵ جیهـانی ئیسـلامیدا بدەین لەگەڵ ئەوەی کە فیکری ڕۆژئاوایی بەرهەمی هێناوە، بە زۆری و بەشـێوەیەکی ئاشکرا بەڵگەن لەسەر ئـەوەی کـە ڕۆژئـاوا دەیـەوێت ململانێـی بکـات بـۆ بـەدیهێنانی مەرامـــەکانی و بەرجەســـتەکردنی هـــەژموونی داگیرکارانـــەی خـــۆی بـــەس جیهـــانی ئیسلامیماندا و بەڵکو جیهانی ڕۆژهەلاّتی، بۆ بەمەبەستی بەگەڕخستن و داگـیر کردنـی و دەســـەلاّتگرتنی تـــەواوەتی بەســـەریدا، دەبیـــنین کـــە ڕۆژئـــاوا هـــەر لەســـەردەمی داگیرکارییەکانی ئەسکەندەری گەورەوە (٣٥ ـ ٣٢٤ پ. ز) بۆ ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت، دەستیان پێکردووە، ئـەوەبوو داگـیر کـارە ئیغریقـی و ڕۆمـەکان مـاوەی (دە) سـەدە مانەوە تیایدا تا ئەوەی بە هـۆی فتوحاتـە ئیسـلامییەکانەوە جێگـەیان پـێ لێـژکرا و دەرکران، دواتر هەڵمەتە خاچپەرستییەکان یـەك بـە دوای یەکـدا بـۆ سـەر ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاست هاتن لەسەرەتای ساڵی (٤٨٩ ك) هوە تا ئـەمڕۆمان، مـاوەی (دوو) سـەدە لەسەر شام بەردەوام بوو، لە ڕێگەی ئەویشەوە قودسی پیرۆزیان لـە سـاڵی (٤٩٢ ك) داگیر کرد، تا ئەوەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) لە ساڵی (٥٩١ ك) ڕزگاریکرد، کـاتێکیش بـێ هیـوا بـوون لـە ڕۆژهـەلاّتی ئیسـلامی ناوەڕاسـت، خاچپەرسـتە ڕۆژئاواییـەکان هەوڵەکانیان چڕ کردەوە بـۆ دەورەدان و گـەمارۆدانی جیهـانی ئیسـلامی بەمەبەسـتی ریشەکێشکردنی ئیسلام و ژیارەکەی لـە ڕۆژئـاوای ئـەوروپا و لـە ڕێگـەی داگیرکردنـی ئەنـــدەلوس (٨٩٧ ك) و لـــە نـــاوبردنی موســـڵمانانەوە تیایـــدا، ئـــەوەبوو تـــەنها موسڵمانێکیان تێدا بەجێنەهێشت نەیان خەنە بەردەم دوو ڕێگە چارەوە یـان کوشـتن و سوتاندن یان بە گاوربوون، تەنها ئەوانە نەبێت توانییان بەرەو مەغریب هـەڵبێن.... جارێکی دیکە تۆپەکە گەڕایەوە ناو دڵی جیهانی ئیسلامی (میسـر و شـام) لـە ڕێگـەی هەڵمەتەکانی ناپلیۆن پۆناپارتەوە(١٧٦٩ ـ ١٨٢١ ز) لەگەڵ هەموو ئـەو ئاسـەوارانەی لێـی کەوتـەوە، پاشـانیش داگـیری کـاری جیهـانی ئیسـلامی لەلایـەن ئیسـتیعماری

بەریتانی و فەرەنسی و هۆڵەندی و ئیتالی و ئوستورالی و هەڵمەتەکانیان بە هەرەس هێنانی دەسەلاّتی عوسمانی کۆتایی پێهات کە تاکە رەمزی جیهانی ئیسلامی بوو، بەم جۆرەش جیهانی ئیسلامی دابەش بوو بۆ چەندین دەوڵەتۆچکەی بچوك بچوك و پەرتەوازە و لێك دابڕاو.

بە کورتی: مێژووی رۆژئاوا لەگەڵ ئیسلام لەسەر ململانێ دامەزراوە بە هۆی نەزانی و نەفامی رۆژئاوا بەرامبەر بە حەقیقەتی ئیسلام و ئەوترسەی لێی هەیەتی، هەروەها بە هۆی ململانێ لەسەر خاك و ئابووری، لە هەمانکاتدا بە هۆی خۆشکردنی ئاگری ئاژاوە لەلایەن کلێسا لە بەرمەترسی کارگەربوونی گاورەکان بە ئیسلام و تەعالیمەکانی و دواتر موسڵمان بوونیان. لەبەر ئەوە دەستیان دایە قسەکردن لەسەر پێغەمبەر(دخ) و ناوی (مەسیحی دەجال) یان لێنا و لە ساڵی ١١٨٩ ز گاورەکانیان هاندا دژ بە موسڵمانان، ئەوەش لەرێگەی وێنەی پەیکەرێکی مەسیح کە سەربڕاوە بە چەقۆی دەستی موحەممەد[١]، دروشمی پاپا (ئۆربانی دووەم)یش لە خۆشکردنی ئاگری تۆڵە سەندنەوەی لە موسڵمانان بریتی بوو لە (ئەو جەنگە پیرۆزە متمانە لەسەرکراوە... بۆ بەدەستهێنانی شارێك نییە، بەڵکو بریتییە لە هەرێمەکانی ئاسیا هەمووی)[٢] تاکو گەیشتە ئەوەی کە قەشەیەك هەستا بە دەستکاریکردنی دەقێکی ئینجیل بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر کورتکردنەوەی ئەوانەی پابەندن بە مەسیحیەتەوە تەنها لەوانەدا کە بەشداری جەنگە خاچپەرستییەکان دەکەن، ئەوەبوو دەیوت (ئەوەی خاچەکەی هەڵناگرێت و بە شوێنمدا نایەت ئەوا ناشتوانێت ببێتە قوتابی)[٣]، بەڵکو قەشەکە فەتوای ئەوەشیدا کە کۆمەڵکوژی بێباوەڕان (واتە غەیری گاورەکان لە موسڵمانان و کەسانی دیکە..) کارێکی مەشروعە، تەنانەت سەربڕینە لەلایەن قوربانیکارانەوە بەمەبەستی رەزامەندی خوا، لەم بارەیەشەوە دەیوت:" ئەو مەسیحییەی کە دوژمنەکانی ئاینەکەی لە ناودەبات... ئەم کارە بۆیە دەکات، وەك

---

١- عبدالفتاح عبدالمقصود: صليبية إلى الأبد ط. الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٥ م ص ٤٤.

٢- على عبدالحليم محمود: الغزو الصليبى ط. دار عكاظ بالسعودية ١٩٨٢ م ص ٢٧

٣- إنجيل لوقا ٢٧/١٤.

سـەربڕین لەلایـەن قوربانیکارانـەوە بەمەبەسـتی بەدەسـت هێنـانی ڕەزامەنـدی پەروەردگار"[1] لەبەر ئەوە خاچپەرستەکان لە ساڵی ٤٩٢ ك حورمـەتی قودسـیان ژێـر پێنا و تیایدا نزیکەی (حەفتا هەزار) لە بەندە و زاهید و ژن و منداڵانیان کوشت تا وای لێهات کـە خـوێن دەگەیشـتە ژێرسـکی ئەسـپەکانیان، ئـیبن کەسـیر و مێژوونوسـانی دیکەش باس لەوە دەکەن کە خاچپەرستەکان قودسی پیرۆزیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کرد و حورمـەتیان شـکاند و مـاوەی (یـەك) هەفتـە خـەریکی کوشـتن و تـاڵانکردن و دەسـتدرێژیکردنە سـەر ئـابڕووی دانیشـتوانەکەی بـوون و زیـاتر لـە (حـەفتا هـەزار) کەسیان کوشت، لەوانـەش ژمارەیـەکی زۆری پێشـەوای موسـڵمانان و زانـا و بەنـدە و زاهیدەکانیان، هـەروەك هەسـتان بـە تـاڵانکردنی هـەموو مزگەوتـەکان و کردیـانن بـە تەویلەی ئەسپەکانیان، لە کاتێکدا سەلاحەدین کە سەرکەوت بەسەریاندا بـە جـوانی و باشی مامەڵەی لەگەڵکردن و دەرمانی نەخۆشەکانی دەکردن و فریـای برینـدارەکانیان دەکـەوت و هاوکـاری هـەژارەکانی دەکـردن، بـەم جـۆرەش لـە جـەنگ و ئاشـتیدا بـە جوامێری مامەڵەیان دەکرد.[2]

ئەوەشـی کـە خاچپەرسـتەکان لـە ئەنـدەلوس ئـەنجامیان دا لـە کوشـتن و سوتاندن و هەستانیان بە گێڕانی ئاهەنگی گشتی بـۆ سـوتاندنی موسـڵمانان ئەوانـەی کە ڕازی نەدبوون ببن بە گـاور، بەڕاسـتی ئەوکارانـەیان ئـارەقی شـەرمەزای بـە نـاوی چاوی مرۆڤایەتیدا دێنێتە خوارەوە.

ئەوەشــی کــە ئینگلیزەکــان لــە فەلەســتین ئــەنجامیان دا و پاشــانیش ئەمەریکییەکان لە پشتگیریکردنی جولەکە لە هەموو هەڵویسـت و کاولکارییـەکانیان و کوشتن و وێرانکاری و دەربەدەرکردنی گەلی فەلەستین، لەگەڵ ئەو قەسابخانانەی کـە لە(سەبرا و شاتیلا) ئەنجامیان داو تاوانە ڕۆژانـە بەردەوامـەکانیان دەرهـەق بـە گـەلی فەلەستین، هەموو ئەمانـە بەململانێیـەکی خۆشـکراو دادەنرێـت کـە ڕۆژئـاوا بـەرووی موسڵمانە چەوسێنراوەکاندا دەیوروژێنێ.

---

١- عبدالفتاح عبدالمقصود: المرجع السابق ص ٤٤.

٢- بگەڕێرەوە بۆ البداية والنهاية (١٣٥/١٢٠٠) والكامل(١٦٤/٨)

ئەوەشی بینیمان و بیستمان کە (سربەکان) دەرهەق بە موسڵمانانی بۆسنە و هێرسك چ کارێکیان ئەنجام دا، ئەوە لەسەروو هەموو پێشبینییەکەوە بوو لە کوشتنی بـە کۆمـەڵی هاوڵاتیـان و دەسـتدرێژی کردنـی بـە کۆمـەڵ، بـەڵکو لـە سـەر و هـەموو وێناکردنەکانی خـودی رۆژئاواشـەوە بـوو، هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کـە دادگایـان بـۆ سەرکردە سربییەکان دانا و تایبەت بوو بە دادگای تاوانەکانی جەنگ.

ئەوەی ئەمڕۆش ئەمەریکا دەرهەق بە موسڵمانان لە ئەفغانستان و بە تایبەت لە گرتوخانەی گوانتانامۆ دەیکات و هەروەها ئەو کارانەیشی لە عێراق ئـەنجامی دەدا لە وێرانکاری و بە کارهێنانی چەکی وێرانکەر و کوشتنی بریندااران لە نێو مزگەوتەکان و لەگـەڵ ئـەو کـارە قێزەونانـەی کـە سـەربازەکانیان لـە گرتوخانـەی (ئـەبو غرێـب) دەرهــەق بــە زیندانییــەکان ئــەنجامیان دا، هــەموو ئەوانــە بــە تونــدترین جۆرەکــانی ململانێی ناڕەوشتی دێنە ژماردن.

یاخود ئایا ئیتر بـەس نییـە ئـەم جـۆرە رەفتـارە لووتبەرزانـە و ئـەو جەنگـە وێرانکارانە بۆ وروژاندنی ململانێی رق لێبونەوە و بێزاری لای موسڵمانان، مێژوونوسی ئەمەریکی (کافین رایلی ) دەڵێت: ئەو رووباری خوێنانە موسڵمانانی فێری ئەوەکرد تا رقیان لە رۆژئاوا ببێتەوە، کە پێشـتر رقیـان لێـی نـەبوو... بـە کـورتی دەبیـنین ئـەو ژیـارە ئیسـلامیەی خاچپەرسـتەکان لـە(بیـت المقـدس) خاپووریـان کـرد بـەرزتر و پێشکەوتوو تر و زیاتر پێویستی بە بـە ئاشـتی بـوو وەك لـە داگیرکارەکـانی " دواتـر بـاس لـە لێبـوردەیی ئیسـلام و موسـڵمانان دەکـات لەرێگـەی گێرانـەوەی یـەکێك لـە خاچپەرسـتەکانەوە کـە دواتـر هەسـتی ئیجـابی خـۆی تۆمـارکردووە لـە بەرامبـەر موســڵمانەکاندا و دەڵێــت :" ئــەو پیاوانــەی ئێمــە بــاوك و نــەوە و بــرا و کــچ و خوشەکەکانیانمان کوشت و خۆشیان بە سزا و ئازارەوە سەریان نایـەوە و دەسـتمان گرت بەسەر خاکەکەیاندا، ئەوانەی بە رووت و قوتی لە ماڵـەکانیان دەرمـان کـردن... پاش شکست هێنمانمان خواردنەکانی خۆیانیان پێداین و پارێزگارییان لە ژیانمان کرد

و نەیان هێشت لە برسێتیدا بمرین، بە هەست و سۆزی خۆیان دایان پۆشین و لە ئامێزیان گرتین"[1]

## پشتگیری بەردەوام بۆهەموو ئەوانەی لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە:

هەروەها موسڵمانان پێیانوایە کە هەرکەسێك لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە ئەوا ڕۆژئاوا وەك پاڵپشت و یارمەتیدەرێك بۆخۆی دەبینێتەوە لە بواری پارەوپول و بەرگری لێکردندا، ئەمەش لەسەر ئاستی پارت و حکومەت و تاك و بیریارەکان بەدی دەکەین، ئەوەبوو بینیمان کە ڕۆژئاوا چۆن ئاهەنگی بۆ (سەلمان روشد) ی گێڕا و ڕێزی لێنا و مەدالیا و خەڵاتی پێدا، بەهەمان شێوەش لەگەڵ جگە لەویشدا کردیان، ئەمە وەك کارێکی تاکتیکی نەمایەوە، بەڵکو ئەم هەڵوێستە بوو بە ستراتیژیەتێك و ڕاپۆرتی پەیمانگای (ڕاند) بۆ ساڵی ٢٠٠٣ بە ناوی (ئیسلامی دیموکراتی مەدەنی ) باسیکردووە.

## هەڵمەتەکانی بە گاورکردن:

ڕۆژئاوا ـ ئەوروپا و ئەمریکا ـ لە هەوڵە جدییەکانی خۆیان بۆ بە گاورکردنی جیهانی ئیسلامی بە هەموو شێوەکان نەوەستان و بۆ ئەم مەبەستە سێکوچکەی نەفرەت لێکراوی (نەزانین و نەخۆشی و هەژاری) یان سوود لێوەرگرت بۆ کڕینی ویژدانەکان و گۆڕینی موسڵمان بۆ گاور، لەگەڵ ئەوەی کە سەدان ملیۆن بتپەرستیان لەبەردەمدا بوو کە دەیانتوانی هەڵمەتەکانیان ئاراستەی ئەوان بکەن، لەم بوارەدا ڕۆژئاوا ئەوەی لە توانایدا هەبوو بەکاری هێنا بۆ بە گاورکردنی موسڵمانان سەرەتا بە هەڵمەتە خاچپەرستییەکان دەستیپێکرد تا گەیشتە ڕەوانەکردنی نێردەی بە گاورکردن کە بە جیهانی ئیسلامیدا بلاوەیان پێکردن و ملیارەها دۆلاریان بۆخەرجکردن، بۆ ئەم مەبەستەش سەدان کۆنگرەیان بەست، لەوانەش کۆنگرەی بە

---

١- کافین رایلی: الغرب والعالم، ترجمة عبدالوهاب المسیری، سلسلة عالم العرفـة الکویـت (١٤٠٥ ه /١٩٨١)

گاورکردنی (زۆیمەر) لە کەنداو و قاهیرە و کۆنگرەی بە گاورکردنی موسڵمانان لە ویلایەتی (کولورادۆ) کە دروشمی ( دینارێك بدە بۆ گاورکردنی موسڵمانێك) ی بەرزکردبووە.[1]

**ڕۆژهەڵاتناسی:**

(شافەرهەنگی ئاسان بۆ ئاینە هاوچەرخەکان)[2] بەم جۆرە پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسی کردووە: « ئەو ڕەوتە فیکرییەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە لێکۆڵینەوەی جۆراجۆر سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ژیار و ئاین و ئاداب و زمان و ڕۆشنبیرییەکەی دەگرێتەوە.».

بیرۆکەی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەردەمانێکی زووەوە پەیدابووە، بەڵام زۆربەیان سروشتی کلێساکانیان وەرگرتووە، لە (ڤییەننا) ساڵی ١٣١٢ ز، کاتێك بڕیاردرا بە دامەزراندنی تیانووس بۆ لێکۆڵینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان و هاوشێوەکانیان لە کۆمەڵەکانی پاریس و پۆلۆنیا و شوێنەکانی دیکە، ئەوەش وەك ئارەزوو کردنێك لە کەڵك و سوود وەرگرتن لە ژیاری ئیسلامی و هەروەها لەرێگری کردنیش بۆ کاریگەری نواندن لەسەر گاورەکان، بەڵام ڕێنمایی و ئاراستەکانی کلێسا بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بەمەبەستی وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و سوننەت و زانستە ئیسلامییەکان بوو بۆ زمانە ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی شێوێنرا بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێکی ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام، هەر ئەمەش بوو کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسە بەراییەکان ئەنجامیان دا تا پێش ئەو بڕیارەی باسمان کرد لە ساڵی ١٣١٢ ز دا، ئەوەبوو پێشتر (پیتەر میگل) هەستابوو بە وەرگێڕانی واتاکانی قورئانی پیرۆز بۆ زمانی ئیسپانی لە ساڵی ١١٤٣ز بە وەرگێڕانێکی شێوێنراو و

---

١- بگەڕێرەوە بۆ بابەت و توێژینەوەی ئەو کۆنگرەیە کە لە کتێبێکی تایبەتدا بەو کۆنگرەیە: کۆنگرەی کوارادۆ. بگەڕێرەوە : د.عبدالعزيز عبدالغنى إبراهيم حيال و الذمى ط. دار الأصالة الخرطوم ١٤١٣ه.

٢- الموسوعة الميسر للأديان المعاصرة: طبع ونشر دار الندوة العالمية للطباعة والنشر والتوزيع ، الريـاض ، مصطلح (الأستشراق)

دوژمنکارانه،تەنانـەت کـردی بــە بەبەشـێك لــە لــە هەڵمەتـەکانی پڕوپاگەنـدەی خاچپەرستی[1] و داوای شەڕی کرد لە دژی ئەم ئاینە دڕندەیە..سەرەڕای ئەو ئارەزووە خاچپەرسـتییە بـۆ رۆژهەلأتناسـی، لای زۆرێـك لـە رۆژهەلأتناسـەکان نـەزانینێکی گەورەش بە دیدەکرا بە وردەکاری زمـانی عـەرەبی و زانسـتە بنچـینەییەکان کـە وەك ئامرازێـك وابـوون بـۆ تێگەیشـتنی شـەریعەت، نـا بابـەتی بـوون و قسـە هەڵبەسـتن و لوتبەرزیش بەشێکی تری سیفەتی رۆژهەلأتناسەکان بوو.

بـەلأم رۆژهەتناسـی رۆڵێکـی گـەورە و ترسـناکی گێـڕا لـە وێنـاکردنی بیروبۆچـوونی رۆژئاواییـەکان دەربـارەی رۆژهـەلأت بـە شـێوەیەکی گشـتی و جیهـانی ئیسلامی بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەوەش وەك گوزارشتکردنێك لە پاشـخانی فیکریـی ململانێی ژیاری نێوانیان[2]، ئەم قسـەیەشمان مەبەسـت پێـی گشـتاندن نییـە بـە سـەر هەموو لایەکدا، چونکە هەندێك رۆژهەلأتناسیش هەبوون کە خاوەنی جۆرێك لە ویژدان بوون، بابەتیانەکاریان دەکرد.

## دووەم: بەرهەمی فیکری:

پێش ئەوەی قسەبکەم لەسەر ئەم بەرهەمی فیکرییە، دەمەوێت حەقیقەتێك روون بکەمــەوە کــە ئــەویش بریتییــە لــەوەی بیریــارە رۆژئاواییــەکان تەنانــەت رۆژهەلأتناسەکانیش هەموویان وەك یەك نین، هەیانە متمانەی کردۆتە سەر حەقیقەتە زانستییەکان، ئەو حوکمانەی کە داویانە جۆرێـك لـە بەویـژدانی پێوەدیـارە، کاریگـەر نــەبوون بــە رەوش و بــارودۆخی گشــتی و دام و دەزگــا هەواڵگرییــەکان و بــە گاورکردنەکان نەیجولأنـدوون، ئەمانـەش ژمارەیـان کەمـە، بـەلأم زۆربـەی زۆریـان بـە تێڕوانینی بچوك سەیرکردن و دژومنایەتییەوە سەیری ئیسلام و ژیارەکەی دەکەن، بە هەموو شێوە و هۆکارەکان هەوڵدەدەن بۆ شـێواندنی حەقیقـەت و وێنـاکردنی روداوە مێژووییەکانی ئیسلام، لە ناو دەرونەکان کۆمەڵە بەربەستێك بەمەبەسـتی رێگـرتن لـە

---

١- سەرچاوەی پێشوو.

٢- الموسوعە ، سەرچاوەی پێشوو

خـەڵکی بـەرووی ئیسـلامدا دروسـت دەکـەن، دکتـۆر موحەممـەد عـەمارە دەڵێـت:" هەندێك نوسین هەیەکە بە ئاسانی ئـەژمار نـاکرێن و بـاس لـە مەرکەزیـەتی رۆژئـاوایی دەکـەن و وای لێدەکـەن تـا رۆژئـاوا ئـارەزوو بـە لای گـەمارۆدانی بەرامبـەرەکانی و دەسـتەمۆکردنیان بکـات و دواتـریش تێکەڵـەکردنیان لـە شـێوازە ژیـاری و مەنزوومـە بەهاییەکەی خۆیدا.. کە ئەویش ئەو ئارەزووەیە متمانە دەکاتە سەر رێگەی ململانـێ لەگەڵ کەسانی تر، وادەکات تا لە رێگەی ئەو ململانێیانەوە لەگـەڵ ئـەوانی دیکـەدا و لـە گـەمارۆدانیان و هەڵوەشـاندنەوەی زاتییـەتیان و تایبەتمەنـدی و ناسـنامەیان و هەلآواردنیان، هەموو ئەمانەیان کردووە بە (پەیامە ژیارییە مەردانەکەیان !) کـە پێـی هەستاون بۆ بەمەدەنیکردنی ئەوانی تر"[1]

گەربێتوو سەرنجی ژێرخانی فەلسـەفەی رۆژئـاوایی بـدەین (لـە زۆرینەیـدا)، ئەوادەبینین کە (ئارەزووی ململانێکردن) بریتییە لە گـرنگترین پایـە و کۆڵەکـەکانی و بەهێزترین راگری تیۆرەکانی، بۆ نمونـە تیـۆری هیگـل (دەدرێتـە پـاڵ هیگـلٚ ١٧٧٠ - ١٨٣١ ز) لە فەلسـەفەی مێـژوودا لەسـەر سـڕینەوەی سـەردەمی نـوێ بـۆ سـەردەمی کـۆن، ئەمـەش لەرێگـەی ململانێکـردن لەگـەڵ پێکهاتـەکانی و سـڕینەوەی و جێگرتنەوەیان واتە جێگرتنەوەی سەردەمی نوێ لە شوێنی سەردەمی کۆندا.

هـەروەها تیـۆری داروینـی (دەدرێتـە پـاڵ داروین ١٨٠٩ - ١٨٨٢ ز) لـە فەلسـەفەی پەرەسـەندندا، کـە لەسـەربنەمای فلەسـەفەی ململانێـی زینـدووەکان دامەزراوە لە پێناو مانەوە بۆ بەهێزەکان لە ناوبردنی لاوازو لاوازترەکاندا.

زیاتر لەوانەش فەلسەفەی ململانێی چینایەتی نێوان چینە کۆمەڵایەتییـەکان بـوو، ئایـا لـە فۆرمـە کۆمۆنیسـتییەکەیدا بێـت یـان لـە فۆرمـە لیبراڵییـە سەرمایەدارییەکەیدا.[2]

---

١- د.محمد عمارە، پێشەکییەکەی بۆ کتێبی : حوار الحضارات ی عطیة فتحی الویشی ، ط.مکتبة المنـار الأسلامیة ص ٨

٢- سەرچاوەی پێشوو

زۆربـــەی فەیلەســوفەکانی ڕۆژئــاوا سیاســیەکانیان واگومــان دەبــەن کــە ژیارەکەی ئەوان بـەهێزتر و چـاکترە بـۆ مانـەوە وەك لـە ژیارەکـانی دیکـە، هـەروەك خەڵکی ژیارەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە بەختـەوەری و هێـزەوە بـژین پێویسـتە ملکـەچ بکــەن بــۆ ژیــاری ڕۆژئــاوایی و بــەهاکانی، هــەروەها ئــەوان کاتێــك هەڵدەســتن بــە سڕینەوەی ژیارەکانی تر، تەنانـەت سـڕینەوەی خەڵکەکەیشـی گـەر پێویسـتی کـرد ـ وەك لە ئەمەریکا بە هیندییە سورەکان کرا ـ ئەمـەش وەك ئـەوە وایـە بەلایانـەوە کـە هەڵدەستن بە کوشتنی میهرەبانی (قتل الرحمة) بۆ نەخۆشەکان، کە لەبری ناسۆری و کڕوزانەوە بە دەست ئازاری سەختەوە، کوشتن لە پێشترە بۆیان.

بەلاّم بۆحەقیقەت و واقیع دەوترێت:" ڕۆژئاوا تیرەکانی ئاراستەی هیچ یـەك لە ژیارەکانی تر وەك لە  ژیاری ئیسلامی نەکردووە، کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا ئێستا دەستی زۆری لێوەشاندووە و زیانی پێگەیانـدووە، کـە دەکرێـت هۆکاری ئەوەش بۆ چەند خاڵێك بگەڕێنینەوە:

١ـ ژیاری ئیسلامی زۆرێك لە ڕەگەزەکانی هێز و بەرنگاربوونـەوە و گشـتگیری و تەواوکاری تێدایە، ئەوەش  وای لە ڕۆژئاواکردووە تا ببێتە گەورەترین بەربەست بـە رویدا لەو ململانێیەی هەڵگیرساندووە و بەرپای کردووە.

٢ــ ڕۆژئــاوا لــە ڕێگــەی تــاکتیکی قۆنــاغ بەندییــەوە هــەوڵ دەدات بـۆ ئـەوەی هەموو تواناکانی بەگەڕ بخات بەمەبەستی دەسەلاّتگرتن بەسەر ئیسـلام و ژیارەکەیـدا و پاشانیش ژیارەکانی دیکەش، ئەمەش بە راشـکاوانە (هـانتینگتۆن) لـە کتێبەکەیـدا (ململانێی ژیارەکان یان پێکدادانی ژیارەکان) رایگەیاندووە و ئامـاژەی بـەوەداوە کـە لەســەر خــاوەن بڕیارەکــانی ڕۆژئــاوا و بــە تایبــەت ئەمــەریکا پێویســتە کــە بــە خـاپووورکردنی ژیـاری چـینی دەسـتپێبکەن و پاشـانیش ژیارەکـانی تـر ـ دواتـر لێـی دەدوێین...

پـاش هەرەسـهێنانی یـەکێتی سـۆڤییەت و کۆتـایی هـاتنی جـەنگی سـارد، ڕۆژئــاوا بــە گشــتی و ئەمــەریکا بــە تایبــەتی دامــەزراوە هەواڵگیرییــەکانیان هەڵنەوەشاندەوە (کە بوجەیەکی زەبەلاحیان بۆ تەرخان کرابوو لەگـەڵ سـوپایەك لـە

بیریار و رۆژهەلاتناس و رۆژنامەنوس و نوسەران). بەڵکو هەموو ئەو توانا و وزانەیان ئاراستەی دوژمنە نوێیەکەیان کرد کە خۆی لە دوژمنی سەوز (ئیسلامی ئوسوڵی) دا دەبینییەوە، دواتر ئیسلامی سیاسی و پاشانیش خودی ئیسلام خۆی ، ئەمەش لە ڕێگەی جەنگی جیهانی سێهەمەوەکە دژ بەوەی کە بە ئیرهاب ناودەبرا.

ئەو هێزە هەواڵگرییانە لەبەرژەوەندییان نەبوو کە لە شان و شکۆی ئەو دژمنە نوێیە کەم بکەنەوە بەو مەبەستەی بودجە و تایبەتمەندییەکانیان وەك خۆی بمێنێتەوە و بەڵکو زیادیش بکات، بەم جۆرەش هەژموونی خۆیان دەهێڵێنەوە بەسەر سیاسی و بیریارەکان و کۆمەڵگادا، لەبەر ئەوە دەیان گووت:" ئیسلام لە رابردوودا دوو ژیاری رووخاندووە،کە ئەوانیش ژیارەکانی رۆمانیای رۆژئاوایی و ژیاری ساسانییەکان بوو، ئەمرۆش بەو لاوازی و پەرتەوازییوەی کە هەیەتی توانی شکست بە یەکێتی سۆڤییەت بهێنێ (یەکێك لە دوو زلهێزە زبەلاحەی جیهان)، کەواتە بە دوور نازانرێت هێزی دووهەمیش هەرەس پێبهێنێ، لێرەشەوە دەبێت تۆکمە کردنی سوپاکان و ئاراستەکردنی هێزە فیکری و ئابورییەکان و راگەیاندن، بەرەو روخان و هەرەس پێهێنانی ئیسلام بێت.

ئەوەبوو جەنگاوەرەکانی ململانێی شیوعیەت بە ئەسپ و پیاوەکانیانەوە، بە هێزو پارەپولەکانیانەوە، بە راگەیاندن و دەزگاهەواڵگرییەکانیانەوە بەرەو گۆڕەپانی ئیسلام بۆ زۆرانبازی و ململانێکردنی بەرێکەوتن، هەوڵیان دا تا ئیسلام لە ڕێگەی ئەو کارە ئیرهابیانەوە وێنە بکێشن کە هەندێك کەسی سەر بە ئوممەتی ئیسلامی ئەنجامیان دەدا با بەناویش سەر بەم ئوممەتە بوون، ئەوەبوو ئیسلامیان (نەك موسڵمانان) بە توندڕەو نا دیموکراسی و دژ بە رۆژئاوا وەسفکرد، ئیسلام بە توندوتیژی و ئیرهابیی و دواکەوتوویی و دڵرەقی تۆمەتبار کرا، شانبەشانی چاندنی حەساسیەت لە ناو ناخی رای گشتیدا دژ بە ئیسلام و زەمینە سازی کردن بۆ هەر جۆرە کارێکی دژ بە ئیسلام[1].

---

١- بگەڕێرەوە بۆ : حوار الحضارات ى عطية فتحى الويشى ، ط.مكتبة المنار الأسلامية ص ٦٢.

بۆ ئەم مەبەستەش هـەموو دەزگاکـانی راگەیانـدنیان خسـتەگەڕ، بـۆ نمونـە گۆڤاری (TIME) ی ئەمەریکی لـە (١٩٧٩/٤/١٦ ز) دا و لەسـەر بەرگەکـەی وێنـەی بانگبێژێکی بڵاوکردبووە لە کاتی بانگداندا و بـە خـەتێکی ئاشـکرا و روون نوسـیبووی (گەڕانەوەی موجاهیدەکان) دواتر گۆڤارەکە بـە وردی دەربـارەی دیـاردەی شـەپۆلی ئیسلامی نوسیبووی، کەسەرەنجام لە کۆتاییدا گەیشتبووە ئەوەی کـە ئـەم رابوونـە (نوێنەرایەتی گیانی دەمارگیری و گەڕانەوە بۆ وەحشـیگەری چـەرخەکانی ناوەڕاسـت دەکات).

گۆڤارەکە هەندێك شتی سادەی بەردەست کەوتبوو بـەڵام کۆمەڵـە ئاکـامێکی گەورە و نامۆی لەسەر بونیات نابوو، بۆ نموونە( کۆمەڵگەی میسری) گەڕاونەتەوە بـۆ بـەکارهێنانی وشــە ئیســلامییەکانی وەك (إنشــاء الله و بســم الله و الحمــد الله کاتێـك خواردن دەخۆن یـان سـواری ئۆتۆمبیـل دەبـن....) لـە جـەزائیر منالێـك دەبینـی کـە راهاتووە لەسەر نوێژکردنی بە کۆمەڵ لە مزگەوتدا، لـە تـونس قوتابیـان دەبینـی کـە هەڵدەستن بە بۆیاخ کردنی وێنـەی رووت و قـووتی سـەر دیوارەکـان، لـە پاشمـاوەی وڵاتانی دیکەدا ئافرەتانی باڵاپۆش بە دی دەکرێن.... و بەم جۆرە..ئەم دیاردانـە کـە گۆڤارەکـە خسـتبوونیەڕوو شـتی زۆر ئاسـایین و لـە سـاکارترین ئـەو شـتانەن کـە موسڵمانان لەسەری راهاتوون، ئەمانە بەڵگە نین لەسەر گیانی دەمارگیری و گەڕانەوە بۆ دڕندایەتی هەروەك گۆڤارەکە نوسیبووی.

مێژوونووسی بەڕەگەز جولەکە (بێرنـارد لـویس) لـە گـەڵ قوتابییـەکانی (کـە زۆربەیان لە جولەکەکان بوون)، سەرکردایەتی هێرشێکی توندیان کرد بۆ سەر ئیسلام لــە رووی کـرداری و تیۆریزەکردنــەوە.لـە کاتێکـدا (جودیـت میلــەر) ســەرکردایەتی هەڵمەتێکی رۆژنامـەوانی کـرد تـا تـوانی ـ هـەروەك دکتـۆر ئیـدوارد سـەعید دەڵێـت ـ ئیسلام بکەنە پاڵێوراوی یەکـەم بـۆ ئـەوەی بیکەنـە بابـەتی ئـەو ( چـەنەبازییەی کـە دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئـاوا تەبـەنییان کردبـوو، پەیوەنـدییان دروسـت دەکـرد لـە

نێوان ئیسلام و ئێرهابدا)[1]، بۆ ئـەوەی ببێتـە ئـەو دوژمنــەی تـازەی کـە ئەمـەریکا و دەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانی به دوایدا دەگەڕێن، هەر ئەمەش بوو کە ڕۆژنامەی (Washington post) لـە سـاڵی (١٩٩١ ز) باسـی کردبـوو کـە لێکۆڵینەوەیـەکی بەردەوام لەلایەن وەزارەتی بـەرگری ئەمـەریکا و دەزگـای هەواڵگرییەکانـەوە ئامـادە کراوە بۆ زەرورەتی گەڕان و دۆزینەوەی دوژمنێکی نوێدا(ئیسلام) یش پـاڵێوراوە بـۆ ئەم مەبەستە[2]، لەلایەن خۆشیەوە( هینری کەیسنجەر) وەزیری دەرەوەی پێشـووتری ئەمەریکا پێش ماوەیەك لـە بـەهاری سـاڵی ١٩٩٠ دا و لەبـەردەم کـۆنگرەی سـاڵانەی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتیدا وتبووی: ئەو بەرە نوێیەی کە لەسەر ڕۆژئـاوا پێویسـتە تا ڕووبەڕووی ببێتەوە بریتییە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بەو پێودانگەی کە ئەو جیهانە، دوژمنی نوێی ڕۆژئاوایە " پاشان وتبووی :" پێویستە جیهان بـە ئاگابێتـەوە و وریابێت لەو مەترسییانەی کە لە ئیسـلامەوە ڕووبـەڕوویان دەبێتـەوە."[3] لەلایـەن خۆشـیانەوە ڕۆژنامـەکانی بـەریتانیا وەك (Sunday telegraph) و ڕۆژنامـەکانی ئەمـەریکا و فەرەنسـا و ئـەوروپا بـە شـێوەیەکی گشـتی هەسـتان بـە بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵە وتارێك دژ بە ئیسـلام لـە سـاڵی (١٩٩٠ و ١٩٩١ ز) واتـە پـێش هەرەسـهێنانی یەکێتی سۆڤییەت: کە خۆی لـە خۆیـدا وەك پێشـەکی و زەمینـە سـازییەك وابـوو بـۆ دانـــانی ئیســـلام وەك ئەڵتـــەرناتیڤێك لـــەبری شـــیوعیەت لـــە دوژمنایـــەتیکردن و ململانێکردندا، هەروەك وێنەی پیاوانێکیان بڵاودەکردەوە کە جلو بـەرگی عـەرەبییان لەبـەرکردوبوو لەبـــەردەم مزگەوتـــەکانی ئـــەوروپادا ڕاوەســـتابوون و تفـەنگیان بـــە دەستەوە بوو کە ئاراستەی ئەوروپییەکان کرابوو، هەتا وای لێهات کە (مـاری فـرانس ستریبوا) لە ٢١ ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١ (ئەندام پەرلەمانی بـەرەی نیشـتمانی فەرەنسـی بوو) داوا لە لایەنگرانی بکات تاببنە (خاچپەرستەکانی سەدەی بیستەم و هەڵمەتی دژ بە ئیسلام لە فەرەنسا دەستپێبکەن بۆ ئەوەی گوندەکانی فەرەنسا نەبێتـە مەککـەی

١- بڕوانە: مجله المجتمع الكويتى ع ١٢٤٣، ١٤١٧ هـ ص ٤٥

٢- سەرچاوەی پێشوو

٣- فتحى الويشى / سەرچاوەی پێشوو ص ٦٥

ئیسلام و داوای لێکردن بۆ تێکۆشانێك دژ به ئیسلام که هیچ سۆز و بەزەییەکی تیا نەبێت).

## پرسیارێکی دروستکراو: بۆچی رقیان لێمانه؟

راگەیاندنی رۆژئاوا توانی له داڕشتنی پرسیارێکی راپۆرت ئامێزدا گوتارێك دابڕێژێتەوه، که بریتییه لەوەی :" بۆچی موسڵمانەکان رقیان لێمانه؟ یان بۆچی عەرەبەکان رقیان لێمانه؟)" کرۆکی پرسیارەکەش له بیر و زیهنی رۆژئاواییەکاندا بوو به حەقیقەتێك ئەویش ئەوەیە: « هەموو موسڵمانەکان (به تایبەت عەرەبەکان) رقیان له رۆژئاوایه ».

ئەمەیان کرده به حەقیقەتێك،خراپتر لەمەش هۆکاری ئەو رق لێبوونەوەیان نەگەڕاندەوه بۆ ئەوەی که هەڵویستی رۆژئاوای ئیستعماری و ستەمکار، پشتگیری ستەم و سەرکوتکارییه له جیهانی ئیسلامیدا، هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکەیه له ناودڵی جیهانی عەرەبیدا... بەڵکو هۆکارەکەیان گەڕاندەوه بۆ ئەوەی که موسڵمانەکان رقیان له: ئازادی رادەربڕین و ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی هەڵبژاردن و.. ئازادییەکانی دیکەی ئێمه، تەنانەت سەرۆك بوشی (کوڕ) لەم جۆره گوتانەی راگەیاندووه، (کۆلن پاول)ی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکاش دەڵێت:" ئەوان رقیان له سیستمی بەهای ئەمەریکییه...، که ئەو سیستمەیه رێز له مافەکانی مرۆڤ دەگرێت....ئەوانه نه رژێمه سیاسیەکەی ئێمه و نه سیستمه دیموکراسیەکەمانیان خۆش ناوێت،رقیان لەسەرکەوتنەکانمانه وەك کۆمەڵگەیەك."

سەرۆك بوش و وەزیرەکەی هەرچەند ئەوان لێدوانەکانیان تایبەتکردبوو به ئیرهاب، بەڵام ـ وەك مامۆستا جەمیل مەتەر دەڵێت ـ هیچ پەیوەندییەك نییه له نێوان ئەوان و

له نێوان رێزگرتن له دیموکراسیەتی ئەمەریکی، بەلاّم ئەم جۆره گوتانه بریتین له گوتەی باب و باپیرانیان له رۆژئاوا.[1]

لەلایەن خۆیەوه راگەیاندنی رۆژئاوایی و به تایبەت ئەمەریکی توانی ئەم درۆیه بەسەر گەلی ئەمەریکی و زۆربەی گەلانی ئەوروپیدا تێپەڕێنێ بەوەی کە موسڵمانان رقیان لێیانه و رقیان له دامەزراوه سیاسی و زانستییەکانیانه، رقیان له دیموکراسیەت و ئازادیی و پێشکەوتنه تەکنەلۆژیی و زانستییەکەیانه، له کاتێکدا راستییەکەی ئەوەبوو کە موسڵمانان رقیان له هەموو لایەنه ئیجابییەکان نییه له رۆژئاوادا، بەڵکو رقیان له مومارەسەی هەندێك له سیاسەتمەدارانی رۆژئاوایه له ستەمکردن و داگیرکاری و دوالیزمه و پێوانه کردن بەدوو پێوەر.

لەم چوارچێوەیەشدا باس له لێکۆڵینەوەیەك دەکەین کە دوو له بیریاره رۆژئاواییەکان پێی هەستان کە ئەوانیش (ئیان بۆروما و ئیفشای ماگلێت) بوون، ئەوەبوو هەوڵ و کۆششێکی زۆریان به خەرجدا بۆ سەلماندنی هاوشێوەبوونی نێوان عەرەب و موسڵمانەکان لەگەڵ نازییەکان له رق لێبوونەوەی رۆژئاوادا، سەرەنجام گەیشتنه ئەوەی کە چوار رەگەز بنەماکانی رق لێبوونەوه پێکدێنن لای ئەو کەسانه، ئەوانیش بریتین له: مەدەنییەت، عەقڵ، بۆرجوزایەت، مافەکانی ئافرەتان.[2]

هەروەها نوسەر و توێژەرەوه گەلێکی دیکەش هەن کە کاردەکەن لەسەر تەئصیلکردنی ئەم رق لێبوونەوەیه بۆ ئەوەی هەموو رۆژئاوا بگۆڕن دژ به ئیسلام و موسڵمانان، لەوانەش (برۆکس) له گوتارەکانی دەربارەی ئەم بابەته، له (بن لادن) ەوه رق لێبوونەوەی له ئەمەریکا دەگوازێتەوه و دواتر گوتەکانی بن لادن بەسەر هەموو موسڵماناندا دەگشتێنێ، هەروەها(دان راز) ی موعەلیقی تەلەفزیۆنی و

---

١- جەمیل مەتەر: توێژینەوه بلاّوکراوەکەی له کتێبی (صناعه الکراهیه) کە لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی (الوحدة العربية) ساڵی ٢٠٠٤ به ناوی (الكراهية الأمريكية للغرب) بلاّوکراوەتەوه ، صناعة جديدة ص ٢٦٨.

٢- سەرچاوەی پێشوو ص ٢١٧ـ ٢٧٦.

(ئالتوت کوهلین، دانیبال بایبس، بیتەر برگن، هیل) و کەسانی دیکەش[1] بە هەمان ئاراستەدا کاریان کردووە و کاردەکەن.

### ڕۆڵی فیلمەکان:

ماوەیەکی کەم نییە کە فیلمە ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵی کاریگەر لە شێواندنی وێنەی ئیسلام و موسڵمانانادادەگێڕن، وەك فیلمی (سەماکردنی حەوت بالآپۆشەکە) کە پڕە لە تانە و تەشەر لێدان و گاڵتە و سوکایەتیکردن بە ئیسلام و پێغەمبەرەکەی(دخ)، ئەم فیلمە لە بەرهەمهێنانی هۆلیودە، هەروەها فیلمی (الشیخ) ساڵی ١٩٢١ و (چایخانەیەك لە قاهیرە) ساڵی ١٩٢٤ و (بوکی بیابان) ساڵی ١٩٢٨ و (کازبلانکا) ساڵی ١٩٤٢، هەتا وای لێهات یەکێك لە توێژەرەکانی ئەمەریکا ئاماری ئەو فیلمانەی کردبوو کە لە ماوەی بیستەکانی سەدەی رابردوو لەسەر ئیسلام و موسڵمانان بەرهەم هاتوون و بە ٨٧ فیلم مەزندەی کردبوون.[2]

ئەم فیلمانە لە زۆربەیاندا فیلمی (میلۆدرامی) سەرنج راکێشن، روداوەکانی لە دەورەی جەربەزەیی بیابان و بەستنەوەی بە سێکس و توندوتیژی دەسوڕێنەوە، عەرەب و موسڵمانەکان لە سکێچێکی دڕندەیی و بێ سەرو بەری و وەحشیگەراییدا دەردەخات کە ئەوانە ئەهلی سەماکردن و رفاندنی ژنان و هەڵکوتانە سەر خەڵکی و بە تالآن بردن و دزینی سەروەت و سامانی خەڵکی و ئەهلی جەردەیی و ڕێگرتنن.

فیلمێکی دیکەش لەم بوارەدا فیلمی (عەنقا)[3]ە لە ساڵی ١٩٦٢ ز بەرهەم هاتووە و وێنەی عەرەبی موسڵمانی بەو جۆرە کێشاوە کە بێ ویژدانە ،ئەویش کە لە فیلمەکەدا بەو جۆرە هاتووە کە فرۆکەیەك لە بیابانی لیبیا ناچار بە نیشتنەوەدەبێت، فەرماندەی فرۆکەکە و یاریدەدەرەکانی داوای هاوکاری و کۆمەکی لە کاروانێکی عەرەبی دەکەن کە لە ناوچەکەدا بووە، وەڵامی کاروانچییەکانیش

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢- فتحی الویشی : سەرچاوەی پێشوو.

٣- یان (العنقاء) ، باڵندەیەکی ئەفسانەییە.

ئەوەبووە کە داویانە لە گەردنی فرۆکەوان و یاریدەدەرەکانی و سەریان بڕیوون بێ هیچ جۆرە بیانوو هۆکارێك.

لە فیلمی (دەرچوون) لە ساڵی ١٩٦٦ز دا، وێنەی کەسی عەرەبی کێشراوە کە چۆن بە وەحشیگەرایی و بەبێتاوانی خوێنی کچێکی ئیسرائیلی تەمەن پانزە ساڵان دەرێژێت، لە فیلمی (کاست ئەلیجانت شادو) ساڵی ١٩٦٦ ز دا، وێنەی ئەوە خراوەتە روو کە عەرەبەکان پێدەکەنن و هەڵدەخەنەوە پاش ئەوەی کچێکی ئیسرائیلیان کووشتووە و نەیتوانیوە لە ئۆتۆمبیلەکەیان دەرچیت. لە ساڵی ١٩٧٣ دوای ئەوەی عەرەب نەوتیان وەك چەك بەکارهێنا (جین فۆدا) کە جەنگی بەشداری ڤێتنامی رەت کردەوە هەستا بە نواندنی پاڵەوانێتی فیلمی (رۆل ئەوفر) کە وێنەی عەرەب بەو جۆرە نیشان دەدات کە کەسانی دەمارگیری ئاینین و دژ بە ئافرەت و ژیارن و دەیانەوێت ژیاری رۆژئاوایی تێك و پێك بدەن و بیڕوخێنن.

لە فیلمی (ذی وند ئاند ذالیون) واتە رەشەبا و شێر لە ساڵی ١٩٧٥ بەو جۆرە وێنەی عەرەب دەکێشێت کە هەستاون بە رفاندنی ئافرەتێك و داوای فیدییەیەکی زۆریان لە سەرۆکی ئەمەریکا کردووە، لە فیلمی (نتورك) لە ساڵی ١٩٧٧ دا بەو جۆرە وێنەی عەرەب کێشراوە کە دەست دەگرن بەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا و لە دەمارگیرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن، بەلام فیلمی (یەك شەممەی رەش) لە ساڵی ١٩٧٧ چیرۆکەکە لە دەوری ئیرهابییە عەرەبەکان دەسوڕێتەوە کە پیلانگێڕی دەکەن بۆ کوشتنی سەیرکەرانی یارییەکی گەورەی تۆپی پێ و لە نێویشیاندا سەرۆکی ئەمەریکا، بەلام ئەفسەرێکی ئیسرائیلی دەتوانێت ئەو پیلانە پوچەڵ بکاتەوە و هەموو ئەو خەڵکە رزگار بکات !!!

لە فیلمی (رۆنگ ئیز رایت) واتە (هەڵە بریتییە لە راست) لە ساڵی ١٩٨٢ ز چیرۆکەکەی باس لە پادشایەکی عەرەبی دەکات کە ئامادەیە دوو بۆمبی ئەتۆمی بچووك بدات بە سەرکردەی شۆڕشگێڕکان بە مەبەستی تەقاندنەوەی لە ئیسرائیل و نیویۆرکدا، ئیلا مەگەر سەرۆکی ئەمەریکا دەست لە کاربکێشێتەوە، لە فیلمی (ساهارا) - واتە بیابانیشدا - لە ساڵی ١٩٨٢ ز وێنەی کچێك دەخاتە روو کە لەلایەن

شـێخێك لـە شـێخەكانی عەرەبـەوە دەسـتدرێژی كراوەتـە سـەر  و دواتـر سـیحری لێدەكات.

لە فیلمی (ئێرن ئیگڵ) واتـە (داڵـی ئاسـنین) بـە هـەردوو بەشـەكەیەوە لـە بەرهـەمهێنانی هۆلیـودە ١٩٨٥، ١٩٨٨، وێنـەی سـەرەتایەك دەكێشـێ كـە دوژمنـی یەكەمی رۆژئاوا بریتییە لە ئیسلام لە بری شیوعیەت، دواتر هۆلیود كۆمەڵـە فیلمێكـی دیكـەی بەرهـەمهێنا بـۆ وێنـاكردنی عـەرەبی و ئیسـلامی دوژمـن كـە خـاوەنی چـەكی ناوكییە خاوەن تایبەتمەنـدی وێرانكـاری گشـتگیرە، وەك فیلمـی (ذە دلتـا فـورس) و (تۆڵەسێن) سالی ١٩٨٦ و (مردن پێش سەرشۆڕی) سـاڵی ١٩٨٧ و (دزینـی ئاسمـان) ساڵی ١٩٨٨ و (من لەسیلز) ساڵی ١٩٩٠.[١]

دوای روداوی تەقاندنـەوەی سـەنتەری بازرگـانی جیهـانی لـە سـاڵی ١٩٩٦، هۆلیود زیاتر گرنگی دا بە وێنەكردنی موسڵمانان بە شێوەیەكی گشـتی و عەرەبـەكان بەشـێوەیەكی تایبـەت بـەوەی كۆمەڵـە تونـدڕەو و شـەڕەنگێزێكن و ئامـادەن هـەموو شتێك خاپوور بكەن...

ئەداكردنی ئەم رۆڵە تەنها لە رۆژنامەگـەری و فیلمـەكان كـورت نەكرایـەوە، بەڵكو تۆڕە تەلەفزیۆنییەكانیش بەشدارییان لە شێواندنی وێنەی  ئیسلام وموسڵمانان كرد، لە فیلمی (رێگە بەرەو بەهەشت) كە چیرۆكی تەقاندنـەوەی سـەنتەری بازرگـانی جیهـانی دەگێڕێتـەوە لـە سـاڵی ١٩٩٦، پاڵـەوانی فیلمەكـە لـە وێنـەی ئەفسـەرێكی هەواڵگری ئەمەریكیدا دەڵێـت: ئـەوە ئـەو شـێخە و دەسـت و پێوەندەكانییـەتی  كـە بڕوایان وایە ئێمە شەیتانین و رێگەی چوون بەرەو بەهەشـت لـە رێگـەی خـاپوركردنی ئێمەوە تێپەڕدەبێت، دواتر ئەفسەرێك سـێڵاوێك لـە جنیـۆی ناشـیرین بـە موسـڵمانان دەدات و پاشان فیلمەكە بە وێنەی شێخەكە كۆتایی پێدێت كـە قورئـان دەخـوێنێ و پاشان دەڵێت:" چاوەڕێی تەقینەوەكانی داهاتوو بن"

---

١- سەرچاوەی پێشوو

بەلاّم فیلمی (جیهاد لـە ئەمـەریکا) سـوکایەتی زۆری تیـاکراوە دەرهـەق بـە رەمـزە ئیسـلامییە میـژوویی و هاوچـەرخەکان، بـەو جـۆرە عـەرەب و موسـڵمانەکان بەرجەسـتە دەکـات کـە ئەمانـە سەرچـاوەی مەترسـییەکن کـە رووبـەڕوووی جیهـان دەبێتەوە.. هەروەك نیشـاندانی فیلمـی (بڕیـاری تـەنفیزی) کـە وێنـەی عـەرەبی بـەو شێوەیە کێشاوە (پیاوکوژ و تەقێنـەرەوەی بۆمبـەکانن )، بـوو بـە مایـەی وروژانـدنی هەندێك لە ئەمەریکییەکان و بـەو هۆیەشـەوەلە کـاتی نیشـاندانی فیلمەکـەدا هـەڵیان کوتایە سەر ژمارەیەك مزگەوت و کوشتنی هەموو ئـەو نوێژخوێنانـەی لێکەوتـەوە کـە لەو مزگەوتانەدا بوون.

هۆلیود بڕێکی زۆری دارایی و پارەپوڵی لە سەر فیلمی (گەمارۆ) دا خـەرجکرد و گەورەترین هەڵمەتی پڕوپاگەندەی بۆ کرد، چـونکە فیلمەکـە هەوڵیـدەدا پـەیامێکی زۆر رون بگەیەنێتە ئەمەریکییـەکان بـە شـێوەیەکی تایبـەتی و هـەموو رۆژئاواییـەکان بەشێوەیەکی گشتی بەو وێنەیە کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە عەرەب و موسڵمانەکان بــە سروشــت و پێگەیشــتن و رۆشــنبیری و ئــاین کەســانی ئیرهــابین و کۆمەڵگــەی پێشـکەوتوو کـە پێشـوازی لـە ملیۆنـان کەسـیان دەکـات، دەتوانێـت بەرامبــەریان بوەستێتەوە بـە فـەزڵی ئازایـەتی و لێهـاتوویی ئەمەریکییـە رەسـەنەکان، بـە کـورتی فیلمەکە راشکاوانە هانی ململانێی و روبەرووبونەوە دەدات.[1]

لە فیلمی (ئیسلام و شمشێر) داکە ماوەی پێنج ساڵ لـە ئـەوروپا پـەخشـکرا، ئیسلامی بەو جۆرە وێناکردبوو کە بانگەواز دەکات بۆ توندوتیژی و دڵڕەقی، هەروەها ئیسلام دژ بە ژیار و پێشکەوتن و شارستانییەتە، هەروەك فیلمەکە کۆمـەڵێك دیمـەنی لە گروپە توندڕەوەکانەوە گواستبووە، هەروەها دیمەنی خەتەنـەکردنی ئافرەتـان بـە شێوەیەکی زۆر ناشیرین، لەگەڵ چەندین دیمەن لە ماڵ و ناوچە جیاجیاکان و پـیس و پۆخڵـەکان لـە جیهـانی ئیسـلامی و دواتـر بەسـتنەوەیان بـە ئیسـلامەوە.رۆژنامـەی (الحیاة) باسی لەوە کردبوو کە دامەزراوەی (والیـت دیزنـی ) فیلمێکـی بەرهـەمهێناوە

---

١- سەرچاوەی پێشوو ص ٧٣

(پرۆسەی کۆندۆر) کە وێنەی عەرەبی بە شەرەنگێز و هەڵگەڕاوە و بازرگانیکاری بەندەی سپی پێست کێشاوە، هەروەك فلیمەکە باسی لەوەشکردووە کە ئەو موسڵمانانەی وێنەیان خراوەتە روو، وێنەی دوو کەسیان بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی بڵاوکراوەتەوە گوایە ئەوانە (سەربازەکانی ئیمانن) و بە زمانێکی ئینگلیزی سەقەت قسەدەکەن و جل و بەرگی روت و رەجاڵیان لەبەردایە و بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز لەو پەڕی گێژی و گێلیدا وێنەیان بڵاوکراوەتەوە و نازناوی (خوێن مژ) یان پێدراوە و دواتر دەڵێن:" هەرگیز دەست هەڵناگرین لە تێکۆشان لە پێناوی جیهاد کردن"[1]

## لێکۆڵینەوە لە ئیسلام:

رۆژنامەی (الأهرام) ی میسری لێکۆڵینەوەیەکی زۆر باشی بڵاوکردبووەوە دەربارەی چۆنییەتی لێکۆڵینەوە لە ئیسلام لە قوتابخانە و زانکۆ رۆژئاواییەکاندا لەگەڵ ئەو بەرنامەی لێکۆلینەوانەی کە پەیوەستن بە ئاینی ئیسلامەوە، لەم بارەیەشەوە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ئیسلام بە شێوەیەکی شێوێنراو و پارچە پارچە دەخوێنرێت و - بەزۆری - وەك ئاینێکی ئاسمانی گەورە پێشکەش ناکرێت، بەڵکو لە رێگەی مێژووە پێشکەش دەکرێت، بە شێوازی بەسوك سەیرکردنی ژیاری موسڵمانان، پاشان لێکۆڵینەوەکە باسی لەوە کردووە کە مامۆستایەك لە ئەڵمانیا پەڕەیەکی دابەشکردووە بەسەر قوتابیانی قوتابخانەیەکدا کە ژمارەیەك لە ناوەکانی خوای گەورەی تێدابووە لەگەڵ ژمارەیەك لە ناو سیفاتە پێچەوانەکانی، تا ئەوانیش هەستن بە دابەشکردنی ئەو ناو و سیفاتە باشانە بەسەر ئاینی مەسیحی و ئاینی ئیسلامیدا، سەرەنجام قوتابییەکان هەڵدەستن بە گەڕانەوەی ناو سیفاتە باشەکان بۆ ئاینی مەسیحی و ناو وسیفاتە خراپەکانیش کە توندی و زیادەڕەوی تێدا بووە بۆ ئاینی ئیسلام و ...هتد.[2]

---

١- رۆژنامەی (الحیاة) لە ١٩٩٧/١٢/٧

٢- رۆژنامەی الأهرام ی میسری ١٩٩٦/٧/١٢.

## رۆڵی ئێمەی موسڵمان لە شێواندنی ناوبانگی خۆمان:

گومانی تیانییە کە ئەو بیرۆکە و فیلمە رۆژئاواییانە سەرەڕای ناراستییان و لایەنگری ئاشکرایان و هێرشی توونـدیان بـۆ سـەر ئیسـلام، تاکـە هۆکـاری شـێواندنی وێنــەی ئیســلام و موســڵمانان نــین، بــەلام لەگــەڵ هــەموو ئەوانەشــدا هەڵســوکەوت و رەفتاری هەندێك لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان و تاکەکان بـە تایبـەت لـە وڵاتـانی رۆژئـاوا هاوکــاری ئــەو کەســە کینــە لەدلانــە بــوون بــۆ بــازاڕ پەیــداکردنی کەرەســتە و شمەکـەکانیان، بینیمـان و بیسـتمان کـە لـە وڵاتـانی رۆژئـاوا و لـە نێـو رەوەنـدی موســڵماندا، کەســانێك هــەبوون نەزانانــە فــەتوای حــەلاڵ کردنــی مــاڵ و مــوڵکی ناموسڵمانانیان لە رۆژئاوادا دەدا، هەروەك پیلانیان دادەڕشت بە شێوەیەکی کرداری بۆ وێرانکردنی رۆژئاوا، سەرەڕای ئەوەی زۆرینـەی ئـەو کەسانە لـە وڵاتـانی رۆژئـاواد دەژیان کە بووبووە رەشماڵێك بۆیان و دەیپاراستن...

هەروەها توندی و زبری هەندێك لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە جەزائیر لەگەڵ موسڵمانان و جگە لەوانیش لە سەربڕینی ژنان و منالان، هەبوونی فەتوا کە بیـانووی بۆ ئەوە دەهێنایەوە تـا ئـەو تۆمەتـە قێزەونانـە بلکێنـێ بـە هـەموو موسـڵمانانەوە، هەروەك ئەوەیشی لە عێراق روودەدات ـ لە لایەن هەندێك لەوانەی بەعس و دەزگـای هــەواڵگری دەرەکــی دزەی کردۆتــە ناویانــەوە ـ لــە کــاری کوشــتن و ســەربڕینی رفێنراوەکان کە تۆمەتەکانیان لەسەر نەچەسپی بوو تا ببێتـە مایـەی کوشـتنیان لـە شەریعەتدا ،هەموو ئەمانە کاریگەری بەرچاو و گـەورەی هـەبوو لـە شـێواندنی وێنـەی ئیسلام و موسڵمانان، لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دەبینین کە فیلمی تایبەت بەم جۆرە کارانە بەرهەمبهێنرێت و بدرێنە پاڵ ئیسـلام و موسـڵمانان و وێنـەکردنیان لـە رێگـەی سیناریۆ کاریگەرەکان و دراما قەناعەت پێهێنەرەکانیانەوە بۆ رۆژئاوا لەسـەر وێنـەی شێوێنراوی ئیسلام و موسڵمانان.

لەبەرامبــەردا وڵاتــانی ئیســلامی لــەرابردوودا رۆڵــی گــەورەیان نــەبووە بــۆ وەســتانەوە بــەرووی ئــەو قســە هەڵبەســتراوانەدا بــە شــێواز و ئــامرازی زانســتی و راگەیانـدنی پیشـەیی کاریگـەر.هـەروەك جیهـانی ئیسـلامیمان هـیچ لێکۆڵینەوەیـەکی

زانستی جدی و شافەرهەنگی ژیاری قوڵی بە زمانە زیندووە جیهانییەکان پێشکەش نەکرد و بلاّویان بکاتەوە لەسەر ئاستی پێویست، هەوڵەکانی لەم بواری پێشکەشکردنی ئیسلام بە وێنە راستەقینەکەی و لەسەر ئاستی زانستی و جیهانی لاواز بوو، بەراورد ناکرێت بە هەموو ئەو هەوڵە زەبەلاحانەی کە لەسەر هەموو ئاستەکانی لێکۆڵینەوەی مەنهەجی و فیکری و راگەیاندنەوە دژمنانی ئیسلام و موسڵمانان دەیان خستەڕوو، بێگومان هەمووما کەمو کورتیمان لەم بوارەدا نواندووە، جیهانی رۆژئاوایی ئەمڕۆ ئیسلام تەنها لە رێگەی ئەوەوە دەناسێت کە دوژمنەکانی ئیسلام پێشکەشیان کردووە، لێکۆڵینەوە زانستی و ئامارەکان بەڵگەن لەسەر ئاستی نەفامی و نەشارەزایی رۆژئاواییەکان لەم بارەیەوە، بەڵکو شارەزایی ناموسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی بە ئیسلام، ئیتر ئیسلامی راستەقینە ئەوە با لەو لاوە بوەستێ.

## چەند نموونەیەك لە خاوەنە رۆژئاواییەکانی ( بیری ململانێ ) وە:

نموونەگەلێکی زۆر هەن لە بیریارە رۆژئاواییەکان کە بڕوایان بە ململانێی ژیارەکان هەیە، ئێمە لێرەدا بە کورتی باس لە سێ لەو نموونانە دەکەین. نموونەی دامەزراوەیەك دەهێنینەوە لەرێگەی ئەوەی پەیمانگای (راند) لە میانەی راپۆرتی ساڵی (٢٠٠٣ /٢٠٠٤ ) دا بلاّویکردۆتەوە، هەروەك باس لە هەڵویستی دوو لە گەورە بیرمەندە ئەمەریکییەکان دەکەین کە رۆڵی گەورەیان لە ئامادەکردن و دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکاندا هەبووە:

## یەکەم: راپۆرتی دەزگای راند بۆ ساڵی ٢٠٠٣/٢٠٠٤ ز:

لە خستنە رووی کورتەی ئەو راپۆرتە رێبازمان ئەوەیە کە ئێمە بەشێك لە گرنگترین بەندەکانی راپۆرتەکە کە پەیوەستە بە بابەتی ململانێوە لە دەقە وەرگێڕدراوەکەی پێشکەش دەکەین و دواتر بە کورتی قسەی لەسەر دەکەین:

یەکەم: راپۆرتەکە بە پێشەکییەك دەست پێدەکات و تیایدا بڕیار دەدات کە: « ئێستا جیهانی ئیسلامی چووەتە ناو جۆرێك لە ململانێی ناوخۆییەوە.. کەواتە ئەو

ڕۆڵە چییە کە دەکرێت کە ئەو وڵاتانەی تری جیهان بیگرنە بەر کە هەڕەشەو کاریگەری ئەو ململانییەیان لەسەرە... ».

هەر لە سەرەتاوە راپۆرتەکە بڕیاری لە دوو مەسەلەی سەرەکی داوە کە ئەوانیش:

١ـ جیهانی ئیسلامی ئێستا چووەتە ناو حاڵەتێك لە ململانێی ناوخۆیی بۆ بڕیار دان لە سروشت و بەها تایبەتەکانی. لەسەر ئەمەش تێبینی دەکرێت کە :

أـ گەر مەبەست لە ململانێی ناوخۆیی بریتی بێت لە ناکۆکیە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا ئەو حاڵەتە لەم سەدەیەدا یان تەنانەت لە سەدەی پێشووتریدا سەریهەڵنەداوە، بەڵکو هەندێکیان بە هۆی سروشتی ناکۆکییە ئیجتیهادییە قبوڵکراوەکانەوە سەریان هەڵداوە و هەندێکی تریشیان بە هۆی هەوڵەکانی کەسانی بیانییەوە سەریان هەڵداوە (بە تایبەت بیرە لیبراڵی و شیوعیەت و سۆسیالیستی و ئیلحادییە و شرۆڤەکارییەکان)، لەم بوارەدا رۆژهەڵاتناسەکان و بیرمەندە نەیارەکانی فیکری ئیسلامی و بە پاڵپشتی سیاسەتی رۆژئاوایی و (کۆمۆنیستیش لە رابردوودا) هەوڵی چڕوپڕیان دا بۆ دەسەڵاتگرتن بەسەر ئیسلامدا، بە هەموو هۆکارەکانی بەردەستیان و لەم نێوەندەشدا هێرشەکانی داگیرکاری رۆژئاوایی و داگیرکاری شیوعیەت بۆ جیهانی ئیسلامی بەرجەستە دەبن.

بۆ نموونە داگیرکاری رۆژئاوایی لە هەر جێگەیەکدا بووایە لە ئاسیا و ئەفریقیا و شوێنەکانی دیکە، هەڵدەستا بە سەپاندنی یاسا و سیستم و بەها و داب و نەریتەکانی بەسەر ئەو گەلانەدا، بە هەمان شێوە کۆمۆنیستەکان هەمان کاریان دەرهەق بە جیهانی ئیسلامی کرد، ئیتر ئایا داگیرکارییەکەیان فیکری بووبێت وەك ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی روویدا، یاخود داگیرکاری کرداری بوبێت هەروەك ئەوەی لە داگیرکردنی وڵاتانی لەلایەن رۆژئاوا یان یەکێتی سۆڤییەتی جارانەوە روویدا.

لەبەرەنجامی هۆکارگەلێگیشەوە (لێرەدا بواری باسکردنیان نییە) زۆرێك بەو بیروبۆچوونانەی هاوردەکرابوون کاریگەربوون، ئەوەبوو ململانێی لە نێوان خۆیان و لەگەڵ بیری ئیسلامی و بەها ئیسلامیەکان سەریهەڵدا.

کەواتە ئەم ململانێ ناوخۆییە ـ گەر راست بێت ـ بەرەنجامی ئەو داگیرکارییە کرداری و فیکرییە بۆ جیهانی ئیسلامی، هەروەك ئەوەی ململانێیەکی ناخۆییە، ئەوا دەبوو واز بهێنرایە لە جیهانی ئیسلامی تا خۆی بڕیاری لە چارەنووسی فیکری و بەهایی بدایە بێ دەستێوەردانی کەسانی دیکە.

هەروەها ئەم ململانێیە لەسەر شتێکی تازەی سوود بەخش نییە، بەڵکو ململانێیەکە لەنێوان پاراستنی شتە نەگۆڕەکان لەلایەك و هەوڵدان بۆ کوژاندنەوەی لەلایەکی دیکە، لەبەر ئەوەی ئیسلام هانی موسڵمانان دەدات تا دەست بە هەموو شتێکی کۆنی باش و بەکەڵکەوە بگرن لەگەڵ وەرگرتنی هەموو شتێکی تازەی سوود بەخش.

ب ـ وروژاندنی جیهانی ئەوانی دیکە (غەیری ئیسلام) بەرەو ئەو ململانێیە بەو پێودانگەی کە هەڕەشیان لەسەرە، کە دەبێت چی بکات؟ لەبەر ئەوە لە لاپەڕەی هەشتی راپۆرتەکەدا هاتووە :" هەروەك ئەم ململانێیە خاوەن تێچوونێکی ترسناك و ناوەڕۆکی ئابووی و سیاسی و ئاسایشی هەیە لەسەر بەشەکانی دیکەی جیهان".

ج ـ راپۆرتەکە لە سەرەتایەوە تا کۆتاییەکەی ململانێکە دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی ئیسلام و نەتوانینی گەشەکردن و پەیوەندیکردنی بە ئاراستەی بەربلاو لە جیهاندا (لاپەڕە ٨)، هەروەها لە لاپەڕە (١٠) ئیسلام وەسف دەکات بە توندوتیژ یان ئیسلامی تەقلیدی (ئەرسەزۆکسی) و بەم جۆرەش...

ئەمەش هەڵەیەکی گەورە و تێکەڵکردنێکی نامۆیە، چونکە ئەم سیفەتانە گەر هەبێت ئەوە هی موسڵمانانە نەك خودی ئیسلام، لەبەر ئەوەی ئیسلام یەکە و خۆی لە قورئان و سوننەتدا دەبینێتەوە، بەلأم ئیجتیهادەکان ئەوە دەدرێتە پاڵ موسڵمانان، بەلأم رەفتار و هەڵسوکەوتەکان وەك توندوتیژی و تەقلید ئەوە بێگومان تەنها دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکان نەك بۆ خودی ئیسلام.

٢ـ راپۆرتەکە ماف ناداتە ئیسلام لە رووی گرنگی دانی زۆری بە زانست و بونیاتنانی ژیاری گەورە و سەرکردایەتیکردنی بۆ ماوەی چەن سەدەیەك، هەروەك بیرمەندی ئەمەریکی (بۆل کینیدی) دەڵێت:" ئیسلام و بۆ ماوەی چەند سەدەیەك پێش رێنیسانس سەرکردایەتی جیهانی کرد لە ماتماتێك و زانستی کێشانی نەخشە و پزیشکی و زۆرێك لە رووە زانستی و پیشەسازییەکان، هەروەك ئەو جیهانە زۆرێك لە کتێبخانە و زانکۆ و مەڵبەندی لە خۆی گرت لەکاتێکدا ژاپۆن و ئەمەریکا هیچ شتێکی لەو جۆرەیان نەبوو، ئەورووپاش جگە لە شتێکی کەم ئیتر شتێکی ئەو تۆی نەبوو..."[1]

دووەم: راپۆرتەکە موسڵمانان بۆ سێ رێکخستنی سەرەکی [2]دابەشدەکات :

١ـ **توندوتیژەکان:** ئەوانەی کۆمەڵگەیەکی موحافیزەکاریان دەوێت گومان لە تازەگەری و داهێنانکاری و گۆرانکاری دەکەن.

٢ـ **مۆدێرنەکان:** ئەوانەی دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی ببێتە بەشێك لەو پێشکەوتنەی کە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، هەروەك دەیانەوێت هەستن بە نوێگەریکردن لە ئیسلامدا و ئەنجامدانی ریفۆرم تیایدا تا لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت و هەنگاو هەڵبگرێت.

٣ـ **عەلمانییەکان:** ئەوانەی دەیانەوێت ئیسلام قبوڵی بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتداری بکات وەك ئەوەی لە دیموکراسیەتی رۆژئاواد هەیە.

پاشان راپۆرتەکە دێتە سەر ئەو رێکخستنانە و زەرورەتی تێروانینی رۆژئاوا (ئەمەریکا) بۆ ئەو رێکخستنانە بە شێوەیەکی وردەکاری و تەواو دەخاتەڕوو، تا دەگاتە ئەوەی بڵێت شتێکی راست نییە لەگەڵ تونڕەوەکان بوەستین و پاشان بیری

---

١- يراجع: كتابه بعنوان (الإعداد للقرن الواحد والعشرين) المذكور فى د.أحمد القديدى، كتـاب الأمـة: الأسلام وصراع الحضارات ص ٦٠ ـ ٦١.

٢- لەسەرەتاوە راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە رێکخستنە ئیسلامییەکان سێ دانەن: دواتر باس لە چوار دانە دەکات، پێدەچێت عەلمانییەکانیان لە ریزی رێکخستنی موسڵمانان دانەنابێت، ئەمەش لە رووی مەبدەئیییەوە راستە.

وەهابیەت لە سعودیە و ئێران بخەینە نێو ئـەو توندڕەوانـەوە چـونکە ئەوانـە دوژمنـی ڕۆژئاوان بەشێوەیەکی گشتی و ئەمـەریکا بەشـێوەیەکی تایبـەتی، هـەروەها لـە نێـو تەقلیدییەکاندا کەسانێك نـین تـا بەدڵسـۆزییەوە دیموکراسـییەتی نـوێ قبـوڵ بکـەن، ئاشـتی لەگەڵیانـدا دامـەزراو نابێـت و مۆلـەق دەبێـت، مـۆدێرن و عەلمانییـەکان ئـەو چینانەن کە زۆر لە ڕۆژئاواوە نزیکن، لەبەر ئـەوە پێویسـتە پشـتگیری بکـرێن، دواتـر ڕاپۆرتەکە پلانێك دادەڕێژێت بـۆ چـۆنییەتی پشـتگیرکردنیان لـە ڕێگـەی هانـدانیان و چـاپکردنی کتێبـەکانیان و پشـتگیریکردنی ڕاگەیانـدن و داراییـان و خسـتنەڕووی ڕووبیناکانیان بۆ نێو پرۆگرامەکانی خوێندن و بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیـان بـە هـەموو هۆکار و ئامرازێك، و پێدانی بەرنامـەی سیاسـی تـا لەڕێگەیـەوە کاربکـەن، هـەروەها یارمەتیدانیان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی (لاپەڕە ١٠ و ١١).

هەروەها ڕاپۆرتەکە بڕوایەك دەخاتەڕوو کە ( هانی ئـەو روبینایـە دەدات کـە دەڵێت جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت کارێکە دەکرێت بکرێت لە ئیسلامدا).

بەشێوەیەکی ئاشکرا بەو جۆرە لە ڕاپۆرتەکە دەگەین کـە پێویسـتە لەسـەر ڕۆژئاوا ڕازی نەبێت بەئیسلامێك جگە لەو ئیسلامە تایبەت نـەبێت کـە ناودەبرێـت بـە ئیسلامی دیموکراسـی مـەدەنی، هـەر ئەمـەش ناونیشـانی خـودی ڕاپۆرتەکەیـە، وەك (مەسیحی دیموکراتی) وایە وەك چۆن لە نموونەی پارتە ڕۆژئاواییەکاندا بەدی دەکرێن و نادەبرێن (پارتی دیموکراتی مەسیحی یان مەسیحی دیموکراتی) کە تەنها بـە نـاو و هەنـدێك هەسـت و سـۆز مەسـیحین، هـەروەها ڕاپۆرتەکـە هـیچ جـۆرە هاریکارییـەکی ڕۆژئاوایی ناوێت تەنانەت لەگەڵ موسڵمانە تەقلیدییەکان بـە هـەموو (موحافیزەکـار و ریفۆرمیستەکانییەوە) وەك ڕاپۆتەکەی ناوی بردوون (لاپەڕە ٢٢).

قسەی ئێمە لێـرەدا ئەوەیـە کـە ڕاپۆرتەکـە ململانێیـەکی دیکـەی ترسـناك دەورورژێنێ لەسـەر ئیسـلام و موسـڵمانان بـە درێـژایی مێـژوو، کـە ئـەویش ململانێیـە لەسەر خودی ئاین، ڕاپۆرتەکە بە ڕۆژئاوا دەڵێـت:" پێکـەوە ژیـان لەگـەڵ ئـەم ئاینـە هیچ سوود و کەڵکێکی نییە، چونکە ئەوە بەرهەم دێنێ کە ژیارەکەتان وێران دەکات،

لەبەر ئەوە گەر ویستتان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامیدا بژین ئـەوا پێویسـتە لەسـەرتان ئـاینی ئیسـلام وەك ئـاینی مەسـیحی لێبکـەن، هـەر ئەمـەش هەنـدێك لـە بیرمەنـدە رۆژئاواییەکان بانگەوازی بۆ دەکەن، ئەوەبوو سامۆئیل هانتینگتۆن) لە گوتارێکیدا لە رۆژنامـەی (واشـنتۆن پۆسـت) پـێش رووداوەکـانی یـانزەی سـێپتەمبەر باسـی لـەوە کردبوو کە هەموو ئاینەکان بە عەلمانی کراون، تەنها ئیسلام نەبێت کە بە تەنها خـۆی ماوەتەوە لە گۆڕەپانەکەدا و پارێزگاری لە دەقەکانی خۆی کـردووە وەك ئـەوەی کـە هـەبووە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لەسـەر هـەمووممان تـا پشـتی یـەکتر بگـرین بـۆ بەعەلمانیکردنی ئەم ئاینە.

## گومان دروستكردن لەسەر قورئان:

راپۆرتەكە بزواندن و هاندانێكی گەورە لە خۆی دەگرێت بۆ گۆڕانكاری كردن تەنانەت لە دەقە قورئانییەكاندا، لەم بارەیەشەوە لە لاپەڕە (٤٢ ) دا دەڵێت:" پێویستە لەسەرمان هەوڵبدەین بۆ دۆزینەوەی تەفسیرێكی باشتر بۆ ئەم بابەتە (واتە لێدوانی هاوسەرەكان) ئەوەش لەبەر نەتوانینی ئیسلامییە تەقلیدییەكان و تەنانەت ریفۆرمیستە تەقلیدییەكان لەسەر ئەو كارە، و هاندانیان بۆ رووبەڕووبونەوەی بەرەنگارییەكانی نوێگەری لەبری دەستگرتن بەو دەقانەوە..."

راپۆرتەكە تەنها بەوە نەوەستاوە كە دەستدرێژی بكرێتە سەر دەقە ئیسلامیەكان، بەڵكو جارێكی دیكە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی گومان لەسەر خودی دەقەكانی قورئان دروست بكات، بەو چەشنەی كە ئەو دەقانە دووچاری ساختەكاری و كەم و كورتی هاتوون، ئەوەتا لانی كەم دوو سورەت هەن كە لەپرۆسەی كۆكردنەوەی قورئاندا تیاچوون و لەم بارەیەشەوە راپۆرتەكە لە لاپەڕە (٤٣) دا دەڵێت:" قورئان تا پاش وەفاتی پێغەمبەر نەنوسرایەوە، ئەوەبوو پاش وەفاتی پێغەمبەر قورئان كۆكرایەوە، ئەوەش لەرێگەی كۆكردنەوەی گێڕانەوە جۆراجۆرەكان لەسەر پێستی دەباغ كراو و پارچە ئێسك كە (وەحی) یان لە سەر دەنوسرایەوە، هەروەها لەرێگەی ئامادەكردنی هەندێك لەو كەسانەی كە ژمارەیەك لە سورەتەكانی قورئانیان لەبەركردبوو و داوا لێكردنیان تا دەقەكانیان بنوسنەوە بە قەدەر ئەوەی لە بیریان ماوە، ئەم كارانەش بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەك لە گێڕانەوەكانی قورئان كە هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی دیكەیاندا جیاواز بوون، بەمەبەستی دووركەوتنەوە لەم نا رێكسازییە كە فرەیی لە گێڕانەوەكاندا دروستی كردبوو، هەستان بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو گێڕانەوەكان جگە لە یەك دانەیان نەبێت (سەیری پەروێز ٢٠٠٢ بكە)، شتێكی زانراویشە بەشێوەیەكی گشتی كە لانی كەم دوو سورەت لەو پرۆسەی كۆكردنەوەی قورئانەدا تیاچوون، ئەوەی مۆدێرنەكان ئاماژەی پێدەكەن كە دەگونجێت ساختەكاری لە هەندێك لە ئایەتەكانی كرابێت یان بەشێوەیەكی نادروست نوسرابێتەوە، بەلام بەلای تەقلیدییەكانەوە كە بە

شكۆمەندییەوە پیتەکانی قورئان سەیر دەکەن و بە مەعصومی دادەنێن تەنانەت ئەو پەڕەیەشی کە لەسەر دەنوسرێت، ئەوان پێیان وایە ئەم بیرۆکە دەستکاریکردنی واتایە (تحریف) بیرۆکەیەکی نەفرەت لێکراوە "

ئەمەش دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ فەرمایشتی خوای گەورە گە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ (الحجر: ٩)، هەروەك ئەوە لە مەترسیدارترین ئەوکارانەیە کە دژ بە موسڵمانان دەوروژێت، چونکە قورئانی پیرۆز لە بیروباوەڕی هەموو موسڵماناندا بە سوننە و شیعەیانەوە و هەتا تەنانەت لە بیروباوەڕی کەسە بەویژدانەکانیشدا بریتییە لەو تاکە بەڵگەنامەی پارێزراو کە تا ئێستا مابێتەوە بێ دەستکاریکردن[١].

پاشان راپۆرتەکە روونیدەکاتەوە کە پێویستە بە دوای هاوبەشی دیکەدا بگەڕێین بۆ پشتگیرکردنی ئیسلامی دیموکراتی لەرێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ عەلمانییەکان ئەوانەی کە باشترین هاوپەیمانی ئێمەن لە جیهانی ئیسلامیدا (لاپەڕە٤٤) و هەموو ئیسلامیەکان تەنانەت تەقلیدییەکان (وەك خاوەن مەزهەبەکان و سۆفییەکان) دەست نادەن بۆ ئەوەی ببنە بەکرێگیراو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئیسلامی دیموکراسی (لاپەڕە ٤٥).

لە هەمانکاتدا راپۆرتەکە هانی سەرانی رۆژئاوا دەدات لەسەر بە عەلمانیکردنی ئیسلام وەك ئەوەی (موستەفا کەمال ئەتاتورك) لە تورکیا کردی و ئەو کارە بە قورس نەزانن، بەلاّم راپۆرتەکە ئەوەی لە یاد چووە کە (موستەفا کەمال ئەتاتورك) شکستێکی گەورەی هێنا لەسەر ئاستی گەلەکەی سەرەڕای پارێزگاری دەسەلاّتی سەربازی لەو کارەی بۆ ماوەی حەفتا ساڵ ، لەلایەکی دیکەوە نە موستەفا کەمال و نە غەیری ئەویش نەیانتوانی کاریگەری لەسەر ئیسلام بنوێنن کە خۆی لە قورئان و سوننەتدا دەبینێتەوە، بەڵکو بە هێز و هەڕەشە و چاوسورکردنەوە

---

١- ئەوەش لەلایەن دکتۆر مۆریس بۆکای سەمێنراوە لە کتێبەکەیدا: التوراة والإنجيل القـرآن والعلـم ، تیایدا بەبەڵگەی زانستی یەکلاکەرەوە ئەوەی سەلماندووە کە قورئان پارێزراوە لە هەر جۆرە دەستکاریکردنێك.

و ئاگر و ئاسن کارگەرییان لەسەر موسڵمانان نواند، هـەروەك یـەكێك لـە هۆكارەكـانی رق لێبونەوە لە رۆژئاوا ئەوەیە كە پشتگیری لەو سیستمە دیكتاتۆریـە سـەركوتكارانە دەكات تا ئەوكاتەی سوورە لەسەر بەدیهێنانی بەرژەوەندیەكانی رۆژئاوا.

بڕوام وایە كە ئەو دەرمانەی هەندێك لـە بیرمەنـد و پـەیمانگا سـتراتیژییەكان پێشكەشـی رۆژئـاوای دەكـەن، ئـەوە خـودی نەخۆشـیەكەیە، وەك ئـەوە وایـە زیـاتر بەنزین و زەیت بكەیت بەسەر ئەو ئاگرەی هەڵگیرساوە، چونكە دەبێتە مایەی ئەوەی موسڵمانان متمانە بە هیچ جۆرە چارەسەرێك لـە رۆژئـاواوە نەكـەن ـ تەنانـەت ئەگـەر راستیش بێت ـ بەم جـۆرە بـە تـەواوی متمانـە لەدەسـت دەردەچێت، لەبـەر ئـەوەی دەزانن رۆژئاوا بـە هـیچ جـۆرە ئیسـلامێكی راسـت و دروسـت سەرسـام نییـە، بـەڵكو دەیەوێت ـ لەگەڵ پێداگری و سووربونی پێش وەخت و بەرەنگاربوونەوە ـ ئاینەكەیان بگۆڕن.

هـەركاتێكیش بـیرم كردبێتـەوە لـەو پێشـنیار و گەڵاڵانـەی كـە دەخرێتـە روو لەلایـەن خـاوەن بڕیـارە سیاسـیەكانی رۆژئـاوا و بـە تایبـەتی ئەمەریكیـەكان و ئـەو بیرمەندانەی كە زەمینە سیاسـییەكان دەسـازێنن بـۆ بڕیـار بەدەسـتە سیاسـیەكان و پەیمانگا ستراتیژییە نزیكەكان لە دروسـتكردنی بڕیارەكـان... گەیشـتوومەتە ئـەوەی كە رۆژئاوا نایەوێت چارەسەری گرێژنەی ئیرهاب و توندڕەوەی لە جیهـانی ئیسـلامیدا بكـات، چـونكە بیـانووی ئەنجامـدانی هـەموو شـتێكی بەدەسـتەوە دەدات، بیـانووی (نامەشـروع) ی بەدەسـتەوە دەدات بـۆ داگیركردنـی ئەفغانسـتان و عێـراق و هـەر شوێنێكی دیكەش گەربیانەوێت، هەروەها بیانووی دەسەڵاتگرتنی بەدەستەوە دەدات بەسـەر شـوێنە سـتراتیژییەكان و شـوێنەكانی هـەبوونی نـەوت لـە جیهـان و رێـڕەوە ستراتیژییەكاندا.

ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی چارەسـەری ئیرهـاب و توندوتیـژی بـە ئیرهـاب و تۆقانـدنێكی نێودەوڵـەتی یـاخود توندەڕەوییـەكی نێودەوڵـەتی نابێـت، لەبـەر بـەڵكو دەبێت لەرێگەی فیكرێكی تۆكمە كە خۆی دەبینێتەوە لە بیری میانـەڕەوی ئیسـلاحی نوێگەریدا و زۆرێك لـە گـەلانی موسـڵمان و رەوتـە میانـەڕەوكان (جێـی سەرسـورمانە

راپۆرتەکە باسی نەکردوون) تەبەنییان کردووە چارەسەر بکرێت، هەروەها لەرێگەی دەسەلأتگرتن بەسەر هۆکارەکانی ئەو توندڕەوی و تیرۆرەدا چارەسەر دەکرێت کە لە گرنگترینیان تیرۆری ئیسرائیلە بۆ گەلی فەلەستینی لە سەر زەوییە داگیرکراوەکان و ئەو لە کوشتن و دەربەدەر کردن و خاپوورکردنەی پێی هەڵدەستێ بە جۆرێك کە مێژوو نمونەی لەوجۆرەی لە تاونکاریدا بە خۆوە نەدیووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا لەگەڵیدا رادەوستێ بە هەموو هێزێکی ماددی و دارایی و سەربازی و بە مافی ڤیتۆکردن لە نەتەوە یەکگرتوەکان پشتگیر لێدەکات، هەروەها هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا بەچەشنێکە لە پێناوی پاراستنی بەرژوەندی ئیسرائیلدا بێت.

لەهەمانکاتدا ئەوەی کە بەریتانیا و ئیتالیا و هۆلەندا و ئیسپانیا و ولأتانی دیکەی داگیرکاری ولأتانی ئیسلامی لە رابرووودا ئەنجامیاندا و هێشتا هەندێکیان بە داگیرکەری ماونەتەوە، ئەمە سەرەرای ئەو مامەلأنەی لەگەڵ گەلەکانیاندا ئەنجامیان دا.. هەموو ئەوکارانەش ئاسەواری گەورەیان لە درۆدۆنگی رق لێبوونەوە و کینە بەجێهێشت، ئەمەش مەسەلەیەك نییە تا یبەت بێت تەنها بە موسڵمانان، بەڵکو مەسەلەیەکی گشتییە بۆ هەموو کەسێك کاتێك رقی دەبێتەوە لەو کەسەی ولأتەکەی داگیرکردووە، وەك ئەوەی کە شێخی شەهید (ئەحمەد یاسین) گووتی :" گەر بێتوو براکەم زەوییەکەم داگیربکات و دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵەکەم ئەوا شەڕی لەگەڵ دەکەم" هەروەك لە گەلی کوەیت روویدا کاتێك کە سەدام حوسێن ولأتەکەی داگیرکردن کە چۆن رقیان لە رژێمی سەدام و بەعس بووەوە، لە هەمان کاتیشدا لە ناوخۆی عێراقیش کە چۆن کورد و شیعەکان رقیان لە رژێمی بەعس و رەمز و دەستپێوەندەکانی دەبووەوە، بەڵکو خوای گەورە بە جۆرێك بە هانای ستەم لێکراوەوە دەچێت بەو جۆرە کە بە هانای هیچ کەسەوە ناچێت، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لاَّ يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلاَّ مَن ظُلِمَ﴾(نساء :١٤٨).

لەبەر ئەوە لەسەر رۆژئاوا پێویستە لەوە بگەن کە موسڵمانان بەدەستی ئەوان ستەمیان لێکراوە، لەبەر ئەوەشە رقیان لێیان دەبێتەوە، گەر دەیەوێت ریفۆرم

بكات ئەوا دەبێت سەرچاوەی رق لێبوونەوە و هۆکارەکانی لە ناوبەرێت، دادپەروەری بەدیبهێنن لە نێوان هەموو لایەکدا، بە یەك پێوەر مامەڵە لەگەڵ هەمووان بکەن، نەك بە دوو پێوەری جیاواز ـ وەك دەبینین و دەبیستین ـ ستەم هەر ستەمە با لە باوك و نەوەکانیشەوە بێت، رق و بێزاری و کینە و بیرکردنەوە لە تۆڵە سەندنەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێ، گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە خودی راپۆرتەکە لە (لاپەرە ٦٦) باسیکردووە کە: (ئیسلامی ئەوروپی لە ئەوروپای رۆژهەلاتی پێشکەوتووە، موسڵمانان لە بەڵقان پێشکەوتن، بوونە شێوەیەك لە دینداری ئیسلامی کە تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی دەوروبەریان " سکوارنز ٢٠٠٢" ئەوروپای رۆژهەلاتی نموونەگەلێك پێشکەش دەکات کە دۆستایەتی و هاوکاری نێوان ئیسلام و رۆژئاوا دەوروژێنێ).

## ئەم گۆڕانکارییە لە رەوشی موسڵمانانی ئەوروپای رۆژهەلاتیدا بۆچی؟

بێگومان کۆمەڵە هۆکارێکی هەیە لە گرنگترینیان:

١ـ موسڵمانان لەوێ هەست بە هیچ جۆرە داگیرکارییەکی رۆژئاوایی لەسەر خۆیان ناکەن.

٢ـ رۆژئاوا (بە تایبەت ئەمەریکا) هاوکاریکردن ـ هەرچەند درەنگیش بوو ـ، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی رۆژئاوایان خۆش بووێت، ئەمەش راپۆرتەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە کاتێك دەڵێت:" ئەوە وەك هاتنە ناوەوەی رۆژئاوا ـ هەرچەند درەنگیش بوو ـ بۆ پاراستنی بۆسنی و ئەلبانییە موسڵمانە چەوسێنراوەکان، هەروەك کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوروپی نا موسڵمانیش بەشێکی زۆر لە هاوکاری و دەست پێشخەرییان نیشان دا، رێکخراوی (کاریتاس)ی کاسۆلیکی نزیکەی یەك ملیۆن دۆلاری لە یەك رۆژدا کۆکردەوە لە رێگەی هاندانی بازاڕە بازرگانییەکان لە هۆڵەندا بۆ سەر یارمەتی و کۆمەکییەکان.

جێگەی سەرسوڕمان بوو کە ئەو هەڵمەتەی بانگەوازی دەکرد بۆ یارمەتیدانی بۆسنییە گەمارۆدراوەکان، لەبەر ئەوەبوو کە "دراوسێیان"ن و هیچ جۆرە باسکردنێك

نەبوو دەربارەی ئاین، ئەم بەشە لە مێژووی نوێ شایەنی ستایشە، چونکە لە کاتی ئەو جەنگەدا سەدان هەزار لە پەنابەرانی بۆسنە توانرا لە نێو ئامێزی گەرمی کۆمەڵگە ئەوروپیە رۆژئاواییەکاندا جێگەیان بکرێتەوە.

هەروەك دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی جەنگ بنەماکانی عەلمانی مافەکانی مرۆڤی جێبەجێکرد لە هەوڵەکانی بۆ بە سزاگەیاندنی ئەوانەی مومارەسەی پاکتاوکردنی رەگەزییان دژ بە موسڵمانانی بەڵقان کردبوو، چێژیان لە بەرزترین ئاستی گەشەپێدان وەردەگرت زیاتر لەوەی موسڵمانانی جیهان چێژیان وەردەگرت، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی دۆستایەتیکردن لەگەڵ رۆژئاوا کارێکە دەکرێت رووبدات و قبوڵکردنی بەهاکانی دیموکراسیەت سەردەکێشی بۆ ئاکامی رەغبەت لێکراو و ژیانی باشتر (لاپەرە ٦٦، ٦٧).

هەروەها ئەو موسڵمانانەی کە رەگەزنامەیان لە ئەوروپا و ئەمریکا بەدەست هێناوە تەبەنی دروشمی هاونیشتمانی بوون دەکەن و لایەنگری و پشتگیری لەو دەوڵەتە دەکەن کە تیایدا دەژین، ئەوەش لە چواچێوەی ئەوەی دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ نەگۆڕەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا.

## گومان دروستکردنی گەورە لەسەر سوننەتی پێغەمبەر(دخ):

فەرموودەکانی پێغەمبەریش(دخ) بەر بەشێکی گەورەی ئەو هێرشانە کەوتووە، ئەمەش چەندلایەنێکی گرتۆتەوە لەوانە:

١ـ راپۆرتەکە ئاماژە بە بارودۆخی فەرموودەکان دەکات لە دیدگای خاوەن بیرورِا سیاسیەکان و لە لاپەرە (٧٧) دا دەڵێت:" لەسەرەتای ئیسلامەوە لایەنگرانی خاوەن تێڕوانینە نەیارەکان هەستاون بە دارِشتنی بیروبۆچوون و تەئویلەکانیان لە شێوەی فەرموودەدا، ئەمەش جۆرێکە لە ململانێی فیکری بە ناوی (جەنگەکانی فەرموودە)وە ئاماژەی پێدەکرێت ".

ئەم گشتاندنە نەك تەنها لەگەڵ واقیعی نوێ و هەوڵەکانی زانایان نەیار و دژە، بەڵکو نەیار و ناکۆکیشە لەگەڵ رێبازی زانستیدا کە دەبوایە پەیمانگای راند لە

میانەی راپۆرتەکەیدا رەچاوی بکردایە، لەبەر رەچاونەکردنی ئەو رێبازە زانستیەش راپۆرتەکە دانی بەوەدا ناوە کە ئەو کەسانەی ئەم جەنگە بەرێوەدەبەن دۆڕاندوویانە، با راپۆرتەکەش هۆکارەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو حوکمە ستەمکارانەی پێشووی بەسەر فەرموودەکانی حەزرەتدا کەبە سەرچاوەی دووەمی تەشریع لە ئیسلامدا دادەنرێت و بەڵکو لەوەش زیاتر روونکردنەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز.

دەکرێت هۆکاری ئەو حوکمە گشتیەش بریتی بێت لە نەزانی و بێئاگایی ئامادەکارانی راپۆرتەکە بە هەوڵی زانایانی فەرموودە کە هەر لەسەدەی یەکەمی کۆچیەوە تا ئەمڕۆ لە خزمەتی فەرموودە و بەرگری لێکردنی و رونکردنەوەی فەرموودەی سەحیح و پەسەندەکان و رەتکردنەوەی فەرموودە هەڵبەستراو و ناڕاستەکاندا بوون، لەبەر ئەوە راپۆرتەکە دانی بەوەدا ناوە کە (لێکۆڵینەوەی فەرموودە بە لیکۆڵینەوەیەکی زانستی دادەنرێت و بێگومان زۆر ئاڵۆزە) لاپەرە ٧٧.

٢ــ راپۆرتەکە دەڵێت:" لە رووی کردارییەوە پێوەرە یەکلاکەرەوەکان پێدەچێت خاوەنی واتا نەبن و سیستەمەکانی فەرمانڕەوایەتی زاڵبن بەسەریاندا" لاپەرە ٧٨.

٣ــ گومان دروستکردن لەسەر راستترین کتێبەکانی فەرموودە (صحیح البخاری)، لەم بارەیەشەوە راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە موسڵمانان دەڵێن: بوخاری راستگۆترین و متمانە لەسەرکراوترین کەسە کە هەستاوە بە کۆکردنەوەی (شەسەت هەزار) فەرموودە و لە نێوئەو ژمارەیەشدا هەستاوە بە هەڵبژاردنی تەنها (حەوت هەزار و شەسەت) فەرموودە، دواتر راپۆرتەکە وەك قسەکردن لەسەر ئەم کارە دەڵێت:" گەربێتوو یەك سەعات تەرخان بکەین بۆ هەموو فەرموودەیەك ئەوا بوخاری پێویستی بە حەفتا ساڵ لە کاری بەردەوام هەبووە... لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت:" بەڵام ئەو توانی ئەو کارە لە ماوەی شانزە ساڵدا تەواو بکات، ئایا لەرووی سروشتییەوە دەگونجێت بوخاری هەستێ بە هەڵبژاردنی هەموو ئەو ژمارە فەرموودەیە ؟ وەڵام: نەخێر " لاپەرە ٨١.

راپۆرتەکە ئەوەش لە یاد دەکات کە ئەم هاوکێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی و نەزانی بەرامبەر بە کارەکانی بوخاری و مەبەست به ژمارەی باسکراو لە فەرمودە، ئەوا ئەو ژمارەیە هەموو گێڕانەوەکان و ڕێگەکانی دەگرێتەوە، دەکرێت بۆ یەك فەرموودە بیست ڕێگە و گێڕانەوە هەبوووبێت لەگەڵ ئەوەی کە ئەوە یەك فەرموودە بووە، هەروەك بوخاریش خوای گەورە زیرەیەکی لە رادەبەدەر و لێهاتوویەکی گەورە و هێزێکی لەبەر کردنی بێ وێنەی پێداوە و پێویستی بە هەموو ئەو سەعاتە نەبووە، چونکە ئەوانەش فەرموودەکانیان گێڕاوەتە چەند کەسێك بوون و ناسیونی، لێرەشەوە دەگاتە ئەوەی حوکم بدات بەسەر فەرموودەیەکدا لە ماوەی چەند خولەکێکی دیاریکراودا ،ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵە فەرموودەیەك هەبووە ناسرابووە بەوەی کە لاوازە یان هەڵبەستراوە یاخود بە ناوبانگبووە بە (صحة)، نمونەی ئەم جۆرە فەرموودانە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زۆر نەکردووە، ئیتر باهەبوونی بەرەکەت لەکاتەکانیدا بوەستێ بە هۆی ئەو ئیخلاس و دڵسۆزییەی کە هەیبووە، هەروەها سەرقاڵنەبوونی بەهیچ شتێکی دیکەوە جگە لەخزمەتکردنی فەرمودەکانی پێغەمبەر(دخ).

مەبەستم لە دووبارە کردنەوەی ئەوەی هەندێك لە رۆژهەلاتناسەکان گووتیانە دەربارەی گومان دروستکردن لەسەر نەگۆڕەکانی موسڵمانان نابێتە مایەی خۆشەویستی و دڵنیابوون لێیان بەڵکو دەبێتە مایەی رق لێبوونەوە و کینە لە دژیان و زیاتر دروستکردنی ململانێی و بەریەککەوتن.

## دووەم: **فۆکۆیاما** FUKUYAMA [1]

(فرانسـیس فۆکۆیامـا) گوتـارە بەناوبانگەکـەی دەربـارەی کۆتـایی هـاتنی مێژوو لە گۆڤاری (ناشیونالٚ ئنترسـت) لـە هـاوینی سـالّی ١٩٨٩ بلاّوکـردەوە و دواتـر کردی بە کتێبێك و لە سالّی ١٩٩١ دا بلاّویکردەوە، ئەو پێیوابوو کە بزاوتی مێـژوو لـە چوارچـێوەیەکی فەلسـەفی ململانێـی نێـوان شـتێك و دژەکـەی دروسـت دەبێـت، گەرهاتوو یـەکێکیان بەسـەر ئـەوی دیکەیانـدا سـەرکەوت، ئـەوا ئـەم بزاوتـە نـامێنیّ، کەواتە لێرەوە دەبینین ئەو شکستەی رووبەڕوووی سەربازگەی شیوعیەت بووەوە بە سەرکەوتنی دیموکراسیەت و سەرمایەداری رۆژئاوایی کۆتـایی هـات و، سـەرکەوتنێکی جیهانی یەکلاکەرەوە بوو، لەگەلٚ ئەوەی هۆکارەکانی ئەو ململانییەش کۆتـایی هـات، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوا سەرمایەدارییەی رۆژئاوا و دیموکراسیەتەکەی کـە جیهـانی نـوێی لـیّ پێکهـاتووە بـە سـەرکەوتوویی و بـیّ رکابـەر دەمێنێتـەوە و بـەمجۆرەش پێویست دەکات ژیارەکانی دیکە ملی بۆ کەچبکەن.[2]

لە تێڕوانینی فۆکۆیامادا رۆژئاوا پـاش سـەرکەوتنی دیموکراسـیەتی لیبرالّـی گەیشتە چلّەپۆپەی هێزی فیکری و ماددی و هەژموونی سەربازی و سیاسی، بەلّگەش لەسەر ئەوە کەوتنی ئەو هەرێم و دەولّەتانـەی ئـەوروپای رۆژهەلاّتییـە لـە ئامێزیـدا و ولاّتانی دیکەش بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن گەربیانەوێت خاوەن ژیار و پێشکەوتووبن،

---

١- مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری زانستی کۆمەلّناسییە لە زانکـۆی (جـۆرج مـیس) ی ئەمـەریکی ، بەڕەگەز ژاپۆنییە و رەزگەزنامەی ئەمریکی وەرگرتـووە، ماوەیـەك وەك جێگـری بەڕێوەبـەری نەخشەسـازی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاری کردووە، هەروەك لە پەیمانگای (راند کویورنش) بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکانی کاریکردووە، پاش گوتارە بە ناوبانگەکەی لە گۆڤاری (ناشـیونالٚ ئنترسـت) بـە ناونیشـانی (کۆتایی مێژوو) لە هاوینی سالّی ١٩٩١ ، ناوبانگی پەیدا کرد، کە لەلایەن (حسین الشیخ) وەرگێـڕدرا بـۆ زمـانی عـەرەبی و (دار العلـوم العربیـە) لـە بـەیروت سـالّی (١٩٩٣) بلاّویکـردەوە ، هـەروەها خـاوەنی کتێبێکی دیکەشە . سەیری : عطیە الویشی بکە : سەرچاوەی پێشوو ص ٤٣

٢- فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، وەرگێڕانی حسن الشیخ چاپی (دارالعلـوم العربیـە) بـیروت ١٩٩٣ ص ٢٣٩.

ئەوەتا شیوعیەت کە گەورەترین بەربەستی بەردەم دیموکراسیەتی سەرمایەداری بوو کۆتایی هات و خاوەنی بیری شیوعیەت بەرەو ڕێبازی ڕۆژئاوایی هەنگاو هەڵدەگرن.

فۆکۆیاما لە کتێبەکەیدا تەرکیز دەکاتە سەر ئیسلام و دەڵێت:" سەرەڕای قسەکردن لەسەر هێزی کێشندەی جیهانیی ئاینی ئیسلام، بەڵام حەقیقەتێکی ئاشکرا و جەخت لەسەرکراوەش هەیە کە ئەم ئاینە هیچ جۆرە کێشندەییەکی لە دەرەوەی چوار چێوەی خاوەن ڕۆشنبیریی ئیسلامییەکەی نییە، ئەوەتا سەردەمی غەزوی ڕۆشنبیری ئیسلامی کۆتایی پێهات، لە کاتێکدا نزیکەی بلیۆنێك مرۆڤ کە خاوەنی ڕۆشنبیری ئیسلامین بەڵام ناتوانن لەسەر ئاستی فیکری و تیۆری بەرەنگاری دیموکراسیەتی ئازاد بوەستنەوە "[1]

فۆکۆیاما (سەدام حوسێن ورژیمی بەعس ) بە ئیسلام دادەنێت و سەرەنجامیش بە روخانی سەدام و رژێمەکەی، ئەوا ئیسلام شکستی هێناوە، وەك دەڵێت:" کۆتایی جەنگی سارد لە ئەوروپادا بەرنگارییەکی ئاشکرا لەلایەن عێراق و بەسەرکردایەتی سەدام حوسێن کە ئاینی ئیسلام هۆکارێکی گرنگ لە پێکهاتە ئایدۆلۆژیاکەی پێکدێنیً، ڕووبەڕوووی ڕۆژئاوا بووەوە."[2]

فۆکۆیاما دەروازەکانی مێژوو دادەخات جگە لە ژیاری ڕۆژئاوایی دامەزراو لەسەر سەرمایەداری دیموکراسی نەبێت، تا دەگاتە ئەوەی بڵێت:" ژیان لە لەدایکبوونەوە بەردەوام دەبێت تامردن، هەروەك تەقینەوەی روداوەکانیش بەردەوام دەبێت.. بەڵام هیچ جۆرە پێشکەوتن و گەشەکردنێك لەوانەی پەیوەندییان بە بنەما و بیروباوەڕ و دامەزراوەکانەوە هەیە ئیتر پاش ئەمڕۆ روونادات"[3]

هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سەرجەم فەلسەفەکانی تر زۆر لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا نزمترن و ناتوانن بەرەنگاری بنوێنن و بەها ڕۆژئاواییە

---

١- سەرچاوەی پێشوو ص ٢٢٦، عگیە الویشی سەرچاوەی پێشوو ص ٤٧

٢- فۆکۆیاما : سەرچاوەی پێشوو ص ٦١.

٣- سەرچاوەی پێشوو ص ١٦.

ليبرالييەكانن لە لوتكەدان، ئيتر چۆن دەتوانن لە دژيان بوەستن، لەبەر ئەوە گەرهاتوو لە دژی وەستان ئەوە كۆتاييانە.

هەروەها فەلسەفەی فۆكۆياما ناكرێت ئەوەی لێ تێبگەين كە ململانێ بۆ هەتا هەتايی كۆتايی هاتووە، بەڵكو لەسەر بنەمای حەتمەيتی بەريەككەوتنی ژيارەكان دادەمەزرێت كە ئەوانيش لەسەر بنەمای حەتميەتی مێژوو دامەزراون، بەلام ژياری رۆژئاوايی ئەمرۆ گەيشتۆتە قۆناغێك كە دەتوانێت هەموو ژيار و بەهاكانی ديكە لە خۆی بگرێت، يان دەسەلات بگرێت بەسەرياندا.

## سێهەم: هانتينگتۆن[1]

ئەوە لەسەر ئەم بيرمەندە جولەكە ئەمەريكييە حساب دەكرێت كە بە تەواوی راشكاوييەوە گوزارشتی لە واقيعی هەڵوێستی رۆژئاوايی بەربلاو ـ لانی كەم لەم كاتەدا ـ سەبارەت بە ژياری ئيسلامی كردووە، بە جۆرێك هەڵوێستی رۆژئاوای لايەنگر لە فەلسەفەی ململانێی نێوان ژيارەكان دەربڕيوە نەك تەنها وەك هەڵوێستێكی زاتی كە هەڵبژاردبێت و مژدەی پێدابێت، بەڵكو (وەك حەتميەتێكی واقيعی) بۆ هەڵويستی رۆژئاوايی بەرامبەر ژيارەكانی تر.. دكتۆر (موحەممەد عەمارە) دەڵێت:" هيوا خوازبووم لەگەڵ رەتكردنەوەمان بۆ فەلسەفەی ململانێ... كە بڕوانين بۆ ئەوەی سامۆئيل هانتينگتۆن خستوويەتييە روو بەو پێودانگەی كە فەزيلەتێكی راستگۆييە و گوزارشت لە واقيعی هەڵويستی رۆژئاوايی لە پەيوەندی لەگەڵ ئەوانی تر دەكات، ئەوە ئەو واقيعەيە كە لە رووی مێژووييەوە مايەی كارپێكردن بوو، كە

---

١- مامۆستای زانكۆ و بيريارێكی جولەكەی ئەمەريكييە، وەك بەرێوەبەری پەيمانگای (جۆن لۆلين) لە زانكۆی (هاڤارد) ی ئەمەريكی كاريكردووە، لە ميانەی تەبەنيكردنی تێۆری (ململانێی ژيارەكان يان بەريەككەوتنيان) ەوە ناوبانگی پەيداكرد، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٩٣) لەم بارەيەوە گوتارێكی نووسی و دواتر پەرەی پێدا تا بوو بە كتێبێك بە ناوی (ململانێی ژيارەكان) ، هەروەها خاوەنی كتێبی تريشە وەك (شەپۆلی سێهەم) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی و لەلايەن (دار سعاد الصباح) لە قاهيرە بلاوكراوتەوە ، بەلام كتێبی (رۆژئاوا و ئەوانی تر) هێشتا وەرنەگێڕدراوە : سەيری فەتحی ويشی بكە سەرچاوەی پێشوو ٤٣.

هانتینگتۆن راشکاوانە پێمان دەڵێت بەوەی کە جێگیر و نەگۆڕە لە داهاتوویەکی نزیك و دووردا، ئەم پیاوە هەوڵی چەواشکردنی نەداوین - هەروەك نوسەرە ڕۆژئاواییەکانی تر و لەگەڵیشیاندا رۆژئاواگەراکانیش لە رۆشنبیرانی لای خۆمان ئەو کارە دەکەن."[1]

لەگەڵ ئەم هەڵوێستەشدا ئەوا تیۆرییەکەی سامۆئیل هانتینگتۆن بە لێشاوێك لە رەخنە و رەتکردنەوە لەلایەن زۆربەی بیرمەند و نووسەرانی موسڵمانەوە پێشوازیکرا، لە بارەیەوە زۆرێکیان نووسی، بەڵام هەڵوێستەکەی دکتۆر موحەممەد عەمارە هەڵوێستێکی واقیعیە و مایەی تێڕوانین و بیرلێکردنەوەیە چونکە بابەتەکە بە تەنها بریتی نییە لە رای بیرمەندێك یان دوو بیرمەند یاخود زیاتر، بەڵکو بریتییە لە رای پەیمانگای ستراتیژی و ژوورەکانی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان و واقیعی بەرجەستەکراویش شایەتی لەسەر ئەم حاڵەتە دەدەن.

هەرچی بێت، با بە کورتی شرۆڤەی تیۆرییەکەی سامۆئیل هانتینگتۆن لەرێگەی بیرۆکە سەرەکییەکانییەوە بکەین[2]:

یەکەم: سەردەمی ئێستا بریتییە لەسەردەمی ململانێکان، لەم بارەیەشەوە دەڵێت:"بەریەککەوتنی ژیارەکان باڵی بەسەر سیاسەتە نێودەوڵەتیەکاندا کێشاوە، ئەوەش ئەو هەنگاوە جیاکەرەوەیە لە نێوان ژیارەکاندا و دەبێتە هێڵەکانی جەنگ لە داهاتوودا."

نوسەر هەستاوە بە خستنەڕووی ململانێی نێوان ژیارەکان لە رابردوودا، تا ئەوەی بە دەق دەڵێت:" لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دا، سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان لە قۆناغە رۆژئاواییەکەیاندا بزاوت دەکەن و چەقی سەرەکیشی بریتیە لە کارلێکی نێوان ژیاری رۆژئاوایی و ژیارەکانی دیکە." بەڵام نووسەر ئەم کارلێکە لەرێگەی بەریەککەوتنی نێوان ژیاری رۆژئاوایی لەگەڵ هەریەك لە ژیاری

١- د. محمد عمارە ، سەرچاوەی پێشوو ص ٩.

٢- متمانەمان کردۆتە سەر دەقە وەرگێڕدراوەکە کە گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتی پێی هەستاوە ژمارە ١١٦ نیسانی ١٩٩٤.

ئیسلامی و چینی یەکەمجار دیاری دەکات ،تا ئەوەی دەسەلآت دەگیرێت بەسەر هەردوو ژیارەکەدا و دواتر راستەوخۆ ململانێی لە نێوان ژیاری رۆژئاوایی و ژیارەکانی دیکە دەستپێدەکات، وەك ژیاری هیندی و ژاپۆنی و ئەرسەزۆکسی سلاڤی و ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقی.

توێژەر مێژووی ململانێی نێوان ژیاری رۆژئاوایی و ئیسلامی بەسەرەتای سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی ئیسلام دیاریکردووە، لەم بارەیەشەوە دەڵێت:" ململانێ لەسەر درێژایی هێڵی گرفتەکانی نێوان هەردوو ژیاری رۆژئاوایی و ئیسلامی بە دەوری ١٣٠٠ ساڵدا دەسوڕێتەوە، دواتر

دەڵێت:" مۆڵگەی ناوەندی ململانێ لە داهاتوودا لە نێوان رۆژئاوا و وڵاتانی ئیسلامی و ئاسیایی دەبێت..."

توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی ژیاری کردووە بەوە کە :" قەوارەیەکی رۆشنبیرییە و ناسنامەی رۆشنبیریش پێکهێنەر و بەرگەکەیەتی، ئاین دەچێتە ناوییەوە، هەروەها ناسنامە و مێژووش، لە هەمان کاتدا فرە جۆرە و جیاوازە بە هی زمان و مێژوو رۆشنبیری و داب و نەریت و گرنگرتینیان ئاین، دواتر پرسیار دەربارەی هۆکاری بەریەککەوتنی ژیارەکان دەکات؟"

## بۆچی ژیارەکان بەریەك دەکەون؟

توێژەر وەڵام دەداتەوە بەوەی کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:

١ـ جیاوازی بنەڕەتی و جەوهەری لە نێوان ژیارەکاندا لە روی ئاین و مێژوو زمان و رۆشنبیری و داب و نەریت و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان خوا و مرۆڤەکان و تاك و کۆمەڵ و خێزان و هتد...

٢ـ گۆڕانی جیهان بەرەو شوێنێکی بچووکتر ـ واتە جیهان وەك گوندێکی بچووکی لێدێت و هەموو قەراغ و دڵەکەی کاریگەردەبێت بەوەی تیایدا روودەدات، بە واتایەکی دیکە لێکخشانی گەورە لە نێوان ژیارەکان روودەدات.

٣- بوونی نوێکردنەوەی ئابووی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی  لە ڕێگەی جیهانەوە، گەلان  لە ناسنامەکانیان دادەبڕێن، ئاین دەکەوێتە جوولە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، بەو هۆیەشەوە ململانێ دروست دەبێت.

٤ـ  هەستکردنی ڕۆژئاوا بەوەی لە لوتکەی هێز دایە و خاوەنی هێزی ئیرادەیە، لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە (دووبارە بوونەوەی بە ئیسلام کردن) دێت، دەبێتە مایەی دروستبوونی ململانێ.

٥ـ تایبەتمەندی و جیاوازییە ڕۆشنبیرییەکان کەمتر لەبارییاندا هەیە بۆ ئالوگۆڕ کردن، دواتریش ئاین، لەم بارەیەشەوە دەڵێت:" ئاین بەشێوەیەکی زۆر توند و دیاریکراوتر خەڵکی لەیەکتر جیادەکاتەوە تەنانەت لە ڕەگەزی مێینەش، دەکرێت مرۆڤ نیوەی فەرەنسی و نیوەکەی دیکەی عەرەبی بێت، بەڵکو تەنانەت دەکرێت هاولاتی دوو ولات بێت و ڕەگەزنامەی دوو ولاتی هەبێت، بەلام زۆر قورس و دژوارە کە بتوانێت نیوەی کاسۆلیکی و نیوەکەی تری موسڵمان بێت"، دواتر دەڵێت: بەریەککەوتنی ژیارەکان لەسەر دوو ئاست ڕوودەدات، لەسەر ئاستی بەش کۆمەڵەکان ململانێی یەکتر دەکەن بە درێژایی هێڵەکانی نێوان ژیارەکان و بە شێوەیەکی توند."

پاشان دەڵێت:" لەسەر هەردوو لا پێویستە تا کارلێکی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا بە بەریەککەوتنی ژیارەکان دابنێن."

دواتر توێژەر باسەکە بەم جۆرە کۆتایی پێدێنێ: ڕۆژئاوا لەبەرامبەر ژیارەکانی دیکەدا لە لوتکەی هێزی خۆیدا، ئەوەتا دەوڵەتە گەورە نەیارەکانی لەسەر نەخشە لەبەرچاو ونبوون، ململانێی سەربازی نێوان ولاتانی ڕۆژئاوایی کارێکی چاوەڕوانکراو نییە، هێزی سەربازی بۆ ڕۆژئاوا بێ ڕکابەرە.تا ئەوکاتەی لە داهاتوودا دەبێتە تەوەری ناوەندی سیاسەتەجیهانییەکان... لە ململانێی نێوان ڕۆژئاواو لەلایەك و پاشماوەی جیهان لەلایەکی دیکە، ژیارەکانی دیکەی جگە لە  ڕۆژئاوا گەیشتنە هێز و بەهای ڕۆژئاوایی.

ئەمە كورتەیەك بوو لە تیۆرییەی سامۆئیل هانتینگتۆن دەربارەی ململانێی ژیارەکان  یاخود بەریەككەوتنی ژیارەکان، بەلاّم هەندێك لە بیرمەندەکان١ پێیانوایە كە ئەم تیۆرییە هی سامۆئیل نییە، بەڵكو راگەیاندنی واقیعی هەڵوێستی رۆژئاوایە، (نووسراگەلێکی زۆر هەن باس لەوە دەکەن کە مەرکەزیەتی رۆژئاوایی وای کردووە تا ژیاری رۆژئاوایی ئارەزووی بڕوات بەلای گەمارۆدانی  ئەوی دیکەدا و دواتر دەستەمۆکردنی و تێکەڵکردنی بە شێوازی ژیاری خۆی و مەنزومە بەهاییەکەی، ئەوەش ئارەزوویەکە کە متمانە دەکاتە سەر رێگەی ململانێ لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا، وادەکات تا لە رێگەی ئەو ململانێیانەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و لە گەمارۆدانیان و هەڵوەشاندنەوەی زاتییەتیان و تایبەتمەندی و ناسنامەیان و هەلاّواردنیان، هەموو ئەمانەیان کردووە بە (پەیامە ژیارییە مەردانەکەیان !) کە پێی هەستاوە بۆ بەمەدەنیکردنی ئەوانی تر.. بەلاّم تایبەتمەندی ئیسلام و ئاسایش و ژیارەکەی چانسی باشتری هەبوو لە هەوڵەکانی رۆژئاوا لە ململانێی ژیارەکاندا... ئەو پیاوە (هانتینگتۆن) هەوڵی نەداوە چەواشەمان بکات...، بەڵکو هەڵوێستی رۆژئاوایی لایەنگر لە فەلسەفەی ململانێی نێوان ژیارەکانی دەربڕیوە نەك هەڵوێستێکی زاتی... بەڵکو وەك حەتمیەتێکی واقیعی... ئەو تەنها وەسفکارێك بوە کاتێك دەڵێت:" ململانێ لەسەر درێژایی هێڵی گرفتەکانی نێوان هەردوو ژیاری رۆژئاوایی و ئیسلامی بە دەوری (١٣٠٠ ) ساڵدا دەسوڕێتەوە.."هەروەها دوای ئەوەش هەستاوە بە دیاریکردنی ئەوەی کە :" مۆڵگەی ناوەندی ململانێ لە داهاتوودا لە نێوان رۆژئاوا و ولاّتانی ئیسلامی و ئاسیایی دەبێت..."،[٢] پاشان ئاماژە دەداتە خاوەن بڕیارەکان بە دابەشکردنی قۆناغەکانی ململانێیەکە بۆ دوو قۆناغ ـ وەك پێشتر باسکرا ـ هەر چۆنێك بووە دەبێت دەست بکرێت بە دەسەلاّتگرتن بەسەر ژیاری ئیسلامیدا.

---

١- د.محمد عمارە: پێشەکییەکەی پێشووی لاپەڕەی ٧ و لاپەرەکانی دوایی

٢- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨،٩،١١.

لەلایــەکی دیکــەوە ســامۆئیل هەوڵێــداوە خاچپەرســتی ســەر لــە نــوێ زیندووبکاتــەوە، هــەروەك هەســتاوە بــە کۆکردنــەوەی زاراوەی (مەســیحیەت) لــە دارشــتنی باسـکردنەکانی دەربـارەی ژیـاری رۆژئـاوایی، خـۆی و هاوەڵـەکانی هـەوڵی زۆریانداوە بۆ زیندووکردنەوەی وشکەڵانی گاورێتی لە ناو ناخی شـوێنکەوتوانیاندا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـاینی ئیسـلامی لـەو سەرچـاوەیەوە کـە ئاسـن تـەنها بـە ئاسـن دەشـکێت و کـوڵ دەبێـت، لـە پێنـاو ئامادەکـاری دەروونـی بـۆ ململانێـی ئـاینی کـە مەرســیدارترین جۆرەکــانی ململانێکردنــە و بــۆ ئــەوەی هــەموو چــەکەکانی ئــەم ململانێکردنە تەواوکاربێت، ئەمەش لە رێگەی مۆڵدانی مەعنەوی و ئاینی و مـاددی بـۆ رووبەڕوووبونــەوەی مەترســی لەســەر ژیــاری رۆژئــاوایی کــە لــە ئیســلام و شوێنکەوتەکانییەوە دێت.[1]

## پاپا بەنەدیکتی شانزەیەم و هەڵوێستی دەربارەی ئیسلام:

کاتێـك پاپـا بەنـدێکتی شـانزەیەم وە ك سـەرۆکی دامـەزراوەی ئـاینی کاسـۆلیکی یەکـەم هەڵبـژێرا، جیهـان بـە موحازەرەیـەکی نـاوبراو لـە ٢٠٠٦/٩/١٢ لـە زانکـۆی (گـۆتنبیروگ) لــە باشــووری ئــەڵمانیا و لەبــەردەم جــەماوەرێکی زۆری شوێنکەوتەکانیدا تووشی سەرسوڕمان هات، لەو موحازەرەیەیدا هێرشی گەورە و بـێ بیانوو و نامەعقولی کردە سەر ئیسلام ئەوەش لەسەر زمانی ئیمپراتۆری بێزەنتـی لـە میانـەی حیـوارێکی لەگـەڵ پیـاوێکی فارسـیدا، ئـەوەبوو دەنـگ و باسـێکی گـەورەی لێکەوتەوە، بوو بە مایەی وروژاندنی هەستی موسڵمانان و ئەو یادەوەرییە تاڵانەی کە گاورەکان بە تایبـەت کاسـۆلیکەکان لـە هەڵمەتـە خاچپەرسـتییەکانیاندا دەرهـەق بـە ئیسلام و موسڵمانان و بەڵکو تەنانەت دژ بە ئاینەکانی دیکەش لە شـام و ئەنـدەلوس و ناوچەکانی دیکە ئەنجامیان دا.

ئــەوەبوو ژمارەیــەك لــە زانایــانی ئوممــەتی ئیســلامی ســەرکردایەتی وەڵامدانـەوەی ئـەو بانگەشـانەی (پاپـا) یـان کـرد، لەلایـەن خۆیـەوە شـێخ (یوسـف

١- عطية الويشي : سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٨٥

قەرزاوی) سەرۆکی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان لە میانەی کتێبەکەیدا بـە نـاوی (پاپا و ئیسلام) وەڵامێکی زانستی دایەوە [1]

ئێمە لێرەدا تەنها بە بڵاوکردنەوەی دوو بەیاننامەی زانستی ورد کۆتایی بـەم باسە دێنین کە هەردوکیان لەلایەن یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمانەوە دەکراون.

---

١- ناوەندی بڵاوکردنەوە مکتبە (وهبە) لە قاهیرە ١٤٢٨ك /٢٠٠٧.

**بەياننامەی يەكەم:**

وەڵامدانەوەی لێدوانەكانی پاپا

بەياننامەيەك لە سەرۆكی يەكێتی جيهانی زانايانی موسڵمانەوە[1]

ئيسلام ئاينی عەقڵ و رەحمەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

«لەبەرەنجامی لێدوانەكانی پاپا بەندێكتۆسی شانزەيەمەوە كە لە ميانەی سەردانەكەی بۆ ئەڵمانيا پێشكەشی كرد دەربارەی ئيسلام و پەيوەندی بە عەقڵەوە لەلايەك، هەروەها پەيوەندی بە توندوتيژييەوە لەلايەكی ديكەوە، لەگەڵ موسڵمانانی سەر گۆی زەوی تووشی سەر سوڕمان هاتين.

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان لە گەورەترين پياوی جيهانی مەسيحيەت ئەوەبوو: كە دەبوا پەلەی نەكردايە و چاوەڕێی بكردايە و بگەڕايەتەوە بەسەرچاوەكاندا و راوێژی بكردايە، گەربيەوێت قسە لەسەر ئاينی گەورەی ئيسلام بكات كە ماوەی (چواردە) سەدەيە بەردەوامە و نزيكەی مليارو نيوێك شوێنكەوتەی هەيە و خاوەنی بەڵگەنامەيەكی خواييە كە دواين كەلامی خوای گەورەيە تێدايە بۆ مرۆڤايەتی (قورئانی پيرۆز) كە هێشتا و بەردەوام بەو جۆرە ماوەتەوە كە لەسەردەمی خەليفەی سێهەم (عوسمانی كوڕی عەففان) دا رەزای لێبێت نووسراوەتەوە هەروەك بە هەمان شێوە كە چۆن لەسەردەمی پێغەمبەردا خوێنراوەتەوە ئەوا لەم سەردەمەشدا بە هەمان شێوە دەخوێنرێتەوە و دەيان هەزار كەس لە سەرتاسەری جيهانی لەبەريان كردووە.

١- ئەم بەياننامەيە لە بەرواری ٢١ی شەعبانی ١٤٢٧ ك بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٩/١٤ بە ئيمزای سەرۆكی يەكێتيەكە بلاَوكرايەوە كە كەناڵی ئاسمانی (الجزيرە) و هەندێك لە رۆژنامە و ئاژانسەكانی هەواڵ لە كاتی خۆيدا بلاَويان كردەوە، بگەرێوە بۆ پێگەی يەكێتی جيهانی زانايانی موسڵمان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت(http://www.iumsonline.net/٢٠٠٦/٠٩/٠٧.shtml)

بەلاّم کە دەوترێت پاپا - لەساڵی ١٩٦٩ز کورسییەکی وەرگرتووە بۆ لێکۆڵینەوەی لاهوت و مێژووی عەقیدە لە زانکۆی راتیسبون - پەلەی کرد لە رەخنەگرتنی ئیسلام، بەڵکو هێرشی کردە سەر عەقیدە و شەریعەتەکەی بە شێوەیەك کە شیاو نییە لەکەسێکی وەك پاپا وە دەربچێت.

لە نێو ئاپۆڕای جەماوەرێکدا کە ژمارەیان زیاتر بووە لە دووسەد هەزار کەس، پاشا باس لە ئیسلام دەکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە پیرۆزەکەی (قورئان) و رونکردنەوەی لە سوننەتی پێغەمبەرەکەیەوە موحەممەد(دخ)، بەڵکو تەنها بەگێڕانەوەی حیوارێك وازیهێنابوو کە لە سەدەی چواردەیەمی زاینی لە نێوان ئیمپراتۆری بێزەنتی و موسڵمانێکی فارسی رۆشنبیردا روویدابوو، کە ئیمپراتۆر بە پیاوەکە دەڵێت:"نیشانم بدە کوا ئەو شتە تازەی کە موحەممەد هێنای؟ شتێك نابینیت جگە لە شەڕەنگێزی و نائینسانی نەبێت، وەك فەرمانکردن بە بلاّوکردنەوەی ئاینەکەی - کە مژدەی پێ دەدا - بە زەبری شمشێر!.

بەلاّم پاپا باسی لە وەلاّمی پیاوە فارسە رۆشنبیرەکە لەسەر قسەکانی ئیمپراتۆر نەکرد.

پاپا بیری چووە: کە موحەممەد بە زۆر شتەوە هات کە مەسیحیەت و ئاینیجولەکەدا پێش خۆیان نەیان هێنابوو، تێکەڵکردنی نێوان رۆح و مادده، نێوان دونیا و دوارۆژ، نێوان روناکی عەقڵ و روناکی وەحی هێنا، هاوتایی کرد لە نێوان تاك و کۆمەڵگادا، لە نێوان ئەرك و مافەکانیدا، بە روونی بڕیاری لە برایەتی نێوان چینەکانی ناو کۆمەڵگا دا، هەروەها لە نێوان کۆمەڵگاکان و گەلان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەیان، لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿يَأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُواْ﴾ (الحجرات: ١٣).

یاسایی بۆ رووبەڕووبونەوەی خراپە داناوە وەك خۆی، هەروەها لێبوردنی لە پێشتر داناوە، بانگەواز دەکات بۆ ئاشتی، بەلاّم فەرمانیکردووە بە ئامادەسازی بۆ جەنگ ﴿تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّٰهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ (الأنفال: ٦٠).

دادوەرانــە مامەڵــەی ئافرەتــانی کــردووە و ڕێــزی لێنــاون وەك مرۆڤێــك و مێینەیەك و کچێك و هاوسەرێك و دایکێك و ئەندامێکی نێو کۆمەڵگا.

زۆرێك لەو ئەحکامانەی سڕیوەتەوە کـە لـەئاینی جولەکـەدا وەك کۆت بەنـد وابوون، هەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ..﴾ (اعراف ١٥٧)

ئەوەشی کە ئیمپراتـۆری بێزەنتـی گوتویـەتی کـە موحەممـەد هـیچ شـتێکی نـەهێناوە جگـە لـە شـەڕەنگێزی و نـا ئینسـانی نـەبێت، وەك ئـەوەی فەرمانیـداوە بەبڵاوکردنـەوەی ئاینەکـەی بـە زەبـری شمشـێر! ئـەوە لەسـەر بنـەمای نـەفامی و نەشارەزاییەکی تەواو بونیاتنراوە، یاخود درۆیەکی پەتییـە، هـیچ کەسێك نابینرێـت، وەك موحەممەد(دخ) بـەرەنگاری خراپـەی کردبێتـەوە و بانگـەوازی بـۆ خێـر و چاکە کردبێت و کەرامـەت و ڕێـزی مرۆڤـەکانی سـەپاندبێت و ڕێـزی لەسروشـت و فیترەتـی مرۆڤ گرتبێت، کە خوای گەورە ڕەوانەی کردووە ﴿رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾(الأنبياء: ١٠٧)

بانگەشەی ئەوەش کە فەرمانیکردووە بـەوەی ئاینەکـەی بـە زەبـری شمشـێر بڵاوبکرێتــەوە درۆیــەکی گەورەیــە، ئــەوەش ئەوەیــە کــە قورئــان ئامــاژەی پێکردووە :﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل: ١٢٥) لە ڕاستیدا ئیسلام بە شمشـێر سـەرنەکەوتن، بـەڵکو بەسـەر شمشێردا سەرکەوت کە بەروویدا بەرزکرایەوە لەیەکەم ڕۆژەوە و ماوەی سیانزە سـاڵ ئارامی گرت لەسەر ئەشکەنجە و بەڵاو نارەحەتی لـە ڕێگـەی خـوادا، تـا کـاتی هاتنـە خوارەوە ئایەتی :﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْ وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩) الَّذِينَ أُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا اللَّهُ ﴾ (الحج: ٣٩ ـ ٤٠)

ئیسلام جیهادی لە پێناو بەرگری کردن لە گیان و بـەرەنگاری ئـاژاوەدا فـەرز کـرد، کـە ئـاژاوە لـە کوشـتن تونـد تـر و گەورەرتـە، لەبـەر ئـەوەش خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ

الْمُعْتَدِينَ﴾ (البقرة: ١٩٠)﴿فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً﴾ (نساء: ٩٠)

هەروەها ئیسلام ئیمانێکی ناوێت کە لەرێگەی زۆرلێکردنەوە خاوەنەکەی وەریگرتبێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ..﴾ (البقرة: ٢٥٦)

لە هەمان کاتدا ئایا بیروڕای پاپا چییە دەربارەی ئەوەی لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە لە (سفر التثنية) ی تەوراتدا: ئەو ولاّتەی کە موساوئەوانەی لەگەڵیدان دەچنە ناویەوەتا هەستن بە کوشتنی هەموو نێرینەکانیان بە زەبری شمشێر.. بەلاّم ولاّتی (خاکی بەڵێن پێدراو) ئەوا لە رووی ئاینییەوە داواکراوە کە نابێت مرۆڤێکی زیندووی تیابمێنێتەوە، واتە: لە ناوبردن و ریشەکێشکردن، ئەوروپییە گاورەکانیش کاتێك چوونە ناو ئەمەریکاوە دەرهەق بە هیندییە سورەکان ئەمەیان ئەنجامدا، هەروەکاتێك چونە ناو ئوستورالیا و لەگەڵ خەڵەکە رەسە نەکەی ئەنجامیان دا.

ئێمە (پاپا) مان لەوە بەبەرزتر دەزانی تا بەڵگە بهێنێتەوە بەو قسە بێ بنەمایانە لە کاتی قسەکردنی لەسەر ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام، ئەوەشی کە هەندێك لە موسڵمانان مومارەسەی کاری توندوتیژی دەکەن، ئەوە هەندێك پرۆژەیە بە بڕیاری ئاین و شەریعەت و یاسا و رەوشت، وەك بەرگری و مەقاوەمەتی نیشتمانی دژ بە داگیرکەران لە فەلەستین یان لوبنان یان لە عێراق یان لە هەر ولاّتێکی دیکە، ناونانی ئەوەش بە توندوتیژی و ئیرهاب: ستەمێکی ئاشکراو رونە و ئاڵوگۆڕی راستییەکانە.

هەندێکی دیکە لەو کارانە جمهوری موسڵمانان لە هەموو شوێنێکدا نکولییان لێکردووە و رەتیان کردۆتەوە وەك (روداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر) و زۆربەی کارە توندوتیژییە نامەشروعەکان کە هۆکارێکی گەورەی برتییی بووە لەو ستەم و زوڵمانەی لەسەر موسڵمانان دەکرێت لە هەموو شوێنێکدا و پیاوانی ئاینی لە رۆژئاوادا لێی بێدەنگن و دەگونجێت هەندێکیان دەستخۆشانەی لێبکەن.

له میانەی دیداره جەماوەرییەکەیدا، پاپا بڕیار دەدا کە: "خـوای گـەوره لـە عەقیدەی ئیسلامیدا بالأیی رەهای هەیـە و مەشـیئەتەکەی نەبەسـتراوەتەوه بـە هـیچ شتێك لە گوتەکانمانەوه تەنانەت بە عەقڵیشـەوه "هـەروەها بـەراوردێکی ئەنجامـداوه لەگەڵ فیکری مەسیحی تێربـوو بـە فەلسـەفەی ئیغریقیـدا و رونیدەکاتـەوه کـە (ئـەم فیکره کارنەکردن رەتدەکاتەوه بەوەی لەگەڵ ژیری رێکساز و گونجاو نییـە). لەگـەڵ هەموو ئەوەی پێچەوانەی سروشتی خوایەتییە.

خۆئەگەر داوابکرایە لەخودی گـەورەی قەشـەکانی کاسـۆلیك یـان یـەکێك لـە شوێنکەوتەکانی بە گەڕانەوه ـ باکەمێکیش بووبێت ـ بۆ سەرچاوەی یەکەمی ئیسـلام (قورئان) ئەوا دەیان و بەڵکو سەدان ئایەتی دەدۆزییەوه کە( ژیـری) بـە شـکۆداری و گەورەیی دەخاتە روو، فـەرمان دەکـات بـە تێـڕوانین و وردبوونـەوه و هانـدان لەسـەر بیرکردنەوه و رەتکردنەوەی گومان لە بواری عەقیدەدا، هەروەك رەتـی شـوێنکەوتنی هەواو ئارەزووەکان دەکاتەوه لەگـەڵ لاسـاییکردنەوەی بـاوك و گـەورەکان، تەنانـەت هەندێك لە گەوره نووسران بە راستی دەڵێن( بیرکردنەوه فەریزەیەکی ئیسلامییە).

ئەو ئایەتەمان بەسە کە خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَنْظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ﴾ (الأعراف: ١٨٥).

خـۆ گـەر بگەڕایەتـەوه بـۆ گوتـەی پێشـەواکانی ئیسـلام وەك (ئەشـعەری و ماتریدی و باقلانی و جوینی و غـەزالی و رازی و ئامیـدی ) و چـەندانی دیکـەش، ئـەوا دەیدۆزییەوه کە گووتوویانە :" عەقڵ بناغەی (نەقڵ) ەو گەرهاتوو عەقڵ نەبوایە ئەوا نەقڵ دروستنەدەبوو، هـەروەك بـێ هـەبوونی عـەقڵیش وەحـی نەدەچەسـپا، چـونکە چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی نایەتەدی تەنها بـە عـەقڵ نـەبێت، هـەروەك چەسـپاندنی پێغەمبەرایەتی بۆ کەسێکی دیاریکراویش بە عەقڵ نەبێت نابێت.

هەروەها لێکۆڵەرەوەکان لـە زانایـانی ئیسـلام قبـوڵی ئـەوه ناکـەن کـە بـڕوا بهێنرێـت بەئیسـلام وەك لاسـاییکردنەوەی بـاو بـاپیران بـێ بـەکارهێنانی عـەقڵ و تێڕوانین لە بەڵگەکان با بە کورتیش بووبێت. هـەروەك خـاوەنی (الجـوهرة) دەڵێـت:"

هەرکەس لە یەکتاپەرستیدا لاساییکەرەوە بێت، ئەوەئیمانەکەی بە تاڵ و خاڵی نابێت لە دوو دڵی و گومان ".

گەر پێمان خۆش بێت تا بەراوردی نێوان هەردوو ئاینەکە بکەین: ئیسلام و گاورێتی، ئەوا دەبینین کە گاورێتی بریتییە لەوەی کە گرنگی نادات بە لاکردنەوەی عەقڵ لای بیروباوەڕەکەی و تەعلیماتەکانیداو دەڵێت:" بڕوا بهێنە و پاشان بزانە، بڕوابکە با نابینایش بیت، چاوت بنوقێنە و پاشان شوێنم بکەوە" لە کاتێکدا زانست و زانیاری لە ئیسلامدا پێش ئیمان کەوتووە، ئیمان بەرووبوومی زانستە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُواْ بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ ﴾( الحج: ٥٤)، بەم شێوەیە: بابزانن، بڕوادێنن و بەو جۆرەش دڵیان ئارام و دڵنیا دەبێت.

شێخ (موحەممەد عەبدە) کتێبێکی دانا: (ئیسلام و گاورێتی لەگەڵ زانست و مەدەنییەت) بۆ ئەوەی وەڵامی یەکێك لە رۆژهەڵاتناسەکانی پێبداتەوە کە بانگەشەی ئەوەی کردبوو گاورێتی زۆر سنگ فراوانترە بۆ زانست و مەدەنییەت وەك لە ئیسلام لەم بوارەدا، ئەوەبوو وەڵامدانەوە زانستیەکەی شێخ بەڵگەدار بوو بە لۆژیك و مێژوو حەقیقەتی ئاینی و زانستی :" ئەو بنەمایانەی کە ئیسلامی لەسەر دامەزراوە ئەوانەن کە بەربوومی ژیار و شارستانییەت لە ئیمان بە ژیری و رەتکردنەوەی دەسەلاٌتی ئاینی و کۆکردنەوەی دونیا و دوارۆژ.... تادوایی، دەدەن بە دەستەوە. بە پێچەوانەی مەسیحیەتەوە کە لە بنەماکەیدا لەسەر نائاسایی و بەدەر لە سروشت دامەزراوە، بڕوای بە رەچاوکردنی سوننەتەکەکان نییە کە قورئان جەختی لەسەرکردۆتەوە، یەکێکیش لە فەیلەسوفە ئاینییەکانیان (ئۆگەستین) دەڵێت:" بڕوا بەوە بهێنە،چونکە لەبەر ئەوەی مەحاڵە، یان نامەعقولە ! "

گەر بێتو ئیسلام نکولی لە عەقڵ بکردایە یاخود پشتگوێی بخستایە، ئیتر چۆن موسڵمانان دەیانتوانی ئەو ژیارە گەورە و بەرزە کە زانست و ئیمان و داهێنانی ماددی و بەرز و باڵایی رۆحی پێکەوە کۆکردەوە، دروستبکەن ،کە ماوەی زیاتر لە هەشت سەدە جیهان سەرچاوەیان لێوەگرتبوو، لەنێویشیاندا ئەورووپا کە لێیەوەی

ڕێبــازی ئەزمونگــەری خوێندنــەوەیی(المــنهج التجريبــى الأســتقرائى) لــەبری ڕێبــازی پێوانەکاری ئەرستۆیی(المنهج القياسى الأرسـطى) وەرگـرت، هــەروەك مێژوونووسـانی زانســت وەك (گۆســتاف لۆبــۆن، بیربغولــف، جــۆرج ســارتۆن ) و هتــد.. گــەواهی بــۆ دەدەن.

هەروەها لەڕێگەی ژیاری ئیسلامییەوە، ئەوروپا فەلسەفەی ئەرستۆی شـرۆڤە کراوی لەسەردەستی فەیلەسوف و فەقیهی موسڵمانان عەلامــە (ئـیبن روشـد) ناسـی. خۆ گەربێتوو ئەو نەبوایە ئەوا ئەوروپییەکان ئەرستۆیان نەدەناسی !.

گوتەکەی پاپا کە دەڵێت:" مەشـیئەتی خـوایی لـە ئیسـلامدا ڕەهایـە و هـیچ شتێك سنوورداری ناکات ): لە کورتەکەیدا ڕاسـتە، بـەلأم زانایـانی ئیسـلام کـۆدەنگن لەسەر ئەوەی مەشیئەتی خوای گەورە بەستراوە بە حیکمەت و داناییەکەیەوە و لێـی جیانابێتــەوە، فــەرمانێکی نــاوێ پێچــەوانەی حیکمەتەکــەی بێــت، چــونکە لــە نــاوە پیرۆزەکانی کە دووبارە بووەتەوە لە قورئاندا (الحكيم) ە ئەو بەڕاستی دانایە لــەوەی بەدیهێناوە، دانایە لەوەی بەیاسای کردووە، شتی پــوچ و بــەتاڵی بەدینــەهێناوە، بـێ هۆ تەشریعی هیچ شتێکی نەکردووە، خوای گــەورە هــیچ کارێـك ناکـات مەگــەر ئــەوە نەبێت کە خێـر و چـاکەی تێدایـە بـۆ بــەدیهێنراوەکانی، وەك پێغەمبــەری ئیسـلام لــە موناجاتەکەیدا دەفەرموێت:" خێر هەموو لە نێوان دەستەکانی تۆدایە، شەر و خراپــە بۆ تۆناگەڕێتەوە"

بەڵکو پۆلێك لە (موعتەزیلەکان) لە ئەهلی کەلامی موسـڵمانان پێیانوایـە کـە کاری چاکە و چاکتر بۆ بەدیهێنراوەکان واجبە لەسەر خوای گەورە.

ئەمە یەکەم جار نییە کـە پاپــا ی ئێسـتا بەرامبــەر بـە ئیسـلام و موسـڵمانان بەشـێوەیەکی خـراپ دەوەسـتێتەوە، کـە تیایـدا پشتگوێخسـتن و دوودڵـی لێـوە بـە دیاردەکەوێت، یا زیاتر لەوەش.

لە یەکــەم قوداسـدا کــەخۆی سەرپەرشـتیکرد پـاش هەڵبــژێرانی لــە کۆتـایی مانگی نیسانی ٢٠٠٥ ز وەك پاپای ڤاتیکان، تەنانەت بە یەك وشە باسـی موسـڵمانانی

نەکرد لە کاتێکدا بە دەستەواژەی (برا ئازیزەکانمان - وەك خۆی دەڵێت - لە گەلی جولەکە) باسیکردن کە خۆشەویستی و هاوسۆزی و نرخاندنی لێوە دەردەکەوت.

لە شاری (کۆلۆنیا) ی ئەڵمانی و لە کۆتایی مانگی ئابدا و لە کاتی رۆژی جیهانی لاواندا: چاوی بە نوێنەرانی رەوەندی موسڵمانی ئەو وڵاتە لە ئەسقوفییەی شارەکە کەوت، ئەوەبوو گوزراشتی لە زۆر سەرقاڵی خۆی کردبوو بە بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئیرهاب، لەو دیدارەدا جەختی کردبووە لەسەر زەرورەتی (دەرهێنانی ئەو کینە و رقەی لەدڵی موسڵمانانداهەیە، هەروەها وەستانەوە بەروی هەموو دیاردەکانی دەمارگیری و هەموو ئەو توندوتیژییەشی دەکرێت لێیەوەی سەرچاوە بگرێت) !.

ئەم شێوازە ئاخافتنە سەرکۆنەکارییە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر دەرونی موسڵمانان بە تایبەت لەو جیهانبینییە تەسکە، ئەو وێناکردنە ئاسانکارییەی بۆ سەرچاوەکانی ئیرهاب و هۆکارەکانی دەکرێت.

ئەمە سەرەڕای پێشوازی کردنی پاپا لە( ئۆریانا فالاتشی) نووسەری ئیتاڵی دانیشتووی ویلایەتە یەکگرتوەکان کە کتێب و گوتاری ئاگرینی لەسەر ئیسلام و موسڵمانان نوسیبوو، کە تیایدا جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئیسلامی توندەڕەو ئیسلامی میانەڕەو، ئەو پێیوایە ئیسلام هەمووی توندڕەوە، دژیەکبوونی نیوان مەسیحیەت و ئیسلامیش: دژیەکبونێکی جەوهەرییە.

ئەم هەڵوێستانەی پاپا بەلای موسڵمانانەوە بە سلبی ئەژماردەکرێن، بەلاّم ئەمرۆ مەسەلەکە پەیوەندی بە خودی ئیسلامەوە هەیە، ئێمەی موسڵمانان مەسیحیەت بە نزیکترین دۆستی موسڵمانان دادەنێین و پێغەمبەری خواش (دخ) دەفەرموێت: من لە پێشترم بۆ عیسای کوڕی مەریەم لە هەموو خەڵکی".

مەریەم لە قورئاندا سورەتێکی بە ناوەوەیە، بۆ خێزانی مەسیحیش لە قورئاندا سورەتی (آل عمران) هەیە، بۆ مەسیح و پەڕاوەکەیشی لە قورئاندا جێگە و پایەیەکی دیار هەیە، ئێمە نامانەوێت بە هەڵوێستەکەی پاپا رەوشەکە ئالۆز بکەین، بەلاّم تەفسیرێکمان دەوێت بۆ ئەوشتانەی روودەدات، مەبەست لە هەموو ئەمانە

چییە؟ هەروەك داوادەکەین لە گەورەی قەشەکانی کاسۆلیك تا داوای لێبوردن بکات و پۆزش بۆ موسڵمانان بهێنێتەوە لەو سوکایەتییەی کە بەرامبەر ئاینەکەیان کردوویەتی.

بەراستی ئەوەمان پێخۆش دەبوو کە پاپا بانگەوازی بۆ گفتوگۆی ئیجابی نێوان ئاینەکان بکردایە، گفتوگۆی راستەقینەی لەنێوان ژیارەکاندا، لەبری بەریەککەوتن و ململانێکردن، پێشتریش وەڵامی بانگەوازێکمان دابوویەوە لەلایەن کۆمەڵەی (سانت جدیو) لە رۆما کە داوای گفتوگۆی نێوان ئیسلام و مەسیحیەتی دەکرد، لە هەمان کاتدا خولێکمان بینی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قەشەکانی کڵێسا لە رۆما و بەرشەلۆنە ئەوەی ناوبرا بە (لوتکەی ئیسلامی مەسیحی). هەروەها بەشداریمان لە کۆنگرەی گفتوگۆی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت لە دەوحە کرد، ئیتر ئایا پاپا دەیەوێت دەروازەی گفتوگۆ دابخات و ئامادەبین بۆ ململانێ لە جەنگێکی خاچپەرستی تازەدا؟

لەلایەن خۆیەوە (بوش) دەستپێکرد، بە راشکاوانە و بە ناوی مەسیحی راستڕەوەوە قسەی دەکرد، ئێمەش بانگەواز بۆ ئاشتی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئاینەکەمان فەرمانمان پێدەکات، بەڵام گەر بێتوو شەڕ سەپێنرابێت بەسەرماندا ئەوا بە ناچاری جەنگاوین، تیایدا چاوەڕێی دوو چاکەکەمان کردووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ (البقرة: ٢١٦).

هەروەك پێغەمبەرمان (دخ) دەفەرموێت:" هەرگیز ئاواتی گەیشتن بە دوژمن مەخوازن، داوای بێوەی و سەلامەتی لە خوای گەورە بکەن، بەڵام گەرهاتوو رووبەڕووی دوژمن بوونەوە ئەوا دامەزراو جێگیر بن، بزانن کە بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێردایە " متفق علیە.

ئێمە بانگەواز دەکەین بۆ لێبوردەیی نەك دەمارگیری، بانگەواز دەکەین بۆ نەرم و نیانی نەك توندوتیژی، بانگەواز دەکەین بۆ گفتوگۆ نەك بەریەککەوتن، بۆ ئاشتی نەك بۆ شەڕ، بەڵام قبوڵی ناکەین هیچ کەسێك هێرش بکاتە سەر عەقیدە و

شەریعەت و بەهاکانمان، قبوڵی ناکەین بە وشەیەکیش کەس باسی پێغەمبەرمان(دخ) بە خراپی بکات، وەگەرنا ئەوا خوای گەورە مۆڵەتی پێداوین بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین، خوای گەورەش ستەمکارانی خۆش ناوێت. »

سەرۆکی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمان

د. یوسف قەرزاوی

**بە یاننامەی دووەم:**

بەیاننامەیەك لە یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمانەوە[1]

دەربارەی هەڵوێستی پاپای ڤاتیکان لە ئیسلام و پێغەمبەر(دخ)

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، سلاو ورەحمەت بۆ سەر پێغەمبەر و یار و هاوەڵانی... پاشان:

یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمانان بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری ئەو هەڵوێستانەی کردووە کە لە پاپای ڤاتیکانەوە دەرچووە لەو کاتەی کە موحازەرەکەی داوە لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەڵمانیان لە بەرواری ١٩ی شەعبانی ١٤٢٧ ك بەرامبەر ٢٠٠٦/٩/١٢ز.

تێبینی ئەوەمان کرد کە سەرەڕای رەخساندنی هەلی گونجاو بۆ پاپا بەمەبەستی سڕینەوەی قسە ناڕەواکانی و سوکایەتیکردنی بە موسڵمانان و ئاینەکەیان و قورئان و پێغەمبەرەکەیان (دخ)، هەروەها یەکێتیەکەمان لەسەر زاری فەزیلەتی دکتۆر (یوسف قەرزاوی) و ئەمینداری گشتییەکەی دکتۆر (موحەممەد سەلیم عەوا) چەند جارێك پێویست نەبوون بە داوای لێبوردنی (پاپا )ی رایگەیاندووە، چونکە داوای لێبوردنی پاپا دوای ئەو سوکایەتیکردنە مەسەلەکە نە پێش دەخات و نە دوای دەخات و تەنها سڕینەوەی قسەکانی ناوبراو لە دەقی ڕەسمی موحازەرەکەی بەسە، بەڵام ئەم بانگەوازە هیچ لایەك گوێیان لێنەگرت. تەنها

---

[1] ئەم بەیاننامەیە رۆژی چوار شەممە ٢٠٠٦/٩/٢٧ دەرچوو بگەڕێوە بۆ (http://www.iumsonline.net/articls/٢٠٠٦/٠٩/٠١٥ .shtml)

هێنده نەبێت کە پاپا جارێك لە میانەی قسەکردنیدا  بە ئاماژە نیگـەرانی خـۆی لـەوە نیشان دابـوو کـە خـراپ تێگەیشـتن لەقسـەکانیدا روویـداوە، واتـە موسـڵمانانی بـەوە تۆمەتبارکردوە کاتێك کە توڕبوون لەسەر ئاین و پەڕاو وپێغەمبەرەکـەیان بـەوەی کـە تێنەگەیشتوون، هەروەها چەند جارێکیش ئەوەی دووپاتکردبووەوە کە گواسـتنەوەی دەقی وەرگێراوەی قسەکانی ئیمپراتۆری بێزەنتی ئەرسەزۆکسی (کە پاپـا بـە غـەیرە مەسـیحی داینــاوە)  گوزارشــت ناکــات لــە بیروبۆچــونی ئــەو، لەگــەڵ ئــەوەی کــە موحازەرەکــەی هــەر لەســەرەتاوە هــەتا کۆتــایی لەســەر بنــەمای قســەکانی ئــەو ئیمپراتۆرە دامەزرابوو، ئەمـەش نیشـاندەری ئەوەیـە کـە پاپـا مەبەسـتیەتی تەبـەنی ئەوەبکات کـە  گواسـتوویەتییەوە،  پاشـان بینـای لەسـەر بکـات و جـەخت بکاتـەوە لەسەر واتا خراپەکانی لە گوێی بیسەرانیدا، کە ئەوانیش بریتین لـە هـەمووی جیهـانی کاسۆلیکی.

هەروەها یەکێتیەکەمان تێبینی ئەوەیشی کردووە سەرجەم قسـەکردنەکانی پاپا کە باسی لە بابەتی موحازەرەکەی کردووە و هەموو ئەو سوکایەتیکردنەی تیایدا هاتبوو لەسەر ئیسلام، ئامـاژەی داوە بـە ئاینـەکان و ئامـاژەی داوە بـە موسـڵمانان، تـەنها بۆ یەکجاریش باسی ئـاینی ئیسـلامی نـەکردووە. کـاتێکیش یـەکێتی جیهـانیی زانایان تێدەگات لە هەڵوێستی کاسـۆلیکیەت لەسـەرجەم ئـاین و بیروباوەڕەکـانی تـر ئەوا ناتوانێت دەرهاویشتنی ئیسلام بە تەنها لە زومـرەی ئاینـە جیهانییـە گـەورەکان ( کە کاسـۆلیکیەت بـڕوای بـە ئـاین بوونیـان نییـە) و پاشـان باسـکردنی ئـەو ئاینانـە بەشێوەی کۆ و باسکردنی موسڵمانان وەك کۆمەڵە و گەلان نەك وەك خاوەن ئـاین بـا ڤاتیکانیش نکولی لێبکات.

لە هەمان کاتدا یەکێتیەکەمان تووشی سەرسوڕمان هات بەوەی پاپا کاتێـك لە ئێوارەی دووشەممە ٢ی رەمەزانی ساڵی ١٤٢٧ ك بەرامبـەر بـە ٢٠٠٦/٩/٢٥ چـاوی کەوت بە باڵیۆزی متمانەپێکراوی وڵاتانی ئیسـلامی لای ڤاتیکـان، بـە هـیچ شـێوەیەك باسی موحازەرەکەی نەکرد و تەنها بەباسـکردنی گفتوگـۆی نێـوان ئاینـەکان کۆتـایی پیێ هێنا بەو پێودانگەی کە زەرورەتی ئایندەیە ـ هەروەك بانگەشەی بۆ کرد ـ

لەبەر ئەوە و لەبەر رۆشنایی ئـەوەی لەپێشـەوە باسـکرا، یـەکێتی جیهـانی زانایان رایدەگەیەنێت کە ئەو گفتوگۆیەی پاپـا بانگـەوازی بـۆ دەکـات لـەبار نییـە و نامەعقوله، چونکە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:﴿ وَلاَ تُجَادِلُواْ أَهْـلَ الْكِتَـابِ إِلاَّ بِـالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ ﴾ (العنبكوت: ٤٦)، ئێمەش لەسـەر زاری پاپـا وە سـتەمێکی زۆرمـان لێکـراوە هـەرگیز ئـەوەی کـە لـە دیـداری لەگـەڵ باڵیۆزەکانـدا گوتوویەتی لای نابات..

بەڵکو قورئانی پیرۆز رێگری کردووە لە دانیشـتنی موسـڵمانان لەگـەڵ ئـەو جۆرە کەسانەی گاڵتە بە پەڕاوەکەیان دەکەن، وەك دەفەرموێت:﴿ نَـزَّلَ عَلَـيْكُمْ فِـي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللّهِ يُكَفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُـواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذاً مِّثْلُهُمْ﴾( نساء: ١٤٠).

لەبەر ئەوە یـەکێتی جیهـانی زانایـانی موسـڵمانان بڕیاریـدا کـە هـیچ جـۆرە پـەیوەندییەك و لە هەر جۆرێك بێـت لەگـەڵ ڤاتیکـان یـان دامـەزراوەکانی تـری یـان نوێنـەرەکانی لای وڵاتـانی عـەرەبی و ئیسـلامی و لەسەرئاسـتی وڵاتـانی جیهـان دا نەکات، تا ئـەو کاتـەی لـە پاپـاوە هەڵوێسـتی نـوێ دەردەچێت و وادەکـات ئەگـەری ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی بونیاتنەر لە ئارادا بێت، هەروەها یـەکێتیی جیهـانی زانایـان ئەم بڕیارە بۆ جیهانی ئیسلامی رادەگەیەنێت و داوادەکات لە بەرپرسـە ئاینییـەکان و سیاسیەکان تا هەڵوێستکی ئەو تۆ بگرنە بەر کە ئاین و ویژدان و کەرامەتی ئوممەت و شانازیکردن بە ئینتیما بۆ رێبازی پێغەمبەر(دخ) و شوێنکەوتەکانی دەیخوازێت. ئەم پەیوەندی پچڕاندنە رۆشنبیرییە لانی کەمی ئەوەیە کە پێویستە لەسەر موسڵمانان تـا بیگرنە بەر بەرامبەر بە سوربوون و پێداگری ئەوانەی ناگەڕێنەوە بۆ حەق و راستی و لوتبـەرزی رون و ئاشـکرا دەنـوێنن لەسـڕینەوەی دەسـتەواژە نـاڕەوا و سـوکایەتی پێکەرەکان بە موسڵمانان لە موحازەرەکەی پاپادا.

لـە هەمانکاتـدا بـەلای یـەکێتی جیهـانی زانایانـەوە گرنگـە تـا بـیری پاپـا و سـەرجەم مەسـیحییەکانی بهێنێتـەوە بـەوەی قورئـان وەسـفی قەشـەی گاورەکـان و عەوامەکانی پێکردووە لە ئایەتی :﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّـذِينَ آمَنُـواْ الْيَهُـودَ

وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَاناً وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ (٨٢) وَإِذَا سَمِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَآ آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ (٨٣)﴾ (المائدة: ٨٢-٨٣)

کەمترین چاوەڕوانی کە موسڵمانان لە مەسحییەکان هەیانە بریتییە لە نموونەی ئەو دادگەری و ویژدانە کە بەبێ ئەوە ناتوانرێت پەیوەندییەکی راست و دروست لە نیوان هەردوو گروپەکەدا دابمەزرێت و هەروەك هیچ گفتوگۆیەکیش لەم بوارەدا نا بێتە هۆی بەخشینی بەروبوومی باش و گونجاو.

والحمد الله رب العالمين

ئەمینداری گشتی. سەرۆکی یەکێتی

دکتۆر موحەممەد سەلیم عەوا. دکتۆر یوسف قەرزاوی

## ئیسلام و رۆژئاوا : کامیان شەر لە دژی ئەویتر دەکات؟

زۆربەی سیاسیەکانی رۆژئاوا لە میانەی هۆکارە زەبەلاحەکانی راگەیاندن و لەشکرە راگەیاندنەکان و شرۆڤەکارە راهێنراوەکانیانەوە دەتوانن حەقیقەتەکان بگۆڕن، حەق بە ناحەق وێنە بکەن و پێچەوانەی واقیع بچەسپێنن، تاوای لێدێت قوربانی وەك ستەمکار دەربکەوێت و ستەمکاریش وەك ستەم لێکراو، هەر ئەمەشە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی لە فەلەستین و ناوچەکانی دیکە بە دی دەکەین.

لەبەر ئەوە ئەو کەسانە توانییان کە وێنەی ئەوە بکێشن ئیسلام بریتییە لە ئاینی ئیرهاب، موسڵمانان خۆیان دەستدرێژیکارن و خۆیان بەشێوەیەکی گشتی شەڕ لە دژی رۆژئاوا دەکەن، هەر ئەوانن کە رقیان لە رۆژئاواو ژیار و بەها دیموکراسیەکانی دەبێتەوە...

بەڵام حەقیقەت بریتییە لە پێچەوانەی ئەوە، ئیسلام لە رووی تیۆریی و کردارییەوە بریتییە لە ئاینی میهرەبانی و لێبوردەیی - وەك پێشتر باسمان کرد- هەروەها موسڵمانانیش ستەم لێکراون و لەسەر دەستی زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوایی

زەجــر و ســتەمیان چەشــتووە ( ئــەوەش لــە ڕێگــەی داگیرکردنــی وڵاتــەکانیان و زەوتکردنــی ســەروەت و ژیاریــان و کوژراندنــەوەی ناســنامەیان و پشــتگیریکردنی دکتاتۆرەکان...) هێشتاش لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەراندان، بەردەوام لە هەوڵی بە دەستهێنانەوە ئازادی تەواوی خۆیاندان، هێشتا بە لاوازترین ئەو قۆناغانەدا تێپەڕ دەبن کە ئوممەتی ئیسلامی پیا تێپەڕیوە...

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەردەوام زۆربــەی ســەرکردەکانی ڕۆژئــاوا وەك بــە چاوی دوژمنی یەکەمی ڕۆژئاوا و ژیارەکەی لــە ئیســلام و موســڵمانان دەڕوانــن، پــاش هەرەســهێنانی یــەکێتی ســۆڤییەت کــە ئیســلام و موســڵمانان لــەو هەرەســهێنانەیدا بەشداری گەورەیان هەبوو ـ وەك پێشتر باسکرا ـ یەکــەم کــۆنگرەی ســەرانی وڵاتــانی (پەیمانی ناتۆ) لە لەندەن و لە نیوەی یەکەمی مانگی تــەمووزی ســاڵی ١٩٩٠ دا پــاش هەڵوەشــاندنەوەی  چــەك و چــۆڵی ســەربازی وڵاتــانی کوتلــەی ڕۆژهــەڵاتی (پێشــوو) لەلایەن (پــەیمانی وارشــۆ)وە، ئــەو کۆبونەوەیــە وەســفکرا بــە گــرنگترین کۆبونــەوەی پــەیمانی نــاتۆ لــەو کاتــەوەی لــە ســاڵی ١٩٤٩ دامــەزراوە، لــەو کۆبوونەوەیــەدا ڕووبەڕوووبونەوە لە گەڵ ئیسلام لە نێو ئەجێندای کارەکانیدا بوونی هەبوو، بەڵکو لــە گرنگترین بەندەکانی نێو ئەجێنداکەی بوو، لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئیتالیا کــە سەرۆکایەتی خولی ئەو کاتەی ئەنجومــەنی وەزاری ئــەورووپی دەلالــەتی لەمــە دەکــرد، ئــەوەبوو گۆڤــاری (نیوزیــك لــە ژمــارەی ٢ی تــەمووزی ســاڵی ١٩٩٠ لــە لاپــەڕە ٥٦) گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کردبوو، پرسیاری دەربــارەی زۆر لــە مەســەلەکان لێکردبــوو بــە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە داهاتووی پەیمانەکەوە هــەبوو، هــەروەها دەربــارەی ناونیشانی بابەتەکە کە ئەویش بۆچی پێویست دەکات ئەرکی ناتۆ بگۆڕدرێت؟ یەکێك لە پرسیارەکانیش بەدەق ئەمە بووبوو:" مادەم ڕۆژئاوا لە کوتلەی ڕۆژهەڵاتــەوە ئــیتر هەڕەشەی سەربازی لەسەر نییە، کەواتە ئەوروپا پێویستی بــەو هێــزە لێــدەرە چییە کە پەیمانەکە هەیەتی ؟"

لەوەلاَمــدا وەزیــری درەوەی ئیتالیــا  گووتبــووی :" کــارێکی هەڵەیــە کــە شلگیری بنــوێنین دەربــارەی ئــەو ڕێکخــراوە ئەمنییــە کــە پــێش چــل ســاڵ بنیــاتنرا،

هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە ئەوروپا بەرەو قۆناغی ئاشتی دەڕوات، بەڵام شڵەژان و نائارامی هێشتا درێژەی هەیە لە ناو هەندێك لە وڵاتانی پەیمانی رۆژئاواییدا وەك یۆنان و تورکیا " دواتر زیاد لەسەری دەڕوات و دەڵێت:" راستە کە رووبەڕووبونەوەی لەگەڵ شیوعیەت نەماوە، بەڵام رووبەڕووبونەوەیەکی دیکە لە ئارادایە کە دەکرێت جێگەی بگرێتەوە، ئەویش روبەرووبونەوەیە لە نێوان جیهانی رۆژئاواو و جیهانی ئیسلامیدا."

پاشان گۆڤارەکە پرسیارێکی تر دەکات و دەڵێت: چۆن دەتوانرێت خۆ بەدوور بگیرێت لەو رووبەڕووبونەوەیە؟ لە وەڵامدا وەزیرەکە دەڵێت:" دەکرێت ئەوروپا گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی زیاتر سەرنجراکێش و قبوڵکراو لەلایەن ئەوانی دیکەوە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا."

مامۆستا فەهمی هوەیدی دەڵێت: « نامانەوێت زیادەڕەوی بکەین لە مەسەلەکەدا... بەڵکو دەمانەوێت حەق بە قسەکان بدەین بەبێ گەورەکردن یان بچوککردنەوە، ئەو قسەیە لە بەرپرسێکی گەورەی دەوڵەتێکی ئەوروپی خاوەن پێگەوە دەرچووە، بەڵکو لە کۆمەڵەی ئەوروپییەوە دەرچووە کە نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاسی کیشوەرەکە دەکات و لە سەروبەندی کۆبونەوەی سەرانی هاوپەیمانی رۆژئاوایی بڵاوکراوەتەوە، کەسەکە گرنگە و بۆنەکەش گرنگە، ئەمە ئەوە دەخوازێت بەقەدەر ئەوەی لێدوانەکە شایەنییەتی لە جددیەت و بەرپرسیارێتی پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکەین.

پاشان دکتۆر هوەیدی دەڵێت: ئەوەی زیاتر بانگەشەکان پشت راستدەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمە یەکەمجار نییە ئاماژە دەدرێتە بابەتەکە، خستنەرووی ئەم بابەتە لە مێژەوە لەلایەن رۆژنامە ئەوروپی و ئەمەریکییەکانەوە کاری لەسەرکرابوو، هەر لەوکاتەوەی کە شۆرشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران سەرکەوت، ئەوەش باس و خواسێك بوو کە بەم دواییانە گەیشتە چڵەپۆپە لەسەروبەندی ئەو ئاژاوە و تێکچوونەی بە هۆی دەرچوونی کتێبی (ئایاتی شەیتانی ) لە سەرەتای ساڵی رابردوو کەوتەوە، دەگونجێت رۆژنامەی (تەلەگراف) ی بەریتانی

لە نێو ئەوانـەدا بێـت کـە بـەرروونی گوزارشـتی لـەو هەڵوێسـتە کردبێـت، ئـەوەبوو لـە ژمارەی رۆژی ١٩ی شوباتی ١٩٨٩ ز هەستا بەبلاوکردنەوەی دوو گوتار یـەکێکیان بـە ناوی (بۆچی رۆژئاوا ناتوانێت دوژمنایەتی ئیسلام لە یاد بکات) و ئـەوی دووەمیشـیان بـە نـاوی (ئێمـە پێویسـتمان بـە کۆمـەکی و یارمـەتی پەنـد و وانـەکان هەیـە لـە رووبەڕووبونەوەی ئیسلامدا)، دواین شـت کەوتـە بەردەسـت لـە نووسـراوەکانی ئـەم ئاراستەیە گوتارێك بوو کە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەری ١٩٩٠ دا بلاویکـردەوە لـە ژێرناونیشـانی " کـەوانی قەیرانـە نوێیـەکان - راپـەڕینی ئیسـلامی جیهانی".

سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی کە رۆژنامەگەری رۆژئاوا قسـەی لەسـەر دەکـات، بەدەنگی بەرز لە واشنتۆن لە مانگی کانونی دووەمی ئەم ساڵدا بیستم، کاتێك کـە لـە نێو سیاسی و ئەکادیمییەکاندا بـە راشـکاوانە هـەمان لێدوانـەکانی وەزیـری دەرەوەی ئیتالیایـان دەگووتــەوە، بەلایانــەوە وابـوو کـە رووبەڕووبونــەوە دژ بـە ئیسـلام و موسڵمانان ئەڵتەرناتیڤێکی پاڵێوراوە بۆ ئەو رووبەڕووبونەوەیەی کـە خەریکـە دژ بـە سـەربازگەی شـیوعیەت رۆژهـەلاتی کۆتـایی دێـت، کـە چـیدی وەك سـەربازگە نەماوەتـەوە، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی شـیوعیەت بـەرەو چـوونەوە یـەك دەچـێت و رۆژهەلاتی بوونەکەیشی بووەتە مەسەلەیەکی جوگرافی نەك زیاتر!

تێبینی ئەوەشم کرد کە ئەم خاڵـە خەریکـە دەبێتـە یـەکێك لەرەگـەزەکانی ئـەو پـرس و جـو کردنـەی هەنـدێك لـە رۆژئاواییـەکان لـە میسـر - دیپلۆمـات و رۆژنامەنوسـەکان - خۆیـانی لێـدەدەن و لـە دەوری سـێ خاڵـدا دەسـوڕێتەوە کـە ئەوانیش: هەڵوێستی ئیسلامییەکانە لە (ئیرهاب)، (نا موسڵمانەکان) و (ئـافرەت)ە ــ لەم دوو ساڵەی دواییشدا بە شێوەیەکی تایبەت خاڵی چوارەمیش بـۆ لیسـتەکە زیـاد کرا کە بریتی بوو لە: هەڵوێست لە رۆژئاوا!.

نامانەوێت بچینە ناو وردەکاری شایەت و گەواهییەکانەوە، مەسەلەکەی پـێ براوەتەوە کە مەسەلەی ئەگەری رووبەڕووبونەوەی نێوان رۆژئاواو ئیسلام خەریکـە

دەبێتە کێشەیەکی وروژێنراو لە بیری ستراتیژی ڕۆژئاواییدا لە ئێستادا زیاتر لـە کـاتی دیکە. »[1]

ئەوەشی دەکرێت ئامـاژەی پێبـدەین ئەوەیـە کـە قسـەکانمان و قسـەکانی بیرمەنـدە ئیسـلامییەکان مەبەسـت پێـی گشـتاندن نییـە، بـەڵکو قسـەو باسـکردنە دەربارەی سیاسەتی ستراتیژیەتی ڕۆژئاوایی کە وڵاتە زلهێزەکان دەسەڵاتیان گرتـووە بەسەریدا و دویستڕێت جێبەجێبکرێت، هەروەها دەکرێت جیاکاریش بکەین لـە نێـوان ئیسلام بەو پێودانگەی کـە ئـاین مەبەسـت پێـی ڕەحمـەت و میهرەبانییـە بـۆ هـەموو خەڵکی جیهان، لەگەڵ موسڵمانانی ئەمڕۆ کە دەناڵێنن بە دەست سـتەم و داگیرکـردن و چەوسـاندنەوە سـەرکوتکردنەوە، کـە دەکرێـت لـە هەندێکیانـەوە هەڵسـوکەوت و ڕەفتاری نا بەرپرسانە دەربچێت، لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنایەتی موسلمانان بۆ ڕۆژئاوا ـ گەر هەبێت ـ دوژمنایەتییەکی سیاسییە نەك دوژمنایەتییەکی ئایـدۆلۆژی، موسـڵمانێك نابینیت کە دژایەتی ڕۆژئاوا بکات لەبەر ئەوەی کە ڕۆژئاوایە، لە کاتێکـدا دوژمنایـەتی ڕۆژئاواییەکان دژومنایەتییەکی سیاسی و عەقیدەییە، موسڵمانان خەفەتبار بـوون بـە سەرکەوتنی بتپەرستە فارسەکان بەسەر ڕۆمەکان (ڕۆژئـاوا و مەسـیحییەکان)، خـوای گەورەش مژدە دەدات بەسەرکەوتنیان (واتە ڕۆمەکان)، وەك دەفەرموێت: ﴿الـم (١) غُلِبَتِ الرُّومُ (٢) فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ (٣) فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّـهِ الأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤) بِنَصْرِ اللَّـهِ يَنصُـرُ مَـن يَشَـآءُ وَهُـوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٥) وَعْدَ اللَّهِ لاَ يُخْلِفُ اللَّـهُ وَعْـدَهُ وَلَـكِنَّ أَكْثَـرَ النَّـاسِ لاَ يَعْلَمُـونَ﴾ (الروم: ١-٦).

تا ئێستاش گوتاری ئیسلامییە ئیسلاحییەکانی وەك (ئەفغانی و موحەممەد عەبـدە و ڕەشـید ڕەزا ) و خـاوەنی ڕێبـازە میانـەڕەوەکان و گروپـە ئیسـلامییە میانـەڕەوەکان لـەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا، نـە لـە بەرنامـە و نـە لـە گوتـارو

---

١- فەهمی هوەیدی: گوتارە هەفتانەییەکەی لە ڕۆژنامەی (الشرق) ی قەتەری لە ٢٥ی ذی الحجة ١٤١٠ ك بەرامبەر بە ١٩٩٠/٧/١٧.

ئەدەبیاتەکانیانـدا دوژمنایـەتی و رق لێبوونـەوە لـە رۆژئـاوا لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەوە رۆژئاوایـــە بـــەدی ناکرێـــت، هـــەروەها بەرامبـــەر رۆژئاواییـــەکانیش هـــیچ رق و دومنایەتییـەکان نییـە، بـەڵکو بانگـەواز دەکـەن بـۆ سـوود وەگـرتن لـە زانسـتە بەسـوودەکانی رۆژئـاوا و مافـەکانی مـرۆڤ و ئازادییـە سیاسـی و ئابوورییـەکان و میکانیزمـەکانی دیموکراسـیەت و ئـەو شـتانەی دیکـەش کـە دژ ناوەسـتنەوە لەگـەڵ شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا، هەروەها بانگەواز دەکەن بـۆ پێکـەوە ژیـان و گفتوگـۆ، بـەڵکو هەمووشـیان دژ بـە سـتەم و داگیرکـاری و هەڵوێسـتی سیاسـی نادادپـەروەر و پێوانە کردن بە دوو پێوەرن....

خۆ گەربێتوو لێـرەو لـەوێ کەسـانێك یـان کۆمەڵگـەلێك یـاخود دەوڵـەتانێك هەبن کە هێرش بکەن سەر رۆژئاوا، ئەوانەش هەل و مەرج و رەوشی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و ناشـێت بەسـەر ئیسـلام و موسـڵماناندا بگشـتێنرێت، لـەم بارەیـەوە فـەهمی هوەیدی دەڵێت:" شۆڕشی ئیسلامی لە ئێـران بـە گوتـار و هەڵوێسـتەکانی نمونەیـەك بوو لە هەڵوێستی ئیسلامی نەیار و دژ بە رۆژئاوا، بە ووردتر ئەم هەڵوێستە بە تایبەت جێبەجێـدەبێت بـە سـەر کۆمـاری یەکەمـدا کـە (ئایـەتوڵا خومـەینی) سـەرکردایەتی دەکرد، بەڵام لە کۆماری دووەمیدا ـ لەم قۆناغـەدا ـ ئـەو مەسـەلەیە بووەتـە جێگـەی پێداچوونەوە...

تەنانەت گـەر ئـێران وەك رابـردووی لەسـەر هەڵوێسـتی خۆیشـی سـووربێت، بەڵام هەر ناهەقییە کە ئـەو هەڵوێسـتە بگشـتێنرێت بەسـەر هـەموو موسـڵماناندا یـان بەسەر ئیسـلامدا، بـەڵکو راسـتر وایـە کـە لـە چـوار چـێوەی شـارەزایی ئێرانیـدا لێـی تێبگەن کە دوو جار تاڵاوی چەشتووە لە زۆرداری رۆژئـاوا و جەبـەروتی ئـەو رژێمـەی ئەوان پشتگیریان دەکرد و یارمەتیان پێدەدا.

دەشێت گرێژنە و گرێی دوژمنایەتی رۆژئاوای هاوچەرخ بۆ ئیسلام ئـەوەبێت کە نایەوێت چاو لابدات لەسەر ئێران و ئەو گروپە توندڕەوانـەی جیهـانی عـەرەبی کـە هـەموویان بـە ـ ئیسـلامی و نائیسـلامییەوە ـ لەبـەر ەنجـامی ئـەوەوە دوژمنایـەتی رۆژئاوا دەکەن و رەتیدەکەنەوە، لە کاتێکدا فراوانبوونی بواری بینین و چاوخشـانەوە

بە گۆڕەپانی ئیسلامیدا بە فراوانبـوونی پانتاییەکـەی، واتـا و ئاماژەیـەکی جیـاواز بـە دەستەوە دەدات و ئەو دوژمنایەتییە راگەیەنراو بێ بیانووە تێـدە پـەڕێنێ و دەروازە دەکاتەوە بـەرووی بـەرزی و نشـێوەکانی دیکـەدا بـۆ ئـەو پەیوەندییانـەی لـە نێـوان قبولکردن و دوو دڵیدا دێت و دەچێت و لە هەموو بارەکاندا رێژەیی و بیانوو دارە»[1]

## ئیشکالیەتی سیاسییەکانی رۆژئـاوا :

ئیشـکالیەتی زۆربـەی سیاسـیەکانی رۆژئـاوا لـە سێکوچـەکەیەکی زاڵکـردوو بەسەر بیرکردنەوەیاندا خۆی دەبینێتەوە کە ئەوانیش بریتین لە :

١- زەرورەتی هەبوونی دوژمنێك لەبەر چاویاندا، یان دروستکردنی ئەو دوژمنە بۆ ئەوەی ببێتە بیانووی هەموو ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت، هەروەك هـەمان حاڵـە سەبارەت بە ئەمەریکا لە راگەیاندنی جەنگە جیهانییەکەی بەسەر ئیرهـابی ئیسـلامیدا و بـە هـۆی ئەوەشـەوە راسـتەخۆ بێـت یـان ناراسـتەوخۆ زۆربـەی وڵاتـانی ئیسـلامی داگیرکرد.

٢- کاریگەربوون بە سیاسەتە ئاینییەکان کە خۆیان دەبیننەوە لە زایۆنییەتی جیهانی، هەروەها کاریگەر بوون بە مەسیحی راستڕەوی توندڕەو.

٣- سـەپاندنی بـەها رۆژئاواییـەکان و نموونـەی رۆژئـاوایی - بـە هەمووئـەوەی تێیدایەتی لە چاکە و خراپەکانی و رەوا و ناڕەواکانی و کەرامەت و توانەوە لـە نێـو کەندەڵانی سێکس تادەگاتە زەواجی نێوان یەك رەگەز (نێر لەگەڵ نێر و مـێ لەگـەڵ مێ ) - بەسەر جیهاندا، هەر ئەمەش بوو کە سەرۆکی خولی پەیمانی ناتۆ لە تـەمووزی ١٩٩٠ ز دا رایگەیاند بە دارشتنی ستراتیژیەتی رۆژئاوایی پاش هەرەسـهێنانی یـەکێتی سۆڤییەت - وەك پێشـتر باسـکرا - هـەروەها هـەمان ئـەم بۆچوونەشـە کـە (سـامۆئیل هـانتینگتۆن و فۆکۆیامـا و بێرنـارد لـویس) و کەسـانی تـریش، جـەختیان لەسـەر

---

١- فەهمی هوەیدی : گوتارە هەفتانەییەکەی لە رۆژنامەی (الشرق) ی قەتەری لە ٢٥ی ذی الحجة ١٤١٠ ك.

کردۆتەوە هەروەها (پەیمانگای راند) یش ـ وەك باسکرا ـ بەلایانەوە وایە کە جیهان لە مەترسیدایە گەربێتوو نمونەی رۆژئاوایی جێبەجێنەکرێت.

لەلایەن خۆشیەوە قورئانی پیرۆز باسی لەم حاڵەتە کردووە کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ﴾ (البقرة: ٢١٧).

کەواتە رۆژئاوا تەنها بەو پێودانگە ئیسلام رەتناکاتەوە کە ئاین و عەقیدەیە، بەڵکو پرۆژەی ژیاری ئیسلامیش رەتدەکاتەوە، هەروەك سەربەخۆیی ژیاری موسڵمانان و تەنانەت سەربەستی تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامی لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکانیشیاندا رەت دەکاتەوە...

هەروەها رۆژئاوای سیاسی نایەوێت دیموکراتیەتی رۆژئاوایی بە شێوە ئازا و رەهاکەی جێبەجێبکرێت، چونکە کەسانێك لە ئیسلامیەکان و کەسانی دیکەش سوودی لێوەردەگرن کە لەسەر رێبازەکەی نین ، لەم بارەیەشەوە راپۆرتەی پەیمانگای راند دەڵێت:" نابێت رۆژئاوا پشتگیری عەلمانییەتیش بکات (واتە وەك ئیسلامی تەقلیدی) بە شێوەیەکی رەها چونکە هەندێکیان رقیان لە رۆژئاوا دەبێتەوە، یاخود ئەجێندای تایبەتی خۆیان هەیە[١]، لەبەر ئەوە ولآتانی زلهێزی رۆژئاوایی پشتی هەر رژێمێك دەگرێت ـ هەرچەندە دکتاتۆری و سەربازی و پاشایەتی بێت ـ "بەو مەرجەی پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانیان بکات، چونکە تۆماری ولآتە ئیستیعمارییەکان لەگەڵ گەلانی ئیسلامیدا لە زۆربەی هەڵوێستەکانیان گەر نەڵێن هەمووشیان نە مەبدەئی و نە ئەخلاقییە.

زۆر بە کورتی، دەتوانین بڵێن زۆربەی سیاسیەکانی رۆژئاوا ( بە تایبەت لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و...) یەك شتیان دەوێت، ئەویش برتییە لە پاشکۆیەتی، هەر ئەمەش قورئان گوزارشتی لێکردووەبە شێوەیەکی رون و ئاشکرا

---

١- راپۆرتی ئاماژە پێدراوی پەیمانگای راند

کاتێك دەفەرموێت: ﴿وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ﴾ (البقرة: ١٢٠). وشەی (ملە) ئاین و بەها و نمونەکانی رۆژئاوا دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوە تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەواندایە، وروژاندنی ململانێکە لەلایەن ئەوانەوەیە، هەر رۆژێکیش ئەو سیاسەت و رەفتارانە گۆڕان بۆ سیاسەتی دادپەروەری لەگەڵ موسڵمانان، ئەوا جیهانی ئیسلامی پیرۆزباییان لێدەکات و بێ هەبوونی ئەوەش ئەوا لە بازنەی کاردانەوە و ململانێکاندا دەمێنینەوە، راستە هەندێك دەوڵەتی رۆژئاوایی سوود لەو ململانییانە وەردەگرن - وەك باسکرا - بەلاَم لە کۆتاییەکەیدا، ئەوا دەبێتە بەلاَ و کارەسات بەسەریانەوە و دەبێتە کۆتایی هاتنی هێزیان، ئەمەش سوننەتی خوای گەورەیە لە نەتەوە و گەل و ئیمپراتۆریەت و ژیارەکاندا ﴿وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ (آل عمران : ١٤٠ ).

## جۆرەکانی ترسی دەرکەوتوو لە پەیوەندی ئیسلامی ئەوروپیدا :

ترسێکی زۆر هەیە کە رۆژئاوا بەرامبەر بە موسڵمانان بە شێوەیەکی گشتی و عەرەب بەشێوەیەکی تایبەت دەوروژێنێ، ئەو ترسەش دوو وێنەی هەیە: وێنە دیارو رواڵەتییەکەی کە خۆی دەبینێتەوە لە بزوتنەوە ئیسلامییە توندڕەو و ئوسولییەکاندا - بەپێی گوتەی خۆیان - لە ئیرهابی ئیسلامیدا، بۆ ئەم ترسەشیان هەموو ئەوکارانە دەهێننەوە کە دەدرێتە پاڵ ئەو بزوتنەوانە یاخود (رێکخراوی قاعیدە) لە رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و هەروەها تەقینەوەکانی دیکەش لە ئەوروپا و بە تایبەت رووداوی تەقینەوەی شەمەندەفەرکەی مەدرید و تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئەفریقیا و زۆری کاری دیکەی تێکدەر و ئەنجامدانی تەقینەوە لە ئەمەریکا و ئەوروپا کە هەزاران ئەوروپی و ئەمەریکی بوونەتە قوربانی ئەو تەقینەوانە.

هەروەها ترسی خۆیان ناشارنەوە لەو توندڕەوانەی لە ناو رۆژئاوا دەژین لە رێگەی پەناهەندەیی سیاسی و دەستراگەیشتن بە رەگەزنامەی ولاَتانی رۆژئاوایی لەگەڵ ئەوفەتوا توندانەی کە دەیدەن بە حەلاَڵکردنی ماڵ و موڵکی رۆژئاواییەکان...

بەلاّم وێنەی راستەقینەی ترسی ئەوروپی و ئەمەریکییەکان بریتییە لە ترس لە خودی ئیسلام بەوەی کە لە ناویاندا بلاّوببێتەوە و ببێتە ئاینی یەکەم دوای ئەوەی رۆڵی ئاینەکانی دیکە کۆتاییان هات خەڵکی لە بۆشاییەکەی رۆحیدا دەژین و دەترسن ئەو بۆشاییەش بە ئاینێك پڕبکرێتەوە کە هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان ئەوەی جەستە و رۆح و ژیری و فیکر پێویستیان پێیەتی بەشێوەیەکی یەکسان، دیارە ئەمەش تەنها لە رێگەی ئیسلامەوە دێتە دی. ئەزموونەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە هەرکەس ئیسلامی راستەقینەی ناسیبێت ئەوا زۆری نەبردوو بە ویستی خوای گەورە موسڵمان بووە.

هەروەها ترسی راستەقینەیان لە رابوونی یاخی بوو هەیە ـ هەروەك خۆیان ناویان ناوە ـ هەستانەوەی لەو خەوە قوڵەی تێی کەوتووە و پاشان یەکگرتنی و پێکهێنانی یەك دەوڵەت یان دەوڵەتێکی فیدراڵی یان مەنزومەیەکی فیدراڵی کە ملیارێك و چوار سەد ملیۆن موسڵمان لە خۆی بگرێت و هەژموون بگرێت بەسەر ناوچە جوگرافییەکانی دیکەدا کە بە ستراتیژی ترین و مەترسیدارترین ناوچە دێنە ژماردن لەهەموو رووەکانییەوە کە ئەویش برتییە لە ناوەڕاستی نێوان باکوور و باشوور و رۆهەلاّت و رۆژئاوا، هەروەك زۆربەی رێڕەو و تەنگەبەرە دەریاییەکان و هێڵەکانی پێکەوە بەستنەوە سەرجەم ناوچەکانی جیهانی لە خۆی دەگرێت، ئیتر با دەوڵەمەندیی جیهانی ئیسلامی لەو لاوە بوەستێ بە کەرەستە و مادەی خاو لە نەوت و گاز و ئاسن و...هتد کە هەموو جیهان متمانە دەکەنە سەری و بەڵکو، بە بڕبڕەی پشتی ژیاری رۆژئاوایی دادەنرێت.

ئوممەتێك گەر ئەمە ژمارەکەی بێت و ئەوەش ئیمکانییەتەکەی بێت گەرهاتوو یەك بگرێت ئەوا رۆژئاوا وا وێنای دەکات کە ئاراستەی ئەو کراوە، ئەوەی لەبیر چووە یان لە بیری خۆی برۆدتەوە کە ئەوە ئومەتی (رحمة للعالمين) ە و خاوەنی پەیامی مرۆیی و بەرژەوەندی و خێر و کەرامەتی هەموو خەڵکییە.

چونکە رۆژئاوا لە یەکێتی موسڵمانان و هێزەکەیان دەترسێ، نەبادا جارێکی تر بڕینی نەوت لە رۆژئاوا دووبارە ببێتەوە هەروەك لە ساڵی ١٩٧٣ز و لە

کاتی شەڕی ١٠ ڕەمەزانی پیرۆزدا رویدا و چاو لەو مافە دەنوقێنن کە بـەکار بهێنرێت بەرامبـەریان بەمەبەسـتی سەرخسـتنی مـافی  ئیسـلامی عـەرەبی فەلەسـتینی لـە فەلەستین.

هـەروەها ڕۆژئـاوا لـە ئیسـلام دەترسـێت بـەو پێودانگـەی کـە پـەیامێکی گشتگیرە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بۆ هەموو ئەوەی لە مرۆڤدا هەیە لە ڕۆح و لەجەسـتە و لـە فیکـر و هەسـت سـۆز و ژیـری، دە توانێـت بەرامبـەر فەلسـەفەی ڕۆژئـاوا و ئایدۆلۆژیاکـەی بوەسـتێتەوە، هـەروەك ڕۆژئـاوا لێـی دەترسـێ بـە پێـودانگی هێـز و کاریگەرییەکـەی لەسـەر مرۆڤـەکان و توانـای بەسـەر بەختەوەرکردنیانـدا لەرێگـەی ئاراستە و ڕێنمونییەکانییەوە، لە هەمانکاتدا لە موسڵمانانیش دەترسێت گـەر بێتـوو دەسـت بگـرن بـە ئیسـلامەوە و ئـەو کـات هێزەکانیـان بهێنێتـە لـەرزین و بەرژەوەندییەکانیان لاواز بکات و هەژموونیان بەسەر جیهانی ئیسلامیدا نەهێڵێت و لە خێـر بێرەکـانی بێبـەش ببێـت و لـە ئەنجامـدا  کۆتـایی بـە ئیسـتیغلالکردن و داگیرکردنەکانیان بێت  کە ماوەی سەدەیە درێژەی هەیە.

ڕۆژئاوا  وا بە بیریدا دێت کە بەرژەوەنـدی لەگـەڵ لاوازبـوونی موسـڵمانان و پەرتەوازەیی و بەشبەشبوونیاندایە، خۆ گەربهاتبایە و ڕۆژئـاوا دادپـەروەر بوایـە ئـەوا دەیزانی کە سـتەم هەرچـەند دێـژە بکێشـێت ئـەوە چارەنوسـەکەی هـەر تیاچـوون و نەمانە، شەو هەرچەندە ڕەش و نوتەك بێت بەڵام بـە سـپێدە و بـەری بـەیان کۆتـایی دێت. هەروەها ڕۆژئاوا لە موسڵمانان دەترسێت لەبەر ئەوەی ماوەی چەند سـەدەیەك ستەمی لێکردوون، ستەمی لێکردوون بە داگیرکـاری و مـژینی خوێنیـان و بونیاتنـانی ژیارەکەی بە ماڵ  وسامان و هـەوڵی ئـەوان، ڕۆژئـاوا لێیـان دەترسـێت لەبـەر ئـەوەی ستەمی لێکردن بە دروسـتکردنی دەوڵـەتی ئیسـرائیل لـە دڵـی جیهانەکەیانـدا، دواتـر پشتگیریکردنی ئیسرائیل بە هەموو هۆکارەکـان، سـتەمی لێکـردن بـە قەدەغـەکردنی ئازادی لێیان دواتریش هاوکاریکردن و پشتگیریکردنی فەرمانڕەوا دکتاتۆر و ستەمکار و سـەرکوتکارەکان هـەر لـە ئـەوەی بەرژەوەندییـەکانی ڕۆژئـاوا بـەدی دێـنن. لـە هەمانکاتدا ڕۆژئاوا لێیان دەترسێت لەبـەر ئـەوەی ئـەزمونی هەیـە لەگـەڵ موسـڵمانە

موجاهیدەکان، چونکە هەرگیز هیچ داگیرکەرێك لە مێژووی ئیسلامیداو لە سەر خاکی ئیسلامی وەدەرنەنراوە کە بە دەستی موجاهیدەکاندا نەبووبێت، بە تایبەت مێژووی نویێ.

رۆژئاوا دەترسێت لە جیهانی ئیسلامی، لەبەر ئەوەی کاتێك پاش داگیرکردن بەجێی هێشت لێوان لێو لە کێشە و گرفت بەجێی هێشت کە لە ژمارە نایەن، کێشەو گرفتی هەژاری و دواکەوتوویی، کێشەی پشتگویێ خستنی ژێرخان و کێشەی سنووریی نێوان ولآتانی دراوسێ و کێشەکانی دارِشتنی نەخشەی جوگرافی بۆ هەر دەولّەتێك" هەروەها کێشەی وروژاندنی ئاژاوە و فیتنەی نەتەوەیی و تایەفی و...

ئائەمەبوو کە سیاسەتی رۆژئاوایی لە ماوەی سەدەکانی رابردوودا دەرهەق بە موسلّمانان ئەنجامیان داوە، ئیتر ئایا موسلّمانان دەست لە رۆژئاوای ئێستیعماری هەلّدەگرن تا لە ولآتی ئیسلامدا وەك ئیستیعمار و داگیرکەر بژی و بمێنێتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە پێویستە وەلاّم بدرێتەوە.

## هەلّوێستی ئیسلام لە ململانێی ژیارەکان:

ئەوەی لە دەقەکانی قورئان و سوننەت و ژیننامەی پێغەمبەری ئازیزمان(دخ) لێی تێدەگەم ئەوەیە کە ئیسلام بە روونی بانگەواز دەکات بۆ گفتوگۆ کردن لەبری ململانێکردن، بۆ پێکەوە ژیان لەبری بەریەککەوتن، قورئانی پیرۆز هەر لەسەرتاوە هەتا کۆتاییەکەی پەیامی گفتوگۆ و بانگەوازکردنە بە باشترین و جوانترین شێوە، هەروەك بەلایەوە جەنگ کۆتا چارەسەرە کە پەنای بۆ دەبات بۆ سەرخستنی حەق، ئەمەش پاش شکستی هەموو رێگەکانی لەیەکتر تێگەیشتن و داخستنی دەروازەکانی گفتوگۆ.

هەر ئەمەش بوو کە پێغەمبەری ئازیزمان (دخ) کاتێك خوای گەورە وەك پێغەمبەر رەوانەی کرد ئەنجامیدا، بە گفتوگۆ و ئالوگۆرکردنی بیرورِاکان دەستیپێکرد، بانگەواز کردن بە جوانترین و باشترین شێواز، ئەوەتا خوای گەورە

دەفەرموێت:﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ (النحل: ١٢٥).

هەروەك پێغەمبەر (دخ) ئارامیگرت لەسەر ئازار و نارەحەتییەكان كە لەلایەن سەرانی نەفامی ئەو كاتەوە لە شاری مەككە بە هەموو هۆكارەكانی ماددی و مەعنەوی رووبەڕووی دەبووە، ئەوەبوو لێیان كوژرا و سزادران بەلاّم ئارامیان گرت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەیان پێدەوتن كە خوای گەورە هەواڵی پێدابوون تا رایبگەیەنن :﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ﴾ (الكافرون: ٦)، بەڵكو ئازیزمان كاتێك لە شاری تائیف ئازار و ئەشكەنجەیان دا، ئەوەبوو فریشتەی خوایی پێشنیازی ئەوی خستە بەردەستی تا بە هێنانەوە یەكی شاخەكانی دەوروبەری تائیف لە ناویان بەرن، بەلاّم حەزرەت ئەوەی رەتكردەوە، هەروەك بوخاری و موسلیم و ئەوانی دیكەش بە سەنەدەوە لە (عائیشە)وە گێڕاویانەتەوە كە دایكی ئیمانداران پرسیاری لە پێغەمبەر(دخ) كردبوو كە: ئایا رۆژێكت هاتووە بەسەردا كە لە رۆژی ئوحود سەخت و دژوار تربێت؟ ئەویش لە وەلاّمدا دەفەرموێت: لە گەلەكەوەی تۆوە زۆرم چەشتووە، بەلاّم ئەوەی زۆر سەخت و دژوار بووە رۆژی عەقەبە (واتە تائیف) بووە، ئەوەبوو ئامانجی سەردانەكەمم و داخوازییەكەم خستە بەردەستی (ئیبن عەبد یالیل بن عەبد كلاب) بەلاّم ئەو وەلاّمەیان نەدامەوە كە من دەمویست، ئەوێم بە دەم و چاوی خەمبارییەوە بەجێهێشت،لەم حاڵەتە دژوارەدا مامەوە تاگەیشتمە (قرن الثعالب) لەوێ سەرم بەرزكردەوە، سەیرم كرد كە گەواڵە هەورێك سێبەری بۆ كردووم، سەیرمكرد كە جبریلی تیابوو، بانگی كردم و گوتی: خوای گەورە گوێی لە قسەی گەلەكەتەوە بوو بۆت، گوێیشی لێبوو چۆن وەلاّمیان دایتەوە، فریشتەی شاخەكانی بۆ ناردویی تا فەرمانی چی پێبكەیت بۆت جێبەجێبكات. پاشان فەرمووی: فریشتەی شاخەكان بانگی كردم و سلاّوی لێكردم، دواتر گوتی: ئەی موحەممەد خوای گەورە گوێی لە گوتەی گەلەكەتەوە بوو بۆت، منیش فریشەی شاخەكانم و پەروەردگار منی رەوانە كردووە بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی فەرمانم پێبكەیت بە هەر شتێك خۆت دەتەوێت تا هەردوو (ئەخشەبین) ـ دوو شاخن لە مەككە ـ

بهێنمەوە یـەك بەسـەریاندا؟ پێغمبـەری ئـازیزش(دخ) لـە وەلاّمـدا فـەرمووی: بـەڵكو داواكارم كە خوای گەورە لەپشتی ئەمانە كەسانێك دەربهێنیٚ كە خـوای تـاك و تـەنها بپەرستن و هاوەڵی بۆ پەیدا نەكەن"[1] ئەم فەرمووده سـەحیحەی ئازیزمـان بـە روونـی دەلالەت لەسەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە حـەزرەت نایـەوێت تەنانـەت ئـەو بێباوەڕانـەش تیابچن كـە ئازاریـان داوە، بـەڵكو دەیـەوێت رێنمـونی وەربگـرن، كەواتـە پەیامەكـەی بریتییە لە رێنمونی و هیدایەت :﴿ الم (١) ذَلِكَ الْكِتَـابُ لاَ رَيْـبَ فِيـهِ هُـدًى لِّلْمُـتَّقِينَ (٢)﴾ (البقرة: ١-٢)﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ﴾ (الأنبياء: ١٠٧).

هەندێك لە لاوان گفتوگۆی ئەوەیان لەگەڵ كردم: ئـەی ئایـا گـەورەمان نـوح دوعای لە نەتەوە بێباوەڕەكەی نـەكرد و فـەرمووی :﴿وَقَـالَ نُـوحٌ رَّبِّ لاَ تَـذَرْ عَلَـى الأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّاراً (٢٦) إِنَّكَ إِن تَـذَرْهُمْ يُضِـلُّواْ عِبَـادَكَ وَلاَ يَلِـدُواْ إِلاَّ فَـاجِراً كَفَّاراً (٢٧)﴾ (نوح: ٢٦-٢٧)، منیش وەلاّمەكەم بەم جۆرە دانەوە :

یەكەم: گەورەمان نوح ئەم دوعایەی كاتێك كرد كـە مـاوەی نزیكـەی (هـەزار) ساڵ لە نێو گەلەكەیدا ژیاو بانگەوازی خـوایی پێدەگەیانـدن بـە هـەموو شـێوەكان بـە نهێنی و ئاشكرا ،بە ترساندن و بە مژپێدان، وەك خوای گەورە دەفـەرموێت: :﴿ قَـالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلاً وَنَهَاراً (٥) فَلَمْ يَـزِدْهُمْ دُعَـآئِي إِلاَّ فِـرَاراً (٦) وَإِنِّـي كُلَّمَـا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُواْ أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَـوْاْ ثِيَـابَهُمْ وَأَصَـرُّواْ وَاسْـتَكْبَرُواْ اسْتِكْبَاراً (٧) ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَاراً (٨) ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنْتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْـرَاراً (٩) فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُـمْ إِنَّـهُ كَـانَ غَفَّـاراً (١٠) يُرْسِـلِ السَّـمَآءَ عَلَـيْكُمْ مِّـدْرَاراً (١١) وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَاراً (١٢) مَّا لَكُمْ لاَ تَرْجُـونَ لِلَّهِ وَقَـاراً (١٣)﴾ (نـوح: ٥-١٣)، دووەم: نـوح لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا دوعـای نەكرد تا گەیشتە ئەوەی لە خوای گەورەوە بڕیاری بۆ بێت و فـەرمووی: ﴿لَـن يُـؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلاَّ مَن قَدْ آمَنَ﴾ (هود: ٣٦).

---

١- صحيح البخاری ـ مع الفتح ـ (٣١٢/٦) و صحيح مسلم (١٤٢٠/٣)

دواتر بەو لاوانەم گووت: ئایا ئێمە وەك (گەورەمان نوح) مان كردووە، ئایا نیگای ئەوەمان بۆهاتووە كە ئیتر كەس لە گەلەكەمان بڕوا ناهێنێت؟

سێهەم: ڕێبازی پێغەمبەر تەنانەت لەم مەسەلەیەدا جیاوازە لە ڕێبازی نوح و موسا سلاوی خوایان لەسەر بێت، كە دوعای ئەوەی لە فیرعەون و گەلەكەی كرد كە بڕواناهێنن تا سزای سەختی خوای نەبینن، بەڵكو ڕێبازی ئازیزمان لە بانگەوازدا هاوتەریبە لەگەڵ گەورەمان ئیبراهیم سلاوی خوای لەسەر بێت، بەڵكو لەم بوارەدا پێشەنگ بووە وەك خوای گەورە فەرمانی پێكردووە، ئەوەش لە میانەی هەڵبژاردنی بیروڕای ئەبو بەكر وئەو هاوەڵانەی لەگەڵیدا بوون دەردەكەوێت كە ئایا چی لە دیلەكانی بەدر بكەن، ئەم هەڵوێستەیشی لێكچواند بە هەڵوێستی گەورەمان ئیبراهیم سلاوی خوای لەسەر بێت، ئەوەبوو بە بیروبۆچونەكەی عومەری وەرنەگرت كە دەیویست دیلەكان بكوژرێت (خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت).[1]

لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەشدا دەڵێین: « ئەسڵ و بنەمای گشتی لە ئیسلامدا بریتییە لە وەلامدانەوە بە جوانی و باشی لەبری ململانێی و بەریەكەوتن، مەگەر زەرورەت شتێكی تر واپێویست بكات. »

## هەنگاوپێهەڵگرتن ئیسلام بەرەو میراتگری و كارلێكی ژیاریی دەبات نەك ململانێی ژیارەكان:

فەلسەفەی ئیسلام لە ژیارەكاندا لەسەر بنەمای هەنگاونان بەرەو باشتر دامەزراوە، بەم جۆرە ئەوا ئەم كارە پرۆسەی میراتگری و كارێكی ژیاری لێدەكەوێتەوە نەك ململانێی ژیارەكان.

گەر بێتوو بڕوانینە دەقە شەرعییەكان ئەوە دەبینین كە بەراشكاوانە دەلالەتیان كردووە لەسەر زەرورەتی دەستگرتن بە هەموو شتێكەوە كە بە سوود و

---

١- سەیری ئەم چیرۆكە بكە لە شەرحی نەوەوی لەسەر مسلم (٨٦/١٢ ـ ٨٧) و د.أكرم العمری : السیرة النبویة الصحیحة)، ط. مركز بحوث السنة والسیرة جامعة قطر ص ٣٦٨.

بەکەڵکـە، ئـەوەتا فـەرمانی پێکـردووین بـە زانسـت بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە، بـە خوێندنەوەی بە سوود بۆ هەموو شتێك بۆ کتێب و گەردوون، (لـەم بـوارەدا دەقـەکان هێندە زۆرن لە ژماردن نایەن)[1]

لەبەر ئەوە ئیسلام جـەخت لەسـەر زەرورەتـی کـارلێکی ژیـاری لـە ڕێگـەی زانست و خوێندنەوەدەکاتەوە، هەروەها لەڕێگەی گەڕان بە سەر زەوی و وردبوونـەوە لێـی و لـە خــەلك و نەتــەوەکانی بـۆ گەیشـتن بــە شـارەزایی سـوننەتی خـوایی لـەم گەردوونەدا، لە ئوممەت و ژیارەکاندا، لە سوننەتی پێشـکەوتن و سـەرکەوتن و مکۆم بووندا، یان سوننەتی شکست و دواکەوتوویی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ خَلَـتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانْظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَـذِّبِينَ﴾ (آل عمـران: ١٣٧)

لـە فەرموودەشـدا هـاتووە کـە :" حیکمـەت و دانـایی گـوم بـووی دەسـتی ئیماندارن، لە هەرجێگەیەك دەستی کـەوت ئـەوا ئیمانـدار لـە پێشـترە بـۆی وەك لـە کەسانی دیکە "[2]

لە ڕێگەی زانست و خوێندنەوەی مێژووەوە کارلێکی ژیاری دروست دەبێت، بە جۆرێك ژیاری تازە سوود لـە ژیـاری پـێش خـۆی وەردەگرێـت و لەسـەری بونیـات دەنێت، هەر ئەمەش بوو کە موسڵمانەکان ئـەنجامیان دا کاتێـك سـوودیان لـە هـەموو ژیارەکانی پێش خۆیان وەرگرت بێ هیچ جۆرە هەستیاری و نەنگییەك مـادەم خێـر و زانسـت و حیکمــەتی تێدایـە، بـەڵکو لـە خەلیفـەکانی عەباسـییەوە ڕێزنـانی سـەیر دەبیستین، بەڵام ڕێزلێنانی واقیعی بووە، ئەوەبوو هەڵدەستان بەبەخشینی خـەڵات و دیــاری بەبــەها و پاداشــتکردنی هەرکەســێك کــە وەرگێــڕان و زانســتی لــە هــەر ئوممەتێکەوە بهێنایە.

---

١- بگەڕێوە بۆ دووبارە بوونەوەی وشەی (العلم) و پێکهاتەکانی ، هەروەها وشەی (قراوە) و پێکهاتـەکانی لە قورئان و سوننەتدا لەڕێگـەی (المعجم المفهرس للقران الكريم والسنة النبويـة) . بگـەڕێوە بـۆ قـەرزاوی: الرسول والعلم ط. مؤسسة الرسالة ص٣.

٢- ترمزی و ئیبن ماجة ریوایەتیانکردووە، سنن ابن ماجة، کتاب الزهد ، باب الحكمة (١٣٩٥/٤)

ئەم کارلێکە لە ڕێگەی هەڵوێستی نێوان (دابڕان و گۆشەگیری و بەرووی خۆداخران) لەگەڵ (لاساییکردنەوە و شوێنکەوتەیی) دروست دەبێت، ئەوەبوو ژیاری ئیسلامی هەموو شتە بە سوودەکانی ژیارەکانی دیکەی وەردەگرت، بەڵام دیارە ئەمەش شانبەشانی پاراستنی ناسنامە و تایبەتمەندی ژیاری خۆی.[١]

خوای گەورە حیکمەتی لەو جیاوازییانە رونکردۆتەوە کە بریتین لە:

١ـ تاقیکردنەوە و پێشبڕکێ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجاً وَلَوْ شَآءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَـكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ﴾ (المائدة: ٤٨)، خوای گەورە روونیکردۆتەوە کە ئوممەتی براوە بریتییە لە ئوممەتی پێشبڕکێکار لە هەموو جۆرە خێرێکی دونیای و قیامەتیدا.

٢ـ هەنگاو نان و بزاوت بەرەو باشترین، تاکو لەو رێگەیەوە سوننەتی هەنگاو پێهەڵگرتنی باشتر و چاکسازانەتر دەربکەوێت، چونکە زەوی بریتییە لە گۆڕەپانی چالاکی مرۆیی، مکۆم بونیش تیایدا لە رێگەی سوننەتی هەنگاو نانەوە بەدی دێت.

## ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە ململانێی لە ئارادا نییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە تەواوی نەخێرە، چونکە ئەم ململانێیە واقیعێکە و هەیە و دەبێت ببێت، هەروەك جیاوازیش واقیع و حەقیقەتە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام داوای یەکێتی کردووە لەبری ناکۆکی و جیاوازی، هەروەك داوای پێکەوە ژیانی کردووە لەبری بەریەککەوتن، گفتوگۆ لەبری ململانێ، لەگەڵ ئەوەی ململانێکردن سوننەتێکە لە سوننەتەکانی خوای گەورە لە ژیاندا، ئەمەش کۆکردنەوەی نێوان ئەو ئایەتانەیە کە لە بواری ململانێی و وەڵامدانەوە بەباشترین و جوانترین شێوە هاتووە.

کەواتە لەبەر رۆشنایی دەقە شەرعییەکاندا پێویستە لەسەر موسڵمانان تا ململانێ نەوروژێنن و پێی دڵخۆش نەبن، بەڵکو پێویستە لەسەریان رێنمونی و هیدایەت بڵاوبکەنەوە، ببنە رەحمەت بۆ خەڵکی، ئەهلی گومڕایی بەرەو رێگەی راست دەرباز بکەن، هەر ئەمەش بوو کە نەوەی یەکەمی ئاینی ئیسلام لێی

---

١- د. محمد عمارة: العطاء الحضاری .ط الدوحةالحديثة ص ١٠٥.

تێگەیشتن کاتێك (ڕەبعی کوڕی عامر) نێردراوی سوپای ئیسلامی ڕەوانەی لای ڕۆستەم فەرماندەی سوپای ساسانی کرد، ڕۆستەم پرسیاری ئامانجەکەیانی لێکرد؟ کە ئایا ماڵ و دارایی و دەسەڵاتە ؟ ڕەبعیش لە وەڵامدا گووتی: « خوای گەورە ڕەوانەی کردووین بۆ ئەوەی خەڵکی لە بەندایەتیکردنی بەندەکانەوە دەربهێنین بۆ بەندایەتیکردنی خوای گەورە، لە تەسکی و تەنگەبەری دونیاوە بۆ فراوانی دونیا و دوارۆژ، لە ستەمی ئاینەکانەوە بۆ دادپەروەری ئیسلام. »

کەواتە ململانێ بوونی هەیە بەڵکو لەسەر ئاستی ئاین و ئوممەت و کۆمەڵ لە سوننەتە کۆمەڵایەتییەکانە و تەنانەت لەسەر ئاستی تاکەکان، بەڵام ئیسلام دەیەوێت هێندەی لە تواناداا دەبێت دوور بخرێتەوە یاخود سووك بکرێت و ئاسەوارەکانی کەم بکرێنەوە، یان بگۆڕدرێت بۆ وەڵامدانەوە بە باشە، بۆ گەیشتن بەوەی باشترە لە دوو حاڵەتدا، واتە لە حاڵەتی بەدیهاتنی ململانێ لەسەر زەمینەی واقیع یان نەبوونی، ئەوەش لە ڕێگەی ئەوەی بکرێتە ڕێگەیەك بۆ بزاوت و زیندوویەتی و گەشەکردن و زیاد بوون و نیشانەکانی ژیان و بەردەوام بوون سەرەتا لە خانەیەکەوە بۆ کۆتایی.

ئیسلام دەیەوێت پاڵ بە موسڵمانانەوە بنێت بەرەو ئەوەی کە ململانێ لەگەڵ جگە لە خۆیاندا لە حاڵەتی هەبوونیدا (لەگەڵ ئەوەی داواکراو نییە ) ببێتە بزوێنەرێك لە بزوێنەرەکانی ژیان و بزاوتێکی بەردەوام کە ئوممەت بەرەو ئامادەسازی بۆ گفتوگۆ و مونازەرەو و ڕووبەڕووبونەوە و ئامادەسازی بۆ شەڕ کردن و سەرکەوتن بەرێت بۆ ئەوەی ئوممەت نەگاتە حەڵەتی شلگیری و خاو خلیچکی و دەستبڵاوی کەنیعمەتەکانی ڕادەماڵێت و پێشکەوتن نەهلێت.[١]

ئیسلام بۆ ئومەتی ڕونکردۆتەوە کە گۆڕەپانەکانی دونیا بە ماددی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و... هتد گۆڕەپانی پێشبڕکێ کردنن، زەوی جەنگەکانە بە سەرکەوتن و شەکستەکانیانەوە، گۆڕەپانی ململانێی نێوان خێر و شەڕە، نێوان

---

١- عمر عبيد حسنة: تقديمه لكتاب د.أحمد القديدي السابق الإشارة اليه ص ١٠، ١١.

دادپەروەری و ستەمە، نێوان حەق و ناحەقە، نیوان خۆشەویستی و رق لێبوونە، نێوان پاکێتی و تۆڵەسەندنەوەیە، نیوان چاکە و خراپەیە، ئەم سوننەتەش هەرگیز راناوەستێ مەگەر ژیان رابوەستێ، کە ئەوەیش لەگەڵ مانەوە و پێشکەوتن و ژیارو بونیاتناندا نهێنییەکە لە نهێنییەکانی بوون .

وەك جەختکردنەوەش لەسەر ئەوەی لە پێشەوە باسکرا، ئایەتی زۆر هەیە دەلالەتی لەسەر دەکەن:

یەکەم: دەربارەی ململانێ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ ﴾ (البقرة: ٢١٧)، ئەم ئایەتە رون و ئاشکرایە لەوەی کە دوژمنانی ئیسلام و موسڵمانان بە هەموو تواناکانیانەوە لەشەڕ کردنی موسڵمانان بەردەوام دەبن تا لە ئاینەکەیان پاشگەزیان بکەنەوە و دەریان بهێنن لە (ئوممەتە) کەیان بۆ سەر هەر ئاین و (ئوممەتێکی) تر بێت، گرنگ ئەوەیە لە ئیسلام دەریان بهێنن و دووریان بخەنەوە، ئەمەش ئامانجی سەرەکییانە، بەڵام بەدەستهێنانی رەزامەندییان ئەوا تەنها بەوە دەبێت کە موسڵمانان و ئوممەتە کەیان شوێنیان بکەون، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴾ (البقرة: ١٢٠).هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيّ عَدُوّاً مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِياً وَنَصِيراً﴾ (الفرقان: ٣١)، هەروەها دەفەرموێت:﴿وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ﴾ (الفرقان: ٢٠)،، لە هەمانكاتدا لە قورئاندا و لەسەر زاری (ئیبلیس)ەوە هاتووە:﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (٨٢) إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ (٨٣)﴾( ص: ٨٢ ـ ٨٣).

دووەم: لەبەردەم ئەم ململانێیەدا کە ناکرێت نکولی لێبکرێت، ئیسلام هەوڵ دەدات لەرێگەی چەند هەنگاوێکەوە چارەسەری بکات:

١ـ گەڕان بە دوای سیفەتە هاوبەشەکاندا لە نێوان موسڵمانان و جگە لە خۆیاندا تاکو هەندێکیان هەندێکیان قبوڵ بکەن لە رووی مەبدەئییەوە و بۆ ئەوەی گفتوگۆ قبوڵ بکەن، ئەم سیفەتە هاوبەشانەش بریتین لە:

أ- لەگەڵ ئەهلی کیتابدا (گاور و جولەکە) ئەوانە لەگەڵ موسـڵمانان هاوبەشـن لە سەرچاوەی ئاینەکاندا کـە خـوای گەورەیـە، پاشـان بانگـەوازکردنیان بـۆ مەسـەلە هاوبەشەکانی نیوان ئێمە و ئەوان، هـەروەها بـۆ وتەگـەلێکی هاوبـەش کـە لـە نێوانـە شەریعەتەکاندا جیاوازی لەسەر نییە، خوای گەورە دەفـەرموێت:﴿ قُلْ يَأَهْـلَ الْكِتَـابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَآءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللَّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئاً وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُـنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللَّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ (آل عمران: ٦٤).

لەبەر ئەوە رێگە دراوە بەوە موسڵمان ژن لـە ئـەهلی کتـاب بخوازێـت، بـەم جۆرەش ئافرەتی جولەکە یان گاور دەبێتە خێزانی کەسی موسڵمان، براکـانی دەبنـە خـاڵی منداڵـەکانی، بـاوك و دایکـی دەبنـە کەسـە مەحرەمـەکانی پیـاوە موسـڵمانەکە. ئەمە سەرەڕای هاوبەشیکردن لەو مرۆڤبـوون و کەرامەتـەی کـە ئیسـلام داویـەتی بـە ئادەمیزاد بەگشتی ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾(الأسراء: ٧٠)

ب - لەگەڵ غەیری ئـەهلی کیتـاب بەشـداریکردنە لـە مرۆڤبـوون و گـەران بـە دوای راستییەکاندا ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُمْ مِّنَ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ قُـلِ اللَّـهُ وَإِنَّـآ أَوْ إِيَّـاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (٢٤) قُل لاَّ تُسْأَلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلاَ نُسْأَلُ عَمَّـا تَعْمَلُـونَ (٢٥)﴾ (سباء: ٢٤- ٢٥).

جـ - رێگەدان بە نا موسڵمانان تا لە وڵاتی ئیسلامیدا لە ژێر رۆشنایی دان نان بـە سیسـتمە سیاسـەکەیدا بـژین، ئـیتر لـەو کاتـەدا خـاوەن تواناکـان لەبەرامبــەر دابینکردنـی ئاسـایش و ئـارامی خۆیانـدا (جزییـە) دەدەن، کـە ئـەوەش لـەم کاتـەی ئێستادا ناسراوە بە باج.

٢ــ سەرچـاوەگرتن لـەم تێـڕوانین و سـیفەتە هاوبەشـانەوە بـەرەو گفتوگـۆ و لێکگەیشتن و پاشان پێکەوە ژیان هەنگاو دەنرێـت ، هـەر ئەمەشـە بیرۆکـەی (الذمـة) واتە غەیری موسڵمانان لـە ژێـر سـێبەری دەوڵـەتی ئیسـلامیدا بـە تـەواوی مافـەکانی خۆیانەوە دەژین، رێگەیان پێدەدرێت بە ئەداکردنی دروشمەکانیان و پەروەردەکردنی بەراز و دروستکردنی مەی (لەگەڵ ئەوەی ئیسلام لە شتە پیسەکان دیاریکردوون)، بۆ

ئـەوەی ڕێگـە نـەدرێت کـە دەسـتدرێژی بکرێتـە سـەر مـەی و بـەرازەکانیان، بـەڵکو حەنەفیەکان پێیان وایە کە هەر کەس هەر شتێك لەوانە(مـەی و بـەرازەکانیان) خـراپ بکات و لە ناو بەرێت، ئـەوا پێویسـتە لەسـەری قـەربوو بکاتـەوە سـەرەڕای (تـەمبێ) کردنی ـ تعزیرـ ئەو کەسە.

٣ــ گــەر هــاتوو، لەگــەڵ بەخەرجــدانی هــەموو هەوڵــەکان لــەم بــوارەدا پێکەوەژیان نەدەڕەخسا، ئەوا جیهاد کردن لە ئیسلامدا دێتە پێشەوە دیارە ئـەوەش بـەپێی دیسـپلین و مـەرج و ئـاداب و ئـەخلاقیاتی پێشـکەتووی خـۆی، کـە جگـە لـە ئوممەتی ئیسلامی کەسی تر پێی نەگەیشتووە لـە بـواری جێبەجێکردنـدا بـە تایبـەت نەوەی یەکەمی ئیسلام.

٤ـ تەئسیلکردنی سوننەتی ململانێ: مەبەست بـە سـوننەتی ململانـێ ئەوەیـە کـە ململانێـی نێـوان خێـر و شـەڕ حـەق و ناحـەق، چـاکە و خراپـە دروسـت دەکـات، هەروەك لە نێوان ستەمکار و سـتەملێکراو لـە نێـوان سـتەمکارو سـتەمکار، لـە نێـوان تاغوت و چەوسێنراوەکان و لە نێوان خودی تاغوتەکان و لە نێوان ئەهلی دەسەڵات و پلەو پایە و هێزیشدا ململانێ دروست دەکات.

ململانێ لە تێڕوانینی ئیسـلامدا روونـادات تـەنها لـە نێـوان حـەق و ناحەقـدا نەبێت یاخود لە نێوان ئەهلی ناحەق لـە نێـوان خۆیانـدا، ئـەم ململانێیـەش بـەردەوام دەبێت مادەم ناحەق ململانێی حەق بکات.

بـەڵام مەبەسـت لەسـوننەتی ململانـێ بریتییـە لـەوەی :" خـوای گـەورە سوننەتی وابووە کە ئەهلی ناحەق بە ئەهلی حەق لە ناوبەرێت یان بـە ئـەهلی ناحـەق لە ناویان بەرێت یان حەق سەر بخـات بـە پیـاوێکی فاسـق[١]، لەبـەر ئـەوە هەنـدێك لـە زانایان پێیانوایە کە سوننەتی خوایی بە جۆرێکە جیهان واز لێ ناهێنی بۆ تەنها یـەك سـتەمکار (کەسـێکی سـەرکوتکاری دکتـاتۆر، یـان دەوڵـەتێك) تـا تەحـەکوم بـە

١- بگەڕێوە بۆ :بدائع الصنائع ،ط مؤسسة التأريخ العربی بیروت (١٦٩/٦)

چارەنووسیانەوە بکات بۆ ماوەیەکی دوور درێژ، یان ئەوەیە بە ستەمکارێکی دیکە لە ناوی دەبات، یاخود بە ئەهلی حەق و دادپەروەری لە ناوی دەبات.

سوننەتی ململانێ هیچ نییە جگە لە رواڵەتی رەحمەتی خوای گەورە نەبێت، هەروەها لەو هاوکێشانەش کە لەرێگەیانەوە دادپەروەری خوایی بەدیدێت و حەق تەنها خۆی دەمێنێتەوە و خراپە و ناحەقی وەلادەخرێن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَآءُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ (البقرة: ٢٥١).

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حیکمەتی خوای گەورە لەسەر زەوی لە ململانێ و رکابەری هێز و تواناکان بریتییە لە پارێزگاریکردن لە زەوی و خراپەنەکردن تیایدا، بەم شێوەیەش نهێنییەکەی بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت لەم گۆرەپانە بەرفراونە کە شەپۆل دەدات بە خەڵکییەوە، هەموویان لە حاڵەتی پاڵنان و پێشبڕکێ و قەرباڵغیدان لە مەبەستەکانیدا، ئەوەش بریتییە لەوەی کە (لە پشتی هەموویانەوە ئەو دەستە حەکیمە رێکخەرە هەیە کە سەرەداوەکانی بەدەستەوە گرتووە و لە کۆتایی رێگەکەدا کەژاوە قەرباڵغ و ململانێکار و پێشبڕکێکارە کە بەرەو خێر و چاکە و گەشەکردن دەبات)[١].

ژیان بە بێ بوونی ئەم ململانێکردنە دەگۆڕێت و بۆگەن دەکات، بەبێ بوونی شانێن و سەرکەوتن بەسەریەکتر و رکابەری و جموجوڵی جۆراوجۆر وزەکانی ناتەقێتەوە، بەڵکو دووچاری سستی و تەمبەڵی دەبێت و نهێنییە خەزنکراوەکان ناهاردرێت و ژیان گەشە ناکات.

پێشەوا (رازی) دەڵێت:" بەرژەوەندی تاکەکەسێك نایەتە ئاراوە تەنها لە حاڵەتی کۆبونەوەی کۆمەڵێکدا نەبێت لە یەك جێگەدا، لەبەر ئەوە وتراوە: مرۆڤ مەدەنییە بە سروشت، دواتر گردبوونەوە دەبێتە مایەی رکابەری کە یەکەمجار

---

١- فی ظلال القرآن ط. دار الشروق ط ١٣ ١٤٠٧ه/(٢٧٠/١)

سەردەکێشیێ بۆ ململانێکردن و دووەم جاریش بۆ یەکتر کوشتن، کەواتە پێویستە لە حیکمەتی خواییدا شەریعەتێك هەبێت بۆ نێو بەدیهێنراوەکانی..."دواتر باس لەوە دەکات ئەو کەسانەی زوڵمەت و سەرکەشی پاڵیان پێوە دەنێت یان ئەهلی حەقن یان غەیری ئەوان، هەروەك باسی لەوەش کردووە کە هەنگاو پێهەڵگرتن بەم واتایە لە نێوان ئەهلی حەقدا روناداتە.[١]

خوای گەورە لەم سوونەتی ململانێکردنەدا حوکمێکی دیکەی روونکردۆتەوە کاتێك دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّـهِ النَّاسَ بَعْضَـهُمْ بِـبَعْضٍ لَّهُـدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسمُ اللَّـهِ كَـثِيراً﴾ (الحـج: ٤٠). ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە بەم پاڵ پێوەنانە شەریعەتەکانی و ئەهلی حەق و پەرستگاکان دەپارێزرێن.

لە میانەی ئەو دوو ئایەتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سوننەتی ململانێ کەڵك و سودی گەورە و حیکمەتی زۆری هەیە، لەگرنگترینیان:

**یەکەم:** دوورخستنەوەی خراپەکاری لەسەرزەویدا و مانەوە لەسەر چاکە و چاکسازیکردن.

**دووەم:** بڕیاردان لەسەر ئازادی عەقیدە و بەندایەتیکردن، ئازادی هەڵبژاردنی فیکری، چونکە ئایەتی دووەم ئەوەی رونکردۆتەوە کە ئەم ململانێکردنە بۆ پاراستنی پەرستگای ئەهلی ئاینەکانی دیکەیە و خوای گەورەش مۆڵەتی داوە بە موسڵمانان بە جیهاد کردن لە پێناو پاراستنی ئازادی عەقیدە و ئاین و مانەوەی پەرستگاکان، لەمەشدا دەلالەتێکی ئاشکراهەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام ئازادی ئاینەکان و پەرستگاکان دەپارێزێت.

**سێهەم:** هاندانی موسڵمانان لەسەر جموجوڵ و بە گاهاتنەوە و سەرکردایەتیکردنی ژیان بەرەو هەستانەوە و پێشکەوتن و گەشەکردن بە دادپەروەری و ویژدان، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ژیار و ئاوەدانکاری لە ژێر سێبەری

---

١- التفسير الكبير ط. دار إحياء التراث العربي (١٩٠/٦ ـ ١٩١)

ئیمان و زانست و چاکەکاریدا، لەبەر ئەوەی شوێنکەوتەکانی ناڕەوایی هەمیشە ئامادە و لەسەر پێن بۆ دەسەڵاتگرتن و هەژموون پەیداکردن هەرکات هەلیان بۆ بڕەخسێت، هەروەها دەتوانن بیانوو بسازێنن بۆ کارەکانیان و شوێنکەوتەکانی حەق و دادپەروەری تۆمەتبار بکەن بە خراپەکاری و گومڕایی، هەروەك کۆمەڵێك لە گەلەکەی فیرعەون پێیان دەگوت: ﴿أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَآءَهُمْ وَنَسْتَحْيِـي نِسَآءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ﴾ (الأعراف: ١٢٧)

چوارەم: ئەم پاڵپێوەنانە لەبەرژەوەندی موسڵمانان ناکەوێتەوە گەربێتوو تەواوی هەوڵەکانی خۆیان نەخەنە گەڕ بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن و هۆکارەکانی سەرکەوتن فەراهەم نەهێنن، ئایەتی (٢٤٣ - ٢٥١) ی سورەتی (البقرة) دەربارەی چیرۆکی (تالوت لەگەڵ جالوت) باس دەکات و پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ (٢٤٣)..... فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَآءُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَـكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (٢٥١)﴾ (البقرة ٢٤٣ - ٢٥١).

ئەم چیرۆکە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو کۆمەڵە کەمە بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا لە خۆی دەگرێت کە بریتین لە :

١- ئیمانی راستەقینە و کاریگەر کە وادەکات مرۆڤ ببێتە بەندەیەکی چاك و سوڵحاو بۆ خوای گەورە لە هەموو حاڵەتەکاندا.

١. جیهادکردن لەرێگەی خوادا بۆ بەدیهێنانی حەق و دادپەروەری و لابردنی زوڵم و ستەم.

٢. ئامادەسازی گشتگیر بەپێی هەموو تواناکان.

٣. هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی حەکیم و دانا کە خاوەنی هێزی ماددی و جەستەیی و زانستی بێت.

٤. بیستن و گوێڕایەڵیکردن، ئارام گرتن لەسەر حەز و ئارەزوو و بەڵاو تاقیکردنەوەکان.

٥. جەماوەر لەسەرەتادا خاوەن حەماسەت و گەرم و گوڕن، بەڵام متمانەیان ناکرێتە سەر تەنها لەسەر کۆمەڵێکی کەمیان نەبێت کە پەروەردەکراو ئارامگرن. ئەوەتا لەسەرەتای شەڕەکەوە حەماسەتیان بۆ شەڕکردن بەرز دەبێتەوە :﴿إِذْ قَالُواْ لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكاً نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ﴾ (البقرة: ٢٤٦). دواتر بیانووی ئەو حەماسەت و گەرم و گوڕییەیان بەم جۆرە هێنایەوە ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُواْ لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكاً نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُواْ قَالُواْ وَمَا لَنَآ أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَآئِنَا﴾(البقرة: ٢٤٦).

٦. بەڵام پاش فەرزکردنی شەڕکردن لەسەریان لەلایەن خوای گەورەوە و مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەیەکی جددی ئەوا: ﴿تَوَلَّوْاْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ﴾ (البقرة: ٢٤٦) دواتر تاقیکردنەوەکەی تالوت بۆ ئەو کۆمەڵە کەمە دێت بەوەی نابێت ئاو بخۆنەوە، ئەوەبوو ژمارەیەکی دیکەشیان شکست دێنن :﴿فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ﴾ (البقرة :٢٤٩)

٧. گرنگ بریتییە لە پەروەردەکردنی پیاوان.

٨. متمانە بوون بە خوای گەورە لەسەرکەوتن و قوربانیدان لە ڕێگەکەیدا بە ماڵ و گیان: :﴿ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُوا اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ (البقرة: ٢٤٩)

بەڵام ئایەتی دووەم (سورەتی حەج) دوای ئەوە دێت کە قورئانی پیرۆز باس لەو ناڕەحەتیانە دەکات کە دوو چاری پێغەمبەر و هاوەڵانی بوونەتەوە لە ئازار و ئەشکەنجەدان، لەگەڵ ئەو ئامادەگییەی بۆ جیهاد کردن لە ڕێگەی خوادا هەیانە، ئامادەگییەکی گشتگیر بۆ هەردوو لایەنی مەعنەوی و ماددی.لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشکەشیان کردبوو لە قوربانیدان بە ماڵ و دارایی و گیانیاندا، دەرچوون لە ماڵ و

حـاڵی خۆیـان و ئـارامگرتن لەسـەر هـەموو ئـەوەی دووچـاریان دەهـات لـە ڕێگـەی یەکتاپەرستی و مکۆم کردنی ئیسلامدا.

پێنجەم: لەشایسـتەییەکانی سـوننەتی هەنگاوپێهـەڵگرتن لەسـەر موسـڵمانان پێشبڕکێکردنیانە بەرەو باشتر، پەلەکردن بەرەو باش بوون لـە هـەموو شـتێکدا، هـەر ئەمەشە کە قورئانی پـیرۆز فـەرمانی پێکـردووە، لـەم بارەیەشـەوە ئایەتگـەلێکی زۆر هاتوون کە فەرمانمان پێدەکەن بە پێشبڕکێکردن و پەلەکردن بەرەو ئەوەی کامـەیان زۆر باشتر و چاکتر و خێرترە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ سَابِقُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُـمْ﴾(الحديـد: ٢١) هـەروەها ﴿وَالسَّـابِقُونَ السَّـابِقُونَ﴾ (الواقعـة: ١٠)، واتـە پێشـبڕکێکاران لـە هـەموو کاروکردەوەیـەکی بـاش و بەسـوودا، هـەروەها بـۆ هـەموو کاروکردەوەیەکی باش و چاکتر بۆ دونیا و دوارۆژ، وەك خوای گەورە وەسفی خـەڵکی بەهەشـتی پێکـردووە بـەوەی کـە ﴿أُوْلَـئِكَ يُسَـارِعُونَ فِـي الْخَيْـرَاتِ وَهُـمْ لَهَـا سَابِقُونَ﴾(المؤمنون: ٦١)

کەواتە با وردببێنەوە لە دەربڕین و گوزارشتکردن لـە پێشـبڕکێکردن، دواتـر وەسفکردنیان بەوەی ئەوانـە پێشـبڕکێکارن بـەرەو کـارە چـاکەکان، واتـە ئەوانـە لـە زۆرپێداگرییان لەسەر کاروکردەوەی باشە وەك ئەوە وایە پێشبڕکێ بکـەن و چـاکەش شوێنکەوتەیان دەبێت.

## وەڵامدانەوەی بەوەی باشتر و چاکترە:

وەڵامدانەوە بەوەی کە بـاش و چـاکترە برتییـە لـە سـوننەتێکی دیکەیـە لـە سونەتەکانی خوای گەورە بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتن و مانـەوەی کەسـانی باشـتر بـۆ زیاتر کردنی خێر و سود وکەڵك بۆ وڵات و خەڵکەکەی، خوای گەورە لە دوو ئایەتـەوە فەرمان بەوکارە دەکات، یەکێکیان دەفـەرموێت: ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ﴾ (المؤمنون:٩٦)، هەروەها قسـە لەگـەڵ پێغەمبـەر(دخ) دەکـات و دەفـەرموێت:﴿ قُل رَّبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ (٩٣) رَبِّ فَلاَ تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ

(٩٤) وَإِنَّا عَلَى أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَادِرُونَ (٩٥) ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ (٩٦)﴾ (المؤمنون:٩٣ ـ٩٦) .

له ئایەتی دووەمیشدا دەفەرموێت: :﴿ وَلاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (٣٤) وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّاهَآ إِلاَّ ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٣٥)﴾ (فصلت ٣٤ـ٣٥).

ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە زۆر روون و ئاشکران دەربارەی ئەوەی کە خوای گەورە فەرمانیکردووە بە پێغەمبەرەکەی تا خراپە بە باچاکە وەڵام بداتەوە و بە خراپە رووبەڕووی خراپە نەبێتەوە، ئەم گوتارەش بریتییە لە گوتاری هەموو ئوممەت، چونکە لە میانەیانەوە ئەم حوکمانەی لای خوارەوە بەدەست دێن:

١ـ واجبوونی وەڵامدانەوە بەوەی کە باشە، چونکە ئەم ئاینە بریتییە لە ئاینی رەحمەت و خێر و چاکە، لەبەر ئەوە هەموو جۆرە جەنگێك دوور دەخاتەوە بەمەرجێك بواری دوورخستنەوەی هەبێت، چونکە جەنگ بریتییە لە برژاندنەوە لە چارەسەرکردندا کە پاش شکستی هەموو چارەسەر و دەرمانکردنەکانی دیکە دێت (دواین دەرمانکردن بریتییە لە برژاندنەوە)، لەبەر ئەوە خوای گەورە منەت لەسەر موسڵمانان دادەنێت بەوەی کە شەڕکردنی لێ گرتونەتەوە وەك دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيراً﴾ (الفتح: ٢٤)

ئەم ئایەتە روون و ئاشکرایە لەوەی کە بەدیهێنانی سەرکەوتن یان بەدیهێنانی فەرز بەبێ شەڕکردن لە گەورەترین نیعمەتەکانە، شەڕنەکردن تەنانەت لەگەڵ گەرەنتی بوونی سەرکەوتنیش بە نیعمەتێکی گەورە دادەنرێت، چونکە خوای گەورە منەت لەسەر موسڵمانان دادەنێت بە دەست گرتنەوەیان لە شەڕکردنی بێباوەڕان پاش سەرکەوتن، لەبەر ئەوە لەم ئایەتەوە ئەوە تێدەگەین کە کوشتنی بێباوەڕ تەنانەت لە جەنگیشدا ئامانج نییە، بەمجۆرەش نابێت موسڵمان سوور بێت لەسەر کوشتن تەنانەت بۆ جەنگاوەریش، بەڵکو پێویستە لەسەری تا پێداگربێت لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکەی، لەگەڵ ئەوەی گەرەنتیبونی سەرکەوتن

لەگەڵ شەرنەکردندا لە گەورەترین نیعمتەکانە، ئەم واتایەش لە سورەتی (المائـدة) دا جەختی لەسـەرکراوەتەوە، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ يَـا أَيُّهَـآ الَّـذِينَ آمَنُـواْ اذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُواْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾ (المائدة: ١١).

لەم روانگەیەشەوە (واتە روانگەی وەڵامدانەوە بە باشتر) سوڵحی حودەیبیە دێـت کـە پێغەمبـەری خـوا(دخ) پێـداگری لەسـەر دەکـردەوە لەگـەڵ ئـەوەی قورەیشـیەکان زیادەڕەوەیـان دەکـرد لەسـەر مـافی موسـڵمانان و یەکسـان نـەبوونی هەردوو لایەنەکە لـە مافەکانـدا، هـەروەها لەگـەڵ ئـەو پێداگرییـەی کـە نێردراوەکـەی قورەیش (سوهەیلی کوڕی عەمر) کاری لە کـاتی ئیمزاکردنـی ڕێکەوتنامەکـەدا لەسـەر کرد بەوەی کە نا بێت بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەست پێبکات، لەگەڵ سڕینەوەی وشەی ( رسول الله)، تەنانەت پێشەوا (عەلی) داوای لێبوردنی کرد لـەوەی ئـەو کـارە بکات، بەڵام پێغەمبەر خۆی نوسراوەکەی هەڵگرت و بە دەستە پیرۆزەکانی وشـەکەی سڕییەوە، لە دژوارترین و قورستترین ئەو مەرجەی لە ڕێکەوتنامەکە دا لەسەر شـانی موسڵمانان قورس بوو، بریتی بوو لـەوەی: گـەر هـاتوو موسـڵمانێك هەڵگەڕایـەوە لـە ئاینەکەی ئەوا قورەیشیەکان نایگەڕێننەوە، بەڵام گەر هـاتوو قورەیشـیەك موسـڵمان بوو ئەوا پێویستە موسڵمانەکان بیگەڕێنەوە و وەرینەگرن، ئەوەی قورەکـەی خەسـت کردبووە ئەوە بوو کە لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەکەدا (ئەبو جەنـدەل) گەیشـتە لای (سوهەیلی کوڕی عەمر) بە کۆت و بەنکراوی، لە خوارووی مەککەوە دەرچـووبوو، خـۆی خسـتە نێـو موسـڵمانانەوە، ئـەوەبوو سـوهەیل گـووتی :" ئـەی موحەممـەد گێڕانەوەی ئەبو جەندەل یەکەم شتە لەسەر تـۆ کـە دەبێـت بـەپێی ڕێکەوتنەکـەمان مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەیت و بیدەیتـەوە دەسـتم " پێغەمبـەری خـوایش (دخ) فەرمووی :" ئێمە هێشتا نووسراوەکەمان تـەواو نـەکردووە " سـوهەیلیش گـووتی :" سـوێند بـە خـوا کەواتـە لەسـەر هـیچ شـتێك سـوڵحت لەگـەڵ ناکـەم " پێغەمبـەریش

فەرمووی دخ) :"دوایخە بۆم" سوهەیلیشی گووتی :"من رێگەی ئەمەت پێنادەم " سەرەنجام ئەبا جەندەل گەڕایەوە بۆ شاری مەککە[1].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوڵحەکە کرا، خوای گەورە ناوی ناوە بە (فەتح)، ئەوەبوو سورەتی (فەتح) لە رێگەی گەڕانەوەدا بۆ شاری مەدینە هاتە خوارەوە و بەم ئایەتە دەستپێکرد :﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً﴾ (الفتح:١)، تەنانەت پێغەمبەری خوا (دخ) فەرمووی :سورەتێکم بۆ هاتۆتە خوارەوە لە هەمو ئەوەم خۆشتر دەوێت کە خۆری بەسەردا هەڵدێت"[2] پاشان ئەوەبوو بەسەریاندا خوێندییەوە، یەکێك لە هاوەڵان فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە (فەتح) بوو؟ لە وەڵامدا حەزرەت فەرمووی: بەڵی، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەوە فەتح بوو."[3]

لەم بارەیەشەوە مێژوو واقیع جەخت لەسەر ئەم سوڵحە دەکەنەوە - سەرەڕای ئەو مەرجە رواڵەتیانەی تیایدا بوو دەرهەق بە مافی موسڵمانان و نارازی بوونی هەندێك لە گەورە هاوەڵان لەبارەیەوە هەتا لەو بارەیەوە عومەری کوڕی خەتاب گوتی:" بۆچی ئاینەکەمان بە سووك نیشان بدەین" بەڵام لە هەمانکاتدا فەتح و سەرکەوتنێك بوو بۆ موسڵمانان، بەراستی (فتح المبين) بوو، چونکە لەو سوڵحەدا قورەیشیەکان دانیان نا بە قەوارەی موسڵمانەکاندا و دەروازەی هۆزەکان بەڕووی بانگەوازی ئیسلامی و هاوپەیمانێتیدا کراوە، ئەوەبوو لە ساڵی شەشەمدا پێغەمبەری خوا(دخ) بە خۆی و هەزار و چوار سەد کەسەوە هاتن بۆ حودەیبییە، بەڵام پاش دوو دووساڵ (دە ) هەزار کەس هاوڕێیەتی پێغەمبەریان کرد بۆ فەتحی مەککە، لەبارەی سوڵحی حودەیبییەوە پێشەوا (الزهری) دەڵێت:" هیچ فەتحێك لە ئیسلامدا پێشتر

---

١- بۆ درێژەی ئەمە بگەڕێوە بۆ کتێبەکانی (سيرة) صحيح البخاری مع الفتح البـاری الحـديث رقـم ٢٧٣١، ٢٧٣٢ و حديث ٢٦٩٨، ٢٦٩٩، ومسند أحمد (٣٢٥/٤) و د.أكـرم العمـری : السـيرة الصحيحة ص ٤٣٤ ـ ٤٤٨.

٢- صحيح البخاری ـ مع الفتح ـ الحديث رقم ٤١٧٧.

٣- سنن أبی داود ، مع معالم السنن ـ كتاب الجهاد ـ الحديث رقم ٢٧٣٦، ومسند أحمـد (٤٢٠/٣) والمستدرك (٤٥٦/٢) .

نەبووە کە گەورەتر بێت لەم فەتحە، بەڵکو ئەوانەی پێشوو جەنگ بوون، خەڵکی رووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە و دەجەنگان، بەلاَم کاتێك ئاگربەست کراو جەنگ کۆتایی هات (رێکەوتنامەی حودەیبییە ئەنجامدرا)، ئیتر خەڵکی لە یەکتر دڵنیابوون و ترسیان نەما و بە ئارامی ژیان، ئەوەبوو خەڵکی بێ ترس یەکتریان دەبینی و بە یەکتر دەگەیشتن و سەبارەت بە گرفت و ناکۆکییەکان گفتوگۆ و دانوستانیان دەکرد، بە جۆرێك وای لێهات کەسێك نەبوو کە بە ژیرانە سەبارەت بە ئیسلام قسەی لەگەڵ بکرێت و موسڵمان نەبوو بێت، لەو دوو ساڵەدا هێندەی هەموو تەمەنی ئیسلام خەڵکی موسڵمان بوون و هاتن ناو ئاینی ئیسلامەوە"[1]

هەر لەسەر ئەم باسە(ئیبن هیشام) دەڵێت:"بەڵگەی بەهێز لەسەر گوتەکەی (الزهری) ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(دخ) بە هەزار و چوار سەد کەسەوە بەرەو حودەیبیە رۆشت، بەلاَم لە ساڵی (فەتح) دا پاش دوو ساڵ بە (دە هەزار) کەسەوە بەرێکەوت."[2]

لەلایەکی دیکەوە شەڕ و شەهیدبوون گەر هاتوو لەبەر خودی خۆی داواکراو بووایە، ئەوا زیادەڕەوی قوڕەیش بە رێگەگرتن لە حەزرەت(دخ) و هاوەڵانی کە بێبەشکرابوون و رێگەیان پێنەدرا بچنە ماڵی خواوە و هەروەها سەپاندنی کۆمەڵە مەرجێکی قورس، ئەوا باشترین هەل بوو بۆ پرۆژەی خۆ شەهید کردن، لەم بوارەدا پاداشتی خۆیان وەربگرتایە، بەلاَم پێغەمبەری ئازیز(دخ) ویستی ئەوە بەدیبهێنێ کە خوای گەورە لە خۆی و هاوەڵانی دەیویست کە ئەویش بریتی بوو لە ژیانسازی و هیدایەتدانی خەڵکی و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی و بەدیهێنانی مەبەستەکانی خەلافەت لەسەر زەوی، نەك مەرگسازی، ئیتر هەرچەند ئامانج و مەبەستەکان گەورە وگران بن مادەم ئەو ئامانجە خوازراوە بەدینایەت لە بلاَوکردنەوەی بانگەواز و

---

١- سيرة ابن هشام (٣٢٢/٣) و د. أكرم العمرى : المرجع السابق ص ٤٥٧

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو

مکـــۆمکردنی ئیســـلام و ئاوەدانکردنـــەوەی ســـەرزەوی و بـــەدیهێنانی جێنشـــینی و خەلافەت تیایدا.

٢ـ ئەرك و واجبـە کـە بریتییـە لـە کـاری باشـترین و هەنگاوهـەڵگرتن بـەرەو باشترین لە هەموو شتەکاندا، لە گفتوگۆدا دەبێت بە باشترین شێوە بێت، هەروەها لە ئاڵوگۆڕکردن و جەدەلـدا دەبێـت بـە باشـترین شـێوە بێـت، لـە مامەڵەکردنـدا دەبێـت باشـترین مامەڵـە بکـەین، لـە بونیاتنـان و ئاوەدانکردنـەوە و خزمـەتی مرۆڤایـەتی و کۆمـەڵگا دەبێـت بەباشـترین شێوەبێتـ هـەروەها لـە زانسـت و هونەرەکانـدا دەبێـت دەست بە باشترینەوە بگرین.

باشـترین بریتییـە: لـە و چـاکترین نایـابترین و بـەهێزترین و ڕێزدارتـرین، ئەوەش ئەوپەڕی ئەوەیە کە دەکرێت پێـی بگـەین، بـەجۆرێك ئـەوەی لـە تواناداریـە و هەیە باشتر بێت لەوەی پێشتر، لەسەرجەم بوارەکاندا بە فیکر و وێناکردن و کـردار و ڕەفتار و چالاکی لە دونیا و دوارۆژدا، نەك تەنها لە هەردوکیاندا، چـونکە ئاینەکـەمان ئاینی بەختەوەری و باشیەکانی دونیا و دوارۆژە.

لەلایەکی دیکـەوە (باشـترین)لـە (بـاش ) چـاکترە، واتـە باشـترین لـە بـاش هەروەها (ئەفزەڵ) لە (فەزڵ)، دیارە ئەمەش مەسـەلەیەکی ڕێژەییـە، ئـەوەی ئـەمڕۆ باشترینە دەکرێت سبەینی باش بێـت و تەنانـەت ئاسـتەکەی دابـەزێت بـۆ پەسـەند و تەنانەت بۆ خـراپیش، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لەسـەر ئوممـەت کـە لـە ڕووی شـوێن و کاتەوە تێبینی باشترین بکات لەسەر باشترین جموجوڵی ژیان بێت.

لەلایەن خۆیەوە قورئانی پیرۆز جەخت لەسەر گرنگی شوێنکەوتنی باشترین و بەفـەزڵترین و بـەهێزترین کردۆتـەوە لـە ژیـانی تـاك و کۆمـەڵگا و ئوممەتەکانـدا بـۆ بەرگری و پارێزگارکاری لە خۆکردن و هەستانەوە و پێشکەوتن و داهێناکاری، ئەوەتا لەم بارەیەوە خوای گـەورە بـە ڕوونـی دەفـەرموێت:﴿ الَّـذِي خَلَـقَ الْمَـوْتَ وَالْحَيَـاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ (الملك: ٢) ﴿إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَـى الأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُم أَحْسَنُ عَمَلاً﴾(الكهف: ٧).

کەواتە تاقیکاری لە دونیادا، لە پێناو گەیشتنە بە باشترین نەك باش، بە واتایاکی دیکە، ئەوەیە کە پێشبڕکێی ئوممەتەکان و هەنگاو هەڵگرتنی ژیارەکان بە کارکردن بۆ (باش)ە نابێت، بەڵکو دەبێت بۆ (باشترین) بێت، هەروەك خوای گەورە وەسفی بەندە ئیماندار و مژدە پێدراوەکانی پێدەکات بە خێر و بە هەشت، ئەو بەندانە لە کاتی گوێگرتندا ژیرییان بە کاردێنن، تەنها شوێن باشترینی قسەکان دەکەون، وەك خوای گەورە دفەرموێت﴿وَالَّذِينَ اجْتَنَبُواْ الطَّاغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُواْ إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَى فَبَشِّرْ عِبَادِ (١٧) الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُو الأَلْبَابِ﴾ (الزمر:١٧–١٨) ،هەروەها فەرمانیان پێدەکات بە ﴿وَاتَّبِعُواْ أَحْسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾ (الزمر:٥٥)

لە هەمانکاتدا فەرمانیان پێدەکات بە باشترین لە هەموو شتێکدا وەك دەفەرموێت: ﴿وَأَحْسِنُواْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾(البقرة: ١٩٥)، هەروەها بەوەی کە باشترین گوتە بڵێن وەك دەفەرموێت:﴿ وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾( الأسراء: ٥٣)، هەروەك چۆن فەرمانیان پێدەکات تا قسەو گفتوگۆکانیان بە باشترین شێوە بێت: ﴿وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾(النحل: ١٢٥).

خۆگەر لە ئایەتە زۆرەکانی ئەم بوارە وردببێنەوە دەبینین کە خوای گەورە لە بەندەکانی دەوێت تا لەسەر پێدانی (باشترین) ببەخشن لە هەموو شتێکدا: لە گوتە و کردار و رەفتار و مامەڵەکردنەکان و زانستە و داهێنانکاریدا، هەروەك خوای گەورە رونیکردۆتەوە کە باشترینی بەدیهێنەرەکانە، ئەو مرۆڤی لە جوانترین شێوە بەدیهێناوە، لە باشترین بە دیهێنراوەکانە، لە باشترین وێنەکانە، شەریعەتەکەی باشترین شەریعەتە و ئاینەکەی باشترین ئاینە، هەروەها بە باشترین شێوە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە لەسەر ئەوەی کردویانە، هەروەك پاداشتی ئەوانە نافەوتێنێ کە باشترین کاریان ئەنجامداوە﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾ (یونس: ٢٦)، ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هذِهِ الْدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَلَدَارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ﴾ (النحل ٣٠).

هەموو ئەمانە گەر بەڵگەبن لەسەر شتێك ئەوا بەڵگەن لەسەر گرنگی پێشکەوتن و پێشبڕکێ و هەنگاونان بەرەو باشتر، کارکردن بە باشترین شێوە لە

مامەڵەکردن لەگەڵ موسڵمان و نا موسڵماناندا، لەکاتی ئاشتی و لە کاتی شەڕدا، بەڵکو لە مامەڵەکردنیش لەگەڵ گەردون و دەرهێنانی ئەو گەوهەر بەنرخانەی لە هەناویدا هەیە.

جیهانی رۆژئاوایی ئەمڕۆ لە بوارەکانی زانستی و تەکنیکیدا پێشدەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە بەرەو گەیشتن بە باشترین هەنگاو هەڵدەگرێت، هەروەها کار بەسیناریۆو گریمانەکان دەکات بۆ هەموو شتێك بۆ ئەوەی لە ناویاندا کامەیان باشترینە ئەوەیان هەڵبژێرێت.

٣ـ ئەنجامەکانی وەڵامدانەوە بە باشترین شێوە، ـ پشت بە خوای گەورە ـ بەدیهێنەری کاریگەرییە لە بواری بانگەواز و بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ (فصلت: ٣٤).

ئەوەتا بە وشەی (اذا) کە بۆ کتوپڕ و خێراییە و هەروەها بە (الجملة الأسمية) گوزارشتی لێکردووە کە بۆ چەسپاندن و بەردەوامییەو ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاکامەکان بە پشتیوانی خوای گەورە دەستەبەر کراوە، لەبەر ئەوەی قیژە و ناڵە ناڵەکان دەگۆڕیت بۆ نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی، تووڕەیی بۆ ئارامی و سەکینەت، وروژاندن و تووڕەبوون بۆ وشەی جوان و شیرین و دەنگی هێمن و لەسەر خۆ، زەردەخەنە و رووخۆشی دەخاتە سەر روویەکی گرژو مۆن،[1] جا ئەگەر خراپە بە خراپە مامەڵەی لەگەڵبکرایە ئەوا مەسەلەکە زیاتر خراپ دەبوو، لەبەرامبەردا عیززەت و سەربەرزی بە تاوانکاری وەردەگیرا و کۆتاییەکەیشی شەڕ و یەکتر کوشتن دەبوو.

٤ـ ئەم رێبازە ( وەڵامدانەوە بە باشترین شێوە لە ململانێ و کارکردن بە باشترین شێوە لە هەموو بارودۆخەکان)دا، کارێکی قورس و دژوارە، و تەنها ئەوانە دەتوانن جێبەجێیبکەن کە بە پەروەردەیەکی دروست پەروەردە کراون و ئارامیان گرتووە لەسەر پابەندبوون و ئارامی و هەنگاونان بەرەو ئامانجەکانیان، خوای گەورە

---

١- فى ظلال القرآن (٣١٢٢/٢)

دفەرموێت:﴿وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّاهَآ إِلاَّ ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾( فصلت: ٣٥).

ئەم لێبوردەییە پێویستی بە پەروەردەیەك هەیە تا وابكات لە مرۆڤ كە بەندەی خوا بێت نەك بەندەی ئارەزووەكانی، بتوانێت توڕەبوونەكانی بخواتەوە و خاوەنی لێبوردن و چاكەكاری بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەكە كە ئەویش بڵاوكردنەوەی ئیسلام و بەرژەوەندی ئیسلامە، هەروەها پێویستی بەدڵێكی گەورە هەیە كە خاوەن بەزەیی و سۆز بێت لە كاتێكدا بتوانێت وەڵام بداتەوە، هەروەك پێویستی بە هاوسەنگی نواندنێك هەیە لە نێوان ئەو لێبوردەییەی ئیسلام رێگەی پێداوە لەگەڵ ئەو زەلیلی و سەرشۆڕییەی ئیمان بەرپەرچی دەداتەوە، لەم بوارەشدا حوكم بە بەرژەوەندی ئیسلام و فەرمان و بەرگریكردن و بەهاكانی دەكرێت، نەك بەرژەوەندی شەخسی یان ناكۆكی دەرونی و یان هەست و سۆزێكی گەردەلول ئاسا، لەبەر ئەوەشە ئەم ئایەتە هاتووە ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾(الأعراف: ٢٠٠)

ئایەتەكە دەلالەت لەسەر ئەوە دەكات كە رێگەكە سەخت و دژوارە، رێگەی رۆشتن بەرەو مەبەست خواست و حەزەكانی دەروون و رێگە و دۆڵ و شێوەكانی - هەتا ئەوەی بانگخواز تیایدا دەگاتە خاڵی ئاراستەكردن و سەركردایەتیكردن.[1]

بەبڕوای من وەڵامدانەوە بەباشترین شێوە تەنها تایبەت نییە بە رووبەڕووبونەوەی تاكەكان لەبەردەم توڕبوونی ئەوانی دیكەدا، بەڵكو بۆ هەموو حاڵەتەكانی رووبەڕووبونەوە و ململانێكردنە گشتییە، بەجۆرێك پێویستە وەڵامدانەوە بە باشترین شێوە بۆ گەیشتن بێت بە باشترین ئاكام، ئەم وەڵامدانەوەیەش بەم شێوەیە هەروا كارێكی ئاسان نییە تەنها بۆ ئەوانە نەبێت كە خاوەن چانسێكی گەورەن.

---

١- في ظلال القرآن (٣١٢٢/٢)

ئەمە بوو ویستمان روونی بکەینەوە، گەرهاتوو حەق و چاکە بوو ئەوە لە فەزڵ و بەشی خوای گەورەوەیە، وەگەرنا ئەوا داوای لێدەکەم لێم خۆش ببێت، بەڵکو داوای قبوڵ بوونی پاداشتێکی سەخاوەتمەندانەی لێدەکەم.

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين، وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

## پێڕست


| | |
|---|---|
| **تەوەری یەکەم** | ٢٠ |
| **هێزی زاتی ڕێگەمانە بەرەو ئەوی دیکە** | ٢٠ |
| ١ـ کارکردنی هێزی زاتیی لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە. | ٢١ |
| ٢ـ کاراکردنی یەکریزی ئوممەت. | ٢٢ |
| ٣ـ پرۆژەی هێز و بەزەیی هۆکاری هێزێکی زاتین. | ٢٤ |
| **تەوەری دووەم** | ٧٤ |
| **بنەما فیکریی و عەقیدەییەکان بۆ قبوڵ کردنی ئەویتر** | ٧٤ |
| ١ـ ڕێکەوتنی سروشتی لە نێوان و من و ئەودا. | ٧٥ |
| ٢ـ ناکۆکی سروشتی لە نێوان من و ئەودا. | ٧٧ |
| ٣ـ دان نان بە کەرامەتی مرۆڤ و مافەکانیدا. | ٨١ |
| ٤ـ ئاشتی بناغەی پەیوەندییە لەگەڵ ئەوی تر. | ٨٥ |
| ٥ـ دادپەروەری بناغەی پەیوندییە لەگەڵ ئەوی دیکە. | ٩١ |
| ٦ـ دان نان بە فرە چەشنیدا. | ٩٣ |
| **تەوەری سێهەم** | ١٠١ |
| **پەیوەندی موسڵمانان بە غەیری خۆیانەوە لە حاڵەتی ئاشتیدا** | ١٠١ |
| ١ـ ڕێبازی پێغەمبەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوی دیکە. | ١٠١ |
| اـ بەراوردی ڕێبازی پێغەمبەر بە ڕێبازی ئاینەکانی دیکە. | ١٠٣ |
| ب ـ جزییە: گومان و ڕاستییەکان. | ١١٤ |
| ٢ـ بنەما قورئانییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا. | ١١٨ |
| ٣ـ مافەکانی هاونیشتمانی بوون بۆ ئەوی دیکە لە ڕوانگەی میساقی مەدینەوە. | ١٢٢ |
| ٤ـ جێبەجێکردنە کرداریەکان بۆ پەیوەندی نێو دەوڵەتی لە حاڵەتی ئاشتیدا. | ١٣١ |

| | |
|---|---|
| ٥ـ مافەکانی نا موسڵمانان لە ژێر سێبەری دەوڵەتی ئیسلامیدا. | ١٣٤ |
| ٦ـ ئەرکەکانی سەر شانی نا موسڵمانان لە ژێر سێبەری دەوڵەتی ئیسلامیدا. | ١٤٦ |
| **تەوەری چوارەم** | ١٥٥ |
| **پەیوەندی موسڵمانان بە غەیری خۆیانەوە لە حاڵەتی جەنگدا.** | ١٥٥ |
| ١ـ لایەنی ئەتصیلی جیهاد لە ئیسلامدا. | ١٥٥ |
| ٢ـ دیسپلینی پەیوەندییەکان لە کاتی جەنگ و پاش جەنگدا. | ١٦١ |
| ٣ـ بەراوردێك لە نێوان یاسای نێودەوڵەتی و فیقهی ئیسلامی. | ١٦١ |
| **تەوەری پێنجەم** | ١٧٠ |
| **پەیوەندی کەمایەتی موسڵمان بەو دەوڵەتە غەیرە ئیسلامیەی تیایدا دەژین.** | ١٧٠ |
| ١ـ ئەرکەکانی سەر شانی موسڵمان لە وڵاتانی نا ئیسلامیدا. | ١٧٠ |
| ٢ـ مافەکانی موسڵمان لە وڵاتانی نا ئیسلامیدا. | ١٧٤ |
| ٣ـ نمونەی یوسفی راستگۆ بۆ موسڵمانی وڵاتانی غەیرە ئیسلامی. | ١٨٠ |
| ٤ـ نمونەی ئەوانەی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە بۆ موسڵمانانی وڵاتانی غەیرە ئیسلامی. | ١٩٠ |
| **تەوەری شەشەم:** | ١٩٦ |
| **ئێمە و رۆژئاوا، ململانێ یان گفتوگۆ؟ بەریەککەوتن یان پێکەوە ژیان؟** | ١٩٧ |
| ١ـ بە ئامانجگرتنی موسڵمانان پاش هەرەسهێنانی شیوعیەت. | ١٩٧ |
| ٢ـ زەرورەتی ململانێ لە بیری رۆژئاواییدا | ٢٠٢ |
| – زەرورەتی ململانێ لە روی فەلسەفی و واقیعییەوە. | ٢٢١ |
| – زەرورەتی ململانێ لە راپۆرتی دامەزراوەی راند دا. | ٢٢٢ |
| – زەرورەتی ململانێ لای فۆکۆیاما. | ٢٣٦ |
| – زەرورەتی ململانێ هانتینگتۆن | ٢٣٨ |

| | |
|---|---|
| – ململانێ لای پاپا بەندێکتۆسی شانزەیەم و وەڵامدانەوەکان. | ٢٤٣ |
| ٣ـ هەلویستی ئیسلام لە ململانێی ژیارەکان. | ٢٦٨ |
| هەنگاونانی بونیاتنەر نەك ململانێ ی ژیارەکان. | ٢٧١ |
| فەلسەفەی وەڵامدانەوە بە باشترین شێوە لە ئیسلامدا | ٢٨٢ |

## بڵاوكراوەكانی پرۆژەی ( تیشك )

| ژ | ناوی كتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر كەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت (بەرگی یەكەم) | جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار) |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەكەریم عەبدوڵڵا |
| ٩ | كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی دووەم) | ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار) |
| ١١ | مێژووی دێرینی كوردستان (كتێبی سێیەم) | ن: فازل قەرەداغی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی كۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیكرام كەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەكانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان رامانو سەرنجو پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |
| ١٦ | بیستو سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دكتۆر صەباح بەرزنجی پێشەكی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەكر حەمەصدیق |
| ١٨ | ئیسلامو سیاسەت، لێكۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| ١٩ | سەرودەمی سوپای ئەییوبیان لە سەلاحەددیندا<br>پێكهاتنی، ڕێكخستنی، چەكەكانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەكانی | ن: پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| ٢١ | رۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەكان لە پێشكەوتنە زانستییەكاندا | ن: د. كاوە فەرەج سەعدون |
| ٢٢ | یەكەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەكی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) | ن: موحەممەد حەمیدوڵلا<br>و: شوان هەورامی |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| ٢٤ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی سێیەم) | ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار) |
| ٢٥ | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پاڕەزانی |
| ٢٦ | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە.. | ن: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>و: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |
| ٢٧ | زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |
| ٢٨ | هەڵەبجە ١٨٨٩ ـ ١٩٣٠، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صدیق |
| ٢٩ | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٣٠ | فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا |
| ٣١ | مەلا ئیدریسی بەدلیسی، رۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٣٢ | شێخ مەحمودی حەفید (١٩٢٢ — ١٩٢٥) | ن: ئومێد حەمەئەمین |
| ٣٣ | ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا | ن: لیوبو لدڤایس<br>و: عەبدول حسێن |
| ٣٤ | ڕامیاری لە ئیسلامدا | ن: ئەحمەد کاکە مەحمود |
| ٣٥ | وەڵامی پرسیارەکان، ڕەواندنەوەی کۆمەڵێك گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام | ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٦ | مرۆڤ و پەیامداری | ن: قانع خورشید |
| ٣٧ | سەید قوتب، لە هاتنەدنیاوە تا شەهیدبوون | ن: د. سەلاح عەبدولفەتاح ئەلخالیدی<br>و: تارق نەجیب رەشید |
| ٣٨ | عوسمانی کوڕی عەففان، کەسایەتی و سەردەمەکەی | ن عەلی موحەممەد سەللابی<br>و: حەمید موحەممەد عەبدوڵڵا |
| ٣٩ | خوانی ڕووح، توێژینەوەیەکە دەربارەی گەورەیی و پیرۆزیی نوێژ | ن: مەلا ئەحمەدی شەریعە |
| ٤٠ | ئەلفبێی لاتینی.. زمانی ستاندارد | ئا: رەوشت محەمەد |
| ٤١ | بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی(بەرگی یەکەم) | ن : د. صباح بەرزنجی |
| ٤٢ | پوختەیەك دەربارەی  راگەیاندن و راگەیاندنی ئیسلامیی | ن: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی |
| ٤٣ | دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان | ن: ئیکرام کەریم |
| ٤٤ | بیرەوەرییەکان دەبنە گرنگ، دیمانەی مامۆستای دێرین ئەحمەد سەعید | ئا: ئەحمەد حسین ئەحمەد |
| ٤٥ | گەنجینەکانی دوورگەی بیناسازان | ن: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبوسلێمان<br>و: بوشرا صدیق عەبدولعەزیز |
| ٤٦ | فڕی فڕی قەل فڕی | ن: مەلا موحەممەدی جەلی کۆیی (مەلای گەورە)<br>قانع خورشید پێشەکی بۆ نووسیوەورێکیخستووەتەوەو پەراوێزی بۆ داناوە |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٧ | کــۆچ کۆمەڵە چیرۆکێکی واقیعیی کۆمەڵایەتییە | ن:یوسف حاج ئەحمەد<br>و: کاوە محەمەد شارباژێڕی |
| ٤٨ | پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا (بەرگی یەکەم) | ن:د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان<br>و:ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٤٩ | ئیمام حەسەن بەننا<br>١٩٠٦ – ١٩٤٩ | ن: مصطفی محمد الطحان<br>و:محمد عبدول رحیم |
| ٥٠ | مێژووی کوردەکانی جەزیرە ٤٤٧–٦٥٦ ك | ن: ئومێد بەهرامی نیا<br>و: عبدالرحیم معرفتی |
| ٥١ | ئایا خوا کچی هەیە ؟<br>وەڵامێك بۆ کتێبی (کچانی خوا) | ن: ڕوقیە صدیق عبدالعزیز |
| ٥٢ | گەشتی قیامەت | ن: ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٥٣ | بیری ئوسووڵیی ئیسلامی (لەنێوان خوێندنەوەو نەخوێندەواریدا | ن: فاضل قەرەداغی |
| ٥٤ | دەروازەیەك لەمەڕ کێشەی ڕۆچوون هۆکار.. کاریگەرێتی .. چارەسەر | ئا : یاسین ئەحمەد زەنگەنە |
| ٥٥ | ئاین لە فیکری مەسعود محەمەد دا | ن: عومەر عەلی غفور |
| ٥٦ | ئیسلام لە نێوان نەزانی عالمەکانی و بێ توانایی نەوەکانی | ن: جەمال حەبیبولا |
| ٥٧ | تاك و حکومەت لە شەریعەتی ئیسلامدا | ن: دکتور عبدالکریم زیدان<br>و:هێمن ڕێنوار |
| ٥٨ | جوگرافیای ئاو و هەوا | ن: د.عەلی ئەحمەد غانم<br>و : گۆران ڕەشید ئیمامی |
| ٥٩ | کۆزارا | ن: حمە ڕەشید نادر هەورامی |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٠ | ڕۆژمێری تیشك | ئا: ئیکرام کەریم |
| ٦١ | سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە | ن: دکتۆر ئەکرەم زیائولعومەیری<br>و : ئیحسان بورهانەدین |
| ٦٢ | دۆزی کورد | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦٣ | پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا (بەرگی دووەم) | ن: د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان<br>و:ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٦٤ | دیموکراسی بە بێ حیجاب | ن: مەروە قاوقچی<br>و: محەمەد حەمە میرزا–<br>حسن محموود حمە کریم |
| ٦٥ | توند و تیژی دژی ئافرەت | ن: ئیدریس صالح محەمەد |
| ٦٦ | مێژووی ئیسلام – بوختانی بە دەمەوە دەکرێ | ن: یوسف قرضاوی<br>و: ئیکرام کەریم |
| ٦٨ | دیفاعێك لە خوێندن لە حوجرەکانی کوردوستاندا | ن: محەمەد عەلی قەرەداغی |
| ٦٩ | پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب | ن: عەلی صالح میران |
| ٧١ | محمد ناسراوترین کەسایەتی مێژوو | ن: حسن محمود حمەکەریم |
| ٧٢ | پرسیارەکانی عەقیدە لای منداڵ | و: ئەحمەد قادر سەعید |
| ٧٣ | ئێمەو ئەوان | ن: د.عەلی قەرەداغی |
| ژ | ناوی کتێب | نووسەر |
| ١ | بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر کەمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٥ | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت (بەرگی یەکەم) | جەمال حەبیبوڵلا (بێدار) |
| ٧ | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٨ | بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەکەریم عەبدوڵلا |
| ٩ | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی دووەم) | ن: جەمال حەبیبوڵلا (بێدار) |
| ١١ | مێژووی دێرینی کوردستان (کتێبی سێیەم) | ن: فازل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو | ن: ئیکرام کەریم |

| | | |
|---|---|---|
| | گەشەسەندنی شارستانییەت | |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| ١٥ | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامان‌و سەرنج‌و پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |
| ١٦ | بیست‌و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| ١٨ | ئیسلام‌و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام‌و سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| ١٩ | سەرودەمی سوپای ئەییوبیان لە سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی‌و شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| ٢١ | رۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| ٢٢ | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| ٢٣ | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك | ن: ئیکرام کەریم |

| | | |
|---|---|---|
| | بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفگروس | |
| ٢٤ | بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی سێیەم) | ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار) |
| ٢٥ | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پاڕەزانی |
| ٢٦ | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە.. | ن: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>و: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |
| ٢٧ | زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا<br>کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |
| ٢٨ | هەڵەبجە ١٨٨٩ ـ ١٩٣٠، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صدیق |
| ٢٩ | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| ٣٠ | فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی:<br>حەمەکەریم عەبدوڵڵا |
| ٣١ | مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| ٣٢ | شێخ مەحمودی حەفید (١٩٢٢ — ١٩٢٥) | ن: ئومێد حەمەئەمین |
| ٣٣ | ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا | ن: لیوبو لدڤایس<br>و: عەبدول حسێن |
| ٣٤ | ڕامیاری لە ئیسلامدا | ن: ئەحمەد کاکە مەحمود |
| ٣٥ | وەڵامی پرسیارەکان، ڕەواندنەوەی | ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد |

| | | |
|---|---|---|
| | کۆمەڵێك گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام | |
| ٣٦ | مرۆڤ و پەیامداری | ن: قانع خورشید |
| ٣٧ | سەید قوتب، لە هاتنەدنیاوە تا شەهیدبوون | ن: د. سەلاح عەبدولفەتاح ئەلخالیدی<br>و: تارق نەجیب رەشید |
| ٣٨ | عوسمانی کوڕی عەففان، کەسایەتی و سەردەمەکەی | ن عەلی موحەممەد سەللابی<br>و: حەمید موحەممەد عەبدوڵڵا |
| ٣٩ | خوانی ڕووح، توێژینەوەیەکە دەربارەی گەورەیی و پیرۆزیی نوێژ | ن: مەلا ئەحمەدی شەریعە |
| ٤٠ | ئەلفبێی لاتینی.. زمانی ستاندارد | ئا: رەوشت محەمەد |
| ٤١ | بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی(بەرگی یەکەم) | ن : د. صباح بەرزنجی |
| ٤٢ | پوختەیەك دەربارەی  راگەیاندن و راگەیاندنی ئیسلامیی | ن: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی |
| ٤٣ | دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان | ن: ئیکرام کەریم |
| ٤٤ | بیرەوەرییەکان دەبنە گرنگ، دیمانەی مامۆستای دێرین ئەحمەد سەعید | ئا: ئەحمەد حسین ئەحمەد |
| ٤٥ | گەنجینەکانی دوورگەی بیناسازان | ن: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبوسلێمان<br>و: بوشرا صدیق عەبدولعەزیز |
| ٤٦ | فڕی فڕی قەل فڕی | ن: مەلا موحەممەدی جەلی کۆیی (مەلای گەورە)<br>قانع خورشید پێشەکی بۆ |

| | | |
|---|---|---|
| | | نووسیوەورێکیخستووەتەوەو پەراوێزی بۆ داناوە |
| ٤٧ | کـۆچ کۆمەڵە چیرۆکێکی واقیعیی کۆمەڵایەتییە | ن:یوسف حاج ئەحمەد<br>و: کاوە محەمەد شارباژێڕی |
| ٤٨ | پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا (بەرگی یەکەم) | ن:د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان<br>و:ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٤٩ | ئیمام حەسەن بەننا<br>١٩٠٦ – ١٩٤٩ | ن: مصگفی محمد الگحان<br>و:محمد عبدول رحیم |
| ٥٠ | مێژووی کوردەکانی جەزیرە ٤٤٧–٦٥٦ ك | ن: ئومێد بەهرامی نیا<br>و: عبدالرحیم معرفتی |
| ٥١ | ئایا خوا کچی هەیە ؟<br>وەڵامێك بۆ کتێبی (کچانی خوا) | ن: ڕوقیە صدیق عبدالعزیز |
| ٥٢ | گەشتی قیامەت | ن: ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٥٣ | بیری ئوسووڵیی ئیسلامی (لەنێوان خوێندنەوەو نەخوێندەواریدا | ن: فاچل قەرەداغی |
| ٥٤ | دەروازەیەك لەمەڕ کێشەی ڕۆچوون هۆکار.. کاریگەرێتی .. چارەسەر | ئا : یاسین ئەحمەد زەنگەنە |
| ٥٥ | ئاین لە فیکری مەسعود محەمەد دا | ن: عومەر عەلی غفور |
| ٥٦ | ئیسلام لە نێوان نەزانی عالمەکانی و بێ توانایی نەوەکانی | ن: جەمال حەبیبوڵا |
| ٥٧ | تاك و حکومەت لە شەریعەتی ئیسلامدا | ن: دکتور عبدالکریم زیدان<br>و:هێمن ڕێنوار |
| ٥٨ | جوگرافیای ئاو و هەوا | ن: د.عەلی ئەحمەد غانم<br>و : گۆران ڕەشید ئیمامی |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩ | كۆزارا | ن: حمه ڕەشيد نادر هەورامی |
| ٦٠ | ڕۆژمێری تیشك | ئا: ئیكرام كەریم |
| ٦١ | سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە | ن: دكتۆر ئەكرەم زیائولعومەیری<br>و : ئیحسان بورهانەدین |
| ٦٢ | دۆزی كورد | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| ٦٣ | پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا (بەرگی دووەم) | ن: د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان<br>و:ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٦٤ | دیموكراسی بە بێ حیجاب | ن: مەروە قاوقچی<br>و: محەمەد حەمە میرزا–<br>حسن محموود حمە كریم |
| ٦٥ | توند و تیژی دژی ئافرەت | ن: ئیدریس صالح محەمەد |
| ٦٦ | مێژووی ئیسلام – بوختانی بە دەمەوە دەكرێ | ن: یوسف قرچاوی<br>و: ئیكرام كەریم |
| ٦٨ | دیفاعێك لە خوێندن لە حوجرەكانی كوردوستاندا | ن: محەمەد عەلی قەرەداغی |
| ٦٩ | پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب | ن: عەلی صالح میران |
| ٧١ | محمد ناسراوترین كەسایەتی مێژوو | ن: حسن محمود حمەكەریم |
| ٧٢ | پرسیارەكانی عەقیدە لای منداڵ | و: ئەحمەد قادر سەعید |

